زنجیرەکتێبی والینامە

(2)

عەرەبینامەی والی

نزیکەی 1200 بەیتەشیعر بۆ فێربونی عەرەبی بە ئاسانترین شێواز

لەگەڵ زیاتر لە 2780 پەراوێزی رونکردنەوەو رستە بە عەرەبی و کوردی

سەدان تەفسیری خەو، فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ)، قسەی زلی ناوداران، کورتەزانیاریی سەیروسەمەرەو سەرنجڕاکێشی جۆراوجۆر، بەهەردوو زمانەکە لەپاڵ یەکدا، قوڕی فێربونەکەی ئەوەندەی تر خەستکردووەتەوە!

چاپی PDFی 119هەم

چاپی فریی تایبەت بە مانگی پیرۆزی رەمەزان

والی عەلی

پێشەکی

مادام چاوی شەریفت خستووەتە سەر ئەم کتێبەو دەیخوێنیتەوە، کەواتە رەنگە عاشقێکی زمانی عەرەبی یان لانیکەم فێرخوازێکی ئەو زمانە بەناوبانگە بیت. عەرەبی لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا تەقریبەن وەك ئاوو کارەباو عەنتەرنێتی لێهاتووەو زۆر پێویستە بەتایبەت بۆ کەسانی رۆشنبیرو خوێندەوار بەگشتی. بەڵام سەرباری ئەو زەرورەتە هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەس هەن کە ئەم زمانە نازانن، ئەمەش بە بۆچونی بەندەی موخڵیست، کەموکورتییەکی زەبەلاحە لەو کەسەدا لەڕووی زانیارییەوەو پێویستە هەرچی زووە ئەو کەموکورتییە پڕبکرێتەوە، ئەگەرنا لەکاروانی پێشکەوتن دوادەکەوێت و ناشبێت بە کارزان!. نوسینی ئەم کتێبە، ناسکەهەوڵێکی بەندەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەی خەڵك.

وشەسازی یان وشەکاری، بە دڵ و بڕبڕەی پشت، کورە تەنانەت بە جگەرو گون و گورچیلەی جەستەی فێربونی هەر زمانێك لەناویشیاندا عەرەبی دادەنرێت، لەبەرئەوە، بەندە لەم کتێبەدا، زیاتر چاوم خستووەتە سەر ئەو بەشەی جەستەی زمانی عەرەبی واتە زیاتر تەرکیزم لەسەر ئەو بەشە کردووەتەوە.

مەعلومە لای جەنابت کە شیعر بەبەراورد بە هەر جۆرێکی تری بەشەکانی ئەدەب، ئاسانترو خێراتر لەبەردەکرێت و دەچەقێتە مێشکەوە، هەر بۆیە لەم کتێبە فێرکارییەدا پەنام بردە بەر ئەو جۆرە.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لەنزیکەی 1200 بەیتەشیعری سەربەخۆ، واتە هەر بەیتەو سەربەخۆیەو جیایە لەبەیتەکەی پێش و پاش خۆی. هەر بەیتەشیعرێك وشەیەك تا شەش وشەی عەرەبی و ماناکانیان بەکوردی لەخۆدەگرێت. بە واتایەکی تر، خوێنەری جددی کتێبەکە، لەڕێگەی تەنها یەك بەیتەشیعری ئەم کتێبەوە، بە ئاسانترین شێوەو کورتترین رێگا، مانای وشەیەك تا شەش وشە، فێردەبێت. بەگشتی وشەکانی ناو هەر بەیتەشیعرێك یان هەر نیوەبەیتێك، پەیوەندییەکی مانایی یان پێکهاتەیی یان دەنگی، پێکەوەیان دەبەستێتەوە بەشێوەیەك کە بەئاسانی لەیادگا واتە زاکیرەدا دەچەسپێت. لەڕووی کێش و سەرواشەوە، هەوڵمداوە ئەوەندەی بتوانم کێشیان یەکسان بێت و سەرواشیان چونیەك بێت. لەپێناو پاراستنی کێشی شیعرەکانیش هەندێك جار ناچاربوم هەندێك وشە لەبری هەندێکی تر بەکاربهێنم بەبێ ئەوەی ماناکەی ون ببێت، ئەمەش لەهۆنراوەدا حاڵەتێکی ئاساییەو پێی دەوترێت زەروراتی شیعر. بۆ نمونە رەنگە ببینیت کە هەندێجار لەبری "هەروەها" نوسیبێتم "هەروەك" یان "هەروا".

وێڕای بەیتەشیعرەکان، زیاتر لە 2780 ناسکەپەراوێز، قوڕی فێربونەکەی ئەوەندەی تر خەستکردووەتەوە. لەپەراوێزدا رستە بۆ سەرجەم وشەکان هێنراوەتەوە بە هەردوو زمانەکە، سەرباری ئەوەش چەندین

ڕونکردنەوەی تری زمانەوانیی پێویست خراونەتە خزمەت فەخامەتی جەنابت، لەوانە کۆی زۆربەی ناوەکان و گەردانکردن (تصریف)ی کارەکان و هتد...

ڕستەو نمونەکانیش سەدان تەفسیری خەوو کورتەزانیاریی سەرنجڕاکێشی جۆراوجۆرو قسەی زلی ناوداران و هتد... بە هەردوو زمانەکە لەپاڵ یەکدا، لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی پیاو، هەروەها ژنیش! وێڕای فێربونی زمانەکە لەو ڕووانەشەوە هەمانەی مەعریفەوانی پڕبکات و هەتا هێزی تیایە گەورەپاڵێك بنێت بەخۆیەوە، (تەبعەن بۆ پێشەوە!).

جارجارەش ڕەنگە ببینیت لەبەیتەشیعرێکدا نوسیبێتم "تاك نا کۆ"، لەو حاڵەتەدا مەخسەوی شەریفم ئەوەیە کە ئەو وشەیە تاك نیە، بەڵکو کۆیە.

جاری واش هەیە وشەیەك لەبەیتەشیعرێکدا دەبینێت مانایەك نوسراوە، دواتر دەبینیت لەبەیتەشیعرێکی تردا فڵق هەمان وشە قوتبۆتەوە کەچی مانایەکی تری لەگەڵدایە. لەو حاڵەتەدا نەچی بچی وابزانی ئەوە هەڵەیە!. ئەوە هەڵە نیە، بەڵکو ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو وشەیە چەند مانایەکی جیاوازی هەیە بەڵام لەتەنها بەیتێکدا هەموو ماناکانی جێگای نابێتەوەو نەنوسراوە.

بۆ دڵنیابونی زیاتر لەمانای هەر وشەیەکیش، پشتم بە زیاتر لەیەك کەڵەسەرچاوە بەستووەو لەکۆتایی کتێبەکەشدا ناوی گرنگترین ئەو سەرچاوانەم نوسیوە کە پشتم پێبەستون. بەڵام سەرباری ئەوەش هیچ کەسێك و هیچ کارێکیش بێ هەڵەو کەموکورتی نیە، بۆیە خوا بەو ڕۆژێ نەکاو گوێی شەیتان کەڕ بێ و چاویشی کوێر بێ و هەر چوار پەلیشی بشکێ، ئەگەر هەڵەیەکی نائەنقەستت بینی، نەچی بچی بیکەی بە هۆسە، چونکە ئەوە هەر لەئێستاوە داوای لێبوردن دەکەم. هەمیشەش دەرگای گەراجیی ڕەخنەلێگرتنم کراوەیە بۆ هەموو ڕەخنەگرێکی بەڕێزو دروستکەرو پێشموایە ڕەخنە نەك هەر لێدان نیە لەڕەخنەلێگیراو بەڵکو پێشکەشکردنی یارمەتیدانێکی ناوازەیە پێی.

ماوەتەوە بێژم، هیوادارم ئەم کتێبە جێگای ڕەزامەندیی خودا، پاشان زۆربەی خوێنەران بێت. ئەڵێم زۆربە نەك هەموو، چونکە بێگومان ڕەزامەندیی هەموان، ئاواتێکە هەرگیز نایەتە دی.

والی عەلی

2/28/2026

کورتکراوە بەکارهاتووەکان

کورتکراوە	ماناکەی	ماناکەی بەکوردی
ج	جمع	کۆ
ما	مثنى	جوت، دوان
مؤ	مؤنث	مێ
مك	مذكر	نێر

- الآنَ

بەمانای ئێستا دێت. ئاوەڵفەرمانە بۆ کاتی ئێستا. مەبنییە لەسەر فەتح و دەبێت هەمیشە ئەلف و لامەکەی پێوە بێت.

الآنَ قَدِ اكْتَمَلَ أربع الضيوف

ئێستا ژمارەی میوانەکان تەواو بوو.

- جەمعی تەکسیر (جمع التكسير)

جەمعی تەکسیر دەکرێت بە شێوازی نێر یان مێ بەکاربهێنێت و هیچیان هەڵە نین.

بۆ نمونە (قال العرب) و (قالت العرب) هەردوکیان راستن. (عرب) جەمعی تەکسیری (عربيّ).

- ناهيك

(ناهيك) بەمانای (بەستە) دێت. ناوێکە هەمیشە بەدوایدا یەکێك لەم دوو حەرفی جەرە دێت: (بـ) و (من).

ناهيك بألفية ابن مالك في النحو.

هەزارەی ئیبن مالیکت بەسە لەڕێزماندا.

1. (رِئة) واتە سی، (كَبَد) جگەرە[1]

(نافِذة)و (شُبّاك) هەردوو پەنجەرە[2]

2. (بُرْتُقال) چيە؟، وەك خۆی پرتەقاڵ[3]

(رَجُل) واتە پیاو، جەمعەکەی (رِجال)[4]

3. (بَطيء) واتە خاو، (سَريع) خێرایە[5]

(عِلم) زانستە، (عَلَم) ئاڵایە[6]

---

[1] إلتهاب الرئة مشكلة صحية كبيرة.

هەوکردنی سی، کێشەیەکی تەندروستیی گەورەیە.

زرعُ الكبد عملية صعبة.

چاندنی جگەر پرۆسەیەکی سەختە.

[2] رجاءً إغلَق النافذة.

تکایە پەنجەرەکە دابخە.

شبّاك غرفتكم كبير جداً.

پەنجەرەی ژورەکەتان زۆر گەورەیە.

[3] البرتقال فاكهة غنية بالفيتامينات.

پرتەقاڵ میوەیەکی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین.

[4] هي تزوجت برجل غير معروف.

شویکرد بە پیاوێکی نەناسراو.

أطفال اليوم رجال المستقبل.

منداڵانی ئەمڕۆ پیاوانی داهاتون.

الرجل يصرف كل راتبه على زوجته ولا تقول في حقه كلمة طيبة في حين يأتي أخوها ومعه ربع كيلوغرام من الحلويات، فتقول الزوجة: أللهُ يبقي لي أخي الذي لا يسمح بأن أكون محتاجة لأي أحد!

پیاو هەموو موچەکەی لەژنەکەیدا سەرفدەکات کە چی ژنەکەی هیچ قسەیەکی باشی لەسەر ناکات، بەڵام کاتێك براکەی بە روبعەکیلۆیەك شیرینییەوە دێت بۆ ماڵیان دەڵێت: خوا براکەم بۆ بهێڵێت کە نایەڵێت موحتاجی دەستی کەس بم!

[5] الكسلان حيوان بطيء.

تەمبەڵ گیاندارێکی خاوە.

الازدياد السريع في الإصابة بوباء كورونا يهدد البشرية.

زیادبونی خێرا لەتوشبون بە پەتای کۆرۆنا هەڕەشە لەمرۆڤایەتی دەکات.

[6] السياقة عِلم و فن.

.4 (تَحْت) لەژێرو (على) لەسەرە[7]

(فنَّان) هونەرمەند، (فَنّ)یش هونەرە[8]

.5 (شِفاء) چیە؟ چاکبونەوە[9]

(ضَعِيف) لاوازە، (سَمين) قەڵەوە[10]

.6 (مُدير) چیە؟ بەڕێوەبەر[11]

(رَسُول) پەیامبەر، (نَبيّ) پێغەمبەر[12]

شۆفێری زانست و هونەرە.

عَلَمُ أغلبِ الدول يحتوي على اللون الأحمر.

ئاڵای زۆربەی وڵاتان ڕەنگی سوری تێدایە.

[7]الجنة تحت أقدام الامهات.

بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە.

الطائر يغّرد على الشجرة.

باڵندەکە لەسەر درەختەکە دەجریوێنێت.

[8]ناظم الغزالي فنان عظيم.

نازم غەزالی هونەرمەندێکی مەزنە.

السياقة فن و ذوق و أخلاق.

لێخوڕین هونەرو چێژو ڕەوشتە.

[9]الشفاء من المرض بيد الله ولكنّ زيارة الطبيب ضرورية أيضاً.

چاکبونەوە لەنەخۆشی بە دەستی خوایە، بەڵام سەردانی پزیشکیش پێویستە.

[10]المدير ضعيف جداً.

بەڕێوەبەرەکە زۆر لاوازە.

انت سمين، لم لا تقلل من الطعام.

تۆ قەڵەویت، بۆ خواردن کەمناکەیتەوە.

[11]المسؤول الأول في المدرسة، مديرها.

بەرپرسی یەکەمی قوتابخانە، بەڕێوەبەرەکەیەتی.

[12] محمد رسول الله.

محەمەد پەیامبەری خوایە.

الرسول أكبر من النبي.

پەیامبەر لەپێغەمبەر گەورەترە.

7. (طائِر) باڵنده، (بِطْريق) پەنگوینە[13]

(نَحْلة) واتە هەنگ، (عَسَل) هەنگوینە[14]

8. (مُعوَّق) چيه؟ واتە کەمئەندام[15]

(رِسالة) نامە، هەروەها پەیام[16]

9. (طيَّارة) چيه؟ واتە فڕۆکە[17]

(رِواية) رۆمان، (قِصَّة) چیرۆکە[18]

13طارَ الطائرُ.

باڵندکە فڕی.

البطريق طائر ذكي.

پەنگوین باڵندەیەکی زیرەکە.

14أَن النبي، ﷺ، نهَى عن قَتْل النَّحْلة والنَّمْلة.

پێغەمبەر، درودی خوای لەسەر بێت، کوشتنی هەنگ و مێرولەی قەدەغەکردووە.

العسل طعام مفيد للصحة.

هەنگوین خواردنێکی بەسودە بۆ تەندروستی.

15کەمئەندام= خاوەن پێداویستی تایبەت.

إنه رجل معوّق، يجب علينا مساعدتُه.

پیاوێکی خاوەن پێداویستی تایبەتە. پێویستە لەسەرمان یارمەتی بدەین.

16هل قرأت رسالتي؟

نامەکەمت خوێندەوە؟

كل مسلم يجب أن ينفّذ ما جاء في رسالة الرسول.

پێویستە هەموو موسڵمانێك ئەوە جێبەجێ بكات كە لەپەیامەكەی پێغەمبەردا هاتووە.

17 قواتنا أسقطت طيَّارة العدو.

هێزەکانمان فڕۆکەکەی دوژمنیان خستەخوارەوە.

18 كتبَ نجيب محفوظ عدة رويات رائعة.

نەجیب مەحفوز چەند رۆمانێکی نایابی نوسیوە.

من هو مؤلف رواية "البؤساء"؟ فيكتور هوغو

نوسەری رۆمانی بێنەوایان کێیە؟

قصة حياتي تُدمع العيون.

چیرۆکی ژیانم فرمێسك لەچاو دەهێنێت.

10. (مَدْرسَة) چیە؟ قوتابخانەیە[19]

(مَكْتَبَة)ش مانای كتێبخانەیە[20]

11. (ضَمیر) جێناوە، هەروەها ویژدان[21]

(عاصِمة) پایتەخت، (وَطَن) نیشتمان[22]

12. (بَقيَ) مایەوە، (بَقاء) مانەوە[23]

(تَمِییز) بەمانای تێهەڵچونەوە[24]

---

[19] تركُ المدرسة خطأ كبير.

واز هێنان لەقوتابخانە هەڵەیەكی گەورەیە.

[20] مكتبتك تحتوي على كتب قيّمة.

كتێبخانەكەت كتێبگەلی بەنرخی تێدایە.

بالأمس، رأيت كتابًا في المكتبة. تحت عنوان "ليس كل شيء يشترى بالمال". أخذته وعند خروجي من المكتبة، دفعت ثمنه.

دوێنێ كتێبێكم لەكتێبخانە بینی لەژێر ناونیشانی "هەموو شتێك بە ماڵ ناكڕدرێت". هەڵمگرت و لەكاتی دەرچونم لەكتێبخانەكە، پارەكەیم دا.

[21] جێناو= راناو.

في الجملة (أنت رجل شجاع)، كلمة (أنت) ضمير.

لەڕستەی (تۆ پیاوێكی ئازایت)، وشەی (تۆ) جێناوە.

المجرمون ليس لديهم ضمير.

تاوانباران ویژدانیان نیە.

[22] عاصمة العراق بغداد.

پایتەختی عیراق بەغدایە.

ندافع عن وطننا.

بەرگری لەنیشتمانەكەمان دەكەین.

[23] سَافَرَ الأَبْنَاءُ وَبَقِيَ الأَبُ فى المنزل وحيداً.

كوڕەكان گەشتیانكردو باوكەكە بە تەنها لەماڵەوە مایەوە.

بقاءنا اليوم فى المنزل خير من خروجنا فى الوضع الحالي.

لەم دۆخەی ئێستادا مانەوەمان لەماڵ باشترە لەدەرچونمان.

[24] محكمة التمييز ألغى القرار.

دادگای تێهەڵچونەوە، بڕیارەكەی هەڵوەشاندەوە.

13. (أُسْرة)و (عائِلَة) هەردوو خێزانە[25]

(عِيدُ الأضحى)یە جەژنی قوربانە[26]

14. (مُساعَدة) چیە؟ یارمەتیدانە[27]

(زِيارة) سەردانە، (ضَيف) میوانە[28]

15. (خَبَر) هەواڵە، کۆکەی (أَخبار)ە[29]

(غَنيّ) دەوڵەمەند[30]، (فَقير) هەژارە[31]

---

[25]تتكون أسرتي من أربعة أشخاص.

خێزانەکەم لەچوار کەس پێکدێت.

هو ينتمي الى عائلة مثقفة.

ئەو سەربە خێزانێکی رۆشنبیرە.

[26] عِيد الأضحى مناسبة مباركة لمساعدة الفقراء.

جەژنی قوربان بۆنەیەی پیرۆزە بۆ یارمەتیدانی هەژاران.

[27]مساعدة الفقراء عمل ديني و إنساني.

یارمەتیدانی هەژاران کارێکی ئاینی و مرۆییە.

[28]الشفاء من المرض بيد الله ولكنّ زيارة الطبيب ضرورية أيضاً.

چاکبونەوە لەنەخۆشی بە دەستی خوایە، بەڵام سەردانی پزیشکیش پێویستە.

الضيف هدية من الله.

میوان دیارییەکە لەلایەن خوداوە.

في عام 2022، تزوج رجل هندي من نفسه في حفل زفاف كبير. كان الرجل، الذي يدعى "أناند شاكيلا"، قد قرر الزواج من نفسه بعد أن فشل في العثور على شريكة حياة. حضر حفل الزفاف أكثر من 200 ضيف، وارتدى الرجل فستان زفاف أبيض وطرحة.

لەساڵی 2022 پیاوێکی هندی هاوسەرگیری لەگەڵ خۆی کردو بۆ ئەو مەبەستە زەماوەندیکی گەورەی سازکرد. هاوسەرگیریی ئەم برادەرە کە ناوی ئەناند شاکیلا بوو لەگەڵ خۆیدا پاش ئەوە هات کە پێشتر شکستی هێنابوو لەدۆزینەوەی هاوژینێکدا.

لەمیانەی زەماوەندەکەدا کە زیاتر لە 200 میوان ئامادەیبون، پیاوەکە عەزییەکی سپی لەبەرکردبوو و تارایەکیشی پۆشیبوو.

[29] (خبر) تاکە، جەمعەکەی (أخبار)ە.

أثناء قراءته للخبر المحزن، بكى المذيع.

لەکاتی خوێندنەوەی هەواڵە خەفەهێنەکەدا، بێژەرەکە گریا.

[30] لست غنيا إلا إذا كنت تملك شيئا لا يمكن شرائه بالمال ..غارث بروكس.

تا نەبیتە خاوەنی شتێك کە بە پارە نەکڕدرێت، دەوڵەمەند نیت.

.16 (تَرحيب) چیه؟ بەخێرهێنان[32]

(لعِبَ) یاریکرد[33]، (لاعِب) یاریزان[34]

.17 (انْقِلاب) چیه؟ واته کودەتا[35]

(مَخْزَن)، (مُستَودَع) هەردوکیان کۆگا[36]

.18 (هِجْرة) واته کۆچ، (لاجئ) پەنابەر[37]

(رَئیسُ التَّحریر) مانای سەرنوسەر[38]

---

[31] جمع فُقراءُ وفُقُر، مؤ فقيرة، جمع مؤ فُقراء.

الرجل الفقير بدأ يتسول.

پیاوە هەژارەکە دەستیکرد بە سواڵکردن.

ربما نستطيع إشباع الفقراء، لكننا بالتأكيد لانستطيع إشباع الأغنياء، يبدو أن الأغنياء لا يشبعون. مورغان فريمان

رەنگە بتوانین هەژاران تێربکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناتوانیت دەوڵەمەندەکان تێربکەین. چونکە وادیارە دەوڵەمەند تێرنابێت.

[32] لم يكن الرئيس موجوداً أثناء ترحيب الوفد.

لەکاتی بەخێرهێنانی وەفدەکە، سەرۆك ئامادەنەبوو.

[33] لعب الأطفال في الحديقة.

مناڵەکان لەباخچەکە یارییانکرد.

[34] هو لاعب من الدرجة الأولي.

ئەو یاریزانێکی پلە یەکە.

كرة القدم مضحكة، تسمع رجلا بلا طعام في منزله يقول: "إشترينا اللاعب الفلاني مقابل 70 مليون دولار" روبرت موغابي

تۆپی پێ شتێکی پێکەنیناوییە، جاری وا هەیە دەبینیت پیاوێك نان نیە بیخوات کەچی دەڵێت: فڵانە یاریزانمان کڕی بە 70 ملیۆن دۆلار.

[35]انقلابٌ عَسْكَرِيٌّ أزال بنظام السودان.

کودەتایەکی سەربازی ڕژێمی سودانی لابرد.

[36]مخزن الادوية خال تماماً.

کۆگای دەرمانەکان تەواو چۆڵە.

أعتقد أن مستودعنا مليء بالأشياء الضرورية.

پێموایە کۆگاکەمان پڕە لەشتی پێویستە.

[37] هجرة سكان آسيا الى أوروبا مستمرة.

کۆچی دانیشتوانی ئاسیا بۆ ئەوروپا بەردەوامە.

هو لاجیء سیاسی فی المانیا.

ئەو پەنابەرێکی سیاسییە لەئەڵمانیا.

19. (مَسْئُول) بەرپرسە، (حارِس) پاسەوان[39]

(رَبيع) بەهارە، (شِتّاء)یش زستان[40]

20. (جَبَان) ترسنۆك، (شُجاع) ئازایە[41]

(أَمير) شازادە، (مَلِك) پاشایە[42]

21. (عاطِفيّ) سۆزداری، (عاطِفة) سۆزە[43]

(أَنيق) شیكپۆشە، (وَسيم)یش قۆزە[44]

---

[38] بخصوص مقالتك لابد أن أتحدث مع رئيس التحرير.

سەبارەت بە وتارەكەت، پێویستە قسە لەگەڵ سەرنوسەردا بكەم.

[39]هو مَسْئُولٌ رفيع في الحكومة.

ئەو بەرپرسێكی باڵای میرییە.

إعط الرسالة لحارسي.

نامەكە بدە بە پاسەوانەكەم.

[40]الربيع موسم جميل.

بەهار وەرزێكی جوانە.

الشتاء بارد.

زستانساردە.

[41]هو رجل جبان.

ئەو پیاوێكی ترسنۆكە.

الرجل الشجاع لا يمدح نفسه.

پیاوی ئازا وەسفی خۆی ناكات.

[42] إنّه أمير متواضع.

ئەو شازادەیەكی خاكییە.

ملك السعودية كاهل و لايستطيع إدارة البلاد.

پادشای سعودیە زۆر پیرەو ناتوانێت وڵات بەڕێوەببات.

[43] بينهما علاقة عاطفية.

پەیوەندییەكی سۆزداری لەنێوانیاندا هەیە.

ليست لها أية عاطفة لطفلها.

هیچ سۆزێكی بۆ منداڵەكەی نیە.

22. (بُشرَى) مژدەیە، واتە مزگێنی[45]

(عادَة سِرّية) خووەنهێنی[46]

23. (جُنديّ) سەربازە، (ضابِط)یش ئەفسەر[47]

(مَرَض) نەخۆشی[48]، (عِلاج) چارەسەر[49]

24. (خَريف) پایزە، (صَيف) واتە هاوین[50]

(اِنتِفاضة)یە مانای راپەڕین[51]

---

44 شابٌّ أنيق طلب يدها للزواج.

گەنجێکی شیکپۆش داوای هاوسەرگیری لێکرد.

هو رجل وسيم ولكنه غير ذكي.

ئەو پیاوێکی قۆزە بەڵام زیرەك نیە.

45 أتيت ببشرى سارة لك.

مژدەیەکی خۆشم بۆ هێناویت.

46 خووەنهێنی= دەسپەڕ.

العادة السرية لها أضرار كثيرة.

خووەنهێنی زیانی زۆری هەیە.

47 الجندي الشجاع لا يخاف من الموت.

سەربازی ئازا لەمردن ناترسێت.

أُتهم الضابط بمحاولة إغتيال الرئيس.

ئەفسەرەکە بە هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی سەرۆك تۆمەتبارکرا.

48 مرض السلّ قاتل.

نەخۆشیی سیل کوشندەیە.

الغباء هو المرض الوحيد الذي لا يُتعب المريض بل يُتعب المحيطين به.

گێلی تەنها نەخۆشییە کە نەخوشەکە ماندوناکات، بەڵکو دەوروبەرەکەی ماندودەکات.

49 الغباء ليس له أيّ علاج.

گێلی هیچ چارەسەرێکی نیە.

50 لا أحبّ موسم الخريف.

حەزم لەوەرزی پایز نیە.

كان الصيف الماضي حاراً جداً.

هاوینی رابردوو زۆر گەرم بوو.

25. (سِجن) زيندانە، (أَسير)يش دیلە[52]

(فَتَحَ) كردەوە، (مِفتاح) كلیلە[53]

26. (إلغاء) چیە؟ هەڵوەشاندنەوە[54]

(تفَشّي) مانای بڵاوبونەوە[55]

27. (رَقْم) ژمارە، (مَرّة) مانای جار[56]

(رِياضَة) وەرزشە، (رياضيّ) وەرزشكار[57]

---

[51] إنتِفاضة كردستان لم تغيّر خارطة العراق.

راپەڕینی كوردستان نەخشەی عیراقی نەگۆڕی.

[52]إستطاع المجرم أن يهرب من السجن.

تاوانبارەكە توانی لە زیندان رابكات.

عذّب الأَسير بشكل وحشي.

دیلەكە بەشێوەیەكی دڕندانە ئەشكەنجەدرا.

[53] الضيف فتح الباب بنفسه و دخل البيت.

میوانەكە خۆی دەرگاكەی كردەوەو چووە ناو ماڵەكەوە.

المعاناة مفتاح الإبداع.

نەهامەتی كلیلی داهێنانە.

من رأى في المنام أَن بِيَدِهِ مِفْتَاح الْجنَّة فَإِنَّهُ يتوفى على التَّوْحِيد.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بینی كلیلی بەهەشتی پێیە، ئەوە لەسەر ئاینی یەكتاپەرستی دەمرێت. واتە بەهەشتەكەی مسۆگەرە.

[54]إلغاء قرار حظر التجوال يهدد سلامة المواطنين.

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری قەدەغەكردنی هاتوچۆ هەڕەشە لەسەلامەتی هاوڵاتیان دەكات.

[55]هل تخاف من تفَشّي الوباء فى مدينتك؟

ئایا لەبڵاوبونەوەی پەتاكە لەشارەكەت، دەترسیت؟

56 هل تعرف رقم سيارتك؟

ژمارەی ئۆتۆمبێلەكەت دەزانیت؟

كن في حياتك مثل الرقم واحد في جدول الضرب. مهما قابل أرقام كبيرة أو صغيرة لايعطي أحداً أكثر من حجمه.

لەژیانتدا وەك ژمارە یەك وابە لەخشتەی لێكداندا، بەر هەر ژمارەیەكی بچوك یان گەورە بكەوێت، بەهای زیاتر لەخۆی نادات بە هیچ یەكێكیان.

زرت كركوك مَرّة واحدة فقط.

28. (سِنّ) لەگەڵ (عُمْر) هەردوکیان تەمەن[58]

(شَهِدَ) بینی، (مَشهَد)یش دیمەن[59]

29. (مُسَدَّس) چیە؟ واتە دەمانچە[60]

(مَنْطِق) لۆژیکە[61]، (مَنطِقة) ناوچە[62]

تەنها یەکجار سەردانی کەرکوکم کردووە.

57 كرة القدم رياضة شهيرة في العالم.

تۆپی پێ وەرزشێکی بەناوبانگە لەجیهاندا.

رونالدو رياضيّ عظيم ولكنه متكبّر.

رۆناڵدۆ وەرزشکارێکی مەزنە، بەڵام بەڕاستی لوتبەرزە.

58 لەم مانایەدا ئەم دوو وشەیە مواردیفن.

سِنّ البلوغ مرحلة حساسة في حياة الانسان.

تەمەنی باڵقبون، قۆناغێکی هەستیارە لەژیانی مرۆڤدا.

تاب المذنب في آخر عمره.

گوناهکارەکە لەکۆتایی تەمەنیدا پەشیمان بووەوە.

كم كان عمر الملكة فيكتوريا حين توفيت؟

شاژنە ڤیکتۆریا کاتێك عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، تەمەنی چەند ساڵ بوو؟ 81

59الولد شَهِدَ حادثة مقتل أبيه.

کوڕەکە روداوی کوشتنی باوکی بینی.

مشهد الفلم الأخير يدمع العين.

دیمەنی کۆتایی فیلمەکە فرمێسك دەخاتە چاو.

60 قتله بمسدس كاتم.

بە دەمانچەیەکی بێدەنگ کوشتی.

61 لەڕاستیدا وشەی لۆژیك کوردی نیە بەڵکو کوردێنراوەو لەوشەی logicی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە کە لای برادەرانی ئینگلیز بە (لۆجیك) دەخوێنرێتەوە.

علم المنطق مهم للغاية.

زانستی لۆژیك زۆر گرنگە.

62 ج: مَناطِقُ

دمّرت الحرب منطقة الشرق الأوسط.

جەنگەکە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەناوبرد.

30. (مُشرِّع) چیە؟ یاسادانەرە[63]

(جَذْر) واتە رەگ[64]، (جَزَر) گێزەرە[65]

31. (مُهندِس) چیە؟ واتە ئەندازیار[66]

(داعِیَة) بانگخواز، هەروەها هۆكار[67]

32. (زِیجة) وەك (زَواج) هاوسەرگیرییە[68]

---

63 على المُشرِّعين وضع قانون خاص بالوضع الحالي.

پێویستە لەسەر یاسادانەران یاسایەكی تایبەت بە رەوشی ئێستا دابنێن.

64(جِذْر)یشی پێدەووترێت. ج: جُذور.

اقتلع جَذْر الشجرة.

رەگی درەختەكەی هەڵكێشا.

65 الجزر يسهّل الهضم.

گێزەر هەرسكردن ئاساندەكات.

66 خطيبها مهندس ماهر.

دەزگیرانەكەی ئەندازیارێكی لێهاتووە.

67 الجمع : دُعاة و دواعٍ.

عمرو خالد داعية إسلامي شهير.

عەمرو خالد بانگخوازێكی ئیسلامیی بەناوبانگە.

داعية غضب أبي غير واضحة.

هۆكاری توڕەیی باوكم رون نیە.

68 واتە ئەم دوو وشەیە موورادیفن و هەردوكیان بەمانای هاوسەرگیری دێن.

أعتقد بأن زيجتها الأولى فشلت بسبب التمثيل.

پێموایە هاوسەرگیریی یەكەمی بەهۆی نواندنەوە شكستی هێنا.

الزواج مع الأقارب يضعف النسل.

هاوسەرگیری لەگەڵ خزم، زاووزێ لاوازدەكات.

سألو حكيما : ما هو الزواج ؟ فقال: هي الحرب الوحيدة التي تنام فيها بجانب العدو.

لەحەكیمێك دەپرسن: هاوسەرگیری چیە؟

لەوەڵامدا دەڵێت: هاوسەرگیری تەنها جەنگە كە تێیدا لەپاڵ دوژمنەكەتدا دەخەویت.

كل ما اتذكر اني وقعت على عقد زواجي من دون تهديد وانا بكامل قواي العقليه اتذكر قوله تعالى "وما ظلمناهم ولكن كانو انفسهم يظلمون" ...

(شَيْخ) پیر، (شَيْخُوخَة) مانای پیرییه[69]

33. (مُثُول) وەك (حُضُور) ئامادەبونە[70]

(مَذْهَب)و (رَأْي) هەردوو بۆچونە[71]

34. (عَهْد) سەردەمە، هەمیش بەڵێنە[72]

(مَرْأة) واتە ژن[73]، (مِرآة) ئاوێنە[74]

هەرکاتێك ئەوەم بیردەکەوێتەوە کە بەبێ هیچ هەڕەشەیەك و لەوپەڕی هێزی عەقڵمدا گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەم ئیمزاکردووە، ئەو ئایەتە پیرۆزەی قورئانم بیردەکەوێتەوە کە دەفەرمێت: "ئێمە ستەممان لێنەکردون، بەڵکو ئەوە خۆیان بون ستەمیان لەخۆیان دەکرد"!!!

69رأيت شيخاً يلعب مع طفل.

پیرێکم بینی یاری لەگەڵ منداڵێکدا دەکرد.

الشيخوخة داء بلا دواء.

پیری دەردێکی بێدەرمانە.

70ئەم دوو وشەیە لەم مانایەدا موراديفن.

طلب منه المثول أمام المحكمة.

داوای لێکرا لەبەردەم دادگادا ئامادەبێت.

حضوره في الحفلة أفرح الجميع.

ئامادەبونی لەئاهەنگەکە، هەموانی دڵخۆشکرد.

71جمع مَذْهَب: مذاهِب. ج رَأْي: آراء

هو متمسك جداً بمذهبه الخاص و لا يحيد عنه بأي شكل من الأشكال.

ئەو زۆر پابەندە بە بۆچونە تایبەتەکەی خۆیەوەو بە هیچ شێوەیەك لێی لانادات.

لا رأي لمن لا إرادة له.

ئەوەی ویستی نەبێت، بۆچونی نیە.

72 جمع: عُهود.

كانت السرقة في عَهْد الخليفة عمر قليلة.

دزی لەسەردەمی خەلیفە عومەردا کەم بوو.

كُنْ عند عَهْدِك.

لەسەر بەڵێنی خۆت بە. واتە پەشیمان مەبەرەوە.

73 ج: نِساء ونسوة.

35. (اِلْتِهاب) چيه؟ واته هەوكردن[75]

(تَغَوُّط) ماناى پيساييكردن[76]

36. (مَطَار) چيه؟ فڕۆكەخانە[77]

(اِستخدام) ماناى بەكارهێنانە[78]

37. (رَدّ فِعْل) چيه؟ كاردانەوەيە[79]

بەماناى ژن دێت وەك ئافرەت بەگشتی نەك تەنها ژن بەماناى خانمێكی شوكردوو. من پێمواىە وشەى ئافرەت زۆر كوردى نيەو وشەى ژن جوانترە بۆيە لەبەيتەكەدا ئافرەتم بەكارنەهێنا.

أعطى الإسلامُ المرأةَ جميعَ حقوقها.

ئيسلام هەموو مافێكی داوە بە ژن.

يمكن للمرأة أن تفهم كل شي يتعلق بالدين إلا مسألة واحدة : "إن الشرع حلل 4". حين تسمعها تصبح واحدة من يهود بني قينقاع!

ژن دەتوانێت لەهەموو شتێكی ئاين تێبگات جگە لەيەك پرس كە دەڵێت شەرع چوار ژنی حەڵاڵكردووە. كاتێك ئەمە دەبيستێت دەبێتە جولەيەكی بەنو قەينوقاع!!!

المرأة تعيش لفترة أطول من الرجل. متوسط العمر المتوقع للمرأة في العالم هو 72 عامًا، مقارنة بـ 68 عامًا للرجل.

ژن لەپياو زۆرتر دەژی. تێكڕاى ناوەنديی تەمەنی چاوەڕوانكراوى ژن لەجيهاندا ٧٢ ساڵە، بەڵام هی پياو ٦٨ ساڵە.

إذا قرأت المرأة كتاباً فكأن زوجها قرأه والأولاد.

ئەگەر ژن كتێبێكی خوێندەوە، وەك ئەوە وايە مێردەكەى و منداڵەكانيش خوێندبێتيانەوە.

74جمع: مَراءٍ ومرايا.

المسلم مِرآة لأخيه.

موسڵمان ئاوێنەيە بۆ براكەى.

75 جمع التهابات.

الْتِهاب اللوزتين مرض شائع لدى الأطفال.

هەوكردنی ئاڵووەكان نەخۆشييەكی باوە لەناو منداڵان..

76 تأخير التغوط له أضرار عدة.

دواخستنی پيساييكردن چەند زيانێكی هەيە.

77جمع مطارات

أغلق المطار لمدة يومين كاملين.

فڕۆكەخانەكە بۆ ماوەى دوو ڕۆژى تەواو داخرا.

78استخدام القوّة في العلاقات الدوليّة شيء خطير.

بەكارهێنانی هێز لەپەيوەندييە نێودەوڵەتييەكاندا شتێكی مەترسيدارە.

(إخماد) وەك (إطفاء) كوژاندنەوەيە[80]

38. (حائِل) و (حاجِز) هەردوو بەربەستە[81]

(وقَفَ) وەستا[82]، (مَوْقِف) هەڵوێستە[83]

39. (ضَرَبَ) لێیدا[84]، (ضَرْب) و (طِراز) جۆر[85]

---

[79]هل تتوقع رد فعل عنيف من قبل قوات المعارضة؟

پێشبینی کاردانەوەیەکی تونددەکەیت لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە.

[80]إخماد النار استغرق ساعتين.

کوژاندنەوەی ئاگرەکە دوو سەعاتی خایاند.

إستطاع الرجل الشجاع إِطْفاء النَّارِ قَبْلَ انْتِشارِها.

پیاوە ئازاکە توانی ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، پێش ئەوەی بڵاوبێتەوە.

[81]جمع حائل: حوائِلُ.

جمع حاجز: حاجزون وحَجَزة وحَوَاجِزُ (لغير العاقل).

كثرت الحوائلُ في وجوه الشَّباب.

بەربەستەکانی بەردەم گەنجان زۆر بون.

الحواجز بين حكومة الاقليم و نظيرتها العراقية كبيرة.

بەربەستەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و هاوتا عیراقییەکەی گەورەن.

[82]وقَفَ، يَقِف، قِفْ، وُقوفًا.

وقفت السيارة في منتصف الطريق بسبب عطل مفاجيء.

بەهۆی لەکارکەوتنێکی کتوپڕەوە، ئۆتۆمبێلەکە لەناوەڕاستی ڕێگاکەدا وەستا.

[83] جمع: مواقِفُ

ما هو موقفك تجاه قرار الحكومة الأخير.

هەڵوێستت چیە بەرامبەر بە بڕیاری کۆتایی میری.

لا تثق بالوجه الأول لأي إنسان، فغالباً خلف كل وجه عدة وجوه، يبدأ ظهورها حسب المواقف.

متمانە بە یەکەم ڕووی هیچ کەسێك مەکە، زۆرجار لەپشت هەر ڕوویەکەوە، چەند ڕوویەکی تر هەیە کە لەکاتی هەڵوێستگەلی جیاوازدا دەردەکەوێت.

[84]ضرب الوالد إبنه.

باوکەکە لەمنداڵەکەی دا.

[85]جمع ضرب: أضراب (لغير المصدر) وضروب (لغير المصدر) وأضرُب (لغير المصدر).

الرِّواية ضرب من ضروب الأدب.

(طَبيب) پزیشکه[86]، (خَبير)یش پسپۆڕ[87]

40. (خِضَمّ) بەمانای دەریای فراوان[88]

(طَبيعة) سروشت[89]، (طَبْعًا) بێگومان[90]

41. (دائِرة) فەرمانگە، بەڵا، هەم بازنە[91]

رۆمان جۆرێکە لەجۆرەکانی وێژە.

جمع طراز: أطرِزة وطُرُز.

الجيشُ مُسلّح بأحدث طُرُز الأسلحة.

سوپاکە بە تازەترین جۆرەکانی چەك پڕچەککراوە.

[86] جمع: أطبّاء وأطِبّة.

لم يستطع أطبّاء المدينة علاجه مرض الرئيس العضال.

پزیشکانی شارەکە نەیانتوانی چارەسەر نەخۆشییە کوشندەکەی سەرۆك بکەن.

[87]ج: خُبَراءُ

زوجها خبير في مجال الهندسة.

مێردەکەی پسپۆڕی بواری ئەندازیارییە.

هل تعلم أنه حسب الخبراء أن اباك و أمك تزوجا بنفس اليوم؟!

ئایا دەزانیت بەگوێرەی پسپۆڕان، باوك و دایکت لەهەمان رۆژدا هاوسەرگیرییان کردووە؟!

[88] هل تستطيع قيادة السفينة وسط هذا الخِضَمّ؟

ئایا دەتوانیت لەناو ئەم دەریا فراوانەدا کەشتی لێبخوڕیت؟

[89] جمع طبائع

الرجوع الى الطبيعة يحل أغلب المشاكل الصحية.

گەڕانەوە بۆ سروشت زۆربەی کێشە تەندروستییەکان چارەسەردەکات.

[90] طَبْعًا سندافع عن وطننا.

بێگومان بەرگری لەنیشتمانەکەمان دەکەین.

[91]جمع دوائرُ. سیان لەگرنگترین ماناکانی فەرمانگەو بەڵاو بازنەن.

دائرتنا مليئة بالموظفين الأكفاء.

فەرمانگەکەمان پڕە لەکارمەندگەلی لێهاتوو.

بسبب ظلمه المستمر يَخْشَى أَنْ تُصِيبَه دَائِرَةٌ طبيعية.

بەهۆی ستەمە بەردەوامەکەیەوە، دەترسێت کە بەڵایەکی سروشتی توش ببێت.

لا أرى مركز الدائرة.

(مُكافَحة)یە "لەناوبردن"ە[92]

42. (غايَة) ئامانجە، هەروەها ئەوپەڕ[93]

(نَحّات) پەیکەرتاش[94]، (تِمثال)یش پەیکەر[95]

43. (بِداية) چیە؟ مانای سەرەتا[96]

(لِغايَةِ الآن) واتە تائێستا[97]

44. (عَدَس) واتە نیسك[98]، (عَدَسَة) هاوێنە[99]

(قَنّاص) ڕاوکەرو نیشانشکێنە[100]

چەقی بازنەکە نابینم.

[92] لەناوبردن= نەهێشتن.

مكافحة الفساد عملية شاقّة.

لەناوبردنی گەندەڵی کارێکی سەختە.

[93] جمع غايات وغاي. بەمانای ئامانج و ئەوپەڕیش دێت. ئەوپەڕ بەمانای کۆتایی و زۆرترین ئاست.

ما غايتك من التحدث مع تلك الفتاة؟

ئامانجت چیە لەقسەکردن لەگەڵ ئەو کچەدا.

هو الان في غاية الأناقة.

ئەو ئێستا لەوپەڕی شیکپۆشیدایە.

[94] زوجها نَحّات ماهر.

مێردەکەی پەیکەرتاشێکی کارامەیە.

[95] جمع تماثيلُ

صنعت الحكومة تمثالاً رائعاً للشاعر المرحوم.

میری پەیکەرێکی نایابی بۆ شاعیری خوالێخۆشبوو دروستکرد.

[96] المعلومات حولة بداية العالم قليلة.

زانیاریی سەبارەت بە سەرەتای جیهان، کەمە.

[97] لم تصلني رسالتك لغاية الآن.

تائێستا نامەکەتم پێنەگەیشتووە.

[98] العدس مفيد للصحة.

نیسك بەسودە بۆ تەندروستی.

[99] استعمالُ السيِّدات للعدسات اللاّصقة شيء شائع.

.45 (مَجْلِسْ) ئەنجومەن[101]، (جَليسْ)ە هاودەم[102]

(سَفِينة) کەشتی[103]، (زَوْرَق)ە بەلەم[104]

.46 (بَرِيء) بێتاوان[105]، (مُجرِمْ) تاوانبار[106]

بەکارهێنانی هاوێنەی لکاو لەلایەن خانمانەوە، شتێکی باوە.

[100]جمع قَنَّاصون وقنَّاصة. بەمانای راوکەرو نیشانشکێنیش دێت.

راوکەر= راوچی.

نیشانشکێن= نیشانپێك: ئەو تفەنگبەدەستە لێهاتوو و دەستڕاستانەی خەڵك بەتایبەت سیاسی و کەسایەتییە دیارەکانی تر تیرۆردەکەن.

كان والدي قنّاصاً ماهراً.

باوکم راوچییەکی کارامە بوو.

القَنّاص المجهول بث الخوف و الذعر في المدينة.

نیشانشکێنە نەناسراوەکە ترس و تۆقینی لەشارەکەدا بڵاوکردەوە.

[101]جمع مَجالس

يناقش مجلس الوزراء اليوم مسألة رواتب الموظفين.

ئەمڕۆ ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆ لەسەر پرسی موچەی فەرمانبەران دەکات.

[102]جُلساءُ وجُلاَّس.

هاودەم: هاوڕێی نزيك، هاوڕێیەك کە دانیشنت لەگەڵیدا هەبێت.

الكتاب خير جَليس.

کتێب باشترین هاودەمە.

[103] جمع سَفائِنُ وسُفُن وسَفين.

غرقت السفينة التجاريّة فى البحر.

کەشتییە بازرگانییەکە لەدەریاکەدا نقومبوو.

ماكل مايتمناه المرء يدركه

تجري الرياح بما لاتشتهي السفن

مرۆڤ بە هەموو ئەو شتانە ناگات کە ئاواتیان بۆ دەخوازێت

با بەشێوەیەك دەڕوات کە کەشتییەکان حەزی پێناکەن

[104]جمع زَوارِق.

كاد زورقنا أن يغرق فى النهر.

خەریکبوو بەلەمەکەمان لەناو روبارەکەدا نقوم ببێت.

[105] الجمع : بَريئون و أبرياء و بُرَآء و بُرَاء و بِرَاء ، المؤنث : بَريئة ، و الجمع للمؤنث : بَريئات.

المتهم بريء حتى تثبت إدانته.

(مُعتَدي) واته دەستدرێژیکار[107]

[.47] (خُبْز) واته نان[108]، (رَغیف) کولێره[109]

(خُفَّاش) و (وَطْواط) شەمشەمەکوێره[110]

[.48] (إعالة) چیه؟ بەخێوکردنه[111]

(تَیْس) سابرێنه[112]، (ماعِز) بزنه[113]

تومەتبار بێتاوانە تا ئەوکاتەی ئیدانەکردنی دەسەلمێنرێت.

[106] کان زوجها رجلاً مجرماً، لذا قررت الانفصال.

مێردەکەی پیاوێکی تاوانبار بوو، بۆیە بڕیاری جیابونەوەی دا.

[107]دەستدرێژیکار: کەسێك یان لایەنێك دەستدرێژی بکاتە سەر شتێك یان کەسێك.

إعتقلت الشرطة المعتديَ في مكان الحادث.

پۆلیس دەستدرێژیکارەکەی لەشوێنی روداوەکە دەستگیرکرد.

[108]جمع الجمع أخباز،مفرد خُبْزة.

يصنع الخبز من الطحين.

نان لەئارد دروستدەکرێت.

[109]جمع أَرغِفَة ورُغُف ورُغْفان.

أكل الطفل الصغير رغيفاً واحداً بمفرده.

منداڵەکە بچوکەکە، تەنها خۆی کولێرەیەکی خوارد.

[110]ج خفاش= خَفافِيشُ.

ج وطواط: وطَاوِطُ ووطاويطُ.

الخُفَّاش طائر ليلي.

شەمشەمەکوێره باڵندەیەکی شەوانەیە.

قتل الوطواط جريمة.

کوشتنی شەمشەمەکوێره تاوانە.

[111]إعالة الأسرة في زمننا الحاضر، شيء صعب.

بەخێوکردنی خێزان لەم سەردەمەی ئێستاماندا شتێکی قورسە.

[112]جمع أتياس وأَتْيُس وتِيَسَة وتُيُوس.

سابرێن= بزنی نێر.

أخافَ التيسُ الطفلَ.

سابرێنەکە منداڵەکەی ترساند.

.49 (عَصَبْ) دەمارە، جەمعەكەی (أعصاب)[114]

(عُرْفُ الدِّيك) مانای پۆپنەی كەڵەباب[115]

.50 (بُرْكان) گڕكانە، كۆكەی (بَراكين)[116]

(مُتشائِم) رەشبین[117]، (مُتفائِل) گەشبین[118]

.51 (مُختَرِع) چیە؟ واتە داهێنەر[119]

(مُخيف) ترسناك[120]، (مُرعِب) تۆقێنەر[121]

.52 (ابْتِكار)، (إبْداع) هەردوو داهێنان[122]

---

[113]جمع مِعاز ومَعْز ومَعَز ومواعز.

الماعز حيوان ذكي.

بزن زیندەوەرێكی زیرەكە.

[114]إن لم يذهب الألم الدائم الذي في رأسي، يجب علي أن أزور أخصائيَّ جراحة الأعصاب.

ئەگەر ئەو ئازارە بەردەوامەی لەسەرمدایە لانەچێت، ئەوا پێویستە لەسەرم سەردانی پسپۆڕێكی نەشتەرگەری دەمارەكان بكەم.

[115] پۆپنەی كەڵەباب= پۆپنەی كەڵەشێر.

لون عرف الديك أحمر.

رەنگی پۆپنەی كەڵەشێر سورە.

[116]هل تعلم لماذا تحدث البراكين؟

ئایا دەزانیت بۆچی گڕكان رودەدات؟

[117] زوجها رجل مُتشائِم.

مێردەكەی پیاوێكی رەشبین.

[118]هل أنت مُتفائِل حول مستقبل العلاقات بين إقليم كردستان و الحكومة المركزية؟

ئایا سەبارەت بە داهاتوی پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەندی، گەشبینیت؟

[119]ليس أديسون المخترع الحقيقي للمصباح الكهربائي.

داهێنەری راستەقینەی گڵۆپ، ئەدیسۆن نیە.

[120]ذلك الحيوان مُخيف، لا تقترب منه.

ئەو گیاندارە ترسناكە. لێی نزیك مەبەرەوە.

[121]الحيّة كائنة مُرعِبة.

مار بونەوەرێكی تۆقێنەرە.

[122] له قدرة عالية في إبتكار كلمات جديدة.

(مُشكِلة) كێشه[123]، (أَزْمة)یه قەیران[124]

.53 (حُكُومَة) میری[125]، (وَزیرْ) شالیاره[126]

(مِطرَقة) چەكوش[127]، (مِسْمار) بزماره[128]

.54 (وَعْد) بەڵێنه، واته پەیمانه[129]

توانایەكی بەرزی هەیه لەداهێنانی وشەی نوێدا.

الإبْداع نعمة لا يعطيها الله الكل.

داهێنان نیعمەتێكه خودا نایبەخشێت به هەموان.

[123] ج: مشكلات و مشاكِل.

ما هي مشكلتك؟

كێشەكەت چیه؟

إثنان من المستحيل إقناعهم بأن المشكلة من عندهم: المرأة و شركة الإتصالات.

دوان هەن مەحاڵه قەناعەتیان پێبكەیت كه كێشەكه لەلای ئەوانەوەیه: ژن و كۆمپانیای تەلەفۆن!

إبتعد عن السلبيين في حياتك. لديهم مشكلة لكل حل.

لەكەسه نەرێنییەكان دوربكەوه، چونكه ئەو جۆره كەسانه بۆ هەموو چارەسەرێك كێشەیەكیان پێیه.

[124] ج: أزَمات و أزْمات.

حكومة الإقليم تمرّ بأزمة إقتصادية حادّة.

حكومەتی هەرێم به قەیرانێكی ئابوریی توندا تێپەڕدەبێت.

[125] الحكومة مسؤولة عن أمن المواطنين.

میری بەرپرسیاره لەئاسایشی هاوڵاتیان.

[126] ج: وُزراء

هەرچەنده وشەی وەزیر عەرەبییەو كوردییەكەی شالیاره، بەڵام به دەگمەن كوردییەكه بەكاردەهێنرێت.

وزير الدفاع يتفقد الجيش بإستمرار.

شالیاری بەرگری به بەردەوامی سوپا بەسەردەكاتەوه.

[127] ج: مَطَارِق

هل تستطيع حمل تلك المطرقة الثقيلة؟

ئایا دەتوانیت ئەو چەكوشه قورسه هەڵبگریت؟

[128] ج: مَسامِير.

قطع مسمار حادّ رجلي.

بزمارێكی تیژ قاچمی بڕی.

(طَيَّار) بەمانای فڕۆکەوانە[130]

.55 (مَعدِن) کانزایە[131]، (مَنْجَم) مانای کان[132]

(شَخْص) واتە کەس[133]، (سُكّان) دانیشتوان[134]

.56 (ذَبابْ) واتە مێش[135]، (بَعوضْ) مێشولە[136]

---

[129]جمع وعود.

التزم بوعدك.

پابەندی بەڵێنەکەت بە.

[130]جرح الطَيَّار فی الحادث ولكنه لم يمت.

فڕۆکەوانەکە لەڕوداوەکەدا بریندار بوو بەڵام نەمرد.

[131]مع معادِن

الذهب مَعْدِنٌ ثمينٌ.

زێڕ کانزایەکی گرانە.

[132]جمع مناجِم.

العمل فی المنجم خطير جداً.

کارکردن لەکان زۆر مەترسیدارە.

[133]جمع أشخاص وأشخُص وشُخوص.

الزّواج يوحّد بين شخصين.

هاوسەرگیری دوو کەس یەکدەخات.

[134] جەمعی تەکسیرە. تاکەکەی (ساكِن)ە.

هل تعلم كم هو عدد سكّان إقليم كردستان بدقّة؟

ئایا دەزانیت ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەوردی چەندە؟

يُتوقع أن يصل عدد سكان العالم إلى 8.5 مليار في عام 2030، وأن يزيد بعد ذلك إلى 9.7 مليار نسمة مع حلول عام 2050 ثم يصل بعد ذلك إلى 10.4 مليار نسمة بحلول عام 2100.

پێشبینیدەکرێت ژمارەی دانیشتوانی جیهان لەساڵی 2030 بگاتە هەشت ملیارو 500 ملیۆن کەس و لە 2050 بگاتە نۆ ملیارو 700 ملیۆن و لە 2100 بگاتە 10 ملیارو 400 ملیۆن.

كم كان عدد سكان الصين في عام 1950؟

ژمارەی دانیشتوانی چین لەساڵی 1950 چەند بووە؟ 552 ملیۆن

[135]جمع الجمع أذِبَّة وذِبَّان،مفرد ذُبابة.

اجتمع الذبابُ على الطعام.

(فَراش) پەپولە[137]، (نَمْلة) مێرولە[138]

.57 (بَذْرَة) واتە تۆو، کۆدوجای (بُذورْ)[139]

(جَنوب) باشورە[140]، (شَمال)یش باکور[141]

.58 (أشعَلَ) هەڵکرد[142]، (شُعْلة) مەشخەڵە[143]

مێش لەسەر خواردنەکە کۆبووەوە.

[136]مفرد بَعوضة.

البعوض حيوان مزعج.

مێشولە زیندەوەرێکی بێزارکەرە.

[137]مفرد: فَراشة.

جمع: فَراشات وفَرَاش.

يحب الأطفالُ اللعبَ مع الفراش.

منداڵ حەز بە یاریکردن لەگەڵ پەپولە، دەکات.

[138]جمع نَمَلات ونَمْلات ونِمال ونَمْل.

نملة كبيرة عضّت يدي اليمنى.

مێرولەیەکی گەورە کازی لەدەستی راستم گرت.

نملة تزوّجت فيلاً، وبعد ما مات، قضت كل عمرها تدفن فيه. هذه هي قمة الوفاء!!!

مێرولەیەك شودەكات بە فیلێك، پاش مردنی فیلەکە، مێرولەکە هەموو تەمەنی لەناشتنی مێردەکەیدا بەسەردەبات. ئا ئەمەیە لوتکەی وەفاداری!!!

[139]مەخسەوی شەریفم لەکۆدوجا، جەمعی جەمعە، واتە کۆی زۆر.

وضع الفلاح البَذْرة في الأرض.

جوتیارەکە تۆوەکەی لەزەوی دانا.

[140] جمع أَجنُب وجنائب.

أعيش في جنوب مدينة السليمانية.

لەباشوری شاری سلێمانی دەژیم.

في جنوب أفريقيا يُعتبر تسلق الأشجار دون إذن رسمي جريمة معرضة للعقوبة.

لەو ئەفریقای باشورەی لای خۆمان، هەڵگەڕان بە درەختدا بەبێ مۆڵەتی رەسمی، بە تاوان دادەنرێت و سزای لەسەرە.

[141]شمال المدينة أجمل من جنوبها.

باکوری شارەکە لەباشوری جوانترە.

[142]أشعلَ يُشعل ، إشعالاً ، فهو مُشعِل ، والمفعول مُشعَل.

(خَطِيئة) تاوان[144]، (خَطَأ)یش هەڵە[145]

59. (زَوْجَة)، (قرينة)، (حَرَمْ) واتە ژن[146]

(أنتَ)و (أنتِ) تۆ[147]، (أنا) مانای من[148]

الطفل أشعلَ مصابيح الغرفة.

منداڵەکە گڵۆپەکانی ژورەکەی هەڵکرد.

[143] جمع شُعُلات وشُعْلات وشُعَل.

أخذ الشعلة وطاف بها أرجاء الملعب.

مەشخەڵەکەی هەڵگرت و بەدەوربەری یاریگاکەدا گێڕای.

[144] جمع خَطِيئات وخَطايا.

اعترف بخطيئته.

دانی بە تاوانەکەیدا نا.

[145] جمع أخطاء.

فصل عن العمل بسبب خطأ لغوي.

بەهۆی هەڵەیەکی زمانەوانییەوە، لەکار دەرکرا.

[146] هەرسێکیان بەمانای ژن دێن. ژن بەمانای هاوسەر نەك ژن بەگشتی.

جمع حرم: أحْرام.

زَوْجَة صَالِحَة خير من ثروة هائلة.

ژنێکی باش لەسامانێکی زۆر باشترە.

قال لزوجته : أريد أن أتزوج زوجة ثانية ، ليرى ردة فعلها .. فمر اليوم الأول ولم يرَ شيئا ، ثم اليوم الثاني ولم يرَ شيئا ، وفي اليوم الثالث بدأ يرى قليلاً بعينه اليمنى..

بە ژنەکەی گوت: "دەمەوێت ژنی دووەم بهێنم" بۆ ئەوەی کاردانەوەی ببینێت، رۆژی یەکەم تێپەڕی هیچی نەبینی، دووەم هیچی نەبینی، رۆژی سێیەم چاوی راستی وردە وردە شتی ئەبینی!!!!

دُعي إلى الحفل هو وقرينتُه.

بانگهێشتکرا بۆ ئاهەنگەکە، خۆی و ژنەکەی.

دخل الرجل و حرمه ردهة العمليات معاً.

پیاوەکەو ژنەکەی پێکەوە چونە قاوشی نەشتەرگەرییەوە.

[147] هەردوکیان بەمانای تۆ دێن، بەڵام یەکەمیان بۆ نێرەو دووەمیان بۆ مێیە.

تذكر دائماً، أنت لا تعرف عن الآخرين غير الذي سمحوا لك بمعرفته.

هەمیشە ئەوەت لەبیربێت کە تۆ تەنها ئەو شتانەی خەڵك دەزانیت کە خۆیان رێیانپێداویت بیزانیت.

.60 (قُمامة) چيه؟ واته پاشەڕۆ[149]

(صُورة) وێنەیە[150]، (لَوْحة)یە تابلۆ[151]

.61 (اِندِمال) چيه؟ واته سارێژبون[152]

(ثَوْرَة) شۆڕشه[153]، (عِصْيان) یاخیبون[154]

.62 (مَجْنُون) واته شێت، کۆکەی (مَجانين)[155]

(مِنظار) دوربينه[156]، (ناظور) هەناوبين[157]

أنتِ فتاة جميلة.

تۆ کچێکی جوانیت.

أنتَ ولد ذكي.

تۆ کوڕێکی زیرەکیت.

148 أنا لا أحبّ النميمة.

من حەزم لەقسەهێنان و بردن نيه.

149جمع قُمامات وقُمام.

سلة القُمامة قديمة جداً.

سەبەتەی پاشەڕۆکه زۆر کۆنه.

150جمع صُورات وصُوَر وصِوَر.

تبدو نحنيفاً فی الصورة.

لەوێنەکەدا لاواز دەردەکەویت.

151من رسم هذه اللوحة الجذابة؟

کێ ئەم تابلۆ سەرنجڕاکێشەی کێشاوە؟

152اندمال جرح الأقرباء يستغرق سنيناً طويلة.

سارێژبونی برینی خزم چەندين ساڵ دەخايەنێت.

153جمع ثَوْرات وثَوَرات.

كان جدي أحد ثوّار ثورة الشيخ محمود الحفيد.

باپيرم يەکێك بوو لەشۆڕشگێڕانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی حەفيد.

154هل تعتقد بأن عصيان موظفي الشركة يعالج الأزمة الإقتصادية؟

لەو بڕوایەدایت یاخیبونی کارمەندانی کۆمپانیا قەیرانه ئابورییەکه چارەسەردەکات.

155مجنون بلا أذى خير من عاقل شرير.

شێتێکی بێزیان لەژیرێکی خراپەکار، باشتره.

.63 (انتِصار) چیە؟ واتە سەرکەوتن[158]

(ظُهُور) و (بُروز) هەردوو دەرکەوتن[159]

.64 (قُبالة) چیە؟ واتە بەرامبەر[160]

(إنْ) لەگەڵ (إذا) هەردوکیان ئەگەر[161]

.65 (ناشِط) و(نَشيط) وەك (نَشِط) چالاك[162]

---

[156]ج: مَناظير

هل رأيت شيئاً غريباً من المنظار؟

ئایا لەدوربینەکەوە شتێکی نامۆت بینی؟

[157]هەناوبین: ئامێرێکە بۆ پشکنینی هەناوی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر بەکاردەهێنرێت.

كشف الناظور بأن هناك ورم حميد في معدته.

هەناوبینەکە دەریخست کە لویەکی پاك لەگەدەیدایە.

[158]جمع انتصارات.

فرحت كثيراً بانتصارات الجيش على العدو.

زۆر دڵخۆش بوم بە سەرکەوتنەکانی سوپا بەسەر دوژمندا.

[159]ظُهُور علامات المرض على الجسد، يوجب زيارة الطبيب.

دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی لەسەر جەستە، سەردانی پزیشك دەکاتە شتێکی پێویست.

كان بروز الشاعر مفاجئاً.

دەرکەوتنی شاعیرەکە کتوپڕ بوو. واتە چاوەڕوانکراو نەبوو.

[160] بيته قُبالة بيتي.

ماڵەکەی بەرامبەر ماڵەکەمە.

[161]هەردوکیان ئامرازی مەرجن و بەمانای (ئەگەر) دێن.

إن تدرسْ تنجحْ.

ئەگەر بخوێنیت، دەردەچیت.

إذا لم تستح فإصنع ما شئت.

ئەگەر شەرمت نەکرد، چیت دەوێت، بیکە.

[162]هەرسێکیان بەمانای چالاك دێن.

إنه ناشط في عمله.

بەڕاستی ئەو چالاکە لەکارەکەیدا.

الإنسان النشيط ينجز أعماله بسرعة.

(جَمعْ) واتای کۆ[163]، (مُفرَدْ) مانای تاك[164]

66. (خَیْر) باشترە، هەم باشترینە[165]

(قَوْسُ قُزَح)ە پەلكەزێڕینە[166]

67. (لَحْظَة) واتە سات[167]، (وَقتْ)و (زَمَنْ) کات[168]

مرۆڤی چالاك کارەکانی بەخێرایی جێبەجێ دەکات.

أنا نشط في الكتابة ولكنني من الناحية الجسدية ضعيف.

من لەنوسیندا چالاکم بەڵام لەڕوی جەستەییەوە لاوازم.

[163] هل تعرف ما هو جمع كلمة "رجل"؟

دەزانیت کۆی وشەی "رجل" چیە؟

[164] ليس لكلمة (نساء) مفرد من لفظها.

وشەی (نساء) لەپێکهاتەی پیتەکانی خۆی، تاکی نیە.

[165] بەمانای باشترو باشترینیش دێت.

زوج صالح فقير خير من طالح ثريّ.

هاوسەرێکی باشی هەژار لەخراپێکی دەوڵەمەند باشترە.

يقول ابن حزم : أن تُوصف بالفسق وأنت فاضل خيرٌ من أن تُوصف بالفضل وأنت فاسق.

بە گوناهکار باسبکرێیت لەکاتێکدا خۆت باش بیت، باشترە لەوەی بە چاکەکار باسبکرێیت کەچی خۆت گوناهکار بیت.

"خيركم من تعلّم القرآن وعلّمه".

باشترین کەستان ئەوەیە کە فێری قورئان بووەو کەسانی تر فێردەکات.

[166] هل تعلم متى تحدث ظاهرة قوس قزح؟

ئایا دەزانیت چ کاتێك دیاردەی پەلكەزێڕینە رودەدات؟

[167] جمع لَحَظات ولَحْظات

إنتظرني لحظات.

چەند ساتێك چاوەڕێم کە

[168] وقت الشدة يعرف الصديق الوفي.

عند معاشرتك لبعض الناس، ستدرك وقتها لماذا خلق الله جهنم. دوستويفسكي

کاتێك هاوڕێیەتی هەندێك کەس دەکەیت، تێدەگەیت کە خودا بۆچی دۆزەخی دروستکردووە.

کاتی تەنگانە هاوڕێی بەئەمەك دەناسرێتەوە.

المشروع يستغرق زمناً طويلاً.

پرۆژەکە کاتێکی زۆر دەخایەنێت.

(غَربْ) خۆرئاوا[169]، (شَرقْ) خۆرهەڵات[170]

.68 (زَوايا) گۆشە، بەڵام تاك نا كۆ[171]

(أنتُم)، (أنتُنَّ) هەردوكيان ئەنگۆ[172]

.69 (قَمَر) واتە مانگ[173]، (شَمس) ماناى خۆر[174]

(قَليل)، (يَسير) كەم[175]، (طائِل)، (كَثير) زۆر[176]

---

[169] هبَّت الرِّيحُ من الغرب.

بايەكە لەخۆرئاواوە هەڵيكرد.

من أشد التناقضات : مجتمع يريد أن يعيش كـالغرب ويموت كـالصحابة!

يەكێك لەگەورەترين دژيەكييەكان ئەوەيە كۆمەڵگەيەك بيەوێت وەك خۆرئاوا بژى و وەك هاوەڵانى پێغەمبەر، بمرێت!

[170] تشرق الشمس من الشرق.

خۆر لەخۆرهەڵاتەوە هەڵديێت.

[171] تاكەكەى (زاوِية)يە. هەروەها بە (زاويات)يش كۆدەكرێتەوە.

رأيت حيّة كبيرة في زاوية ال غرفة.

مارێكم لەگۆشەى ژورەكەدا بينى.

[172] هەردوكيان بەماناى ئەنگۆ دێن، بەڵام يەكەميان بۆ نێرەو دووەميان بۆ مێيە. ئەنگۆ= ئێوە.

أنتُم رجال أذكياء.

ئێوە پياوگەلێكى زيرەكن.

أنتُنَّ أجمل سيدات المدينة.

ئێوە جوانترين خانمانى شارەكەن.

[173] جمع أقمار

ليس القمر نجماً.

مانگ ئەستێرە نيە.

[174] جمع شُموس

الشمس أكبر من الزّهرة.

خۆر لەهەسارەى زوهرە گەورەترە.

[175] مقدار قليل من السمّ كاف لقتل إنسان بالغ.

بڕێكى كەم لەژەهر بەسە بۆ كوشتنى مرۆڤێكى پێگەيشتوو.

لا تخجل من الإعطاء اليسير فإن الحرمان أخجل منه.

لەبەخشينى كەم شەرم مەكە، چونكە بەڕاستى نەبەخشين شەرمەزارترە.

.70 (جلَبَ) هێنا[177]، (جَلْبْ) هێنانە[178]

(ذنْب)و (جَريرة)و (إثْم) تاوانە[179]

.71 (شَطَط)، (جَوْر)، (ظُلْم) هەرسێکیان ستەم[180]

---

[176] هەردوکیان بەمانای زۆر دێن.

وَرث من والده ثروة طائلة.

سامانێکی زۆری لەباوکییەوە بۆ مایەوە.

قرأت كتباً كثيرة.

زۆر کتێبم خوێندووەتەوە.

لا أثبت لك بأنني لن أتكرر، كثيرٌ من الناس يثبتون لك ذلك من بعدي!

بۆت ناسەلمێنم کە دوبارە نابمەوە. دوای من خەڵکێکی زۆر بۆت دەسەلمێنن!

[177] جلب يَجلُب ويَجلِب.

جلب التاجر أحدث أنواع الجهاز الى المدينة.

بازرگانەکە تازەترین جۆرەکانی ئامێرەکەی هێنا بۆ شارەکە.

[178] واتە چاوگی (جلَبَ)یە.

جلب البضائع الجيّدة للمدينة واجب التجّار.

هێنانی کاڵای باش بۆ شارەکە ئەرکی بازرگانانە.

[179] هەرسێکیان بەمانای تاوان دێن. تاوان= گوناهـ

ارتكب الشابّ ذنبًا.

گەنجەکە تاوانێکی ئەنجامدا.

المعترف بالجريرة مُستحقٌّ للغفيرة.

ئەوەی دان بەتاوانەکەیدا بنێت، شیاوی لێخۆشبونە.

شرب الخمر إثم عظيم.

خواردنەوەی مەی تاوانێکی گەورەیە.

[180] في أحكامه شطط.

بریارەکانی ستەمیان تێدایە.

جور القريب يدمّر الإنسان.

ستەمی کەسی نزیك مرۆڤ لەناودەبات.

ظلم الجائر لا يستمرّ للأبد.

ستەمی ستەمکار بۆ هەتاهەتایە بەردەوام نابێت.

(رَخيص) هەرزانە[181]، (بَخْس) واتە کەم[182]

.72 (انتِحار) چيە؟ واتە خۆکوشتن[183]

(شِراء) کڕینە[184]، (بَيْع)یش فرۆشتن[185]

.73 (لَجوج)و (عَنيد) هەردوکيان ئينکار[186]

(حَدّ) واتە سنور[187]، (مَحدود) سنوردار[188]

.74 (تَباهي) چيە؟ خۆ هەڵکێشانە[189]

---

[181] أنت بخيل، لا تشتري الّا الأشياء الرخيصة.

تۆ چروکيت، شتگەلی هەرزان نەبێت نايکڕيت.

[182] جمع بُخوس

(وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ)

به نرخێکی کەم کڕييان.

[183] حاول الرجل الانتحار.

پياوەکە هەوڵی خۆکوشتنی دا.

[184] لا تبذّر مالك في شراء أشياء لست بحاجة اليها.

سامانەکەت لەکڕينی شتگەلێکدا بەفيڕۆمەدە کە پێويستت پێی نيە.

[185] هو يعمل فی مجال بيع و شراء البيوت.

ئەو لەبواری فرۆشتن و کڕينی خانودا کاردەکات.

[186] بێگومان وشەی ئينکار کوردی نيەو نارەسمييە بەڵام بەکارهێنانی باوە. بە کەسێك دەووترێت، کە بە چاك و بە خراپ سور بێت لەسەر قسەی خۆی و مل نەدات، تۆ بڵێی نێرە، ئەو بڵێی دەيدەم بە شوو!!!

أنت رجل لجوج، لا أحب المناقشة معك.

تۆ پياوێکی ئينکاريت، حەزم لەگفتوگۆکردن نيە لەگەڵتدا.

زوجها عنيد جداً.

مێردەکەی زۆر ئينکارە.

[187] جمع حُدود

لا تتجاوز حدود الناس.

سنورەکانی خەڵك مەبەزێنە.

[188] نريد أن تؤكد حضورك لأن عدد الكراسي محدود.

دەمانەوێت ئامادەبونت دڵنيابکەيتەوە، چونکە ژمارەی کورسييەکان سنوردارە. واتە کەمە.

[189] تباهيك بنفسك أكثر من إنجازاتك.

(ضَحْك) پێکەنین[190]، (بُکاء) گریانە[191]

.75 (مَقْدَم) و (مَجيِء) هەردوکیان هاتن[192]

(تَأجيل) و (تَأخير) مانای دواخستن[193]

.76 (قَبَّان) و (مِيزان) هەردوو تەرازوو[194]

(خَسّ) واتە کاهوو[195] (خسَأَ) لاوازبوو[196]

.77 (عَديل) هاوتایەو ئاوەڵزاوایە[197]

خۆهەڵکێشانت بە خۆت، لەدەسکەوتەکانت زیاترە.

[190]الضحك بدون سبب شيء غير مقبول.

پێکەنین بەبێ هۆ شتێکی پەسەندکراو نیە.

[191]البكاء للميّت شيء طبيعي.

گریان بۆ مردوو شتێکی سروشتییە.

[192]سررت كثيراً بمقدمك.

زۆر خۆشحاڵ بوم بە هاتنت.

مجيئ المجرم الى المنطقة خطر على الجميع.

هاتنی تاوانبارەکە بۆ ناوچەکە مەترسییە لەسەر هەموان.

[193] تأجيل محاكمة المجرمين أغضب أهالي الضحايا.

دواخستنی دادگاییکردنی تاوانبارەکان، کەسوکاری قوربانییەکانی تورەکرد.

لا أحبذ تأخير عملي اليوم الى الأسبوع القادم.

حەزم لەدواخستنی ئیشی ئەمڕۆ بۆ هەفتەی داهاتوو.

[194]تەرازوو= قەپان.

القبَّان قديم جداً.

قەپانەکە زۆر کۆنە.

هل تجيد إستخدام ذلك الميزان الجديد؟

ئایا دەزانیت بە باشی ئەو تەرازووە تازەیە بەکاربهێنیت؟

[195]الخسّ غذاء صديق لمرضى السكري.

کاهوو خواردەمەنییەکی دۆستی توشبوانی شەکرەیە.

[196]خسَأَ يَخسَأ ، خَسْئًا وخُسُوءًا

خسأت عيناي بسبب المرض.

چاوەکانم بەهۆی نەخۆشییەوە لاوازبون.

(حَماة) خەسووە[198]، (صِهْر) زاوایە[199]

78. (نِسْیان) چیە؟ بیرچونەوە[200]

(تَیَبُّس) مانای وشکبونەوە[201]

79. (بِدّ) و (مَثیل) و (نَظیر) هاوتایە[202]

(نَخْل) دارخورما[203]، (تَمْر) خورمایە[204]

---

[197]جمع أعدال وعُدَلاء

أنّه شاب وسيم جدّاً، ليس له عديل في المنطقة.

ئەو گەنجێکی زۆر قۆزە، هاوتای نیە لەناوچەکەدا.

عديلك رجل كذّاب.

ئاوەڵزاواکەت پیاوێکی درۆزنە.

[198]جمع حَمَوات

لم أزر حماتي منذ يومين.

دوو رۆژە سەردانی خەسوم نەکردووە.

[199]جمع أَصْهار وصُهَراءُ

لقد قتل صهر صدام في معركة داخلية.

زاواکەی سەدام لەشەڕێکی ناوخۆییدا کوژرا.

[200]النسيان نعمة من نعم الله الكثيرة.

بیرچونەوە نیعمەتێکە لەنیعمەتە زۆرەکانی خودا.

[201] يجب عليك زيارة طبيبك بعد تيبُّس الجرح.

پاش وشکبونەوەی برینەکە، پێویستە لەسەرت سەردانی پزیشکەکەت بکەیت.

[202] هەرسێکیان بەمانای هاوتا دێن.

ما أنت بِدّي في الخطابة.

تۆ لەوتاربێژیدا هاوتای من نیت.

من ناحية الذّكاء، لا مثيل له في الصف.

لەڕوی زیرەکییەوە، لەپۆلەکەدا هاوتای نیە.

إجتمع وزير صحة العراق بنظيره البريطاني لمناقشة تصاعد عدد المصابين بوباء فيروس كورونا الجديد.

بۆ تاووتوێکردنی هەڵکشانی ژمارەی توشبوان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، وەزیری تەندروستیی عیراق لەگەڵ هاوتا بریتانییەکەی کۆبووەوە.

[203]جمع الجمع نخيل، مفرد نخْلة.

80. (فِناء)و (باحة) هەردوكیان حەوشە[205]

(خُطَّة) پلانە[206]، (خارِطة) نەخشە[207]

81. (تَعافي) چیە؟ چاكبونەوەیە[208]

(اِضطهاد) مانای چەوساندنەوەیە[209]

82. (صدَرَ) دەرچوو[210]، سەرچاوە (مَصْدَر)[211]

جنوب العراق مشهور بالنخل.

باشوری عیراق بە دارخورما بەناوبانگە.

[204]جمع الجمع تُمور وتُمْران، مفرد تَمْرة.

شرب الشاي مع التمر مضرّ للصحة.

خواردنەوەی چا لەگەڵ خورمادا زیانبەخش بۆ تەندروستی.

[205]یلعب الأطفال في فِناء البیت.

منداڵەكان لەحەوشەی ماڵەكەدا یاریدەكەن.

اقتحم عدد من الجنود الیهود باحة المسجد الأقصى.

ژمارەیەك لەسەربازە جولەكەكان هەڵیانكوتایە سەر حەوشەی مزگەوتی ئەقسا.

[206] جمع خُطَط

تمّ وضع خُطَّة دولیّة لمكافحة الإرهاب.

پلانێكی نێودەوڵەتی دانرا بۆ لەناوبردنی تیرۆریزم.

[207]هل تستطیع رسم خارطة إقلیم كردستان؟

ئایا دەتوانیت نەخشەی هەرێمی كوردستان بكێشیت؟

[208]بعد تعافیك من المرض سأزورك لمناقشة الموضوع.

پاش چاكبونەوەتە لەنەخۆشییەكە، بەمەبەستی تاووتوێكردنی بابەتەكە، سەردانت دەكەم.

[209]جمع اضطهادات

لا یزال الشَّعبُ الكردي یتعرَّض لاضطهادات كثیرة.

تائێستاش گەلی كورد روبەڕوی چەوساندنەوەگەلی زۆر دەبێتەوە.

[210]صدَرَ یَصدُر صُدورًا وصَدْرًا.

الشهر الماضي صدَر العددُ الأوّل من المجلّة.

مانگی رابردوو یەكەم ژمارەی گۆڤارەكە دەرچوو.

[211] جمع مَصادِر

مصدر خبرك غیر موثوق.

(أمام) لەبەردەم[212]، (إزاء) بەرامبەر[213]

.83 (فَخّ) و (مِصْيَدَة) هەردوو تەڵەیە[214]

(بَثْرة) زیپکەیە[215]، (بُقْعَة) پەڵەیە[216]

.84 (أغلى) گرانکرد، وەك (سلَقَ)ش کوڵاند[217]

سەرچاوەی هەواڵەکەت متمانەپێکراو نیە.

[212] اذا لم تجد من يفهمك وانت في اصعب ظروفك ابقى وحيدا ولا ترخص من قيمتك امام احد.

ئەگەر لەسەختترین بارودۆخدا بویت و کەست نەدۆزییەوە لێت تێبگات، بە تەنیا بمێنەرەوەو بەهای خۆت لەبەردەم کەسدا سوکمەکە.

رأيته واقفًا أمام المسجد.

بینیم لەبەردەم مزگەوتەکەدا وەستابوو.

لن تتوقف المرأة عن طلب المساواة حتى ترى الرجل يلد أمامها!. آل باتشينو.

ژن لەداواکردنی یەکسانی لەگەڵ پیاو کۆڵنادات تا بە چاوە گەشەکانی خۆی نەبینێت پیاو لەبەردەمیدا منداڵی دەبێت!!!

[213]بيتُه إزاء بيتي.

ماڵەکەی بەرامبەر ماڵەکەمە.

[214]وقع العصفور في الفخّ.

چۆلەکەکە کەوتەناو تەڵەکەوە.

هل تستطيع صنع مصيدة بسيطة لرحلتنا؟

ئایا دەتوانیت تەڵەیەکی سادە دروستبکەیت بۆ گەشتەکەمان؟

[215]جمع بَثَرات وبَثْرات وبَثْر، جمع الجمع بُثور.

هناك بثرة كبيرة في وجهك.

دەموچاوت زیپکەیەکی گەورەی تێدایە.

[216]جمع بُقَع

علاج البقع الجلديّة سهل.

چارەسەری پەڵەکانی سەر پێست ئاسانە.

[217]واتە وشەی (أغلى) بەمانای گرانکرد دێت، هەروەها هاومانای وشەی (سلق)شە کە بەمانای کوڵاند دێت.

التاجر أغلى سعر البضائع.

بازرگانەکە نرخی شمەکەکانی گرانکرد.

أغلى الماءَ بنار سريعة.

بە ئاگرێکی خێرا ئاوەکەی کوڵاند.

زوجتي سلَقَ الطَّعامَ و قدّمته بسرعة.

(حرَقَ)، (أحرقَ) بەمانای سوتاند[218]

.85 (غَفیر)و (خَفیر) هەردوو پاسەوان[219]

(غَفیر) زۆریشە[220]، (راعِي) مانای شوان[221]

.86 (هَشیم) هەم لاواز، هەم پوش و پەڵاش[222]

(جَنین) کۆرپەیە[223]، (مَشیمة) ویَڵاش[224]

هاوسەرەکەم خواردنەکەی کوڵاندو بەپەبە پێشکەشیکرد.

[218] الرجل الغاضب حرَق أوراقَ الملفِّ.

پیاوە تورەکە لاپەڕەکانی دۆسیەکەی سوتاند.

أحرقَتِ النَّارُ أغلب مناطق جسمه.

ئاگرەکە زۆربەی ناوچەکانی جەستەی سوتاند.

[219] هەردوکیان بەمانای پاسەوان دێن، واتە لەم مانایەدا موورادیفی (حارس)ن.

أنا معجب بشجاعة غفيرك الشخصي.

من سەرسامم بە ئازایەتیی پاسەوانە تایبەتەکەت.

عُيِّن خفيرًا بمكتب الرئيس.

وەك پاسەوانی نوسینگەی سەرۆك دامەزرێنرا.

[220] واتە هەر ئەم وشەیە بەمانای زۆریش دێت.

حضر المباراة جمهوراً غفيراً.

جەماوەرێکی زۆر ئامادەی یارییەکە بوو.

[221] الراعي واجه الذئاب بشجاعة كثيرة.

شوانەکە بە ئازایەتییەکی زۆرەوە روبەڕوی گورگەکان بووەوە.

[222] بەمانای لاواز (لەڕوی جەستەییەوە)و پوش و پەڵاشیش دێت. پوش و پەڵاش: پاشماوەی وشکبوی رووەك.

كان الحارس رجلاً هشيماً.

پاسەوانەکە پیاوێکی لاواز بوو.

إشعال النار وسط الهشيم خطير للغاية.

ئاگرکردنەوە لەناو پوش و پەڵاشدا ئەوپەڕی مەترسیدارە.

[223] جمع أجنَّة.

کۆرپە: منداڵ لەناو منداڵدان، واتە پێش لەدایکبون.

المرأة المطلّقة أجهضت جنينها.

ژنە تەڵاقدراوەکە کۆرپەکەی لەباربرد.

.87 (اليَوم) ئەمڕۆیە، (اللَيلة) ئەمشەو[225]

(رُؤية) بينينە[226]، (حُلْم)، (رُؤيا) خەو[227]

.88 (شَجَّعَ) هاندا[228]، (مُشجِّع) هاندەر[229]

(مُستاء) بێزارە[230]، (مُزعِج) بێزارکەر[231]

---

224 جمع مَشيمات ومشايِمُ ومشِيم.

الجنين يتنفس فقط عبر المشيمة.

کۆرپە تەنها لەڕێگەی وێڵاشەوە هەناسەدەدات.

225 اليوم أراك.

ئەمڕۆ دەتبينم.

ستقام الليلة حفلة غنائية رائعة.

ئەمشەو ئاهەنگێکی نایابی گۆرانیوتن سازدەکرێت.

226جمع رُؤًى.

رؤية الهلال دليل على بداية و نهاية شهر رمضان.

بينينی مانگی یەکشەوە، بەڵگەیە لەسەر سەرەتاو کۆتایی مانگی رەمەزان.

227هەردوکیان بەمانای خەو دێن.

رأيت الليلة حلماً مخيفاً.

ئەمشەو خەوێکی ترسناکم بینی.

الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ مِنَ اللَّهِ، وَالرُّؤْيَا السَّوْءُ مِنَ الشَّيْطَانِ.

خەوی باش لەلایەن خوداوەیەو خەوی خراپ لەلایەن شەیتانەوەیە.

228 شجَّعَ يشجِّع ، تشجيعًا ، فهو مُشجِّع ، والمفعول مُشجَّع.

شجَّع القائدُ الجنديَّ للقتال.

فەرماندەکە سەربازەکەی هاندا بۆ جەنگ.

229 أنا مُشجِّع نادي برشلونة.

من هاندەری یانەی بەرشەلۆنەم.

230أنا مستاء منك بسبب سلوكك تجاه مديري.

بێزارم لێت بەهۆی رەفتارت بەرامبەر بەڕێوەبەرەکەم.

231ولدك مزعج جداً.

کوڕەکەت زۆر بێزارکەرە.

89. (عَبقريّ) چیە؟ واتە بلیمەت[232]

(وَضَعَ) دانا[233]، (مَوْضوع)یش بابەت[234]

90. (زَميل) هاوکارە[235]، (صَديق) هاوڕێیە[236]

(ذَبْحة صدريّة) سنگەکوژێیە[237]

كان لأحول صديق مزعج جداً. فغيّر أحول رقم جواله ويرسل له رسالة برقمه الجديد قائلاً: لقد غيرت رقمي و أرتحت منك، من الان فصاعدا لن تستطيع إزعاجي.

فيجيبه صديقه برسالة نصية قائلاً: والله لأجدنّ رقمك لو كان تحت الأرض!

ئەحوَل هاوڕێیەکی زۆر بێزارکەری دەبێت. لەداخا ڕەقەم مۆبایلەکەی دەگۆڕێت و بە ڕەقەمە تازەکەی نامەیەکی بۆ دەنێرێت و دەڵێت: ئەوە ڕەقەمەکەم گۆڕی و نەجاتم بوو لەدەستت، ئیتر هەرگیز ناتوانیت ئیزعاجم بکەیت.

هاوڕێکەش لەوەڵامدا بۆی دەنوسێت: بەخودا لەژێر ئەرزیشدا بێت، ڕەقەمەکەت هەر دەدۆزمەوە!

232 جمع عَباقِرةُ، مؤ عبقريّة، جمع مؤ عبقريّات وعَباقِرةُ.

كان بيرەميرد شاعراً عبقريّاً.

پیرەمێرد شاعیرێکی بلیمەت بوو.

233 وضَعَ، يضَع ، ضَعْ ، وَضْعًا ، فهو واضع ، والمفعول مَوْضوع.

وَضَعَ الكتاب على الأرض، فعاتبته.

کتێبەکەی لەسەر زەوی دانا، بۆیە گلەییم لێکرد.

234 جمع مَوْضُوعات ومَواضيعُ

قبل البرنامج يجب أن نتفق على موضوع الحوار.

پێش بەرنامەکە پێویستە لەسەر بابەتی گفتوگۆکە ڕێکبکەوێن.

235 جمع زُمَلاء

هو زميلي في الدائرة.

ئەو هاوکارمە لەفەرمانگە.

236 جمع أَصْدقاء، مؤ صديقة وصديق

أنت صديق عزيز.

تۆ هاوڕێیەکی ئازیزیت.

شخصان لا تبرّر لهما ما فعلت، صديقٌ يعرفك جيّدًا ، وعدوٌّ ينتظر منك زلّة. آل باتشينو.

دوو کەس هەن هەرچییەك بکەیت پاکانەیان بۆ مەکە، هاوڕێیەك کە باشت دەناسێت، دوژمنێك کە چاوەڕێدەکات هەڵەیەك بکەیت.

"الصديق الحقيقي هو من يمسك بيدك ويقول لك كل شيء سيكون على ما يرام." – مجهول

هاوڕێی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دەستت دەگرێت و پێت دەڵێت هەموو شتێك باش دەبێت.

91. (وَرَقة) پەڕەیە[238]، (سَطْر) مانای دێڕ[239]

(راكِب) سەرنشین[240]، (سائِق)یش شۆفێر[241]

92. (سِرّ) نهێنییە[242]، (كَنْز) گەنجینە[243]

(اِعتِداد بالنّفْس) بەخۆنازینە[244]

93. (نار) واتە ئاگر[245]، (هامِد) كوژاوە[246]

---

237 سنگەكوژێ: جۆرە حاڵەتێكی نەخۆشییە كە تێیدا توشبوو ئازارێكی توند لەسنگیدا پەیدادەبێت.

ما هو الفرق بين الذبحة الصدريّة والسكتة القلبيّة؟

جیاوازی لەنێوان سنگەكوژێ و جەڵتەی دڵدا چیە؟

238 جمع وَرَقات وأوراق ووَرَق.

يتكوّن الكتاب من 110 ورقة، أي 220 صفحة.

كتێبەكە لە 110 پەڕە پێكهاتووە، واتە 220 لاپەڕە.

239جمع أسْطُر وسُطور وأسطار. جمع الجمع أساطير.

هناك خطأ كبير في السطر الثاني من الصفحة الثالثة.

دێڕی دووەمی لاپەڕەی سێیەم هەڵەیەكی گەورەی تێدایە.

240جمع راكبون ورُكّاب، مؤ راكِبة، جمع مؤ راكِبات ورواكب.

جرح جميع رُكّاب الحافلة في الحادثة.

لەڕوداوەكەدا سەرجەم سەرنشینانی پاسەكە بریندار بون.

241جمع سائقون وساقة.

نجا سائق السيّارة في الهجوم.

شۆفێری ئۆتۆمبێلەكە لەهێرشەكە رزگاری بوو.

242 جمع أسرار وسِرار.

إعط سِرّك لإمرأة خرساء، ستتكلّم بإذن الله!

نهێنییەكەت بدە بە ژنێكی لاڵ، بە ئیزنی خوا دەكەوێتە قسە!

243جمع كُنُوز.

موقع ويكيبيديا كنز من المعرفة.

ماڵپەڕی ویكیپیدیا گەنجینەیەكە لەزانیاری.

244بەخۆنازین= خۆ هەڵكێشان.

الاعتداد بالنفس سلوك شنيع.

بەخۆنازین، رەفتارێكی ناشرینە.

(فَصيح)و (بَليغ) زمانپاراوە[247]

[.94](رائِد) پێشەنگە، كۆكەی (رُوَّاد)ە[248]

(دَيُّوث)و (قَوّاد) هەردوو گەوادە[249]

[.95](أُغنيَة) چيە؟ مانای گۆرانی[250]

(عُمْدَة) سەرۆكە، هی شارەوانی[251]

---

[245]جمع نِيران

هل تخاف من النار؟

لەئاگر دەترسيت؟

مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى النَّارِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى الْكَذِبِ

هەركەسێك حەزدەكات سەيری ئاگر (ی دۆزەخ) بكات، با سەيری درۆ بكات.

[246] النار هامدة، فلا تخف.

ئاگرەكە كوژاوەيە، بۆيە مەترسە.

[247]هەردوكيان بەمانای زمانپاراو دێن.

زوجها خطيب فصيح.

مێردەكەی وتاربێژێكی زمانپاراوە.

هو كاتب ناجح ولكنّه غير بليغ أثناء التحدّث.

ئەو نوسەرێكی سەركەوتووە، بەڵام لەكاتی قسەكردندا زمانپاراو نيە.

[248] هەروەها بە (رائدون) و (رادَة)ش كۆدەكرێتەوە.

عادل إمام رائد فی فنّ الكوميديا.

عادل ئيمام پێشەنگە لەهونەری كۆميديادا.

[249] هەردوكيان بەمانای گەواد دێن. گەواد: كەسێك پياوی داوێنپيس پەيدابكات بۆ ژنی لەشفرۆش يان بۆ ژنی خۆی يان كەسوكاری.

الدَّيُّوثُ لا يدخل الجنّة.

گەواد ناچێتە بەهەشت.

كان زوجها قَوّاداً، لذا إنفصلت عنه.

مێردەكەی گەواد بوو، بۆيە لێی جيابووەوە.

[250]جمع أُغْنِيَات وأغانٍ.

لبهجت يحيى أغانٍ كثيرة.

بەهجەت يەحيا ژمارەيەكی زۆر گۆرانی هەيە.

[251]جمع عُمُدات وعُمْدات وعُمَد.

96. (أَجْر) کرێیە، جەمعەکەی (أُجُور)[252]

(رَبيبة) زڕکچ[253]، (رَبيب)ە زڕکوڕ[254]

97. (ثِقَة) متمانەو خاوەن متمانە[255]

(خَطِيب) وتارخوێن، هەم دەزگیرانە[256]

98. (غِلاف) واتە بەرگ[257]، (فَحْوَى)یە کرۆك[258]

بەمانای سەرۆکی شارەوانی دێت.

عُمْدَةُ مدينة السليمانية رجل نزيه.

سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی پیاوێکی پاکە.

[252]أعطوا الأجير أَجْره قبل أن يجفَّ عرقُه.

کرێی کرێکار بدەن، پێش ئەوەی عارەقەکەی وشکببێتەوە.

[253]جمع مؤ: ربيبات وربائِب

هي ربيبتها وليست إبنتها.

ئەو زڕکچیەتی، کچی نیە.

[254]جمع أَرِبَّاءُ وأَرِبَّة.

ربيبه ولد شجاع.

زڕکوڕەکەی کوڕێکی ئازایە.

[255]جمع ثِقات.

بەمانای متمانە دێت. هەروەها بەمانای کەسێکیش دێت کە خاوەن متمانە بێت، واتە راستگۆ بێت و سیقەی پێبکرێتز

حاول أن لا تخسر الثقة لدى زملاءك.

هەوڵبدە متمانە لای هاوکارەکانت لەدەست نەدەیت.

علي الوردي مؤرِّخ ثِقَة.

عەلی وەردی مێژونوسێکی خاوەن متمانەیە.

[256] ج: خُطباء

أعتقلت الشرطة خطيب المسجد.

پۆلیس وتارخوێنی مزگەوتەکەی دەستگیرکرد.

خطيبها مهندس ماهر.

دەزگیرانەکەی ئەندازیارێکی کارامەیە.

[257]جمع غِلافات وأَغْلِفة وغُلُف.

قرأت الكتاب من الغلاف الى الغلاف.

(أبترْ) وەجاخکوێر[259]، (عَقيم)ە نەزۆك[260]

.99 (شَعْب) واتە گەل[261]، (شِعْب) ڕێگا(ی ناوشاخ)[262]

(كأْس) و (قَدَح) هەردوکیان پەرداخ[263]

.100 (مُستشار) چیە؟ واتە ڕاوێژکار[264]

(قُطْر) تیرەیە، جەمعەکەی (أقْطار)[265]

کتێبەکەم لەبەرگەوە بۆ بەرگ خوێندەوە.

[258] جمع فحاوَى وفحاوٍ.

فهمت قصده من خلال فحوى رسالته.

لەڕێگەی کرۆکی نامەکەیەوە، لەمەبەستی تێگەیشتم.

[259] جمع بُتْر، مؤ بَتْراءُ، جمع مؤ بُتْر.

{إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الأَبْتَرُ}.

بەڕاستی قینلەدڵەکانت وەجاخکوێرن.

[260] جمع عِقام وعُقَماءُ، مؤ عقيم وعقيمة، جمع مؤ عقائِمُ وعُقُم.

زوجها عقيم، لذا تطلب الطلاق.

مێردەکەی نەزۆکە، بۆیە داوای جیابونەوە دەکات.

[261] جمع الجمع شُعوب

الشعب الكردي شجاع.

گەلی کورد ئازایە.

[262] جمع شِعاب

هل تستطيع الذهاب في شعاب هذا الجبل؟

ئایا دەتوانیت بە ڕێگاکانی ناو ئەم شاخەدا بڕۆیت؟

[263] هەردوکیان بەمانای پەرداخ دێن، بەڵام یەکەمیان دەبێت خواردنەوەی تێدا بێت و دووەمیان دەبێت خاڵی بێت.

شربت كأساً من الماء بسرعة.

بەپەلە پەرداخێك ئاوم خواردەوە.

كسر الطفل القدح.

منداڵەکە پەرداخەکەی شکاند.

[264] قتل مستشار السفارة فی هجوم مسلّح.

ڕاوێژکاری باڵیۆزخانەکە لەهێرشێکی چەکداریدا کوژرا.

[265] إيجاد قُطْر الدَّائرة عمل بسيط.

101. (اِنْتِشار) مانای بڵاوبونەوە[266]

(بَحْث)و (دِرَاسَة) لێکۆڵینەوە[267]

102. (قائِلَة)و (ظَهيرة) هەردوو نیوەڕۆ[268]

(جامِع) مزگەوتە[269]، (جامِعة) زانکۆ[270]

103. (نائِب) هەم جێگر، هەم پەرلەمانتار[271]

(بِئْر) واتە بیر، جەمعەکەی (أَبْآر)[272]

دۆزینەوەی تیرەی بازنە کارێکی ئاسانە.

266 اِنتِشار فايروس كورونا يهدد البشرية.

بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەڕەشە لەمرۆڤایەتی دەکات.

267 نشر بحثي عن أسباب المرض في المجلة.

لێکۆڵینەوەکەم لەسەر هۆکارەکانی نەخۆشییەکە، لەگۆڤارەکەدا بڵاوکرایەوە.

دِراسة جديدة تؤكد على خطر مرض السكّري.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ جەخت لەسەر مەترسیی نەخۆشیی شەکرە دەکاتەوە.

268 ينام والدي في القائِلة كلّ يوم.

باوکم هەموو رۆژێك لەنیوەڕۆدا دەخەوێت.

مكث في البيت حتى الظَّهيرة.

تا نیوەڕۆ لەماڵدا مایەوە.

269 جمع جامعون وجَوَامِعُ

الجامع كبير جداً.

مزگەوتەکە زۆر گەورەیە.

270 جمع جامعات

هل تستطيع التدريس في الجامِعة؟

ئایا دەتوانیت لەزانکۆ وانە بڵێیتەوە؟

271 جمع نائبون ونُوَّاب، مؤ نائبة، جمع مؤ نائبات ونوائبُ (لغير العاقل)

تولّى نائب المدير العمل.

جێگری بەڕێوەبەر کارەکەی گرتەدەست.

هو نائب عن الحزب الوطني الحاكم.

ئەو پەرلەمانتارێکی پارتی نیشتمانیی فەرمانڕەوایە.

272 هەروەها بە (آبار) و (أبْؤُر)و (بئار)یش کۆدەکرێتەوە. ئەم وشەیە دەتوانرێت بەشێوەی نێرو مێش بەکاربهێنرێت.

104. (مُطرِب)، (مُغَنّي) گۆرانیبێژه[273]

(قَصیر) واته کورت[274]، (طَوِیل) درێژه[275]

105. (مُتحدِّث) چیه؟ واته وتەبێژ[276]

(شريحة) پلە، دێش بەمانای توێژ[277]

هذا البئرُ عميقٌ.

ئەم بیره قوڵه.

[273] هەردوكیان بەمانای گۆرانیبێژ دێن.

ناظم الغزالي مُطرِب مشهور.

نازم غەزلی گۆرانیبێژێكی بەناوبانگە.

ألقي القبض على المغني بتهمة إمتلاك المخدّرات.

گۆرانیبێژەكە بەتۆمەتی پێبونی ماددەی هۆشبەر دەستگیركرا.

[274]جمع قِصار وقُصَراءُ، مؤ قصيرة، جمع مؤ قصيرات وقصَائِرُ وقِصار

الحياة قصيرة غير أنّها حلوة.

ژیان كورته، بەڵام شیرینه.

[275] جمع طِوَال

الحبل طَوِيل.

گورسیەكە درێژه.

تملك كندا أطول ساحل بين جميع دول العالم، حيث يمتد على طول 202,080 كيلومترًا (125,567 ميلًا). تمتلك أيضًا عددًا من البحيرات يفوق عدد جميع البحيرات الأخرى في العالم مجتمعة.

كەنەدا خاوەنی درێژترین كەناراوه لەجیهاندا كە درێژییەكەی 202 هەزارو 80 كیلۆمەتره. هەروەها ژمارەی دەریاچەكانی ئەم وڵاته لەكۆی دەریاچەكانی سەرجەم وڵاتەكانی تری جیهان پێكەوه زیاتره.

[276] نفى المُتحدِّث الرسمي بإسم الحكومة الخبر.

وتەبێژی رەسمیی حكومەت هەواڵەكەی رەتكردەوه.

[277]جمع شريحات وشرائح

دوان لەدیارترین ماناكانی پل و توێژن. پل: پارچه.

أكل الكلب شريحة من اللحم.

سەگەكە پلێك لەگۆشتەكەی خوارد.

الموّظفون شريحة واسعة من المجتمع الكردي.

فەرمانبەران توێژێكی فراوانی كۆمەڵگەی كوردین.

.106 (حسَمَ) بەمانای یەکلاکردەوە[278]

(حاسِم) بەواتای یەکلاکەرەوە[279]

.107 (مِخطَم) و (مِنْقَار) هەردوکیان دەنوك[280]

(عَريس) زاوایە[281]، (عَروس) واتە بوك[282]

.108 (خِنَّابَة)، (كِبْر) خۆبەزلزانین[283]

(بُسْتان) واتە باخ، كۆكەی (بساتین)[284]

---

[278]حسَمَ يَحسِم ، حَسْمًا ، فهو حاسم ، والمفعول مَحْسوم.

یەکلاکردەوە: بڕاندەوە.

حسم المحامي القضيّة لصالح موّكله.

پارێزەرەکە کێشەکەی لەبەرژەوەندی بریگرتەکەی یەکلاکردەوە.

[279]المشكلة بحاجة الى قرار حاسم من قبل الرئيس.

کێشەکە پێویستی بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە هەیە لەلایەن سەرۆکەوە.

[280]الطائر له مخطم طويل.

باڵندەکە دەنوکێکی درێژی هەیە.

ضرب الطائر الطفل بمنقاره.

باڵندەکە بە دەنوکی لەمنداڵەکەی دا.

[281]جمع عِرْسان و عروس

العريس طلّق عروسه بعد اسبوع واحد من الزواج.

زاواکە پاش هەفتەیەك لەهاوسەرگیری، بوکەکەی تەڵاقدا.

[282]جمع عُرُس وعِرْسان

العروس جميلة جداَ.

بوکەکە زۆر جوانە.

[283]هەردوکیان بەمانای خۆبەزلزانین دێن. خۆبەزلزانین= لوتبەرزی.

الخِنّابة تدّمر الانسان.

خۆبەزلزانین مرۆڤ لەناودەبات.

لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ.

هەرکەسێك ئەوەندەی گەردێك خۆبەزلزانین لەدڵیدا هەبێت، ناچێتە بەهەشت.

[284] أصبحت بساتين القرية منتجعات للزوّار.

باخەکانی گوندەکە بونەتە هاوینەرهەوار بۆ میوان.

109. (حِصار) ئابڵوقە[285]، (حَصير) حەسیرە[286]

(صَمْغ) واتە زەمق[287]، (غِراء) کەتیرە[288]

110. (بالمَرّة) چیە؟ بەهیچ شێوەیەك[289]

(صارِخ) واتە زەق[290]، (صاروخ)ە موشەك[291]

111. (شُهاق) چیە؟ کۆکەڕەشە[292]

(أَهوَج)و (طائِش) هەردوو هەڵەشە[293]

---

[285] الحصار الإقتصادي دمّر العراق.

ئابڵوقەی ئابوری عیراقی لەناوبرد.

[286] الجمع : حُصُرٌ ، أحْصِرَةٌ ، حَصَائِرُ

حەسیر: راخەری دروستکراو لەبەرهەمی رووەك.

هل تستطيع النوم على الحصير؟

دەتوانیت لەسەر حەسیر بخەویت؟

[287] جمع الجمع صُمُوغ، مفرد صَمْغة.

استعمل الصَمْغ لإلصاق الورقة بالحائط.

بۆ لکاندنی وەرەقەکە بە دیوارەکەوە، زەمق بەکاربهێنە.

[288] جمع أَغْراء، غَرا، غِرا.

للغراء رائحة كريهة.

کەتیرە بۆنێکی ناخۆشی هەیە.

[289] هي لم تجب أسئلته بالمَرّة.

ئەو بەهیچ شێوەیەك وەڵامی پرسیارەکانی نەدایەوە.

[290] زەق: زۆر روون و ئاشکرا.

كان جوابه إعترافاً صارخاً بالجريمة.

وەڵامەکەی دانپێدانانێکی زەق بوو بە تاوانەکە.

[291] جمع صواريخ

موشەك= رۆکێت

أسقطت الطائرة بواسطة صاروخ مضادّ للطائرات.

فڕۆکەکە بەهۆی موشەکێکی دژەفڕۆکەوە خرایە خوارەوە.

[292] الشهاق مرض مزعج.

کۆکەڕەشە نەخۆشییەکی بێزارکەرە.

.112 (أَثْرَد) چيه؟ لێوقڵیشاو[294]

(كُحْلِيّ) كلساز، هەم شینی رەشباو[295]

.113 (بلَغَ) گەیشت[296]، (مَبْلَغ)یش بڕە[297]

(نَیص) لەگەڵ (شَیهَم) هەردوو سوچڕە[298]

.114 (مُستَهلِك) چیه؟ واتە بەكاربەر[299]

---

[293] هو رجل أهوج، لا أثق به.

ئەو پیاوێكی هەڵەشەیە، متمانەی پێناكەم.

الإنسان الطائش لا يفكّر.

مرۆڤی هەڵەشە بیرناكاتەوە.

[294] الجمع : ثُرْد ، المؤنث : ثَرْدَاء ، و الجمع للمؤنث : ثُرْد

الأثرد لايستطيع الضحك.

لێوقڵیشاوەكە ناتوانێت پێبكەنێت.

[295] بەمانای كلسازو شینی رەشباویش دێت. كلساز: ئەو كەسەی كل دروستدەكات.

الكُحليّ غنيّ جدّاً.

كلسازەكە زۆر دەوڵەمەندە.

إرتديت قميصي الكُحليّ للحفلة.

بۆ ئاهەنگەكە كراسە شینە رەشباوەكەم لەبەركرد.

[296] بلَغَ يَبلُغ، بُلوغًا وبَلاغًا ، فهو بالِغ.

بلَغ النَّبأُ الرئيس فور وقوعه.

هەواڵەكە دەسبەجێ لەگەڵ رودانیدا گەیشتە سەرۆك.

[297]فقدت مَبْلغاً من المال فی السوق.

لەبازاڕ بڕێك پارەم ونكرد.

[298] هەردوكیان بەمانای سوچڕ دێن كە گیاندارێكی دڕكاوییەو گۆشتیشی دەخورێت.

حاول أن لا تقترب من النيص، إنّه خطير.

هەوڵبدە لەسوچڕەكە نزیك نەبیتەوە، بەڕاستی مەترسیدارە.

هل أكلت لحم الشَيهَم؟

گۆشتی سوچڕت خواردووە.

[299] بكەری (استهلك)یە.

حياة مستهلِكي الوجبات السريعة في خطر.

(حارّ) گەرم و توونە[300]، (فُلْفُل)یش بیبەر[301]

115. (والِد) باوکە[302]، (والِدة) داکە[303]

(خائِن)و (خَوّان) هەردوو ناپاکە[304]

116. (عُقْرُبان) دوپشك، بەڵام نێر نەك مێ[305]

(مِئْناث) کەسێکە، بەس کچی ئەبێ[306]

ژیانی بەکاربەرانی خواردنە خێراکان، لەمەترسیدایە.

یستهلك الإنترنت كمية هائلة من الكهرباء، تعادل 10% من إجمالي استهلاك الكهرباء في العالم.

ئینتەرنێت بڕێکی ئێجگار زۆر کارەبا بەکاردەبات، کە دەکاتە لەسەدا 10ی کۆی هەموو ئەو کارەبایەی لەجیهاندا بەکاردەبرێت.

[300] الماء حارٌّ، لا أحبّه.

ئاوەکە گەرمە، حەزم لێی نیە.

هل تستطيع أكل الفلفل الحارّ.

دەتوانیت بیبەری توون بخۆیت؟

[301] لا أحبّ الفُلْفُل.

حەزم لەبیبەر نیە.

[302] والدي فَلاَّح.

باوکم جوتیارە.

[303] داك= دایك

والدتي إمرأة ذكيّة.

دایکم ژنێکی زیرەکە.

[304] هەردوکیان بەمانای ناپاك دێن، بەڵام دووەمیان شێوگی موبالەغەیە، واتە ناپاکییەکەی زۆرەو زیاترە لەوەی یەکەمیان.

كان زوجها خائناً، لذا طلبت الطلاق.

مێردەکەی ناپاك بوو، بۆیە داوای جیابونەوەی کرد.

الخَوّان لا تكفيه إمرأة واحدة.

ناپاك ژنێك بەشی ناکات.

[305] بەمانای دوپشکی نێر دێت.

هل تخاف من العُقْرُبان؟

ئایا لەدوپشکی نێر دەترسیت؟

[306] زوجته مِئناث لذا قرّر الزواج الثاني.

ژنەکەی تەنها کچی دەبێت (نەك کوڕ)، بۆیە بڕیاری هاوسەرگیریی دووەمی دا.

117. (مُصطلَح) چیە؟ واتە زاراوە[307]

(خَرِیر) پرخە(ی خەو)، هەم خوڕە(ی ئاوە)[308]

118. (عاصِفة) چیە؟ واتە گەردەلول[309]

(زَوج)و (بَعْل) مێرد، کۆی دووەم (بُعُول)[310]

119. (جَلَدَ)، (لَدَغَ)، (لَسَعَ) پێوەدا[311]

(مَرْكَز) بنکەیە[312]، (مَقَرّ) بارەگا[313]

---

[307] جمع مصطلحات

لا أفهم معنى هذا المصطلح الطبيَّ.

لەمانای ئەم زاراوە پزیشکییە تێناگەم.

[308] أيقظني خرير الماء.

خوڕەی ئاوەکە خەبەری کردمەوە.

خريره أثناء النوم يزعجني كثيراً.

پرخەکەی لەکاتی خەودا زۆر بێزارمدەکات.

[309]جمع عاصفات وعَوَاصِفُ

هبَّت عاصِفةٌ ثلجيّة.

گەردەلولێکی بەفرین هەڵیکرد.

[310]واتە هەردوو وشەی (زوج)و (بعل) بەمانای مێرد دێن. کۆی وشەی دووەمیان، واتە جەمعی وشەی دووەمیان کە (بعل)ە، دەبێتە (بعول).

علاقتها مع زوجها ضعيفة.

پەیوەندیی ئەو لەگەڵ مێردەکەیدا لاوازە.

بعلها تاجر ثري.

مێردەکەی بازرگانێکی دەوڵەمەندە.

[311]هەرسێکیان لەم مانایەدا هاومانان.

جَلَدَتْهُ حَيَّةٌ سوداء.

ڕەشمارێك پێوەیدا.

لاَ يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ مَرَّتَيْنِ.

بڕوادار دووجار لەیەك کونەوە پێوەی نادرێت.

لَسَعَتهُ عَقْرَب سامّ، لذا مات في اليوم التالي.

دووپشکێکی ژەهراوی پێوەیدا، بۆیە ڕۆژی دواتر مرد.

120. (أبو بُريص) چیە؟ مانای مارمێلکە[314]

(سِحلیّة) قۆڕی[315]، (أَرْنَب) کەروێشکە[316]

121. (أُسْطورة) چیە؟ واتە ئەفسانە[317]

(إضاعة) مانای بەفیڕۆدانە[318]

122. (زُحار) زەحیری[319]، (إسهال)ە سکچون[320]

---

[312] جمع مراكز

مركز الشرطة قريب من بيتنا.

بنکەی پۆلیسەکە لەماڵەکەمانەوە نزیکە.

[313]جمع مقرّات ومقارُّ

قتل الرئيس في مقرّه.

سەرۆك لەبارەگاکەی خۆیدا کوژرا.

[314]أبو بريص حيوان زاحف.

مارمێلکە گیانداریّکی خشۆکە.

[315]ما هو تفسير رؤية السحليّة في المنام؟

لێکدانەوەی بینینی قۆڕی لەخەودا، چیە؟

[316]جمع أَرانِبُ وأَرانٍ

رؤية الأرنب البني في المانم يدلّ علي أنّك تتجه نحو المسار الصحيح للعمل في الحياة .

بینینی کەروێشکی قاوەیی لەخەودا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تۆ دەڕۆیتەسەر ڕێڕەوێکی ڕاستی کارکردن لەژیاندا.

[317] جمع أُسْطورات وأساطير.

العلم يهدم الأساطير.

زانست ئەفسانەکان لەناودەبات.

[318]إضاعة الوقت أخطر من إضاعة المال.

بەفیڕۆدانی کات لە هی سامان مەترسیدارترە.

[319]زەحیری: جۆرە نەخۆشییەکە کە بەهۆیەوە توشبوو پیسایی بەشێوەی پچڕپچڕ دەکات و زۆربەی پیساییەکەی خوێن دەبێت و ئازاریشی لەگەڵدا دەبێت.

هل أصبت بالزُحار؟

توشی زەحیری بویت؟

[320]ما هو علاج الإسهال؟

چارەسەری سکچون چیە؟

(عَنِيَ)ماندوبوو[321]، (عَنَاء) ماندوبون[322]

.123 (فَطير) چيه؟ هەڵنەهاتوو[323]

(نَزور) کەممنداڵ، هەروەها کەمدوو[324]

.124 (رَكايا) "بير"ە، بەڵام كۆ نەك تاك[325]

(بَريءُ الذِّمَّة) ماناى ئەستۆپاك[326]

.125 (باكورَة) چيه؟ واته نۆبەره[327]

---

[321] عنِيَ في يَعنَى ، اعْنَ ، عَناءً وعَنًى ، فهو عانٍ ، والمفعول مَعْنِيٌّ فيه.

بەمانای ماندوبونێك دێت کە زۆر بێت نەك ماندوبونی کەم: شەتەکبوو.

عنِي في كتابة بحثِه كثيراً.

لەنوسینی لێکۆڵینەوەکەیدا زۆر ماندوبوو.

[322] الصمت عبادة بدون عناء.

بێدەنگی پەرستشێکی بێ ماندوبوونە.

[323] العجين الفطير لا يصلح للخبز.

هەویری هەڵنەهاتوو بۆ نان ناشێت.

[324] الجمع : نُزُر. کەمدوو= کەمقسە.

زوجته نَزُور.

ژنەکەی کەممنداڵە. واته منداڵی کەم هەیه، یان منداڵی کەم دەبێت.

هو رَجُلٌ نَزُور.

ئەو پیاوێکی کەمدووە.

[325] تاکەکەی (رَكيّة)یە. هەروەها بە (رُكِيّ)یش کۆدەکرێتەوە.

الرَّكِيَّةُ غير بعيدة من هنا.

بیرەکە لێرەوە دوور نیه.

[326] ئەستۆپاك: کەسێك کە هیچ قەرزو مافێکی رەسمی و نارەسمی لا نەبێت.

رغم أنّه بريء الذِّمَّة، ولكنّ المدير لا يسمح له بالنّقل.

هەرچەندە ئەو ئەستۆپاکە، بەڵام بەڕێوەبەر ڕێگەی گواستنەوەی پێنادات.

[327] جمع باكورات وبَواكير.

نۆبەرە: یەکەم بەرهەم.

هذا الاختراع باكورَة الشركة.

ئەم داهێنانە نۆبەرەی کۆمپانیاکەیە.

(مُؤسِّس) مانای دامەزرێنەره[328]

.126 (أَزْعر) بەدڕەوشت، هەم کلکبڕاو[329]

(حَسيس) هەستبەهێز، وەك (مَقْتول) کوژراو[330]

.127 (تبادُل) چیه؟ مانای ئاڵوگۆڕ[331]

(جَرّار) تراکتۆر، دێش بەمانای زۆر[332]

.128 (عَرَضْ) نیشانه، جەمعەکەی (أعراض)[333]

---

[328]مات مُؤسِّس المنظّمة قبل ثلاث سنوات من الان.

دامەزرێنەری رێکخراوەکە سێ ساڵ بەر لەئێستا مرد.

[329]جمع زُعْر، مؤ زَعْراءُ، جمع مؤ زَعْراوات وزُعْر

هو رجل أَزْعر، فلا تقترب منه.

ئەو پیاوێکی بەدڕەوشتە، بۆیە لێی نزیك مەبەرەوە.

هاجمني كلبه الأَزْعر.

سەگە کلبڕاوەکەی پەلاماریدام.

[330]واتە ئەم وشەیە بەمانای هەستبەهێز دێت، سەرباری ئەوەش هەروەك وشەی (مقتول) بەمانای کوژراویش دێت. هەستبەهێز: مرۆڤێك یان زیندەوەرێك کە هەستی بەهێز بێت.

من الأفضل أن لا تخالط ذلك الحسيس كثيراً.

باشتر وایە زۆر تێکەڵاوی ئەو هەستبەهێزە نەبیت.

الحَسِيس شابٌ من أهالي المدينة.

کوژراوەکە گەنجێکی خەڵکی شارەکەیە.

الرجل المقتول غير معروف.

پیاوە کوژراوەکە نەناسراوە.

[331] تبادُل الأسرى بين الدولتين عمل إنساني.

ئاڵوگۆڕی دیلەکان لەنێوان هەردوو وڵات، کارێکی مرۆییە.

[332]هل تعلم سياقه الجرّار؟

دەزانیت تراکتۆ لێبخوڕیت؟

هاجم جيش جرّار المدينة.

سوپایەکی زۆر پەلاماری شارەکەی دا.

[333]بەتایبەتی بەمانای نیشانەی نەخۆشی دێت.

ما هي أعراض فقر الدَّم؟

(نَخّاس) کۆیلەفرۆش، هەروەها جامباز[334]

.129 (مُتَّهَم) چیە؟ مانای تۆمەتبار[335]

(سُور) واتە پەرژین، جەمعەکەی (أَسْوار)[336]

.130 (تَوزیع) وەك (تَقسیم) دابەشکردنە[337]

(اغتِصاب) مانای لاقەکردنە[338]

.131 (قَرْقرة) چیە؟ قۆڕەو گارەگار[339]

نیشانەکانی کەمخوێنی چین؟

[334] جامباز: فرۆشیارو دەلاڵی مەڕو ماڵات و وڵاخ

باع النَّخَّاسُ جمیع عبیده و تاب.

کۆیلەفرۆشەکە سەرجەم کۆیلەکانی فرۆشت و تۆبەیکرد.

النَّخَّاسُ رجل نصّاب.

جامبازەکە پیاوێکی قۆڵبڕە.

[335]المتّهم بريء حتّى تثبت جريمته.

تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەسەلمێنرێت.

[336]بنیت سوراً متیناً لحدیقتي الجدیدة.

پەرژینێکی قایمم بۆ باخچە نوێکەم دروستکرد.

[337] هەردوکیان بەمانای دابەشکردن دێن.

توزیع الغذاء مجاناً على الفقراء واجب کلّ تاجر مسلم.

دابەشکردنی خۆراك بەبێ بەرامبەر بەسەر هەژاراندا، ئەرکی هەموو بازرگانێکی موسڵمانە.

هل تستطیع تقسیم الهدایا على المشارکین؟

ئایا دەتوانیت دیارییەکان بەسەر بەشداربووەکاندا دابەش بکەیت؟

[338]اغتصاب جریمة کبیرة.

لاقەکردن تاوانێکی گەورەیە.

[339]دوان لەدیارترین ماناکانی ئەم وشەیە قۆڕە(ی سك)و گارەگار(ی مریشك و هاوشێوەکانی)ن.

قرقرة الوضوء لا تفسد الوضوء.

قۆڕەی سك دەسنوێژ ناشکێنێت.

هل تزعجك قرقرة الدجاج؟

ئایا گارەگاری مریشك بێزارتدەکات؟

(مَحْضَر) كۆنوسە، وەك (سِجِلّ) تۆمار[340]

132. (مَحْضَر) چیە؟ ئامادەبوون[341]

(نَجْد) ڕێگایە، بەس ئاشکراو روون[342]

133. (مِیراث)، (تَرِكة) هەردوكیان میرات[343]

(قاضٍ) دادوەرە، جەمعەكەی (قُضاة)[344]

---

[340]واتە وشەی (مَحضَر) بەمانای كۆنوس دێت، هەروەها هاومانای (سِجِلّ)یشە كە بەمانای تۆمار دێت.

لقد كُتب مَحْضَر اجتماع مجلس الوزراء بسرعة.

كۆنوسی كۆبونەوەكەی ئەنجومەنی وەزیران بەخێرایی نوسرا.

هل قرأت مَحْضَر وفيات اليوم.

ئایا تۆماری مردووەكانی ئەمڕۆت خوێندەوە؟

لم يكن إسمه موجوداً في سِجِلّ المواليد.

ناوی لەتۆماری لەدایكبواندا نەبوو.

[341] قرّرت الخطوة اللازمة بمحضر جميع أعضاء الحزب.

بە ئامادەبونی سەرجەم ئەندامانی حزب، بڕیار لەسەر هەنگاوی پێویست درا.

[342] جمع أنْجاد ونِجَاد ونُجُود

بەمانای ڕێگایەك دێت كە روون و ئاشكرا بێت.

إذهب على النجد.

لەسەر ڕێگای روون بڕۆ.

[343]قسَّموا ميراثَ أبيهم بالتَّساوي.

میراتەكەی باوكیان بە یەكسانی دابەشكرد.

هل أخذت نصيبك من التَّرِكةَ؟

ئایا بەشی خۆت وەرگرت لەمیراتەكە؟

[344]هەروەها بە (قاضون)یش كۆدەكرێتەوە.

مات حمار القاضي فجاء التجار وكبار القوم يعزونه فيه وبعد فترة مرض القاضي ومات فلم يحضر أحد لجنازته وعزاءه فقد ذهبوا يباركون للقاضي الجديد.

كاتێك كەری دادوەر مرد، بازرگان و گەورەپیاوانی خەڵكەكە چون بۆ سەرەخۆشیكردن لەدادوەرەكە. بەڵام كاتێك خودی دادوەرەكە مرد، هیچ كەسێك ئامادەی بەخاكسپیاردن و پرسەكەی نەبوو، بەڵكو ڕۆشتبون بۆ پیرۆزباییكردن لەدادوەری نوێ!

والدي قاضٍ مشهور.

باوكم دادوەرێكی بەناوبانگە.

134. (سُحْت) چیە؟ ماڵی حەرام[345]

(هَرَمْ) قوچەکە، جەمعەکەی (أهرام)[346]

135. (عَقیلة) هاوسەر[347]، (أرمَل) بێوەپیاو[348]

(مَغمور)و (مَجهول) هەردوو نەناسراو[349]

136. (فَلاة) وەك (بَیْداء) چۆڵەوانییە[350]

(خَلّ) سرکە[351]، (خِلّ)یش هاوڕێی گیانییە[352]

---

345 جمع أسْحات

لا تعش على السّحت.

لەسەر ماڵی حەرام مەژی.

346جمع الجمع أهرامات

أهرام مصر مشهورة.

قوچەکەکانی میسر بەناوبانگن.

347جمع عقائِل. بەمانای هاوسەری مێ (ژن) دێت و زیاتر لەبۆنە رەسمییەکاندا بەکاردەهێنرێت.

وصل السَّیِّد الرَّئیس وعقیلتُه.

بەڕێز سەرۆك و هاوسەرەکەی گەیشتن.

348جمع أَرامِلُ وأرامِلَة.

شقیقي أرمل متدیّن، حاول أن تجد له امرأة مناسبة.

براکەم بێوەپیاوێکی دیندارە، هەوڵبدە ژنێکی گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە.

349 هو كاتب مغمور ولكن مقالته هذه شهيرة جداً.

ئەو نوسەرێکی نەناسراوە، بەڵام ئەم وتارەی زۆر بەناوبانگە.

في الحديث شخص مهجول، لذا غير معتبر.

فەرمودەکە کەسێکی نەناسراوی تێدایە، بۆیە بڕواپێکراو نیە.

350چۆڵەوانی= بیابان. واتە موورادیفی (صحراء)ن.

هل تحبّ المشي في الفلاة.

حەز لەڕۆشتن دەکەیت بەناو بیاباندا.

البیداء منطقة جافّة.

بیابان ناوچەیەکی وشکە.

351جمع خُلول

أضافت بعض الخَلّ للسَّلَطة.

.137 (حانَ) كاتیهات، هەروەها تیاچوو[353]

(بَطِرَ) بەمانای لەخۆبایی بوو[354]

.138 (صَرِیر) چیە؟ جیڕە(ی دەرگا)[355]

(قفَزَ)و (وثَبَ) هەردوو بازیدا[356]

.139 (سِفْر) پەڕتوکە، جەمعەکەی (أسْفار)[357]

(مَقال)، (مَقالة) هەردوکیان وتار[358]

هەندێك سرکەی کردە ناو زەڵاتەکەوە.

[352] جمع أخلال

يندر الخِلّ الوفيُّ في زماننا.

هاوڕێی گیانیی بەوەفا لەم سەردەمەدا دەگمەنە.

[353]حانَ يَحين، حِنْ ، حَيْنًا وحَيْنونةً ، فهو حائن ، والمفعول مَحين له.

حانتِ الصّلاةُ.

کاتی نوێژ هات.

حان الرجل فی المعرکة.

پیاوەکە لەجەنگەکەدا تیاچوو.

[354] بطِرَ يَبطَر ، بَطَرًا ، فهو بَطِر ، والمفعول مبطور.

بطِر الطالب بعد نجاحه في الإمتحان.

پاش دەرچونی لەتاقیکردنەوەکە، خوێندکارەکە لەخۆباییبوو.

[355]حاول أن تجد حلّاً لصرير باب غرفة النوم.

هەوڵبدە چارەسەرێك بۆ جیڕەی دەرگای ژوری خەوتنەکە بدۆزیتەوە.

[356]قفَزَ من الفرحة.

لەخۆشیدا بازیدا.

وثَبَ الرياضيُّ بصورة مذهلة.

وەرزشکارەکە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن بازیدا.

[357]زیاتر بەمانای پەڕتوکی گەورە دێت نەك بچوك.

هل قرأت السفر كلّه؟

ئایا هەموو کتێبەکەت خوێندووەتەوە؟

[358] لم ينشر مقالي بعد.

هێشتا وتارەکەم بڵاونەکراوەتەوە.

140. (أَنيس) هاودەمە، وەك (أليف) ماڵی[359]

(صَبِيّ) منداڵە[360]، (صِبا) مناڵی[361]

141. (كارِثة) چيه؟ واتە كارەسات[362]

(وِسام) مەداليا[363]، (جائِزة) خەڵات[364]

142. (سِلْسِلة) چيه؟ زنجير، زنجيره[365]

قرأت مقالة الصحيفة الرئيسيّة.

وتاری سەرەكيی ڕۆژنامەكەم خوێندەوە.

[359] بەمانای هاودەم دێت. هەروەها موراديفی وشەی (أليف)يشە كە بەمانای ماڵی دێت.

هُوَ أنِيسُ وَحْدَتِي.

ئەو هاودەمی تەنياييمە.

هل عندك أيّ حيوان أنيس؟

هيچ گيانداریێكی ماڵيت هەيە؟

[360] جمع صِبْيَة وصِبْيان وصُبْيان، مؤ صَبِيَّة، جمع مؤ صَبايا.

إنّه حقًّا صَبِيٌّ ذكيٌّ.

بەڕاستی منداڵێكی زيرەكە.

[361] مناڵی= منداڵی

كان صلاحُ الدين الأيُّوبي أكثر ميلًا نحو العُلوم الشرعيَّة بدل العُلوم العسكريَّة في صباه.

سەلاحەدينی ئەيوبی لەمنداڵيدا ئەوەندەی حەزی لەزانستە شەرعييەكان دەكرد، ئەوەندە حەزی لەزانستە سەربازييەكان نەدەكرد.

[362] الجمع : كوارِث

الحرب كارثة.

جەنگ كارەساتە.

[363] جمع أَوْسِمة

نال الجندي وسام الشجاعة.

سەربازەكە مەداليای ئازايەتی بەدەستهێنا.

[364] جمع جائزات وجوائزُ

برثا فون سوتنر هي أول امرأة تحوز جائزة نوبل للسلام، في سنة 1905، وكانت قبل حوالي 30 سنة من ذلك سكرتيرة ألفرد نوبل.

بێرشا ڤۆن سوتنەر يەكەم ژنە كە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەستهێناوە كە ئەويش هی ساڵی 1905 بووە. 30 ساڵ پێشتر ئەم خانمە سكرتێری ئەلفرێد نۆبڵ بووە.

[365] جمع سلاسِل

(طابور) واته ریز، کۆی (طَوابیر)ە[366]

.143 (آمِر) فەرماندە[367]، (أَمْر) فەرمانە[368]

(اِشتباك) مانای پێکهەڵپژانە[369]

.144 (حمَلَ) هەڵگرت[370]، (حُمولة) بارە[371]

(تاجِر) بازرگان، کۆکەی (تُجّار)ە[372]

.145 (مَقْبَرة)، (تُرْبة) هەردوو گۆڕستان[373]

بەمانای زنجیرو زنجیرەش دێت.

ربط السارق بسلسلة متينة.

دزەکە بە زنجیرێکی پتەو بەسترایەوە.

سلسلة انفجارات هزّت المنطقة.

زنجیرەیەك تەقینەوە ناوچەکەی هەژاند.

366 أمامي طابور طويل من السيارات.

ریزێکی درێژ ئۆتۆمبێل لەبەردەممدایە.

367قتل آمر الفوج فی الهجوم.

فەرماندەی فەوجەکە لەهێرشەکەدا کوژرا.

368جمع أوامر

نقل الموّظف بأمر الوزير نفسه.

کارمەندەکە بە فەرمانی خودی وەزیر گواسترایەوە.

369 جمع اشتباكات

جرح شخصان في الاشتباكات الأخيرة.

لەپێکهەڵپژانەکانی ئەم دواییەدا دوو کەس بریندار بوون.

370حمل الحمّال الحجرة بسهولة.

حەماڵەکە بەردەکەی بە ئاسانی هەڵگرت.

371أفرغتِ السَّفينةُ حُمولتَها.

کەشتییەکە بارەکەی بەتاڵکرد.

372هەروەها بە (تِجار)یش کۆدەکرێتەوە.

كان والدى تاجراً ثريّاً.

باوکم بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو.

373جمع مقبرة: مَقْبَرات ومقابِر. جمع تربة: تُرُبات وتُرْبات وتُرَب.

(فَضاء) بۆشایی، حەتمەن هی ئاسمان[374]

146. (بَرْقیَّة) چیە؟ واتە بروسکە[375]

(عَبْرة) وەك (دَمْعَة) مانای فرمێسکە[376]

147. (رَهْن) بارمتە، کۆکەی (رِهان)ە[377]

(صَفّ) ریزو پۆلە[378]، (دَرْس) مانای وانە[379]

هەردوکیان بەمانای گۆڕستان دێن.

أكبر مقبرة في العالم هي مقبرة وادي السلام في مدينة النجف.

گەورەترین گۆڕستان لەجیهاندا، گۆڕستانی وادی ئەلسەلامە لەشاری نەجەف.

دُفن الراحل في تُرْبة الأسرة.

کۆچکردوو لەگۆڕستانی خێزانەکە بەخاك سپێردرا.

374 جمع أَفْضِيَة.

بەمانای بۆشایی ئاسمان دێت.

أرسلت روسيا مركبة إلى الفضاء لأغراض علميّة.

بەمەبەستی زانستی، روسیا کەشتییەکی نارد بۆ بۆشایی ئاسمان.

375 تبادل الزُّعماء برقيّات التّهاني بمناسبة عيد الفطر المبارك.

سەرکردەکان بەبۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە، بروسکەی پیرۆزباییان ئاڵوگۆڕکرد.

376 هەردوکیان بەمانای فرمێسك دێن.

قد تدخل الجنّة بسبب عبرة من أجل الله.

رەنگە بەهۆی فرمێسکێك لەپێناوی خوا، بچیتە بەهەشتەوە.

دمعتها تدلّ على الندمان.

فرمێسکەکەی بەڵگەیە لەسەر پەشیمانی.

377 بە (رُهُن)و (رُهون)یش کۆدەکرێتەوە.

جمع الجمع رُهُونات.

هل طلبت منك الشركة الرهن؟

ئایا کۆمپانیاکە داوای بارمتەی لێکردیت؟

378 جمع صُفوف.

دخل صفوف العدوّ خلسة.

بەدزییەوە چووەناو ریزەکانی دوژمنەوە.

بەمانای ریزو پۆلیش دێت.

.148 (إحصاء) ئامارە، واتە (سەرژمێر)[380]

(محْض) مانای پوخت، هەم مێیە، هەم نێر[381]

.149 (جِسْر) واتە پرد، کۆکەی (جُسور)ە[382]

(سَمَكْ) ماسییە[383]، (سَميك) ئەستورە[384]

أخي في الصَّفّ الثَّالث الاعدادي.

براكەم لەپۆلی سێیەمی ئامادەییە.

[379] جمع أدراس ودُروس

درس الرِّياضيّات صعب.

وانەی بیرکاری قورسە.

[380] جمع إحصاءات

بێگومان وشەی سەرژمێر بادینییە، سۆرانییەکەی (ئامار)و (سەرژمێری)یە.

الإحصاء العام للسكان عملية صعبة.

سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان پرۆسەیەکی قورسە.

[381] جمع مِحاض

ئەم وشەیە بەمانای پوخت دێت و لەڕوی ڕێزمانیشەوە دەکرێ بەهەمان داڕشتە بۆ نێرو مێش بەکاربهێنرێت. هەروەها دەشکرێ نیشانەی مێینەشی پێوەبلکێنرێت.

هل عندكم الفضة المحض؟

ئاڵتونی پوختتان لایە؟

اللبن المحض له فوائد كثيرة.

شیری پوخت سودی زۆرە.

[382] هەروەها بە (أَجْسُر)یش کۆدەکرێتەوە.

بني الجسر خلال عام فقط.

پردەکە لەماوەی تەنها ساڵێکدا دروستکرا.

[383] جمع الجمع أسْماك،مفرد سَمَكَة

السمك منجم للعديد من الفيتامينات والمعادن، مثل: الكالسيوم، والفوسفور، والحديد، واليود، والمغنيسيوم، والبوتاسيوم، والأحماض الأمينية والدهنية.

ماسی کانێکە بۆ ژمارەیەکی زۆر لەڤیتامین و کانزاکان، لەوانە: کالسیۆم، فۆسفۆڕ، ئاسن، یۆد، مەگنیسیۆم، پۆتاسیۆم و ترشە ئەمینی و چەورییەکان.

[384] جلده سميك جدّاً.

.150 (صُنْبور) بەلوعە، کۆکەی (صَنابير)[385]

ئەفسانەناسی (عِلمُ الأساطير)[386]

.151 (تَقَيُّؤ) چیە؟ رشانەوەیە[387]

(انسِحاب) مانای کشانەوەیە[388]

.152 (أَغْلَقَ) داخست[389]، (إِغلاق) داخستن[390]

(هُمْ) ئەوان[391]، (نَحنُ) ئێمە[392]، (أنا) من[393]

.153 (كُتْلة) چیە؟ بارستایی[394]

پێستی زۆر ئەستورە.

[385]فتحتُ صنبور الماء.

بەلوعەی ئاوەکەم کردەوە.

[386]كمّلت قسم علم الأساطير في إحدى جامعات الدول العربية.

بەشی ئەفسانەناسیم لەیەکێك لەزانکۆکانی وڵاتە عەرەبییەکان، تەواوکردووە.

[387]التقيُّؤ حالة مزعجة.

رشانەوە حاڵەتێکی بێزارکەرە.

[388]انسِحاب الجيش من المناطق المحرّرة خطأ جسيم.

کشانەوەی سوپا لەناوچە ئازادکراوەکان هەڵەیەکی گەورەیە.

[389]أغلقَ يُغلق ، إغلاقًا ، فهو مُغلِق ، والمفعول مُغلَق.

أغلقت الحكومة المدارس بسبب كورونا.

میری بەهۆی کۆرۆناوە خوێندنگەکانی داخست.

390 إِغلاق الأماكن العامّة عمل غير ضروري.

داحستنی شوێنە گشتییەکان کارێکی ناپێویستە.

[391] هم ثلاثة رجال شجعان.

ئەوان سێ پیاوی ئازان.

[392] نَحْنُ أَبْنَاءُ هَذَا الوَطَنِ.

ئێمە رۆڵەی ئەم نیشتمانەین.

[393] أنا طالب مجتهد.

من خوێندکارێکی کۆشکەرم.

[394]جمع كُتُلات وكُتْلات وكُتَل

(نِهاية) حەتمەن ماناى كۆتايى[395]

.154 (وَثَن) ماناى بت، كۆكەى (أوثان)ە[396]

(مَزْهريّة)يە ماناى ئينجانە[397]

.155 (شِبْر) واتە بست، جەمعەكەى (أَشْبار)[398]

(بائِع) فرۆشيار[399]، (مُشتري) كڕيار[400]

.156 (آثَرَ) واتە بەباشتر زانى[401]

(بَطَّانيَّة)يە ماناى بەتانى[402]

كتلة المادة هي 30 كيلوغراماً.

بارستايى ماددەكە 30 كيلۆگرامە.

[395]تغيَّرت النتيجةُ في نهاية المباراة.

لەكۆتايى يارييەكەدا ئەنجامەكە گۆڕا.

نهاية مرّة خير من مرارة بلا نهاية.

كۆتاييەكى تاڵ باشترە لەتاڵييەكى بێكۆتا.

[396] بە (وُثْن) و (وُثُن)یش كۆدەكرێتەوە.

لا تعبد وَثَناً لا يفيدك شيئاً.

بتێك مەپەرستە كە هيچ سودێكت پێناگەيەنێت.

[397]اشتريت مَزْهريّة جميلة للغرفة الكبيرة.

ئينجانەيەكى جوانم كڕى بۆ ژورە گەورەكە.

[398] دافعوا عن وطنهم شبرًا شبرًا.

بەرگرييان لەنيشتمانەكەيان كرد بست بەبست.

[399]جمع بائعون وباعة، مؤ بائعة، جمع مؤ بائعات.

اشتريت الكتاب من بائع جوّال.

كتێبەكەم لەفرۆشيارێكى گەڕۆك كڕى.

[400]عضب المشتري من البائع.

كڕيارەكە لەفرۆشيارەكە توڕەبوو.

[401]آثَرَ يُؤثر، إيثارًا، فهو مُؤثِر، والمفعول مُؤثَر

آثر البقاءَ بجوار والديه.

مانەوەى بە تەنيشت دايكوباوكييەوە بەباشتر زانى.

157. (جُزَيْء) واته گەرد[403]، (ذَرّة) گەردیلە[404]

(بَقْشیش) بەخشیشە[405]، (رَشْوَة) بەرتیلە[406]

158. (زَلْزال) چیە؟ زەمینلەرزە[407]

(شاهِق)، (مُرْتَفِع)، وەك (شَامِخ) بەرزە[408]

---

[402] جمع بَطّانیّات وبَطاطین

بَطَّانِیَّتي الجدیدة غالیة.

بەتانییە تازەکەم گرانە.

[403] جمع جُزَیْئات

الجُزَيْء أكبر من الذرّة.

گەرد لەگەردیلە گەورەترە.

[404] جمع ذرّات وذرّ.

هل تستطیع تعریف الذرَّة؟

دەتوانیت پێناسەی گەردیلە بکەیت؟

[405] جمع بَقاشیش

هل أخذت البقشیش من المدیر؟

ئایا بەخشیشەکەت لەبەڕێوەبەر وەرگرت؟

[406] جمع رَشَوات ورَشْوات ورَشَاوَى

إذا تفشَّت الرشوة في مجتمع ضاعت الحقوق.

ئەگەر بەرتیل لەهەر کۆمەڵگایەکدا بڵاوبویەوە، مافەکان دەفەوتێن.

[407] جمع زَلازِل

زەمینلەرزە= بومەلەرزە.

ضرب زلزال بقوة 6.7 درجة إندونیسیا.

زەمینلەرزەیەك بەگوڕی 6.7 پلە دای لە ئیندۆنوسیا.

[408] هەرسێکیان بەمانای بەرز دێن واتە مورادیفی (عالي)ن.

مدینة السلیمانیة ملیئة بمبانٍ شاهقة.

شاری سلێمانی پڕە لەباڵەخانەی بەرز.

سقف البیت مرتفع جدّاً.

بنمیچی ماڵەکە زۆر بەرزە.

هل تخاف من صعود جَبَل شَامِخ؟

.159 (بَلُّوط)، (سِنْدِيان) هەردوكيان بەڕوو[409]

(مُصَاب) واتە شێت، هەروەها توشبوو[410]

.160 (سَجّادة) قاڵی، هەروەها بەرماڵ[411]

(مِجْرَفَةُ الثَّلج) واتە بەفرماڵ[412]

.161 (مُقاوِل) چیە؟ واتە بەڵێندەر[413]

(صَدْع) ماناى درز[414]، (صُداع) ژانەسەر[415]

ئایا لەسەرکەوتن بەسەر شاخی بەرز، دەترسیت؟

[409]يعالج البَلّوط قروح الفم، ونزيف اللثة.

بەڕوو چارەسەری برینی دەم و خوێنبەربونی پوك دەكات.

يستخدم السنديان فى معالجة السلس البولي و التبوّل الليلي اللاإرادي.

بەڕوو بەكاردەهێنرێت لەچارەسەركردنی میزەچركەو میزبەخۆداكردنی خۆنەویستانەی شەوانە.

[410]رَجُل مُصاب ضربني بشدّة.

پیاوێكی شێت بەتوندی لێیدام.

يجب على المصاب بمرض كورونا الابتعاد عن الناس.

پێویستە لەسەر توشبووی نەخۆشیی كۆرۆنا لەخەڵك دوربكەوێتەوە.

[411]جمع سَجّادات وسَجاجِيدُ وسَجَّاد.

قاڵی= مافور= راخەر.

سَجّادات إيران مشهورة.

قاڵییەكانی ئێران بەناوبانگن.

اشتريت سجّادة جديدة.

بەرماڵێكی تازەم كڕی.

[412]مِجْرَفَة الثَلج آلة متوسطة الحجم.

بەفرماڵ ئامێرێكی قەبارە مامناوەندە.

[413] لم ينفذّ المُقاوِل جميع واجباته.

بەڵێندەرەكە هەموو ئەركەكانی جێبەجێ نەكرد.

[414]جمع صُدوع

أحدث الزِّلزالُ صُدوعًا في المبنى.

زەمینلەرزەكە چەند درزێكی لەباڵەخانەكەدا دروستكرد.

[415]أصابه صُداعٌ من شدّة الحَرّ.

162. (سَدّ) واتە ئاڤ بەند، کەواتە بەنداو[416]

(بطيءُ الخَطْو) مانای هەنگاوخاو[417]

163. (قادِم)، (مُسْتقبَل)، (مُقْبِل) داهاتوو[418]

(مَاضِي)و (مُنْصَرِم)، (فائت) رابردوو[419]

164. (هامِش)، (حاشِية) هەردوو پەراوێز[420]

(قَسوَرة) شێرە، بەڵام هی بەهێز[421]

بەهۆی زۆریی گەرماوە، توشی ژانەسەر بوو.

[416]جمع سُدود

بيتنا قريب من سَدّ دربنديخان.

ماڵمان لەبەنداوی دەربەندیخانەوە نزیکە.

[417]السلحفاة حيوان بطيء الخطو.

کیسەڵ گیانداریێکی هەنگاوخاوە.

[418] سأزورك الأُسْبُوعِ الْقَادِم.

هەفتەی داهاتوو سەردانت دەکەم.

أعمالك اليوم تحدّد مستقبلك.

کارەکانی ئەمڕۆت، داهاتوت دیاریدەکەن.

هناك مناسبات عديدة فِي الشَّهْرِ الْمُقْبِلِ.

مانگی داهاتوو چەندین بۆنەی تێدایە.

[419]أنتخب الرئيس فِي الشَّهْرِ الْمَاضِي.

مانگی رابردودا سەرۆك هەڵبژێردرا.

خلال العقد المنصرم تزايدت حالات الانتحار.

لەماوەی دەیەی رابردودا حاڵەتەکانی خۆکوشتن زۆربون.

كان الشتاء الفائت جافّاً.

زستانی رابردوو گەرم بوو.

[420]هامش الكتاب مليء بعلومات عامّة.

پەراوێزی کتێبەکە پڕە لەزانیاریگەلی گشتی.

ذكر الكاتب المصادر في حاشية كتابه.

نوسەر لەپەراوێزی پەڕتوکەکەیدا باسی سەرچاوەکانی کردووە.

[421] ج: قساوِر و قساوِرَة

.165 (سَيَّارة) چیە؟ واتە ئۆتۆمبێل[422]

(حُفْرَة) مانای چاڵ[423]، (نفَق)یش تونێل[424]

.166 (مُثَقَّف) چیە؟ واتە رۆشنبیر[425]

(بَصَل) پیاز[426]، (ثُوْم)یش دێت بەمانای سیر[427]

.167 (فَجْر) چیە؟ بەرەبەیان[428]

بەمانای شێری بەهێز دێت.

هاجمه ككسقوره.

وەك شێرێكی بەهێز پەلاماریدا.

[422] سَيَّارتك الجديدة غالية جدّاً.

ئۆتۆمبێلە نوێكەت زۆر گرانە.

في ألمانيا، يُمنع ملء خزان الوقود بالسيارة بالكامل.

لەو ئەڵمانیایەی لای خۆمان پڕكردنی تانكیی سوتەمەنیی ئۆتۆمبێل قەدەغەیە.

[423] جمع حُفُرات وحُفْرات وحُفَر.

من حفر حفرة لأخيه، وقع فيها.

ئەوەی چاڵ بۆ براكەی هەڵبكەنێت، خۆی تێدەكەوێت.

[424] جمع أنْفاق.

هل ذهبت عبر نفق دربنديخان؟

ئایا بەناو تونێلی دەربەندیخاندا رۆیشتویت؟

[425] هو رجل مُثَقَّف و نظيف.

ئەو پیاوێكی رۆشنبیرو پاكە.

قبل أن تكون مثقفاً كُن محترماً فالإحترام نصف الثقافة.

پێش ئەوەی رۆشنبیر بیت، بەڕێز بە. چونكە رێزگرتن نیوەی رۆشنبیرییە.

[426] مفرد بَصَلَة

رائحة البصل كريهة.

بۆنی پیاز ناخۆشە.

[427] مفرد ثُومة

الثوم مفيد للصحة.

سیر بۆ تەندروستی بەسودە.

[428] استمر الاحتفال حتى الفجر.

(مُؤامَرَة)یە بەمانای پیلان[429]

[.168] (طاووس) تاووسە، کۆکەی (طواویس)[430]

(دَرَك)و (شُرْطَة) هەردوکیان پۆلیس[431]

[.169] (قِشْرة الرأس) واتای کرێشە[432]

(مُعادَلة)یە، مانای هاوکێشە[433]

[.170] (جُرَذ) واتە جرج، کۆی (جُرْذَان)، (جِرْذَان)[434]

(تَدخين) بەمانای جگەرەکێشان[435]

[.171] (بُومة) بەواتای کوندەپەپووە[436]

ئاهەنگەکە تا بەرەبەیان بەردەوامبوو.

[429] جمع مؤامرات

اغتيل الرئيس فى مؤامرة شنيعة.

سەرۆك لەپیلانێکی قێزەوندا تیرۆرکرا.

[430] هەروەها بە (أطواس)یش کۆدەکرێتەوە.

يبلغ طول أنثى الطاووس تقريبًا 90 سم.

درێژی تاووسی مێ دەگاتە نزیکەی 90 سم.

[431] ألقى رِجَالُ الدَّرَكِ القبض على السارق.

پیاوانی پۆلیس دزەکەیان گرت.

الشرطة في خدمة الشعب.

پۆلیس لەخزمەتی گەلدایە.

[432] جمع القِشْرة: قِشْرات وقِشْر. جمع الجمع قُشُور.

ظهور قشرة الرأس في المنام تشير إلى الفشل والرسوب في الدراسة إذا كان الرائي طالب علم.

دەرکەوتنی کرێش لەخەودا ئاماژەیە بۆ شکستهێنان و کەوتنی خەوبین ئەگەر فێرخواز بێت.

[433] حلّ معادلة ذات مجهولين ليس سهلاً.

شیتەڵکردنی هاوکێشەیەك کە دوو نەزانراوی تێدابێت، ئاسان نیە.

[434] الجرذ في المنام لصٌّ ماكرٌ.

جرج لەخەودا دزێکی فێڵبازە.

[435] التَّدخين ممنوع فى الأماكن العامة.

جگەرەکێشان لەشوێنە گشتییەکاندا قەدەغەیە.

(خَيّاط) بەمانای بەرگدرووە[437]

172. (أُرجوحة) چیە؟ مانای جۆلانە[438]

(تَوأَم) جمکە، کەواتە دوانە[439]

173. (زَوْج) جۆرو هاوسەر، دێش بەمانای جوت[440]

(نَزيفُ الأنْف) خوێنبەربونی لوت[441]

174. (حرَّكَ) جولاند[442]، (حرُكَ) (جولا)یە[443]

---

[436]جمع بُومات وبُوم، جمع الجمع أبوام

يقول ابن سيرين أن البومة في المنام تدل على اللصوص.

ئیبن سیرین دەڵێت، کوندەپەپو لەخەودا ئاماژەیە بۆ دز.

[437]والدي خياط ماهر.

باوکم بەرگدروویەکی کارامەیە.

[438]جمع أراجيحُ وأُرجوحات

توضع الأراجيح للأطفال في الحدائق العامّة.

جۆلانە لەشوێنە گشتییەکاندا بۆ منداڵان دادەنرێت.

[439] الجمع : التَّوَائم و التُّوَام

رؤية التوأم في منام الشاب يشير إلى الزواج القريب من فتاة صالحة.

بینینی دوانە لەخەوی کوڕی گەنجدا ئاماژەیە بۆ هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ کچێکی چاکدا، لەداهاتویەکی نزیکدا.

[440]جمع أزواج

رأيت كلّ زوج من الحشرات فى الحقل.

هەموو جۆرە مێرویەکم بینی لەکێڵگەکەدا.

استأذنت زوجها لقيام الليل.

بۆ شەونوێژ داوای مۆڵەتی لەهاوسەرەکەی کرد. لێرەدا هاوسەر بەمانای مێرد.

زوجها ليست جميلة.

هاوسەرەکەی جوان نیە. لێرەدا هاوسەر بەمانای ژن. واتە لێرەدا هاومانای (زوجة)یە.

اشتريت زوجاً جديداً من الجوارب.

جوتێك گۆرەویی تازەم کڕی.

[441]نزيف الأنف يقلل مستوى الدم في الجسم.

خوێنبەربونی لوت ئاستی خوێن لەلەشدا کەمدەکات.

[442]حرَّكَ يحرِّك ، تحريكًا ، فهو مُحرِّك ، والمفعول مُحرَّك

(سِبْط) کچەزا، هەم کوڕەزایە[444]

.175 (صَفار) لەگەڵ (مُحّ) هەردوو زەردێنە[445]

(تَجَلُّطُ الدَم) مەینی خوێنە[446]

.176 (إطار) تایەیە، لەگەڵ چوارچێوە[447]

(أحمرُ الشِّفاه) سوراوی لێوە[448]

إنه قوي جداً، حرَّكَ برميل نفط دون مساعدة أحد.

بەڕاستی ئەو زۆر بەهێزە، بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك بەرمیلێك نەوتی جوڵاند.

[443] حرُكَ يَحرُك ، حَرْكًا وحَرَكَةً ، فهو حارِك

حرُك الرجل من مكانه.

پیاوەکە لەشوێنەکەی خۆی جوڵا.

[444] جمع أسْباط.

الحسين سِبْط رسول الله.

حوسەین کچەزای پێغەمبەری خودایە.

سبطي طفل مزعج.

کوڕەزاکەم منداڵێکی زۆر بێزارکەرە.

[445] هەردوکیان بەمانای زەردێنە (ی هێلکە) دێن.

صفار البيض مُفيد للجسم.

زەردێنەی هێلکە بەسودە بۆ جەستە.

بدأت الأمُّ في إطعام طفلها الصغير محّ البيض.

دایکەکە دەستیکرد بە پێدانی زەردێنەی هێلکە بە منداڵە بچوکەکەی.

[446] قد يسبّب تَجَلُّط الدَم الموت.

دەکرێ مەینی خوێن ببێتەهۆی مردن.

[447] جمع إطارات وأُطُر

هل تستطيع تبديل إطارات سيارتك بنفسك؟

دەتوانیت خۆت تایەکانی ئۆتۆمبێلەکەت بگۆڕیت؟

إطار الصُّورة أجمل من الصورة نفسها.

چوارچێوەی وێنەکە لەخودی وێنەکە جوانترە.

[448] رؤية أحمر الشفاه في المنام للرائي الرجل قد تدل على عدم ثقته في نفسه.

بینینی سوارو لێو لەخەودا لەلایەن پیاوەوە رەنگە ئاماژە بێت بۆ متمانەبەخۆنەبونی.

177. (حَفْلَة) ئاهەنگە[449]، (مَحْفَل) واتە کۆڕ[450]

(عِيد) مانای جەژن[451]، (تَجْرِبة) سەربۆر[452]

178. (يافِع) مێردمنداڵ[453]، (شابّ) واتە جەهێڵ[454]

(أعْوَر) یەکچاوە[455]، (أحوَل) مانای خێل[456]

---

[449] جمع حَفَلات وحَفْلات

زيّنت الحَفْلَة بالغناء.

ئاهەنگە بە گۆرانی رازێنرایەوە.

في جزيرة بالي الإندونيسية، من المعتاد أن يرمي الناس الفواكه والخضروات على بعضهم البعض خلال حفلات الزفاف. ويعتقدون أن هذا يجلب الحظ السعيد للعروسين.

یەکێك لەشتە باوەکانی دورگەی بالیی ئەو ئیندۆنوسیایەی لای خۆمان، ئەوەیە کە لەکاتی ئاهەنگی هاوسەرگیریدا خەڵکەکە میوەو سەوزە دەگرنە یەکتر چونکە لەو بڕوایەدان ئەم کارە بەختێکی باش دەهێنێت بۆ بوك و زاوا.

[450]جمع مَحافِل

تحسَّنت سمعةُ الكرد في المحفل الدَّولي الأخير.

ناوبانگی کورد لەم کۆڕە نێودەوڵەتییەی دواییەدا جوانبوو.

[451]جمع أعياد

يحتفل المسلمون بعيديْ الفِطْر والأضحى المباركَيْن.

موسڵمانان بەبۆنەی هەردوو جەژنی پیرۆزی رەمەزان و قوربانەوە ئاهەنگ دەگێڕن.

[452]جمع تَجارِب.

سەربۆر= ئەزمون

هل عندك أيّ تجربة في كتابة الشعر؟

هیچ ئەزمونێکت هەیە لەنوسینی شیعردا؟

[453]جمع يافعون وأيْفاع ويُفعان ويَفَعَة.

مێردمنداڵ: منداڵی تەمەن حەوت تا 10 ساڵ.

أشكّ في قوّته البدنية لأنه يافع نحيل.

گومانم لەتوانا جەستەییەکەی هەیە، ئەو مێردمنداڵێکی لاوازە.

[454]جمع شَباب وشُبّان، مؤ شابّة، جمع مؤ شابّات وشوابّ.

جەهێڵ= لاو.

(الْحَسَنُ وَالْحُسَيْنُ سَيِّدَا شَبَابِ أَهْلِ الْجَنَّةِ)

حەسەن و حوسێن سەروەرانی لاوانی بەهەشتن.

179. (مِضَخّة) چیە؟ ماناى ترومپا[457]

(مِصْباح)و (سِراج)، (نِبْراس)یش چرا[458]

180. (رقَعَ) پینەکرد[459]، (رُقْعة)یە پینە[460]

(رُباعِیَّة)یە ماناى چوارینە[461]

---

[455] جمع عُور، مؤ عوراءُ، جمع مؤ عوراوات وعُور.

یەکچاو: کەسێك یەکێك لەچاوەکانى کوێر بێت.

الأعور في بلاد العميان ملك.

یەکچاو لەوڵاتى نابینایان پاشایە.

[456] جمع حُول، مؤ حَولاء، جمع مؤ حُول

أحد أبناءه أحول.

یەکێك لەکوڕەکانى خێلە.

[457] جمع مِضخّات ومَضَاخّ

مِضخَّة ماءنا قديمة ولا تعمل بصورة جيّدة.

ترومپاى ئاوەکەمان کۆنەو بەباشى کارناکات.

[458] هەرسێکیان بەماناى چرا دێن.

انطفأ المصباح.

چراکە کوژایەوە.

اشتريت سراجا جديداً لغرفتي الجديدة.

چرایەکى نوێم بۆ ژورەکەم کڕى.

لا تسمح الطفل أن يقترب من النبراس.

مەهێڵە منداڵەکە لەچراکە نزیکبێتەوە.

[459] رقَعَ يَرقَع، رَقْعًا، فهو راقِع ، والمفعول مَرْقوع.

رقَعت قميص زوجها.

شەڕواڵى کراسى مێردەکەى پینەکرد.

[460] جمع رُقُعات ورُقْعات ورِقاع ورُقَع

وجود رُقْعة في سرواله، دليل على فقره.

بونى پینەیەك لەشەڕواڵەکەیدا بەڵگەى هەژاریەتى.

[461] تُرجمت رباعياتُ عمر الخيام إلى اللغة الكردية.

چوارینەکانى عومەر خیام بۆ زمانى کوردى وەرگێردراون.

.181 (جارِية) دائیم، کەشتی، کەنیزەك[462]

(سلَّحَ) پڕچەككرد[463]، (سِلاح) واتە چەك[464]

.182 (عِيديَّة) چیە؟ مانای جەژنانە[465]

(ذَقَن) چەناگە، كۆكەی (أذقان)ە[466]

.183 (ثَرْثار)و (مِهْذار) هەردوو چەنەباز[467]

---

[462]جمع جاريات وجوارٍ.

دائیم= (ع: دائم)= بەردەوام.

بناء المسجد صدقة جارية.

دروستكردنی مزگەوت خێرێكی بەردەوامە.

كانت الجارية كبيرة جداً.

كەشتییەكە زۆر گەورە بوو.

أعتق الملك جاريته الجميلة.

پادشا كەنیزەكە جوانەكەی ئازادكرد.

[463]سلَّحَ يُسلِّح ، تسليحًا ، فهو مُسلِّح ، والمفعول مُسلَّح.

سلَّح الجيش المقاتلَين.

سوپا جەنگاوەرەكانی پڕچەككرد.

[464]جمع أسلحة

لا ترفَع السِّلاح في وجه أخيك.

چەك بە رووی براكەتدا بەرزمەكەرەوە.

الوقاحة هي سلاح الضعفاء.

چەقاوەسویی چەكی دەستی كەسانی بێدەسەڵاتە.

[465]چاوگی دەستكردی وشەی (عيد)ە.

أعطى الأبُ أولادَه العيديّة يوم العيد.

لەڕۆژی جەژندا باوكەكە جەژنانەی دا بە منداڵەكانی.

[466]بە (ذقون)یش كۆدەكرێتەوە. وشەیەكی نێرە. بە (ذِقْن)یش دەنوسرێت.

ذَقَنه عريض جداً.

چەناگەی زۆر پانە.

[467]چەنەباز= زۆربڵێ.

الثَرْثار لا يمَلّ.

(اِنفِصاليّ)یە مانای جوداخواز[468]

[184.](#) (مَطْبَعَة) چیە؟ مانای چاپخانە[469]

(طبَخَ) لێنا[470]، (مَطْبَخ) چێشتخانە[471]

[185.](#) (مُباشِر) چیە؟ مانای ڕاستەوخۆ[472]

(مَغازِل) تەشی، بەڵام تاك نا، كۆ[473]

[186.](#) (حُبَّ) مەحبوببوو[474]، (حُبّ) خۆشەویستی[475]

چەنەباز بێتاقەت نابێت.

لا تكن مِهذارًا.

چەنەباز مەبە.

[468] جوداخواز: كەسێك یان لایەنێك كە دەیەوێت لەكۆمەڵەكەی یان وڵاتەكەی جیابێتەوە.

شنّت الحكومة هجومًا على الانفصاليين.

حكومەت هێرشێكی كردەسەر جوداخوازەكان.

[469] جمع مَطْبعات ومَطابُع

يعمل في مطبعة حكومية.

لەچاپخانەیەكی حكومیدا كاردەكات.

[470] طبَخَ يَطبُخ ، طبْخًا ، فهو طابِخ ، والمفعول مَطْبوخ وطبيخ.

طبَخَ اللحم بسرعة.

بەخێرایی گۆشتەكەی لێنا.

[471] جمع مَطابِخ

لا تقترب من المطبخ أثناء المشادة الكلامية.

لەكاتی دەمەقاڵەدا لەچێشتخانەكە نزیك مەبەرەوە.

[472] نُقلت المبارات بشكل مباشر.

یارییەكە بەشێوەی ڕاستەوخۆ گوێزرایەوە.

[473] تاكەكەی (مَغزِل)ە.

هل تجيد استخدام المغزل الخشبيّ؟

ئایا دەتوانیت بەباشی تەشیی دارین بەكاربهێنیت؟

[474] حُبَّ يُحَبّ، حُبًّا، والمفعول مَحْبوب.

مەحبوب بوو= خۆشەویست بوو.

(حاجّ) واتە حاجی[476]، (حاجة) پێویستی[477]

187. (نَعامَة) چیە؟ واتە حوشترمەل[478]

(فَساد) گەندەڵی[479]، (فاسِد)یش گەندەڵ[480]

188. (إخفاء) شاردنەوە[481]، (أخفى) شاردەوە[482]

(أَلغَى)و (أبطَلَ) هەڵوەشاندەوە[483]

---

[475]إن الحبّ لا يمكن أن يمحو الماضي لكنه يغير المستقبل.

بێگومان خۆشەویستی ناتوانێت رابردوو بسڕێتەوە، بەڵام داهاتوو دەگۆڕێت.

[476]جمع حاجُّون وحُجّاج وحَجِيج، مؤ حاجَّة، جمع مؤ حاجّات وحواجّ.

والده حاجّ متدين.

باوکی حاجییەکی دیندارە.

[477]جمع حاجات وحاج وحوائِج

الحاجة أمّ الاختراع.

پێویستی دایکی داهێنانە.

[478]جمع نعامات ونَعائمُ ونَعَام

رؤية النعامة في منام الفتاة العزباء تشير الى الزواج القريب من شخص ميسور الحال.

بینینی حوشترمەل لەخەوی کچی شونەکردودا ئاماژەیە بۆ بەمزوانە هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ کەسێکی دەوڵەمەندا.

[479]أُتهم رئيس الحكومة بالفساد، لذا استقال عن مصبه.

سەرۆکی حکومەت بە گەندەڵی تۆمەتبارکرا، بۆیە دەستی لەپۆستەکەی کێشایەوە.

[480]جمع فاسدون وفَسْدى

وجود وزير فاسد في الحكومة يثير عضب شعباً بأكمله.

بونی تەنها وەزیرێکی گەندەڵ لەحکومەتدا توڕەیی گەلێك بەتەواوەتی، دەوروژێنێت.

[481]چاوگی (أخفى)یە.

إخفاء بعض الحقائق عن الأطفال مفيد.

شاردنەوەی هەندێك راستی لەمنداڵان، بەسودە.

[482]أخفى يُخفي ، أَخْفِ ، إخفاءً ، فهو مُخفٍ ، والمفعول مُخفًى.

أخفى الذَّهبَ في مكان بعيد.

ئاڵتونەکەی لەشوێنێکی دوردا شاردەوە.

[483]ألغى الرئيس الجديد القانونَ القديم.

سەرۆکی نوێ یاسا کۆنەکەی هەڵوەشاندەوە.

189. (بَرنامَج) چيه؟ ماناى بەرنامه[484]

(صابِر) ئارامگر[485]، (صَبْر) ئارامه[486]

190. (اقْتِراح) چيه؟ واته پێشنياز[487]

(غَثِيث) لاوازه[488]، (كَلِيل) كول، لاواز[489]

191. (مِجْرَفَة)، (جَارُوف)، (رَفْش) خاكەناز[490]

(مَكرْ)و (حِيلَة) فێڵ[491]، (ماكِر)يش فێڵباز[492]

أبطلت محكمة التمييز الحُكْمَ.

دادگاى تێهەڵچونەوه بڕيارەكەى هەڵوەشاندەوه.

[484] برنامجك التلفزيوني غير مفيد.

بەرنامه تەلەفزيۆنييەكەت بێسود.

[485] الفقير الصابر يدخل الجنة قبل الغني الصابر.

هەژارى ئارامگر لەپێش دەوڵەمەندى ئارامگر دەچێته بەهەشتەوه.

[486] زوجها يغضب بسرعة، ليس عنده صبر على أخطاءها.

مێردەكەى خێرا توڕەدەبێت، ئارامى نيه لەسەر هەڵەكانى (ژنەكەى).

[487] پێشنياز= پێشنيار

اقتراحك رائع، ولكنّ الحكومة لا تؤيده بحجة الأزمة الإقتصادية..

پێشنيازەكەت نايابه، بەڵام حكومەت بەبيانوى قەيرانى ئابور، پشتگيرى ناكات.

[488] ولدها غَثِيث جداً لذا عليها مراجعة طبيب مختص.

منداڵەكەى زۆر لاوازه، بۆيه پێويسته لەسەرى سەردانى پزيشكێكى پسپۆڕ بكات.

[489] سيفه كليل، لا يصلح للحرب.

شمشێرەكەى كوله، بەكەڵكى جەنگ نايەت.

عيناه كليلتان، لذا لم يعرفني.

چاوەكانى لاوازن، بۆيه نەيناسيم.

[490] اشتريت مجرفة جديدة لوالدي.

خاكەنازێكى تازەم بۆ باوكم كڕى.

جاروفك قديم و لايصلح للزراعة.

خاكەنازەكەت كۆنەو بۆ كشتوكاڵ ناشێت.

إستخدام الرفش عمل بسيط ولكنّه يحتاج الى قوة كبيرة.

بەكارهێنانى خاكەناز كارێكى سادەيه، بەڵام پێويستى به هێزێكى گەوره هەيه.

192. (قَصَّ) گێڕاوه[493]، (قاصّ) چیرۆکنوسه[494]

(رسَّام) وێنەکێش[495]، (خَطَّاط) خۆشنوسه[496]

193. (مَخْصِيّ) وەك (خَصِيّ) مانای خەسێنراو[497]

(فَيَضان)و (طُوفان) هەردوکیان لافاو[498]

---

[491]إذا ارتدى الزور و المكر لباس التقوى، ستقع أكبر فاجعة في التاريخ.

ئەگەر ساختەو فێڵ پۆشاکی لەخواترسانیان لەبەرکرد، ئەو کاتە گەورەترین کارەسات لەمێژودا رودەدات.

حيلتك هذه مكشوفة لديّ، جرّب شخصاً آخراً!

ئەم فێڵەت لەلای من ئاشکرایە، کەسێکی تر تاقیبکەرەوە!

[492]أكل ثعلب ماكرٌ دجاجتي في وضح النهار.

ڕێوییەکی فێڵباز بە رۆژی روناك مریشکەکەی خواردم.

[493]قَصَّ قَصَصْتُ ، يَقُصّ ، اقْصُصْ، قَصًّا، فهو قاصّ، والمفعول مَقْصوص.

گێڕاوە= گێڕایەوە.

قَصَّ القصَّةَ على أصدقائه بطريقة جذّابة.

بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش چیرۆکەکەی بۆ هاوڕێکانی گێڕایەوە.

[494]جمع قاصّون وقُصَّاص

نجيب محفوظ قاصٌّ عالميّ.

نەجیب مەحفوز چیرۆکنوسێکی جیهانییە.

[495] إنه رسّام ماهر، يتقن رسم المناظر الطبيعيّة.

بەڕاستی وێنەکێشێکی کارامەیە، بەباشی وێنەی دیمەنە سروشتییەکان دەکێشێت.

[496]شقيقي الأكبر خطّاط رائع.

برا گەورەکەم خۆشنوسێکی نایابە.

[497] هەردوکیان ناوی کراوی (خصَى)ن.

هل حصانك مَخْصِيّ؟

ئایا ئەسپەکەت خەسێنراوە؟

حارسه الشخصي رجل خَصِيّ.

پاسەوانە تایبەتەکەی پیاوێکی خەسێنراوە.

[498] هەردوکیان بەمانای لافاو دێن، بەڵام (طوفان) گەورەترە.

أدت الفيضانات إلى إبعاد آلاف السكان عن منازلهم.

لافاوەکان بونەهۆی دورخستنەوەی هەزاران دانیشتوان لەماڵەکانیان.

.194 (لَجَمَ) لغاوكرد[499]، (لِجام) لغاوه[500]

(مُسْتَتِر)، (خَفيّ) هەردوو شاراوه[501]

.195 (هَيْبة)و (مَهابة) شان و شەوكەتە[502]

(غَمّ) لەگەڵ (حُزْن) هەردوو خەفەتە[503]

.196 (سَقيم)و (مَريض)، وەك (عَليل) نەخۆش[504]

تسبّب الطُّوفان في كوارث كثيرة.

لافاوەكە چەند كارەساتێكی گەورەی لێكەوتەوە.

[499]لجَمَ يَلجُم ، لَجْمًا ، فهو لاجِم ، والمفعول مَلْجوم.

لجَم المزارع فرسَه.

جوتيارەكە ماينەكەی لغاوكرد.

[500]جمع ألجمة ولُجْم ولُجُم

صنَع الرجل لِجامًا لحماره.

پياوەكە لغاوێكی بۆ كەرەكەی دروستكرد.

[501]شاراوه= نهێنی.

ضمير الجملة مستتر و يرجع الى "هو".

جێناوی رستەكە شاراوەيەو دەگەڕێتەوە بۆ "ئەو".

استخدمت الفتاه أساليب خَفيّة لإختبار خطيبها.

كچەكە شێوازگەلی نهێنی بەكارهێنا بۆ تاقيكردنەوەی دەزگيرانەكەی.

[502]شيخ العشيرة له هيبة عظيمة.

سەرۆك هۆزەكە شان و شەوكەتێكی مەزنی هەيە.

حافظ على مهابتك ولا تجلس مع شاربي الخمر.

پارێزگاری لەشان و شەوكەتت بكەو لەگەڵ شەرابخۆران دامەنيشە.

[503]قتله غمّ وفاة والدته.

خەفەتی كۆچيدوايی دايكی، كوشتی.

الإثم مصدر للسعادة المؤقتة و الحزن الدائم.

تاوان سەرچاوەيەكە بۆ خۆشحاڵيی كاتی و خەفەتی بەردەوام.

[504] هەرسێكيان بەمانای نەخۆش دێن.

إنه رجل سقيم.

بێگومان پياوێكی نەخۆشە.

(سَكران) و (ثَمِل) هەردوكیان سەرخۆش[505]

197. (كَرِيم)و (جَوّاد)، (سَخِيّ) بەخشندە[506]

(ابتِسامَة)یە وەك (بَسْمَة) خەندە[507]

198. (رَبَّة بَيْت) چیە؟ واتە كەیبانوو[508]

(نَعْسان)و (ناعِس) هەردوو خەواڵوو[509]

المريض خرج من المستشفى دون سماح الاطباء له.

نەخۆشەكە بەبێ مۆڵەتی پزیشكەكان، لەنەخۆشخانەكە دەرچوو.

ما يَزَالُ عَلِيلاً.

تائێستاش نەخۆشە.

[505] هەردوكیان بەمانای سەرخۆش دێن، بەڵام ئاستی سەرخۆشیی وشەی دووەمیان زیاترە لەیەكەم. دووەمیان (مەست)یشی پێدەووترێت.

الرجل السكران خطير.

پیاوی سەرخۆش مەترسیدارە.

هو يتحدث بشكل غير مستقر كأنه ثمل.

ئەو بەشێوەیەكی ناجێگیر قسەدەكات، وەك ئەوەی بڵێیت سەرخۆشە.

[506]إنه رجل كريم، لا يطرد أيّ سائل.

بەڕاستی پیاوێكی بەخشندەیە، هیچ سواڵكەرێك دەرناكات.

كان حاتم الطائيُّ رجلاً جوّادًا.

حاتەمی تائی پیاوێكی بەخشندە بوو.

{السَّخِيُّ قَرِيبٌ مِنَ اللهِ، قَرِيبٌ مِنَ الْجَنَّةِ، قَرِيبٌ مِنَ النَّاسِ}

بەخشندە لەخوداوە نزیكە، نزیكە لەبەهەشتەوە، نزیكە لەخەڵكیشەوە.

[507]هەردوكیان بەمانای خەندە دێن. خەندە= زەردەخەنە.

الابتسامة هي اللغة التي لا تحتاج إلى ترجمة.

خەندە بریتییە لەو زمانەی پێویستی بە وەرگێڕان نیە.

البسمة قد لا تعني أنك مسرور بل تعني أنك راضٍ بقضاء الله وقدره.

خەندە ڕەنگە مانای ئەوە نەبێت كە دڵخۆشیت، بەڵكو مانای ئەوەیە كە ڕازیت بە قەزاو قەدەری خودا.

[508] كەیبانوو= كابانی ماڵ.

والدتي ربة بيت ماهرة.

دایكم كەیبانوویەكی لێهاتووە.

199. (خَيِّر) خێرخوازە، کۆی (خِيار)، (أخيار)[510]

(مَسْرُور) دڵخۆشە[511]، (حَزِين) خەفەتبار[512]

200. (خَاصِرَة) چیە مانای کەلەکە[513]

(كَنَسَ) گسکدا[514]، (مِكْنَسَة) گسکە[515]

201. (سِحْر) جادووە[516]، (ساحِر) جادوباز[517]

---

[509]السائق النعسان أخطر من القاتل المأجور.

شۆفێری خەواڵوو لەپیاوکوژی بەکرێگیراو مەترسیدارترە.

الموظف الناعس لا يصلح للأعمال العاجلة.

کارمەندی خەواڵوو بۆ کارگەلی بەپەلە ناشێت.

[510]واتە وشەی (خێِّر) بە (خِيار)و (أخيار) کۆدەکرێتەوە.

بُني الجامع على مصاريف رجل خيِّر.

مزگەوتەکە لەسەر خەرجیی پیاوێکی خێرخواز دروستکرا.

[511] الولد مسرور جداً بعودة والده من جبهات القتال.

کوڕەکە زۆر خۆشحاڵە بە گەڕانەوەی باوکی لەبەرەکانی جەنگ.

[512]جمع حَزانَى وحُزَناء

استطاع الصياد أن يقنص الظَّبيَ بالبندقية.

راوچییەکە توانی ئاسکەکە بە تفەنگ راوبکات.

[773] هەروەها بە (بَحَّارون)یش کۆدەکرێتەوە.

البَحَّار الماهر لا يخاف من البحر.

دەریاوانی کارامە لەدەریا ناترسێت.

[774] جمع مسعورون ومساعِير.

زوجها رجل مسعور.

مێردەکەی پیاوێکی شێتە.

لا تقترب من الكلب المسعور.

لەسەگی هار نزیك مەبەرەوە.

[775]لنذهب الى المدرسة سويّاً.

.301 (لَقْلَق) چیه؟ حاجی لەقلەق[777]

(مَتن) ناوەرۆك[778]، (نَصّ) بەمانای دەق[779]

.302 (مِثال)، (نَموذَج) هەردوو نمونە[780]

(خِنْزِیر) بەرازە[781]، (قِرْد)یش مەیمونە[782]

باپێکەوە بڕۆین بۆ خوێندنگە.

[776] لەمانای یەکەم و سێیەمیاندا چاوگی (علَّقَ)یە.

تعليق حكم المحكمة لمصلحة المتهم.

راگرتنی بڕیاری دادگا لەبەرژەوەندیی تۆمەتبارەکەیە.

ما هو تعليقك على الإتهامات الموّجهة اليك؟

لێدوانت چیە لەسەر ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەت کراون؟

تعليق الثوب في مكان غير مناسب، يزعجني كثيراً.

هەڵواسینی جلوبەرگ لەشوێنێکی نەگونجاودا، زۆر بێزارم دەکات.

[777] اللقلق طائر كبير.

حاجی لەقلەق باڵندەیەکی گەورەیە.

[778] متن الكتاب مليء بالأخطاء.

ناوەرۆکی کتێبەکە پڕە لەهەڵە.

[779] هل عندك نصّ الاتفاقيَّة؟

دەقی ڕێکەوتننامەکەت لەلایە؟

780 ج مِثال: أمثلة، مُثُل. ج نموذج: نَمُوذَجات، نماذج.

صَنع الباب على مثال اختاره المشتري.

دەرگاکەی لەسەر نمونەیەك دروستکرد کە کڕیارەکە هەڵیبژارد.

عرض التاجرُ نماذجَ من السِّلع على الزبائن.

بازرگانەکە چەند نمونەیەکی کاڵاکانی پیشان کڕیارەکان دا.

781ج: خنازير

لا يأكل المسلمون لحمَ الخِنْزير.

موسڵمانان گۆشتی بەراز ناخۆن.

لحم الخنزير هو الشيء الوحيد الذي اتفق عليه أغلب الناس أنه حرام. أما الرشوة والربا والنميمة والغيبة وقطع الارحام وأكل مال اليتيم وسوء الاخلاق بالشوارع والتلاعب بميراث الاخوات فإن الله غفور رحيم!

.303 (شَرَعَ) دەستپێکرد[783]، (مَشروع) پرۆژە[784]

(عَبَّادُ الشَّمس)ە گوڵەبەڕۆژە[785]

.304 (ضَعْف) لاوازی، لەگەڵ لاوازبون[786]

(جَفَّ) وشکبوو[787]، (جَفاف) وشکبون[788]

زۆربەی خەڵك كۆكن لەسەر ئەوەی كە گۆشتی بەراز حەرامە. بەڵام بەرتیل و سوو و قسەهێنان و بردن و غەیبەت و سەرداننەكردنی خزم و خواردنی ماڵی هەتیوو بەدرەوشتی لەشەقام و فێڵكردن لەبەشەمیراتی خوشك، ئەمانە شتگەلێكن كە خودا بەرامبەریان بەخشندەو بەبەزییە!

782جمع: قِرَدة وقُرود. مؤ: قِرْدة. جمع مؤ: قِرَد.

القرد حيوان ذكي.

مەیمون گیاندارێكی زیرەكە.

783 شرَعَ في يَشرَع ، شروعًا ، فهو شارع ، والمفعول مشروع فيه.

شَرَعَ فِي عَمَلِه الجديد.

دەستیكرد بە كارە تازەكەی. كارە تازەكەی دەستپێكرد.

784 جمع مشروعات ومشاريع

رض المشروع على مجلس الإدارة.

پرۆژەكەی خستە بەردەم ئەنجومەنی كارگێڕی.

785 زيت عبَّاد الشَّمس مفيد للصحة.

رۆنی گوڵەبەڕۆژە بەسودە بۆ تەندروستی.

786 لەمانای دووەمیاندا چاوگی (ضعُفَ)يە.

لضُعْف الرؤية عوامل عديدة.

لاوازی بینین چەندین كاركرد (هۆكار)ی هەیە.

ضَعْفك أمام الأعداء يفرح الحاقدين.

لاوازبونت لەبەردەم دوژمنان قینلەدڵان دڵخۆشدەكات.

787 جَفَّ جَفَفْتُ ، يَجِفّ ، اجْفِفْ / جِفَّ ، جَفافًا وجُفوفًا ، فهو جافّ

عندما تجفّ البئر نعرف قيمة الماء.

كاتێك بیر وشكدەبێت، نرخی ئاو دەزانین.

788 چاوگی (جَفَّ)يە.

ما هو سبب جفاف الأرض برأيك؟

بە بۆچونی تۆ هۆكاری وشكبونی زەوی چیيە؟

305. (مُكْفَهِرّ)، (عَبُوس) روگرژ، واته مۆن[789]

(رِيح) مانای بایه، دێش بەمانای بۆن[790]

306. (اِنْدِلاع) چیه؟ واته هەڵگیرسان[791]

(فقَدَ) لەدەستدا[792]، (فُقدان) لەدەستدان[793]

307. (اِعتداء) چیه؟ دەستدرێژی[794]

(امتصَّ)و (مصَّ) هەردوكیان مژی[795]

---

[789] مدير مدرستنا رجل مُكْفَهِرّ.

بەڕێوەبەری خوێندنگەكەمان پیاوێكی مۆنە.

لا تكن دائمًا عَبوسًا.

هەمیشە مۆن مەبە.

[790] جمع أَرْوَاح وأَرْياح ورِياح، جمع الجمع أَرَاويح وأراييح.

لەمانای دووەمیاندا موڕادیفی (رائحة)یە.

هبَّت ريح باردة.

بایەكی سارد هەڵیكرد.

{إِنِّي لأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ}

بەڕاستی هەست بە بۆنی یوسف دەكەم.

[791] چاوگی (إندَلَعَ)یە.

كان اندلاع الحرب بين العراق وايران بداية سوداء للبلدين.

هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان عیراق و ئێران بووە سەرتایەكی رەش بۆ هەردوو وڵاتەكە.

[792] فقَدَ يَفقِد ، فَقْدًا وفِقْدانًا وفُقدانًا ، فهو فاقِد ، والمفعول مَفْقود وفَقيد.

فقد الممثل شهرته الجميلة بسبب مشهده الأخير.

بەهۆی دیمەنی كۆتاییەوە، ئەكتەرەكە ناوبانگە جوانەكەی لەدەستدا.

[793] چاوگی (فقَدَ)یە.

فقدان السمعة أسرع من فقدان الثروة.

لەدەستدانی ناوبانگ لە لەدەستدانی سامان خێراترە.

[794] جمع اعتداءات

أدان الرَّأي العامّ اعتداء أمريكا على العراق.

رای گشتی دەستدرێژیی ئەمەریكای بۆ سەر عیراق ئیدانەكرد.

[795] امتصَّ الإسفنجُ الماءَ.

.308 (قَرين) هاوتاو مێرد، لەگەڵ برادەر[796]

(قرَأَ) خوێندەوە[797]، (قارِئ)یش خوێنەر[798]

.309 (جَلاوزة) پۆلیس، تاك نیە، كۆیە[799]

(لهذا السبب)، (مِنْ ثَمَّ) بۆیە[800]

.310 (قَناة) نۆكەندو جۆگە، هەم كەناڵ[801]

ئیسفنجەكە ئاوەكەی مژی.

مَصَّ الرَّضِيعُ ثَدْيَ أُمِّهِ.

شیرەخۆرەكە مەمكی دایكی مژی.

[796] جمع قُرَناءُ، مؤ قرينة، جمع مؤ قرينات وقرائِنُ

إنّه قرين معلمه في الذكاء.

بەڕاستی هاوتای مامۆستاكەیەتی لەزیرەكیدا.

خرجت مع قرينها.

لەگەڵ مێردەكەیدا چووەدەرەوە.

إيّاك وقرين السوء.

وریای برادەری خراپ بە.

[797] قرَأَ يَقرَأ ، قِراءةً وقُرْآنًا ، فهو قارئ ، والمفعول مَقْروء.

قرَأ الكتابَ خلال ساعتين فقط.

پەڕتوكەكەی لەماوەی تەنها دوو سەعاتدا خوێندەوە.

[798] جمع قارئون وقَرأة وقُرّاء.

قارِئ الكتاب شخص مثقف.

خوێنەری كتێب كەسێكی رۆشنبیرە.

[799] بەمانای پۆلیس دێت، بەڵام كۆیە نەك تاك. تاكەكەی (جِلواز)ە. واتە مورادیفی (شرطِيّ)یە.

قتل في الإشتباكات جِلوازاً واحداً.

لەپێكدادانەكاندا پۆلیسێك كوژرا.

[800] هەردوكیان بەمانای "بۆیە" دێن. بۆیە= لەبەر ئەم هۆیە.

إنه مصاب بمرض السكري، لهذا السبب لا يستطيع أكل الحلويات.

ئەو توشبوی شەكرەیە، بۆی ناتوانێت شیرینی بخوات.

مات والده في العام الماضي، مِنْ ثَمَّ يعمل بإستمرار لإعانة أسرته.

ساڵی ڕابردوو باوكی مرد، لەبەر ئەم هۆیە بەردەوام كاردەكات بۆ یارمەتیدانی خێزانەكەی.

(ذَيْل) واته كلك، كۆی (ذُیول)، (أذيال)[802]

.311 (خَطَّ) (هەڵكەند)ە، هەروەها نوسی[803]

(مَقْعَد)و (كُرْسِيّ) هەردوكيان كورسی[804]

.312 (نَحْو) رێگايە، (رووەو)، نزيكەی[805]

---

801 جمع قَنَوات

قناة السويس منطقة بحرية هامة.

نۆكەندی سوێس ناوچەيەكی دەريايی گرنگە.

يلعب الأطفال في القناة.

منداڵەكان لەجۆگەكەدا ياريدەكەن.

تعمل زوجته فی قناة فضائية.

ژنەكەی لەكەناڵێكی ئاسمانيدا كاردەكات.

802 الثعلب حيوان طويل الذيل.

رێوی گياندارێكی كلكدرێژە.

803 خطَّ خَطَطْتُ، يَخُطّ ، اخْطُطْ/ خُطَّ ، خطًّا ، فهو خاطّ ، والمفعول مخطوط.

خطَّ قبراً لأخيه الشهيد.

گۆڕێكی هەڵكەند بۆ برا شەهيدەكەی.

خطَّ الكتابَ بنفسه.

خۆی نوسراوەكەی نوسی.

804 لا تجلس على مَقْعَدك القديم.

لەسەر كورسييە كۆنەكەت دامەنيشە.

الكرسيّ الدوّار أغلى من الكرسيّ العادي.

كورسيی خولاو لەكورسيی ئاسايی گرانترە.

805سيان لەماناكانی (رێگا)و (رووەو)و (نزيكەی)ن.

سارعلى هذا النحو الخاطئ.

لەسەر ئەم رێگا هەڵەيە رۆيشت.

ذهب نحو النافذة.

رووەو پەنجەرەكە چوو.

قتل فی الحرب نحو ستّة آلاف رجل.

لەجەنگەكەدا نزيكەی شەش هەزار پياو كوژران.

(أَمْس)، (البارِحة) دوێنێ[806]، (غَد) سبەی[807]

313. (تَصَرُّف) چیه؟ واته دەسكاری[808]

(نَما) گەشەیكرد[809]، (نُمُوّ) مەسدەری[810]

314. (قِراءة) چیه؟ واته خوێندنەوە[811]

(غَفْوة) بەمانای كەروێشكەخەوە[812]

---

806 جمع أمس: آمَاس وآمُس وأُمُوس.

وصل الوفدُ أمس وحضر المؤتمر اليوم.

وفدەكەی دوێنێ گەیشت و ئەمڕۆ ئامادەی كۆنگرەكە بوو.

سافرت البارِحة إلى قريتي.

دوێنێ گەشتمكرد بۆ گوندەكەم.

807 سبەی= سبەینێ.

سيصل المسافرُ غدًا أو بعد غدٍ.

گەشتیارەكە سبەی یان دووسبەی دەگات.

808 جمع تصرُّفات

ترجم الكتاب بتصرّف.

كتێبەكەی بە دەسكارییەوە وەرگێڕا.

809 نما يَنمو ، انْمُ ، نماءً ونُمُوًّا ، فهو نامٍ.

نمَا الولدُ.

منداڵەكە گەشەیكرد.

810 واته (نُمُوّ) مەسدەر"چاوگ"ی (نَما)یه. كەواته (نُمُوّ) بەمانای گەشەكردن دێت.

هل تعلم أن شعر الإنسان، يستمر في النموّ بعد وفاته لعدة أشهر؟!

ئایا دەزانیت كە قژی مرۆڤ بۆ ماوەی چەند مانگێك پاش مردنی مرۆڤەكە، لەگەشەكردن بەردەوام دەبێت؟!

811 چاوگی (قرَأَ)یه.

قِراءة سلسلة كتب والينامه أمر ضروري.

خوێندنەوەی زنجیرەكتێبی والينامه كارێكی پێویسته.

قراءة سورة الطَّلَاق في المنام تدل على نزاع بَين الْقَارِئ وَبَين زَوجته.

خوێندەوەی سورەتی تەڵاق لەخەودا ئاماژەیە بۆ ناكۆكیی نێوان ئەو كەسەی سورەتەكە دەخوێنێتەوە لەگەڵ ژنەكەیدا.

812 جمع غَفَوات وغَفْوات.

كەروێشكەخەو: سەرخەوشكاندن: خەوی سوك نەك قوڵ و درێژ.

.315 (اِستهلاك) چیە؟ بەكاربردنە[813]

(إنقاذ) وەك (تَخليص) رزگاركردنە[814]

.316 (وَقود) چیە؟ سوتەمەنی[815]

(حاكَ) و (نسَجَ)و (حَبَك) چنی[816]

.317 (اِنفراج) چیە؟ مانای رزگاربون[817]

(تقاعُد) واتە خانەنشینبون[818]

للغفوة فوائد صحية عديدة.

کەرویْشکەخەو چەندین سودی تەندروستی هەیە.

813 چاوگی (استهلكَ)یە.

الكليتان، يليها الجلد، يليهما المخ، هم أكثر أجزاء الجسم حاجة إلى استهلاك الماء.

گورچیلەکان، پاشان پێست و بەدوای ئەمیشدا مۆخ، ئەو بەشانەی جەستەن کە زۆرترین پێویستییان بە بەکاربردنی ئاو هەیە.

814 إنقاذ الغريق من الموت عمل صعب.

رزگارکردنی نوقمبوو لەمردن کارێکی قورسە.

تخليص الشعب من المجاعة يحتاج الى حاكم عادل فقط.

رزگارکردنی گەل لەبرسێتی تەنها پێویستی بە فەرمانڕەوایەکی دادوەر هەیە.

815 وَقود السَّيارة غالِ.

سوتەمەنیی ئۆتۆمبێل گرانە.

816 هەرسێکیان بەمانای (چنی) دێن، بەڵام یەکەم و دووەمیان بەمانای چنین بەگشتی دێن، بەڵام سێیەمیان بە مانای چنینێك دێت کە لێهاتویی تێدا بێت.

حاكت ثوباً جميلاً لخطيبها.

جلوبەرگێکی جوانی بۆ دەزگیرانەکەی چنی.

ويل لأمَّةٍ تأكُلُ ممّا لا تزرَعُ، وتشربُ مما لا تَعْصِر، وتلبس ما لا تنسُجُ.

واوەیلا بۆ نەتەوەیەك کە شتێك دەخوا کە خۆی نایچێنێت، شتێك لەبەردەکات کە خۆی نایچنێت.

حبكت الفتاة قبعة نادرة لأبيها.

کچەکە کڵاوێکی دەگمەنی بۆ باوکی چنی.

817 چاوگی (إنفَرَجَ)یە. موراديفی (تخَلُّص)ە.

اِنْفَرَجَ مِنَ الحزن بعد رؤية والدته.

پاش بینینی دایکی، لەخەمەکە رزگاری بوو.

818 چاوگی (تقاعد)یە.

.318 (ساقْ) مانای لاقە، کۆی (سُوق)و (سیقان)[819]

(غفَا) بەواتای سەرخەوی شکان[820]

.319 (ذَوَبان) مانای توانەوەیە[821]

(صِیانة)ش واتای سازدانەوەیە[822]

.320 (إِذابة) چیە؟ تواندنەوە[823]

(اِرتفاع) بەرزی و بەرزبونەوە[824]

عمرك قريب من سنّ التقاعُد.

تەمەنت نزیکە لەتەمەنی خانەنشینبون.

819 هەروەها بە (أَسْوُق)یش کۆدەکرێتەوە.

الزرافة إذا انزلقت ووقعت على الأرض مع انفراج سيقانها، فهي لن تستطيع القيام مرة أخرى ويمكن أن تظل هكذا إلى أن تموت.

زەڕافە ئەگەر لەسەر زەوی بخزێت و لەکاتی خزاندا لاقەکانی بکرێنەوە، ئەو ناتوانێت جارێکی تر هەستێتەوەو ئەگەری ئەوە هەیە بەو شێوەیە بمێنێتەوە تا دەمرێت.

820 غفَا يَغفُو ، اغْفُ ، غَفْوًا وغَفْوةً وغُفُوًّا ، فهو غافٍ.

سەرخەوی شکان= سەرخەوی شکاند: سوکەخەوێکی کرد نەك خەوی قوڵ و درێژ.

غفا والدي في الظهر.

باوکم نیوەڕۆ سەرخەوی شکاند.

821 چاوگی (ذابَ)یە.

ذوبانُ السكَّر في الماء عملية سهلة.

توانەوەی شەکر لەئاودا پرۆسەیەکی ئاسانە.

822 صِيانة الجهاز على عاتق الشركة.

سازدانەوەی ئامێرەکە لەسەر شانی کۆمپانیایە.

823 چاوگی (أَذابَ)یە.

هل قمت بإذابة الثَّلج في الماء؟

ئایا هەستایت بە تواندنەوەی سەهۆڵەکە لەناو ئاوەکەدا؟

824 لەمانای دووەمیاندا چاوگی (ارتفعَ)یە.

قريتنا تقع على ارتفاع ألف مِتْر عن سَطْح البحر.

گوندەکەمان دەکەوێتە سەر بەرزیی هەزار مەتر لەڕوی دەریاوە.

ارتفاع درجة حرارة الجسم حالة شائعة.

بەرزبونەوەی پلەی گەرمای جەستە، حاڵەتێکی بەربڵاوە.

321. (فِرْعَون) فيرعەونە، كۆی (فَراعِنة)[825]

(سِباحَة) مانای مەلەكردنە[826]

322. (طَيَران) فڕین[827]، (طَارَ) فیعلەكەی[828]

(قُرابة) و (زُهاء) هەردوو نزیكەی[829]

323. (خَطِير) وەك (خَطِر) مەترسیدارە[830]

(شَفْرة) گوێزان و جفرەو لێوارە[831]

---

825 فیرعەون: نازناوی پادشاكانی میسر بووە لەمێژوی دێریندا.

حكم فرعون طاغٍ مصر لمدة طويلة.

فیرعەونێكی ستەمكار بۆ ماوەیەكی زۆر حوكمی میسری كرد.

826 چاوگی (سبَحَ)یە.

السِباحَة مفيدة للصحة.

مەلەكردن بەسودە بۆ تەندروستی.

827 چاوگی (طَارَ)یە.

الدجاج غير قادرة على الطيران.

مریشك توانای فڕینی نیە.

828 طارَ يَطير، طِرْ، طَيْرًا وطَيَرانًا، فهو طَائِر.

ئەم وشەیە فیعلی (طَيَران)ە، واتە بەمانای (فڕی) دێت.

طار العُصْفُور.

چۆلەكەكە فڕی.

829 عندي قُرابة ألف كتاب.

نزیكەی هەزار پەڕتوكم هەیە.

هم زُهاء ألف شخص.

ئەوان نزیكەی هەزار كەسن.

830 تَمُرُّ الأُمَّة الكرديّة الان بمرحلة سياسيّة خطيرة.

نەتەوەی كورد لەئێستادا بە قۆناغێكی سیاسیی مەترسیداردا تێپەڕدەبێت.

المريض في حالة خطرة.

نەخۆشەكە لەبارێكی مەترسیداردایە.

831 جمع شَفَرات وشَفْرات وشِفار وشَفْر

الشفرة قطعت ذقني.

324. (ذِراع) دەست ئاژەڵ، هەم گەزو بازوو[832]

(حُلْقُوم) مانای قورِگ[833]، (بُلْعوم)یش گەروو[834]

325. (بَطاطِس) چیە؟ مانای پەتاتە[835]

(طَماطِم) مەعلوم، واتای تەماتە[836]

326. (دَوْر) رۆڵ و (سەرە)، هەم خول و (قات)ە[837]

گوێزانەکە چەناگەمی بڕی.

إستطاع أن يَكشِف شفرة الاتِّصالات اللاّسلكيّة بين الجنود.

توانی جفرەی پەیوەندییە بێتەلەکانی نێوان سەربازەکان ئاشکرابکات.

شفرة السكّين حادّة.

لێواری چەقۆکە تیژە.

832 جمع أَذْرُع وذُرْعان.

بەمانای دەست ئاژەڵ و گەزو بازوو دێت. بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "دەست ئاژەڵ"، دەستی ئاژەڵە، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعرەوە پیتی "ی"ەکە بە جادە کەوتووە.

گەز: پێودانگێکی درێژییە، نزیکەی 55 تا 80 سانتیمەتر دەبێت بەگوێرەی وڵاتەکان.

أصيب البعير في ذراعِه.

دەستی حوشترەکە بریندار بوو.

سقطت القذيفة على بعد عشرين ذراعًا من الهدف.

هاوەنەکە لەدوریی بیست گەز لەئامانجەکەوە، کەوتەخوارەوە.

833 جمع حلاقِمُ وحلاقيمُ

التهاب الحُلْقوم مرض مزعج.

هەوکردنی قورِگ نەخۆشییەکی بێزارکەرە.

834 جمع بَلاعيمُ

يمرّ الطعام بالبلعوم قبل وصوله الى المعدة.

خواردن بە گەروودا تێپەڕدەبێت پێش گەیشتنی بە گەدە.

835 للبَطاطِس فوائد صحّية كثيرة.

پەتاتە زۆر سودی تەندروستی هەیە.

836 هل تحب الطَماطِم؟

حەزت لەتەماتە هەیە؟

837 جمع أَدوار

(خَليط) (تێکەڵە)، کۆکەی (أخلاط)ە[838]

327. (صَنَوْبَر) وەك خۆی، واتە سنۆبەر[839]

(شَمَنْدَر) مەعلوم، مانای چەوەندەر[840]

328. (ذَكَر) چوك و نێر، کۆی دووەم (ذِكار)[841]

(شَفير) و (حافَة) هەردوکیان لێوار[842]

چوار لەدیارترین ماناکانی رۆڵ و سەرەو خول و قات (نهۆم)ن.

حفظ الممثِّلُ دوره جيّدًا.

ئەکتەرەکە رۆڵەکەی خۆی باش لەبەرکرد.

جاء دورُك الان.

ئێستا سەرەت هات.

لم ينجح الطالب في الدَّور الأوّل.

فێرخوازەکە لەخولی یەکەمدا دەرنەچوو.

تُقام الحفلة في الدور الأخير للفندق.

ئاهەنگەکە لەنهۆمی کۆتایی هۆتێلەکە سازدەکرێت.

[838] أضافت السكر والماء إلى الفاكهة فصار الخليط عصيرًا.

شەکرو ئاوی کردە ناو میوەکەوە، ئینجا تێکەڵەکە بوو بە شەربەت.

[839] مفرد صَنَوْبَرَة.

غالبًا ما يتم استخدام أشجار الصنوبر كأشجار لعيد الميلاد ويتم تزيينها في الحدائق.

زۆرجار درەختی سنۆبەر وەك درەختی جەژنی لەدایکبونی مەسیح بەکاردەهێنرێت و لەباخچەکاندا دەڕازێنرێتەوە.

[840] يساعد تناولُ الشمندر الأحمر يومياً على تقليل تراكم الدهون في الكبد.

خواردنی چەوەندەری سور بەشێوەیەکی رۆژانە یارمەتیی کەمکردنەوەی کەڵەکەبونی چەوریی سەر جگەر دەدات.

[841] واتە ئەم وشەیە بەمانای چوك (کێر)و نێر دێت. لەمانای دووەمیاندا، واتە کاتێك بەمانای نێر دێت جەمعەکەی (ذِکار)ە.

الطول الطبيعي لذكر الإنسان في الحالة الطبيعية هو 6 إلى 10 سنتيمترات، بينما يصل إلى 12 أو 15 سنتيمتراً في حالة الانتصاب.

درێژیی چوکی مرۆڤ لەباری ئاساییدا شەش بۆ 10 سانتیمەترە، بەڵام لەباری ڕەپبوندا دەگاتە 12 یان 15 سانتیمەتر.

لديّ ولد ذَكَر.

منداڵێکی نێرم هەیە.

[842] لا تقف على شفير الوادي.

لەسەر لێواری شیوەکە مەوەستە.

حافةُ السيف حادّة.

329. (مُسِنّ) چیه؟ بەساڵاچوو[843]

وشەی (مُسْتَلْقي) مانای پاڵکەوتوو[844]

330. (سَقْف) بنمیچە[845]، (طابَق) مانای قات[846]

(نَسَمَة) واتە کەس، کۆکەی (نسَمات)[847]

331. (زُبْد) کەرەیە[848]، (جُبْن) پەنیرە[849]

(قَهْوَة) قاوەیە[850]، (حَليب)یش شیرە[851]

لێواری شمشێرەکە تیژە.

[843] جمع مُسِنّون ومَسَانٌّ، مۆ مُسِنّة، جمع مۆ مُسِنَّات ومَسَانٌّ

يعيش والدي في دار المسنِّين.

باوکم لەخانەی بەساڵاچوواندا دەژی.

[844] تستطيع الأبقار النومَ وهي واقفة على قدميها، ولكنّها لا تستطيع أنْ تحلم إلّا إذا نامت وهي مستلقية.

مانگا دەتوانێت بەپێوە بخەوێت، بەڵام کاتێك پاڵکەوتوو نەبێت، ناتوانێت خەو ببینێت.

[845] جمع أسْقُف وسُقُف وسُقوف.

سقف غرفتي منخفضة.

بنمیچی ژوورەکەم نزمە.

[846] الجمع : طوابقُ و طوابيقُ

قات= نهۆم.

يسكن شقيقي في الطابَق الثالث من البناية.

براکەم لەنهۆمی سێیەمی باڵەخانەکەدا دەژی.

[847] يبلغ تعدادُ السكّان في مصر مئة مليون نَسَمة.

ژمارەی دانیشتوانی میسر دەگاتە 100 ملیۆن کەس.

[848]الجمع : زُبَدٌ. مفرد زُبْدَة.

الزبد مضرّ للمصابين بمرض إرتفاع ضغط الدّم.

کەرە زیانبەخشە بۆ توشبوانی بەرزەفشاری خوێن.

[849]جمع الجمع أجبان وجُبَن، مفرد جُبْنَة.

أكل الجُبْن مع الخبز اليابس له طعم خاصّ.

خواردني پەنیر بە نانی وشکەوە، تامێکی تایبەتی هەیە.

[850]جمع قَهَوات وقهاوٍ

في القهوة مادّة منبِّهة.

332. (خَلِيَّة) خانه[852]، (نَسيج)ە شانه[853]

(سَبّابة) پەنجە، هی شایەتومانه[854]

333. (إجّاص) هەرمێیە[855]، (رُمَّانْ) هەناره[856]

(قِثّاء) ترۆزی[857]، (خِيَار) خەیاره[858]

قاوه ماددەی وریاکەرەوەی تێدایه.

[851] حَليب البقر أكثر فائدة للصحة من اللحم.

شیری مانگا لەگۆشت بەسودتره بۆ تەندروستی.

[852] جمع خَليّات وخلايا

يتألف جسم الإنسان من مجموعة خلايا.

جەستەی مرۆڤ لەکۆمەڵێك خانه پێکدێت.

[853] جمع أَنْسِجَة

كم عدد أَنْسِجَة الجسم؟

ژمارەی شانەکانی جەسته چەنده؟

[854] بەمانای پەنجەی شایەتومان دێت، واته ئەو پەنجەیەی دەکەوێته نێوان پەنجەگەورەو پەنجەی ناوەڕاستەوه.

أشار بالسبّابة.

به پەنجەی شایەتومان ئاماژەیکرد.

[855]مفرد إجّاصة.

الإجّاص فاكهة لذيذة.

هەرمێ میوەیەکی بەچێژه.

[856]مفرد رُمَّانة.

في حيدقتي شجرة رُمَّانْ كبيرة.

باخچەکەم درەختێکی گەورەی هەناری تێدایه.

[857]مفرد: قِثّاءة

القِثَّاء يخفف الالتهابات.

ترۆزی هەوکرد سوکدەکات.

[858]مفرد: خِيارة

يتم استخدام قشور الخِيار في علاج حروق الشمس.

توێکڵی خەیار بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی سوتاویی بەرخۆر.

أحب سلطة الخِيار في الصيف.

334. (مُقاتِل) شەڕڤان، واتە جەنگاوەر[859]

(جَيْش) سوپایە[860]، (مِتْراس)یش سەنگەر[861]

335. (قمَعَ) داپڵۆسی[862]، (قامِع) داپڵۆسەر[863]

(ساحِر) دڵڕفێن[864]، (فاتِن)ە دولبەر[865]

336. (طحَنَ) هاڕی[866]، (رَحى)یە بەرداش[867]

لەهاویندا حەزم لەزەڵاتەی خەیارە.

[859]جمع مقاتلون ومقاتلة

كان الشيخ محمود مقاتلاً شجاعاً.

شێخ مەحمود جەنگاوەرێکی ئازا بوو.

[860] ج: جُيُوش

قتل جيش تشاد الف مسلح من حركة بوكو حرام.

سوپای چاد هەزار چەکداری بزوتنەوەی بۆکۆ حەرامی کوشت.

[861] جمع مَتاريس

استشهد عمي أمام المتراس.

مامم لەبەردەم سەنگەرەکەدا شەهیدبوو.

[862]قمَعَ يَقْمَع، قَمْعًا، فهو قامِع، والمفعول مَقْموع

قمع النظام الوحشي الثّوارَ بالأسلحة الثقيلة.

رژێمە دڕندەکە شۆڕشگێڕەکانی بە چەکی قورس، داپڵۆسی.

[863]لا يستيطع النظام القامع قتل الناس باستمرار.

رژێمی داپڵۆسەر ناتوانێت بەردەوام خەڵك بکوژێت.

[864] جمع ساحِرون (للعاقل) وسُحّار (للعاقل) وسَحَرَة (للعاقل)، مؤ ساحرة، جمع مؤ ساحرات وسواحرُ.

في الجنة أنهار ساحرة.

بەهەشت روبارگەلی دڵڕفێنی تێدایە.

[865] دولبەر= دڵبەر.

قد تجنّن فتاة فاتنة واحدة فقط مئة حيكم.

رەنگە تەنها یەك کچی دولبەر سەد دانا شێتبکات.

[866]طحَنَ يَطحَن ، طَحْنًا ، فهو طاحِن ، والمفعول مَطْحون وطحين.

طحَن القمحَ بسرعة.

بەخێرایی گەنمەکەی هاڕی.

(طَاحُون)، (طاحُونة) هەردوو واتە ئاش[868]

337. (حَرْب)و (قِتال)و(مَعْرَكة) جەنگە[869]

(بُنْدُقِيَّة)یە مانای تفەنگە[870]

338. (شَرِكة) کۆمپانیا[871]، (مَعْمَل)یش کارگە[872]

---

[867] الجمع : أرحاء و أرْحٍ و أَرْحِيَة و رُحِيّ ، مثنى رَحَيان

هل تستطيع حمل الرحيان؟

ئایا دەتوانیت دوو بەرداشەکە هەڵبگریت؟

[868]هەردوکیان بە (طواحِين) کۆدەکرێتەوە.

يعمل باستمرارٍ كالطّاحون.

هەمیشە کاردەکات وەك ئاش.

وضعَت الفلاحة القمح في الطاحونة.

ژنەجوتیارەکە گەنمەکەی کردە ناو ئاشەکەوە.

[869]إذا أردت السِّلْمَ فاستعدّ للحرب.

ئەگەر ئاشتیت دەوێ، خۆت بۆ جەنگ ئامادەبکە.

في 7-12-1941 هاجمت اليابان ميناء بيرل هاربر في الولايات المتحدة، مما أدى إلى دخول الولايات المتحدة حرب العالمية الثانية.

لە 7-12-1941 ژاپۆنە ئیشقۆڕ هێرشیکردە سەر بەندەری پێرڵ هاربەر لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی ئەمەریکا بچێتەناو جەنگی دووەمی جیهانییەوە.

قتل زوجها في جبهة القتال.

مێردەکەی لەبەرەی جەنگدا کوژرا.

انسحَب العدو من المَعْرَكة.

دوژمن لەجەنگەکە کشایەوە.

[870]جمع بُنْدُقِيّات وبنادِق

هل تجيد استخدام البُنْدُقِيَّة؟

ئایا دەزانیت تفەنگ بەباشی بەکاربهێنیت؟

[871]جمع شَرِكات وشِرْكات

القرار الأخير يعود لمجلس إدارة الشركة.

بڕیاری کۆتایی بۆ ئەنجومەنی کارگێڕیی کۆمپانیا دەگەڕێتەوە.

أنا متواضع جداً رغم الشركات والأموال والسيارات التي لا أملكها.

من زۆر خاکیم، سەرباری ئەو هەموو کۆمپانیاو سامان و ئۆتۆمبێلانەی کە هیچیانم نیە.

(مُعْجَم) وەك (قامُوس) مانای فەرهەنگە[873]

[339.](#) (مَهْيَع) هەم رێگا، هەم فراوانە[874]

(بَلَد) وڵاتە، كۆكەی (بُلْدان)ە[875]

[340.](#) (بَزَّاز) بەواتای قوماشفرۆشە[876]

(لا فُضَّ فوكَ) مانای (دەمخۆش!)ە[877]

[341.](#) (مُثلَّث) چیە؟ مانای سێگۆشە[878]

---

[872]جمع مَعَامِل

زوجته تعمل في مَعْمل نسيج.

ژنەكەی لەكارگەیەكی چنین كاردەكات.

[873]برأيك ما هو أفضل معجم في اللغة العربية؟

بە بۆچونی تۆ باشترین فەرهەنگی زمانی عەرەبی كامەیە؟

اشتريت اليوم قاموساً جديداً.

ئەمڕۆ فەرهەنگێكی نوێم كڕی.

[874]جمع مَهايع

هذا المهْيَع خطير للغاية.

ئەم رێگایە ئەوپەڕی مەترسیدارە.

العراق بلد مَهْيَع.

عیراق وڵاتێكی فراوانە.

[875]العراق بلد متخلّف.

عیراق وڵاتێكی دواكەوتووە.

هل سافرت الى البلدان الأوروبية ؟

ئایا گەشتت كردووە بۆ وڵاتە ئەوروپییەكان؟

[876]قوماشفرۆش= كوتاڵفرۆش.

البزَّاز ليست لديه أقمشة جديدة.

قوماشفرۆشەكە قوماشی تازەی لا نیە.

[877] ئەم رستەیە بۆ پەسەندكردن و سەرسامبون پێخۆشبون بەكاردەهێنرێت.

قلت له الكذب أكبر الكبائر، فقال لي: لا فُضَّ فوك!

پێموت درۆ گەورەترینی تاوانە گەورەكانە، ئەویش وتی: دەمخۆش!

(مُرَبَّع) دوجا لەگەڵ چوارگۆشە[879]

342. (نَثْر) پەخشانە[880]، (مَلْحَمَة) داستان[881]

(كاتِب) نوسەرە[882]، (شاعِر) هۆزانڤان[883]

343. (اِنهيار) چيە؟ واتە داڕمان[884]

(مُفاوَضة)يە ماناى دانوستان[885]

344. (ثَمَن) و (قِيمَة) وەك (سِعْر) نرخە[886]

---

[878] هل تستطيع تمييز المثلَّث من المُربَّع؟ بالطبع أستطيع.

ئايا دەتوانيت سێگۆشە لەچوارگۆشە جيابكەيتەوە؟ بێگومان دەتوانم.

[879] مساحة بيتي تتكون من مئة متر مربع.

روبەرى خانووەكەم لە 100 مەتر دووجا پێكهاتووە.

هل تستطيع إيجاد مساحة المربع خلال أقل من دقيقة واحدة؟

دەتوانيت لەماوەى كەمتر لەيەك خولەكدا روبەرى چوارگۆشەكە بدۆزيتەوە؟

[880] طه حسين من روّاد النثر العربيّ في العصر الحديث.

تەها حوسێن يەكێكە لەپێشەنگەكانى پەخشانى عەرەبى لەسەردەمى نوێدا.

[881] جمع مَلْحَمات ومَلاحِم

هل قرأت ملحمة حمدوك؟

داستانى حەمەدۆكت خوێندووەتەوە؟

[882] جمع كاتبون وكتّاب

أنيس منصور كاتب شهير.

ئەنيس مەنسور نوسەرێكى بەناوبانگە.

[883] جمع شُعراءُ، مؤ شاعرة، جمع مؤ شاعرات وشَواعِرُ.

هۆزانڤان= شاعير.

كان نالي شاعراً عبقريّاً.

نالى شاعيرێكى بليمەت بوو.

884چاوگى (اِنْهَارَ)ەيە.

نشر اِنْهِيَارُ البناية رعباً في المنطقة.

داڕمانى باڵەخانەكە تۆقينى لەناوچەكە بڵاوكردەوە.

885 فشلت المفاوضات.

دانوستانەكان شكستيان هێنا.

(ثَمين) هەم گران، هەمیش بەنرخە[887]

345. (اِستعمال) چیە؟ بەکارهێنانە[888]

(قُرص) بەمانای حەب، (عَقّار) دەرمانە[889]

346. (تعِبَ) ماندوبوو[890]، (تَعِبْ) ماندووە[891]

(دَوام) دەوامە[892]، (عُطْلة) پشووە[893]

---

886 هەرسێکیان بەمانای نرخ دێن. نرخ= بەها.

اشتريت قميصي هذا بثمن قليل.

ئەم کراسەم بە نرخێکی کەم کڕی.

ما هي قيمة هذه السيارة الجديدة؟

نرخی ئەم ئۆتۆمبێلە تازەیە چەندە؟

ارتفع سعر البيت فی الآونة الأخيرة.

بەمدواییانە نرخی خانووەکە بەرزبووەوە.

887 أشياءك ثمينة جداً، لا تُشترى.

شتەکانت زۆر گرانن، ناکڕدرێن.

كتابك الجديد ثمين جداً.

کتێبە نوێیەکەت زۆر بەنرخە.

888 استعمال المال فی غير مكانه خطير.

بەکارهێنانی سامان لەشوێنی نەگونجاو مەترسیدارە.

889 يجب عليك ابتلاع القرص مع الماء.

پێویستە حەبەکە بە لەگەڵ ئاودا قوتبدەیت.

العقار له تأثيرات جانبية.

دەرمان کاریگەریی لاوەکی هەیە.

890 تعِبَ يَتعَب ، تَعَبًا ، فهو تَعِب

تعِب العامل.

کرێکارەکە ماندوبوو.

891 الوالد تَعِبٌ جداً من أجل أولاده.

باوکەکە زۆر ماندووە لەپێناو منداڵەکانیدا.

892 يجب أن يلتزم الجميع بمواعيد الدَّوام الرسميّة.

پێویستە هەموان بە وادە ڕەسمییەکانی دەوام پابەندبن.

.347 (رَصاصة) گوللـه[894]، (رَصاص) قوڕقوشم[895]

(حَديد) ئاسنه[896]، (عُنْصُر)ە توخم[897]

.348 (علَّقَ) هەڵواسی[898]، (عَلَق)یش زەروو[899]

(فُطْر) قارچکە، هەروەها کەڕوو[900]

---

[893] جمع عُطُلات وعُطْلات وعُطَل.

قضى عُطْلَته في مدينة السليمانية.

پشووەکەی لەشاری سلێمانی بەسەربرد.

[894] جمع رَصاصات ورَصاص

قُتل الطفل برصاصة طائشة.

منداڵەکە بە گوللـەیەکی وێڵ کوژرا.

يرمون الكلام كالرصاص، ثم يقولون هل تألمت؟!

وەك گوللـە قسەت تێدەگرن، پاشان دەڵێن، ئازارت پێگەیشت؟!

[895] هەروەها بە (رُصاص)یش دەنوسرێت.

يستخدم الرصاص لصُنْع أقطاب بطَّاريات السَّيارات.

قوڕقوشم بۆ دروستکردنی جەمسەری باتریی ئۆتومبێل بەکاردەهێنرێت.

[896] ج: حدائِد

قلة الحديد في الجسم تسبب المرض.

کەمیی ئاسن لەخوێندا دەبێتەهۆی نەخۆشی.

[897] جمع عناصِر

الهيدروجين والأكسجين عنصران يتكوَّن منهما الماء.

هایدرۆجین و ئۆکسجین دوو توخمن کە ئاویان لێدروستدەبێت.

[898] علَّقَ يعلِّق، تعليقًا ، فهو مُعلِّق ، والمفعول مُعلَّق.

علَّق إعلانًا على حائط.

ئاگادارییەکی بە دیوارەکەدا هەڵواسی.

[899] العَلَق دود مزعج.

زەروو کرمێکی بێزارکەرە.

[900] جمع الجمع أفطار وفُطُور، مفرد فُطْرة.

الفُطْر طعام شهي.

قارچك خواردەمەنییەکی بەچێژە.

349. (صَيْدلِيَّة) چيه؟ دەرمانخانەيە[901]

(مَشفى) و (مُسْتَشْفى) نەخۆشخانەيە[902]

350. (كَوكَب) هەسارە[903]، (نَجْم) ئەستێرە[904]

(ذهَبَ) رۆيشت[905]، (ذَهَبْ)يش زێڕە[906]

351. (دِيمة) بارانە، لەگەڵ بەردەوام[907]

الفُطر الجلديّ حالة صحية مزعجة.

کەڕوی پێست حاڵەتێکی تەندروستی بێزارکەرە.

[901] سەرباری ئەو مانایە، موئەنەسی (صَيْدليّ)شە کە بەمانای (دەرمانساز) دێت.

بيتنا قريب من الصَيْدلِيَّة.

ماڵمان لەدەرمانخانەکەوە نزیکە.

[902] هەردوکیان بەمانای نەخۆشخانە دێن، بەڵام (مستشفى) لە (مشفى) گەورەترە.

ج مشفى: مَشافٍ

ج مستشفى: مُسْتشفَيَات، مَشافٍ.

بقيت سبعة أيام في المستشفى.

حەوت رۆژ لەنەخۆشخانە مامەوە.

[903] جمع كواكِبُ

هل تعلم ما هو أكبر كوكب في المجموعة الشمسية.

ئایا دەزانیت گەورەترین هەسارە لەکۆمەڵەی خۆر کامەیە؟

[904] جمع أنْجُم ونُجُم ونُجوم

هل تستطيع رؤية النجم في النهار؟

ئایا دەتوانیت لەڕۆژدا ئەستێرە ببینیت؟

[905] ذهَبَ يذهَب، ذَهابًا وذُهُوبًا.

ذهب المقاتل ولم يَعُد.

جەنگاوەرەکە رۆیشت و نەگەڕایەوە.

[906] جمع الجمع أذهاب وذُهُوب، مفرد ذَهَبة.

الذهب أغلى من الفضة.

زێڕ لەزیو گرانترە.

[907] جمع دِيمات ودِيَم.

بەمانای باران (بارانێك کە زۆر بخایەنێت بەڵام بە هێمنی و بێ هەورەگرمەو هەورەبروسکە)و بەردەوامیش دێت.

(وَرَم) واته لوو، جەمعەکەی (أَورام)[908]

352. (مَوقِع) پێگەو شوێن، هەروەها ماڵپەڕ[909]

(ربَطَ) واته بەست[910]، (رابِط)یش بەستەر[911]

353. (مِرْوَحَة) پانکە، لەگەڵ باوەشێن[912]

(وِعاء دَمَويّ) ماناى بۆریی خوێن[913]

أفرحت الديمة الفلّاحين.

بارانەکە جوتیارەکانی دڵخۆشکرد.

كان عمله ديمةً.

کارەکەی بەردەوام بوو.

908 الورم الخبيث قاتل.

لووی پیس کوشندەیە.

909 جمع مَواقِعُ

له مَوْقِع خاصّ عند رئيس الإقليم.

پێگەیەکی تایبەتی هەیە لەلای سەرۆکی هەرێم.

الشرطة أغلقت موقع الحدث.

پۆلیس شوێنی رووداوەکەی داخست.

ينشر الحزب بياناته على موقعها الرسمي.

حزب بەیاننامەکانی لەسەر ماڵپەڕی رەسمی خۆی بڵاودەکاتەوە.

910 ربَطَ يَربُط، رَبْطًا، فهو رابط ، والمفعول مَرْبوط

ربَط الدَّابَّةَ بالعمود.

وڵاخەکەی بەست بە ستونەکەوە.

911 بەستەر = لینك

المزيد من التفاصيل في الرابط التالي.

وردەکاریی زیاتر لەبەستەرەکەی خوارەوەدایە.

912 جمع مَراوِحُ

المرْوَحَة غير كافية لتبريد البيت في الصيف.

پانکە بەس نیە بۆ ساردکردنی ماڵ لەهاویندا.

اشتريت مِرْوَحَة صغيرة لولدي.

باوەشێنێکی بچوکم بۆ کوڕەکەم کڕی.

354. (حَصَّادَة) چيه؟ ماناى دەڕاسە[914]

(حصَدَ) دورييەوە[915]، (مِنْجَل)يش داسە[916]

355. (باذِنجان) چيه؟ باينجانە[917]

(يَقْطِين) كولەكە[918]، (رَيحان) ڕێحانە[919]

356. (فِتنة) هەم ئاشوب، هەم ئيمتيحانە[920]

---

913 جەمعەكەى (أوعية دموية)يە.

إرتفاع ظغط الدم يؤثر على الأوعية الدموية.

بەرزيى فشارى خوێن، كاردەكاتە سەر بۆرييەكانى خوێن.

914 هل تجيد سياقة الحَصَّادَة؟

ئايا دەتوانيت بە باشى دەڕاسە لێبخوڕيت؟

915 حصَدَ يَحصُد ويَحصِد ، حَصْدًا وحَصادًا ، فهو حَاصِد ، والمفعول مَحْصود وحَصِيد.

حصَدَ القمح كله خلال ساعة فقط.

گەنمەكەى لەماوەى تەنها سەعاتێكدا دورييەوە.

916 جمع مَنَاجِل

إذا رأيت منجلاً في الحلم فهذا ينبئ بأن حادثاً أو مرضاً سيمنعك من الاعتناء بأمورك أو الذهاب في رحلات.

ئەگەر لەخەودا داست بينى، ئەوە پێشبينييە بۆ ئەوەى كە روداوێك يان نەخۆشييەك دەبێتە ڕێگر لەبەردەمت بۆ گرنگيدان بە كاروبارەكانت يان گەشتكردنت.

917 يحتوي الباذنجان الأسود على نسبة عالية من الحديد والفيتامينات التى تعمل على تعزيز صحة الجسم وعلاج فقر الدم.

باينجانى رەش ڕێژەيەكى زۆر ئاسن و ئەو ڤيتامينانەى تێدايە كە كار لەسەر بەهێزكردنى تەندروستيى جەستەو چارەسەرى كەمخوێنى دەكەن.

918 مفرد يقطينة

توجد في اليقطين نسبة عالية من الحديد لذلك يحمي جسم الانسان من الإصابة بـالأنيميا.

كولەكە ڕێژەيەكى زۆر ئاسنى تێدايە، بۆيە جەستەى مرۆڤ لەتوشبون بە ئەنيميا (كەمخوێنى) دەپارێزێت.

919 من يرى الريحان في المنام و رائحته طيبة، فهذا يشير إلى زوال الهموم و الأحزان التي يعاني منها الرائي.

هەر كەسێك لەخەودا ڕێحانەى بينى و بۆنى خۆش بوو، ئەوە ئاماژەيە بۆ نەمانى ئەو خەم و خەفەتانەى خەوبينەكە گيرۆدەبووە بەدەستيانەوە.

920 جمع فِتْنات وفِتَن

ئاشوب= ئاژاوەگێرى. ئيمتيحان= (ع: امتحان)= تاقيكردنەوە.

أخمدت الحكومة الفتنةَ بالقوّة.

(ضَغْط) فشاره، واته پەستانە[921]

357. (سِتّونَ) واتە شەست[922]، (خَمسونَ) پەنجایە[923]

(ثَمانون) هەشتا[924]، (سَبعون) حەفتایە[925]

358. (عِنَب) ترێیە[926]، (كَرْم) مانای مێو[927]

(مَوْز) مۆزە[928]، (تُفّاح) دێت بەمانای سێو[929]

میری ئاشوبەکەی بە هێز، کپکرد.

{وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلاَدُكُمْ فِتْنَةٌ}

و بزانن کە سامان و منداڵەکانتان تاقیکردنەوەیەکن (بۆتان).

[921] رئيس الحكومة تحت ضغط الرَّأي العامّ.

سەرۆکی حکومەت لەژێر فشاری رای گشتیدایە.

[922] وَصَلَ سِتُّونَ رَجُلاً الى القرية.

شەست پیاو گەیستنە گوندەکە.

[923] مات خَمْسُونَ شخصاً في الحادثة.

پەنجا کەس لەڕوداوەکەدا گیانیان لەدەستدا.

[924] في الساحة ثمانون طالباً.

گۆڕەپانەکە هەشتا خوێندکاری تێدایە.

[925] قتل في الحرب الأخيرة سبعون جندياً أوكرانياً.

لەم جەنگەی دواییدا حەفتا سەربازی ئۆکرانی کوژران.

[926] جمع الجمع أعناب.

لا أحب العنب.

حەزم لەترێ نیە.

[927] جمع الجمع كُروم،مفرد كَرْمَة

مێو: درەختی ترێ

الكرم شجرة مفيدة.

مێو درەختێکی بەسودە.

[928] مفرد مَوْزَة

الموز مفيد لتخفيض ضغط الدم.

مۆز بۆ دابەزاندنی فشاری خوێن بەسودە.

[929] مفرد تُفّاحَة

359. (مَتْحَف) چیه؟ مۆزەخانە[930]

(بُوق) واتە زوڕنا، کۆکەی (بیقان)ە[931]

360. (ناقَة) حوشتر(ی مێ)[932]، (جَمَلْ) هی نێر[933]

(ناقِد) رەخنەگر[934]، (مُترجِم) وەرگێڕ[935]

361. (بَعیر) حوشترە[936]، (سَنام) کۆپارە[937]

التفاح فاكهة لذيذة.

سێو میوەیەکی بەچێژە.

930 هەروەها بە (مُتْحَف)یش دەنوسرێت.

جمع مَتاحِفُ

لا يوجد أي متحف شهير في العراق.

عیراق هیچ مۆزەخانەیەکی بەناوبانگی لێ نیە.

931 هەروەها بە (بوقات) و(أبواق)یش کۆدەکرێتەوە.

البوق الة موسيقية شهيرة.

زوڕنا ئامێرێکی بەناوبانگی مۆسیقایە.

932 جمع أيْنُق وناق ونُوق ونِيَاق.

هل ركبت النّاقَةَ؟

ئایا سوار حوشتی مێ بویت؟

933 جمع أجمال وأجْمُل وجِمال وجَمَالة وجُمَالة وجِمالة وجُمْل، جمع الجمع جِمالات وجُمَالات وجَمالات وجمائلُ.

بەمانای حوشتری نێر دێت.

الجَمَل سفينة الصَّحراء.

حوشتر (ی نێر) کەشتی بیابانە.

934 جمع ناقِدون ونَقَدَة ونُقّاد

زوجها ناقد سينمائي شهير.

مێردەکەی رەخنەگرێکی سینەمایی بەناوبانگە.

935 أعتقد أنّ عمل المترجم أصعب من عمل الكاتب.

لەو بڕوایەدام کە کاری وەرگێڕ لە هی نوسەر قورسترە.

936 جمع أباعِرُ وأباعيرُ وأَبْعِرَة وبُعْران

من يرى في المنام أنه يقوم بتوزيع لحم البعير يدلّ ذلك علي حصوله على ميراث كبير عن قريب.

هەرکەسێك لەخەودا بینی گۆشتی حوشتر دابەشدەکات، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە بەمزوانە میراتێکی زۆری بۆ دەمێنێتەوە.

(فَرَسُ النَّهر)ماینی روباره[938]

362. (عَشْرة) مانای ده[939]، (مِئَة) واته سەد[940]

(أَرْبَعون) چله[941]، (تِسْعون)یش نەوەد[942]

363. (قَرْنْ) مانای شاخە، هەروەها (سەدە)[943]

(غُدَّة) رژێنە، کۆکەی (غُدَد)ە[944]

---

937 جمع أسْنِمة

ركوب على سنام الجمل فى المنام شيء سيء.

سواربونی کۆپارەی حوشتر لەخەودا شتێکی خراپە.

938 ج: أفراس النهر

ماییني روبار: گیاندارێکی وشکاوەکیی مەمکداری زەبەلاجە. زۆربەی کاتەکانی لەبنی روبار یان دەریاچەدا بەسەردەبات و جارجارەش دێتەدەرەوە بەمەبەستی هەواهەڵمژین. لەسەر گژوگیا دەژی.

تعيش أفراس النهر في مجموعات يبلغ عدد أفرادها حوالي 40 رأساً.

ماینی روبار بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ دەژین و ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەگاتە نزیکەی 40 سەر.

939 جمع عشَرات.

شارك في الحملة عَشْرةُ رجال.

لەهەڵمەتەکەدا 10 پیاو بەشداربون.

940 جمع مِئُون ومِئات.

قتل في الانفجار مِائة رجل.

لەتەقینەوەکەدا سەد پیاو کوژران.

941 قرأتُ أربعين كتابًا في السياسة.

چل کتێبم لەسەر سیاسەت خوێندووەتەوە.

942 تضم مكتبته تسعين كتابًا لتسعين مؤلِّفًا.

کتێبخانەکەی 90 کتێبی 90 نوسەری تێدایە.

943 جمع قرون.

بمناسبة مرور قرن كامل على تأسيس الحزب، أقيم إحتفال كبير.

بەبۆنەی تێپەڕبونی سەدەیەکی تەواو بەسەر دامەزراندنی حزبەکە، ئاهەنگێکی گەورە سازکرا.

البقرة لها قرنان طويلان.

مانگاکە دوو شاخی درێژی هەیە.

944 بە (غدائِد)یش کۆدەکرێتەوە.

364. (بَطْن) واته سك[945]، (سُرَّة) ناوكه[946]

(حبل شوكيّ)یه دڕكەپەتكە[947]

365. (شَرْيان) خوێنبەره[948]، (وَريد) خوێنهێنەر[949]

(فَشَل كَبَدي) سستبونی جگەر[950]

366. (دِراسة) چیه، ماناى خوێندنه[951]

(مُذَاكَرة)یه سەعیكردنه[952]

تضخم الغدة الدرقية مرض شائع.

هەڵاوسانی رژێنی دەرەقی نەخۆشییەكی باوه.

[945] جمع أَبْطُن وبُطْنان وبُطون.

عندي ألم خفيف في بطني.

سكم ئازارێكی سوكی تێدایه.

[946] جمع سُرّات وسُرَر

تحتوي السرّة على حوالي 72000 عصب.

ناوك نزیكەی 72 هەزار دەماری تێدایه.

[947] الحبل الشوكي جزء لا يتجزأ من الجهاز العصبي.

دڕكەپەتك بەشێكی دانەبڕاوه لەكۆئەندامی دەمار.

[948] هەروەها بە (شِرْيان)یش دەنوسرێت.

جمع شِرْيانات وشرايينُ

أحيانًا يؤثِّر تصلُّب الشَّرايين على المُخ.

هەندێجار رەقبونی خوێنبەرەكان كاردەكاتە سەر مۆخ.

[949] جمع أَوْرِدة ووُرُد ووُرود

تتكون الأوعية الدموية من الشرايين و الأوردة.

بۆرییەكانی خوێن لەخوێنبەرو خوێنهێنەر پێكدێن.

[950] الفشل الكبدي مرض خطير.

سستبونی جگەر نەخۆشییەكی ترسناكه.

[951] أكملت الدِراسة الثانويَّة في مجمع النصر.

خوێندنی دواناوەندیم لەكۆمەڵگەی نەسر تەواوكرد.

[952] هل إنتهيت من مذاكرتك؟

لەسەعیكردنەكەت تەواو بویت؟

.367 (مُخَيْخ) چيه؟ مێشکی بچوك[953]

(عَجيزَة) سمته[954]، (عُسَيْلَة) زێ، چوك[955]

.368 (إِنتاج) چيه؟ بەرهەمهێنان[956]

(كُحْل) واته كل[957]، (مُكْحُلَة) كلدان[958]

.369 (جِرِّيث)و (جِرّيّ) هەردوو مارماسی[959]

---

[953] مێشکی بچوك= مێشکۆڵه: بەشێکه لەدەماخ و دەکەوێته پشتی مۆخەوەو به چەقی هاوسەنگیی لەش دادەنرێت.

لا توازن للجسم بغير مُخَيْخ.

بەبێ مێشکۆڵه لەش هاوسەنگ نابێت.

[954] تكبير العجيزة لدى نساء كردستان شيء غير غريب.

گەورەکردنی سمت لەلایەن ژنانی کوردستانەوه شتێکی نامۆ نیه.

[955] بەمانای زێ و چوکیش دێت. زێ= قوز. چوك= کێر.

لعسيلة المرأة عده أشكال.

زێی ژن چەند شێوەیەکی هەیه.

لا تفتخر بكبر عسيلتك.

شانازی مەکه به گەورەیی چوکتەوه.

[956] چاوگی (أنتجَ)يه.

تعاني الشركة من قِلّة الإنتاج.

کۆمپانیاکه بەدەست کەمیی بەرهەمهێنانەوه دەناڵێنێت.

[957] جمع أكْحال

وضعتِ المرأةُ الكُحْلَ في عَيْنَيْها.

ژنەکه کلی کرده چاوەکانی.

[958] جمع مكحلات ومَكاحِل

كلدان: ئەو دەفرەی کلی تێدا دادەنرێت.

ضاعت مكحلتها، لذا غضبت.

کلدانەکەی ونبوو، بۆیه تورەبوو.

[959] هل الجِرِّيث صالح للأكل؟

ئایا مارماسی بۆ خواردن دەشێت؟

يبلغ طول الجرّيّ حوالي نصف متر.

درێژیی مارماسی دەگاته نزیکەی نیو مەتر.

(عِلمُ التُرْبة)یە مانای خاكناسی[960]

370. (هُنا) ئێرەیە[961]، (هُنَاكَ) ئەوێ[962]

(عَنْزة) ئاسك، بزن، بەڵام هێنی مێ[963]

371. (بَلَشون)و (مَالِك الحَزِين) شاوە[964]

(صَيْد) لەگەڵ (قَنْص) هەردوكیان راوە[965]

372. (كِتابْ) پەڕتوكە[966]، (دَفتَرْ)یش تیانوس[967]

---

960 خاكناسی= زانستی خاك: ئەو زانستەی لێكۆڵینەوە لەسەر خاك و گڵ و هاوشێوەكانی دەكات و گرنگییان پێدەدات.

علم التربة قريب من الجغرافيا.

خاكناسی نزیكە لەجوگرافیاوە.

961 سألتك أين أجلس؟ فقلت: هنا.

لێم پرسیت لەكوێ دانیشم؟ وتت: ئێرە.

962إنظر الى هناك.

سەیری ئەوێ بكە.

963 جمع عَنْزات، عنز

بەمانای بزن و ئاسكیش دێت، بزن و ئاسكی مێ نەك نێر.

اشتريت عنزة سمينة لعيد الأضحى.

بزنێكی قەڵەوم كڕی بۆ جەژنی قوربان.

إصطاد الصياد عنزة.

راوكەرەكە ئاسكێكی راوكرد.

964 هەردوكیان بەمانای شاوە دێن. شاوە= شینەشاهۆ: باڵندەیەكە لەخێزانی لەقلەقەكان، گەردن و ملی درێژە.

البلشون طائر جميل.

شاوە باڵندەیەكی جوانە.

هل رأيت مالك الحزين في حياتك؟

ئایا لەژیانتدا شاوەت بینیوە؟

965راو= شكار

صيد السمك ممنوع في المنطقة.

راوی ماسی لەناوچەكەدا قەدەغەیە.

هل تحب القنص الليلي؟

حەزت لەڕاوی شەوانە هەیە؟

(مِبْرَاة) قەڵەمتاش[968]، (قَلَم)ە پێنوس[969]

.373 (وُجْهَة) ئاڕاستە[970]، (وَجْه) دەموچاو[971]

(حَدَث)و (حادِث)، (حادِثة) روداو[972]

---

[966]جمع كُتُب

پەڕتوك= كتێب

كتاب واحد غيّر حياتي.

یەك كتێب ژیانی گۆڕیم.

[967]جمع دفاتِر

تیانوس= دەفتەر.

صحَّحَ المدرس دفاتر التَّلاميذ.

مامۆستاکە تیانوسی قوتابییەکانی سەحکرد.

[968]جمع مَبارٍ.

قەڵەمتاش= قەڵەمدادەر.

نسى التلميذ مبراته في المدرسة.

قوتابییەکە قەڵەمدادەرەکەی لەخوێندنگەکە بیرچوو.

[969]جمع أقْلام.

پێنوس= قەڵەم.

أين قلمي الذي وضعته على منضدتك؟

کوا ئەو قەڵەمەم کە لەسەر مێزەکەت دامنا؟

[970] هەروەها (وِجْهَة)شی پێدەووترێت واتە دەکرێت (و)ەکە زەممەی لەسەر بێت یان کەسرەی لەژێر بێت.

هرب في وجهة الحدود.

بە ئاڕاستەی سنورەکان هەڵات.

[971]جمع أوجُه ووُجُوه.

وجهها جميل ولكنّ طبيعتها غير مقبولة.

دەموچاوی جوانە، بەڵام بەڕاستی سروشتی (تەبیعەتی) پەسەندکراو نیە.

[972] كان حدث الشهر الماضي مؤثراً جداً.

روداوەکەی مانگی رابردوو زۆر کاریگەر بوو.

الحادث الطارئ خلّف ثلاثة قتلى.

روداوە کتوپڕەکە سێ کوژراوی لێکەوتەوە.

مات زوجها في حادثة سيّارة.

374. (بَقِيَّة) چیە؟ واتە پاشماوە[973]

(مُسَجَّل) مانای تۆمارکراوە[974]

375. (مُمتاز) ئاوەڵناو، بەمانای نایاب[975]

(صاحِبْ) خاوەن و هاوەڵ، کۆی (أصحابْ)[976]

376. (قدَّرَ) خەمڵاند[977]، (تَقدير) خەمڵاندن[978]

(رسَّخَ) چەسپاند[979]، (تَرسيخ) چەسپاندن[980]

مێردەکەی لەڕوداوێکی ئۆتۆمبێلدا گیانی لەدەستدا.

[973] جمع بَقايا

وزّعت بقيّة الثروة على الفقراء.

پاشماوەی سامانەکە بەسەر هەژاراندا دابەشکرا.

[974] صوتك مُسَجَّل، لذا لا تستطيع إنكار ما قلته.

دەنگت تۆمارکراوە، بۆیە ناتوانیت ئینکاری ئەوە بکەیت کە وتوتە.

[975] نال درجة علميَّةً ممتازة.

پلەیەکی زانستیی نایابی بەدەستهێنا.

[976] هەروەها بە (صَحابة) و(صِحاب) و (صَحْب) و (صُحْبَة)ش کۆدەکرێتەوە.

من هو صاحب هذه السيارة؟

خاوەنی ئەم ئۆتۆمبێلە کێیە؟

صاحبك رجل شجاع وذكي.

هاوەڵەکەت پیاوێکی ئازاو زیرەکە.

[977] قدَّرَ يقدِّر ، تقديرًا ، فهو مُقدِّر ، والمفعول مُقدَّر

قدّر قيمة الأضرار بحوالي مليون دولار.

بەهای زیانەکانی بە نزیکەی یەك ملیۆن دۆلار خەمڵاند.

[978] چاوگی (قدَّرَ)یە.

تقديرك غير دقيق.

خەمڵاندنەکەت ورد نیە.

[979] رسَّخَ يُرسِّخ ، ترسيخًا ، فهو مُرسِّخ ، والمفعول مُرسَّخ

چەسپاند= جێگیرکرد.

رسَّخ العمودَ أمام البيت.

ستونەکەی لەبەردەم ماڵەکەدا چەساند.

377. (هَلاك)و (وَفاة) هەردوکیان مردن[981]

(ثَيِّب)، (أَرْمَلَة) مانای بێوەژن[982]

378. (يابِس) واتە وشك[983]، (يبِسَ) وشکبوو[984]

(طرِشَ) کەڕبوو، هەم گوێی گرانبوو[985]

---

[980] چاوگی (رسَّخَ)یە.

چەسپاندن= جێگیرکردن.

ترسيخ علامات المرور واجب من واجبات الحكومة.

چەسپاندنی نیشانەکانی هاتوچۆ ئەرکێکە لەئەرکەکانی میری.

[981] كان هلاكه مفاجئاً للجيمع.

مردنەکەی شتێکی سەیرو کتوپڕ بوو بۆ هەموان.

كانت وفاته سنة 2013.

مردنەکەی لەساڵی 2013دا بوو.

[982] هەردوکیان بەمانای بێوەژن دێن.

الثَّيِّبُ تُعْرِبُ عَنْ نَفْسِهَا.

بێوەژن قسە لەسەر خۆی دەکات.

في زقاقنا أرملة فقيرة.

کۆڵانەکەمان بێوەژنێکی هەژاری تێدایە.

[983] جمع يُبَّس ويَبْس

لا تكن يابسًا فتكسر.

وشك مەبە دەشکێنرێیت.

[984] يبِسَ ييبَس ويَيبِس ، يُبْسًا ويُبوسةً ، فهو يابِس ويَبِس ويَبْس ويبيس

يبِست الأزهارُ.

گوڵەکان وشکبون.

[985] طرِشَ يَطرَش ، طَرَشًا ، فهو أطرَشُ.

بەمانای "کەڕبوو" و "گوێی گرانبوو"ش دێت.

طرِش الرجلُ بسبب إنفجار عظيم.

پیاوەکە بەهۆی تەقینەوەیەکی گەورەوە کەڕبوو.

طرِش وهو في التسعين من عمره.

لەتەمەنی 90 ساڵیدا گوێی گرانبوو.

379. (حَظيرة) گەوڕ، واتە تەویلە[986]

(أُمْثولة) پەندە، كۆی (أماثيل)ە[987]

380. (حلَّلَ) حەڵاڵكرد، هەم شیكردەوە[988]

(ضَجَعَ) پاڵكەوت[989]، (مَضْجَع) جێی خەوە[990]

381. (عزَا)و (نسَبَ) واتە دایەپاڵ[991]

---

[986] جمع حظيرات وحظائر و حِظار
يعمل كمنظف لحظيرة المواشي.
وەك پاككەرەوەی تەویلەی مەڕوماڵات كاردەكات.

[987] هەروەها بە (أمثولات)یش كۆدەكرێتەوە. موراديفی (عِبْرة)یە.
جعله أُمثولة للجميع.
كردی بە پەند بۆ هەموان.

[988] حلَّلَ يحلِّل ، تحليلاً وتَحِلَّةً ، فهو مُحلِّل ، والمفعول مُحلَّل.
بەمانای حەڵاڵكردو شیكردەوەش دێت.
حلَّل اللهُ الزَّواجَ وحرَّم الزِّنا.
خودا هاوسەرگیری حەڵاڵكردو زینای حەرامكرد.
حلَّل الناقدُ القصيدةَ تحليلاً دقيقًا.
رەخنەگرەكە چامەكەی بەوردی شیكردەوە.

[989] ضجَعَ يَضجَع ، ضَجْعًا وضُجوعًا ، فهو ضاجِع
ضجَع في ظلّ شجرة.
لەسێبەری درەختەكەدا پاڵكەوت.

[990] جمع مَضَاجِع
جێی خەو= جێی خەوتن= شوێنی خەوتن= خەوگە.
مضجعك غير نظيف.
خەوگەكەت پاك نیە.

[991] هەردوكيان بەمانای "دایەپاڵ" دێن. دایەپاڵ= گێڕایەوە بۆ
عَزا فشلَه إلى سوء الحَظّ.
شكستەكەی دایەپاڵ بەدبەختی. واتە وتی هۆكاری شكستەكەی بەدبەختییە.
نسَب الخبرَ إلى مصدر موثوق.
هەواڵەكەی دایەپاڵ سەرچاوەیەكی متمانەپێكراو.

(مَسَلَّة) سوژن، جەمعەکەی (مَسالّ)[992]

.382 (جُذِمَ) گولبوو[993]، (جذَمَ) بڕی[994]

(مسَحَ) پێوا، چاککردۆ، سڕی[995]

.383 (عِلَّة) نەخۆشی، هەروەها بیانوو[996]

(سُقْم)یش نەخۆشی[997]، (تَأْريخ)ە مێژوو[998]

---

992 هەروەها بە (مَسَلاّت) کۆدەکرێتەوە.

خاط القماشَ الغليظ بالمَسَلَّة.

قوماشە ئەستورەکەی بە سوژن دوری.

993 جُذِمَ يُجذَم ، جَذْمًا ، والمفعول مَجْذوم

گولبوو: توشی نەخۆشی گولی بوو

جُذِم الرجل في عمر الأربعين.

پیاوەکە لەتەمەنی 40 ساڵیدا توشی گولی بوو.

994 جذَمَ يَجذِم ، جَذْمًا ، فهو جاذِم ، والمفعول مَجْذوم وجذيم

جذَم الشَّجرةَ بالفأس.

درەختەکەی بە تەور بڕی.

995 سیان لەدیاترین ماناکانی پێوا و چاککردۆو سڕین. چاککردۆ= چاککردەوە.

مسَحَ المهندس الأرضَ.

ئەندازیارەکە زەوییەکەی پێوا.

مسَحَ الله المريض.

خودا نەخۆشەکەی چاککردەوە.

مسَحَ المقعد قبل الجلوس عليه.

پێش ئەوەی لەسەری دابنیشێت، کورسییەکەی سڕی.

996 جمع عِلاّت و عِلَل

شفاه اللهُ من عِلَّتِه.

خودا لەنەخۆشییەکەی چاکیکردەوە.

لا تصطنع العِلل وأنت مُخطئ.

لەکاتێکدا هەڵەیت، بیانوو دروستمەکە.

997 جمع أَسْقام

أنقذه الله من سَقَمه.

.384 (سَمَاعِ)، (اِسمَعْ) هەردوو (گوێگرە لە)[999]

(سائِل) پرسیارکەر، سواڵکەرو شلە[1000]

.385 (قِطار) چیە؟ شەمەندۆفێرە[1001]

(رِعْدِيد) ترسنۆك[1002]، (صِنْدِيد) دلێرە[1003]

خودا لەنەخۆشییەکەی رزگاریکرد.

998 التأريخ يكتبه المنتصرون.

مێژوو، سەرکەوتوان دەینوسنەوە.

999 هەردوکیان بەمانای "گوێگرە لە" دێن. یەکەمیان ناوی فەرمانی داخوازییەو دووەمیان فەرمانی داخوازییە.

سماعِ النَّصيحة، وإلاَّ ندمتَ.

گوێگرە لەئامۆژگارییەکە، ئەگینا پەشیمان دەبیتەوە.

اسمع كلامه كلّه، ولكن لا تطع الّا ما أحله الله.

گوێ لەهەموو قسەکانی بگرە، بەڵام تەنها گوێڕایەڵی ئەوە بە کە خودا حەڵاڵی کردووە.

1000 أعتقد بأنك لم تجب على سؤال السائل الثاني.

پێموایە وەڵامی پرسیاری دووەمی پرسیارکەرەکەت نەدایەوە.

لا تعط المال للسائل الزائف.

پارە مەدە بە سواڵکەری ساختە.

الماء سائل بلا لون.

ئاو شلەیەکی بێڕەنگە.

1001 جمع قِطارات وقُطُر، جمع الجمع قُطُرات

زادت حوادث القِطارات في الآونة الأخيرة.

رووداوەکانی شەمەندۆفێر لەم دواییانەدا زیادیان کردووە.

1002 جمع رَعادِيدُ

بەمانای ترسنۆکێك دێت کە لەشی لەترساندا بلەرزێت و تێکیچێت.

لا تعتمد على الرجل الرِعْدِيد لمواجة العدو.

بۆ رووبەڕووبونەوەی پیاوی ترسنۆك پشت بە پیاوی ترسنۆك مەبەستە.

1003 الجمع : صَنادِيد

دلێر= ئازا= بەجەرگ

إنّه رَجُلٌ صِنْدِيدٌ، لا يخاف الموت.

بەڕاستی پیاوێکی ئازایە، لەمردن ناترسێت.

.386 (سرَّجَ) جوانکرد، دوری، هەم زینکرد[1004]

(خلَّصَ) بژارد، لەگەڵ رزگارکرد[1005]

.387 (قُفَّاز) دەسکێشە، کۆکەی (قفافیز)[1006]

(قَطّ)و (قَطْعًا)و (بَتاتًا) هەرگیز[1007]

[1004] سرَّجَ يُسرِّج ، تسريجًا ، فهو مُسَرِّج ، والمفعول مُسَرَّج

سیان لەدیاترین ماناکانی جوانکردو دوری و زینکردە.

سرَّج اللهُ وجهَه.

خودا دەموچاوی جوانکرد.

سرَّج الخيَّاطُ الثَّوبَ.

بەرگدرووەکە پۆشاکەکەی دوری.

سرَّج الفلاح الفرسَ.

جوتیارەکە ماینەکەی زینکرد. واتە زینەکەی لێبەست.

[1005] بژارد: پاڵاوت.

خلّص الحبَّ من الحصَى.

دانەوێڵەکەی لەوردەبەرد بژارد. واتە وردەبەردەکەی لێجیاکردەوە.

خلّص الرئيس الجديد الشعب من المجاعة.

سەرۆکە تازەکە گەلی لەبرسێتی رزگارکرد.

دانەوێڵەکەی

[1006] بە (قُفَّازات)یش کۆدەکرێتەوە.

رؤية القفاز في المنام تدل على الحظ السعيد والفرح والسرور للرائي.

بینینی دەسکێش لەخەودا ئاماژەیە بۆ بەختی باش و دڵخۆشی بۆ خەوبینەکە.

[1007] هەرسێکیان بەمانای هەرگیز دێن. وشەی یەکەمیان مەبنییە لەسەر زەممە.

هەرگیز: بەهیچ شێوەیەك.

ما رأيته قطُّ.

هەرگیز نەمبینیوە.

لن أسمح له التطاول عليّ قَطْعًا.

هەرگیز رێگەی پێنادەم دەمدرێژی بەرامبەرم ئەنجامبدات.

لا أتكلم عنه بتاتًا.

هەرگیز قسەی لەسەرناکەم.

388. وەرە مانای (جِئْ)، هەروەها (تَعال)[1008]

(بَتات) هەڵکەندن، وەك (أَثاث) ناوماڵ[1009]

389. (قَدِمَ)، (أَتَى)، (جاءَ) هەر سێ هات[1010]

(مِهْنَة) پیشەیە، کۆی (مِهَن)، (مِهْنات)[1011]

390. (قدَّمَ) پێشخست[1012]، (أخَّرَ) دواخست[1013]

[1008] واتە هەردوکیان بەمانای وەرە دێن.

جِئْ الى المدرسة قبل الظهر.

پێش نیوەڕۆ وەرە بۆ قوتابخانە.

تَعال و تحدّث مع المدير نفسه.

وەرەو قسە لەگەڵ خودی بەڕێوەبەردا بکە.

[1009] واتە وشەی (بتات) بەمانای هەڵکەندن دێت، هەروەها موورادیفی (أَثاث)یشە کە بەمانای ناوماڵ دێت.

ناوماڵ: کەلوپەلی ناو ماڵ و ئۆفیس وەك قەنەفەو فەڕش و هتد...

بتات الوتد الحديدي عمل صعب.

هەڵکەندنی مێخی ئاسنین کارێکی قورسە.

اشترى أثاثًا جديدًا لزوجته الثانية.

ناوماڵێکی تازەی کڕی بۆ هاوسەری دووەمی.

[1010] هەرسێکیان بەمانای "هات" دێن.

قَدِمَ رئيس الحكومة إلى مدينة السليمانية.

سەرۆکی حکومەت هات بۆ شاری سلێمانی.

أتَى الطبيب المسعف فور حدوث الحادثة.

راستەوخۆ لەگەڵ رودانی روداوەکە، پزیشکی فریاگوزار هات.

جاء الضيف مع طلوع الشمس.

میوانەکە لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا هات.

[1011] واتە بەو دوو شێوازە کۆدەکرێتەوە.

المحاماة مِهْنة حُرَّة.

پارێزەری پیشەیەکی ئازادە.

[1012] قدَّمَ يقدِّم، تقديمًا وتقدمةً، فهو مُقدِّم ، والمفعول مُقدَّم

قدَّم السّاعة عشرين دقيقة.

کاتژمێرەکەی بیست خولەك پێشخست.

(اِنتهازيّ)یە مانای هەلپەرست[1014]

.391 (ناشدَ)، (حلَّفَ)، (أحْلَفَ) سوێنددا[1015]

(بالی) بەمانای گرنگیپێدا[1016]

.392 (ذَريع) فراوان، هەم کتوپڕە[1017]

(فقْرة) بڕگەیە[1018]، (فَقَرة) بڕبڕە[1019]

1013 أخَّرَ يؤخِّر ، تأخيرًا ، فهو مُؤخِّر ، والمفعول مُؤخَّر

لا تؤخِّر عمل اليوم إلى الغد ولكن أخرّه الى بعد رمضان!

ئیشی ئەمڕۆ بۆ سبەینێ دوامەخە، بەڵکو دوایيخە بۆ پاش رەمەزان!

1014 دونالد ترمب سياسيّ انتهازيّ.

دۆناڵد ترەمپ سیاسەتمەدارێکی هەلپەرستە.

1015 هەرسێکیان بەمانای "سوێنددا" دێن و لەم مانایەدا موراديفن.

ناشد صاحبه بالله أن يقول الصدق.

هاوەڵەکەی بە خودا سوێنددا کە راست بڵێت.

حلّف القاضي الشَّاهَد.

دادوەرکە شایەتحاڵەکەی سوێنددا.

أحلف الوالد إبنه أن لا يكذب مرة أخرى.

باوکەکە کوڕەکەی سوێنددا کە جارێکی تر درۆنەکات.

1016 بالى يبالي، بالِ، مُبالاةً ، فهو مُبالٍ ، والمفعول مُبالًى

ئەم کارە زیاتر لەکاتی نەرێدا بەکاردەهێنرێت.

گرنگیپێدا= گوێپێدا.

لا يُبالي كثير من النَّاس قيمةَ الوقت.

زۆرێك لەخەڵك گرنگینادەن بە بەهای کات.

1017 شقيقي ذريعُ الخُطى.

براکەم هەنگاوفراوانە. واتە هەنگاوەکانی فراوان و گەورەن.

خطف موت ذريع والدي منا.

مردنێکی کتوپڕ باوکمی لێڕفاندین.

1018 جمع فَقْرات وفِقَرات وفِقَر وفِقَار

قرأت الفقرة الأولى من المقالة فقط.

تەنها یەکەم بڕگەی وتارەکەم خوێندەوە.

393. (مَحْرُور) کەسێکە تای لێ هاتبێ[1020]

(عُسَيْلة) چوکە، دێش بەمانای زێ[1021]

394. (نشِطَ) چالاکبوو[1022]، (نشَّطَ) چالاککرد[1023]

(ضَعَّفَ) لاوازکرد، دوو ئەوەندەکرد[1024]

395. (حُمَّى) واتە تا[1025]، سپڵیش (طِحَال)[1026]

[1019] جمع فَقَرات

كل إنسان له ثلاث وثلاثون فقرة.

هەموو مرۆڤێك 33 بڕبڕەی هەیە.

[1020] ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە تای لێهاتبێت. لە کاری (حَرَّ)ەوە وەرگیراوە.

جلبنا الوَلَد المَحْرُور الى مستشفى شار التعليمي.

منداڵە تالێهاتووەکەمان هێنا بۆ نەخۆشخانەی فێرکاریی شار.

[1021] بەمانای چوك و زێی مرۆڤ دێت. چوك= کێر. زێ= قوز.

لعُسَيْلة المرأة عدة أشكال.

زێی ژن چەند شێوەیەکی هەیە.

لا تفتخر بكبر عسيلتك يا رجل!

ئەی پیاو شانازی بە گەورەیی چوکتەوە مەکە!

[1022] نشِطَ يَنشَط، نشاطًا ، فهو ناشط ونشيط ونَشِط

نشط الطالبُ في دراسته.

خوێندکارەکە لەخوێندنەکەی چالاکبوو.

[1023] نشَّط العقار عضوه الذكري.

دەرمانەکە ئەندامی نێرینەی چالاککرد.

[1024] دووئەوەندەکرد= کرد بە دووئەوەندە

ضعَّفَه المرضُ.

نەخۆشییەکە لاوازیکرد.

ضعَّف المدير أجرَ العُمَّال.

بەڕێوەبەرەکە کرێی کرێکارەکانی دووئەوەندەکرد.

[1025] زالت عنه الحُمَّى بعد أن فعل الدواءُ فعلَه.

پاش ئەوەی دەرمانەکە کاری خۆی کرد، تایەکەی لەکۆڵبووەوە.

[1026] جمع طحالات وأطْحِلة وطُحُل

کۆڵنجکردنه (تَشَنُّج)، (عُقّال)[1027]

.396 (صَدَى) چیه؟ دەنگدانەوە[1028]

(نزَحَ) خاڵیکرد، هەم دورخستەوە[1029]

.397 (رَهْط)و (مَلأْ)و (جَماعة) کۆمەڵ[1030]

قد یعیش الشخص حیاة طبیعیة من دون طحال، ولکن استئصاله یقلّل من قوة جهاز المناعة ویجعل المصاب أکثر عرضة للأمراض.

دەکرێ مرۆڤ بەبێ سپڵ ژیانێکی سروشتی بەرێبکات، بەڵام دەرهێنانی، کۆئەندامی بەرگری لاوازدەکات و ئەگەری توشبونی بە نەخۆشی زیاتردەکات.

[1027] هەردوکیان بەمانای کۆڵنجکردن دێن. کۆڵنجکردن= جەمامبون.

التشنُّج لا یحتاج الی المستشفی.

کۆڵنجکردن پێویستی بە نەخۆشخانە نیە.

قد یسبب البرد العُقّال.

دەکرێ سەرما کۆڵنجکردن دروستبکات.

[1028] جمع أَصْداء

لم یُحدث الکتابُ أيَّ صَدًى في نفوس النّاس.

کتێبەکە هیچ دەنگدانەوەیەکی لەناخی خەڵکدا دروستنەکرد.

[1029] نزَحَ یَنزَح ویَنزِح ، نَزْحًا ونُزوحًا ، فهو نازِح ، والمفعول مَنْزوح

دوان لەدیارترین ماناکانی خاڵیکردو دورخستەوەیە.

نزَح البئرَ.

بیرەکەی خاڵیکرد. واتە ئاوەکەی لێدەرهێنا.

نزَحت الحکومة المعارض عن وطنه.

میری، نەیارەکەی لەنیشتمانەکەی دورخستەوە.

[1030] هەرسێکیان بەمانای کۆمەڵ دێن. (جماعة)و (ملأ) بەمانای کۆمەڵ دێن بەگشتی، بەڵام (رهط) بەمانای کۆمەڵێك دێت کە لە سێ کەس تا حەوت یان نزیکەی 10 کەس پێکدێت و ژنیشیان تێدا نیە.

هاجم الفتاة رهط من الشبّان.

کۆمەڵێك گەنج هێرشیانکردە سەر کچەکە.

خطب في ملأ من النّاس.

لەناو کۆمەڵێك خەڵکدا وتاریدا.

ید الله مع الجماعة.

دەستی خودا لەگەڵ کۆمەڵدایە.

(ضُجَعَة)و (كَسلان)، (كَسِلْ)يش تەممەڵ[1031]

398. (ضِعْف) چيه؟ دوو ئەوەنده[1032]

(هرَشَ) و (حَكَّ) ماناى (خوراند)ه[1033]

399. (أَخْضَر) واته سەوز[1034]، (خُضار)ه سەوزه[1035]

(فاكِهة) ميوه[1036]، (طُحلَب)ه قەوزه[1037]

[1031] لا أحب الرجل الضُجَعَة.

پياوى تەممەڵم خۆشناوێت.

الشاب الكسلان لا يصل مدينة النجاح.

گەنجى تەممەڵ ناگاته شارى سەركەوتن.

لا يريد صاحب العمل العامل الكسل.

خاوەنكار كرێكارى تەممەڵى ناوێت.

[1032] جمع أضعاف

ضِعْف الواحد اثنان.

دوو ئەوەندەى يەك دووه.

[1033] هەردوكيان بەماناى "خوراند" دێن.

هرَش الولد رأسَهُ.

منداڵەكه سەرى خوراند.

حكَّ جسمَه بيَدِه.

جەستەى بەدەستى خوراند.

[1034]جمع خُضْر، مؤ خضراء، جمع مؤ خَضْرَاوات وخُضْر.

أحبّ اللون الأخضر كثيراً.

زۆر حەزم لەڕەنگى سەوزه.

[1035]سوق الخضار مزدحم.

بازاڕى سەوزه قەرەباڵغه.

[1036]جمع فَواكِه

يحبّ الأطفال أكل الفاكهة.

منداڵ حەزى لەخواردنى ميوەيه.

[1037]جمع الجمع طَحَالب

البركة مليئة بالطَّحالب.

.400 (عَجْماء)، (بَهيمة) هەردوكيان ئاژەڵ[1038]

(ابْن آوى)یە بەمانای چەقەڵ[1039]

.401 (جرَفَ) راماڵی[1040]، (جارِف) راماڵەر[1041]

(أعْسَر) واتە سەخت، وەك (أيسَر) چەپلەر[1042]

.402 (كالَ) "پێوا"یە[1043]، (مِكيال)یش پێوەر[1044]

گۆمەكە پڕە لەقەوزە.

[1038] جمع عجماء: عَجْمَاوَات. جمع بهيمة: جمع بهائم

لا تؤذي العجماء.

ئازاری ئاژەڵ مەدە.

كان الإقطاعيون يعاملون الفلاحين معاملة البهائم.

دەرەبەگەكان وەك ئاژەڵ رەفتاريان لەگەڵ جوتيارەكاندا دەكرد.

[1039] ج: بَناتُ آوى

ابن آوى في المنام رجل يمنع الحقوق عن أربابها.

چەقەڵ لەخەودا پياوێكە كە ماف نادات بە خاوەنەكانی.

[1040] جرَفَ يَجرُف ، جَرْفًا ، فهو جارِف ، والمفعول مَجْروف.

جرَف الثُّلوج عن طريق المارّة.

بەفرەكەی لەسەر رێگای رێبواران راماڵی.

[1041] بكەری (جرفَ)یە.

قتله سيلٌ جارف.

لافاوێكی راماڵەر كوشتی.

[1042] واتە وشەی (أعْسَر) بەمانای سەخت دێت، هەروەها موراديفی (أيسَر)يشە كە بەمانای چەپلەر دێت.

أمضيت يوماً أعْسَراً.

رۆژێكی سەختم بەڕێكرد.

ولدي أعسر.

كوڕەكەم چەپلەرە.

خطّ الأيسر أجمل من نظيره الأيمن.

نوسينی چەپلەر لە هی راستلەر جوانترە.

[1043] كالَ يَكِيل ، كِلْ ، كَيْلاً ، فهو كائِل ، والمفعول مَكيل

كال الحُبُوبَ.

(نَقّار) وەك (قَرّاع) مانای داركونكەر[1045]

403. (حَفْنَة) واتە مشت، هەم مانای كۆمەڵ[1046]

(واقعَ)و (جامعَ) جوتبوو لەگەڵ[1047]

404. (عطّار) بۆنفرۆش، هەم هی بەهارات[1048]

دانەوێڵەكەی پێوا. واتە بۆ ئەوەی بزانێت چەند كیلۆگرامە یان چەند تەنەكەیەو هتد...

[1044] جمع مَكاييل

مِكيالك لا يعمل بشكل جيّد.

پێوەرەكەت بە باشی كارناكات.

[1045] مەبەستم لەوشەی (داركونكەر) لێرەدا (داركونكەرە)يە كە باڵندەيەكی بەناوبانگە، بەڵام لەبەر زەروراتی شيعر بزوێنی كۆتاييەكەم لابردووە.

عندما يقوم النقّار الأخضر بحفر عشّه فإن سرعة عمله تصل إلى 100 كيلومتر في الساعة.

كاتێك داركونكەرەی سەوز هەڵكەندنی هێلانەكەی ئەنجامدەدات، خێرايی كارەكەی دەگاتە 100 كيلۆمەتر لەكاژێرێكدا.

القرّاع طائر عجيب.

داركونكەرە باڵندەيەكی سەيرە.

[1046] جمع حَفَنات وحَفْنات

احتفظ في غربته بحفنة من تراب بلده.

لە غەريبايەتييەكەيدا مشتێك خۆڵی وڵاتەكەی پێبوو.

قُتل بعد هجوم من قبل حُفنة من المشاغبين.

پاش هێرشێكی كۆمەڵێك گێرەشێوێن، كوژرا.

[1047] جوتبوو لەگەڵ: سێكسی كرد لەگەڵ.

واقع الرَّجلُ زوجتَه.

پياوەكە جوتبوو لەگەڵ ژنەكەيدا.

لا تجامع زوجتك فی النهار.

لەڕۆژدا لەگەڵ ژنەكەت جوت مەبە.

[1048] بەمانای بۆنفرۆش و بەهاراتفرۆشيش دێت. بۆنفرۆش= عەترفرۆش.

نشتري البُخورَ من عند العطّار.

بوخورد لەلای بۆنفرۆش دەكڕين.

كان العطّار رجلاً متبسماً.

بەهاراتفرۆشەكە پياوێكی دەم بەخەندە بوو.

(لِقاء) دیداره، کۆکەی (لِقاءات)[1049]

.405 (حِزام) و (زُنّار) هەردوو پشتێنه[1050]

(مِطفأة) مانای (ئاگرکوژێن)ه[1051]

.406 (صَعید) واته ئاست، وەك (تُراب)یش خۆڵ[1052]

(نَغیل)و (نَغِل) هەردوو مانای زۆڵ[1053]

.407 (خادِم) خزمەتكار، جەمعەكەی (خُدّام)[1054]

[1049] كشف سرّاً عظیماً في لِقاء صحفيّ.

لەدیدارێكی رۆژنامەوانیدا نهێنییەكەی گەورەی ئاشكراكرد.

[1050] هەردوكیان بەمانای پشتێن دێن.

شدَّ المقاتلُ حِزامه.

جەنگاوەرەكه پشتێنەكەی تونكرد.

زُنّارك جمیل.

پشتێنەكەت جوانه.

[1051] جمع مطافِئُ

ئاگركوژێن: ئامێری ئاگركوژاندنەوه.

هل عندك مِطفأة في البیت؟

ئایا لەماڵەوه ئاگركوژێنت هەیه؟

[1052] واته وشەی (صعید) بەمانای ئاست دێت، هەروەها وەك (تراب)یش بەمانای خۆڵ دێت. بەڵام جیاوازییەكەی بچوك هەیه. (تراب) بەمانای خۆڵ دێت بەگشتی، بەڵام (صعید) بەمانای خۆڵێك دێت كه پاك بێت.

أدینت الجریمة على الصَّعید المحليّ والعالميّ.

تاوانەكه لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی، ئیدانەكرا.

تَیَمَّمُوا بالصَعِید.

به خۆڵ تەیەموم بكه.

لا یملأ عینه إلا الترابُ.

جگه لەخۆڵ هیچ شتێك چاوی پڕناكات.

[1053] هو وَلَدٌ نَغِلٌ، لا یعرف أحد أباه.

ئەو كوڕێكی زۆڵه، هیچ كەسێك باوكی ناناسێت.

الطفل النغیل غیر مذنب.

منداڵی زۆڵ بێگوناهه.

(لَكِنْ)، (لَكِنَّ)، (إِنَّمَا) بەڵام[1055]

.408 (وَقِحْ) چیە؟ چەقاوەسوو[1056]

(باتَ و (أصبحَ) هەردوو واتە بوو[1057]

.409 (وَرَقْ) گەڵایە[1058]، (بُرْعُم)یش چرۆ[1059]

[1054] جگە لە (خُدّام) بە (خادمون) و (خَدَم) و(خَدَمة)ش كۆدەكرێتەوە.

مۆ خادم وخادمة.

المال خادم جيد، وسيد رديء.

سامان خزمەتكارێكی باش و گەورەیەكی خراپە.

[1055]هەرسێكیان بەمانای بەڵام دێن.

تلبّدت الغيوم لكن الجوُّ معتدل.

هەورەكان رەوینەوە، بەڵام كەشوهەوا مامناوەندە.

الفتاة جميلة جداً، لَكِنَّ خطيبها غير وسيم.

كچەكە زۆر جوانە، بەڵام دەزگیرانەكەی قۆز نیە.

عملك جيد، إنّما دافعك غير واضح.

كارەكەت باشە، بەڵام پاڵنەرەكەت رون نیە.

[1056]جمع وقِحون ووُقْح ووُقُح.

هو شخصٌ وقِحٌ، لا يحترم الشيوخ.

ئەو كەسێكی چەقاوەسووە، رێز لەپیر ناگرێت.

[1057] لەم مانایەدا موراديفن.

بات الأمرُ معلومًا.

كارەكە بووە كارێكی زانراو. واتە كارەكە زانرا.

أصبح الحقُّ واضحًا.

راستی بووە شتێكی روون. واتە راستی رونبووەوە.

[1058]الجمع : أَوراقٌ و وراقٌ. مفرد وَرَقَة.

سقوط ورق الشجر يذّكرنا الموت.

وەرینی گەڵای دار مردنمان بیردەخاتەوە.

[1059]جمع بَراعِمُ وبراعيم

قلبه رقيق كالبُرْعُم.

دڵی وەك چرۆ ناسكە.

(مِخَخَة) مۆخە، بەڵام تاك نا كۆ[1060]

.410 (مِصْداق) بەڵگەیە، وەك (صَدوق) راستگۆ[1061]

(كَذّاب) درۆزن[1062]، (كِذْبة)یە درۆ[1063]

.411 (مَثَلاً) چیە؟ بۆ نمونە[1064]

(تَوْه)و (تَوَهَان) رێلێتێكچونە[1065]

.412 (داهِية) زیرەك[1066]، (باقِعَة) زۆرزان[1067]

[1060] تاكەكەی (مُخّ)ە. بە (أمخاخ) و(مخاخ)یش كۆدەكرێتەوە.

المخّ هو الجزء الأكبر من الدماغ.

مۆخ گەورەترین بەشی دەماخە.

[1061] واتە (مِصْداق) بەمانای بەڵگە دێت، هەروەها موورادیفی (صَدوق)یشە كە بەمانای راستگۆ دێت.

هذا مِصْداق قوله.

ئەمە بەڵگەی قسەكەیەتی.

لا تخف من الصاحب الصَدوق.

لەهاوڕێی راستگۆ مەترسە.

زوجها مؤمن تقِيٌّ مِصْداق.

مێردەكەی بڕواداڕێكی لەخواترسی راستگۆیە.

[1062] {وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ}

بێباوەڕەكان وتیان ئەمە جادوگەرێكی درۆزنە.

[1063]جمع كِذْبات

كِذْبة إبريل الماضي أخافت الكثير من الناس.

درۆكەی نیسانی رابردوو زۆر كەسی ترساند.

[1064] ماذا سيكون ردك لو بصق أحد بوجهك مَثَلاً.

كاردانەوەت چی دەبێت ئەگەر بۆ نمونە یەكێك تف لەدەموچاوت بكات.

[1065] هەردوكیان چاوگی (تاهَ)ن.

قد يكون التوه عقوبة من عند الله.

دەكرێ رێلێتێكچون سزایەك بێت لەلایەن خوداوە.

للتَوَهَان علاقة بالذاكرة.

رێلێتێكچون پەیوەندی بە یادگاوە هەیە.

[1066] جمع أدهياء ودواهٍ (لغير العاقل)

(شَجَر) درەختە[1068]، (غابَة) دارستان[1069]

413. (ضَيْر)و (ضَرَر) زیان، كۆی دووەم (أضرار)[1070]

(سَمسَم) ڕێوییە، دێش بەمانای ژار[1071]

414. (خلِقَ)و (رَثَّ) هەردوكیان كۆنبوو[1072]

ئەم وشەیە بۆ نێرو مێش بەكاردەهێنرێت.

يرأس المجموعة رجل داهية.

پیاوێكی زیرەك سەرۆكایەتیی گروپەكە دەكات.

[1067] الجمع : بواقع

لا تصدّق الرجل الباقعة.

بڕوا بە پیاوی زۆرزان مەكە.

[1068] جمع الجمع أشجار،مفرد شجرَة

لا أحب شجَر التفَّاح.

حەزم لەدرەختی سێو نیە.

[1069] جمع غابات وغاب

تعيش الحيوانات المفترسة في الغابة.

گیاندارە دڕندەكان لەدارستاندا دەژین.

[1070]واتە ئەو دوو وشەیە بەمانای زیان دێن، كۆی وشەی دووەمیشیان كە (ضَرَر)ە، (أضرار)ە.

أَصَابَهُ ضَيْرٌ مِنْهُ.

لەلایەن ئەوەوە زیانێكی پێگەیشت.

أحدثت الحرائقُ أضرارًا جسيمة في البيوت.

ئاگرەكان زیانگەلێكی گەورەیان بەماڵەكە گەیاند.

[1071]دوان لەماناكانی ڕێوی و ژارن. ژار= ژەهر. واتە لەم دوو مانایەدا موورادیفی (ثعلب)و (سمّ)ە.

السَّمْسَمُ يأكل الدجاج.

ڕێوی مریشك دەخوات.

لا تلمس السَّمْسَم.

دەست مەدە لەژەهرەكە.

[1072] خلِقَ الثَّوبُ.

جلوبەرگەكە كۆنبوو.

رَثَّ قميصه بعد يومين فقط من إرتداءه بسبب عمله المرهق.

(تاهَ) بەمانای ڕێگەی لێتێکچوو[1073]

415. (أجنبيّ) چیه؟ واته بێگانه[1074]

(نشَدَ) گەڕابۆ، مەسدەر (نِشْدان)ه[1075]

416. (جنُبَ) چیه؟ لەشی پیسبوو[1076]

(غُلَّ)، (ظمِئَ)، (عطِشَ) تینوییبوو[1077]

417. (أعْجَم)و (أَبْكَم)، (أخْرَس) مانای لاڵ[1078]

تەنها دوو ڕۆژ پاش لەبەرکردنی، کراسەکەی بەهۆی کاره شەتەککەرەکەیەوە، کۆنبوو.

[1073] تاهَ يَتُوه، تُهْ، تَوْهًا وتَوَهَانًا ، فهو تائِه.

تاه الرجل في الجبل.

پیاوەکە لەشاخەکەدا ڕێگەی لێتێکچوو.

[1074] جمع أجانبُ، مؤ أجنبيّة، جمع مؤ أجنبيّات وأجانبُ.

لا أستخدم العملات الأجنبيّة.

دراوی بێگانه بەکارناهێنم.

[1075] واته مەسدەری کاری (نشَدَ)، (نِشْدان)ه. هەروەها (نَشْد)یش مەسدەری هەمان کاره. مەسدەر= (ع: مصدر)= چاوگ.

ضاعت سيارة الرجل فنشدها في مراكز الشرطة.

ئۆتۆمبێلی پیاوەکە ونبوو، بۆیه لەبنکەکانی پۆلیس بۆیگەڕا.

[1076] جنُبَ يَجنُب ، جَنَابةً ، فهو جُنُب.

جنُب الرجل أثناء النوم.

پیاوەکە لەکاتی نوستندا لەشی پیسبوو.

[1077] هەرسێکیان بەمانای "تینوی بوو" دێن، بەڵام ئاستی تینوێتیی (غُلَّ)و (ظمِئَ) لەوانی تر زیاتره.

غُلَّ الصائم.

ڕۆژووەوانەکە تینوی بوو.

ظمِئ الجنديُّ أثناء التدريب.

سەربازەکە لەکاتی ڕاهێناندا تینوی بوو.

عطِش من الحرِّ الشَّديد.

بەهۆی گەرمای زۆرەوە تینوی بوو.

[1078] هەرسێکیان بەمانای لاڵ دێن. لاڵ= ناگۆ.

الحيوان مخلوقٌ أعجم.

ئاژەڵ دروستکراوێکی لاڵە.

(غُلّ) کەلەپچەیە، جەمعەکەی (أَغْلال)[1079]

.418 (کمَّلَ)، (أکملَ)، (أتمَّ) تەواوکرد[1080]

(مرَّنَ) راهێنا، لەگەڵ نەرمکرد[1081]

.419 (محاشِم) ئەندام، بەس هی زاووزێ[1082]

(أوَّلُ البارِحة) بەمانای پێرێ[1083]

.420 (سیِّد) گەورەیە، لەگەڵ (بەرێز)ە[1084]

شقيقي أبكم.

براکەم لاڵە.

الإنسان الأخرس محفوظ من آفات اللسان.

مرۆڤی لاڵ لەنەخۆشییەکانی زمان پارێزراوە.

[1079] أزعج الغلّ السجين.

کەلەپچەکە زیندانییەکەی بێزارکرد.

[1080] هەرسێکیان بەمانای (تەواوکرد) دێن.

كمَّل عملَهُ بسرعة عجيبة.

کارەکەی بەخێراییەکی سەیر تەواوکرد.

{الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ}

ئەمڕۆ ئاینەکەم بۆ تەواوکردن.

أتمّ قراءة الكتاب خلال يوم واحد.

لەماوەی یەك ڕۆژدا خوێندنەوەی کتێبەکەی تەواوکرد.

[1081] کوڕەکەی لەسەر مەلەکردن راهێنا. واتە راهێنانی پێکرد لەسەر مەلەکردن.

مرَّن الجهاز الكهربائي الحديدَ بسرعة.

ئامێرە کارەباییەکە ئاسنەکەی بەخێرایی نەرمکرد.

[1082] بەمانای ئەندامی زاووزێ دێت. وشەکە کۆیە نەك تاك.

لا تظهر محاشمك الا لزوجتك.

ئەندامی زاووزێت بۆ هاوسەرەکەت نەبێت، پیشانی کەسی تری مەدە.

[1083] زارت والدتها المريضة أوَّل البارِحة.

پێرێ سەردانی دایکە نەخۆشەکەی کرد.

[1084] جمع أسْياد وسادَة، مؤ سيِّدة

(مُتزمِّت) مانای کۆنەپارێزە[1085]

.421 (شَهادة) زانین، لەگەڵ شەهیدبون[1086]

(انْبِهار) مانای هەناسەسواربون[1087]

.422 (تمرَّغَ) چیە؟ مانای خۆی گەوزان[1088]

(طَحَّان) ئاشڤانە، واتە ئاشەوان[1089]

.423 (حَلَمَ) چیە؟ خەوی بینی[1090]

محمد سیِّد عشیرته.

محەمەد گەورەی هۆزەکەیەتی.

أرسلت رسالة الى السيِّد عبدالله.

نامەیەکم نارد بۆ بەڕێز عەبدوڵڵا.

1085 واتە کەسێك توند بێت و دژی تازەکردنەوەو گۆڕانکاری بێت.

إنه رجل مُتزمِّت، لا يسمح لبناته الدراسة.

پیاوێکی کۆنەپارێزە، ڕێگەنادات کچەکانی بخوێنن.

1086 لەمانای یەکەمیاندا مورادیفی (شهِد)یەو لەمانای دووەمیاندا مورادیفی (استشهاد)ە.

يشهد الله أنا لم أره من قبل.

خوا دەزانێت کە من پێشتر ئەوم نەبینیوە.

مَنْ سَأَلَ اللهَ الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَهُ اللهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ.

هەرکەسێك بەڕاستی داوای شەهیدبون لەخودا بکات، ئەوە خودا دەیگەیەنێتە پلەی شەهیدان ئەگەرچی لەسەر جێگەی خەوتنیش بمرێت.

1087 چاوگی (انبهر)یە.

الانبهار حالة مزعجة.

هەناسەسواربون حاڵەتێکی بێزارکەرە.

1088 خۆی گەوزان= خۆی گەوزاند.

تمرَّغ على التُّراب.

لەسەر خۆڵەکە خۆی گەوزاند.

1089 كان الطَحَّان رجلاً سميناً.

ئاشەوانەکە پیاوێکی قەڵەو بوو.

1090 حلَمَ، يَحلُم، حُلْمًا، فهو حالم

حلَم الرجل فذهب مسرعاً الى عالم المدينة.

(صادفَ) واتە بەڕێکەوت بینی[1091]

424. (تَصادَفَ) مانای بەڕێکەوت بینی[1092]

(فَقْر) وەك (فاقة) واتە نەبونی[1093]

425. (اِحتقبَ) چیە؟ واتە ئەنجامدا[1094]

(مَیْسور)و (ثَريّ) هەردوکیان دارا[1095]

426. (عُلْوِيّ) ئاسمانی، هەروەها بەرزە[1096]

پیاوەکە خەوی بینی، بۆیە بەپەلە چوو بۆ لای زانای شارەکە.

[1091] صادف صديقَه في الطَّريق.

لەڕێگادا هاوڕێکەی بەڕێکەوت بینی.

[1092] تَصَادَفَ الصَّدِيقَانِ في السوق.

دوو هاوڕێکە بەڕێکەوت لەبازاڕ یەکتریان بینی.

[1093] نەبونی= هەژاری.

دفعه الفقْر إلى السفر للخارج.

هەژاری پاڵیپێوەنا کە سەفەربکات بۆ دەرەوە.

الفاقة مرض إقتصادي.

هەژاری نەخۆشییەکی ئابورییە.

[1094] احتقب الإثمَ أمام الناس.

لەبەردەم خەڵکدا گوناهی ئەنجامدا.

[1095] دارا= دەوڵەمەند.

طلب يدها رجل مَيْسور.

پیاوێکی دەوڵەمەند داوایکرد.

هل أنت ثَرِيّ؟

ئایا تۆ دەوڵەمەندیت؟

[1096] لەمانای یەکەمیاندا مورادیفی (سماويّ)یە.

رأيت في المنام نوراً عُلْوِيّاً دخل بيتي.

لەخەودا بینیم روناکییەکی ئاسمانی هاتەناو ماڵەکەمەوە.

قفز من مبنى عُلْويّ بلا خوف.

بەبێ تر لەبینایەکی بەرزەوە بازیدا.

(حَراميّ)، (سارِق)، هەروەك (لِصّ) دزە[1097]

427. (بَهاء) گەورەیی، جوانبون و جوانی[1098]

(طُول) درێژییە[1099]، (عَرْض) مانای پانی[1100]

428. (رغِبَ) چیە؟ حەزیلێکرد[1101]

(تشمَّرَ لـِ) خۆی لەبۆ هینکرد[1102]

429. (رَضیع) منداڵ و برای شیرییە[1103]

[1097] قبض الشرطيّ على الحراميّ.

پۆلیسەکە دزەکەی گرت.

عقاب السارق في الإسلام قطع اليد.

سزای دز لەئیسلامدا دەستبڕینە.

إذا تخاصم اللّصّان ظهر المسروق.

ئەگەر دوو دز ناکۆکییان کەوتە نێوان، دزراوەکە ئاشکرادەبێت.

[1098] لەمانای دووەمیاندا چاوگی (بَها)یە.

بهاء الله فوق كلّ شيء.

گەورەیی خودا لەسەروو هەموو شتێکەوەیە.

بها وجهُه حين رأى أمه.

کاتێك دایکی بینی دەموچاوی جوان بوو.

جذب بهاء العروس إنتباه الحاضرين.

جوانیی بوکەکە سەرنجی ئامادەبوانی راکێشا.

[1099] هل قست طول النافذة؟

درێژیی پەنجەرەکەت پێوا؟

[1100] عَرْضُ القطعة الأرضية قليل.

پانیی پارچە زەوییەکە کەمە.

[1101] رغِبَ، يَرغَب، رَغْبًا ورَغَبًا ورَغْبةً ورُغْبةً، فهو راغِب، والمفعول مَرْغوب.

رغِب الزواجَ وهو طالب.

کاتێك فێرخواز بوو، حەزی لەهاوسەرگیری کرد.

[1102] مەخسەوی شەریفم لە "خۆی لەبۆ هینکرد"، "خۆی لەبۆئامادەکرد"ە.

تشمّر للعمل بإخلاص.

بەدڵسۆزییەوە خۆی لەبۆ کارەکە ئامادەکرد.

(باسور) ماناکەی مایەسیرییە[1104]

430. (سَكِرَ) سەرخۆشبوو[1105]، (سَكْر) چاوگەکەی[1106]

(مُعْظَم)، (جُلّ)، (أَكثر)، وەك (أغْلب) زۆربەی[1107]

431. (خَلَقَ) دروستکرد، هەروەها هەڵبەست[1108]

[1103] بەمانای منداڵ (ی خوار تەمەن دوو ساڵ، شیرەخۆرە)و برای شیریش دێت.

تدل رؤية الرضيع في الحلم على الأخبار أو تدل على البداية الجديدة.

بینینی منداڵ (ی شیرەخۆرە) لەخەودا ئاماژەیە بۆ هەواڵ یان سەرەتایەکی نوێ.

هو رضيعي.

ئەو برای شیریمە.

[1104] جمع بَواسير.

إن الحلم بالبواسير وإجراء عملية جراحية هو مؤشر على مشكلة كبيرة يعاني منها صاحب الرؤية خلال تلك الفترة.

بینینی خەو بە مایەسیری و ئەنجامدانی نەشتەرگەری، ئاماژەیە بۆ کێشەیەکی گەورە کە خەوبینەکە لەو ماوەیەدا پێوەی دەناڵێنێت.

[1105] سكِرَ، يَسكَر، سَكْرًا وسُكْرًا، فهو سَكْران وسَكِر.

شرب الخمرَ حتى سِكر.

شەرابی خواردەوە تا سەرخۆش بوو.

[1106] واتە (سَكْر) چاوگی کاری (سَكِرَ)یە.

السكرد يقلل قيمة الإنسان.

سەرخۆشبون بەهای مرۆڤ کەمدەکاتەوە.

[1107] هەر چواریان بەمانای (زۆربەی) دێن.

ضاع مُعْظَمُ ماله.

زۆربەی سامانەکەی فەوتا.

باع الفلاحُ جُلَّ نتاجه.

جوتیارەکە زۆربەی بەرهەمەکەی فرۆشت.

{وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ}

بەڵام بێگومان زۆربەی خەڵك نازانن.

أغلبُ الناس هنا فقراء.

زۆربەی خەڵکی ئێرە هەژارن.

أغلب أحلامنا حقوق في بلاد أخرى.

زۆربەی خەونەکانمان لەوڵاتانی تردا مافن نەك خەون.

(سَدَّ)، (سكَّرَ)، (غلَقَ) داخست[1109]

432. (عَرِقَ) ماناى عارەقیکردۆ[1110]

(كُفوف) لەپی دەست، بەڵام تاك نا، كۆ[1111]

433. (مُنَظَّمة)، (تَنظيمْ)، هەردوو ڕێکخراو[1112]

(اِسم) واتە ناو[1113]، (لَقَبْ)یش نازناو[1114]

[1108] خلَقَ يَخلُق ، خَلْقًا ، فهو خالِق و خُلُوقٌ، والمفعول مَخْلوق

خَلَقَ اللهُ الإِنْسَانَ.

خودا مرۆڤی دروستکرد.

خلَق الكلامَ لزوجته.

قسەی بۆ ژنەکەی هەڵبەست.

[1109] هەرسێکیان بەمانای (داخست) دێن.

سدَّ الباب بقوة.

دەرگاکەی بەتوندی داخست.

سكَّر النافذة خوفاً من الرياح.

پەنجەرەکەی لەترسی با داخست.

غلَق الدولابَ.

دۆلابەکەی داخست.

[1110] عرِقَ يَعرَق، عَرَقًا، فهو عَرْقان.

عرەقیکردۆ= عارەقیکردەوە.

كان الجوُّ حارًّا فعَرِق.

کەشوهەوا گەرم بوو، بۆیە عارەقیکردەوە.

[1111] هەروەها بە (أكُف)یش کۆدەکرێتەوە.

انبساط الكفِّ في المنام شيء محمود.

کردنەوەی لەپی دەست لەخەودا شتێکی باشە.

[1112]هەردوکیان بەمانای ڕێکخراو دێن.

منظَّمة الأمم المتحدة مؤسسة دولية كبيرة.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی گەورەیە.

الحزب تنظيم سياسي وله أهداف متنوعة.

حزب ڕێکخراوێکی سیاسییەو چەندین ئامانجی جۆراوجۆری هەیە.

.434 (ساءَ)، (رَدُؤَ) هەردوو خراپبوو[1115]

(نحُلَ)، (هزَلَ)، (ضعُفَ) لاوازبوو[1116]

.435 (فَظّ) ماناى رەقە، كۆى (أَفظاظ)، (فِظاظ)[1117]

(ناحِل)، (مُعَرَّق) هەردوكيان لاواز[1118]

.436 (مَئُونة) چيە؟ واتە ئازوقە[1119]

[1113] جمع أسماء، جمع الجمع أساميُّ وأسامٍ.

في الجملة (مات الرجل)، كلمة (الرجل) اسم.

لەڕستەى (پياوەكە مرد)، وشەى (پياوەكە) ناوە.

[1114] جمع ألقاب

لقبُ عمر بن الخطاب الفاروقُ.

نازناوى عومەرى كوڕى خەتاب فاروقە.

[1115] ساءت أحوالُه.

بارودۆخى خراپبوو.

رَدُؤ الطَّقسُ.

كەشوهەوا خراپبوو.

[1116] نَحُلتِ الفتاةُ بعد الزواج.

كچەكە پاش هاوسەرگرى لاوازبوو.

قلَّت المراعي فهزَلت الأبقار.

لەوەڕگاكان كەميانكردووە، بۆيە مانگاكان لاوازبوون.

ضعُف الرَّجلُ بسبب المرض.

پياوەكە بەهۆى نەخۆشييەكەوە لاوازبوو.

[1117] كان فَظًّا مع زوجه.

لەگەڵ ژنەكەيدا رەق بوو.

[1118] كان ابن مسعود رجلاً رجلاً ناحلاً.

ئيبن مەسعود پياوێكى لاواز بوو.

المُعَرَّق لا يستطيع حمل الأشياء الثقيلة.

لاواز ناتوانێت شتى قورس هەڵبگرێت.

[1119] جمع مَئُونات ومُؤَن

أعطاه مئونة من الحبوب تكفيه شهرًا.

(بَرْق) بروسکە، کۆکەی (بُروق)ە[1120]

.437 (اِجترَّ)، (أعادَ) دوبارەکردۆ[1121]

(هوانِم) خاتون، بەڵام تاك نا، کۆ[1122]

.438 (اِجترَّ) چیە؟ کاوێژیکرد[1123]

(أَرْغَمَ)، (أَجْبَرَ)، (جبرَ) ناچارکرد[1124]

ئازوقەی دانەوێڵەی بەشی مانگێك پێدا.

1120 لَمَع البَرْق قبيل سقوط الأمطار.

پێش بارانبارینەکە بروسکەکە درەوشایەوە.

1121 اجترَّ يجتَرّ ، اجْتَرِرْ / اجْتَرَّ ، اجترارًا ، فهو مُجْتَرّ ، والمفعول مُجتَرّ.

أعادَ يُعيد ، أَعِدْ ، إعادةً ، فهو مُعيد ، والمفعول مُعاد.

اجترَّ الكلامَ مراراً.

چەندین جار قسەکەی دوبارەکردەوە.

أعاد السؤال لمدرسه.

دوبارەکردۆ= دوبارەکردەوە.

پرسیارەکەی بۆ مامۆستاکەی دوبارەکردەوە.

1122 تاکەکەی (هانِم)ە.

لهوانم القصر صلاحيات كثيرة.

خاتونەکانی کۆشك دەسەڵاتی زۆریان هەیە.

1123 اجترَّ يجتَرّ، اجْتَرِرْ / اجْتَرَّ ، اجترارًا ، فهو مُجْتَرّ ، والمفعول مُجتَرّ

اجترَّ البعيرُ.

حوشترەکە کاوێژیکرد.

1124 أرغمه على الاستسلام.

ناچاریکرد خۆی رادەستبکات.

أجبره على الموافقة.

ناچاریکرد رازی ببێت.

لم يستجب إلى طلب أمّه فجبره أبوه عليه.

وەڵامی داواکارییەکەی دایکی نەدایەوە، بۆیە باوکی ناچاریکرد کە بیکات.

أن تحبني أنت مخير، أن تحترمني أنت مجبر لا مخير. محمد علي كلاي

ئازادی لەوەی خۆشتدەوێم یان نا، بەڵام ناچاریت رێزم بگریت!

.439 (زَوْبَعَة)و (إِعصار) گێژەڵوکە[1125]

(دُون)، (دَنِيء)، (حَقير)، وەك (وَضيع) سوکە[1126]

.440 (حفَّ)و (قصَّرَ) کورتکردەوە[1127]

(مِن كَثَبْ) واتە لەنزیکەوە[1128]

.441 (سيَّبَ)، (ترَكَ) وازیلێهێنا[1129]

[1125] جمع زَوْبَعَة: زَوْبَعات وزَوابِعُ

جمع إِعصار: أعاصرُ وأعاصيرُ.

اقتلعت الزَّوْبَعة الأشجار من أصولها.

گێژەڵوکەکە درەختەکانی لەبنەڕەتەوە هەڵکێشا.

إعصار شديد هزّ المنطقة.

گێژەڵوکەیەکی توند ناوچەکەی هەژاند.

[1126] هەرچواریان بەمانای سوك دێن. سوك بەمانای خوێری و هیچ و پوچ، حاشا حازری!!!

جمع دنیء: أدْناء وأَدْنِياء ودُنَئاءُ ودنيئون (للعاقل)، مؤ دنيئة، جمع مؤ دنيئات (للعاقل) ودَنايا.

جمع حقير: حِقار وحُقَراء

جمع وضيع: وُضعاء

زوجها رجل دون، طلب العلاقة من نساء كثيرات.

مێردەکەی پیاوێکی سوکە، داوای پەیوەندی لەزۆر ژن کردووە.

لا تصاحب الأدناء.

هاوڕێیەتی سوکەکان مەکە.

لا تطلب المساعدة من الرجل الحقير.

داوای یارمەتی لەپیاوی سوك مەکە.

الانسان الوضيع ليست له قيمة داخل المجتمع.

مرۆڤی سوك لەناو کۆمەڵگادا نرخی نیە.

[1127] حفَّ شاربَه قبيل حفلة الزفاف.

ماوەیەکی کەم پێش ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە، سمێڵی کورتکردەوە.

الحديث الحلو يقصِّرالليالي.

قسەی شیرین شەوگار کورتدەکاتەوە.

[1128] فحص مادّةَ السِّلعة من كَثَب.

ماددەی کاڵاکەی لەنزیکەوە پشکنی.

(كَمِهَ) كوێربوو[1130]، (أكْمَه) نابینا[1131]

442. (رَصَدَ) تۆماركرد، هەم چاودێریكرد[1132]

(زَلَمَ) هەڵەیكرد، وەك (مَلأَ) پڕكرد[1133]

443. (مُمرِّض) چیە؟ واتە پەرستار[1134]

1129 هەردوكیان بەمانای (وازیلێهێنا) دێن.

فتح الولدُ القفصَ وسيّب الطَّائرَ.

منداڵەكە قەفەزەكەی كردەوەو وازی لەباڵندەكە هێنا.

ترَك عملَه القديم وبحث عن عمل آخر.

كارە كۆنەكەی وازلێهێناو گەڕا بەدوای كارێكی تردا.

1130 كمِهَ يَكمَه ، كَمَهًا ، فهو أكمَهُ

كمِهَ زوجها في الحادثة.

مێردەكەی لەڕوداوەكەدا كوێربوو.

1131 جمع كُمْه، مؤ كَمْهاءُ، جمع مؤ كَمْهاوات وكُمْه.

زیاتر بەمانای نابینایەك دێت كە لەزگماكەوە نابینا بوبێت.

الرجل الأكمه أذكى من نظيره البصير.

پیاوی نابینا لەهاوتا چاوساخەكەی زیرەكترە.

1132 رصَدَ يَرصُد ، رَصْدًا ورَصَدًا ، فهو راصد ، والمفعول مَرْصود.

رصَد الكاتب الأحداثَ بدقّة.

نوسەر روداوەكانی بەوردی تۆماركرد.

رصَد الجاسوس العَدُوَّ لمدّة طويلة.

سیخوڕەكە بۆ ماوەیەكی زۆر چاودێری دوژمنی كرد.

1133 واتە وشەی (زَلَمَ) بەمانای هەڵیكرد دێت، سەرباری ئەوەش موردایفی وشەی (مَلأَ)یە كە بەمانای پڕكرد دێت.

زَلَمَ التِّلْميذُ.

قوتابییەكە هەڵەیكرد.

زَلَمَ الإناءَ الماء.

دەفرەكەی پڕكرد لەئاو.

العدو مَلأَ المنطقة الخوف و الرّعب.

دوژمن ناوچەكەی پڕكرد لەترس و تۆقین.

1134 زوجها ممرِّض ماهِر.

(وَجَعْ) و (أَلَمْ)، هەم (رَدْح) ئازار[1135]

.444 (أَشَدَّ) چیە؟ واتە باڵقبوو[1136]

(راحَ وَجاءَ) ماناى دودڵبوو[1137]

.445 (حَریم) پیرۆزە، کۆکەى (أحْرام)ە[1138]

جڕوجانەوەر ماناکەى (هامَّة)[1139]

.446 (رُتْبة) پلەیە[1140]، (رَتیب) پلەدار[1141]

مێردەکەى پەرستارێکى لێهاتووە.

[1135](وَجَعْ) بەماناى ئازار دێت بەگشتى، (أَلَمْ) بەماناى ئازارێك دێت کە توند بێت. (رَدْح)یش بەماناى ئازارێك دێت کە سوك بێت.

وَجَع الأسنان مزعج جداً.

ئازارى ددان زۆر بێزارکەرە.

هل عانیت من أَلَم الولادة؟

ئایا ئازارى منداڵبونت چەشتووە؟

لا تخف من ردح المرض.

لەئازارى نەخۆشییەکە مەترسە.

[1136] أشدَّ يُشدّ ، أشْدِدْ / أشِدَّ ، إشدادًا ، فهو مُشِدّ

أشدَّ الصبيّ.

منداڵەکە باڵقبوو.

[1137] راح وجاء ولم يجب إجابة واضحة.

دودڵبوو و وەڵامێکى رونى نەدایەوە.

[1138] هەروەها بە (حرائم) و (حُرُم)یش کۆدەکرێتەوە.

المسجد حريم، فلا تتحدث فيه بغير ما أحلّه الله.

مزگەوت پیرۆزە، هیچ قسەیەکى تێدا مەکە جگە لەوەى خودا حەڵاڵى کردووە.

[1139] جمع هَوامّ.

رشَشْتُ دواءً قاتلاً لهوامّ البيت.

دەرمانى بکوژى جڕوجانەوەرى ماڵم، رشت.

[1140] جمع رُتُبات ورُتْبات ورُتَب

ما هي رُتبتك في الجيش؟

پلەت لەسوپادا چیە؟

[1141] شقيقى جُنْدِيٌّ رَتِيبٌ.

(عائِل) خێزاندار، هەروەها هەژار[1142]

447. (حاشَ) واتە گرت[1143]، (حَوْش)و (مَسْك) گرتن[1144]

(سابَ) پشتگوێخست[1145]، (سَیْب) پشتگوێخستن[1146]

448. (عَتَمَ)، (أَظْلَمَ) مانای تاریکبوو[1147]

(عَطِبَ)، (فسُدَ)، (تَلِفَ) خراپبوو[1148]

براکەم سەربازێکی پلەدارە.

1142 الجمع : عَالَةٌ ، عُيَّلٌ ، عَيْلَى ، عَائِلاَتٌ

شقيقي الصغير رَجُلٌ عَائِلٌ.

برابچوکەکەم پیاوێکی خێزاندارە. خێزاندار بەمانای هەبونی منداڵی زۆر.

إنّه رجل عائل صبور.

بەڕاستی پیاوێکی هەژاری ئارامگرە.

1143 حاشَ يَحُوش ، حُشْ ، حَوْشًا ، فهو حائش ، والمفعول مَحوش

حاش اللِّصَّ.

دزەکەی گرت.

1144 (حَوْش) چاوگی (حاشَ)یە.

حَوْش السارق في البيت ظاهرة.

گرتنی دز لەماڵدا دیاردەیە.

مسك المجرمين من قبل الشرطة عمل هيّن.

گرتنی تاوانباران لەلایەن پۆلیسەوە کارێکی ئاسانە.

1145 سابَ يَسيب ، سِبْ ، سَيْبًا وسَيَبانًا ، فهو سائب ، والمفعول مَسيب

ساب صديقَه بعد الحادثة.

پاش روداوەکە هاوڕێکەی پشتگوێخست.

1146 چاوگی (سابَ)یە.

سيب الصديق في الشدائد عمل غير إنساني.

پشتگوێخستنی هاوڕێ لەتەنگانەدا کارێکی نامرۆڤانەیە.

1147 عتَم اللَّيلُ.

شەو تاریکبوو.

أظلم المَكان فخاف الأطفال.

شوێنەکە تاریکبوو، بۆیە منداڵەکان ترسان.

449. (شَدّ) بەستنەوەیە[1149]، (شَدَّ)ش بەستەوە[1150]

(راقَ) هەم (صفَا) مانای رونبووەوە[1151]

450. (أَدِيم)و (جِلْد) پێست، کۆی (جِلْد)، (أَجلاد)ە[1152]

(مُعقَّد) ئاڵۆز[1153]، (بَسيط)ە سادە[1154]

[1148] عَطِبَتِ الفَاكِهَةُ.

میوەکە خراپبوو.

فسُدَ الطَّعامُ، فلم يأكله أحد.

خواردنەکە خراپبوو بۆیە کەس نەیخوارد.

تتلف كميّات كبيرة من الفواكه أثناء نقلها.

بڕێکی زۆر میوە لەکاتی گواستنەوەیدا خراپدەبێت.

[1149] چاوگی (شدَّ)یە.

شدّ الأسير بالشجرة عمل غير إنساني.

بەستنەوەی دیل درەختەوە کارێکی نامرۆڤانەیە.

[1150] شدَّ شَدَدْتُ، يَشُدّ، اشْدُدْ/ شُدّ ، شَدًّا ، فهو شادّ ، والمفعول مَشْدود.

شدَّ طفله المزعج.

منداڵە بێزارکەرەکەی بەستەوە.

[1151] راق الشَّرابُ.

خواردنەوەکە رونبووەوە.

صفا الماءُ بعد ساعة من إخراجه من البئر.

پاش کاژێرێك لەدەرهێنانی لەبیرەکە، ئاوەکە رونبووەوە.

[1152](جِلْد) بە (جُلود)یش کۆدەکرێتەوە.

أَدِيم الكلب خشن.

پێستی سەگەکە زبرە.

الجلد يحمي الجسم من المؤثرات الخارجية.

پێست جەستە لەکارتێکەرە دەرەکییەکان دەپارێزێت.

[1153]سؤالك مُعقَّد، هل تستطيع تسهيله؟

پرسیارەکەت ئاڵۆزە، دەتوانیت ئاسانی بکەیت؟

[1154] جمع بسيطون وبسطاء وبُسُط (لغير العاقل)، مؤ بسيطة، جمع مؤ بسيطات وبَسائِطُ.

الكتاب بسيط و يفهمه الجميع.

.451 (اِنبَسَطَ) ماناى بڵاوبويەوە[1155]

(ضَمَّ) (يەكخست)ە، لەگەڵ دورييەوە[1156]

.452 (برَكَ)، (واظَبَ) بەردەوامبوو[1157]

(اِنبَسَطَ)، (سُرَّ) هەردوو خۆشحاڵبوو[1158]

.453 (نحِلَ) لاوازبوو[1159]، (نُحول) لاوازبون[1160]

(عارِض) كۆسپ، لاجان، كۆكەى (عارِضون)[1161]

پەڕتوكەكە سادەيەو هەموان لێى تێدەگەن.

1155 انبسط الشُّعاعُ.

تيشكەكە بڵاوبويەوە.

1156 ضَمَّ ضَمَمْتُ ، يَضُمّ ، اضْمُمْ / ضُمَّ ، ضَمًّا ، فهو ضامّ ، والمفعول مَضْموم وضمي.

ضمَّ صُفوفَ الحزب مرة أخرى.

جارێكى تر ريزەكانى حزبەكەى يەكخستەوە.

ضمَّ القمحَ.

گەنمەكەى دورييەوە.

1157 برَك على العمل لمدة خمس سنوات.

بۆ ماوەى پێنج ساڵ لەسەر كارەكە بەردەوامبوو.

واظب الشَّابُّ على رياضته المفضَّلة.

گەنجەكە لەسەر وەرزشە دڵخوازەكەى بەردەوامبوو.

1158 انبسط بنجاح ولده.

بە سەركەوتنى كوڕەكەى خۆشحاڵبوو.

سُرَّ بزيارة صديقه.

بە سەردانى هاوڕێكەى خۆشحاڵبوو.

1159 نحِلَ ينحَل ، نُحولاً ، فهو ناحِل

نحِل الرجل بعد إصابته بالسرطان.

پاش توشبونى بە شێرپەنجە، پياوەكە لاوازبوو.

1160 للنحول أسباب عديدة.

لاوازبون چەندين هۆكارى هەيە.

1161 بە (عَوارض)يش كۆدەكرێتەوە.

لاجان= لاجانگ.

.454 (رَوَاح) ئێواره، هەم بۆنکردنە[1162]

(فَشْر)وەك (كَذِبْ) درۆکردنە[1163]

.455 (زاندان) بەمانای بازوو و باسکە[1164]

(سمكُ التُّرْس)ە ماسییەپانکە[1165]

.456 (قَدَحَ)، (طَعَنَ) تانەیلێدا[1166]

حدث له عارِضٌ منعه من الحضور.

توشی کۆسپێك بوو کە نەیهێشت ئامادەبێت.

تستطيع تخمين عمره عن طريق عارضيه.

لەڕێگەی لاجانگەکانییەوە دەتوانیت تەمەنی بخەملێنیت.

[1162] لەمانای دووەمیاندا چاوگی (راحَ)یە.

رواح اليوم غير حارّ.

ئێوارەی ئەمڕۆ گەرم نیە.

رواح الورود ألذّ من قفطها.

بۆنکردنی گوڵ لەچنینی بەچێژترە.

[1163] الفشر حرام.

درۆکردن حەرامە.

الكذب ذنب كبير.

درۆکردن گوناهێکی گەورەیە.

[1164] اعتمد على زانديك.

پشت بە باسك و بازوی خۆت ببەستە.

[1165] ماسییەپانکە: جۆرە ماسییەکی گەورەیە.

سمكُ التُّرْس لذيذ ولكنه غالِ.

ماسییە پانکە بەچێژە بەڵام گرانە.

[1166] قدَحَ يَقدَح قَدْحًا، فهو قادح، والمفعول مَقْدوح.

طعَنَ يَطعَن ويطعُن، طَعْنًا وطَعَنَانًا، فهو طاعِن، والمفعول مطعون وطعين.

قَدَحَ فِي عِرْضِ عدوه.

تانەیدا لەئابڕوی دوژمنەکەی.

قدحت المعارضة في نتائج الانتخابات.

ئۆپۆزسیۆن تانەیدا لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

(سابَّ) هەم (سَبَّ) جوێنیپێدا[1167]

457. (مُجَلَّد) بەرگە، هەروەها پەڕتوك[1168]

(شَرْشَرَة) داسە، بەڵام هی بچوك[1169]

458. (كَهرَبَ) چیە؟ كارەبای لێدا[1170]

(سدَحَ) مانای دای بەزەویدا[1171]

459. (حُمَيْراء) چیە؟ تای پەتاییە[1172]

1167 سابَّ زميلَه في الشركة.

جوێنیدا بە هاوكارەكەی لەكۆمپانیا.

انتقده ولكن لا تسبّه.

رەخنەی لێبگرە، بەڵام جوێنی پێمەدە.

1168 جمع مُجلّدات.

بەرگ بەمانای بەشی كتێب.

صدر المعجم في ثلاثة مجلَّدات.

فەرهەنگەكە لەچوارچێوەی سێ بەرگدا دەرچوو.

له مُجلّدات عديدة حول السرطان.

چەندین كتێبی هەیە سەبارەت بە شێرپەنجە.

1169 بەمانای داسی بچوك دێت.

حصد الفلاحُ واحته الصغيرة بالشّرشرة.

جوتیارەكە مێرگە بچوكەكەی بە داسە بچوكەكە دورییەوە.

1170 كهربَ يكهرب ، كَهْرَبَةً ، فهو مُكهرِب ، والمفعول مُكهرَب

كهرب الجهازَ.

كارەبایدا لەئامێرەكە.

1171 سدَحَ سدْحًا

سدح منافسه خلال أقل من دقيقة.

لەماوەی كەمتر لەخولەكێكدا ركەبەرەكەی دا بەزەویدا.

1172 تای پەتایی: جۆرە نەخۆشییەكی گوازراوەیە.

أصاب الطفل بالحُمَيْراء، فلا تقترب منه.

منداڵەكە توشی تای پەتایی بووە، بۆیە لێی نزیك مەبەرەوە.

(اِرتعشَ)یە مانای (لەرزی)یە[1173]

.460 (هوَّشَ) واتە ئاژاوەی نایۆ[1174]

(مَبارِم) تەشی، بەڵام تاك نا، كۆ[1175]

.461 (ركَبَ) چیە؟ لێیدا بە ئەژنۆ[1176]

(تُروس)، (تِرَسة) قەڵغان، بەڵام كۆ[1177]

.462 (سَرِیرة) چیە؟ مانای نهێنی[1178]

(شافَ) سەیركرد، هەروەها بینی[1179]

[1173] ارتعش الجبان.

ترسنۆكەكە لەرزی.

[1174] ئاژاوەی نایۆ= ئاژاوەی نایەوە.

لا تهوِّش بین المؤمن وأخیه.

ئاژاوە لەنێوان بڕوادارو براكەیدا مەنێرەوە.

[1175] تاكەكەی (مِبْرَم)ە.

اشترت مِبرمًا لغزل الصوف.

تەشییەكی كڕی بۆ رستنی خوری.

[1176] ركَبَ یَركُب ، رَكْبًا ، فهو راكِب ، والمفعول مَرْكوب

لێیدا بە ئەژنۆ: بە ئەژنۆ لێیدا.

ركَب اللاّعبُ منافِسَه.

یاریزانەكە بە ئەژنۆ دای لەڕكەبەرەكەی.

[1177] واتە هەردوكیان بەمانای قەڵغان دێن، بەڵام وشەكان كۆن نەك تاك. تاكەكەیان (تُرْس)ە.هەروەها بە (أتْراس) و(تِراس) و(تُرُس)یش كۆدەكرێتەوە.

كان والدي یصنع التروس للمجاهدین.

باوكم قەڵغانی بۆ خەباتكاران دروستدەكرد.

الترسة مستعدة لتوزیعها على المقاتلین.

قەڵغانەكان ئامادەن بۆ دابەشكردن بەسەر جەنگاوەراندا.

[1178] جمع سَرائِر

إنّ الله مطّلع على سریرتك.

بێگومان خودا ئاگاداری نهێنییەكەتە.

463. (صرَخَ) قیژاندی[1180]، (صُراخ) قیژاندن[1181]

(کسَرَ) شکاند[1182]، (کَسْر) شکاندن[1183]

464. (لَعب) وەك (لِعب) یاریکردنە[1184]

(نوّمَ) خەواند[1185]، (نومْ)یش خەوتنە[1186]

[1179] شافَ یَشُوف ، شُفْ ، شَوْفًا ، فهو شائف ، والمفعول مَشُوف.

بەمانای (سەیرکردو بینی) دێت.

شافَ الحادثَ بنفسه.

خودی خۆی سەیری روداوەکەی کردو بینی.

[1180] صرَخَ يَصرُخ ، صُراخًا وصَريخًا ، فهو صارخ وصريخ.

الفتاة إنسان يصرخ إذا رأى فأراً ويبتسم إذا رأى ذئباً!

کچ مرۆڤێکە کاتێك مشکێك دەبینێت دەقیژێنێت، کاتێکیش گورگێك دەبینێت زەردەخەنەدەکات!

[1181] چاوگی (صرَخَ)یە.

صُراخ الأب بوجه إبنه الرضيع عمل غير إنساني.

قیژاندنی باوك بەڕوی منداڵە شیرەخۆرەکەیدا کارێکی نامرۆڤانەیە.

[1182] كسَرَ يَكسِر ، كسْرًا ، فهو كاسِر ، والمفعول مَكْسور وكَسِير.

كسَر الطفل الزّجاجَ.

منداڵەکە شوشەکەی شکاند.

[1183] كسر القلب جرح لا يندمل بسهولة.

شکاندنی دڵ برینێکە بە ئاسانی سارێژنابێت.

[1184] چاوگی (لعِبَ)ن.

لا يتوقف الناس عن اللَعب لأنهم كبروا، بل يكبرون لأنهم توقفوا عن اللعب.

خەڵك لەبەرئەوە واز لەیاریکردن ناهێنن کە پیربون، بەڵکو پیربون لەبەرئەوەی وازیان لەیاریکردن هێنا. واتە هۆکاری وازهێنان لەیاریکردن پیربون نیە، بەڵکو هۆکاری پیربون وازهێنانە لەیاریکردن.

اللِعْب بالنار عمل خطير.

یاریکردن بە ئاگر کارێکی مەترسیدارە.

[1185] نوَّم السّاحرُ الفتاةَ.

جادوگەرەکە کچەکەی خەواند.

[1186] چاوگی (نامَ)یە. خەوتن= نوستن.

من رأى في المنام أنه مات في نومه من غير مرض ولا هيئة من يموت فإنه تطول حياته.

465. (مجتمع) چیه؟ واته کۆمەڵگا[1187]

(مريض) نەخۆشە، جەمعەکەی (مرضى)[1188]

466. (ابتسمَ) چیه؟ زەردەخەنەیکرد[1189]

(صدَّق بـِ) باوەڕیپێکرد[1190]

467. (هل تعلمْ) چیه؟ ئایا دەزانی؟[1191]

(استطاع)یە بەمانای توانی[1192]

468. (سعادة) چیه؟ بەختەوەری[1193]

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی لەکاتی نوستندا مرد بەبێ بونی نەخۆشی یان شێوەی کەسێك کە دەمرێت، ئەوە ژیانی درێژدەبێت.

[1187] مشكلة الآباء الأساسية في مجتمعاتنا المعاصرة هي أنهم يريدون أن يكون أبناؤهم دائماً مدينون لهم.

کێشەی بنچینەیی باوکانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانمان ئەوەیە کە دەیانەوێت منداڵەکانیان هەمیشە قەرزارباریان بن.

من عادات وتقاليد مجتمعنا انه عندما تكون فاسقاً يقولون اللهم اهديه. وعندما يهديك الله يقولون هذا كان اكبر فاسق.

خودایە هیدایەتی بدەیت، کاتێکیش خودا هیدایەتت دەدات، دەڵێن: ئەو کەسە پێشتر گەورەترین گوناهکار بوو!!!

[1188] من رأى أنه يعض أنامله في المنام فإن كان مريضاً مات.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی سەرپەنجەی خۆی دەگەزێت، ئەو کەسە ئەگەر نەخۆش بوو، ئەوە دەمرێت.

[1189] يوجد دائماً من هو أشقى منك، فابتسم.

هەمیشە کەسێك هەیە کە لەتۆ بەدبەختترە، بۆیە زەردەخەنە بکە.

[1190] صدَّق بزوجته دون أي جدال.

بەبێ هیچ مشتومڕێك باوەڕی بە ژنەکەی کرد.

[1191] ئایا دەزانی؟= ئایا دەزانیت؟

هل تعلم أن عدد عظام الإنسان عند الولادة هو 270 عظمة؟

ئایا دەزانیت ژمارەی ئێسکەکانی مرۆڤ لەکاتی لەدایکبوندا 270 ئێسکن؟

هل تعلم أنه وفقًا لعلماء الفلك، يُعتقد أن عيد ميلادك يتزامن مع يوم ولادتك؟

ئایا دەزانیت کە بەگوێرەی زانایانی گەردوونناسی، لەو بڕوایەدان کە جەژنی لەدایکبونت ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەیە کە تێیدا لەدایکبویت؟!

[1192] لا أحد يستطيع أن ينصب لك الكمائن، إلا من يعرف تحركاتك، فلا تخبر أحد بما تفكر به لتتصل بسلام.

هیچ کەسێك ناتوانێت بۆسەت بۆ دابنێت، ئەوانە نەبێت کە ئاگاداری جوڵەکانتن، بۆیە بە هیچ کەسێك مەڵێ بیر لە چی دەکەیتەوە، بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بگەیت.

الإنسان يستطيع أن يعيش حوالي شهر بدون طعام، لكنه يستطيع أن يعيش أسبوعاً واحداً فقط دون ماء.

مرۆڤ دەتوانێت نزیکە مانگێك بەبێ خۆراك بژی، بەڵام تەنها بۆ ماوەی هەفتەیەك دەتوانێت بەبێ ئاو بژی.

(وجبَ) پێویستبوو، (وجوب) مەسدەری[1194]

.469 (بیّن) چیە؟ رونکردنەوە[1195]

(أبعدَ)، (بعّدَ) دورخستەوە[1196]

.470 (حفظ) پاراست، لەگەڵ لەبەرکرد[1197]

(قضى الصلاة) واتە نوێژیکرد[1198]

.471 (كبرَ) گەورەبوو[1199]، (كبر) گەورەبون[1200]

[1193] للسعادة رافدان أزليان هما البساطة والطيبة.

بەختەوەری دوو کۆڵەکەی هەمیشەیی هەیە، ئەوانیش سادەیی و باشیین.

[1194] هەروەها (وَجْب)و (وَجْبة)و (وجِبَة)ش هەر مەسدەری هەمان کارن. مەسدەر= (ع: مصدر)= چاوگ.

وجَبَ يَجِبُ.

واحدة من أول شروط السعادة، هي أن العلاقة بين الإنسان والطبيعة يجب أن لا تُكسر.

یەکێك لەمەرجە سەرەتاییەکانی بەختەوەری بریتییە لەوەی کە پێویستە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت نەشکێنرێت.

[1195] بيَّن القائد أهمَّ أسباب الخلل في الجيش.

فەرماندەکە گرنگترین هۆکارەکانی کەموکورتییەکانی سوپاکەی رونکردەوە.

[1196] أبعدت الحكومةُ المعارِضين من السلطة.

حکومەت نەیارانی لەدەسەڵات دورخستەوە.

بعَّدَت الشرطة المواطنين عن مكان الحادث.

پۆلیس هاوڵاتیانی لەشوێنی رووداوەکە دورخستەوە.

[1197] حفِظَ يَحفَظ ، حِفْظًا ، فهو حافظ وحفيظ ، والمفعول مَحْفوظ.

من رأى في المنام الجرذ في بيته أو بيت غيره فليحفظ ذلك المنزل من اللصوص أو فليحذر ممن معه فإنه يتناول من متاعه.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی جرج لەماڵەکەیدایە یان لەماڵێکی کەسێکی تردایە، ئەوە با ئەو ماڵە لەدز بپارێزێت یان وریای ئەو کەسە بێت کە لەگەڵیدایە چونکە لەکەرەستەکانی دەبات.

من رأى في المنام كأنه بال على المصحف يحفظ ولد له القرآن.

کەسێك لەخەودا بینی میزدەکات بە قورئاندا، ئەوە کوڕێکی خەوبینەکە قورئان لەبەردەکات.

[1198] قضَى الصَّلاةَ في وقتها.

نوێژەکەی لەکاتی خۆیدا کرد.

[1199] كبُر الطفل.

منداڵەکە گەورەبوو.

[1200] چاوگی (كبُرَ)یە.

(غربَ) ئاوابوو[1201]، (غروب) ئاوابوون[1202]

.472 (كرّرَ) ماناى دوبارەكردۆ[1203]

(أسئلة) پرسيار، بەڵام تاك نا كۆ[1204]

.473 (قاسَ) "پێوا"يە، (قياس)ە پێوان[1205]

(وصّل)، (أوصل) هەردوكيان گەيان[1206]

الكِبَر في طريق كل طفل.

گەورەبوون لەسەر ڕێگای هەموو منداڵێكدايە.

1201 غرَبَ يَغرُب، غُرُوبًا، فهو غارِب.

غَرَبَتِ الشَّمْسُ.

خۆر ئاوابوو.

1202 غروب الشمس مشهد جذاب.

ئاوابونی خۆر ديمەنێكی سەرنجڕاكێشە.

1203 دوبارەكردۆ= دوبارەكردەوە.

كرَّر كلامه.

قسەكەی دوبارەكردەوە.

1204 واتە ئەم وشەيە بەمانای پرسيار دێت، بەڵام تاك نيە، كۆيە. تاكەكەی (سُؤال)ە. هەروەها بە (سُؤالات)يش كۆدەكرێتەوە.

في أسئلة إمتحانات هذه السنة أخطاء عديدة.

پرسارەكانی تاقيكردنەوەكانی ئەمساڵ چەندين هەڵەيان تێدايە.

1205 قاسَ يَقِيس ، قِسْ ، قَيْسًا وقِياسًا ، فهو قائِس ، والمفعول مَقِيس.

قاس القُماشَ بذراعه.

قوماشەكەی بە باڵی، پێوا.

قِياس مساحة الوطن شيء صعب.

پێوانی ڕوبەری نيشتمان شتێكی قورسە.

1206 بێگومان مەخسەوی شەريفم لەوشەی ""گەيان"، وشەی "گەياند"ە، بەڵام بۆ پارێزگاريكردن لەسەرواى بەيتەكە "د"ەكەم لابردووە.

وصَّل الرِّسالةَ إلى صاحبها.

نامەكەی گەياندە خاوەنەكەی.

أوْصَلَ الخبر الى أقرباءه.

هەواڵەكەی گەياندە كەسوكارەكەی.

474. (جسَّدَ) چیە؟ بەرجەستەکرد[1207]

(فارقَ الحیاة) دێت بەمانای مرد[1208]

475. (دعَمَ) چیە؟ پشتگیریکرد[1209]

(احتجزَ)یە مانای دەستگیرکرد[1210]

476. (نِظام) رژێمە، کۆکەی (أَنْظِمَة)[1211]

(خَطّار) مەنجەنیق، وەك (رُمح)یش رمە[1212]

477. (ردَّدَ) مانای دوبارەکردۆ[1213]

[1207] جسَّد مبادئَ الإسلام في حياته اليوميّة.

بنەماکانی ئیسلامی لەژیانی رۆژانەیدا بەرجەستەکرد.

[1208] فارق الحیاةَ عقب الحادث.

پاش روداوەکە مرد.

[1209] دعَمَ يَدعَم ، دَعْمًا ، فهو داعِم ، والمفعول مَدْعوم.

دعَم مرشَّح الحكومة في الانتخابات.

لەهەڵبژاردنەکەدا پشتگیریی کاندیدەکەی حکومەتی کرد.

[1210] استمرّ احتجازُ الرَّهائن أكثرَ من سنة.

دەستگیرکردنی بارمتەکان زیاتر لەساڵێکی خایاند.

[1211] هەروەها بە (نظم)یش کۆدەکرێتەوە.

كان نظام البعث وحشاً.

رژێمی بەعس دڕندە بوو.

[1212] واتە وشەی (خطار) بەمانای مەنجەنیق دێت، هەروەها بەمانای رمیش دێت.

الخطار آلة حربية قديمة.

مەنجەنیق ئامێرێکی جەنگیی کۆنە.

هل تستطيع إستخدام الخطار؟

دەتوانیت رم بەکاربهێنیت؟

من رأى في المنام أَنه يخرج من جسده دم من طعنة بِرُمْح فَإِنَّهُ يَصح جِسْمه وَيكثر مَاله وَإِن كَانَ مُسَافِرًا دلّ على سَلَامَته ورجوعه.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی خوێن لەجەستەی دەڕوات لەئەنجامی لێدان بە رم، ئەو تەندروستیی باش دەبێت و سامانی زۆر دەبێت، ئەگەر ئەو کەسە لەگەشتدا بوو، ئەوە خەوەکەی ئاماژەیە بۆ سەلامەتی و گەڕانەوەی.

[1213] دوبارەکردۆ= دوبارەکردنەوە: وتەوە.

(أقْرباء) خزم، بەڵام تاك نا كۆ[1214]

.478 (رَعيل) "كۆمەڵ"ە، كۆكەی (أراعيل)[1215]

(غسَلَ) واتە شۆرد، چاوگەكەی (غَسيل)[1216]

.479 (عَلامة) چیە؟ واتە نیشانە[1217]

(غُصْن) مانای لق، كۆكەی (أغصان)ە[1218]

.480 (فؤاد)، (خِزَانَة)، (رَوع)و (جَنان) دڵ[1219]

ردَّدت الأمُّ دعاءَها لولدها.

دایكەكە نزایەكەی بۆ كوڕەكەی دوبارەكردەوە.

1214 تاكەكەی (قريب)ە.

أقرباءە عقارب.

خزمەكانی دوپشكن.

1215 جاء رعيلٌ من الناس.

كۆمەڵێك خەڵك هاتن.

1216 اعتاد الطِّفلُ أن يغسِل يدَه قبل الطَّعام وبعده.

منداڵە وا راهات كە پێش و پاش خواردن دەستی بشوات.

1217 علامات الجهل موجودة فيك.

نیشانەكانی نەزانیت تێدایە.

"سوء الخلق من علاماتِ سوءِ العاقبةِ". ابن تيمية

بەدڕەوشتی یەكێكە لەنیشانەكانی عاقیبەتشەڕی.

ليس من علامات الصحة العقلية أن يتكيف المرء مع مجتمع مريض. - كريشنا مورتي.

خۆگونجاندن لەگەڵ كۆمەڵگەیەكی نەخۆش، یەكێك نیە لەنیشانەكانی تەندروستیی عەقڵ.

1218 قف العصفورُ على غصن الشّجرة.

چۆلەكەكە لەسەر لقی درەختەكە وەستا.

1219 فؤاد الأم رقيق.

دڵی دایك ناسكە.

خِزانَةُ الإنسان مليئة بالأسرار.

دڵی مرۆڤ پڕە لەنهێنی.

أنت في صميم روعي.

تۆ لەناخی دڵمدایت.

(صَنْدَل) بەلەمە، هەروەها نەعل[1220]

.481 (جُنَّ) "شێتبوو"ە[1221]، (جُنون)یش شێتبون[1222]

(غُرور) بەمانای لەخۆباییبون[1223]

.482 (حَضارة) چیە؟ شارستانێتی[1224]

(جاعَ) برسیبوو[1225]، (جُوع)یش برسێتی[1226]

.483 (عُمْق) واتە قوڵی[1227]، (عَمیق)یش قوڵە[1228]

پاڵەوانێتی مانای (بُطولة)[1229]

الجنان يعشق كل جميل.

دڵ عاشقی هەموو جوانێك دەبێت.

1220 عبر الصَّندلُ النَّهرَ.

بەلەمەکە روبارەکەی تێپەڕاند.

لبس الطّفل الصَّنْدلَ.

منداڵەکە نەعلەکەی لەپێکرد.

1221 جُنَّ بعد أن فقد زوجتَه وأطفالَه.

پاش ئەوەی ژن و منداڵەکانی لەدەستدا، شێتبوو.

1222 للجنون أسباب كثيرة.

شێتبون هۆکاری زۆرە.

1223 غُرور الشباب داء قاتل.

لەخۆباییبونی گەنجان دەردێکی کوشندەیە.

1224 بلغت الحضارة الإسلاميّة أَوْجَها في القرن الرابع الهجريّ.

لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا شارستانێتیی ئیسلام گەیشتە لوتکە.

1225 نَحْنُ قَومٌ لاَ نَأْكُلُ حَتّى نَجُوعَ وَإِذَا أَكَلْنَا لاَ نَشْبَعُ.

ئێمە نەتەوەیەکین تا برسیمان نەبێت ناخۆین، کە خواردیشمان تێرناخۆین.

1226 الجوع عدو الإنسان.

برسێتی دوژمنی مرۆڤە.

1227 عُمْقُ البئر مخيف.

قوڵیی بیرەکە مەترسیدارە.

1228 البئر عميقة.

484. (كَتَبَ) نوسی[1230]، (مَكتَب) نوسینگه[1231]

(صدِئَ) ژەنگیکرد[1232]، (صَدَأ)یش ژەنگه[1233]

485. (مُفید) سودبەخشه، واته بەسوده[1234]

(زَنْد) پەلەپیتکه، کۆکەی (أَزْنُد)ه[1235]

486. (جَمال) جوانییه[1236]، (جمُلَ) جوانبوو[1237]

(تجهَّمَ)یه مانای روگرژبوو[1238]

بیرەکه قوڵه.

1229 لم یشترك المنتخب العراقي في البطولة.

هەڵبژاردەی عیراق لەپاڵەوانێتییەکەدا بەشداری نەکرد.

1230 كتَب رسالةً الى أمه.

نامەیەکی بۆ دایکی نوسی.

1231 لمنقاشة المشكلة لابد أن أزور مكتب المدير.

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکە، پێویستە سەردانی نوسینگەی بەڕێوەبەر بکەم.

1232 صدِئ الحَديدُ.

ئاسنەکە ژەنگیکرد.

1233 صدأ الحديد يؤدِّي إلى تآكله.

ژەنگی ئاسن دەبێتەهۆی خۆخواردنەوەی.

1234 الكتاب مفيد.

کتێب بەسوده.

1235 لا تلمس زَنْدْ البندقيَّة.

دەستمەدە لەپەلەپیتکی تفەنگەکە.

1236 إنَّ اللهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ.

بێگومان خودا جوانەو جوانییشی خۆشدەوێت.

الجمال سلاح خطير!

جوانی چەکێکی مەترسیداره!

1237 جمُلت المرأةُ بعد الزواج.

ژنەکە پاش هاوسەرگیری، جوانبوو.

1238 تجهَّم المدرس تجاه الطالب المشاغب.

مامۆستایەکە بەرامبەر فێرخوازه ئاژاوەگێڕەکه روگرژبوو.

487. (ثَمَرَة) بەروبوم، جەمعەکەی (ثَمَر)[1239]

(صَحابيّ) هاوەڵ، بەس هی پێغەمبەر[1240]

488. (زَرافة) چیە؟ واتە زەڕافە[1241]

(نِصْف) مانای نیو، کۆکەی (أنصاف)ە[1242]

489. (مُغايِر) چیە؟ پێچەوانە[1243]

(تَضْحِيَة) مانای قوربانیدانە[1244]

490. (قارنَ) چیە؟ بەراوردکرد[1245]

(أعدمَ) هەژاربوو، لەگەڵ ئیعدامکرد[1246]

[1239] ثمرة شجرة التفاح لذيذة.

بەروبومی درەختی سێو بەچێژە.

[1240] بەمانای هاوەڵی پێغەمبەر، بەتایبەت پێغەمبەری ئیسلام (درودی خودای لەسەر بێت) دێت.

كان علي بن أبي طالب صَحَابِيّاً و صهر النبي.

عەلی کوڕی ئەبوتالیب هاوەڵ و زاوای پێغەمبەر بوو.

[1241] الزَرافة حيوان كبير.

زەڕافە گیاندارێکی گەورەیە.

[1242] نصف رغيف خير من البقاء بلا خبز.

نیو کولێرە باشترە لەمانەوە بەبێ نان.

[1243] أخلاقه مغايرة لأقواله.

رەوشتی پێچەوانەی قسەکانیەتی.

[1244] قدّم الشعبُ تضحيات كبيرة عديدة حتى نال استقلالَه.

گەل چەندین قوربانیدانی گەورەی پێشکەشکرد تاوەکو سەربەخۆیی بەدەستهێنا.

[1245] قارن الكاتب كتابه الجديد بكتابي.

نوسەر کتێبە نوێیەکەی بە کتێبەکەی من بەراوردکرد.

[1246] ئیعدامکرد= لەسێدارەدا.

أعدَم التاجر من بعد غِنًى.

بازرگانەکە پاش دەوڵەمەندی هەژاربوو.

أعدمت الحكومة القاتلَ.

حکومەت بکوژەکەی لەسێدارەدا.

491. (أفشى) بەمانای بڵاوکردەوە[1247]

(زنَدَ النَّارَ) ئاگریکردەوە[1248]

492. (غَناء) چیە؟ دەوڵەمەندی[1249]

(صِلَة)و (عَلاقة) هەردوو پەیوەندی[1250]

493. (نبَحَ) وەڕی[1251]، (عوَى)یە لوراند[1252]

(فقَّعَ)و (فرقعَ) هەردوکیان تەقاند[1253]

494. (خالِص) پەتییە، جەمعەکەی (خُلَّص)[1254]

1247 أفشى معلوماتٍ عديدة عن الحادث.

چەندین زانیاریی لەسەر روداوەکە بڵاوکردەوە.

1248 زنَدَ النَّارَ في الجبل.

لەشاخەکە ئاگریکردەوە.

1249 البخيل من مات من فقره وعاش الناس بغناءه.

چروك کەسێك خۆی بەهۆی هەژارییەکەیەوە دەمرێت و خەڵك بەهۆی دەوڵەمەندییەکەیەوە دەژی.

1250 توجد صلة كبيرة بين علم النَّفس والأخلاق.

پەیوەندییەکی گەورە لەنێوان دەرونزانی و رەوشتدا هەیە.

كان على علاقة طيِّبة معه.

پەیوەندییەکی باشی لەگەڵدا هەبوو.

1251 نبَحَ يَنبَح، نَبْحًا ونُباحًا ونِباحًا ونَبيحًا ونُبوحًا وتَنْباحًا ، فهو نابِح.

القافلة تسير والكلاب تنبح.

کاروان دەڕوات و سەگ دەوەڕێت.

1252 عوَى يَعوِي ، اعْوِ ، عُواءً ، فهو عاوٍ.

عوى الذِّئب حتَّى الفجر.

گورگەکە تا بەرەبەیان لوراندی.

1253 فقَّعَ أصابعَه.

پەنجەکانی تەقاند.

فرقع عجلة سيارة زميله.

تایەی ئۆتۆمبێلی هاوکارەکەی تەقاند.

1254 القلادة مصنوعة من الذهب الخالص.

(دنِسَ) پیسبوو، چاوگەکەی (دَنَس)[1255]

.495 (مُنتصِر) چیە؟ واتە سەرکەوتوو[1256]

(تغلَّبَ)یە بەمانای زاڵبوو[1257]

.496 (قائِد) فەرماندە، جەمعەکەی (قادة)[1258]

(جَوَاد) مایینە، کۆکەی (جِیاد)ە[1259]

.497 (بَعوضة) چیە؟ واتە مێشولە[1260]

(جُنْدَب)و (جُنْدُب)، (جَرَاد)یش کوللـە[1261]

ملوانکەکە لەئاڵتونی پەتی دروستکراوە.

1255 إذا المرءُ لم يَدْنَس من اللُّؤم عرضُ// فكلّ رداء يرتديه جميلُ.

ئەگەر مرۆڤ ئابڕوی بە نامەردی پیس نەبێت، هەر جلوبەرگێك بپۆشێت، هەر جوانە.

1256 أعظم المنتصر مَن انتصر على نفسه.

گەورەترین سەرکەوتوو ئەو کەسەیە بەسەر خۆیدا سەرکەوتووە.

1257 الخوف من الموت غريزة حية لا معابة فيها.. وإنما العيب أن يتغلب هذا الخوف علينا ولا نتغلب عليه.

ترس لەمردن غەریزەیەکی زیندووەو عەیبی تێدا نیە، بەڵام عەیب ئەوەیە ئەم ترسە زاڵببێت بەسەرماندا‌و ئێمە زاڵ نەبین بەسەریدا.

1258 هەروەها بە (قائدون)و (قُوَّاد)یش کۆدەکرێتەوە.

إذا اردت أن تكون قائداً فعليك أن تمثل دور الجندي.

ئەگەر ویستت ببیتە فەرماندە، پێویستە لەسەرت رۆڵی سەرباز ببینیت.

1259 هەروەها بە (أجاويد)و (أجياد)یش کۆدەکرێتەوە. بەمانای مایینی چاك دێت نەك هەموو جۆرە مایینێك.

بكم اشتريت جوادك؟

ماینەکەت بەچەند کڕی.

1260 إن البعوضة تُدْمي مُقْلَةَ الأسد!

مێشولە خوێن لەچاوی شێر دەهێنێت!

1261 (جراد) بەمانای کوللـە دێت بەگشتی، بەڵام (جُنْدَب)و (جُنْدُب) بەمانای جۆرێکی بچوك لەکوللـە دێن نەك هەمویان.

الجُنْدَب حشرة نظيفة.

کوللـە مێرویەکی پاکە.

هل أكلت لحم الجُنْدُب؟

ئایا گۆشتی کوللـەت خواردووە؟

يوجد ما يزيد على 20,000 نوع من الجراد في العالم.

498. (اغتابَ) چیە؟ غەیبەتیکرد[1262]

(تجاوزَ)یە مانای تێپەڕکرد[1263]

499. (ثانية) چرکەیە، کۆکەی (ثواني)[1264]

(حسُنَ) جوانبوو[1265]، (حُسْن)یش جوانی[1266]

500. (توقَّعَ) چیە؟ چاوەڕێکرد[1267]

(أحدثَ) داهێنا، هەم پیسابیکرد[1268]

501. (تُرْس) واتە قەڵغان، کۆی (أتْراس)، (تِروس)[1269]

لەجیهاندا زیاتر لە بیست هەزار جۆر کوللە هەیە.

[1262] غەیبەتیکرد: عەیبەکانی بەبێ ئامادەبونی خۆی، باسکرد.

{وَلاَ يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا} .

هەندێکتان غەیبەتی هەندێکتان نەکەن.

[1263] تێپەڕکرد= تێپەڕاند

تجاوز سن الأربعين.

تەمەنی 40 ساڵی تێپەڕاند.

[1264] انتظر ثانية واحدة.

یەك چرکە چاوەڕێبکە.

[1265] حسنت الفتاة بعد الزواج.

کچەکە پاش هاوسەرگیری جوانبوو.

[1266] حسن المرأة غير متعلق بأخلاقها.

جوانیی ژن وابەستە نیە بە رەوشتییەوە.

[1267] توقّع حدوثَ الزلزال قبل يومين من حدوثه.

پێش دوو رۆژ لەڕودانی، پێشبینی رودانی زەمینلەرزەکەی کرد.

[1268] حدث طريقةً جديدةً في معالجة البواسير.

شێوازێکی نوێی داهێنا لەچارەسەرکردنی مایەسیری.

أَحْدَثَ الطفل وسط الطريق.

منداڵەکە لەناوەڕاستی رێگاکەدا پیسابیکرد.

[1269] كان الفارس يحمل الرّمحَ والتُّرسَ.

سوارەکە رم و قەڵغانی پێبوو.

(مَعْسولُ اللِّسان) واته زمانلوس[1270]

502. (نَجيب) خانەدان، کۆکەی (نُجباء)[1271]

(قارعةُ طريق) ناوەڕاست ڕێگا[1272]

503. (ماخور) چیە؟ قەحبەخانە[1273]

(کَوْن) گەردونە، کۆکەی (أکوان)ە[1274]

504. (مضَغَ)، (لاكَ) جوو[1275]، (عِلْك) بنێشتە[1276]

(مُزَايَدَة)یە فشەهەڵوێستە[1277]

[1270] زوجها رجل معسول اللسان، لا تثق به.

مێردەکەی پیاوێکی زمانلوسە، متمانەی پێمەکە.

[1271] هو رجل نجيب وعالم.

ئەو پیاوێکی خانەدان و زانایە.

[1272] بێگومان دەبوو بنوسم (ناوەڕاستی ڕێگا) نەك (ناوەڕاست ڕێگا)، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، پیتی یائەکەم نەنوسیوە.

أوقف سيّارته في قارعة الطّريق.

ئۆتۆمبێلەکەی لەناوەڕاستی ڕێگاکەدا وەستاند.

[1273] جمع مَوَاخِرُ ومَوَاخِير.

المجتمعات الحديثة لا تسمح بافتتاح المواخير.

کۆمەڵگا مۆدێرنەکان ڕێ بە کردنەوەی قەحبەخانە نادەن.

[1274] عندي شهادة في عِلْم الكَوْن .

بڕوانامەیەکم هەیە لەسەر زانستی گەردون.

[1275] مضَغَ يَمضَع ويَمضُغ ، مَضْغًا ، فهو ماضغ ، والمفعول مَمْضوغ.

مضغ اللقمة قبل أن ينطق بالحديث.

پێش ئەوەی دەستبکات بە قسەکردن، پاروەکەی جوو.

لاكَ يَلُوك، لُكْ، لَوْكًا، فهو لائك، والمفعول مَلوك.

لاك الطعامَ بصورة قبيحة.

خواردنەکەی بەشێوەیەکی ناشرین جوو.

[1276] جمع الجمع عُلوك وأعلاك، مفرد عِلْكة.

العلك يساهم في خسارة الوزن.

بنشێت یارمەتی دابەزینی کێش دەدات.

505. (صَلِخَ) کەڕبوو[1278]، (أَصْلَخ)ە نابیست[1279]

(عَزیز)و (حَبیب) هەردوو خۆشەویست[1280]

506. (أنسی) چیە؟ بیربردەوە[1281]

(جرَّبَ) مانای تاقیکردەوە[1282]

507. (أجرب)و (جَرِب) هەم (جَرْبَان)یش گەڕ[1283]

1277 لا أحبّ المزايدة السياسية.

حەزم لەفشەهەڵوێستی سیاسی نیە.

1278 صَلِخَ صَلَخاً فهو أَصْلَخُ، وهي صلخاء والجمع : صُلْخٌ.

صلخ الرجل بعد الإنفجار.

پیاوەکە پاش تەقینەوەکە، کەڕبوو.

1279 نابیست: کەڕ

هل تستطيع إفهام الأصلخ بسهولة.

دەتوانیت نابیست بەئاسانی تێبگەیەنیت؟

1280 إذا حلمت أنك تغادر قلعة فسوف تسلب أملاكك أو قد تفقد حبيبك أو شخصاً عزيزاً عليك عن طريق الموت.

ئەگەر لەخەوتدا بینیت قەڵایەك جێدەهێڵیت، ئەوە موڵکەکانت داگیردەکرێن یان رەنگە خۆشەویستەکەت یان کەسێکی خۆشەویستت لەرێگەی مردنەوە، لەدەستبدەیت.

حبيبك يبلغك السلام.

خۆشەویستەکەت سەلامت لێدەکات.

1281 أنساه الوعد.

بەڵێنەکەی بیربردەوە.

1282 لا تمدحنَّ امرءًا حتى تُجرِّبه.

مەدحی هیچ کەسێك مەکە تا تاقینەکەیتەوە.

1283 گەڕ بەمانای توشبووی نەخۆشیی گەڕی.

لا تدنو من الشخص الأجرب.

لەکەسی گەڕ نزیك مەبەرەوە.

الكلب الجرب مخيف.

سەگی گەڕ ترسناکە.

لا تلمس جسد الجربان.

دەست لەجەستەی گەڕ مەدە.

(سُورة) سورەتە، جەمعەکەی (سُوَر)[1284]

.508 (بَوَّاب) دەرگاوان، (باب)یش دەرگایە[1285]

(عاقِل)، (لَبيب) ژیر[1286]، (حَكيم) دانایە[1287]

.509 (التهمَ) چیە؟ حەپەلوشکرد[1288]

(فرَمَ) مانای پارچەپارچەکرد[1289]

.510 (كسَدتِ السُّوق) "بازاڕ وەستا"یە[1290]

[1284] تُقْرأُ سورةُ الفاتحة في كلّ صلاة.

سورەتی فاتیحە لەهەموو نوێژێکدا دەخوێنرێت.

[1285]البواب لم يسمح لي بدخول مكتب الوزير.

دەرگاوانەکە ڕێی پێنەدام بچمە نوسینگەی وەزیرەوە.

باب الغرفة مكسور.

دەرگای ژورەکە شکاوە.

لو كانت الدنيا سهلة لما كان الصبر أحد أبواب الجنة. قيل لأحد الصالحين : ما هو الصبر الجميل ؟ قال : أن تبتلى وقلبك يقول (الحمد لله).

ئەگەر ژیانی دونیا ئاسان بوایە، ئارامگرتن نەدەبووە دەرگایەك لەدەرگاکانی بەهەشت. بە پیاوچاکێك دەڵێن: ئارامگرتنی جوان چیە؟ لەوەڵامدا دەڵێت: بریتییە لەوەی توشی بەڵایەك ببیت و لەدڵەوە بڵێیت (سوپاس بۆ خودا).

[1286] هو شاب عاقل و وسيم أيضاً.

ئەو گەنجێکی ژیرو قۆزیشە.

سأل أحد الفلاسفة سقراط .. كيف تُعامل المرأة العاقلة زوجها ..؟ فقال لهم : المرأة العاقلة لا تتزوج.

فەیلەسوفێك لە سوقرات دەپرسێت: ژنی ژیر چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ مێردەکەیدا دەکات؟

سوقرات لەوەڵامدا دەڵێت: ژنی ژیر شوناکات.

اللبيب تكفيه إشارة.

ژیر ئاماژەیەکی بەسە. واتە بەئاسانترین شێوە تێدەگات.

[1287] كان جدي رجلاً حكيماً.

باپیرم پیاوێکی دانا بوو.

[1288] التهم الجائعُ الطَّعامَ.

برسییەکە خواردنەکەی حەپەلوشکرد.

[1289] فرَم اللحمَ.

گۆشتەکەی پارچەپارچەکرد.

(فسَا) ماناکەی "تسیلێدا"یە[1291]

.511 (دَهَنَ) چەورکرد[1292]، (دُهْن) مانای رۆن[1293]

(کَیَّفَ) گونجاند[1294]، (کَیْفَ) واتە (چۆن؟)[1295]

.512 (غِشاء) پەردەیە، کۆکەی (أَغْشِیَة)[1296]

(مَصْلَحة) مانای بەرژەوەندییە[1297]

.513 (نِجارة) چیە؟ واتە دارتاشی[1298]

(غَشَّى) هەم (غطَّى) هەردوو داپۆشی[1299]

1290 أثناء ارتفاع سعر الدولار كسدت السوق.

لەکاتی بەرزبونەوەی نرخی دۆلاردا، بازاڕ وەستا.

1291 فسا الطفل.

منداڵەکە تسیلێدا.

1292 دهَنَ يدهُن ، دَهْنًا ، فهو داهن، والمفعول مَدْهون.

دهَن شعره للحفلة.

قژی چەورکرد بۆ ئاهەنگەکە.

1293 جمع أَدْهان ودِهان ودُهون.

رۆن= چەوری

أن جسم الإنسان يحوي على الدهون مايكفي لسبعة قطع من الصابون.

لەشی مرۆڤ هێندە چەوری تێدایە کە بەشی حەوت پارچە سابون دەکات.

1294 كيف حياته وفقًا للبيئة.

ژیانی بەگوێرەی ژینگەکە گونجاند.

1295 {أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى}

پیشانمبدە چۆن مردوو زیندودەکەیتەوە؟

1296 وضع على اللحم غِشاء رقيقًا.

پەردەیەکی تەنکی لەسەر گۆشتەکە دانا.

1297 من مصلحة المتّهم أن يصرِّح بأسماء شركائه.

لەبەرژەوەندیی تۆمەتباردایە ئاشکراکردنی ناوی هاوبەشەکانی.

1298 تعتمد النِّجارةُ العصريّة على آلات متطوّرة.

دارتاشیی هاوچەرخ پشت بە ئامێری پەرەسەندوو دەبەستێت.

514. (حُرِّيَّة) چیە؟ واتە ئازادی[1300]

(قِوادة) حەتمەن مانای گەوادی[1301]

515. (وجَمَ) بێدەنگبوو[1302]، (وُجُوم) بێدەنگبون[1303]

(استشهاد) چاوگ، مانای شەهیدبون[1304]

516. (ضَعیف) چیە؟ بێدەسەڵات[1305]

(حَوْبة) گوناهە، کۆی (حَوْبات)، (حَوَبات)[1306]

517. (عِلج) کەری کێویی بەهێزو قەڵەو[1307]

1299 غشَّى الضبابُ القرية.

تەم گوندەکەی داپۆشی.

غطَّت وجهَها بالنِّقاب.

دەموچاوی بە نیقاب داپۆشی.

1300 فعل ما تحب هو الحرية. حب ما تفعله هو السعادة.

ئازادی بریتییە لەئەنجامدانی ئەوەی حەزت لێیەتی. بەختەوەریش بریتییە لەخۆشویستنی ئەوەی ئەنجامیدەدەیت.

1301 القوادة لها أنواع عديدة.

گەوادی چەندین جۆری هەیە.

1302 وجَمَ يجِم، جِمْ، وَجْمًا ووُجُومًا، فهو واجِم ووَجِم.

وجم المهندسُ أمام مديره.

ئەندازیارەکە لەبەردەم بەڕێوەبەرەکەی بێدەنگبوو.

1303 چاوگی (وجَمَ)یە.

الوجوم خير من الكلام الطائش.

بێدەنگبون لەقسەی هەڵەشە باشترە.

1304 چاوگی (اسْتُشهِدَ)یە.

من أُسْتشهِد فله الجنّة.

هەرکەس شەهیدبوو بەهەشتی بۆ دەبێت.

1305 الإنتصار على الضعيف هزيمة.

سەرکەوتن بەسەر بێدەسەڵاتدا شکستە.

1306 غسل الله حَوْبتَه.

خودا گوناهەکەی شۆردەوە.

(مُنتصَفُ الليل) ماناى نيوەشەو[1308]

.518 (غِشّ) فێڵكردنه[1309]، (غشَّ) فێڵیكرد[1310]

(استباحَ)یه ماناى حەڵاڵكرد[1311]

.519 (خِباء) چادره، كۆكەى (أَخْبِيَة)[1312]

(عَتَمَة) وەك (ظُلْمة) هەر تاریكییه[1313]

.520 (اِكتَرَى) چیه؟ واته بەكرێگرت[1314]

(تحمَّلَ)یه ماناى بەرگەیگرت[1315]

.521 (ینَعَ) پێگەیی، چاوگەكەى (یُنوع)[1316]

1307 هاجم النمر العلج.

پڵنگەكه هێرشیكرده سەر كەره كێوییه بەهێزو قەڵەوەكه.

1308 منتصف اللیل وقت مرعب.

نیوەشەو كاتێكی تۆقێنەره.

1309 الغِشّ عمل لا إنساني.

فێڵكردن كارێكی نامرۆڤانەیه.

1310 مَنْ غَشَّ فَلَيْسَ مِنَّا.

ئەوەى فێڵبكات له ئێمه نیه.

1311 استباح العالم دم المرتد.

زانایەكه خوێنی هەڵگەڕاوەكەى حەڵاڵكرد.

1312 نصب الرُّعیان أخبیتَهم في الواحة.

شوانەكان چادرەكانیان لەناو مێرگەكه داكوتی.

1313 استتر اللِّصُّ بعتَمة اللَّیل محاولاً السَّرقة.

دزەكه لەكاتی هەوڵدانی بۆ دزییەكه، خۆی به تاریكیی شەوەكه شاردەوه.

خاف من ظُلْمة اللَّیل.

لەتاریكییەكەى شەو ترسا.

1314 اكترى سیّارةً لمدة یومین.

ئۆتۆمبێلێكی بەكرێگرت بۆ ماوەى دوو رۆژ.

1315 تحمل البرد.

بەرگەى سەرماكەى گرت.

(فَرْع) واته لق، كۆی (أفْرُع)، (فُروع)[1317]

522. (كتَفَ) بەستەوە، دەستی لەپشتۆ[1318]

(شرايين) خوێنبەر، بەڵام تاك نا كۆ[1319]

523. (داهنَ) واتە ماستاويكرد بۆ[1320]

(أسْياد)و (سادَة) گەورە، بەڵام كۆ[1321]

524. (فهِمَ) تێگەيشت، چاوگەكەی (فَهْم)ە[1322]

1316 ينَع العنبُ.

ترێيەكە پێگەيی.

1317 فروع الشجرة كبيرة.

لقەكانی درەختەكە گەورەن.

1318 بەمانای "دەستی لەپشتۆ بەستەوە" دێت. دەستی لەپشتۆ بەستەوە= دەستی لەپشتەوە بەستەوە.

كتَف الجُنْديُّ الأسيرَ.

سەربازەكە دەستی ديلەكەی لەپشتەوە بەستەوە.

1319 تاكەكەی (شَرْيان)و (شِرْيان)ە.

تصلُّب الشَّرايين مرض خطير.

رەقبونی خوێنبەرەكان نەخۆشييەكی مەترسيدارە.

1320 داهَن رئيسَه.

ماستاوی بۆ سەرۆكەكەی كرد.

1321 واتە ئەو دوو وشەيە كۆن نەك تاك. تاكەكەيان (سيِّد)ە.

من هو سيِّدك؟

گەورەكەت كێيە؟

1322 فهم يَفهَم، فَهْمًا، فهو فاهِم وفَهِم وفَهيم، والمفعول مَفْهوم.

خاطب الناس باللغة التي يفهمونها.

بەو زمانە قسە لەگەڵ خەڵكدا بكە كە تێيدەگەن.

"من أخلاق الجاهل الإجابة قبل أن يسمع، والمعارضة قبل أن يفهم، والحكم بما لا يعلم".. جعفر بن محمد

رەوشتی نەزان:

+ وەڵامدانەوە پێش ئەوەی شتەكە ببيستێت.

+ دژبون پێش ئەوەی تێبگات.

+ بڕياردان لەسەر شتێك كە لێيی نازانێت.

(جُرْأَة) بوێری[1323]، (حَياء)یش شەرمە[1324]

525. (تحالُف) چیە؟ هاوپەیمانی[1325]

(لِحاف) لێفەیە، لەگەڵ بەتانی[1326]

526. (ضاعَ) "ونبوو"ە، هەم بەفیڕۆچوو[1327]

(استشهدَ)یە مانای شەهیدبوو[1328]

527. (عِنوَان)و (عُنوان)، هەردوو ناونیشان[1329]

[1323] هل عندك جرأة تصحيح مدرسك؟

ئایا بوێریی راستکردنەوەی مامۆستاکەت تێدایە؟ واتە ئایا دەوێریت هەڵەی مامۆستاکەت راستبکەیتەوە؟

[1324] لا حياء في الدين ولا في العلم.

شەرم نە لەئاییندا هەیە، نە لە زانستدا.

[1325] هاوپەیمانی= هاوپەیمانێتی

التحالُف الكردي مطلوب في الوقت الحالي.

هاوپەیمانیی کورد لەئێستادا پێویستە.

[1326] جمع أَلْحِفَة ولُحُف.

على قد لحافك مد رجليك.

بەقەدەر لێفەکەت قاچت راکێشە.

إن رأت العزباء نفسها تلتحف بلحاف دافء في منامها، وكانت سعيدة به، فذلك يعني أنها قد تتزوج قريبا من رجل يسعدها، ويصونها.

ئەگەر خانمێکی سینگڵ لەخەودا بینی بەتانییەکی گەرم دەدات بەخۆیداو دڵی پێیخۆشبوو، ئەوە مانای ئەوەیە بەمزوانە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا دەکات کە بەختەوەری دەکات و دەیپارێزێت.

[1327] ضاعَ يَضِيع، ضِعْ، ضَياعًا ، فهو ضائع.

ضاع الطِّفلُ في المدينة.

منداڵەکە لەشارەکەدا ونبوو.

لا يضيع جميلٌ أينما زُرع.

چاکە لەهەر شوێنێکدا بچێنرێت، بەفیڕۆناچێت.

[1328] استشهدَ يستشهد، استِشهادًا.

من رأى في المانم أَنه يطير مَعَ الْمَلَائِكَة يستشهد.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی لەگەڵ فریشتەدا دەفڕێت، ئەوە شەهیددەبێت.

[1329] عِلوانُ الكتاب جذاب.

(فهَّمَ)، (أفهمَ) هەردوو تێگەیان[1330]

528. (استخدمَ) چیە؟ بەکارهێنا[1331]

(غبَّ) بەمانای بینی پێوەنا[1332]

529. (غُبّ) کەنداو بچوك، جەمعەکەی (أغباب)[1333]

(شبَّ) گەورەبوو، چاوگەکەی (شَباب)[1334]

ناونیشانی کتێبەکە سەرنجڕاکێشە.

هل تعلم عُنوان المكتبة العامة؟

ئایا ناونیشانی کتێبخانەی گشتی دەزانیت؟

لا أعلم عِنوان منزله.

ناونیشانی ماڵەکەی نازانم.

1330 تێگەیان= تێگەیاند.

فهَّمه المعادلة.

هاوکێشەکەی تێگەیاند.

أفهمه الدَّرسَ بسهولة.

وانەکەی بەئاسانی تێگەیاند.

1331 استخدم الطَّاقةَ النوويَّةَ لأغراض سلميَّة.

وزەی ناوکی بۆ ئامانجگەلی ئاشتی بەکارهێنا.

1332 غبَّ الشّرابَ.

بینی بەخواردنەوەکەوە نا. واتە بەیەك جار هەڵیقوڕاند.

1333 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "کەنداو بچوك"، بریتییە لە "کەنداوی بچوك" بەڵام پیتی یائەکە بەر جادەی زەروراتی شیعر کەوتووە!

کەنداوی بچوك: دۆڵێك کە پڕبوبێت لەئاوی دەریا.

وقع في الغُبّ.

کەوتە ناو کەنداوە بچوکەکەوە.

1334 هەروەها بە (شبيبة)ش دەبێتە چاوگ.

شبَّ شبَبْتُ ، يَشِبّ ، اشْبِبْ / شِبَّ ، شَبابًا وشبيبةً ، فهو شابّ.

من شبّ على شيء شاب عليه.

هەرکەسێك لەسەر شتێك گەورەبوو، لەسەریشی پیردەبێت. بەرامبەر ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێت: خویەك گرتت بەپیری، بەری نادەیت تا ئەمری.

.530 (دَيْجور)و (أَلْيَل) ئەنگوستەچاو[1335]

(مُصنَّف) پەڕتوك، هەم پۆلێنكراو[1336]

.531 (ضِرْس) لەگەڵ (ناجِذ) هەردوكيان خرێ[1337]

(اِثنا عَشَريّ) ماناى دوانزەگرێ[1338]

.532 (طَبَّ) چيە؟ چارەسەركرد[1339]

(صفَرَ بـِ) واتە بەفيكە بانگكرد[1340]

[1335] مێى (أَلْيَل) بريتييە لە (لَيْلاء)ە.

ترك المدينة في ليلة ديجور.

لەشەوێكى ئەنگوستەچاودا شارەكەى جێهێشت.

زارني في ليلة لَيْلاء.

لەشەوێكى ئەنگوستەچاودا سەردانى كردم.

[1336] مصنَّفات العقَّاد مفيدة.

كتێبەكانى عەقاد بەسودن.

الكتب مصنفة حسب الحروف الأبجدية.

كتێبەكان بەگوێرەى پيتى ئەبجەدى پۆلێنكراون.

[1337] جمع ضرس: أضراس وضُروس. جمع ناجذ: ناجذون ونواجِذ.

ئەم وشەيە بەگشتى نێرە، بەڵام جارجارەش وەك مێ بەكاردەهێنرێت.

وشەى (ضرس) بەماناى خرێ دێت بەگشتى، بەڵام (ناجذ) بەدياريكراوى بەماناى خرێيەكانى ئەوپەڕ (نزيك مەڵاشوو) دێت.

شعر بألمٍ في ضُروسِه.

هەستى بەئازارێك كرد لەخرێكانيدا.

ضَحِكَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ.

پێغەمبەر هێندە پێكەنى تاوەكو خرێكانى ئەوپەڕى دەركەوتن.

[1338] دوانزەگرێ: بەشى يەكەمى ريخۆڵەباريكە.

الاثنا عَشَريّ جزء مهم من جهاز الهضم.

دوانزەگرێ بەشێكى گرنگە لەكۆئەندامى هەرس.

[1339] ياطبيب طُبَّ نفْسكَ.

ئەى دكتۆر خۆت چارەسەركە.

[1340] صفَر بكلبه.

533. (صفَّرَ) بۆیەکرد، بەڵام بە هی زەرد[1341]

(بُرمة) مەنجەڵی قوڵی مس یا بەرد[1342]

534. (صُفْر) مسی زەرد[1343]، (صِفْر)یش سفرە[1344]

(حزَرَ) خەمڵاند، چاوگەکەی (حَزْر)ە[1345]

535. (صَفْراء) زەردی مێ و ئاوی زراوە[1346]

گەوجی واتاکەی (غَبَاء)، (غَبَاوة)[1347]

سەگەکەی بە فیکە بانگکرد.

1341 بەمانای "بۆیەی کرد بە بۆیەی زەرد" دێت: زەردیکرد.

صفّر الصّباغُ الحائط.

بۆیەچییەکە دیوارەکەی بە بۆیەی زەرد بۆیەکرد.

1342 جمع بُرُمات وبُرْمات وبِرام وبُرَم وبُرْم.

بەمانای مەنجەڵی قوڵی دروستکراو لە مس یان بەرد، دێت.

هل یوجد أي طعام في البرمة.

ئایا مەنجەڵەکە هیچ خۆراکێکی تێدایە؟

1343 مسی زەرد: تێکەڵەی مس و زنك (تۆتیا).

الصفر مادة جذابة.

مسی زەرد ماددەیەکی سەرنجڕاکێشە.

1344 جمع أَصْفار.

للأسف موقعك في المستشفی کصفر علی الشّمال.

بەداخەوە پێگەت لەنەخۆشخانەکەدا وەك سفری لای چەپ وایە.

1345 حزَرتُ نتیجةَ المسابقة.

ئەنجامی پێبڕکێیەکەم خەمڵاند.

1346 جمع صَفْراوات وصُفْر.

زەردی مێ: موئەنەسی زەرد. ئاوی زراو: زەرداوی زراو.

أحب السیارة الصفراء.

حەزم لەئۆتۆمبێلی زەردە.

تساعد الصفراء علی هضم الموادّ الدُّهنیّة.

زەرداو یارمەتیی هەرسکردنی ماددە چەورییەکان دەدات.

1347 گەوجی= گەمژەیی.

536. (مُنْتَخَب) چیه؟ هەڵبژاردە[1348]

(راقبَ)و (عَاوَرَ) (چاودێریکرد)ە[1349]

537. (ظالِم)و (غاشِم) هەردوو ستەمکار[1350]

(حَجَر) واتە بەرد، جەمعەکەی (أحجار)[1351]

538. (عتَبَ على) گلەییکرد لە[1352]

(إلاّ) وەك (سِوَى) مانای جگەلە[1353]

539. (معاصي) تاوان، بەڵام تاك نا کۆ[1354]

غباء المرء مرض ليس له دواء.

گەوجیی مرۆڤ نەخۆشییەکە دەرمانی نیەز

غباوة الملحد لا حدود لها.

گەوجیی بێباوەڕ بێسنورە.

1348 شقيقي لاعب في المنتخب العراقي.

براکەم یاریزانێکی هەڵبژاردەی عیراقە.

1349 راقب العدوَّ خلسة.

بەدزییەوە چاودێری دوژمنی کرد.

عَاوَرَ الشَّمْسَ.

چاودێری خۆری کرد.

1350 عمر الظالم قصير.

تەمەنی ستەمکار کورتە.

الغاشم يدخل الجحيم.

ستەمکار دەچێتە دۆزەخەوە.

1351 {فَقُلْنَا اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْحَجَرَ}

پاشان پێمانوت بە داردەستەکەت لەبەردەکە بدە.

1352 لا تعتب عليَّ لتقصيري في السُّؤال عنك.

گلەییم لێمەکە بەهۆی کەمتەرخەمیم لەئەحواڵپرسینت.

1353 كلُّ شيء ينقصُ بالإنفاق إلاّ العلم.

هەموو شتێك بە بەخشین کەمدەکات جگەلە زانست.

لا تتبع سوى الحقِّ.

(اعتباطاً)ە مانای بەبێ هۆ[1355]

.540 (صَفیر) هەم فیکە، هەم فیکەلێدان[1356]

(حَجَّام) ماناکەی کەڵەشاخەوان[1357]

.541 (شَبَكة) واتە تۆڕ، کۆی (شَبَك)، (شِباك)[1358]

(طَیْر) باڵندەیە، بەڵام کۆ نەك تاك[1359]

.542 (شُبْكة) چیە؟ خزمایەتییە[1360]

(شَجاعة) مانای ئازایەتییە[1361]

شوێن هیچ شتێك مەکەوە جگەلە راستی.

1354 تاکەکەی (معصیة)یە.

اجتنب المعاصي.

خۆت لەتاوان بەدوربگرە.

1355 بەبێ هۆ= لەخۆوە.

فرَض رأيَه اعتباطًا.

بۆچونی خۆی بەبێ هۆ سەپاند.

1356 صفير بعض الطيور مزعج.

فیکەی هەندێك باڵندە بێزارکەرە.

الصفير عادة سيئة.

فیکەلێدان خویەکی خراپە.

1357 کەڵەشاخەوان: کەسێك پیشەی کەڵەشاخگرتن بێت= پسپۆڕی کەڵەشاخگرتن= کەڵەشاخگر.

الحَجَّام رجل كبير السن.

پسپۆڕی کەڵەشاخەکە پیاوێکی بەتەمەنە.

1358 ألقى الصيّادُ شِباكه في النّهر.

راوکەرەکە تۆڕەکانی هەڵدایە ناو روبارەکەوە.

1359 تاکەکەی (طائر)ە.

العصفور طائر جميل.

چۆلەکە باڵندەیەکی جوانە.

1360 بيني وبينك شُبكة قوية.

خزمایەتییەکی بەهێز لەنێوان من و تودا هەیە.

543. (حذَقَ) ترشبوو،(حَذَاقة) مەسدەر[1362]

(حاسِر) سەرڕوتە، جەمعەکەی (حُسَّر)[1363]

544. (طَيْش) کەرێتییە، هەم هەڵەشەیی[1364]

(فشَرَ) درۆیکرد، (فَشْر) مەسدەری[1365]

545. (تطوُّر) چیە؟ پەرەسەندن[1366]

(مُغالَطة)یە بەهەڵەبردن[1367]

[1361] الفضائل الأربعة الرئيسية عند أفلاطون هي الحكمة والشّجاعة والعفّة والعدالة.

بەلای ئەفلاتونەوە چوار چاکە سەرەکییەکە بریتین لە دانایی و ئازایەتی و داوێنپاکی و دادپەروەری.

[1362] هەروەها بە (حِذْق)یش دەبێتە چاوگ.

حذَقَ الخلُّ بمرور الزمن.

بەتێپەڕبونی کات، سرکەکە ترشبوو.

[1363] هەروەها بە (حاسرون)و (حواسر)یش کۆدەکرێتەوە.

لا تأخذ النصيحة من الحاسر الجاهل.

ئامۆژگاری لەسەرڕوتی نەزان وەرمەگرە.

[1364] الطَيْش ينزّل منزلة الإنسان عند الناس.

کەرێتی پلەی مرۆڤ لەلای خەڵك دادەبەزێنێت.

الطيش يدمّر الإنسان.

هەڵەشەیی مرۆڤ لەناودەبات.

[1365] فشَرَ يَفشُر ، فَشْرًا ، فهو فاشِر.

ئیمانم نەچێ رەنگە وشەی "فشە" لەزمانی کوریدا، لەم وشەیەوە وەرگیرابێت.

كان يفشُر وهو يروي مغامراته.

لەکاتی گێرانەوەی سەرکەشییەکانیدا، درۆیدەکرد.

[1366] نظرية التطوّر غير صحيحة.

بیردۆزی پەرەسەندن راست نیە.

[1367] چاوگی (غالطَ)یە.

بەهەڵەبردن= بەهەڵەدابردن.

غالَط زميله.

هاوکارەکەی بەهەڵەدا برد.

546. (عيَّنَ) دياريكرد، لەگەڵ تەعينكرد[1368]

(غالطَ) ماناى بەهەڵەدابرد[1369]

547. (مِشْرَطة)، (مِشرَط) هەردوكيان نەشتەر[1370]

(نُمْرة) ژمارە، جەمعەكەى (نُمَر)[1371]

548. (وضُعَ) رسوابوو، چاوگەكەى (ضَعَة)[1372]

(بِضْعَة) پارچەيە، كۆكەى (بِضَع)ە[1373]

549. (ذابَ) چيە؟ توايەوە[1374]

(انتشرَ) ماناى بڵاوبويەوە[1375]

[1368] تەعينكرد= دامەزراند.

عيَّن يوم الجمعة موعدًا للاجتماع.

رۆژى هەينى وەك وادەى كۆبونەوەكە دياريكرد.

عيَّن إبنه في منصب مدير.

كوڕەكەى لەپۆستى بەڕێوەبەر دامەزراند.

[1369] لا تغالطني في الحساب.

بەهەڵەم مەبە لەحسابكردنەكەدا. واتە مەمخەرە هەڵەوە.

[1370] لا تلمس المِشْرَطة.

دەست لەنەشتەرەكە مەدە.

لم يكن مِشْرط الجرّاح نظيفاً.

نەشتەرى پزيشكە نەشتەرگەرەكە پاك نەبوو.

[1371] نُمرة سيَّارتك جميلة.

ژمارەى ئۆتۆمبێلەكەت جوانە.

[1372] وضُع عندما أصبح عبدًا للمال.

كاتێك بوو بە كۆيلەى پارە، رسوابوو.

[1373] فاطمة بضعة مني.

فاتمە پارچەيەكە لە من.

[1374] نحن لا نجمد في الحقّ، ولا نذوب في الباطل.

ئێمە نە لە حەقدا دەيبەستين، نە لە ناحەقدا دەتوێينەوە.

[1375] انتشر الوباءُ في البلاد.

550. (ضفَرَ) چیە؟ کرد بە پەلکە[1376]

(قاعِدة) یاسا، هەروەها (بنکە)[1377]

551. (اتَّضعَ) چیە؟ مانای رسوابوو[1378]

(انعتقَ)یە واتای رزگاربوو[1379]

552. (ضَیْعة)، (قَرْیَة)، (رِیف) هەرسێ لادێیە[1380]

(مِقْلاع)و (خَطّار) قۆچەقانێیە[1381]

پەتایەکە لەوڵاتدا بڵاوبویەوە.

1376 ضفَرت شعر ابنتها.

قژی کچەکەی کرد بە پەلکە.

1377 جمع قاعِدات وقَواعِد.

الالتزام بقواعد المرور واجب على الكل.

پابەندبون بە یاساکانی هاتوچۆ ئەرکی هەموانە.

عادت الطائرات إلى قواعدها سالمة.

فڕۆکەکان بەسەلامەتی گەڕانەوە بۆ بنکەکانیان.

1378 يتَّضع مَن يكون شحيحًا.

هەرکەسێك چروك بێت، رسوادەبێت.

1379 انعتق من قيود السّلطة.

لەکۆت و بەندی دەسەڵات رزگاربوو.

1380 (قَرْيَة)و (ريف) بەمانای لادێ دێن بەگشتی، بەڵام (ضَيْعة) بەمانای لادێی بچوك دێت.

لادێ= گوند.

تعيش أمي في ضَيعة بعيدة.

دایکم لەگوندێکی بچوکی دور دەژی.

أَحبَّ العيشَ في القرية.

حەزم لەژیانی ناو گوندە.

عاش في الرِّيف مدة طويلة.

ماوەیەکی دورودرێژ لەگونددا ژیا.

1381 أصابته حجرة مِقْلاع.

بەردێکی قۆچەقانێ بەریکەوت.

استعمال الخطار يحتاج مهارة.

.553 (غُلام) خزمەتکار، هەروەها کوڕە[1382]

(طين) لەگەڵ (وحل) هەردوکیان قوڕە[1383]

.554 (وَصِيّ)، هەم (وَلِيّ) سەرپەرشتیارە[1384]

(طُرَّة) لێوارە، کۆکەی (طِرَار)ە[1385]

.555 (وَصِيَّة) چیە؟ وەسیەتنامە[1386]

(غِبّ)و (مَغَبَّة) هەردوو ئەنجامە[1387]

بەکارهێنانی قۆچەقانێ پێویستی بە لێهاتویی هەیە.

[1382] بەمانای خزمەتکارو کوڕیش دێت. کوڕ لەتەمەنی لەدایکبونەوە تا نزیك پێگەیشتن.

دفع لغلامه أجرَه.

کرێکەی دا بە خزمەتکارەکەی.

من رأى في المنام أنه يخرج من إحليله حية فإنه يولد له غلام يكون له عدواً.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی مارێك لەچوکییەوە دەردەچێت، ئەوە کوڕێکی دەبێت، دەبێتە دوژمنی.

من شم ريحة طيبَة في المنام وَله امْرَأة بشر بِغُلَام.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بۆنی بۆنێکی خۆشیکردو ژنی هەبوو، ئەوە مژدەی لەدایکبونی کوڕی پێدراوە.

[1383] الغرق بالطين في المنام قد يدل على دنو الأجل.

نقومبون لەقوڕ لەخەودا رەنگە ئاماژەبێت بۆ نزیکبونەوەی مردن.

غاصت قدَمي في الوَحل.

پێم لەقوڕەکەدا نقومبوو.

[1384] مات أبوه فصار عمُّه وَصيًّا عليه.

باوکی مرد، دوای ئەوە مامی بووە سەرپەرشتیاری.

دعا المديرُ وَليّ أمر الطالب.

بەڕێوەبەر سەرپەرشتیاری کاروباری فێرخوازەکەی بانگکرد.

[1385] هەروەها بە (طُرَر)یش کۆدەکرێتەوە.

وقف على طُرَّة الوادِي دون خوف.

بەبێ ترس لەسەر لێواری شیوەکە وەستا.

[1386] وضح الميت أشياء كثيرة في وصيته.

مردووەکە لەوەسیەتنامەکەیدا زۆر شتی رونکردەوە.

[1387] لم يخش غِبّ عمله.

لەئەنجامی کارەکەی نەترسا.

556. (أَلْيَة) سمت و دوگ، كۆی (ألايا)یه[1388]

(أُكْرَةُ الباب)ه دەسكی دەرگایە[1389]

557. (استأجرَ) چیه؟ واته بەكرێگرت[1390]

(قفَا أثَرَهُ) شوێنپێی هەڵگرت[1391]

558. (نَفْساء)، (نُفَساء) هەردوو زەیستان[1392]

(مَأْبون) قوندەره، دوربێ لەڕوتان[1393]

559. (زُبْل)و (زِبْل) هەردوو پەیینە[1394]

یخشى بعض الآباء مغبَّة السلوك السيِّئ لأبنائهم.

هەندێك لەدایك و باوكان ترسیان لەئەنجامی رەفتاری خراپی رۆڵەكانیان هەیە.

[1388] هەروەها بە (أَلَيَّات)و (أَلَيات)یش كۆدەكرێتەوە.

أَلْية الخروف كبيرة جداً.

دوگی بەرخەكە زۆر گەورەیە.

هناك صلة ضعيفة بين حجم ألية المرأة وجمالها.

پەیوەندییەكی لاواز هەیە لەنێوان قەبارەی سمتی ژن و جوانییەكەیدا.

[1389] أُكْرَةُ باب مدخلنا مكسورة.

دەسكی دەرگای هۆڵەكەمان شكێنراوە.

[1390] استأجر شقةً لمدة شهرين.

شوقەیەكی بۆ ماوەی دوو مانگ بەكرێگرت.

[1391] قفا أثر اللص.

شوێنپێی دزەكەی هەڵگرت.

[1392] جمع نُفَساوات ونُفاس ونِفاس

زەیستان: ژنێك كە تازە منداڵی بوبێت.

النُّفساءُ تخاف من الجن.

زەیستانەكە لەجنۆكە دەترسێت.

[1393] لا تصاحبه، إنه شخص مَأْبون.

هاوڕێیەتی مەكە، ئەو كەسێكی قوندەره.

[1394] جمع أزْبال

الزُبْل يقوي الأراضي الزراعية.

پەیین زەویی كشتوكاڵی بەهێزدەكات.

(حَجْر صِحِّيّ)یە کەرەنتینە[1395]

.560 (إسم مُستعار) ناوە، بەس خوازراو[1396]

(شَبَکیَّة)یە مانای تۆڕ(ی چاو)[1397]

.561 (أعارَ) واتە بەخواستن پێدا[1398]

(صفَّرَ) بەتاڵکرد، هەم فیکەی لێدا[1399]

.562 (مُسَلْسَل) چیە؟ واتە "زنجیرە"[1400]

(مِنْشار) مشارە، کۆی (مناشِیر)ە[1401]

.563 (یَتِیم)و (لَطیم)، (عَجیّ) هەتیوە[1402]

للزِبْل رائحة كريهة.

پەیین بۆنێکی ناخۆشی هەیە.

1395 الحَجْر الصِحِّيّ طريقة ناجحة لإحتواء تفشي بعض الأمراض المعدية.

کەرەنتینە ڕێگایەکی سەرکەوتووە بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵاوبونەوەی هەندێکی نەخۆشیی گوازراوە.

1396 بەمانای ناوی خوازراو دێت.

نشر مقالته تحت اسم مُستعار.

وتارەکەی لەژێر ناوێکی خوازراودا بڵاوکردەوە.

1397 المشكلة في شَبَکیَّة عينك اليسرى.

کێشەکە لەتۆڕی چاوی چەپتدایە.

1398 أعارَ يعير، أَعِرْ، إعارةً، فهو مُعير، والمفعول مُعار.

أعار صديقَه كتابًا.

کتێبێکی بەخواستن دا بە هاوڕێیەکەی.

1399 صفَّرتِ السَّيِّدةُ البيتَ من المتاع.

خاتونەکە ماڵەکەی لەکەلوپەل بەتاڵکرد.

صفَّر الحكمُ لإنهاء المباراة.

ناوبژیوانەکە فیکەیلێدا بۆ کۆتاییپێهێنانی یارییەکە.

1400 المُسلسل التليفزيونيّ رائع.

زنجیرە تەلەفزیۆنییەکە نایابە.

1401 هل تعرف إستعمال المنشار الكهربائيّ؟

دەزانیت مشاری کارەبایی بەکاربهێنیت؟

(فِضَّة) كانزايه، كتومت زيوه[1403]

[.564](#) (تِلميذ) قوتابى[1404]، (طالِب) خوێندكاره[1405]

(عار) شورەییە، جەمعى (أَعْيار)ە[1406]

[.565](#) (تعذَّرَ) واتە بیانووى هێناوۆ[1407]

(معاطِس) لوتە، بەڵام تاك نا كۆ[1408]

[1402] قد تدل رؤية اليتيم في المنام على عودة الحق للرائي.

بينينى هەتيو لەخەودا رەنگە ئاماژەبێت بۆ گەڕانەوەى ماف بۆ خەوبين (ئەو كەسەى خەوەكەى بينيوە).

لا تحتضن طفلك أمام اللطيم.

منداڵەكەت لەباوەش مەگرە لەبەرچاوى هەتيودا.

تربية العَجيّ غير صعبة.

بەخێوكردنى هەتيو قورس نيە.

[1403] واتە بەماناى كانزايەك دێت كە ئەويش زيوە.

جمع فِضاض وفِضَض

الفِضَّة هي أفضل موصل حراري لذا تستخدم في صنع النافذة الخلفية للسيارة لإذابة الثلج في فصل الشتاء .

زيو باشترين گەيەنەرى گەرمييە، هەربۆيە بەكاردەهێنرێت لەدروستكردنى جامى دواوەى ئۆتۆمبێل بەمەبەستى تواندنەوەى بەفر لەزستاندا.

[1404] جمع تلامِذة وتلاميذ

ولدي الصغير تلميذٌ في مدرسة ابتدائيّة.

كوڕە بچوكەكەم قوتابييە لەخوێندنگەيەكى سەرەتايى.

[1405] جمع طالبون وطَلَبة وطُلاّب، مؤ طالبة، جمع مؤ طالبات.

في الجامعة كثير من الطُلاّب الأجانب.

زانكۆكە خوێندكارى بێگانەى زۆر لێيە.

[1406] شورەيى= شەرمەزارى.

النار ولا العار.

ئاگر باشترە لەشەرمەزارى.

[1407] بيانووى هێناوۆ= بيانووى هێنايەوە.

تعذَّر المريض.

نەخۆشەكە بيانووى هێنايەوە.

[1408] تاكەكەى " مَعطَس "ە.

566. (مِمراض) بەمانای هەمیشەنەخۆش[1409]

(حَزین) خەفەتبار[1410]، (فَرِحْ)ە دڵخۆش[1411]

567. (أفحمَ) دەمکوتکرد، هەم نوزەی بڕی[1412]

(خلَدَ) مایەوە، (خُلُود) مەسدەری[1413]

568. (خَلَدْ) بیروهۆش، کۆکەی (أخلاد)ە[1414]

(مُصْمَت) مانای قوڵ، هەروەها سادە[1415]

569. (عانِس) قەیرەیە، مێیە، هەم نێرە[1416]

معطسك بحاجة الى ثلاث عمليات جراحية.

لوتت پێویستی بە سێ نەشتەرگەرییە.

[1409] والدي رجل مِمراض، لا يستطيع العمل.

باوکم پیاوێکی هەمیشەنەخۆشە، توانای کارکردنی نیە.

[1410] يجب على الرجل الحزين أن يشاهد أفلاماً كوميدية.

پیاوی خەفەتبار پێویستە سەیری فیلمی کۆمیدی بکات.

[1411] لا تكن فرحاً بموت أحد.

بە مردنی هیچ کەسێك دڵخۆش مەبە.

[1412] أفحم خصمه بحججه القوية.

بە بەڵگە بەهێزەکانی، نەیارەکەی دەمکوتکرد.

أفحم البكاءُ الطفل.

گریان نوزەی منداڵەکەی بڕی.

[1413] هەروەها بە (خُلْد)یش دەبێتە چاوگ.

خلَد في السجن لمدة طويلة.

ماوەیەکی زۆر لەزینداندا مایەوە.

[1414] لم يَأت في خَلَدِي هذا الأمر.

ئەم شتە نەهاتە بیروهۆشمەوە.

[1415] هو في نوم مصمت، لا تيقظه.

لەخەوێکی قوڵدایە، خەبەری مەکەرەوە.

أحب اللون المصمت في اللباس.

لەجلوبەرگدا حەزم لەڕەنگی سادەیە.

(خَطّار) واته شێر[1417]، (خُلْد) مشكەكوێرە[1418]

570. (أغدقَ)، (غدِقَ) بەخوڕباری[1419]

(اِستبداد) حەتمەن مانای زۆرداری[1420]

571. (هاتفَ) بە تێل قسەی لەگەڵ کرد[1421]

(أصابَ) پێکا، توشبوو، راستیکرد[1422]

[1416] واتە بەمانای قەیرەکچ و قەیرەکوڕیش دێت.

جمع عانسون، مؤ عانس وعانسة، جمع مؤ عانسات وعُنْس وعوانسُ وعُنَّس.

البقاء كاِمْرَأَةٌ عَانِسٌ خير من وجود زوج طالح.

مانەوە وەك ژنێكی قەیرە، باشترە لەبونی مێردێكی خراپ.

شقيقي رجل عانس.

براکەم پیاوێکی قەیرەیە.

[1417] لا تقترب من الخَطّار.

نزیك مەبەرەوە لە شێر.

[1418] يُعد الخلد حيوانًا منعزلًا يقضي معظم وقته تحت الأرض.

مێشکەکوێرە بە گیاندارێکی دابڕاو دادەنرێت و زۆربەی کاتەکانی لەژێر زەویدا بەسەردەبات.

[1419] أغدق المطرُ الليلة الماضية.

شەوی رابردوو باران بەخوڕباری.

غدِق المطرُ في منطقة بينجوين.

باران لەناوچەی پێنجوێن بەخوڕباری.

[1420] قبول الإستبداد يجلب المذلة.

قبوڵکردنی زۆرداری رسوایی دەهێنێت.

[1421] بە تێل قسەی لەگەڵ کرد= بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کرد.

هاتف صديقَه حول المشكلة.

سەبارەت بە کێشەکە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ هاوڕێکەی کرد.

[1422] أصاب السَّهمُ الهدفَ.

تیرەکە ئامانجەکەی پێکا.

أصابَه مرض عضال.

توشی نەخۆشییەکی کوشندە بوو.

أصاب العالم في قوله وفعله.

572. (إصابة) روداو، گۆڵ و توشبونە[1423]

(خُلُود) ماناکەی درەنگپیربونە[1424]

573. (رفَضَ) رەتکردۆ، چاوگەکەی (رَفَض)[1425]

(قَفّاص) سانیع و بائیعی قەفەز[1426]

574. (كُرَة) واتە تۆپ، كۆی (كُرات)، (كُرى)[1427]

(رعَف أنفُه) لوتی پژا[1428]

زانایەکە لە قسەو کرداریدا راستیکرد.

1423 لەمانای سێیەمیاندا چاوگی (أصاب)یە.

جُرح في إصابة مرور.

لەڕوداوێکی هاتوچۆدا بریندار بوو.

سجَّل اللاعب ثلاث إصابات خلال أقل من خمس دقائق.

یاریزانەکە لەماوەی کەمتر لەپێنج خولەکدا سێ گۆڵی تۆمارکرد.

الإصابة بمرض الجدريّ غير مميته.

توشبون بە نەخۆشیی ئاوڵە کوشندە نیە.

1424 الخلود من سمات الذين لديهم أزواج صالحة.

درەنگپیربون تایبەتمەندییەکی ئەو کەسانەیە کە هاوسەری باشیان هەیە.

1425 هەروەها بە (رَفْض)یش دەبێتە چاوگ.

رەتکردۆ= رەتکردەوە.

رفض حجَّته رفضًا باتًّا.

بەڵگەکەی بەتەواوەتی رەتکردەوە.

1426 بەمانای سانیعی قەفەزو بائیعی قەفەزیش دێت.

سانیعی قەفەز= قەفەزدروستکەر.

بائیعی قەفەز= قەفەزفرۆش.

صنع القفّاصُ القَفَصَ من الخشب.

قەفەزدروستکەرەکە قەفەزەکەی لە دار دروستکرد.

ابتعت من القفّاص قفصًا للببّغاء.

قەفەزێکم لەقەفەزفرۆشکە کڕی بۆ توتییەکە.

1427 اشتريت كرة جديدة لولدي الصغير.

تۆپێکی نوێم بۆ کوڕە بچوکەکەم کڕی.

575. (خلَدَ) چیە؟ درەنگ پیربوو[1429]

(شافهَ) دواند، بەڵام روبەڕوو[1430]

576. (بَوْل) واتە میز[1431]، (مِرحاض)ە دەستاڤ[1432]

(خَلَف) قەرەبوو، کۆی (خُلوف)، (أخلاف)[1433]

577. (واقعَ) چیە؟ چوو بەگژیا[1434]

(رغَا) کەفیکرد، لەگەڵ زۆر گریا[1435]

[1428] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

[1429] خلَدَ يَخلُد، خُلْدًا وخُلُودًا، فهو خالد.

خلد والدي الفضل يعود لوالدتي.

باوکم درەنگ پیربوو، بەڵام چاکەکە بۆ دایکم دەگەڕێتەوە.

[1430] شافهَ يشافه، مشافهةً وشِفاهًا ، فهو مُشافِه ، والمفعول مُشافَه.

بەمانای "روبەڕوو دواند" دێت، واتە دواندنی روبەڕوو نەك لەڕێگەی تێل و ناڕاستەوخۆو هتد...ەوە.

روبەڕوو دواند= روبەڕوو قسەی لەگەڵ کرد.

شافَه الرَّجُلُ زوجته حول المشكلة.

پیاوەکە ژنەکەی روبەڕوو دواند سەبارەت بە کێشەکە.

[1431] جمع أَبْوال.

احتباس البول حالة صحية مزعجة.

گیرانی میز حاڵەتێکی تەندروستیی بێزارکەرە.

[1432] جمع مَراحيض.

دەستاڤ= ئاودەست.

يرى ابن سيرين أن مشاهدة المرحاض في حلم الرجل المتزوج تشير إلى أنه يخون زوجته مع امرأة أخرى سيئة السمعة.

ئیبن سیرین پێیوایە بینینی ئاودەست لەخەودا لەلایەن پیاوەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو پیاوە ناپاکی لەهاوسەرەکەی دەکات لەگەڵ ژنێکی بەدناودا.

[1433] قەربوو: جێگرەوە.

أعطاك الله خَلَفًا كبيراً لفقدان ثروتك.

خودا قەربوویەکی گەورەی پێبەخشیت بۆ لەدەستدانی سامانەکەت.

[1434] واقع الرَّجلُ زميله.

پیاوەکە چوو بەگژ هاوکارەکەیدا.

[1435] رغَا يَرغُو ، ارْغُ ، رَغْوًا ، فهو راغٍ.

578. (عَنْكبوت) چیه؟ جاڵجاڵۆکە[1436]

(دوَّار)، (متجوِّل) هەردوو گەڕۆکە[1437]

579. (أصابَ) چیه؟ بریندارکرد[1438]

(أتعسَ)، (تعَسَ) هەردوو لەناوبرد[1439]

580. (لَقحة) بەمانای حوشتر(ی پڕشیر)[1440]

(عُصْفُور) چۆلەکە، کۆکەی (عصافیر)[1441]

رغا الماءُ أثناء الغليان.

ئاوەکە لەکاتی کوڵاندا کەفیکرد.

رغا الصَّبيُّ بعد موت أمه.

کوڕەکە پاش مردنی دایکی زۆر گریا.

1436 جمع عنكبوتات وعَناكِبُ وعناكيبُ، مذ عنكبوت وعنكب.

{وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنْكَبُوتِ}

و بێگومان لاوازترین ماڵ، ماڵی جاڵجاڵۆکەیە.

1437 اشتريت الفاكهة من بائع جوال.

میوەکەم لەفرۆشیارێکی گەڕۆك کڕی.

رأيت رجلاً متجولاً يبحث عن الأشياء القديمة.

پیاوێکی گەڕۆکم بینی بەدوای شتگەلی کۆندا دەگەڕا.

1438 أصاب منافسه في المباراة.

رکەبەرەکەی لەیارییەکەدا بریندارکرد.

1439 أتعسه اللهُ.

خودا لەناویبرد.

تعست صديقها بالسكوت.

بەبێدەنگی هاوڕێکەی لەناوبرد.

1440 الجمع: لِقاح

بەمانای حوشتری مێي پڕشیر دێت واتە شیری زۆر بێت.

اللقحة حيوان ثمين.

حوشتری پڕشیر ئاژەڵێکی گرانبەهایە.

1441 رأيت عصفورًا يحلق في السماء.

چۆلەکەیەکم بینی لەئاسماندا دەفڕی.

581. (أفاقَ) واته بەئاگاهاتۆ[1442]

(سُکارَی) سەرخۆش، بەڵام تاك نا کۆ[1443]

582. (غَرام) چیە؟ خۆشەویستی[1444]

(عُمومًا) حەتمەن مانای بەگشتی[1445]

583. (ناصَب) واتە بەر هەڵەستیکرد[1446]

(أوجدَ) دابینکرد، هەم دەوڵەمەندکرد[1447]

584. (تخطَّی)، (أَهمَلَ) واتە پشتگوێخست[1448]

(خلَّفَ) جێهێشت، هەروەها دواخست[1449]

1442 بەئاگاهاتۆ= بەئاگاهاتەوە.

أفاق من نومته.

لەخەوەکەی بەئاگاهاتەوە. واتە بەخەبەری بووەوە.

1443 تاکەکەی (سکران)ە.

رأيت رجلاً سكرانًا يشرب النفط بدل الماء.

پیاوێکی سەرخۆشم بینی لەبری ئاو نەوتی دەخواردەوە.

1444 غرام قيس بليلى مشهور.

خۆشەویستیی قەیس بۆ لەیلا بەناوبانگە.

1445 زرت المدن العراقية عُمومًا.

سەردانی شارەکانی عیراقم کردووە بەگشتی.

1446 ناصَب الظالم حتى الموت.

تا مردن بەر هەڵستیی ستەمکارەکەی کرد.

1447 أوجدت الحكومةُ عملاً للعاطلين.

حکومەت کاری بۆ بێکارەکان دابینکرد.

الحمد لله الذي أوجدني بعد فقر.

سوپاس بۆ ئەو خودایەی پاش هەژاری، دەوڵەمەندی کردم.

1448 تخطَّى البائعُ المشتري.

فرۆشیارەکە کڕیارەکەی پشتگوێخست.

إن الله يمهل ولا يُهمل.

بێگومان خودا مۆڵەتدەدات بەڵام پشتگوێناخات.

585. (اِرمَكَّ) چیە؟ واتە لاوازبوو[1450]

(تعَسَ)، (تعِسَ) بەدبەختبوو[1451]

586. (صَكَّ) "لێدا"یە، هەروەها داخست[1452]

(لَبِنَة) شیردەرە، دێش بەمانای خشت[1453]

587. (یهودِيّ) چیە؟ واتە جولەکە[1454]

[1449] خلَّف لورثته أموالاً طائلة.

سامانێکی زۆری بۆ میراتگرەکانی جێهێشت.

خلّف الدَّيْنَ.

قەرزەکەی دواخست.

[1450] ارْمَكَّ الجمَلُ بسبب المرض.

حوشترەکە بەهۆی نەخۆشییەوە لاوازبوو.

[1451] تعَسَ الولد بعد وفاة أمه.

منداڵەکە پاش کۆچیدوایی دایکی، بەدبەختبوو.

تعِسَ الشاب بعد الإنحراف عن الطريق المستقيم.

پاش لادان لەسەر رێگای راست، گەنجەکە بەدبەختبوو.

[1452] بەڵام لێدان و داخستنی توند نەك ناسکەلێدان و ناسکەداخستن!

صَكَّ صَكَكْتُ ، يَصُكّ ، اصْكُكْ / صُكَّ ، صَكًّا ، فهو صاكّ ، والمفعول مَصْكوك

صَكَّ وَجْهَه بعد شتمه.

پاش جوێنپێدانی، لەدەموچاوی دا.

صَكَّ البابَ و هرب.

دەرگەکەی داخست و رایکرد.

[1453] جمع لَبِنات ولَبِن.

بَقَرَةٌ لَبِنَةٌ خير من ثورين للفقير.

مانگایەکی شیردەر لەدوو گا باشترە بۆ هەژار.

بنَى منزله من اللبن.

ماڵەکەی لەخشت دروستکرد.

[1454] جمع يَهود

{مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلاَ نَصْرَانِيًّا} .

ئیبراهیم نە جولەکە بوو، نە گاور.

وشەی (صَكّ)و (شِيك) هەردوكيان چەكە[1455]

588. (حَذْف) بڕینە، کارەکەی (حذَف)[1456]

(رَغْوَة) هەم (رُغْوة) هەردوو مانای کەف[1457]

589. (بندقَ عليه) تەقەیلێکرد[1458]

(زبَلَ)، (زبَّلَ) پەینیتێکرد[1459]

590. (صفَرَ) چیە؟ فیکەی لێدا[1460]

(اِستَنثَرَ) ئاوی لەلوتی وەردا[1461]

1455 چەکی بانك نەك هی کوشتن!

صَكّ مزور.

چەکەکەت ساختەکراوە.

قدَّمت الشركة شِيكًا سخيًا للموظفين المتميزين.

کۆمپانیا چەکێکی بەبەهای پێشکەش بە کارمەندە ناوازەکان کرد.

1456 حذَفَ يَحذِف ، حَذْفًا ، فهو حاذِف ، والمفعول مَحْذوف.

بڕین بەمانای سڕینەوە.

حذَف الرئيس عبارةً من خطابه.

سەرۆك دەستەوژایەکی لەوتارەکەی سڕییەوە.

1457 رغوة الصابون تؤذي العين.

کەفی سابو زیان بە چاو دەگەیەنێت.

هل رأيت رغوة البحر؟

کەفی دەریات بینیوە؟

1458 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

بەمانای تەقەیلێکرد دێت بەڵام بە تفەنگ نەك بە ئارپیجی و هتد...!

1459 زبَل الفلاحُ أرضَه.

جوتیارەکە پەینی کردە زەوییەکەیەوە.

تزبيل الأشجار يكون غالبًا في فصل الشتاء.

زۆربەی جار پەیینکردنە درەخت لەوەرزی زستاندا ئەنجامدەدرێت.

1460 صفَرَ الشاب حين رأى الفتاة الجيملة.

گەنجەکە کاتێك کچە جوانەکەی بینی فیکەی لێدا.

.591 (بسَرَ) چیە؟ رویگرژکرد[1462]

(استرفدَ) داوای یارمەتی لێکرد[1463]

.592 (رِفاد) وەك (رَفْد) یارمەتیدانە[1464]

(ثَمَّ) "ئەوێ"یە[1465]، (ثُمَّ) "پاشان"ە[1466]

.593 (وَدیعة) چیە؟ راسپاردە[1467]

(رفَدَ) دەرکرد، چاوگەکەی (رَفْد)ە[1468]

.594 (غلَم)و (غُلْمَة) مانای زەوقهەستان[1469]

1461 اِستَنثَرَ الرجل أثناء الوضوء.

پیاوەکە لەکاتی دەستنوێژدا ئاوی لەلوتی وەردا.

1462 بسَرَ يَبسُر، بَسْرًا وبُسورًا ، فهو باسِر.

بسَرَ الرجل حين سمع أخته تتحدث عن زوجته.

پیاوەکە کاتێك گوێی لەخوشکەکەی بوو قسە لەسەر ژنەکەی دەکات، رویگرژکرد.

1463 استرفد المحتاجُ الغنيَّ.

هەژارەکە داوای یارمەتی لەدەوڵەمەندەکە کرد.

1464 هەروکیان چاوگی (رفَدَ)ن.

رفَد والدي السَّائلَ.

باوکم یارمەتیی سواڵکەرەکەی دا.

1465 {فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللهِ}

روبکەنە هەر شوێنێك، ئەوێ ئاڕاستەی خودایە.

1466 دخل الرجال ثُمَّ النساء.

پیاوەکان چونەژورەوە، پاشان ژنەکان.

1467 جمع وَدائعُ.

راسپاردە= ئەمانەت.

هل ترجع لي وديعتي؟

ئایا راسپاردەکەم بۆ دەگێڕیتەوە؟

1468 رفَدَ يَرفِد ، رَفْدًا ، فهو رافِد ، والمفعول مَرْفود.

رفَد المدرس تلميذًا مشاغِبًا.

مامۆستاکە قوتابییەکی ئاژاوەگێڕی دەرکرد.

(رَعْف) هەم (رُعاف) هەردوو لوتپژان[1470]

.595 (يَعْسُوب) شاژن و پوشکەبەقنگە[1471]

(بُنْدُق) گوللـەیە، بەس هی تفەنگە[1472]

.596 (اِستَرَق) لەگەڵ (سَرق) دزی[1473]

(ارتعدَ)یە بەمانای لەرزی[1474]

.597 (ضَفْر)و (ضَفيرة) هەردوکیان پەلکە[1475]

1469 هەردوکیان چاوگی (غَلِمَ)ن.

غَلِمَ الرجل حين رأى زوجته عارية.

پیاوەکە کاتێك هاوسەرەکەی بەڕوتی بینی، زەوقیهەستا.

1470 هەردوکیان چاوگی (رعُفَ)ن.

رعُف الرجل بسبب الشمس.

پیاوەکە بەهۆی خۆرەوە لوتیپژا.

1471 جمع يعاسيبُ

بەمانای شاژن(ی هەنگ)و پوشکەبەقنگەش دێت.

اليَعْسُوب حشرة كبيرة.

شاژن مێروویەکی گەورەیە.

اذا رأت الفتاة العزباء في المنام اليعسوب فإن هذا دلالة على صلاح الأحوال والخروج من حالة الحزن.

ئەگەر کچێکی شونەکردوو لەخەودا پوشکەبەقنگەی بینی، ئەوە ئاماژەیە بۆ چاکبونی بارودۆخی کچەکەو دەرچون لەخەفەت.

1472 مفرد بُنْدُقة.

لا تلمس البُنْدُقة.

دەست لەگوللـەکە مەدە.

1473 استرَق نقوداً كثيرة من المصرف.

پارەیەکی زۆری لەبانکەکە دزی.

الكذاب لص أيضاً، اللص يسرق مالك والكذاب يسرق عقلك.

درۆزن دزیشە، دز پارەت دەدزێت و درۆزنیش عەقڵت.

1474 ارتعد خوفًا من كشف جريمته.

لەترسی ئاشکرابونی تاوانەکەی لەرزی.

1475 ضفرك غير نظيف.

پەلکەکەت پاك نیە.

(حبَّة سوداء)ە بەمانای رەشکە[1476]

.598 (سِراج) چرایە، کۆی (سُرُج)و (سُرْج)[1477]

(أشمطُ الشَّعر) سەر ماش و برنج[1478]

.599 (وَشيجة) چیە؟ پەیوەندییە[1479]

(نَدی) شەونمە، کۆکەی (أندية)[1480]

.600 (بُدْرَة) وەك (بودرة)، ماناکەی بۆدرە[1481]

(أَصْفَر) واتە زەرد، جەمعەکەی (صُفْر)ە[1482]

.601 (نَدی) وەك (سَخاء) بەخشندەیی[1483]

ضفيرات شَعْرك جميلة.

پەلکەکانی قژت جوانن.

[1476] للحبَّة السَّوداء فوائد عديدة.

رەشکە چەندین سودی هەیە.

[1477] قرّب السراج مني.

چراکەم لێ نزیکبکەرەوە.

[1478] زوجها رجل أشمطُ الشَّعر.

مێردەکەی پیاوێکی سەر ماش و برنجە.

[1479] جمع وشائِج

عندي وشِيجة المحبَّة مع أصدقائي.

پەیوەندیی خۆشەویستییم لەگەڵ هاوڕێکانمدا هەیە.

[1480] هەروەها بە (أنداء)یش کۆدەکرێتەوە.

[1481] وضعت الأم البُدْرة على قدم طفلها المصابة.

دایکەکە بۆدرەی کرد بە پێیە نەخۆشەکەی منداڵەکەیدا.

للبودرة أنواع عديدة.

بۆدرە چەندین جۆری هەیە.

[1482] اشتريت ثوبًا لونه أصفرُ.

جلوبەرگێکم کڕی کە رەنگەکەی زەرد بوو.

[1483] نداه أخجل الثريين.

بەخشندەییەکەی دەوڵەمەندەکانی شەرمەزارکرد.

(حفيظة)و (غَضَب) هەردوو تووڕەیی[1484]

.602 (نَسيب) هەم زاوا، هەم وەجاخزادە[1485]

(رِفْد) یارمەتی، کۆکەی (أرفاد)ە[1486]

.603 (بدَأَ) دەستپێکرد، (بَدْء) مەسدەری[1487]

(صَلَخْ) ماناکەی کەڕبون و کەڕی[1488]

.604 (زَريبة) تەویلە، هەم چاڵ(ی راوکەر)[1489]

السَخاء من شيمة الأبرار.

بەخشندەیی یەکێکە لەڕەفتارەکانی چاکەکاران.

[1484] المقدرة تُذهب الحفيظةَ.

توانین تووڕەیی لادەبات. مەبەست ئەوەیە کە تواناو دەسەڵاتت هەبوو لێبوردە بە نەك لەسەر بنچینەی تووڕەیی وەڵامبدەیتەوە.

ثلاثة لا يعرفون إلّا عند ثلاث: الشجاع عند الحرب، والحليم عند الغضب، والصديق عند الحاجة.

سێ جۆر کەس هەن لەسێ حاڵەتدا نەبێت، ناناسرێنەوە: ئازا لەکاتی جەنگ و هێمن لەکاتی تووڕەیی و هاوڕێ لەکاتی پێویستیدا.

[1485] جمع أنْسِبَاءُونُسَبَاءُ.

لەمانای یەکەمیاندا هاومانای (صِهْر).

نسيبي عالم جليل.

زاواکەم زانایەکی پایەبەرزە.

الرجل النسيب لا يزور الأماكن المشبوهة.

پیاوی وەجاخزادە سەردانی شوێنی گوماناوی ناکات.

[1486] هەروەها بە "رُفُود"یش کۆدەکرێتەوە.

لا تقطع أرفادك عن الفقراء.

یارمەتییەکانت لەهەژاران مەبڕە.

[1487] بدَأَ يَبدَأ، بَدْءًا وبَدْأةً وبِدَايةً، فهو بادِئ.

بدأت الفتنة في هذا الحي.

ئاژاوەکە لەم گەڕەکەوە دەستپێکرد.

[1488] چاوگی (صَلِخَ)یە.

للصلخ أسباب عديدة.

کەڕبون چەندین هۆکاری هەیە.

هل يوجد علاج للصلخ؟

(أُكْرَة)ش هەر چاڵە، کۆی (أُكْرات)، (أُكَر)[1490]

.605 (نحَرَ)، (ذبَحَ)، (عقَرَ) سەربڕی[1491]

(باعَ) "فرۆشت"ە[1492]، (اشترى) كڕی[1493]

.606 (أَصْدقاء) هاوڕێ، بەڵام تاك نا كۆ[1494]

ئایا کەڕی چارەسەری هەیە؟

[1489] جمع زَريبات وزَرائب.

تبيت أبقار المزرعة في الزَّريبة.

مانگاکانی کێڵگەکە لەتەویلەکەدا دەمێننەوە.

للزريبة دور مهم في الصيد.

چاڵی راوکەر رۆڵێکی گرنگی لەڕاوکردندا هەیە.

[1490] هەروەها بە (أُكُرات)یش کۆدەکرێتەوە.

وقعت الدجاجة في الأكرة.

مریشکەکە کەوتەناو چاڵەکەوە.

[1491]نحَرَ يَنحَر ، نَحْرًا ، فهو ناحِر ، والمفعول مَنْحور ونحير.

ذبَحَ يَذبَح ، ذَبْحًا ، فهو ذابِح ، والمفعول مَذْبوح وذبيح.

قَرَ يَعقِر ، عَقْرًا ، فهو عاقِر ، والمفعول معقور.

نحر القصّاب البقرة بسهولة.

قەسابەکە بە ئاسانی مانگاکەی سەربڕی.

هل تخاف من ذبح الجاموس أمامك؟

ئایا لەسەربڕینی گامێش لەبەردەمتدا دەترسیت؟

عقر عِجْلاً لعيد الأضحى.

بۆ جەژنی قوربان گوێرەکەیەکی سەربڕی.

[1492]باعَ يَبيع ، بِعْ ، بَيْعًا ، فهو بائع وبَيِّع ، والمفعول مَبِيع ومَبْيوع.

باع الرجل بيته بثمن رخيص.

پیاوەکەماڵەکەی بە نرخێکی هەرزان فرۆشت.

[1493]اشترى يشتري ، اشْتَرِ ، اشتراءً ، فهو مُشترٍ ، والمفعول مُشترًى.

اشتريت اليوم كتابًا مفيداً.

ئەمڕۆ کتێبێکی بەسودم کڕی.

[1494] تاکەکەی (تەبعەن بیلامانێ!) بریتییە لە "صَدیق".

(لخاطرِكَ) لەبەر خاتری تۆ[1495]

.607 (مِنْ كُلِّ خَاطِرِي) لەناخی دڵمۆ[1496]

(طُلَّح) خراپەكار، بەڵام تاك نا كۆ[1497]

.608 (قاق) قەلەڕەش، گێل، جەمعەكەی (قیقان)[1498]

(كَسَرَ خَاطِرَهُ) دڵی شكان[1499]

.609 بازرگانیكرد (تجَرَ)، (اتَّجرَ)[1500]

صديقي العزيز إذا كنت ستعيش مئة عام، فإنني أتمنى أن أعيش مئة عام تنقص يوماً واحداً كي لا أضطر للعيش من دونك.

هاوڕێی ئازیز ئەگەر تۆ سەد ساڵ بژیت، ئاواتەخوازم من یەك ڕۆژ كەمتر لەسەد ساڵ بژیم، بۆ ئەوەی ناچارنەبم بەبێ تۆ بژیم.

1495 تخليت عن حقي لخاطرك.

لەبەر خاتری تۆ وازم لەمافەكەی خۆم هێنا.

1496 لەناخی دڵمۆ= لەناخی دڵمەوە.

قدمت لك الهدية من كل خاطري.

دیارییەكەم لەناخی دڵمەوە پێشكەشكردیت.

1497 بێگومان بە (طالحون)یش كۆدەكرێتەوە. پێچەوانەی (صالح)ە.

الثناء يزيد الصَّالحين صلاحًا والطَّالحين سوءًا.

ستایش چاكەكاران چاكتردەكات و خراپەكارانیش خراپتر.

1498 لەمانای یەكەمیاندا موڕادیفی (غراب)ە.

القاق طائر غير محبوب.

قەلەڕەش باڵندەیەكی ڕۆحسوك نیە.

لا تصاحب القاق.

هاوڕێیەتی گێل مەكە.

1499 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "دڵی شكان"، بریتییە لە دڵی شكاند، بەڵام لەبەر قافیەی شیعرەكە دالەكەم لابردووە.

كَسَرَ خَاطِرَهُ على شيء تافه.

لەسەر شتێكی بێبایەخ دڵی شكاند.

1500 يتجر الرجل منذ صباه.

پیاوەكە لەمنداڵییەوە بازرگانیدەكات.

لو اتَّجرت بالأكفان ما مات أحدٌ.

ئەگەر بازرگانیم بە كفنەوە بكردایە، كەس نەدەمرد. پەندێكە بۆ گوازرشتكردنی لەبێبەختی بەكاردەهێنرێت.

(غِرَّة) ساویلکە، کۆکەی (غِرَر)ە[1501]

.610 (قاقَ) چیە؟ گارەگاریکرد[1502]

(ندَّی)، (بَلَّلَ) هەردوکیان تەڕکرد[1503]

.611 (تنصَّلَ) گۆڕا، خۆیدزیۆ، نەما[1504]

(دُوارُ البحر) گێژی، بەس دەریا[1505]

.612 (غَرَّ) واتە رشت، هەم هەڵخەڵەتان[1506]

[1501] شقیقته فتاة غرة.

خوشکەکەی کچێکی ساویلکەیە.

[1502] قاقَ یقیق ، قِقْ ، قَیْقًا / قاقَ یَقُوق قَوْقًا ، فهو قائِق.

قَاقَتِ الدَّجَاجَةُ في الحدیقة.

مریشکەکە لەباخچەکەدا گارەگاریکرد.

[1503] ندّی المطرُ الأرضَ.

بارانەکە زەوییەکەی تەڕکرد.

بلَّل حبیبته بالماء.

خۆشەویستەکەی بە ئاو تەڕکرد.

[1504] خۆیدزیۆ= خۆیدزییەوە.

تنصَّلتِ لحیتُه من الخضاب.

ریشی بەهۆی بۆیاخەوە گۆڕا.

تنصَّل من المسئولیَّة.

خۆی لەبەرپرسیارێتییەکە دزییەوە.

تنصَّل کَمَدُه.

خەفەتەکەی نەما.

[1505] بەمانای گێژیی دەریا دێت کە حاڵەتێکی تەندروستییە بەهۆیەوە توشبوو لەکاتی سەیرکردنی شەپۆلەکانی دەریا، لەکاتی گەشتی دەریایی، سەری گێژدەخوات.

هل عندك دُوار البحر.

گێژیی دەریات لەگەڵدایە؟

[1506] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "هەڵخەڵەتان" بریتییە لە هەڵخەڵەتاند، بەڵام لەبەر قافیەکە دالەکەم لابردووە.

غَرَّ الْمَاءَ علی قمیصه.

غَرَّ الفتاة بالمال.

(طَيلَسان) شاڵە، بەڵام هی سەرشان[1507]

.613 (قَيَّنَ)، (زيَّنَ) رازاندەوە[1508]

(نعَشَ)، (أنعشَ) بوژاندەوە[1509]

.614 (تخطَّى) چيە؟ واتە تێپەڕاند[1510]

(قبَضَ) مانای گرت، وەرگرت و مراند[1511]

کچەکەی بە پارە هەڵخەڵەتاند.

ئاوەکەی بە کراسەکەيدا رشت.

[1507] بەمانای شاڵی سەر شان دێت نەك شاڵی رانکوچۆغە.

وضع العالم الطَيلَسان على كتفه وبدأ بخطبته.

زاناکە شاڵەکەی لەسەر شانی داناو دەستيکرد بە وتارەکەی.

[1508] قيَّنَ العروسة للحفلة.

بوکەکەی رازاندەوە بۆ ئاهەنگەکە.

ليس الجمال بأثواب تُزيِّننا

إن الجمال جمالُ العلم والأدبِ

جوانی بەو جلوبەرگانە نيە کە دەمانڕازێننەوە

بێگومان جوانی، جوانی زانست و ئەدەبە

[1509] نعش الربيعُ الحدائِقَ والبساتين.

بەهار باخچەو بێستانەکانی بوژاندەوە.

أنعشت الحكومة الجديدة اقتصادَ البلد.

حکومەتە نوێيەکە ئابوريی وڵاتی بوژاندەوە.

[1510] تخطَّى يتخطَّى ، تَخَطَّ ، تخطّيًا ، فهو متخطٍّ ، والمفعول متخطًّى.

تخطَّى الرجل سنَّ الشَّباب.

پياوەکە تەمەنی گەنجيی تێپەڕاند.

[1511] قبَضَ يَقبِض ، قَبْضًا ، فهو قابِض ، والمفعول مَقبوض.

قبَضَ السكين بيده.

چەقۆکەی بەدەستی گرت.

قَبَض مرتَّبَه آخر الشهر.

کۆتايی مانگ موچەکەی وەرگرت.

قبَضَ اللهُ المريض بعد حياة طويلة.

.615 (قبَضَ) بەمانای توشی قەبزیکرد[1512]

(مُبتذِل) سوکە[1513]، (اِبتذلَ) سوککرد[1514]

.616 (قبَّض)، (سلَّمَ) مانای رادەستکرد[1515]

(أزرى)، (أزرى بـ) هەردوکیان سوککرد[1516]

.617 (تقبَّضَ) چیە؟ واتە چرچبوو[1517]

(سريعُ الخاطِر) مانای گورجدوو[1518]

پاش ژیانێکی زۆر، خودا نەخۆشەکەی مراند.

1512 قبَضَ يَقبِض ، قَبْضًا ، فهو قابِض ، والمفعول مَقبوض.

قبَضَ الدّواءُ أمعاءَه.

دەرمانەکە ریخۆڵەکانی توشی قەبزیکرد.

1513 أغضبه تعبير مبتذل.

گوزارشتێکی سوك توڕەیکرد.

1514 قرأتُ لكاتب يبتذل الأدب فعلمت أنّه ليس أديبًا.

بابەتێکی نوسەرێکم خوێندەوە کە تێیدا ئەدەب سوکدەکات، لەوەوە زانیم کە ئەو نوسەرە ئەدیب نیە.

1515 رادەستکرد= تەسلیمکرد.

قبَّض البائعَ ثمن السِّلعة.

بەهای کاڵاکەی رادەستی فرۆشیارەکە کرد.

سلّم نفسَه للشّرطة.

خۆی رادەستی پۆلیس کرد.

1516 أزرى مقالته.

وتارەکەی سوککرد.

أزرى المريض بنصائح الطبيب.

نەخۆشەکە ئامۆژگارییەکانی پزیشکەکەی سوککرد.

1517 تقبَّض جلده بسبب الشيخوخة.

پێستی بەهۆی پیرییەوە چرچبوو.

1518 گورجدوو: کەسێکی زیرەك کە هەمیشە وەڵامی ئامادەبێت و خێرا وەڵامبداتەوە.

المدرس سريع الخاطر، لا أستطيع مجادلته.

مامۆستاکە گورجدووە، ناتوانم چەلەحانێی لەگەڵدا بکەم.

.618 (قُبِضَ) واتە مرد، کەوتەگیانەڵا[1519]

(تشبَّكَ)یە مانای لێکئاڵا[1520]

.619 (قَبْضَة) واتە مشت، وەك (مِقْبَض)یش دەسك[1521]

(زاندان) بەمانای دوو ئێسکی باسك[1522]

.620 (مَقْبَض)و (مَقْبِض) هەردوکیان دەسکە[1523]

(حَبَّةُ البَرَكة) وەك (شُونيز) رەشکە[1524]

[1519] قُبِض المريض بعد صراع طويل من المرض.

پاش ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، نەخۆشەکە مرد.

قُبِض السائق بسبب الحادث ولكنه نجا من الموت.

بەهۆی روداوەکەوە شۆفێرەکە کەوتەگیانەڵا بەڵام لەمردن رزگاریبوو.

[1520] لێکئاڵا= تێکئاڵا.

تشبّكت الأسلاك الكهربائية.

وایەرە کارەباییەکان لێکئاڵان.

[1521] واتە (قَبْضَة) بەمانای مشت دێت، هەروەها هاومانای (مِقْبَض)یشە کە بەمانای دەسك دێت.

أعطى السائل قَبْضَة من أرز.

مشتێك برنجی دا بە دەرۆزەکەر "سواڵکەر"ەکە.

قَبْضَة بابه من الذهب.

دەسکی دەرگاکەی لەئاڵتونە.

[1522] هل عندك أية معلومات عن الزاندين؟

ئایا هیچ زانیارییەکت هەیە سەبارەت بە دوو ئێسکی باسك؟

[1523] مَقْبَض السيف صَدِئ.

دەسکی شمشێرەکە ژەنگاوییە.

لا تلمس مَقْبِض السكين.

دەستمەدە لەدەسکی چەقۆیەکە.

[1524] لحبة البركة فوائد عديدة.

رەشکە چەندین سودی هەیە.

هل أكلت الشونيز؟

رەشکەت خواردووە؟

621. (قُنْفُذ) ژیشکە، کۆکەی (قَنافِذ)[1525]

(غَریم)و (دائِن) هەردوو خاوەنقەرز[1526]

622. (ألقی القبضَ علی) واتە دەستگیرکرد[1527]

(عبَّسَ)، (کلَّحَ)، (قبَّض) گرژکرد[1528]

623. (مِسْبار) ئامێرە، هی پشکنینە[1529]

(سَرّاج) سانیع و بائیعی زینە[1530]

[1525] القنفذ یسرح في اللیل وینام في النهار.

ژیشك بە شەودا دەگەڕێت و بە رۆژدا دەخەوێت.

[1526] قتل غریمه بعد سجال علی الدین.

پاش دەمەقاڵەیەك لەسەر قەرز، خاوەنقەرزەکەی کوشت.

الدائن لا ترجع دیونه الیه بسهولة.

خاوەنقەرز قەرزەکانی بە ئاسانی بۆ ناگەڕێتەوە.

[1527] ألقت الشرطة القبضَ علی اللص.

پۆلیس دزەکەی دەستگیرکرد.

[1528] عبَّس وجهَه عند رؤیة آثار الجریمة.

لەکاتی بینینی شوێنەواری تاوانەکە، دەموچاوی گرژکرد.

کلَّح الهمُّ وجهَه.

خەفەت دەموچاوی گرژکرد.

قبَّض وجهَه لیعبِّر عن غضبه.

بۆ گوزارشتکردن لەتوڕەیی، دەموچاوی گرژکرد.

[1529] بەمانای ئامێری پشکنین دێت. ئامێری پشکنین= پشکنەر.

مِسبار الأعماق جهاز مدهش.

پشکنەری قوڵی، ئامێرێکی سەرسوڕهێنە.

[1530] بەمانای سانیعی زین و بائیعی زین دێت.

سانئیعی زین= زیندروو: زیندروستکەر.

بائیعی زین= زینفرۆش.

کان والدي سَرّاجاً ماهراً.

باوکم زیندروویەکی کارامە بوو.

کان السراج رجلاً غاضباً.

.624 (واقِعة) جەنگە، هەروەها روداو[1531]

(مَسْتور) داوێنپاك، لەگەڵ داپۆشراو[1532]

.625 (دفَنَ) واتە ناشت، چاوگەکەی (دَفْن)ە[1533]

(قَوام)و (قامَة) هەردوکیان بەژنە[1534]

.626 (أسملَ) کۆنبوو[1535]، (سَمِيل) واتە کۆن[1536]

(هاتِف)، (تِليفون) هەردوو تەلەفۆن[1537]

زینفرۆشەکە پیاوێکی تورە بوو.

1531 هل تعلم أنَّ السلطان العثماني مراد الأوَّل هو الوحيد من بين سلاطين آل عثمان الذي قُتل في معركة، وذلك في واقعة قوصوه سنة 791هـ الموافقة لسنة 1389م؟

ئایا دەزانیت سوڵتان موڕادی یەکەم، تەنها سوڵتانی بنەماڵەی عوسمانە کە لەجەنگدا کوژرابێت، ئەویش لەجەنگی قوسوەدا بوو (کۆسۆڤۆی ئێستا)، لەساڵی 791ی کۆچی بەرامبەر 1389ی زاینی.

قتل الثائر في واقعة مأساوية.

شۆڕشگێڕەکە لەڕوداوێکی تراژیدیدا کوژرا.

1532 زوجها رجلٌ مستور لا ينظر الى المرأة.

مێردەکەی پیاوێکی داوێنپاکە، سەیری ژن ناکات.

عيوبك مستورة من الله.

کەموکورتییەکانت لەلایەن خوداوە داپۆشراون.

1533 من رأى في المنام أنه ميت، وقد دفن فإنه يسافر سفراً بعيداً ولا يجد مالاً.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی مردووەو نێژرا، ئەوە گەشتێکی دوور ئەنجامدەدات و پارەی دەستناکەوێت.

1534 حبيبته فتاة لها قوام جذاب.

خۆشەویستەکەی کچێکە کە بەژنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە.

ليس لقامة الإنسان أي ربط بشخصيته.

بەژنی مرۆڤ هیچ پەیوەندییەکی بە کەسایەتییەوە نیە.

1535 أسملَ قميصه بسرعة.

کراسەکەی خێرا کۆنبوو.

1536 فستانك سميل، سوف أشترى لك فستاناً جديداً.

عەزییەکەت کۆنە، عەزییەکی تازەت بۆ دەکڕم.

1537 جمع هاتف: هاتفون وهُتّاف وهواتفُ

جمع تلفون: جمع تِلِفونات

.627 (صَفَر) چیه؟ سفریهێنا[1538]

(سمَلَ عینَهُ) چاویدەرهێنا[1539]

.628 (أصمتَ) بێدەنگکرد[1540]، (صمتَ) بێدەنگبوو[1541]

(داخَ) بەمانای توش سەرەخولێبوو[1542]

.629 (مَکان)، (مَطرَح) شوێن، دووەم نزیك نا[1543]

اتصل بالهاتف.

به تەلەفۆن پەیوەندی بکە.

جرت أول مكالمة هاتفية في العام 1876 بين ألكسندر جراهام بيل ومساعده توماس واتسون.

یەکەم پەیوەندیی تەلەفۆنی لەساڵی 1876دا ئەنجامدراوە کە لەنێوان ئەلیکساندەر گراهام بێڵ و تۆماس واتسۆنی یاریدەدەریدا بووە.

تُنجَز الكثير من الأعمال بواسطة التليفون.

زۆرێك لەکارەکان بە تەلەفۆن جێبەجێدەکرێن.

[1538] صَفَر الطالب الكسول.

خوێندکارە تەممەڵەکە سفریهێنا.

[1539] عذّبه آسِروه وسمَلوا عينه.

ئەوانەی بەدیلیان گرتبوو، ئەشکەنجەیانداو چاویاندەرهێنا.

[1540] أصمت العالمُ الجاهلَ.

زاناکە نەزانەکەی بێدەنگکرد.

[1541] صمَتَ يَصمُت ، صَمْتًا وصُمُوتًا وصُماتًا ، فهو صامِت.

قال أحد الفلاسفة الكتب سعادة الحضارة، بدونها يصمت التاريخ ويخرس الأدب ويتوقف العلم ويتجمد الفكر والتأمل.

یەکێك لەفەیلەسوفەکان دەڵێت، کتێب بەختەوەریی شارەستانییەتە، بەبێ کتێب مێژوو بێدەنگدەبێت و وێژە لاڵدەبێت و زانست دەوەستێت و بیرو تێڕامان دەیبەستێت.

[1542] توش سەرەخولێ بوو= توشی سەرەخولێ بوو= توشی سەرەسوڕێ بوو.

داخ عندما نظر من مكانٍ مرتفع.

کاتێك لەشوێنێکی بەرزەوە سەیریکرد، توشی سەرەسوڕێ بوو.

[1543] مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: ئەو دوو وشەیە هەردوکیان بەمانای شوێن دێن، یەکەمیان بەمانای شوێن دێت بەگشتی، بەڵام دووەمیان بەمانای شوێن دێت کە نزیك نەبێت، واتە بەمانای شوێنێك دێت کە دوور بێت.

من رأى في المنام حَيَّة نزلت من عَال فَإِنَّهَا موت رَئِيس ذَلِك الْمَكَان.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی مارێك لەشوێنێکی بەرزەوە هاتەخوارەوە، ئەوە ئاماژەیە بۆ مردنی سەرۆکی ئەو شوێنە.

يستحيل على المرء أن يُوجد في مكانين معًا في آن واحد.

(صلَمَ) مانای بڕی لەبنا[1544]

630. (مُسْتَهَلّ) چیە؟ سەرەتایە[1545]

(تُفَّاحة آدم) بینەقاقایە[1546]

631. (اصفرَّ) چیە؟ زەردهەڵگەڕا[1547]

(فادِح) گەورەیە[1548]، (فادِحة) بەڵا[1549]

632. (وازِع) ڕێگرە، بەس هینی ناوۆ[1550]

مەحاڵە مرۆڤ لەیەك كاتدا لەدوو شوێندا بێت.

هاجر فلم یجد سوی ذاك المطرح.

كۆچیكردو لەو شوێنە زیاتری نەدۆزییەوە.

[1544] بڕی لەبنا= لەبنا بڕی.

صلَم أذنَه لسبب تافه.

لەبەر هۆیەكی بێبایەخ گوێچكەی لەبنابڕی.

صلَم تنظیم داعش أذنَه.

ڕێكخراوی داعش گوێی لەبنابڕی.

[1545] مُسْتَهَلُّ العَمَلِ كان صعباً.

سەرەتای كارەكە قورس بوو.

[1546] تُفَّاحة آدمك كبيرة جداً.

بینەقاقات زۆر گەورەیە.

[1547] اصفرَّ وجهُه من الخوف.

دەموچاوی زەردهەڵگەڕا لەترسا.

[1548] تَعَرَّضَ لِضَرَرٍ فَادِحٍ.

توشی زیانێكی گەورە بوو.

[1549] جمع فادحات وفوادحُ.

كان مقتله فادِحة كبيرة للجميع.

كوژرانی بەڵایەكی گەورە بوو بۆ هەموان.

[1550] بەمانای ڕێگر (ی ناوۆ) دێت. ڕێگری ناوۆ= ڕێگری ناوەوە: ئەو ڕێگرە هەناوییانەی نایەڵن رەفتارێكی دیاریكراو ئەنجامبدەیت.

بسبب وازعه الديني لم ينتقم من القاتل.

بەهۆی ڕێگرە ئاینییەكەیەوە، تۆڵەی لەبكوژەكە نەكردەوە.

(أشراف) ئابڕووه، بەڵام تاك نا كۆ[1551]

633. (مشَى) واته ڕۆشت[1552]، (مَشْي)یه ڕۆشتن[1553]

(إستحمام) حەتمەن مانای خۆشتن[1554]

634. (طافَ) چیه؟ سوڕايەوه[1555]

(اِرتَدَّ) مانای هەڵگەڕایەوه[1556]

635. (رعُفَ)و (رعِفَ) لوتی پژا[1557]

(تأقلمَ)یه بەمانای گونجا[1558]

1551 تاكەكەی (شَرَف)ه.

لا يكتم السر إلا من له شرف *** والسر عند كرام الناس مكتوم.

تەنها ئەو كەسانه نهێنی دەپارێزن كه ئابڕویان هەیه*** نهێنی لەلای كەسانی بەڕێز شاراوەیه.

1552 مشَى يَمشِي، امْشِ، مَشْيًا، فهو ماشٍ.

اذا رأيتم رجلاً يمشي على الماء. ويطير في الهواء, فلا تغترّوا به, حتى تعرضوا أمره على الكتاب والسنة.

ئەگەر پیاوێكتان بینی بەسەر ئاودا دەڕوات و لەناو هەوادا دەفڕێت، فریوی پێمەخۆن تا كارەكەی نەخەنه ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت.

1553 المشي في الصباح بمعدة خالية مفيد للصحة.

ڕۆشتن لەبەیانیاندا به گەدەی بەتاڵەوه بەسوده بۆ تەندروستی.

1554 چاوگی (استحمَّ)یه.

الإستحمام في البحر له طعم خاص.

خۆشتن لەناو دەریادا تامێكی تایبەتی هەیه.

1555 طافَ يَطُوف، طُفْ، طَوَافًا وطَوَفانًا وطَوْفًا وتطوافًا، فهو طائِف.

يطوف الحجّاجُ حول الكعبة.

حاجییان بەدەوری كەعبەدا دەسوڕێنەوه.

1556 ارتدَّ يرتدّ، ارتدِدْ، ارتَدَّ، ارتِدادًا، فهو مُرتَدّ، والمفعول مُرتَدٌّ عنه.

ارتدَّ عن الاسلام فقتل بعد شهرين.

لەئیسلام هەڵگەڕایەوه، بۆیه دوای دوو مانگ كوژرا.

1557 رعُفَ الطفل بسبب الشمس.

منداڵەكه بەهۆی خۆرەوه لوتی پژا.

رعِفَ المريض بعد العملية الجراحية.

636. (غَلِمَ) چیە؟ زەوقی هەستا[1559]

(توقَّفَ)یە بەمانای وەستا[1560]

637. (أدركَ) باڵقبوو، لەگەڵ تێگەیشت[1561]

(جنَّب) مانای بەپاڵیا ڕۆیشت[1562]

638. (هبِلَ) شێتبوو، چاوگەکەی (هَبَلْ)[1563]

(خاطَرَ) واتە گرەویکرد لەگەڵ[1564]

639. (سمَلَ) کۆنبوو[1565]، (يَسمُل) کۆندەبێت[1566]

نەخۆشەکە پاش نەشتەرگەرییەکە لوتی پڕا.

1558 تأقلم الرجل مع البيئة الجديدة.

پیاوەکە لەگەڵ ژینگە تازەکەدا گونجا.

1559 غَلِمَ غَلَمًا، وغُلْمَةً فهو غَلِمٌ، ومِغْليم، وهي غَلِمةٌ، ومِغليم.

غَلِمَ الرجل بعدما رأى فتاة شبه عارية.

پاش ئەوەی کچێکی نیمچەڕوتی بینی، پیاوەکە زەوقی هەستا.

1560 توقَّف القطار في المحطّة.

شەمەندۆفێرەکە لەوێستگەکەدا وەستا.

1561 أدرك الصَّبيُّ.

منداڵەکە باڵقبوو.

أدركت ما في قلب صديقها.

لەوە تێگەیشت کە لەدڵی هاوڕێکەیدایە.

1562 جنَّب بسيّارته القطارَ.

بە ئۆتۆمبێلەکەی بەپاڵ شەمەندۆفێرکەدا ڕۆیشت.

1563 هبِل الرَّجلُ بعد موت زوجته.

پاش مردنی ژنەکەی، پیاوەکە شێتبوو.

1564 خاطر صديقه قبل اللعبة.

پێش يارييەکە گرەوی لەگەڵ هاوڕێکەیدا کرد.

1565 سمَل الثَّوبُ بسرعة.

پۆشاکەکە خێرا کۆنبوو.

1566 القميص الرخيص يَسمُل بعد غسلة واحدة.

(أَهْبَلْ) مانای گێل، دێش بەمانای شێت[1567]

.640 (حَصافة) چیە؟ واتە دانایی[1568]

(دَمَوِيّ) خوێناوی[1569]، (دِيَة) خوێنبایی[1570]

.641 (مَجَرَّة) چیە؟ گەلەئەستێرە[1571]

(غَشُوم) ستەمکار، مێیە، هەم نێرە[1572]

.642 (أفّاق)و (جَوّاب) هەردوو گەڕیدە[1573]

کراسی هەرزان، پاش یەك شۆردن کۆندەبێت.

1567 بەمانای گێل و شێتیش دێت.

لا تجادل الأهبل.

چەلەحانی لەگەڵ گێلدا مەکە.

للأهبل مكانة عالية في الجنة.

شێت پێگەیەکی بەرزی هەیە لەبەهەشتدا.

1568 عُرِف الرَّئيس الرَّاحل بشعوره الوطنيّ وحصافته السِّياسيّة.

سەرۆکی کۆچکردوو بە هەستی نیشتمانی و دانایی سیاسی ناسرابوو.

1569 كان عَهْدٌ صدام المقبور دَمَوِيّاً.

سەردەمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ خوێناوی بوو.

1570 ما هي دِيَة رجل مقتول خَطَأً في الإسلام؟

خوێنبایی پیاوێکی بە هەڵەکوژراو، لەئیسلامدا چیە؟

1571 المَجَرَّة دليل واضح على وجود الله.

گەلەئەستێرە بەڵگەیەکی روونە لەسەر بونی خودا.

1572 واتە ئەم وشەیە بەمانای ستەمکار دێت و داڕشتەی نێرو مێشی هەمان شتە.

نێر:

كان صدام حاكماً غشوماً لا مثيل له.

سەدام ستەمکارێکی بێوێنە بوو.

مێ:

عشيقة هتلر لم تكن غشوماً.

دڵدارەکەی هیتلەر ستەمکار نەبوو.

1573 جاء رَجُلٌ أفَّاق يسأل عن تأريخ المدينة.

(مِعضاد) تەوراس، کێرد، کۆی (معاضید)ە[1574]

.643 (مِداد) مەرەکەب، نەوت(ی چرایە)[1575]

(اصفارَّ) مانای (زەردهەڵگەڕا)یە[1576]

.644 (غمّازة) مانای چاڵی رومەتە[1577]

(بَيْتُ القصيد)ە پوختەی بابەتە[1578]

.645 (نُعْرَة) خەرەنگەز، تڕوفیزو لوت[1579]

پیاوێکی گەڕیدە هات پرسیاری لەمێژووی شارەکە دەکرد.

شقيقي صحفيّ جوّاب.

براکەم رۆژنامەنوسێکی گەڕیدەیە.

[1574] استخدم المعضاد لتجميل الشجرة.

تەوراسەکە بەکاربهێنە بۆ جوانکردنی درەختەکە.

لا تضع المعضاد قرب الطفل.

کێرد لەنزیك منداڵ دامەنێ.

[1575] جمع أَمِدَّة.

{قُلْ لَوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَنْ تَنْفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي}

بڵێ ئەگەر دەریا مەرەکەب بوایە بۆ قسەکانی پەروەردگارم، ئەوا پێش ئەوەی قسەکانی پەروەردگارم تەواوببێت، دەریاکە تەواودەبوو.

لمداد السراج رائحة كريهة.

نەوتی چراکە بۆنێکی ناخۆشی هەیە.

[1576] اصفارَّ يصفارّ، اصْفارِرْ/ اصْفارَّ، اصفيرارًا، فهو مُصفارّ.

اصفارَّ الطفل بسبب المرض.

منداڵەکە بەهۆی نەخۆشییەوە، زەردهەڵگەڕا.

[1577] للفتاة غمّازتان تزيدان في جمالها حين تبتسم.

کچەکە دوو چاڵی رومەتی هەیە کە لەکاتی زەردەخەنەدا جوانییەکەی زیاددەکەن.

[1578] هل فهمت بيت القصيد؟

لەپوختەی بابەتەکە تێگەیشتیت؟

[1579] جمع نُعرات ونُعَر.

بەمانای (خەرەنگەز)و (تڕوفیز ""لوتبەرزی)و لوتیش دێت.

خەرەنگەز: مێشەسەگانە.

دخلت النُّعرةُ في خيشومه.

(شَرْط) واته مەرج، جەمعەکەی (شُروط)[1580]

.646 (طرَحَ) لێدەرکرد، هینەکەی (یطرَح)**[1581]**

(طَالِح) خراپەکار، جەمعەکەی (طُلَّح)**[1582]**

.647 (سَمَلْ) واته کۆن، جەمعەکەی (أسمال)[1583]

جیابونەوەیە، مانای (اِنفصال)**[1584]**

.648 (خاطرَ بـ) خسته مەترسییەوە[1585]

(طرَح عنه) لێی دورخستەوە[1586]

خەرەنگەزەکە چووە ناو لوتییەوە.

قتلته نُعْرة قبلية.

ترۆفیزی هۆزگەرایی کوشتی.

نُعْرَةُ الثَّور أكبر من نظيرتها البقرية.

لوتی گا لە هی مانگ گەورەترە.

[1580] العملُ شرط النجاح.

کارکردن مەرجی سەرکەوتنە.

[1581] مەخسەوی شەریفم لەوشەی هینەکەی، بریتییە لەڕانەبردووەکەی.

طرَحَ العدد الصغير من الكبير.

ژمارە بچوکەکەی لەگەورەکە دەرکرد.

[1582] بێگومان بە (طالحون)یش کۆدەکرێتەوە.

الثناء يزيد الصَّالحين صلاحًا والطَّالحين سوءًا.

ستایشکردن چاکەکار چاکتردەکات و خراپەکاریش خراپتر.

[1583] إعطاء الثوب السَمَل خيرٌ من عدم إعطاءه.

بەخشینی جلوبەرگی کۆن لەنەبەخشینی باشترە.

[1584] چاوگی (إنفَصَلَ)یە.

الوداع لا يقع إلا لمن يعشق بعينيه، أما ذاك الذي يحب بروحه وقلبه فلا ثمة انفصال أبداً. جلال الدين الرومي.

ماڵئاواییکردن تەنها لای ئەو کەسە رودەدات کە تەنها بە چاو عاشق دەبێت، بەڵام ئەوەی بە گیان و دڵ خۆشەویستی دەکات، هەرگیز جیابونەوەی تێدا رونادات.

[1585] خاطر بحياته من أجل صديقه.

ژیانی لەپێناو هاوڕێکەیدا خستەمەترسییەوە.

.649 (نزَلَ) دابەزی[1587]، (نزّلَ) دابەزان[1588]

(قَين) واتە کۆیلە، کۆی (أقْيان)، (قِيان)[1589]

.650 (يَنزِلْ) بەمانای دەمێنێتەوە

"دەبارێت"یشەو دەنیشێتەوە[1590]

.651 (نزَل بِهِ) واتە توشیبوو[1591]

(طِرْح) کۆرپەیە، بەڵام لەبارچوو[1592]

[1586] طرَح عنه الحزن بنكتة قوية.

بە نوکتەیەکی بەهێز، خەفەتەکەی لێ دورخستەوە.

[1587] نزَلَ يَنزِل، نُزُولاً، فهو نازِل.

من رأى في المنام أَن الله نزل فِي أَرض أَو فِي بلد فَإِن الْعدْل يَشْمَل ذَلِك الْمَكَان وَيدل على الخصب لأَهْلهَا فَإِن كَانُوا ظالمين حلت بهم النقمَة.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی خودا لەخاکێك یان وڵاتێك دابەزی، ئەوە دادوەری ئەو شوێنە دەگرێتەوەو ئاماژەیە بۆ خێرو بەرەکەت بۆ خەڵکەکەی، خۆ ئەگەر خەڵکەکە ستەمکار بون، ئەوە توشی بەڵا دەبن.

[1588] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "دابەزان"، بریتییە لە دابەزاند، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، نونەکەم لابردووە.

نزّل الصغيرَ من فوق الدّراجة.

منداڵە بچکۆلەکەی لەسەر پاسکیلەکە دابەزاند.

[1589] هەروەها بە " قُيُون"یش کۆدەکرێتەوە.

كان القين ولداً مزعجاً.

کۆیلەکە کوڕێکی بێزارکەر بوو.

[1590] رابردووەکەی (نزَلَ)یە.

نزل في الفندق.

لەمیوانخانەکە مایەوە.

نزَل المطرُ طوال النهار.

بەدرێژایی رۆژەکە باران باری.

نزلتِ الطَّائرةُ في المطار.

فڕۆکەکە لەفڕۆکەخانەکە نیشتەوە.

[1591] نزَلت به مصيبة كبيرة.

توشی بەڵایەکی گەورە بوو.

[1592] بەمانای کۆرپەی لەبارچوو دێت.

652. (أرفدَ)، (رفَدَ) يارمەتیدا[1593]

(ارتكبَ)یە مانای ئەنجامدا[1594]

653. (كَبير) سەرۆكە، هەروەها گەورە[1595]

سەرەتاو ناوچەوان، دەمڕاستیش (غُرَّة)[1596]

654. (هِواية) خولیا، واتە ئارەزوو[1597]

(اِمْتَلأ)و (فَاضَ)، (غصَّ)ش هەر پڕبوو[1598]

كان طِرْح الشاة صغير الحجم.

كۆرپە لەبارچووەكەی بزنەكە قەبارەی بچوك بوو.

[1593] نحن بحاجة إلى من يُرفدنا بالعلم والمال في بداية حياتنا.

ئێمە پێویستمان بەوەیە كە لەسەرەتای ژیانماندا بە زانست و سامان یارمەتیمان بدات.

رفَد الغني السَّائلَ.

دەوڵەمەندەكە یارمەتیی دەرۆزەكەرەكەی دا.

[1594] من رأى في المنام أَن الله تَعَالَى على غير مَا وصف بِهِ من صِفَات الْكَمَال فَإِنَّهُ يرتكب أمرا بَاطِلا من بِدعَة أَو غَيرهَا.

ئەگەر كەسێك لەخەودا خودای بەشێوەیەكی جیاواز لەوەسفی خۆی كە بێكەموكورتییە، بینی، ئەوە ئەو كەسە كارێكی ناڕاست ئەنجامدەدات وەك بیدعە یان شتی تر.

[1595] جمع كِبار وكُبراءُ، مؤ كبيرة، جمع مؤ كبيرات وكبائِرُ (لغير العاقل).

غضب كبير الأطباء بسبب الإهمال الذي أدى الى وفاة المريض.

بەهۆی ئەو كەمتەرخەمییەی بووەهۆی مردنی نەخۆشەكە، سەرۆكی پزیشكەكان توڕەبوو.

إستطاع أن يرفع صندوقاً كبير الحجم .

توانی سندوقێكی قەبارە گەورە بەرزبكاتەوە.

[1596] جمع غُرَر

كانت غُرَّة الشهر الماضي مليئة بالأحداث.

سەرەتای مانگی رابردوو پڕ بوو لەڕوداو.

غُرَّة الرَّجل بيضاء.

ناوچەوانی پیاوەكە سپییە.

والدي غرة المنطقة.

باوكم دەمڕاستی ناوچەكەیە.

[1597] هوايتى جمع الطَّوابع البريديَّة.

كۆكردنەوەی پولی پۆستە، ئارەزوومە (خولیامە).

.655 (شَنّة) پیرەژن، هەروەها دێرین[1599]

(غصَنَ) بڕییەوە، هینەکەی (یَغصِن)[1600]

.656 (غُصّة) خەفەت و ئازار، کۆی (غُصَص)[1601]

بزانە (عُطاس) بکەری (عَطَسْ)[1602]

.657 (اتِّفاق) چیە؟ واتە ڕێککەوتن[1603]

(عرَجَ) سەرکەوت، (عُروج) سەرکەوتن[1604]

[1598] هەرسێکیان بەمانای "پڕبوو" دێن.

امتلأتِ القاعةُ بالمشاهدين.

هۆڵەکە پڕبوو لەبینەر.

فاضَ الإناءُ.

دەفرەکە پڕبوو.

غصَّتِ القاعةُ بالضيوف.

هۆڵەکە بە میوان پڕبوو.

[1599] عمر الشَنّة طويل.

تەمەنی پیرەژنەکە درێژە.

البيت شنة يرجع الى عصر العباسيين.

ماڵەکە دێرینەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان.

[1600] مەبەستم لەهینەکەی بریتییە لە "ڕانەبردووەکەی". واتە ئەم دوو وشەیە کاری ڕابردوو و ڕانەبردون.

غصَنَ أغصانَ الشجرة الصغيرة.

لقە بچوکەکانی درەختەکەی بڕییەوە.

[1601] رحلت يا أبتي وتركت غصة في قلبي لا تموت.

بابەگیان ڕۆیشتیت و خەفەتێکی نەبڕاوەت لەدڵمدا جێهێشت.

في حلْقِهِ غُصَّةٌ.

گەرووی ئازارێکی تێدایە.

[1602] واتە ئەم وشەیە بکەری (عطَس)یە کە بە مانای پژمی دێت. کەواتە (عُطاس)بەمانای کەسێك دێت کە دەپژمێت.

يجب على العطاس أن لا يغلف عينيه أثناء العطس.

ئەو کەسەی دەپژمێت پێویستە لەکاتی پژمینەکەدا چاوی دانەخات.

[1603] الاتفاق السياسيّ خير من الحرب.

ڕێککەوتنی سیاسی لە جەنگ باشترە.

.658 (عرَجَ) شەلی، (عَرَج)یش شەلین[1605]

(تَلِید) رەسەنە، هەروەها دێرین[1606]

.659 (فَرُّوج) جوجکە، کۆکەی (فراريج)[1607]

شەل ماناکەی (أعرَج)و (عارِج)[1608]

.660 (عرَّج على) سەردانیکرد[1609]

(جنَى) ئەنجامدا، هەم تاوانیکرد[1610]

1604 کارو چاوگن.

عرَج على الجبل حتَّى وصل إلى القمّة.

بەسەر شاخەکەدا سەرکەوت تا گەیشتە لوتکەکە.

1605 کارو چاوگن. هەروەها بە "عَرَجان"یش دەبێت بە چاوگ.

عرَج الرَّجُلُ.

پیاوەکە شەلی.

1606 جمع أتلاد وتُلَداءُ، مؤ تليد وتليدة، جمع مؤ تليدات وتلائد وتُلُد.

يفتخر بِعرقه التَّليد.

شانازی بە رەگەزە رەسەنەکەیەوە دەکات.

كهف شاندر في كردستان تليد جداً.

ئەشکەوتی شانەدەر لەکوردستان زۆر دێرینە.

1607 بەدیاریکراوی بەمانای جوجکەی مریشك دێت.

يحبُّ الأطفال اللَّعب مع الفراريج.

منداڵ حەزدەکات یاری لەگەڵ جوجکەدا بکات.

1608 الأعرج لا يستيطع الهروب.

شەل ناتوانێت رابکات.

لا تقلد العارج.

لاسایی شەل مەکەرەوە.

1609 عرَّج على منزل عمّه وهو في طريقه إلى القرية.

لەرێگایدا بۆ گوندەکە، سەردانی ماڵی مامی کرد.

1610 جنَى يجني،اجْنِ، جِنايةً، فهو جانٍ.

جنَى الشاب بعد تركه للمسجد.

پاش وازهێنانی لەمزگەوت، گەنجەکە تاوانیکرد.

.661 (حاصرَ) چیە؟ ئابڵوقەدا[1611]

(انعرجَ)یە بەمانای لایدا[1612]

.662 (عُرْجون) هێشووە، بەس هی خورمایە[1613]

(تشوَّشَ)یە مانای (شێوا)یە[1614]

.663 (حَزَازة) واتای "رق و قین"و داخ[1615]

(وحیدُ القَرْن)و (كَرْكدَّن) یەكشاخ[1616]

جنَى جناية خطيرة بعد إفلاسه.

پاش مایەپوچبونی، تاوانێکی مەترسیداری ئەنجامدا.

1611 حاصرت قوّاتُ الجيش مواقعَ المتمرِّدين.

هێزەكانی سوپا شوێنەكانی یاخیبووەكانیان ئابڵوقەدا.

1612 انعرج الطَّريقُ بعده مدة قليلة من السياقة.

پاش ماوەیەکی کەم لەلێخوڕین، ڕێگاکە لایدا. واتە ڕاستییەکەی نەما.

1613 جمع عَراجين.

بەمانای هێشووی خورما دێت.

كم هو سعر عرجون تمر في البصرة؟

نرخی هێشوویەك خورما چەندە لە بەسرە؟

1614 تشوَّش عليه الأمرُ.

كارەكەی لێ شێوا.

1615 بەمانای "رق و قین"و "داخ" دێت.

يهتمّ النَّاس بحزازاتهم الشَّخصيَّة أكثر من اهتمامهم بالخطر المحدق بوطنهم.

خەڵك ئەوەندەی گرنگی بە رق و قینی كەسی دەدەن، ئەوەندە گرنگی بەو مەترسییە نادەن كە چاوی بڕیوەتە نیشتمانەكەیان.

تعذبه حزازة عدم مساعدة الغريق بإستمرار.

داخی یارمەتینەدانی نقومبووەكە هەمیشە ئازاریدەدات.

1616 یەكشاخ: گیانداریكی قەبارگەورەی پێستئەستورەو سەرلوتی شاخێكی پێوەیە.

هل تعلم أن قرن وحيد القرن مكون بشكل أساسي من بروتين يسمى كراتين وهو المادة التي يتكون منها شعر الإنسان وأظافره!

ئایا دەزانیت شاخی یەكشاخ بەشێوەیەكی بنچینەیی لەپرۆتینێك دروستبووە كە پێیدەووترێت كیراتین، كە هەمان ئەو ماددەیەیە كە موو و نینۆكی مرۆڤی لێ پێكدێت!

ليس الكركدن حيوانًا اجتماعيًا.

یەكشاخ گیانداریکی كۆمەڵایەتی نیە.

664. (صدّق) چیە؟ باوەڕپێکرد[1617]

(صدق) ڕاستیوت[1618]، (کذب) درۆیکرد[1619]

665. (غِذاء) خۆراکە، کۆکەی (أغذیة)[1620]

(أمومة)ش مانای دایکایەتییە[1621]

666. (اختار) چیە؟ واتە هەڵبژارد[1622]

(برَدَ) ساردبوو، (بارد) مانای سارد[1623]

667. (حرَمَ) بێبەشکرد، چاوگەکەی (حرمان)[1624]

[1617] صدَّقَ القاضي كلامه.

دادوەرەکە بڕوای بە قسەکانی کرد.

[1618] صدَقَ يصدُق، صِدْقًا ، فهو صادِق.

كان يصدُق دائمًا.

هەمیشە ڕاستیدەووت.

[1619] كذَبَ يَكذِب ، كِذْبًا وكَذِبًا وكِذابًا وكِذْبةً وكِذّابًا ، فهو كاذب.

من يكذب في الرؤيا يكلّف يوم القيامة عقد شعيرتين.

هەرکەسێك درۆبکات لەخەودا ئەوە ڕۆژی دوایی داوای لێدەکرێت دوو دەنکە جۆ پێکەوە گرێبدات.

[1620] القراءة غذاء الروح.

خوێندنەوە خۆراکی گیانە.

[1621] الأُمومة أعظمُ هبة خصَّ الله بها النساء.

دایکایەتی گەورەترین بەخششە کە خودا تایبەتی کردووە بە ژنان.

[1622] اختارَ يختار، اخْتَرْ، اختيارًا وخِيرةً وخِيارًا، فهو مُختار، والمفعول مُختار.

لا تطعن في ذوق زوجتك، فقد اختارك.

تانەمەدە لەحەزی ژنەکەت، بێگومان ئەو حەزەیە کە تۆی هەڵبژاردووە.

اختار الشعبُ ممثليه.

گەل نوێنەرانی خۆی هەڵبژارد.

[1623] برَدَ يَبرُد ، بَرْدًا وبُرُودًا ، فهو بارِد.

برَد الجوُّ منذ الصباح.

کەشوهەواکە لەبەیانییەوە ساردبوو.

هل تعلم أن الماء الساخن يتجمّد بسرعة أكبر من الماء البارد!

(وطن)و (موطن) هەردوو نیشتمان[1625]

668. (منَّی) چیه؟ هەڵخەڵەتان[1626]

(العیدُ الکبیر) جەژنە، هی قوربان[1627]

669. (تبوُّل) چیه؟ واتە میزکردن[1628]

(نفَخَ) هەڵیکرد، (نَفْخ) هەڵکردن[1629]

670. (نفَخَ) فویتێکرد، هەم فویکرد لە[1630]

ئایا دەزانیت کە ئاوی گەرم لە هی سارد خێراتر دەیبەستێت!

1624 هەروەها بە (حِرْم)یش دەبێت بە چاوگ.

حرَمَ یَحرِم

شَیْئان یحرِمانِنا مِن السَّعادَة: العَیش فِي المَاضِي ومُراقبة الآخَرِین.

دوو شت هەن لەبەختەوەری بێبەشمان دەکەن: ژیان لەڕابردوو و چاودێریکردنی خەڵك.

1625 حب الوطن من الإیمان.

خۆشەویستیی نیشتمان لەباوەڕەوەیە.

لا توجد سعادة بالنسبة لي أکبر من حریة موطني.

بەنیسبەت منەوە، هیچ بەختەوەرییەك لەئازادیی وڵاتەکەم گەورەتر نیە.

1626 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "هەڵخەڵەتان"، بریتییە لە "هەڵخەڵەتاند"ە، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، پیتی دالەکەم نەنوسیوە.

منَّی الشّیطانُ الشاب.

شەیتان گەنجەکەی هەڵخەڵەتاند.

1627 بەمانای جەژنی قوربان دێت. ڕاستە مانا حەرفییەکەی "جەژنە گەورەکە"یە، بەڵام بێگومان مەبەست لێی جەژنی قوربانە.

1628 کارەکەی (تبوَّلَ)یە.

قد تدل رؤیة التبول في الحلم للمرأة الحامل علی أنها ستمر بمشکلة صحیة، أو الجنین سیولد مریضًا.

بینینی میزکردن لەخەودا بۆ ژنی دوگیان، ڕەنگە ئاماژەبێت بۆ ئەوەی کە توشی کێشەیەکی تەندروستی دەبێت، یان کۆرپەکەی بە نەخۆشی لەدایکدەبێت.

1629 کارو چاوگن

نفَخَتِ الرِّیح فخاف الطفل.

بایەکە هەڵیکرد بۆیە منداڵەکە ترسا. "بەڵام هەڵکردنێکی کتوپڕ".

1630 نفَخَ یَنفُخ، نَفْخًا، فهو نافخ، والمفعول منفوخ.

نفخ الطفل البالونة.

(وجَدَ على) توڕەبوو لە[1631]

671. (استمنى) چيە؟ دەستپەڕيكرد[1632]

(نفَخَ) ماناى توش غازاتيكرد[1633]

672. (وَبائيّ) چيە؟ پەتاييە[1634]

(وَداع) وەك (وِداع) ماڵئاواييە[1635]

673. بەڵا (مِحْنَة)يە، (مُصيبة)و (بَلاء)[1636]

منداڵەكە فويكردە ميزەڵانەكەوە.

نفخ الرماد.

فوى لەخۆڵەمێشەكە كرد.

[1631] وجَدَ على يجِد، جِدْ، مَوجِدَةً، فهو واجِد.

وجَد على خادمه.

لەخزمەتكارەكەى توڕەبوو.

[1632] استمنى يستمني، اسْتَمْنِ، استمناءً، فهو مُستمنٍ.

قد تدلّ رؤية الاستمناء في المنام على كثرة الذنوب وعدم الطهارة.

بينينى دەستپەڕكردن لەخەودا رەنگە ئاماژە بێت بۆ گوناهباريى زۆرو پيسى.

[1633] بێگومان مەخسەوى شەريفم لە "توش غازاتى كرد" بريتييە لە "توشى غازاتى كرد"، بەڵام بەهۆى زەروراتى شيعرەوە پيتى يائەكەم لابردووە.

نفَخ الحمص الرجل.

نۆكەكە پياوەكەى توشى غازاتكرد.

[1634] پەتايى: خێرا بڵاودەبێتەوەو دەگوێزرێتەوە.

كورونا مرض وبائيّ.

كۆرۆنا نەخۆشييەكى پەتاييە.

[1635] ماڵئاوايى: خواداحافيزيكردن، ماڵئاواييكردن.

دَفَعْتُ إليها في الوَداع وديعةً ... وقلتُ احفظيها إنَّني سأعودُ.

لەكاتى ماڵئاواييكردندا راسپاردەيەكم پێدا...و وتم هەڵيگرە بێگومان دەگەڕێمەوە.

الوِداع فى المنام قد يدل على سفر قريب أو فراق، وقد يدل على تغيّر حال الشخص من حاله الذي هو فيه؛ فإذا كان فقيرًا ربما أصبح غنيًا، وإن كان عاطلًا عن العمل ربما وجد عملًا، وإن كان مريضًا ربما تعافى.

رەنگە ماڵئاواييكردن ئاماژەبێت بۆ گەشتێكى نزيك يان جيابونەوە، دەكرێ ئاماژەش بێت بۆ گۆڕانى دۆخى كەسەكە لەو حاڵەتەى كە تێيدايە، ئەگەر هەژاربوو رەنگە دەوڵەمەند ببێت، ئەگەر بێكاربوو رەنگە كارێك بدۆزێتەوە، ئەگەر نەخۆش بوو رەنگە چاكببێتەوە.

(شيء) واتە شت، کۆیەکەی (أشیاء)[1637]

.674 (أنتجَ) چیە؟ "بەرهەمهێنا"یە[1638]

(حازَ)، هەم (نالَ) "بەدەستهێنا"یە[1639]

.675 (خَلاء) چیە؟ چۆڵەوانی[1640]

1636 هەرسێکیان بەمانای بەڵا دێن.

محنة مرض السرطان تخيف العالم.

بەڵای نەخۆشیی شێرپەنجە جیهان دەترسێنێت.

{الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ}

ئەو کەسانەی کاتێك بەڵایەکیان توشدەبێت، دەڵێن ئێمە لەلای خوداوە هاتوین و بێگومان هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە.

رؤية إسرافيل في المنام نجاة لأهل الْخَيْر وبلاء لغَيرهم.

بینینی ئیسرافیل لەخەودا بۆ کەسی چاکەکار ئاماژەیە بۆ رزگاربون و بۆ کەسانی تر ئاماژەیە بۆ بەڵا.

1637 الأشياء الثمينة لا تتكرّر، لذلك نحن لا نملك إلّا أمًا واحدة.

شتە گرانبەهاکان دووبارەنابنەوە، بۆیە ئێمە تەنها یەك دایکمان هەیە.

يأتي الانسان بلا شيء، ثم يسعى وراء كل شيء، ثم يترك كلّ شيء، ويذهب بلا اي شيء، ثم يحاسب على كل شيء.

مرۆڤ بەبێ هیچ شتێك دێتە دنیاوە، دواتر هەوڵ بۆ هەموو شتێك دەدات، پاشان هەموو شتێك جێدەهێڵێت و بەبێ هیچ شتێك دەڕوات، دواتریش لەسەر هەموو شتێك لێپێرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

من يؤمن أن المال يفعل كل شيء، يفعل كل شيء من أجل المال.

هەرکەسێك بڕوای وابێت پارە هەموو شتێکی پێدەکرێت، ئەوە لەپێناو پارەدا هەموو شتێك دەکات.

ئەمە فەرمایشتی بینجامین فرانکلینە کە یەکێکە لەدیارترین کەسایەتییە مێژووییەکانی ئەمەریکا. رەحمەتی لەساڵی 1790ەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە. تەنانەت ئەگەر لەکۆتا ساڵی ژیانیدا ئەم قسەیەی کردبێت، ئەوا زیاتر لە 230 ساڵ بەسەر وتنی ئەم قسەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام سوبحانەڵڵا ئەڵێی بۆ ئەمڕۆی وتووە. باشترین بەڵگەش تیکتوکە.

2024-1-27

1638 أنتج الكاتب عملاً ممتازاً بعد طول انقطاع.

پاش دابڕانێکی زۆر نوسەرەکە کارێکی نایابی بەرهەمهێنا.

1639 حاز إعجاب الآخرين.

سەرسامبونی خەڵکی بەدەستهێنا.

نال جائِزة ثمينة.

خەڵاتێکی گرانبەهای بەدەستهێنا.

1640 نام تلك الليلة في الخلاء.

(جنَى) چنییەوە، ئەمرکەی (اجْنِ)[1641]

.676 (فَرْو) فەرووە، کۆکەی (فِراء)ە[1642]

ئاودەست بەمانای (بَيْتُ الخلاء)ە[1643]

.677 (أهَلَ) چیە؟ هاوسەرگیریکرد[1644]

(كتَب)، (فرَضَ) هەردوو فەرزکرد[1645]

.678 (تَبَع) شوێنکەوتە[1646]، (تبِعَ) شوێنیکەوت[1647]

ئەو شەوە لەچۆڵەوانیدا خەوت.

[1641] رابردوو داخوازین.

جنَى يَجني، اجْنِ، جَنًى وجَنْيًا، فهو جانٍ، والمفعول مجنيّ وجَنِيّ.

إنّك لا تجني من الشَّوْك العِنبَ.

بێگومان لەدڕك ترێ ناچنیتەوە.

[1642] المعطف مصنوع من فَرْو النَمِر.

قەمسەڵەکە لەفەروی پڵنگ دروستکراوە.

[1643] يقول ابن سيرين في توضيح معنى بيت الخلاء في المنام أنه إذا رآه الشخص وكان قذراً وغير نظيف ولا وجود للماء بداخله للاغتسال، فإن هذا المنام يعني ارتكاب الرائي للعديد من الذنوب وأنه لا نية لديه بأن يتوب.

ئیبن سیرین لەمیانەی رونکردنەوەی مانای ئاودەست لەخەودا دەڵێت، ئەگەر کەسێك بینی پیس و چەپەڵەو ئاوی لەناودا نیە بۆ شتن، ئەم خەوە مانای ئەنجامدانی چەندین گوناهە لەلایەن خەوبینەکەوەو بەنیازیش نیە تۆبەبکات.

[1644] أهَلَ يَأهُل، اؤهُل/هُلْ، أَهْلاً وأُهولاً، فهو آهل.

أهَل الشابُّ بعد أن أنهى دراسته.

پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی، گەنجەکە هاوسەرگیریکرد.

[1645] {كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ}.

رۆژوو لەسەرتان فەرزکرا هەروەك چۆن لەسەر کەسانی پێشوتان فەرزکرا.

فرَض الله علينا الصلاة.

خودا نوێژی لەسەرمان فەرزکرد.

[1646] جمع أتباع

هل أنت من أتباع المذهب الشافعي؟

ئایا تۆ لەشوێنکەوتوانی مەزهەبی شافیعیت؟

[1647] من رأى في المنام أَنه يتبع النَّبِي صلى الله عَلَيْه وسلم ويقفو أَثَره فَإِنَّهُ يتبع سنته.

(انطرحَ)یە، بەمانای پاڵکەوت[1648]

[679.](#) (خذَلَ) گومڕاکرد، هەم پشتیتێکرد[1649]

(برَی) "دایدا"یە، لەگەڵ لاوازکرد[1650]

[680.](#) (دَعَة) چیە؟ خۆشگوزەرانی[1651]

(فيء)و (غنيمة)، (خباساء) تاڵانی[1652]

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی شوێن پێغەمبەر "درودی خودای لەسەر بێت" دەکەوێت و شوێنپێی هەڵدەگرێت، ئەوە شوێن سوننەتەکانی دەکەوێت واتە سوننەتەکانی جێبەجێدەکات.

من يتبع المال يفقد نفسه.

ئەوەی شوێن پارە بکەوێت خۆی وندەکات.

1648 تەبعەن بیلامانێ!

سمع صوت الانفجار فانطرح على الأرض.

گوێی لەدەنگی تەقینەوەکە بوو، بۆیە لەسەر ئەرز پاڵکەوت. دەشتوانین بێژین خۆیدا بەزەویدا.

1649 خذَلَ عن يَخذُل ، خَذْلاً وخِذلانًا ، فهو خاذِل ، والمفعول مَخْذول.

خذله الله فلم يميِّز بين الحقِّ والباطل.

خودا گومڕایکرد، بۆیە ڕاستی و ناڕاستی لێکجیانەکردەوە.

(المُسْلِمُ أَخُو المُسْلِم لا يَظْلِمُهُ ولا يَخْذُلُهُ).

موسڵمان برای موسڵمانە، نە ستەمی لێدەکات، نە پشتیتێدەکات.

1650 برَى يَبرِي، ابْرِ، بَرْيًا، فهو بارٍ، والمفعول مَبْرِيّ وبَرِيّ.

من رأى في المنام أنه يبري قَلما وَأتم برايته يكون مُسَددًا فِي أُمُوره وَإِن عسرت عَلَيْهِ بَرَاءَته يكون بضد ذَلِك.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی قەڵەمێك دادەدات و دادانەکەی تەواوکرد، ئەوە سەرکەوتوو دەبێت لەکاروبارەکانیدا، خۆ ئەگەر دادانەکەی بەلاوە قوس بوو، ئەوە ڕاڤەکەی پێچەوانە دەبێت.

بَرَى المرضُ الولد.

نەخۆشییەکە کوڕەکەی لاوازکرد.

1651 يَعِيشُ فِي دَعَةٍ عالية.

لەخۆشگوزەرانییەکی بەرزدا دەژی.

1652 هەرسێکیان بەمانای تاڵانیی دێن، بەڵام (غَنيمة)و (خباسَاء) زیاتر هی کاتی جەنگن و (فَيْء) تاڵانیی بێجەنگە.

جمع غَنيمة= غنائم. جمع (فَيْء)= أفياء.

قُسِم الفَيءُ على الناس.

تاڵانییەکە بەسەر خەڵکدا دابەشکرا.

681. (يَحبِسُ) چيە؟ زيندانيدەكات[1653]

(عاري) واتە رووت، جەمعەكەی (عُرَاة)[1654]

682. (حَبْس) هەم گرتن، هەم گرتوخانە[1655]

(مَلَكُ الموت) پەری، هی گيانكێشانە[1656]

683. (مَحْبِس) ئەڵقەيە، هی هاوسەرگيری[1657]

تقاسم الجنودُ الغَنَائِمَ.

سەربازەكان تاڵانييەكانيان دابەشكرد.

هل الخباسَاء حلال أم حرام؟

ئايا تاڵانی حەڵاڵە يان حەرامە؟

[1653] حبَسَ يَحبِس ، حَبْسًا ، فهو حابِس ، والمفعول مَحْبوس وحبيس.

من رأى يُوسُف عليه السلام في المنام حبس ونال شدَّة ثمَّ نصر وَولي ولَايَة أَو رُبمَا يحصل لَهُ من قبل امْرَأَة وعاقبته إِلَى خير أَو رُبمَا دلّت رُؤْيَته على بشرى.

ئەگەر كەسێك لەخەودا يوسفی بينی (سڵاوی خودای لێبێت)، ئەوە زيندانيدەكرێت و توشی نارەحەتی دەبێت و پاشان سەردەكەوێت و دەسەڵات دەگرێتەدەست يان رەنگە لەلايەن ژنێكەوە توشی شتێك ببێت و كۆتاييەكەی باش دەبێت، يان رەنگە خەوەكەی ئاماژەبێت بۆ مژدەيەك.

[1654] بێگومان بە "عارون"يش كۆدەكرێتەوە.

لو خيّرت بين فتاة عارية جميلة وأخرى محجبة قبيحة، فأيهما ستختار للزواج؟

ئەگەر كچێكی رووتی جوان و يەكێكی داپۆشراو خرانە بەردەمت، كاميان هەڵدەبژێريت بۆ هاوسەرگيری؟

[1655] لەمانای يەكەمياندا چاوگی "حبَسَ".

كان حبس المشتبه به أمراً ضرورياً.

گرتنی گومانلێكراوەكە كارێكی پێويست بوو.

هل زرته في الحبس؟

ئايا سەردانت كرد لەگرتوخانەكە؟

[1656] بەمانای پەريی گيانكێشان دێت. پەريی گيانكێشان= فريشتەی گيانكێشان= فريشتەی رۆحكێشان= عيزرائيل: ئەو فريشتەيەی كاتێك باڵانسی ژيانت تەواودەبێت، رۆحت دەكێشێت!

من يرى في منامه يقبل ملك الموت هذا يدل على أن صاحب الحلم سوف يرث ثروة طائلة من احد الاقارب.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينی فريشتەی گيانكێشان ماچدەكات، ئەوە سامانێكی زۆری وەك ميرات بۆ دەمێنێتەوە.

(نَعْرة) هەم بۆڕە، هەم دەمارگیری[1658]

.684 (مَحْبِس) چیە؟ گرتوخانە[1659]

(حُبْسَة) ماناکەی زمانگیرانە[1660]

.685 (رَأْس) سەرۆکە، دێش بەمانای سەر[1661]

(شَعرُ العانة)یە مانای توکەبەر[1662]

.686 (نَهیق) سەڕینە، هەروەها سەڕە[1663]

[1657] بەمانای ئەڵقەی هاوسەرگیری دێت. وشەکە لە "حبس"ەوە هاتووە کە بەمانای گرتن دێت، تەبعەن بیلامانێ. "مَحْبِس" بەمانای گرتوخانەش دێت. خوا پێم نەگرێ دیارە عەرەب هاوسەرگیرییان وەك چونەزیندان داناوە، بۆیە مانای ئەڵقەی هاوسەرگیرییان داوە بەم وشەیە.

ضاع محبسه ولكنه لم يحزن.

ئەڵقەی هاوسەرگیرییەکەی ونکرد بەڵام خەفەتی نەخوارد.

[1658] جمع نَعَرات ونَعْرات.

بەمانای بۆڕەو دەمارگیریش دێت.

استيقظ على نَعْرةِ الثَّور.

بە بۆڕەی گایەکە خەبەری بووەوە.

أكره النَّعرة الدِّينيّة.

رقم لەدەمارگیریی ئاینییە.

[1659] كانت زيارة السجين السياسي في محبسه ممنوعة.

سەردانکردنی زیندانی سیاسی لەگرتوخانەکەیدا، قەدەغەبوو.

[1660] لا يصلح من يعاني من الحبسة أن يعين كمتحدث رسمي للحكومة.

کەسێك بەدەست زمانگیرانەوە بناڵێنێت، بۆ ئەوە ناشێت وەك وتەبێژی رەسمیی حکومەت دابمەزرێنرێت.

[1661] جمع أَرؤُس ورُءوس.

رأسه كبير جداً.

سەری زۆر گەورەیە.

أعتقد بأن رأس الحكومة لا يقبل الاقتراح.

پێموایە سەرۆکی حکومەت پێشنیازەکە پەسەندناکات.

[1662]حلق شَعر العانة واجب ديني و صحّي.

تاشینی توکەبەر ئەرکێکی ئاینی و تەندروستییە.

[1663] لەمانای یەکەمیاندا چاوگی (نهَقَ)یە.

(جَحْش) جاشەکەر[1664]، (حِمار)یش کەرە[1665]

687. (بسَطَ) دڵخۆشکرد، چاوگەکەی (بَسْط)ە[1666]

(عُنصُريّ) مانای رەگەزپەرستە[1667]

688. (خَشْم)و (أنْف) لوت، کۆی یەکەم (خُشُوم)[1668]

نهيق الحمار يزعج الكبير والصغير.

سەڕینی کەر گەورەو بچوك بێزاردەکات.

هل سعمت نهيق الحمار عن قرب؟

ئايا لەنزیکەوە گوێت لەسەڕەی کەر بووە؟

[1664] جمع أجحاش وجِحاش وجِحْشان وجُحوش، مؤ جحشة، جمع مؤ جِحاش.

جاشەکەر= بێچووەکەر.

ركب الفلاحُ جَحْشَه وذهب إلى الحقل.

جوتیارەکە سوار جاشەکەرەکەی بوو و رۆشت بۆ کێڵگەکە.

1665 جمع أَحمِرة وحُمْر وحُمُر وحمير، مؤ حِمارة، جمع مؤ حمائر

حمار مطيع خير من صديق جاهل و عنيد.

کەرێکی گوێڕایەڵ لەهاوڕێیەکی نەزان و ئینکار باشترە.

قرر طاغية إعدام الف شخص وحمار. فسأله الناس: ولماذا الحمار؟

فهمس لمستشاره الذي بجانبه: ألم أقل لك أنهم سيسألون عن إعدام الحمار ولن يسألوا عن إعدام الف شخص..

زۆردارێك بڕیاردەدات هەزار کەس و یەك کەر لەسێدارەبدات. خەڵکەکە لێی دەپرسن: باشە کەرەکە بۆ؟ لەم کاتەدا زۆردارەکە دەچرپێنێت بەگوێی راوێژکارەکەی تەنیشتی و دەڵێت: پێم نەوتیت خەڵکەکە پرسیار سەبارەت بە کەرەکە دەکەن و سەبارەت بە مرۆڤەکان نایکەن؟!!!

لا تتسابق مع الحمير لأنهم لو هزموك ستكون حمارا خاسرا ولو فزت عليهم ستكون افضل حمار!

پشێبڕکێ لەگەڵ کەردا مەکە، چونکە ئەگەر لێیان بردیتەوە، دەبیتە کەرێکی دۆڕاو، ئەگەر تۆش لەوانت بردەتەوە دەبیتە باشترین کەر!

[1666] بسَطَ يَبسُط، بَسْطًا، فهو باسِط، والمفعول مَبْسوط.

بسَطَ الحفلُ الحاضرين.

ئاهەنگەکە ئامادەبوانی دڵخۆشکرد.

[1667] صدام حسين كان رئيساً عُنصُريّاً.

سەدام حسێن سەرۆکێکی رەگەزپەرست بوو.

[1668] واتە ئەو دوو وشەیە بەمانای لوت دێن، کۆی وشەی یەکەمیان کە (خشم)ە دەبێتە (خشوم).

ضربه على وجهه حتَّى سال الدَّمُ من خَشْمه.

(قدِمَ) پێشکەوت، چاوگی (قُدُوم)[1669]

.689 (عِجْل) گوێرەکە[1670]، (بَقَرة) مانگایە[1671]

(جاموس) گامێشە[1672]، (ثور) مانای گایە[1673]

.690 (قِطّة) لەگەڵ (هِرّ) هەردوو پشیلە[1674]

هێندە لەدەموچاوی دا کە خوێن لەلوتییەوە هات.

يدل رؤية الأنف العريض في المنام على أن صاحب الحلم سيتعرض للأذى والخيانة من بعض الأصدقاء.

بینینی لوتی پان لەخەودا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەوبینەکە توشی زیان و ناپاکی دەبێت لەلایەن هەندێك لەهاوڕێکانییەوە.

لك أنفٌ يا بن حربٍ ///أنِفت منه الأنوف

أنت في القُدسِ تصلي/// و هو في البيت يطوف!

کوڕی حەرب تۆ لوتێکت پێوەیە کە هەرچی لوتی ترە لێی رادەکات

هێندە گەورەیە کە کاتێك تۆ لە قودس نوێژدەکەیت، ئەو لەماڵەوە دەسوڕێتەوە!!!

1669 واتە چاوگی کاری (قدم)، (قدوم)ە.

قدم الطابورَ.

پێش ریزەکە کەوت.

1670 جمع عجاجيلُ وعُجول

ضحَّينا بِعِجْلٍ سَمِين.

گوێرەکەیەکی قەڵەومان کردە قوربانی.

1671 جمع بَقَرات وبَقَر، جمع الجمع أبْقار وأبْقُر.

أن البقرة السمينة في المنام تدل على الرزق.

مانگای قەڵەو لەخەودا ئاماژەیە بۆ رۆزی.

1672 جمع الجمع جواميس، مفرد جاموسة.

إذا رأيت أنك تقوم بذبح الجاموسة فإن هذه الرؤية تمثل الحظ الجيد وتعني بداية حياة جديدة للرائي يحقق من خلالها الكثير من الأحلام والطموحات التي يسعى إليها في حياته.

ئەگەر لەخەودا ببینیت گامێشێك سەردەبڕیت، ئەوە ئاماژەیە بۆ بەختی باش و سەرەتای ژیانێکی تازە بۆ خەوبین کە تێیدا زۆرێك لەو ئاوات و بەرزخوازییانەی لەژیانیدا هەوڵیان بۆ دەدات، بەدیدەهێنێت.

1673 جمع ثِيران وثِيَرَة، مؤ بقرة وثورة.

أمسك الثَّور من قرنيه.

گایەکەی لەڕێگەی شاخەکانییەوە گرت.

1674 القطة حيوان أليف.

پشیله گیاندارێکی ماڵییه.

أن مقدرة الحصان والهرّ والأرنب على السمع أكبر من مقدرة الانسان.

توانای ئەسپ و پشیلەو کەروێشك لەڕوی بیستنەوە، لە هی مرۆڤ زیاترە.

[1675] جمع فئران وفِيران، مؤ فأرة، جمع مؤ فَأْرات.

قرض الفأر الشبكة.

مشکەکە تۆڕەکەی قرتاند.

دكتور ألماني في علم الأحياء وضع أمام طلابه قفص كبير.. فيه فأر ذكر في الوسط..

ووضع على طرف القفص قطعة من الجبن وعلى الطرف الآخر فأرة.

وحرر الفأر فركض ليأكل الجبن..

أعاد التجربه بأن وضع قطعة من الخبز ففعل الفأر نفس الشيء وركض ليأكل الخبز..

وأعاد التجربة عدة مرات بتغيير نوع الطعام والفأر في كل مرة يركض ناحية الطعام وليس لناحية الفارة.

فقال الدكتور للطلاب: الم نستنتج من هذه التجربة بأن حب الطعام أقوى من حب الأنثى؟!

وهنا رفع يده أحد الطلبه قائلا:

دكتور، الرجاء إعادة التجربة مع فأرة أخرى فقد تكون تلك الأنثى هي زوجته!

فرد عليه الدكتور: بالضبط. أنت الوحيد الذي فهم الدرس!

دکتۆرێکی ئەڵمانیی بواری زیندەوەرزانی، قەفەزێکی گەورەی لەبەردەم خوێندکارەکانی دادەنێت و مشکێکی نێر لەناوەڕاستی قەفەزەکەدا دادەنێت. پاشان لەسوچێکی قەفەزەکە پارچەیەك پەنیری داناو لەسوچێکی تردا مشکێکی مێیینەی دانا. لەم کاتەدا مشکە نێرەکەی بەرداو سەرنجیاندا مشکە نێرەکە بەپەلە رایکرد بەرەو پەنیرەکە بۆ ئەوەی بیخوات.

جارێکی تر ئەم تاقیکردنەوەیەی ئەنجامداو پەنیرەکەی گۆڕی بە نان، بە هەمان شێوە مشکە نێرەکە بەرەو نانەکە (نەك مشکە مێینەکە) رایکرد بۆ ئەوەی نانەکە بخوات.

چەند جارێك ئەم تاقیکردنەوەیەی ئەنجامداو خواردنەکەی گۆڕی، لەهەموو جارەکاندا مشکە نێرەکە بە ئاڕاستەی خواردنەکە رۆیشت نەك مشکە مێیەکە.

لەم کاتەدا دکتورەکە دەڵێت: ئایا لەمەوە نەگەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە خۆشەویستیی خۆراك لەخۆشەویستیی مێینە بەهێزترە؟!

یەکێك لەخوێندکارەکان دەست بەرزدەکاتەوەو دەڵێت: تکایە دکتۆر تاقیکردنەوەکە لەگەڵ مشکێکی مێینەی تردا ئەنجامبدە، چونکە رەنگە ئەم مشکە مێینە ژنی خۆی بێت!

دکتۆرەکە لەوەڵامدا دەڵێت: کتومت وایە. تۆ تەنها کەسیت کە لە دەرسەکە تێگەیشتیت!!!

[1676] جمع أفيال وفِيَلة.

أن وزن الفيل يصل إلى خمسة أطنان ومع ذلك تصل سرعته إلى 40 كيلومتراً في الساعة.

کێشی فیل دەگاتە پێنج تون، سەرباری ئەوەش خێراییەکەی دەگاتە 40 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا.

691. (شارِب) سمێڵە[1677]، (لِحْيَة) ردێنە[1678]

(سَواد)، (حَدَقَة) هەردوو ڕەشێنە[1679]

692. (مَرارة) تاڵی، هەمیش زراوە[1680]

(بَیاضُ العَیْن)ە سپێنەی چاوە[1681]

693. (استحی) چیە؟ واتە شەرمیکرد[1682]

وشەی (حبَسَ) ئەی زیندانیکرد[1683]

[1677] جمع شوارِب.

شاربك جذّاب.

سمێڵت سەرنجڕاکێشە.

[1678] جمع لُحی ولِحی.

ردێن= ریش.

{قَالَ يَاابْنَ أُمَّ لاَ تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلاَ بِرَأْسِي}.

فەرمووی ئەی کوڕی دایکم، ریش و سەرم مەگرە.

[1679] هەردوکیان بەمانای ڕەشێنە (ی چاو) دێن.

سواد العين منطقة حساسة.

ڕەشێنەی چاو ناوچەیەکی هەستیارە.

لا تنظر الی حدقة عينيها.

سەیری ڕەشێنەی چاوەکانی مەکە.

[1680] جمع مرارات ومرائِر.

"مرارة الحياة لا تكسرنا، بل تقوينا." - نيلسون مانديلا

تاڵیی ژیان نامانشکێنێت، بەڵکو بەهێزمان دەکات.

ما هي أعراض حصى المرارة؟

نیشانەکانی بەردی زراو چین؟

[1681] بياض العين يشكل حوالي 55٪ من سطح العين.

سپێنەی چاو نزیکەی لەسەدا 66ی رووی چاو پێکدەهێنێت.

[1682] استحی یستحي، اسْتَحِ، استحیاءً، فهو مُسْتَحٍ.

إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَافْعَلْ مَا شِئْتَ.

ئەگەر شەرمت نەکرد، چی ئەکەی بیکە.

[1683] بەمانای زیندایکرد دێت.

.694 (حَظْوَة)و (مَنْزِلة) پلەوپایە[1684]

(عَميد) راگرو هی پێش لیوایە[1685]

.695 (عمَّدَ) واتە کرد بە سەرگەورە[1686]

(عَقُور) گازگرە، کۆکەی (عُقُر)ە[1687]

.696 (سُنونو) چیە؟ پەڕەسێلکە[1688]

(باضَ) هێلکەیکرد[1689]، (بَیْضة)یە هێلکە[1690]

حبَسَ يَحبِس، حَبْسًا، فهو حابِس، والمفعول مَحْبوس وحبيس.

أصدر القاضي حكمًا بحَبْسه شهرًا.

دادوەر فەرمانی زیندانیکردنی بۆ ماوەی مانگێك دەرکرد.

1684 إنّه ذو حَظْوة رفيعة عند الجمهور.

بێگومان ئەو خاوەنی پلەوپایەیەکی بەرزە لەلای جەماوەر.

له منزلة عالية عند أصحابه.

پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە لەناو هاوڕێکانیدا.

1685 مع عُمَداء.

دوان لەدیارترین ماناکانی راگر (ی کۆلێژ)و عەمید دێت کە پلەیەکی سەربازییەو دەکەوێتە نێوان عەقیدو لیواوە. بێگومان لەبەر زەروراتی شیعر لەبری وشەی عەمید نوسیومە "هی پێش لیوا".

زوجها عميد كُلِّيَّة الإدارة والإقتصاد.

مێردەکەی راگری کۆلێژی کارگێڕی و ئابورییە.

قاد القوات في المعركة عميد مقدام.

عەمیدێکی دلێر سەرکردایەتیی هێزەکانی کرد لەجەنگەکەدا.

1686 عمَّده رجال المنطقة.

پیاوانی ناوچەکە کردیان بە سەرگەورە.

1687 نصح الطبيب الرجل بالتخلص من كلبه العقور.

پزیشکەکە ئامۆژگاریی پیاوەکەی کرد کە سەگە گازگرەکەی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.

1688 السنونو طائر محبوب.

پەڕەسێلکە باڵندەیەکی رۆحسوکە.

1689 باضَ، يَبيض، بِضْ، بَيْضًا، فهو بائض.

باضت الدجاجة.

مریشکەکە هێلکەیکرد.

.697 (مُستَوي) تەختە[1691]، (مُنحدِر) لێژە[1692]

(دائِخ) تاریکە، هەروەها گێژە[1693]

.698 (ظاهِرة) دیاردە[1694]، (ظاهِر) واتە دیار[1695]

وشەی (لَیْلَة) شەو[1696]، (مُظلِم) مانای تار[1697]

[1690] ج: بيْضات وبَيَضات وبَيْض وبِيضان. جمع الجمع: بُيوض.

البيض ليس سياسياً، لماذا يفسد؟!

هێلکە سیاسەتمەدار نیە، بۆ خراپدەبێت؟!

وضَع البيض كلّها في سلَّة واحدة.

هەموو هێلکەکانی خستە یەك سەبەتەوە.

[1691] حاول أن لا تنحرف عن الطريق المستوي.

هەوڵبدە لەڕێگا تەختەکە لانەدەیت.

[1692] السياقة في الطريق المنحدر تستهلك وقوداً أقل.

لێخوڕین لەڕێگای لێژدا سوتەمەنییەکی کەمتر بەکاردەبات.

[1693] الليل الدائخ مخيف.

شەوی تاریك ترسناکە.

كنتُ دائخًا من الجوع وشدَّة السَّهَر.

بەهۆی برسێتی و شەونخونیی زۆرەوە، گێژ بوم.

[1694] جمع ظاهِرات وظواهِر.

ظاهرة التدخين تدمّر صحة الإنسان.

دیاردەی جگەرەکێشان تەندروستیی مرۆڤ لەناودەبات.

[1695] دیار= ئاشکرا، بینراو: پێچەوانەی نادیارو ون.

لحد الان الحزن ظاهر على وجه رغم مرور سنة كاملة على وفاة أبيه.

سەرباری تێپەڕبونی ساڵێکی تەواو بەسەر مردنی باوکی، تائێستاش خەفەت لەسەر دەموچاوی دیارە.

[1696] جمع لَيْلات ولَيَلات ولَيَالٍ.

قتل الملك في الليلة الماضية.

شەوی رابردوو پادشا کوژرا.

شەوی تاریك ترسناکە.

[1697] تار= تاریك.

كلنا كالقمر، له جانب مظلم.

.699 (حِذاء) پێڵاوە[1698]، (إسكاف) پینەچی[1699]

(صبَغَ) بۆیاخکرد[1700]، (صَبَّاغ) بۆیاخچی[1701]

.700 (قارة) قاڕەیە، کەواتە کیشوەر[1702]

(حَشَرَة) مێرووە، جەمعەکەی (حَشَرْ)[1703]

.701 (حَمام) کۆترە[1704]، (طاووس)ە تاوس[1705]

هەمومان وەك مانگ واین، لایەکی تاریکمان هەیە.

1698 الْحِذَاءِ أرفع قيمة من الملحد البذيء.

پێڵاو بەهای بەرزترە لەمولحیدی زمانپیس.

عندما تكون حافي القدمين ويرزقك الله بحذاء فلا تغيّر مشيتك.

کاتێك پێپەتیت و خودا پێڵاوت پێدەدات، شێوازی رۆشتنت مەگۆڕە.

1699 جمع أساكِفَة.

دخول محل الاسكاف في المنام يعني ان الرائي سوف يرتاح و ينسي مشكلة كبيرة.

چونە دوکانی پینەچی لەخەودا مانای ئەوەیە کە خەوبینەکە ئاسودەدەبێت و کێشەیەکی گەورەی لەبیردەچێتەوە.

1700 صبَغَ يَصبَغ ويَصبُغ ويَصبِغ، صَبْغًا وصِبَاغةً، فهو صابِغ، والمفعول مَصْبوغ وصَبيغ.

صبغ الحائط خلال مدة وجيزة.

دیوارەکەی لەماوەیەکی کەمدا بۆیاخکرد.

1701 كان الصَبَّاغ شاباً ماهراً.

بۆیاخچییەکە گەنجێکی لێهاتوو بوو.

1702 القارة القطبية الجنوبية خالية تماماً من أي زواحف لأنها تحب الدرجات المعتدلة.

کیشوەری جەمسەری باشور هیچ زیندەوەرێکی خشۆکی تێدا نیە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە زیندەوەرە حەزی پلەی گەرمای مامناوەندە (نەك زۆر ساردی وەك هی ئەوێ).

1703 هەروەها بە (حَشَرات)یش کۆدەکرێتەوە.

هل تعلم أنّ العنكبوت ليس من فصيلة الحشرات كما يعتقد البعض!

ئایا دەزانیت جاڵجاڵۆکە لەجۆری مێرووەکان نیە وەك ئەوەی هەندێك لەو بڕوایەدان!

1704 جمع الجمع حمائِمُ، مفرد حمامة. (حمام) بەمانای کۆتر دێت بەگشتی بەڵام (حمامة) بۆ گوزراشتکردن لەکۆتر لەکاتی دیاریکردنی ژمارەکەی بەکاردەهێنرێت جا یەك دانەبێت یان زیاتر.

رجعت الحمامة الى عشها.

کۆترەکە گەڕایەوە بۆ هێلانەکەی.

(حامِل) دوگیانە، هەروەها ئاوس[1706]

702. (مُنتجَع)، (مَصْيف) هاوینەهەوار[1707]

(ثائِر) شۆڕشگێڕ، جەمعەکەی (ثُوّار)[1708]

703. (جزع) چیە؟ ئارامینەمان[1709]

(حیاة) لەگەڵ (عَیش) هەردوکیان ژیان[1710]

منذ عام 2008، تم حظر إطعام الحمام في ساحة سان ماركو في البندقية. ويُغرم أي شخص يتم ضبطه وهو يطعم الحمام بغرامة تصل إلى 500 يورو.

لەساڵی 2008ەوە، پێدانی خواردن بە کۆتر لەگۆڕەپانی مارکۆ لەشاری بوندوقیەی ئەو ئیتالیایەی لای خۆمان، قەدەغەکراوە. هەرکەسێك بەو کارەوە بگیرێت، بە بڕێك کە دەگاتە 500 یۆرۆی ناسك، غەرامەدەکرێت.

1705 جمع أطواس وطواويس.

إذا رأت العزباء في المنام الطاووس دل ذلك على الحظ الجيد، سواء على المستوى العملى أو الارتباط العاطفى.

ئەگەر کچی شونەکردوو لەخەودا تاوسی بینی، ئەوە ئاماژەیە بۆ بەختی باش، چ لەڕوی پراکتیکییەوە بێت یان پەیوەندیی سۆزدارییەوە.

1706 ج: حوامِل.

بەمانای دوگیان (سکپڕ)و ئاوس دێت.

لا تتعاطى الحاملُ دواءً إلاّ بمعرفة الطَّبيب المختصّ.

بەبێ ئاگاداریی پزیشکی پسپۆڕ هیچ دەرمانێك نادرێت بە دوگیان.

البقرة الحامل تعرف قيمة العشب.

مانگای ئاوس نرخی گیا دەزانێت.

1707 هاوینەهەوار= سەیرانگا.

أمضيت وقتاً طويلاً في منتجع أحمدآوا.

کاتێکی زۆرم لەهاوینەهەواری ئەحمەدئاوا بەسەربرد.

هل زرت منتجع دوكان؟

ئایا سەردانی هاوینەهەواری دوکانت کرد؟

1708 بێگومان بە (ثائرون)یش کۆدەکرێتەوە.

"الثوار لا يموتون، بل يبقون أحياء في قلوب الناس." - نيلسون مانديلا.

شۆڕشگێڕان نامرن، بەڵکو بە زیندویی لەدڵی خەڵکدا دەمێننەوە.

1709 چاوگی (جزِعَ)یە.هەروەها (جُزُوع)یش هەر چاوگیەتی.

الجزع عند المصيبة، مصيبة أخرى.

ئارامینەمان لەکاتی بەڵادا، بەڵایەکی ترە.

.704 (مُنحنى) چيه؟ ماناى چەماوە[1711]

(زاوية قائمة) گۆشەى وەستاوە[1712]

.705 (شَعْر) واتە قژ[1713]، (شِعْر) هۆنراوە[1714]

(صَليب) ماناى خاچ، لەخاچدراوە[1715]

.706 (بَيْنا)و (بَينما) "لەكاتێكدا"يە[1716]

[1710] جمع حياة: حَيَوات

أقول لمن يريد الخروج من حياتي، بلا زحمة سدّ الباب من وراءك!

هەر كەسێك دەیەوێت لەژیانم بچێتەدەرەوە، پێیدەڵێم: زەحمەت نەبێت دواى خۆت دەرگاكە دابخە!

في الحياة، إن لم تتعلم من الضربة الأولى فأنت تستحق الثانية.

لەژیاندا ئەگەر لەیەكەم لێدانەوە فێرنەبویت، ئەوە شایانى لێدانى دووەمیت.

القناعة أهم أسباب السعادة، لأنها تجعلك ترى الحياة جميلة.

قەناعەت گرنگترین هۆكارەكانى بەختەوەرین، لەبەرئەوەى وات لێدەكات ژیان بە جوانى ببینیت.

من رأى نوحاً عليه السلام في المنام فإنه يعيش عيشاً طويلاً وتصيبه شدة عظيمة وأذى من الناس ثم يظفر بهم ويرزق أولاداً من زوجة رديئة ويكون شكوراً.

ئەگەر كەسێك لەخەودا پێغەمبەر نوحى بینى (درودى خوداى لەسەر بێت)، ئەوە ژیانێكى زۆر دەژى و توشى تەنگوچەڵەمەیەكى گەورەو ئازار دەبێت لەلایەن خەڵكەوە، پاشان بەسەریاندا زاڵدەبێت، هەروەها منداڵى لەژنى خراپ دەبێت و سوپاسگوزار دەبێت.

[1711] چەماوە: زاراوەیەكى دیارى ئەندازەیە.

المنحنى هو خط غير مستقيم، ويُمكن أن يكون مفتوحًا أو مغلقًا.

چەماوە بریتییە لەهێڵێكى ناڕاست و دەكرێ كراوە یان داخراو بێت.

[1712] الزاوية القائمة هي زاوية قياسها 90 درجة.

گۆشەى وەستاو ئەو گۆشەیەیە كە پێوانەكەى 90 پلەیە.

[1713] عضبت و سحبت شعرها.

توڕەبوم و قژیم راكێشا.

[1714] ما الشِّعْر إلاّ شعورُ المرء يُرسلُه الى من يقصده.

هۆنراوە جگە لەهەستگەلێك كە مرۆڤ دەینێرێت بۆ ئەو كەسەى مەبەستیەتى، هیچى تر نیە.

[1715] الصليب علامة من علامات المسيحيين.

خاچ یەكێكە لەنیشانەكانى مەسیحییەكان.

كان الصليب رجلاً بريئاً.

لەخاچدراوەكە پیاوێكى بێتاوان بوو.

(طَقْس) سروت و کەشو هەوایە[1717]

.707 (مَسارِح) شانۆ، بەڵام تاك نا، کۆ[1718]

(انْكَفَأَ)یە مانای گەڕاوۆ[1719]

.708 (حائِط) دیوارە، جەمعەکەی (حِيطان)[1720]

(مُتَحذلِق) مانای خۆبەزانازان[1721]

.709 (حائِك) جۆڵایە، کۆکەی (حَوَكة)[1722]

1716 بَيْنا محمد في المكتبة إذ دخل عليه صديقه.

لەکاتێکدا محەمەد لەکتێبخانەکەدا بوو، کتوپڕ هاوڕێکەی چووە ژورەوە بۆ لای.

بينما أنا سائر رأيت حادثا في الطّريق.

لەکاتێکدا من دەڕۆشتم، رووداوێکم لەڕێگاکەدا بینی.

1717 جمع طُقوس

تختلف الطقوس الدينية من دين إلى آخر.

سروتە ئاینییەکان لەئاینێکەوە بۆ یەکێکی تر، جیاوازە.

أحب الطقس البارد.

حەزم لەکەشوهەوای ساردە.

1718 تاکەکەی " مَسْرَح"ە.

ذهبنا إلى المسرح وشاهدنا المسرحيّة الجديدة.

چووین بۆ شانۆو سەیری شانۆگەرییە تازەکەمان کرد.

1719 گەڕاوۆ= گەڕایەوە.

انْكَفَأَ إلى زوجته القديمة.

گەڕایەوە بۆ لای ژنە کۆنەکەی.

1720 هەروەها بە "حوائط"یش کۆدەکرێتەوە.

بنى حائطًا حول قصره.

دیوارێکی بە دەوری کۆشکەکەیدا دروستکرد.

1721 حذرت صديقي من ذلك الشخص المتحذلق لأنه يتحدث كثيرًا ولا يفعل شيئًا.

هاوڕێکەم لەو کەسە خۆبەزانازانە ئاگادارکردەوە، چونکە زۆر دەڵێت و هیچیش ناکات.

1722 هەروەها بە "حاكة"ش کۆدەکرێتەوە.

تعلمت من جدتي كيف تكون حائكة ماهرة.

لەداپیرەمەوە فێربوم کە چۆن دەبیتە جۆڵایەکی کارامە.

(رُسْغ)و (مِعصَم) هەردوو مەچەکە[1723]

710. (صحَّفَ) واتە بەهەڵە خوێندۆ[1724]

(بَلابِل) بولبول، بەڵام تاك نا، کۆ[1725]

711. (صَحَفِيّ) مانای رۆژنامەنوسە[1726]

زەنگ بە عەرەبی (جَرَس)، (ناقوس)ە[1727]

712. (صُحُفِيّ) چیە؟ رۆژنامەڤانە[1728]

(عَطْشی) تینوو"ی مێ"، واتە (عَطْشانة)[1729]

[1723] ينبغي عند الوضوء، أن تغسل يديك إلى الرُّسغين.

دەبێت لەکاتی دەستنوێژدا دەستت تا مەچەك بشۆیت.

كان معصم الرجل ضخمًا وقويًا.

مەچەکی پیاوەکە گەورەو بەهێز بوو.

[1724] بەهەڵە خوێندۆ= بەهەڵە خوێندەوە.

صحَّف المتحذلق الآية.

خۆبەزانازانەکە ئایەتەکەی بە هەڵە خوێندەوە.

[1725] تاکەکەی "بُلْبُل"ە.

كان البلبل يقف على فرع الشجرة.

بولبولەکە لەسەر لقی درەختەکە دەوەستا.

[1726] التقى الصحفي برئيس الوزراء لمناقشة آخر التطورات.

رۆژنامەنوسەکە چاویکەوت بە سەرۆك وەزیران بۆ گفتوگۆکردن لەسەر تازەترین پەرەسەندنەکان.

[1727] سمعت صوت جرس الباب، فذهبت لأفتحه.

گوێم لەدەنگی زەنگی دەرگاکە بوو، بۆیە رۆشتم بۆ ئەوەی بیکەمەوە.

سمعت صوت ناقوس الكنيسة يرن، فعرفت أن الوقت قد حان للصلاة.

گوێم لەدەنگی زەنگی کڵێسەکە بوو لێیدەدا، بۆیە زانیم کە کاتی نوێژ هاتووە.

[1728] كان الصحفيون حاضرين في جميع الأحداث المهمة.

رۆژنامەڤانەکان لەگشت روداوە گرنگەکاندا ئامادەبون.

[1729] كانت البنت عَطْشى، فطلبت من أمها أن تسقيها.

کچەکە تینوو بوو، بۆیە داوای لەدایکی کرد ئاوی پێبدات.

كانت الأرض عطشانة جداً.

713. (مُصْحَف) قورئانە، هەروەها پەڕتوك[1730]

(كُوَيْكب) ماناى هەسارەى بچوك[1731]

714. (بالَ) میزیكرد[1732]، ئاودەست (مُسْتَراح)[1733]

پەلەپیتكەیە ماناكەی (مِقداح)[1734]

715. (انجبرَ) چیە؟ خۆیگرتەوە[1735]

(فَوْز) بردنەوە[1736]، (فازَ) بردەوە[1737]

زەوییەكە زۆر تینوو بوو.

[1730] جمع مَصاحِف.

أتممت قراءةَ المُصْحَف خلال أسبوع واحد.

لەماوەی یەك هەفتەدا قورئانم تەواو خوێندەوە.

جمع مقالاته في مصحف واحد.

وتارەكانی لەیەك پەڕتوكدا كۆكردەوە.

[1731] جمع كُوَيْكبات.

هەسارەی بچوك= هەسارۆچكە. هەسارە "كوكب"ی پێدەووترێت.

يمكن أن تتسبب الكويكبات في أضرار كبيرة على الأرض إذا اصطدمت بها.

ئەگەر هەسارۆچكە بەر زەوی بكەوێت، دەكرێ زیانگەلی گەورەی لێبكەوێتەوە.

[1732] بالَ يَبول، بُلْ، بَوْلاً، فهو بائل.

بال الطفلُ على نفسه.

منداڵەكە میزیكرد بە خۆیدا.

[1733] كان المستراح وسخاً جداً.

ئاودەستەكە زۆر پیس بوو.

[1734] لا تلمس مقداح البنقدية.

دەستمەدە لەپەلەپیتكەی تفەنگەكە.

[1735] انجبر العظمُ المكسور.

ئێسكە شكاوەكە خۆیگرتەوە.

[1736] فوز برشلونة أحزن جماهير النادي الملكي.

بردنەوەكەی بەرشەلۆنە، جەماوەری یانەی شاهانەی خەفەتباركرد.

[1737] فازَ يَفوز فُز فَوْزًا، فهو فائِز. لەكاتێكدا بەمانای بردەوە دێت كە بەدوایدا پیتی (ب) هەبێت.

اللاعب فاز بالجائزة للمرة الثالثة على التوالي.

716. (كَلام) چيه؟ قسەكردن[1738]

(أكَلَ) واتە خوارد، (أَكْل)يش خواردن[1739]

717. (سِياسة) راميارى، كەواتە سياسەت[1740]

(سُكوت) بێدەنگبون، بێدەنگبوو (سَكَتْ)[1741]

718. (سريرة) دڵە، لەگەڵ نهێنى[1742]

(شاف) سەيركرد، هەروەها بينى[1743]

يارِيزانەكە بۆ جارى سێيەم لەسەر يەك، خەڵاتەكەى بردەوە.

[1738] الكَلام مزيجٌ من الصِّدق والكذِب، أمَّا السّكوت فصدقٌ لَا غشَّ فيه. — ميخائيل نعيمة.

قسەكردن تێكەڵەيەكە لەڕاستى و درۆ، بەڵام بێدەنگى راستييەكى بێ فرتوفێڵە.

أيهما أحقر، قائل الكلام عنك، أم ناقل الكلام إليك؟

كاميان سوكترە لەلات، ئەو كەسەى قسەت لەسەردەكات، يان ئەو كەسەى قسەكەت بۆ دەگوازێتەوە؟

[1739] كارو چاوگن يەك لەدواى يەك.

أكَلَ يَأكُل، اؤْكُل/ كُلْ، أَكْلاً، فهو آكِل، والمفعول مَأْكول.

{وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ}

يوسفمان لەلاى كەلوپەلەكانمان جێهێشت، دواتر گورگەكە خواردى.

يأكلون على مائدة معاوية ويمدحون زهد علي!

لەسەر خوانى موعاويە نان دەخۆن و ستايشى دونيانەويستى عەلى دەكەن!

[1740] السياسة هي فن سرقة المال العام، وتحويله إلى مال خاص!

سياسەت بريتييە لەهونەرى دزينى سامانى گشتى و گۆڕينى بۆ سامانى تايبەت!

[1741] چاوگ و كارى هەمان وشەن.

سكَتَ يَسكُت، سُكوتًا وسُكاتًا، فهو ساكت، والمفعول مسكوتٌ عنه.

إذا كان الكلامُ من فضّة فالسُّكوت من ذهب.

ئەگەر قسەكردن زيو بێت، ئەوا بێدەنگبون زێڕە.

[1742] جمع سَرائِر

قد يكون أجمل الأرزاق من الله تعالى هو صديق صدوق نقي السريرة يحبني ويحفظني في غيابي ووجودي.

رەنگە جوانترين رۆزى لەلايەن خوداوە بريتيبێت لەهاوڕێيەكى راستگۆى دڵپاك كە خۆشى بوێم و لەكاتى ئامادەبون و ئامادەنەبونيشمدا بمپارێزێت.

إنّ الله مطّلع على سريرتك.

بێگومان خودا ئاگادارى نهێنييەكەتە.

.719 (حَلّ) چارەسەر، جەمعەکەی (حُلول)[1744]

(وَصَلَ) گەیشت، چاوگەکەی (وُصول)[1745]

.720 (عرَفَ) ناسی، چاوگەکەی (عِرفان)[1746]

(ثبُتَ) خۆیڕاگرت[1747]، (أثبت) سەلمان[1748]

.721 (کلأَ) پاراست[1749]، چاوگەکەی (کِلاء)[1750]

1743 شافَ یَشُوف ، شُفْ، شَوْفًا، فهو شائف، والمفعول مَشُوف.

بەمانای (سەیرکردو بینی) دێت.

شافَ الحادثَ بنفسه.

خودی خۆی سەیری رووداوەکەی کردو بینی.

1744 نطلب إیجادَ حَلٍّ للأزمة الفلسطینیّة

داوای دۆزینەوەی چارەسەرێك دەکەین بۆ قەیرانی فەلەستین.

1745 هەروەها بە (صلة)ش دەبێتە چاوگ.

وصَلَ یصِل، صِلْ، صِلَةً ووُصولاً، فهو واصل.

تمتلك القطط حاسة شم قویة للغایة. یمكنها شم رائحة شيء على مسافة تصل إلى 100 متر.

هەستی بۆنکردنی پشیلە هێندە بەهێزە کە دەتوانێت لەدوریی سەد مەتری ناسکەوە بۆنی شت بکات.

ئێستا تێگەیشتی بۆچی کاتێك ماسیتان هەیە بەبێ ئەوەی دەعوەتنامەی بۆ بنێریت، دەبێتە میوانتان!!!

1746 عرَفَ یَعرِف، عِرفانًا، فهو عارِف، والمفعول مَعْروف.

في كل إنسان تعرفه، إنسان لا تعرفه.

لەناخی هەر کەسێکدا کە دەیناسیت، کەسێك هەیە کە نایناسیت!

هناك سببان وراءَ عدم ثقتنا بالنَّاس:

الأوّل: أننا لا نعرفهم. الثّاني: أننا نعرفهم!. أنطون تشیخوف

متمانەنەکردن بە خەڵك دوو هۆکاری هەیە:

یەکەم ئەوەیە کە نایانناسین. دووەمیش ئەوەیە کە دەیانناسین!

1747 ثبَت الرئیس أمام الشَّائعات.

سەرۆك لەبەرامبەر دەنگۆکاندا خۆیڕاگرت. واتە خۆڕاگر بوو و تێکنەشکاو ملی نەدا.

1748 سەلمان= سەلماند.

أثبت كلامه بأدلة ملموسة.

قسەکەی بە بەڵگەی بەرچاو سەلمان.

1749 كلأَ اللهُ عبادَه.

(جاهِل) نەزانە، کۆکەی (جُهَلاء)[1751]

.722 (بلسمَ) چیە؟ واتە تیمارکرد[1752]

(تَلَمَّظَ)یە بەمانای تامکرد[1753]

.723 (أَصْلَمْ)و (أجدعْ) هەردوو گوێبڕاو[1754]

(لُجَّة) "زۆربەی"یە[1755]، (لَجَّة) ژاوەژاو[1756]

.724 (شاهَ) چیە؟ ناشرینبوو[1757]

خودا بەندەکانی پاراست.

1750 هەروەها بە "کِلاءَة"ش دەبێتە چاوگ.

کلأَ اللهُ عباده.

خودا بەندەکانی پاراست.

1751 لدى البعض فتاة جميلة جذابة جاهلة خير من نظيرتها الذكية القبيحة.

لەلای هەندێك، کچێکی جوانی سەرنجڕاکێشی نەزان لەیەکێکی زیرەکی ناشرین باشترە.

من أخلاق الجاهل الإجابة قبل أن يسمع، والمعارضة قبل أن يفهم، والحكم بما لا يعلم. جعفر بن محمد

هەندێك لەڕەوشتەکانی نەزان: وەڵامدانەوە پێش ئەوەی شتەکە ببیستێت. دژبون پێش ئەوەی لەمەسەلەکە تێبگات. بڕیاردان لەسەر شتێك کە لێینازانێت.

1752 بلسم الحرقَ.

سوتاوییەکەی تیمارکرد.

سوتانەکەی تیمارکرد.

1753 ما تلمَّظتُ اليوم بشيءٍ

ئەمڕۆ تامی هیچ شتێکم نەکرد.

1754 والده رجل أصلم.

باوکی پیاوێکی گوێبڕاو بوو.

لا تستهزيء بالأجدع.

گاڵتە بە گوێبڕاوەکە مەکە.

1755 لُجَّة الأخبار محزنة.

زۆربەی هەواڵەکان خەفەتهێنە.

1756 سمعت لَجّة الناس.

گوێم لەژاوەژاوی خەڵکەکە بوو.

1757 شاه وجهه بعد العملية.

(لَقَحَ)، (حمَل) ماناى دوگيانبوو[1758]

.725 (يَرَقة)، (يَرَقانة) هەردوو كرمۆكە[1759]

(أُصْبُع) پەنجەيە[1760]، (ظُفْر) نينۆكە[1761]

.726 (ربَّعَ) واتە كرد بە چوار بەشۆ[1762]

(فَلاسِفَة)يە فەيلەسوف، بەس كۆ[1763]

.727 (رَبْع) هەم گەڕەك، هەم بەهارەماڵ[1764]

پاش نەشتەرگەرييەكە، دەموچاوى ناشرينبوو.

1758 لَقَحتِ المرأةُ.

ژنەكە دوگيانبوو.

لا تحمل المرأة دون زواج.

ژن بەبێ هاوسەرگيرى دوگيان نابێت.

1759 كرمۆكە: قۆناغى سەرەتاى گەشەكردنى زيندەوەرانى وەك مێرووەكان و هتد.

يرقة الحيوان صغيرة جداً.

كرمۆگەى زيندەوەر زۆر بچوكە.

هل تُرى يرقانة الضفدع بالعين المجردة؟

ئايا كرمۆكەى بۆق بە چاو دەبينرێت؟

1760 جمع أصابع

يوجد في العادة خمس أصابع في كل قدم.

بەگشتى هەر پێيەك پێنج پەنجەى تێدايە.

1761 جمع أَظْفار وأظفُر. جمع الجمع أظافير.

ظفر يدك طويل.

نينۆكى دەستت درێژە.

1762 كرد بە چوار بەشۆ= كرد بە چوار بەشەوە.

ربَّع الرغيف لأولاده الأربعة.

كولێرەكەى كرد بە چوار بەشەوە بۆ چوار منداڵەكەى.

1763 واتە بەماناى فەيلەسوف دێت، بەڵام وشەكە كۆيە نەك تاك. تاكەكەى (فَيْلَسوف)ە.

لا تعتبر نفسك فيلسوفاً.

خۆت بە فەيلەسوف مەزانە.

1764 جمع أَرباع وأَرْبُع ورِباع ورُبُوع.

(مَثَلْ) واته پەند، جەمعەكەی (أمثال)[1765]

.728 (ربَّعَ) چیە؟ واته كرد بە چوار[1766]

(صُعلوك) مانای سوك، هەروەها هەژار[1767]

.729 چوارشەم (أَرْبَعاء) لەگەڵ (أَرْبِعاء)[1768]

(وَديع) لەسەرخۆ، كۆكەی (وُدَعَاء)[1769]

.730 (يَحمَدُ) چیە؟ سوپاسدەكات[1770]

بەهارەماڵ: جۆرە ماڵێكی تایبەت بە وەرزی بەهارەو لەو وەرزەدا خەڵك تێیدا دەمێننەوە.

أهلاً بك في رَبعِنا.

بەخێربێیت بۆ گەڕەكەكەمان.

الربوع في الأرياف كثيرة.

بەهارەماڵ لەگوندەكاندا زۆرە.

بەهارەماڵ لە

1765 قل لی مثلاً علی الجار.

پەندێكم لەسەر دراوسێ پێ بڵێ.

1766 ربَّعَ الجماعة المكونة من ثلاثة رجال.

ئەو كۆمەڵەیەی لە سێ پیاو پێكهاتبوو، كرد بە چوار (بەوەی كە خۆشی چووە ناویان).

1767 بەمانای سوك و هەژاریش دێت.

سوك= خوێڕی.

قيل للمتنبي : فلان يهجوك.. أجاب المتنبي: هذا صعلوك يريد أن أرد عليه فيدخل التاريخ!!

بە كەڵەشاعیری عەرەب موتەنەبی دەڵێن: فڵانە كەس بە خراپە باستدەكات.

لەوەڵامدا دەڵێت: ئەوە كەسێكی سوكە. دەیەوێت من وەڵامی بدەمەوەو لەو رێگەیەوە ناوی بچێتە مێژووەوە!

كلّ صعلوك جوادٌ.

هەموو هەژارێك بەخشندەیە.

1768 جمع أربعاءات وأربعاوات وأرابيعُ، مث أربعاءان وأربعاوان.

چوارشەم= چوارشەممە. هەروەها (أَرْبُعاء)یشی پێدەووترێت.

أقابلك الأربعاءَ القادمَ.

چوارشەممەی داهاتوو دەتبینم.

1769 زوجها شَابٌ وَدِيعٌ.

مێردەكەی گەنجێكی لەسەرخۆیە.

(قاسي) دڵڕەقە، جەمعەکەی (قُساة)[1771]

731. (شَکْل) شێوەیە، کۆکەی (أشكال)ە[1772]

(قالَ) واتە وت، چاوگەکەی (قالْ)ە[1773]

732. (فكَّرَ) واتە بیریکردەوە[1774]

(انتفشَ)یە خۆی گیڤکردەوە[1775]

733. (عبَّرَ) دەربڕی، هەم لێکدایەوە[1776]

وشەی (سبَّلَ) ئەی بەردایەوە[1777]

[1770] حمِدَ يَحمَد، حَمْدًا، فهو حامد، والمفعول مَحْمود وحَميد.

لا تقل: فلان لا يعرفني إلا وقت الحاجة، بل قل: الحمد لله الذي أكرمني بقضاء حوائج الناس. فأحب الناس إلى الله أنفعهم للناس.

مەفەرموو فلانەکەس تەنها کاتێك دەمناسێت کە پێویستی پێمبێت، بەڵکو بفەرموو: سوپاس بۆ ئەو خودایەی بە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی خەڵك رێزی لێناوم. چونکێکوم خۆشەویستترین کەس لای خودا بەسودترینیانە بۆ خەڵك.

[1771] من رأى في المنام أن صدره تحوّل حجراً فإنه يكون قاسياً.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی سنگی بووە بە بەرد ئەوە دڵڕەق دەبێت.

[1772] الأشخاص الذين يمتلكون شعوراً عميقاً بالذنب، يستطيعون التعرف بشكل أفضل على مشاعر واهتمامات الأشخاص الآخرين.

ئەو فەخامەتانەی بەقوڵی هەست بە گوناهـ دەکەن، دەتوانن بە شێوەیەکی باشتر لەکەسانی تر، لەهەست و گرنگیپێدانەکانی خەڵك تێبگەن.

[1773] هەروەها بە (قول) و (قيل)و (قالة)یش دەبێتە چاوگ.

قالَ يقول، قُلْ، قولاً وقالاً وقِيلاً وقَالةً، فهو قائل، والمفعول مقول.

قال لصديقه إنّك ناجح.

بە هاوڕێکەی وت بێگومان تۆ سەرکەوتویت.

[1774] أنا أفكر، إذًا أنا موجود.

من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم.

[1775] انتفش القِطُّ.

پشیلەکە خۆیگیڤکردەوە.

[1776] عبَّرَ عمَّا في نفسه بأسهل طريقة.

بائاسانترین شێواز ئەوەی دەربڕی کە لەناخیدایە.

عبَّر الرُّؤيا دون الرجوع الى أي كتاب.

بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ کتێبێك، خەوەکەی لێکدایەوە.

734. (عبَرَ) لێکداوۆ، لەگەڵ تێپەڕان[1778]

(استعبرَ)یە فرمێسکی رژان[1779]

735. "باز" مانای (بازْ)ە هەروەها (بازي)[1780]

(مَطلَب) بابەتە، لەگەڵ داخوازی[1781]

736. (مَطْلَع) سەرەتا، لەگەڵ ئاسانسۆر[1782]

(غدَقَ) تەڕبوو، بەس بە ئاوی زۆر[1783]

[1777] سبَّلت الفتاه شعرَها.

کچەکە قژی بەردایەوە.

[1778] لێکداوۆ= لێکدایەوە. تێپەڕان= تێپەڕاند.

عبَر الحُلْمَ معتمداً على إبن سيرين.

بە پشتبەستن بە ئیبنو سیرین خەوەکەی لێکدایەوە.

عبَر النَّهرَ بخوف شديد.

بە ترسێکی زۆرەوە روبارەکەی تێپەڕاند.

[1779] فرمێسکی رژان= فرمێسکی رشت.

استعبرت عينُها لفراق ابنها.

بۆ کۆچی کوڕەکەی، چاوی فرمێسکی رژان. واتە خەفەتی خوارد.

[1780] الباز (البازي) طائر لاحم يصيد عادة الثديات الصغيرة، وأحيانا الطيور والزواحف.

باز باڵندەیەکی گۆشتخۆرەو بەگشتی زیندەوەرە مەمکدارە بچوکەکان و هەندێجاریش باڵندەو خشۆکەکان راودەکات.

[1781] قضى ليلته يفكر في مطلب فيزيائيّ.

شەوەکەی بە بیرکردنەوە لەبابەتێکی فیزیایی بەسەربرد.

دفع رواتب الموظفين في وقتها مطلبُ الناس جميعهم.

پێدانی موچەی فەرمانبەران لەکاتی خۆیدا داخوازیی هەموو خەڵکە.

[1782] ئاسانسۆر= ئاسانسوار= مەسعەد.

مَطْلَع الشَّباب مرحلة حساسة.

سەرەتای گەنجێتی قۆناغێکی هەستیارە.

أخاف من المطلع.

لەئاسانسۆر دەترسم.

[1783] غدَقتِ الأرضُ.

زەوییەکە تەڕبوو بە ئاوی زۆر، واتە زۆر تەڕبوو.

.737 (وَهّاج) چیە؟ بریقەدار[1784]

وشەی (أربعَ) مانای بوو بە چوار[1785]

.738 (رِمْشُ العین) برژانگ، جەمعەکەی (رُموش)[1786]

بێسود، (عَبَثاً) هەروەها (فَشوش)[1787]

.739 (فُرْصة) واتە هەل، جەمعەکەی (فُرَص)[1788]

(عبِثَ) یاریکرد، چاوگەکەی (عَبَثْ)[1789]

.740 (نـهَشَ) پێوەیدا، هەروەها گەستی[1790]

1784 بریقەدار= گەش.

هل السراج الوهاج یؤذي العین؟

ئایا چرای بریقەدار ئازاری چاو دەدات؟

1785 أربعت الجماعة بعد انضمامي الیها.

پاش پەیوەندیکردنم پێوەیان، کۆمەڵەکە بوو بە چوار.

1786 بێگومان جەمعەکەی (رموش العین)و (رموش العینین)ە بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر عەین و عەینەینەکەم لابردووە.

تسقط رُموشُ عینیها كل من یراها.

هەرکەسێك برژانگەکانی ببینێت، دەیخات.

1787 حاول عَبَثًا.

بێسود هەوڵیدا. واتە هەوڵەکەی بێسود بوو.

عمل فَشوش، حاول أن تجد عملاً آخر.

کارەکەت بێسودە، هەوڵبدە کارێکی تر بدۆزیتەوە.

1788 بێگومان بە (فُرْصات)یش کۆدەکرێتەوە.

الفرصة الضائعة لا تعوّض.

هەلی لەدەستچوو قەرەبووناکرێتەوە.

1789 عبِث الطِّفلُ بالكتب.

منداڵەکە یاری بە کتێبەکان کرد.

1790 نهَشته أفعى سامة ولكنه نجا من الموت.

مارێکی ژەهراوی پێوەیدا، بەڵام لەمردن رزگارییوو.

نهَشه الكلبُ ولكنه لم یصب بأذى.

سەگەکە گەستی بەڵام زیانی پێنەگەیشت.

"ئارەزوباز"ە، ماناکەی (حِسِّيّ)[1791]

.741 (أُسلوب) شێوازە، کۆکەی (أساليب)[1792]

"وەجاخزادە"یە ماناکەی (حَسِيب)[1793]

.742 (بدُونَكْ) چیە؟ واتە بەبێ تۆ[1794]

(حُظوظ) مانای بەخت، بەڵام تاك نا کۆ[1795]

.743 (أَرْبُعاء) چیە؟ واتە چوار شەممە[1796]

(دُونَ) "لەژێر"ە، هەم "لەبەردەم"ە[1797]

1791 مەخسەوی شەریفم لە "ئارەزوباز" لێرەدا بریتییە لەکەسێك کە نقومبوی چێژە هەستی و ئارەزوبازییەکانە.

زوجها رجل حِسِّيّ، لذا تطلب الطلاق.

مێردەکەی پیاوێکی ئارەزوبازە، بۆیە داوای جیابونەوە دەکات.

1792 لكلّ كاتب أسلوبُه في الكتابة.

هەموو نوسەرێك شێوازی خۆی هەیە لەنوسیندا.

1793 وەجاخزادە= خانەدان.

عريسنا الجديد رجل حَسِيب ولكنه غير وسيم وغني.

زاوا تازەکەمان پیاوێکی وەجاخزادەیە بەڵام نە قۆزە، نە دەوڵەمەندە.

1794 بدونك كانت أنهري مثل لياليّ

ولما جئت طلعت الشمس

بەبێ تۆ رۆژم وەکو شەو وابوو

کە تۆ هاتی ئینجا خۆرهەڵات

1795 تاکەکەی (حَظّ)ە.

حظٌّ في السحاب وعقلٌ في التراب.

بەختی لەناو هەوردایەو عەقڵی لەژێر خاکدایە. پەندێکە بۆ گوزارشتکردن لەکەسێك بەکاردەهێنرێت کە بەختی باش بێ و عەقڵی کەم بێت.

1796 الأربعاءُ يومٌ مباركٌ، يومٌ تُفتح فيه أبواب الرزق، ويُغلق فيه أبواب الشيطان." الإمام جعفر الصادق

چوار شەممە رۆژێکی پیرۆزە، دەرگای رزقی تێدا دەکرێتەوەو دەرگای شەیتانی تێدا دادەخرێت.

1797 دون قدمك بساط.

بەڕەیەك لەژێر پێتدایە.

مشى رجل دونك.

744. (مُضارِع) چیە؟ رانەبردوو[1798]

تێدەپەڕێنێ ماناى (يَعبُر)[1799]

745. (جَنَّة) بەهەشت، باخ، كۆى (جَنّات)، (جِنان)[1800]

(عبَرَ) واتە فرمێسكى رژان[1801]

746. (مَطْل) چیە؟ دەستى دەستى[1802]

(تَوحيد) بەماناى يەكتاپەرستى[1803]

747. (مَطْلُوب) چیە؟ داواكراو[1804]

پياوێك بە بەردەمتدا رۆشت.

[1798] يجب عليك أن تتعلم قواعد الفعل المُضارِع.

پێويستە ياساكانى كارى رانەبردوو فێرببيت.

[1799] رابردووەكەى "عبَرَ"يە. تێدەپەڕێنێ= تێدەپەڕێنێت.

عبر النهر بسهولة.

روبارەكەى بە ئاسانى تێپەڕاند.

[1800] من وهب نفسه للدنيا لن تعطيه الدنيا إلا قطعة من الأرض ليدفن فيها ، ومن وهب نفسه لله سيعطية الله جنة عرضها السماوات والأرض.

هەركەسێك خۆى ببەخشێ بە دونيا، دونيا جگە لەپارچەزەوييەك كە تێيدا دەنێژرێت، هيچى پێنادات، بەڵام هەر كەسێك خۆى ببەخشێ بە خودا، خودا بەهەشتێكى پێدەدات كە پانييەكەى ئەوەندەى ئاسمانەكان و زەوييە.

من رأى في المنام أَنه دخل الْجنَّة فَإِنَّهُ يعْمل عملا صَالحا يسْتَوْجب بِهِ الْجنَّة وَإِن كَانَ خَائفًا أَمن وَأَن كَانَ مَرِيضا انْتقل من الدُّنْيَا إِلَيْهَا.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينى چووە بەهەشتەوە، ئەوە كارێكى چاكە دەكات كە بەهەشتى بۆ مسۆگەردەكات، ئەگەر خەوبينەكە ترسى هەبوو، ترسەكەى نامێنێت، ئەگەر نەخۆش بوو ئەوە لەدنيا كۆچدەكات و دەچێتە بەهەشت.

ما أكثر الجنان في الرِّيف المصريّ.

دێهاتەكانى ميسر ژمارەيەكى ئێجگار زۆر باخيان تێدايە.

[1801] عبَرت عينُها حين رأت الأيتامَ.

كاتێك هەتيوەكانى بينى، چاوى فرمێسكى رژان.

[1802] وعدُ الكريم نقد وتعجيل ووعدُ اللَّئيم **مَطْلٌ** وتعليل.

بەڵێنى مرۆڤى بەڕێز كاش و پەلەكردنە، بەڵام هى بەدكار دەستى دەستى و بيانوهێنانەوەيە.

[1803] من رأى في المنام أَن بِيَدِهِ مِفْتَاح الْجنَّة فَإِنَّهُ يتوفى على التَّوْحِيد.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينى كليلى بەهەشتى بەدەستەوە، ئەوە بێگومان لەسەر باوەڕى يەكتاپەرستى دەمرێت.

(كلامُ شرف) مانای قسەی پیاو[1805]

.748 (شرَّفَ) چیە؟ شکۆدارکرد[1806]

(ضاري) دڕندە، دێش بەمانای توند[1807]

.749 (عبِثَ) واتە سوکایەتیکرد[1808]

(أشرفَ على) سەرپەرشتیکرد[1809]

.750 (أشرفَ) واتە نزیکبووەوە[1810]

(انتفشَ)یە مانای شیبووەوە[1811]

.751 (أربعَ) چیە؟ "کەوتەبەهار"ە[1812]

[1804] زوجها مطلوب من المحكمة.

مێردەکەی داواکراوە لەلایەن دادگاوە.

[1805] ألبّي كل حاجاتك المادية، خذ هذا مني ككلام شرف.

هەموو پێداویستییە مادییەکانت دابینەکەم. ئەمە وەك قسەی پیاو لەمن وەرگرە.

[1806] التواضع يشرِّف الإنسان.

خۆبەکەمگری (خاکێتیی) مرۆڤ شکۆداردەکات.

[1807] لا تقترب من الحيوان الضاري.

لەئاژەڵی دڕندە نزیك مەبەرەوە.

واجه الجيش الإسرائيلي معركة ضارية ضد حماس.

سوپای ئیسرائیل روبەڕوی جەنگێکی توند بووەوە لەدژی حەماس.

[1808] عبِث الملحد بالدِّينِ.

بێباوەڕەکە سوکایەتیکرد بە ئایین.

[1809] أشرف المدير نفسه على المشروع.

خودی بەڕێوەبەر سەرپەرشتی پرۆژەکەی کرد.

[1810] من رأى في المنام أنه نَازل مِن السماء فَإِنَّهُ يشرف على الْمَوْت ثمَّ ينجو.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی لەئاسمانەوە دابەزیوە، ئەوە لەمەرگ نزیکدەبێتەوە، پاشان رزگاریدەبێت. بەکوردییەکەی خۆمان لەسەر پەتەکە دەگەڕێتەوە!

[1811] انتفَش الصُّوفُ بسبب الريح.

خورییەکە بەهۆی باوە شیبووەوە.

[1812] أربع سكان القرى، فانشغلوا بالزراعة.

(عدَّدَ) ژمارد[1813]، (عَدَدْ) ژماره[1814]

.752 (دُونَ) کەمتر لە، هەمیش "لەدوای"یە[1815]

(تبخَّرَ)یە، مانای "نەما"یە[1816]

.753 (طلَعتِ الشمس) واتە خۆر هەڵات[1817]

دانیشتوانی گوندەکان کەوتنەبەهار، بۆیە سەرقاڵ بون بە کشتوکاڵ.

1813 عدَّد نقودَه بدقة عالية.

زۆر بەوردی پارەکەی ژمارد.

عدد الأشخاص الذين يمتلكون هواتف محمولة يفوق عدد المراحيض.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەجیهاندا مۆبایلیان هەیە، لەژمارەی تەوالێتەکانی جیهان زیاترە.

1814 كم كان عدد سكان مصر في عام 1950؟

ژمارەی دانیشتوانی میسر لەساڵی 1950 چەند بووە؟ 22 ملیۆن.

كم عدد السور المكية في القرآن الكريم؟ (90، 85، 114) 85

ژمارەی سورەتە مەکییەکان چەندە لەقورئانی پیرۆزدا؟

الأعداد من 3 إلى 10 تخالف المعدود تذكيرًا وتأنيثًا.

ژمارەکان لە سێوە تا 10 پێچەوانەی بژێردراوەکانن لەڕووی نێرو مێوە.

نمونە:

ثلاثة رجال شجعان. عشر فتيات جميلات.

سێ پیاوی ئازا. دە کچی جوان.

1815 دوان لەماناکانی "کەمتر لە"و "لەدوای"ە.

عُمر ولدي دون خمس سنوات.

تەمەنی کوڕەکەم کەمتر لە پێنج ساڵە.

جلس الوزير دون الأمير.

وەزیرەکە لەدوای شازادەوە دانیشت.

1816 مانایەکی مەجازییە، مانا حەقیقییەکەی "بوو بە هەڵم"ە.

تبخَّر الكتاب في السوق بعد مدة قصيرة من نشره.

پاش ماوەیەکی کەم لەبڵاوکردنەوە، کتێبەکە لەبازاڕدا نەما.

1817 من رأى في المنام أَن الشَّمْس طلعت فِي بَيته فَإِن كَانَ عزباً تزوج من أهل بَيت السُّلْطَان ونال من سُلْطَانه بِقدر مَا رأى من ضوئها.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی خۆر لەماڵی ئەوەوە هەڵهات، ئەگەر ئەو کەسە سینگڵ بوو، هاوسەرگیری لەگەڵ خزمێکی پادشادا دەکات و بەقەدەر ئەو روناکییی خۆرەی لەخەوەکەدا بینی، دەسەڵاتی دەستدەکەوێت.

(قَطْرَة) تنۆكه، كۆكەی (قَطَرات)[1818]

.754 (سريعًا) چيه؟ بەمزوانه[1819]

(واجِب) واته ئەرك[1820]، (فرَضَ) "سەپان"ه[1821]

.755 (عزَلَ) چيه؟ لەسەر كار لادا[1822]

(استحثَّ)يه بەمانای هاندا[1823]

.756 (شرِبَ) خواردەوه، (يَشرَبْ) دەخواتۆ[1824]

(نِساء) واته ژن، بەڵام تاك نا كۆ[1825]

[1818] بێگومان به (قَطْرات)يش كۆدەكرێتەوه.

قطرة خير من لا شيء.

تنۆكێك لەهيچ باشتره.

[1819] بێگومان بەمانای "بەخێرايی"ش دێت.

من رأى في المانم نجما سقط عَلَيْهِ مَاتَ سَرِيعاً.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينی ئەسێرەيەك كەوت بەسەريدا، ئەوه بەمزوانه عومری درێژی بۆ تۆ جێدەهێڵێت!

[1820] جمع واجبات

القيام بأركان الإسلام الخمسة واجبٌ دينيّ.

جێبەجێكردنی پێنج كۆڵەكەكەی ئيسلام ئەركێكی ئاينييه.

[1821] فرَضَ يَفرِض ، فَرْضًا ، فهو فارِض ، والمفعول مَفْروض.

بێگومان مەخسەوی شەريفم لەوشەی "سەپان" بريتييه لەسەپاند بەڵام بەهۆی زەروراتی شيعرەوه، پيتی دالەكەم نەنوسيوه.

فرَضت الحكومة حَظْرَ التجول في المنطقة عقب اغتيال الوزير.

پاش تيرۆركردنی وەزيرەكه، حكومەت قەدەغەكردنی هاتوچۆی لەناوچەكەدا سەپاند.

[1822] من رأى في المنام أَن السَّحَاب غطى الشَّمْس فَإِن الْملك يَمُوت أَو يقهر أَو يعْزل.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينی هەور خۆی داپۆشی، ئەوه پادشا دەمرێت يان زاڵدەبن بەسەريدا يان لەسەركار لادەبرێت.

[1823] يستحثّ الأستاذُ طُلابَه على السّعي الجادّ.

مامۆستا خوێندكارەكانی هاندەدات بۆ هەوڵدانی شێلگيرانه.

[1824] رابردوو رانەبردووی هەمان كارن. دەخواتۆ= دەخواتەوه.

من رأى في المنام أَنه يشرب من مَاء الْمَطَر فَإِن كَانَ صافيا أصَاب خيرا وَإِن كَانَ كدرا مرض بِقدر مَا شرب.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينی ئاوی باران دەخواتەوه، ئەگەر ئاوەكه روون بوو ئەوه توشی خێر دەبێت، ئەگەر لێڵيش بوو، ئەوه بەقەدەر لێڵيی ئاوەكه نەخۆشدەكەوێت. واته تا لێڵتر بێت نەخۆشييەكەی خراپتر دەبێت.

.757 (دَيْن) واتە قەرز[1826]، (مَديون) قەرزدار[1827]

(أربعت) منداڵیبوو لەبەهار[1828]

.758 لەشپیسی چیە؟ واتە (جَنابة)[1829]

وشەی (أَب)و (أبّ) هەردوکیان "باب"ە[1830]

.759 (مَلاك) و (مَلَك) هەردوو فریشتە[1831]

[1825] تاکەکەی (امرأة)یە.

"النساء هن نصف المجتمع، وإذا فسد نصفه فسد المجتمع كله." – أفلاطون

ژنان نیوەی کۆمەڵگان، ئەگەر نیوەی کۆمەڵگاش خراپبوو، ئەوا تەواوی کۆمەڵگاکە خراپدەبێت.

[1826] جمع دُيُون

ابن المقفع: "من عاش بالدين مات بالهم."

ئەوەی بە قەرزەوە بژی، بە خەفەتەوە دەمرێت.

[1827] من رأى في المنام أنه يتَوَضَّأ بِمَاء صَاف وَأتم وضوءه فَإِن كَانَ مهموما فرج الله همه أَو خَائفًا أَمنه الله أَو مَرِيضا شفَاه الله أَو مديونا قضى الله دينه أَو ذَا ذنُوب كفر الله عَنهُ.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی بە ئاوێکی روون دەستنوێژ دەگرێت و دەستنوێژەکەی تەواوکرد، ئەوە ئەو کەسە ئەگەر خەفەتێکی هەبێت، خودا لەکۆڵیدەکاتەوە، ئەگەر ترسی لەشتێك هەبێت، ترسەکەی ناهێڵێت، ئەگەر نەخۆش بێت، چاکیدەکاتەوە، ئەگەر قەرزدار بێت، خودا قەرزەکەی بۆ دەداتەوە، ئەگەر گونهاکاریش بێت، خودا لێی خۆشدەبێت.

[1828] أربعت الحاملُ.

دووگیانەکە لەبەهار منداڵیبوو.

[1829] من رأى في المنام أَنه اغْتسل من الْجَنَابَة وَأتم غسله فَإِنَّهُ يتم لَهُ الْأَمر الَّذِي يُرِيدهُ وَإِن لم يتم غسله لم يتم أمره.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی خۆشتنی لەشپیسی ئەنجامداو خۆشتنەکەی تەواوکرد، ئەوە مانای وایە ئەو کارە تەواودەکات کە بەنیازە بیکات، بەڵام ئەگەر خۆشتنەکەی تەواونەکرد، ئەوە ئەو کارەی بۆ تەواونابێت.

[1830] باب= باوك

يعيش أبي في القرية.

باوکم لەگوند دەژی.

خيرُ الأبِ من ربَّى ولدَهُ على عِلمٍ وأدبٍ.

باشترین باوك ئەو کەسەیە کە منداڵەکەی لەسەر زانست و ئەدەب پەروەردەدەکات.

كان لي نعم الأبّ.

باشترین باوکم هەبوو.

[1831] هەردوکیان بە (مَلاَئِكَة) و (مَلاَئِك)یش کۆدەکرێتەوە.

(سَهْل) ئاسانه، هەروەها دەشتە[1832]

760. (غالي) گرانه[1833]، (مَجّانيّ) بەلاش[1834]

(سَيِّء) خراپه[1835]، (جَيِّد) واته باش[1836]

761. (مُطَّلِع) چيه؟ تێگەیشتوو[1837]

فريشته= پەری.

زوجتها جميلة ملاك بمعنى الكلمة.

ژنەکەی فریشتەیە بەمانای وشە.

نزل المَلَك على النّبي ﷺ في الغار.

لەئەشکەوت، فریشتە بۆ سەر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) دابەزی.

[1832] ئەگەر بەمانای دەشت بێت، جەمعەکەی (سُهول)ە.

سؤالك سهل ولكنني رغم ذلك لا أجيب عنه.

پرسیارەکەت ئاسانە، بەڵام سەرباری ئەوەش وەڵامی نادەمەوە.

الأستاذ: ما رأيكم يا أولادي بأسئلة الامتحان؟

تلميذ: الأسئلة سهلة جداً، لكن الأجوبة كانت صعبة!

مامۆستا: رۆڵەکانم پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە چۆن بوون بەلاتانەوە؟

قوتابی: پرسیارەکان زۆر ئاسان بون، بەڵام وەڵامەکان قورس بوون!

ذلك السهل الشاسع ملك أبي.

ئەو دەشتە فراوانە موڵکی باوکمە.

[1833] لا استطيع شراء اللباس الغالي.

ناتوانم جلوبەرگی گران بکڕم.

[1834] بەلاش= خۆڕایی= بێبەرامبەر.

الاشتراك في الدورة مَجّانيّ.

بەشداریکردن لەخولەکە بێبەرامبەرە.

[1835] زوجها سَيِّئُ السُّمْعَةِ.

ناوبانگی مێردەکەی خراپە.

[1836] حاول أن ترفع مستواك الدراسي من الجيّد إلى الأجود.

هەوڵبدە ئاستی خوێندت لەباشەوە بۆ باشترین بەرزبکەیتەوە.

[1837] زوجها ناقد مطَّلع.

مێردەکەی رەخنەگرێکی تێگەیشتووە.

نەخۆشدەکەوێت، مانای (يمرَضُ)[1838]

762. (يَسجُدُ) چيە؟ كڕنوشدەبات[1839]

(سَجْدة) كڕنوشه، كۆكەی (سَجَدات)[1840]

763. (نسِيَ) چيە؟ بيريچووەوە[1841]

(انشقَّ الفجرُ) واته ڕۆژ بووەوە[1842]

764. (سَعَة) چيە؟ خۆشگوزەرانی[1843]

(استصعبَ)يە بە قورس زانی[1844]

765. (حذَقَ) تيژبوو، چاوگ (حَذَاقة)[1845]

[1838] من رأى في المنام أَنه يُصَلِّي بِغَيْر وضوء فَإِنَّهُ يمرض.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينی بەبێ دەستنوێژ نوێژدەكات، ئەوە نەخۆشدەكەوێت.

[1839] من رأى في المنام أَنه يسْجد لله تَعَالَى فَإِنَّهُ شكر لله وَطول حَيَاة للرائي.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينی كڕنوش بۆ خودای باڵادەست دەبات، ئەوە ئاماژەيە بۆ سوپاسكردنی خوداو تەمەندرێژيی خەوبين.

[1840] هەروەها بە (سَجْدات)يش كۆدەكرێتەوە.

عبّر المؤمنون عن شكرهم لله بِسُجْدةٍ طويلة.

بڕوادارەكان لەڕێگەی كڕنوشێكی درێژەوە، سوپاسی خۆيان بۆ خودا دەربڕی.

[1841] من رأى في المنام أَنه يقْرَأ شَيْئا من الْقُرْآن وَلَا يعرف مَا قَرَأَهُ أَو نَسيَه فَإِن كَانَ مَرِيضا شفَاه الله أَو مهموما فرج الله همه.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بينی كەمێك لەقورئان دەخوێنێتەوەو نازانێت چی خوێندەوە يان لەبيريچووەوە، ئەوە ئەو كەسە ئەگەر نەخۆش بێت خودا چاكيدەكاتەوەو ئەگەر خەفەتێكی هەبێت خودا لەكۆڵی دەكاتەوە.

[1842] انشقَّ الفجرُ وبدأَت الطّيورُ تغرّدُ في الأشجارِ.

ڕۆژبووەوەو باڵندەكان لەسەر درەختەكان دەستيانكرد بە جريواندن.

[1843] قراءة سورة الْفَاتِحَة في المنام تدل على حج أَو دُعَاء يُسْتَجَاب أَو تسهيل الْأُمُور الصعاب وَحُصُول الْخَيْر وَالسعَة.

خوێندنەوەی سورەتی فاتيحە لەخەودا ئاماژەيە بۆ حەجكردن يان دوعای قبوڵكراو يان ئاسانكاری لەكاروباری سەخت و گەيشتن بە خێرو خۆشگوزەرانی.

[1844] بە قورس زانی= بە قورس دانا.

استصعب الخروجَ في المطر لذا بقي في البيت.

چونەدەرەوەی لەكاتی باراندا بەقورس زانی، بۆيە لەناو ماڵدا مايەوە. واته بەلايەوە قورس بوو.

[1845] هەروەها بە (حِذْق)يش دەبێتە چاوگ.

بێگومان دەبوو لەبری "چاوگ (حَذَاقة)" بمنوسيايە "چاوگەكەی (حَذَاقة)يە" بەڵام لەبەر زەروراتی شيعر، واملێكردووە.

(رِزْق) رۆزییە، کۆکەی (أرزاق)ە[1846]

766. (قرَّبَ) واتە نزیککردەوە[1847]

(حنِث بِـ) مانای هەڵوەشاندەوە[1848]

767. (قِرْبَة) مەشکەیە، کۆکەی (قِرَبْ)ە[1849]

بە نزیك زانی ئەی (استقرَبَ)[1850]

768. (بدُنَ)، (سَمِنَ) هەردوو قەڵەوبوو[1851]

(استصعبَ)یە مانای قورسبوو[1852]

حذَقَ الخلُّ بشدة فلم أستطع شربه.

سرکەکە زۆر تیژبوو، بۆیە نەمتوانی بیخۆمەوە.

[1846] من رأى في المنام أنه يقْرَأُ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ خاصَّة فَإِنَّهُ يسْأَل الله الْبركَة فِي مَاله وَالزِّيَادَة فِي رزقه وَرُبمَا يُجَاب دعاؤه ببركتها.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی بەتایبەتّیْ (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) دەخوێنێتەوە، ئەوە داوا لەخودا دەکات بەرەکەت بخاتە سامانی و رۆزی زیادبکات، رەنگە بەهۆی بەرەکەتی ئەو ئایەتەشەوە، دوعاکەی گیرا ببێت.

[1847] قرَّب الكسرَ إلى أقرب عدد صحيح.

کەرتەکەی بۆ نزیکترین ژمارەی تەواو نزیککردەوە.

[1848] حنِث بوعده لذا لا أصدقه من اليوم فصاعداً.

بەڵێنەکەی هەڵوەشاندەوە، بۆیە لەمڕۆ بەدواوە، بڕوای پێناکەم.

[1849] هەروەها بە (قِرْبات)یش کۆدەکرێتەوە.

ملأت الفلاحةُ القِرْبةَ بالماء.

ژنەجوتیارەکە مەشکەکەی پڕکرد لەئاو.

[1850] بە نزیك زانی= بە نزیك دانا

استقرب المنزلَ فلم يركب السيّارةَ.

ماڵەکەی بە نزیك زانی، بۆیە سوار ئۆتۆمبێل نەبوو.

[1851] بدُن الرجلُ مِن كثرة الأكل.

پیاوەکە بەهۆی زۆر خواردنەوە قەڵەوبوو.

سمِن بعد شفائه من مرضه.

پاش چاکبونەوەی لەنەخۆشییەکە، قەڵەوبوو.

[1852] استصعبَتْ المسألةُ الحسابيّةُ بعد طرحها من قبل مدرس مزعج.

.769 (عِفَّة) چیە؟ داوێنپاکی[1853]

وشەی (نُور) و (ضَوْء) هەردوو روناکی[1854]

.770 (عصَبَ) چیە؟ پێچایەوە[1855]

(انشقَّ) مانای هەڵگەڕایەوە[1856]

.771 (عُضْو) ئەندامە[1857]، (خَلِیَّة) خانە[1858]

پاش پێشکەشکردنی لەلایەن مامۆستایەکی بێزارکەر، پرسیارە حسابییەکە قورسبوو.

[1853] العِفَّة تاج رأس الإنسان.

داوێنپاکی تاجی سەری مرۆڤە.

قراءة سورة الحج في المنام تدل على حج وعفة وأفعال مرضية فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَة وَنَجَاة من بلَاء إِن كَانَ الرَّائِي صَحِيحا وَإِن كَانَ مَرِيضا فَإِنَّه يَمُوت عَن قريب.

خوێندنەوەی سورەتی حەج لەخەودا ئاماژەیە بۆ حەجکردن و داوێنپاکی و کردەوەی دنیایی و قیامەتیی خوداڕازیکەر و رزگاربون لەبەڵا، ئەگەر خەوبینەکە لەشساغ بێت، بەڵام ئەگەر نەخۆش بوو، ئەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێدەهێڵێت.

[1854] للمصباح نورٌ برّاق.

گڵۆپەکە روناکییەکی بریقەداری هەیە.

ضوء القنديل قليل لايكفي.

روناکیی چراکە کەمەو بەشناکات.

[1855] عصَبَ السجّادة بعد صلاة العشاء.

پاش نوێژی خەوتن بەرماڵەکەی پێچایەوە.

[1856] انشقَّ نائب رئيس الحزب عن حزبه بعد مشادة كلامية مع رئيسه.

پاش دەمەقاڵەیەك لەگەڵ سەرۆکی حزب، جێگری سەرۆك لەحزبەکە هەڵگەڕایەوە. واتە جیابووەوەو چووە پاڵ لایەنێکی دژ بە حزب.

[1857] جمع أعضاء.

الكبد عضوم مهم في الجسم.

جگەر ئەندامێکی گرنگە لەلەشدا.

أسرع عُضْو في جسم الإنسان هو العين. يُقدر أن تتلقى العين إشارات وترسلها للدماغ بمعدل يصل إلى ١٠٠ مرة في الثانية.

خێراترین ئەندام لە لەشی مرۆڤدا چاوە. ئەم ئەندامە دەتوانێت لەهەموو چرکەیەکدا 100 ئاماژە وەربگرێت و بینێرێت بۆ دەماخی شەریفت.

[1858] جمع خَلیّات وخلايا.

الخلية السرطانية قاتلة أن لم تعالج بسرعة.

خانەی شێرپەنجەیی کوشندەیە ئەگەر بەزوویی چارەسەر نەکرێت.

(عاتِق)و (كَتِف) هەردوكیان "شان"ه[1859]

[772.](#) (شُكوك) گومانە، بەڵام تاك نا كۆ[1860]

(تنزَّهَ)یە مانای دوركەوتۆ[1861]

خلایا الدم الحمراء لدیها عمر محدد، حیث تعمل لمدة تقریبیة من 100 إلى 120 یومًا قبل أن تتلاشى. هذا یعني أن جسمك یقوم بإنتاج ما یقرب من 2.4 ملیون خلیة دم حمراء جدیدة كل ثانیة.

خانەكانی خڕۆكە سورەكانی جیسمی شەریفت تەمەنێكی دیاریكراویان هەیە كە 100 بۆ 120 رۆژی ناسكە، دوای ئەوە نامێنن. ئەمەش مانای وایە كە لاشەت هەموو چركەیەك نزیكەی دوو ملیۆن و 400 هەزار خانەی خڕۆكەی سور بەرهەمدەهێنێت. ئەگەر بڕواش ناكەیت بیژمێرە!!!

[1859] جمع عاتق: عاتقون وعواتِق

جمع كتف: أكتاف وكُتوف

حملت الأمُّ طفلَها على عاتقها.

دایكەكە منداڵەكەی خستە سەر شانی.

"لا تضع عبء همومك على عاتق غیرك، فلكلّ إنسان همومه الخاصة." - علي بن أبي طالب

خەفەتەكانت لەسەر شانی هیچ كەسێكی تر دامەنێ، هەركەسەو خەفەتی تایبەت بە خۆی هەیە.

كتف الخروف لذیذ جداً.

شانی بەرخ زۆر بەچێژە.

ألم الكتف في المنام یدل على خلافات بین الرائي وزوجته أو امرأةٍ من أهله.

ئازاری شان لەخەودا ئاماژەیە بۆ بونی ناكۆكی لەنێوان خەوبین و ژنەكەی یان ژنێكی تر لەخزمەكانی.

[1860] تاكەكەی (شكّ)ە.

أوقعه الحادث في الشَّكّ.

روداوەكە خستییە گومانەوە.

"الشك هو الموت البطيء لكل شيء جید وجمیل في الحیاة. فإذا لم تثق بنفسك، فمن المستحیل أن یثق الآخرون بك" - أنایس نین.

گومان مردنی هێواشی هەموو شتێكی باش و جوانە لەژیاندا. ئەگەر فەخامەتی جەنابت متمانە بەخۆت نەكەیت، مەحاڵە خەڵك متمانەت پێبكەن.

[1861] دوركەوتۆ= دوركەوتەوە.

تنزَّه عن النظر الى النساء بعد الزواج.

پاش هاوسەرگیری، لەسەیركردنی ژن دوركەوتەوە. واتە وازی لێهێنا.

قراءة سورة الشعرَاء في المنام تدل على التَّنَزُّه عَن الْكَلَام الْقَبِیح وَالْكذب وَالْفَوَاحِش وَرُبمَا تدل على عسر رزق الْقَارئ.

773. (بَدَنْ) جەستەیە، جەمعەکەی (أَبْدَان)[1862]

(تنزَّهَ)یە، ئەی چوو بۆ سەیران[1863]

774. (مُتَنَزَّه) چیە؟ سەیرانگایە[1864]

(بنَی) دروستکرد، چاوگ (بِنایة)[1865]

775. (بَحْر) دەریایە[1866]، (ماء) بەمانای ئاو[1867]

خوێندنەوەی سورەتی شوعەرائ لەخەودا ئاماژەیە بۆ دورکەوتنەوە لەقسەی ناشرین و درۆو گوناهـ، رەنگە ئاماژەش بێت بۆ کەوتنەتەنگانەی خەوبین لەڕوی رزق و رۆزییەوە.

[1862] هەروەها بە (أبدُن)و (بُدون)یش کۆدەکرێتەوە.

أُجْرِيتْ له أشعة على بَدَنه.

پشکنینێکی تیشك بۆ لاشەی ئەنجامدرا.

العقل السليم في البدن السليم.

عەقڵی ساخ لە لەشی ساخدایە.

[1863] تنزّه مع أصدقائه.

لەگەڵ هاوڕێکانیدا چوو بۆ سەیران.

[1864] لنذهب اليوم الى مُتَنَزَّه جديد.

ئەمڕۆ با بڕۆین بۆ سەیرانگایەکی تازە.

[1865] بێگومان دەبوو ئەم نیوە بەیتەم بەم شێوەیە بنوسیایە: "(بنَی) دروستکرد، چاوگەکەی (بِنایة)". بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر، چەند پیتێکم تیرۆرکردووە!!!

بە(بناء)و (بُنیان)یش دەبچێتە چاوگ.

يبني قصرًا ويهدم مصرًا.

کۆشکێك دروستدەکات و وڵاتێك خاپوردەکات.

يبني الرِّجالَ وغيره يبني القرى ... شتان بين قرى وبين رجالِ

ئەم پیاو دروستدەکات و ئەو گوندان.... ئای چەندە جیاوازە گوندان لەپیاوان

[1866] ج بحر: أَبْحُر وبِحار وبُحور.

تكوّن البحار والمحيطات والأنهار أكثر من ثلثي مساحة الكرة الأرضية.

دەریاو زەریاو روبارەکان زیاتر لە دوو لەسەر سێی روبەری گۆی زەوی پێکدەهێنن.

أين يقع بحر المرجان؟

دەریای مەرجان دەکەوێتە چ وڵاتێکەوە؟ ئوستراليا

[1867] ج: أَمْواه و مياه

(بِرْكَة) گۆماوە[1868]، (مُستَنقَع) زەلكاو[1869]

776. (مَشَطَ) داهێنا[1870]، (مُشْط) مانای "شانە"[1871]

(لَوْن) واتە رەنگ، کۆکەی (ألوان)ە[1872]

777. (نشِقَ) بۆنکرد، چاوگ (نَشَقْ)ە[1873]

"یاوەریکرد"ە مانای (رافقَ)[1874]

778. (أَسلَمَ) چیە؟ موسڵمانبوو[1875]

یتجمَّد الماء عند درجة الصفر المئويّ.

ئاو لەپلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت.

[1868] ج: بِرْكات و بِرَك

الأطفال يسبحون في بِرْكة نظيفة.

منداڵەکان لەگۆماوێکی پاکدا مەلەدەکەن.

[1869] جمع مُستَنْقعات

لا تسبح في المستنقع.

لەزەلکاودا مەلە مەکە.

[1870] مَشَطَ شعره، ثم خرج لموعده.

قژی داهێنا، پاشان چووەدەرەوە بۆ ژوانەکەی.

[1871] مُشْطك غير نظيف.

شانەکەت پاك نیە.

[1872] ما هي ألوان علم إيران؟ الأحمر والأخضر والأبيض.

ئاڵای ئێران لە چ رەنگێك پێکهاتووە؟ سورو سەوزو سپی.

[1873] بێگومان لەبەر پاراستنی کێشی شیعرەکە پاشگری "ەکەی"م لەوشەی "چاوگ" کردووەتەوە، ئەگینا دەبوو بمنوسیایە چاوگەکەی...

نشِقَ الأزهارَ وهو يتجول داخل الحديقة.

لەکاتی گەڕان بەناو باخچەکەدا، بۆنی گوڵەکانی کرد.

[1874] من هو الصحابي الذي رافق النبي أثناء رحلة الهجرة من مكة إلى المدينة؟ أبو بكر الصديق

ئەو هاوەڵە کێبوو کە یاوەری پێغەمبەری کرد لەکاتی کۆچکردنیدا لە مەککەوە بۆ مەدینە؟ ئەبوبەکری سدیق

[1875] أسلمَ يُسلم، إسلامًا، فهو مُسلِم

ما هي السورة التي كانت سببًا في إسلام عمر بن الخطاب؟ سورة طه

چ سورەتێك بووەهۆی موسڵمانبونی عومەری کوڕی خەتاب؟ تەها

(البحرُ الميّت) دەریاکەی مردوو[1876]

779. (صعَّبَ) چیە؟ واتە قورسکرد[1877]

(اِتَّهَمَ)یە ئەی تۆمەتبارکرد[1878]

780. (غابَ) ئاوابوو، هینەکەی (یَغیبُ)[1879]

(أَنبوب) بۆرییە، کۆی (أنابیب)[1880]

781. (صَحِیفة) چیە؟ واتە رۆژنامە[1881]

"بەرۆژوو بوو"ە ماناکەی (صامَ)[1882]

782. ویلایەت چیە؟ مانای (وِلایة)[1883]

[1876] بێگومان لەبەر زەروراتی شیعر لەبری "دەریای مردوو" نوسیومە "دەریاکەی مردوو"، ئەگینا شوکر هۆشیارە والی!!!

أين يقع البحر الميت؟ الأردن

دەریای مردوو دەکەوێتە چ وڵاتێکەوە؟ ئوردون

[1877] صعَّب المعلِّمُ الامتحانَ.

مامۆستاکە تاقیکردنەوەکەی قورسکرد.

[1878] اتَّهَمَ يتَّهم، اتِّهامًا، فهو مُتَّهِم، والمفعول مُتَّهَم

ئەی تۆمەتبارکرد واتە دێت بەمانای تۆمەتبارکرد. وشەی ئەی "أي" عەرەبییەو بەمانای "واتە" دێت. لەبەر زەروراتی شیعر بەکارمهێناوە.

ما هو الحيوان الذي تم اتهامه بأنه هو من قتل يوسف الصديق؟ الذئب.

ئەو ئاژەڵە چیە کە بە کوشتنی حەزرەتی یوسف تۆمەتبارکراوە؟ گورگ

[1879] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "هینەکەی" بریتییە لە "رانەبردووەکەی" بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە نوسیومە هینەکەی. واتە رانەبردووی " غابَ" بریتییە لە "يغيب".

ما هي الدولة التي كانت تطلق عليها الإمبراطورية التي لا تغيب عنها الشمس؟ بريطانيا

ئەو وڵاتە کوێیە کە لەرابردوودا پێیدەوترا ئەو ئیمپراتۆریەتەی خۆری لێ ئاوانابێت؟

[1880] هەروەها بە (أُنبوب)یش دەنوسرێت. واتە دەتوانرێت هەمزەکە فەتحە یان زەممەی لەسەر بێت.

أنابيب الماء مكسورە.

بۆرییەکانی ئاوەکە شکاون.

[1881] في أي دولة يتم إصدار صحيفة اليوم السابع؟ مصر

رۆژنامەی "اليوم السابع" لەچ وڵاتێك دەردەچێت؟ میسر

[1882] من هو أول من صام من الأنبياء؟ سيدنا آدم عليه السلام

یەکەم پێغەمبەر کە بەرۆژوو بووە کێیە؟ ئادەم

(جَناح) واتە باڵ، هەروەها سایە[1884]

783. (مِنْ أَجْلِ) چیە؟ "لەپێناو"ە[1885]

(فَصیل) "گوێرەکەی لەشیربڕاوە"[1886]

784. (سُرْعة) خێرایی[1887]، (سَرِیع) خێرایە[1888]

(اِنحَرَفَ)یە مانای "لایدا"یە[1889]

[1883] هەروەها بە (وَلاية)یش دەنوسرێت واتە دەتوانرێت پیتی واوەکە کەسرەی لەژێر بێت یان فەتحەی لەسەر بێت.

ما هي أصغر ولاية أمريكية من حيث عدد السكان؟ بايومينغ

بچوکترین ویلایەتی ئەمەریکا لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە کوێیە؟ بایۆمینگ

[1884] جمع أجْنُح وأجنحة

لا يطيرُ طائرٌ بجناحٍ واحدٍ.

باڵندە بە تەنها باڵێك نافڕێت.

الشاب يعيش في جناح والده الشهيد.

گەنجەکە لەسایەی باوکە شەهیدەکەیدا دەژی.

[1885] تركت الدنيا من أجلك.

لەپێناو تۆدا وازم لەدونیا هێنا.

من أجلِ الوصولِ إلى القمةِ، يجبُ عليكَ أن تُصعدَ الدرجَ خطوةً بخطوةٍ

لەپێناو گەیشتن بە لوتکە، پێویستە هەنگاو بە هەنگاو بەسەر قادرمەکەدا سەربکەویت.

من أجلِ أن تُسعدَ الآخرينَ، يجبُ عليكَ أن تُسعدَ نفسَكَ أولاً.

لەپێناو بەختەوەرکردنی کەسانی تر، پێویستە سەرەتا خۆت بەختەوەر بکەیت.

[1886] جمع فِصال وفُصْلان وفِصْلان.

بێگومان بەمانای بێچووەحوشتری لەشیربڕاوەش دێت.

لا تقترب من الفصيل، إنه مجنون.

لەگوێرەکە لەشیربڕاوەکە نزیك مەبەرەوە. شێتە.

[1887] يجب على سائقي السيارات الالتزام بحدود السرعة.

پێویستە شۆفیری ئۆتۆمبێلەکان پابەندی سنورەکانی خێرایی بن.

[1888] الطيارة أسرع من الصوت.

فڕۆکەکە لەدەنگ خێراترە.

[1889] انحرف عن دينه وصار ملحداً.

لەئاینەکەی لایداو بوو بە بێباوەڕ.

.785 (رائِحة) بۆنە، کۆی (روائِح)ە[1890]

ئامۆژگارییە مانای (نَصیحة)[1891]

.786 (عالِم) زانایە[1892]، (عالَم) جیهانە[1893]

[1890] الماء عديم اللَّون وعديم الرائحة.

ئاو بێڕەنگ و بێبۆنە.

[1891] جمع نصائِح

من سمع النصيحة نجا من الفضيحة.

هەر کەسێك گوێ لەئامۆژگاری بگرێت، لەحەیاچوون رزگاری دەبێت.

النصيحةُ تُهدى ولا تُفرض.

ئامۆژگاری وەك دیاری پێکەشدەکرێت، ناسەپێنرێت.

[1892] ألبيرت آينشتاين عالِم مشهور.

ئەلبێرت ئاینشتاین زانایەکی بەناوبانگە.

قال الامام الشافعي رحمة الله "ما جادلت عالما الا وغلبته وما جادلت جاهلا الا وغلبني".

ئیمامی شافیعی رەحمەتی خودای لێبێت دەفەرمێت: مشتومڕم لەگەڵ هەر زانایەکدا کردبێت، لێمبردووتەوەو لەگەڵ هەر نەزانێکدا کردبێتم، لێیبردومەتەوە.

سأل رجل أحد علماء اللغة ما الكموج؟

فقال أين قرأتها؟

قال في قول امرؤ القيس:

وليل كموج البحر

فقال الكموج دابة تقرأ ولا تفهم!

پیاوێك لەزانایەکی بواری زمانەوانی دەپرسێت: ئەرێ "کموج" یانی چی؟ زاناکە دەڵێت: لەکوێ ئەو وشەیەت خوێندووەتەوە؟

پیاو: لەشیعرێکی ئیمرەئولقەیس کە دەڵێت: "وليل كموج البحر ."

زانا: ئەها، "کموج" حەیوانێکە شت دەخوێنێتەوە بەڵام لێی تێناگات!!!

[1893] العالم يعاني من فايروس كورونا.

جیهان بەدەست ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەناڵێنێت.

اغلى مشروب في العالم هو الشاي الذي تشربه حينما تخطب زوجتك، لأنك ستدفع ثمنه طيلة حياتك!!!

گرانترین خواردنەوە لەجیهاندا ئەو چایەیە کە لەکاتی خوازبێنیکردنی ژنەکەتدا خواردوتەتەوە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی ژیانت باجەکەی دەدەیت!!!

وَلَيتَ الَّذي بَيني وَبَينَكَ عامِرٌ

وَبَيني وَبَينَ العالَمينَ خَرابُ

"جەستەی مرۆڤ"ە، (جسمُ الإنسان)ە[1894]

787. (مَنْفى) تاراوگەە، کۆی (منافي)یە[1895]

تەندروستییە مانای (عافية)[1896]

788. (رَقاعة) چیە؟ بێئەدەبییە[1897]

(دُعاء) نزایە، کۆکەی (أدعية)[1898]

789. (أعيا) پەکیخست، لەگەڵ پەکیکەوت[1899]

خۆزگە نێوان من و تۆ ئاوەدان بوایە

و نێوانی من و هەموو جیهان وێران بوایە. واتە ئەگەر نێوانی من و تۆ ئاوەدان بوایە، کێشە نەبوو ئەگەر نێوان من و هەرچی خەڵکە وێران بوایە.

[1894] جەستەی مرۆڤ= لاشەی مرۆڤ

أكبر عضو في جسم الإنسان هو الجلد. تبلغ مساحة سطح جلد الشخص البالغ حوالي مترين مربعين، ويزن حوالي 4.5 كيلوجرام.

گەورەترین ئەندام لەجەستەی مرۆڤدا پێستە. روبەری پێستی کەسێکی پێگەیشتوو دەگاتە نزیکەی دوو مەتر دوجا. کێشەکەشی نزیکەی چوار کیلۆگرام و نیو دەبێت.

[1895] قضى المُعارِض السّياسيّ سنواتٍ في المنفى.

نەیارە سیاسییەکە ساڵانێکی لەتاراوگەدا بەسەربرد.

[1896] قراءة سورة الشورى في المنام تدل على علم وَعمل وَطول عمر فِي خير وعافية وينجو يَوْم الْقِيَامَة من عَذَاب النَّار ويسهل الله عَلَيْهِ الْحساب وَإِن كَانَ مَرِيضا عافاه الله.

خوێندنەوەی سورەتی شورا لەخەودا ئاماژەیە بۆ زانست و کارو تەمەندرێژی لەچاکەو تەندروستی و خەوبین لەڕۆژی قیامەتدا لەئاگری دۆزەخ رزگایدەبێت و خودا لێپێچینەوەی لەسەر ئاساندەکات. خۆ ئەگەر خەوبینەکە نەخۆش بوو، ئەوە خودا چاکیدەکاتەوە.

[1897] الرقاعة تذلّ المرء.

بێئەدەبی مرۆڤ رسوادەکات.

[1898] قراءة سورة الفتح في المنام تدل على دُعَاء يُسْتَجَاب وَخُرُوج من ضيق إِلَى سَعَة وظفر بِمَا يطْلب وَعزة وَقُوَّة رَجَاء فِي الله وَحشر مَعَ الْمُصْطَفى ﷺ أَو يفتح الله لَهُ أَبْوَاب الْخيرَات وَيغْفر لَهُ ذنُوبه وينال مأموله أَو يوفق للْجِهَاد.

خوێندنەوەی سورەتی فەتح لەخەودا ئاماژەیە بۆ نزایەك کە گیرادەبێت و دەرچون لەتەنگانەوە بۆ خۆشگوزەرانی و بردنەوەی ئەوەی کاری بۆ دەکات و سەربەرزی و بەهێزیی هیوابون بە خوداو کۆبونەوە لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) لەڕۆژی قیامەت یاخود خودا دەرگای خێری بۆ دەکاتەوەو لەتاوانەکانی خۆشدەبێت و بە ئاواتی دەگات یان دەچێتە جیهاد.

[1899] أعيا الرجل الصَّومُ.

رۆژووەکە پیاوەکەی پەکخست.

أعيا المسافرُ بسبب الحرّ.

(اتَّبعَ)یە مانای شوێنیکەوت[1900]

790. (حَرارة) گەرمی[1901]، ساردی (بُرودَة)[1902]

ئامانج (مُراد)ە، هەمیش (مَقْصود)ە[1903]

791. (ضَرَّ) بەمانای زیانی پێگەیان[1904]

(غنِيٌّ عن التَّعريف) حەتمەن مانای بەناوبان[1905]

گەشتیارەکە بەهۆی گەرماوە پەکیکەوت.

1900 اتَّبعَ يتَّبع، اتِّباعًا، فهو متَّبِع، والمفعول متَّبَع

قراءة سوره الحجرات في المنام تدل على اتِّبَاع مَا أَمر الله تَعَالَى أَو على أَن صَاحب الرُّؤْيَا يزدري النَّاس أَو يقْصد ضررهم.

خوێندنەوەی سورەتی حوجورات لەخەودا ئاماژەیە بۆ شوێنکەوتنی ئەوەی خودا فەرمانی پێکردووە، یان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەوبینەکە سوکایەتی بە خەڵك دەکات و دەیەوێت زیانیان پێبگەیەنێت.

1901 شعر بحرارة في رأسه.

هەستی بە گەرمییەك کرد لەسەریدا.

1902 استقبل صديقه بِبُرودَة.

بە ساردی پێشوازی لەهاوڕێکەی کرد.

1903 أَخْفَى مُراد مشاعره خوفاً منْ ردةِ فعلِها.

لەترسی کاردانەوەی، ئامانجی هەستەکانی شاردەوە.

قراءة سورةالطور في المنام تدل على حُصُول مَقْصُود وَعلم وَعمل صَالح ومجاورة بِمَكَّة أَو نصر على الْأَعْدَاء أَو يكون الرَّائِي معينا للحق مجتنبا عَن الْبَاطِل وَقيل إِن كَانَ لَهُ غَائِب يَأْتِي وَرُبمَا يغلط بِكَلَام ثمَّ يرجع إِلَى الصَّوَاب.

خوێندنەوەی سورەتی (الطور) لەخەودا ئاماژەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و زانست و کاری چاك و چونەخەڵوەت لە مەککە یان سەرکەوتن بەسەر دوژمن یان خەوبین دەبێتە یارمەتیدەری حەق و خۆی لەناحەق بەدوردەگرێت. هەندێکیش دەڵێن ئەگەر خەوبین کەسێکی بێسەروشوێنی هەبێت، ئەوە دێتەوە، ڕەنگە خەوەکە ئاماژەش بێت بۆ ئەوەی کە خەوبین بە قسە هەڵەیەك دەکات و دواتر دەچێتەوە سەر ڕێی ڕاست.

1904 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "پێگەیان" بریتییە لە "پێگەیاند"، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر پیتی دالەکەم لابردووە.

ضرّ الحصارُ البلاد.

ئابڵوقەکە زیانی بە وڵات گەیاند.

1905 مەبەستم لە "بەناوبان" بریتییە لە "بەناوبانگ"، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعر پیتی گافەکەم لابردووە.

مانای حەرفی ئەم دەستەواژەیە بریتییە لە "پێویست بە ناساندن ناکات" بەڵام مەبەست لێی ئەوەیە کە بەناوبانگە.

شيخ محمود الحفيد غني عن التعريف.

شێخ مەحمودی حەفید بەناوبانگە. واتە پێویست بە ناساندن ناکات.

792. (إنجاء) چیە؟ رزگارکردنە[1906]

(کاذِب) هەم درۆ، هەم درۆزنە[1907]

793. (اِنسلی) چیە؟ واتە رەوییەوە[1908]

(اکتشفَ)یە مانای دۆزییەوە[1909]

794. (غنِيَ) چیە؟ دەوڵەمەندبوو[1910]

(أخصبَ) بەپیتکرد، لەگەڵ بەپیتبوو[1911]

795. (خافَ) "ترسا"یە، (یخافْ) دەترسێ[1912]

[1906] چاوگی (أنجی)یە.

من أطاع العقلَ أنجاه ومن عصاه أرداه.

هەرکەسێك گوێرایەڵی عەقڵ بکات، رزگاریدەکات، هەرکەسێکیش لێی یاخی ببێت، لەناوی دەبات.

[1907] بە مانای درۆ (پێچەوانەی راست)و درۆزن دێت.

الكاذب عدو نفسه.

درۆزن دوژمنی خۆیەتی.

أغلب أخبار قنوات السلطة كاذبة.

زۆربەی هەواڵەکانی کەناڵەکانی دەسەڵات درۆیە.

[1908] رەوییەوە: نەما

انسلى عنه الهمُّ بعد إسلامه.

پاش موسڵمانبونی، خەفەتەکەی لێ رەوییەوە.

[1909] اکتشف کُولُومْبُوس أمريكا سنة 1492م.

کۆلۆمبۆس ساڵی 1492ی زاینی ئەمەریکای دۆزییەوە.

[1910] غنِيَ الشاب بعد موت أبيه.

گەنجەکە پاش مردنی باوکی، دەوڵەمەند بوو.

[1911] أخصبَ اللهُ المكانَ.

خودا شوێنەکەی بەپیتکرد.

أخصبتِ الأرضُ بعد المطر.

پاش بارانەکە، زەوییەکە بەپیتبوو.

[1912] کاری رابردوو رانەبردون. دەترسێ= دەترسێت.

خافَ يخاف، خَفْ، خَوْفًا وخِيفةً، فهو خائف.

(كرةُ القدم) ماناى تۆپى پێ[1913]

.796 (نادِراً) چيه؟ واته به دهگمهن[1914]

(جُنَّة) قهڵغانه، جهمعهكهى (جُنَن)[1915]

.797 (قصَمَ) لهناوبرد، ههروهها شكان[1916]

(رخُصَ) نهرمبوو، چاوگهكهى (رُخصان)[1917]

.798 (عَدُوّ) دوژمنه[1918]، (لَدود) خوێنهخۆر[1919]

"لا تخف من الفشل، بل خف من عدم المحاولة" - وينستون تشرشل

لهشكست مهترسه، بهڵكو لهههوڵنهدان بترسه.

[1913] لعبة كرة القدم رياضة عالمية.

يارى تۆپى پێ وهرزشێكى جيهانييه.

أكبر فوز في تاريخ لعبة كرة القدم هو فوز منتخب سيراليون ضد نظيره الغيني الاستوائي عام 2002 الذي فاز بنتيجة 149-0.

گهورهترين بردنهوه لهمێژوى يارى تۆپى پێدا بردنهوهى ههڵبژاردهى سيراليۆنه لهههڵبژاردهى غينياى ئيستيوائى لهساڵى 2002 كه به ئهنجامى 149 گۆڵى خاوێن بۆ سيراليۆن كۆتاييهات.

[1914] نادراً ما يلاحظ الناس ملابسك القديمة لو كنت ترتدي ابتسامة كبيرة.

ئهگهر زهردهخهنهيهكى گهوره لهبهربكهيت، خهڵك به دهگمهن سهرنجى جلوبهرگه كۆنهكانت دهدهن.

[1915] الصَّوْمُ جُنَّةٌ.

رۆژوو قهڵغانه.

[1916] بێگومان مهخسهوى شهريفم له "شكان" بريتييه له "شكاند" بهڵام بههۆى زهروراتى شيعرهوه پيتى دالهكهم لابردووه.

قصَمَ اللهُ صدام بسبب جرائمه.

خودا سهدامى بههۆى تاوانهكانييهوه لهناوبرد.

إن الضربات التي لا تقصم ظهرك تقويه. عمر المختار

بێگومان ئهو لێدانانهى پشتت ناشكێنن، بههێزى دهكهن.

[1917] ههروهها به (رَخاصة)و (رُخوصة)ش دهبێته چاوگ.

رخُصت بشرتُها بسبب العملية الجراحية.

بههۆى نهشتهرگهرييهكهوه پێشتى نهرمبوو.

[1918] جمع أعداء وعِدًى، جمع الجمع أعادٍ، مؤ عدوّ وعدوّة.

لا تكن عَدوًّا لوالديك.

مهبه به دوژمنى دايك و باوكت.

الناس أعداء ما جَهلوا. على بن أبي طالب

(أيْنَ) "لەکوێ؟"یە[1920]، (مَنْ؟) بە مانای "کێ؟"[1921]

.799 (باطِلاً) چیە؟ "بەخۆڕایی"ە[1922]

(إیثار) ماناکەی خەڵکخواییە[1923]

.800 (نَجا) چیە؟ رزگارییبوو[1924]

(تَلا) خوێندەوە، هینەکەی (یَتلو)[1925]

خەڵك دوژمنی ئەوەیە کە نایزانێت. عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب

[1919] جمع أَلِدَّة.

خوێنەخوێ: کەسێك کە زۆر دژایەتیت بکات و بەخوێنی سەرت تینوو بێت.

الشیطان عدو لدود للإنسان.

شەیتان دوژمنێکی خوێنەخوێی مرۆڤە.

[1920]أین کنت أمس؟

دوێنێ لەکوێ بویت؟

[1921] ناوی پرسیارکردنە لەعاقڵ.

من هو الرجل الوسیم الذي جلس بجانبك؟

ئەو پیاوە قۆزە کێیە کە لەتەنیشتدا دانیشت؟

[1922] ذهَب دمه باطِلاً.

خوێنەکەی بەخۆڕایی ڕۆشت. واتە کوژرا بەبێ ئەوەی تۆڵەی بکرێتەوە یان حەقەکەی وەربگیرێت.

[1923] خەڵکخوایی: پێچەوانەی خۆپەرستی: دانانی بەرژەوەندیی خەڵك لەپێش هی خۆتەوە.

لا یمکن تحقیق السلام الحقیقي إلا من خلال الإیثار. نیلسون ماندیلا

ئاشتیی ڕاستەقینە تەنها لەڕێگەی خەڵکخواییەوە بەدیدێت.

قراءە سوره الْإِنْسَان فی المنام تدل لِقَارِئِهَا علی حسن الْخلق وزهد وورع وإیثار علی نَفسه وَخَوف من الله تَعَالَی وَنَجَاة من عَذَاب الله یَوْم الْقِیَامَة وسرور.

خوێندەوەی سورەتی ئینسان لەخەودا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خوێنەرەکە لەسەر ڕێگای ڕەوشتی جوان و دونیانەویستی و خواپەرستی و خەڵکخواییەو ئاماژەشە بۆ رزگاربون لەئەشکەنجەی خودا لەڕۆژی قیامەت و دڵخۆشی.

[1924] نجا یَنجُو، انْجُ، نَجاءً ونَجاةً، فهو ناجٍ، والمفعول مَنْجوّ منه.

الحاوي لا ینجو من الحیَّات.

مارەوان لە مار رزگاری نابێت.

[1925] تلا یَتلُو، اتلُ، تِلاوَةً، فهو تالٍ، والمفعول مَتْلُوّ.

بێگومان مەخسەوی شەریفم لە"هینەکەی" بریتییە لە"ڕانەبردووەکەی" بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە گۆڕیومە.

801. (قدَرَ على) بەمانای توانی[1926]

(استرخصَ)یە بە هەرزان زانی[1927]

802. دامەزراند چیە؟ واتە (أسَّسَ)[1928]

هەرزانکرد، حەتمەن مانای (رخَّصَ)[1929]

803. (نسَلَ) چیە؟ نەوەی زۆربوو[1930]

(تکدَّرَ)یە لێڵبوو، هەم تاڵبوو[1931]

تَلا آيات من القرآن.

چەند ئایەتێکی لەقورئان خوێندەوە.

قراءة سورة المرسلات في المنام تدل لتاليها على حُصُول أَمن وسعة رزق وسلوك طَرِيق الْحق.

خوێندەوەی سورەتی مورسەلات لەخەودا ئاماژەیە بۆ بەدەستهێنانی ئارامی و زۆریی ڕۆزی و گرتبەری ڕێگای ڕاست لەلایەن خوێنەرەکەوە.

[1926] قدَر على الصعود إلى الجبل.

توانی سەرکەوێت بەسەر شاخەکەدا.

[1927] استرخص المشتري السِّلعةَ.

کڕیارەکە کاڵاکەی بە هەرزان زانی.

[1928] متى أسست منظمة المؤتمر الإسلامي؟ 1971

ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کەی دامەزرێنرا.

أسَّستِ الدولة مستشفى جديدًا.

وڵات نەخۆشخانەیەکی نوێی دامەزراند.

[1929] رخَّص ثَمنَ البضاعة بسبب شهر رمضان.

بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە نرخی کاڵاکەی هەرزانکرد.

[1930] نسل الرجل بعد زواجه الثاني.

پاش هاوسەرگیریی دووەمی، پیاوەکە نەوەی زۆربوو.

[1931] تكدَّر الماءُ بسبب المعمل.

بەهۆی کارگەکەوە، ئاوەکە لێڵبوو.

تكدَّرت حياتُه بعد موت أبيه.

پاش مردنی باوکی، ژیانی تاڵبوو.

قراءة سورة المدثر في المنام تدل على أَن قَارِئهَا يعْمل الصَّالِحَات وتحسن سيرته بَين النَّاس وَرُبمَا تدل على تعسر الرزق وتكدر الْعَيْش.

804. (يَترَحُ) چيه؟ دڵتەنگدەبێ[1932]

(صَعُبَ) قورسبوو، (يَصعُبْ) قورسدەبێ[1933]

805. (أرخصَ) هەرزانكرد، هەروەها سوككرد[1934]

(تهاونَ)يە كەمتەرخەميكرد[1935]

806. (اِرعَوَى) چيه؟ وازيلێهێنا[1936]

(بخَسَ عينَه) چاوى دەرهێنا[1937]

خوێندنەوەى سورەتى ئەلمودەسير لەخەودا ئاماژەيه بۆ ئەوەى كە خوێنەرەكە كردەوەى چاكە دەكات و هەڵسوكەوتى لەناو خەڵكدا جواندەبێت و رەنگە ئاماژەش بێت بۆ نارەحەتى لەرۆزى و تاڵبونى ژيان.

[1932] تَرِحَ يَترَح، تَرَحًا، فهو تَرِح.

ترِح المسلم بعد سماع خبر غزه.

موسڵمانەكه پاش بيستنى هەواڵى غەززە، دڵتەنگبوو.

[1933] رابردوو رانەبردوون.

صَعُبَ الدَّرس بعد التغييرات الجديدة في المنهج الدراسي.

پاش گۆڕنكارييه نوێكان لەپرۆگرامى خوێندن، وانەكه قورسبوو.

[1934] أرخص سعر السيارة للفقير.

نرخى ئۆتۆمبێلەكەى بۆ هەژارەكه هەرزانكرد.

إن أرخصت نَفْسَكَ أرخصك الناسُ.

ئەگەر خۆت خۆت سوكبكەيت، خەڵكيش سوكتدەكەن.

[1935] يتهاون بعضُ الموظَّفين في أداء واجباتهم.

هەندێ كارمەند كەمتەرخەمى لەجێبەجێكردنى ئەركەكانياندا دەكەن.

قراءة سورة الانفطار في المنام تدل للقارئ على زَوَال الشدائد أَو الْقرب من السُّلْطَان أَو على أَنه متهاون بِالتَّوْبَةِ فليبادر إِلَيْهَا أَو يكون رَاغِبًا فِي الدُّنْيَا وَنَعِيمهَا.

خوێندنەوەى سورەتى ئينفيتار لەخەودا ئاماژەيه بۆ ئەوەى خوێنەر لەتەنگانه رزگارى دەبێت يان بۆ نزيكبونەوە لەپادشا يان ئاماژەيه بۆ ئەوەى خوێنەر كەمتەرخەمه لەتۆبەكردن، بۆيه با پەلەى لێبكات يان ئاماژەيه بۆ ئەوەى كە حەزى لەدونياو نيعمەتەكانيەتى.

[1936] ارعوى الشاب عن الكذب من أجل إضحاك الناس.

گەنجەكه وازى لەدرۆكردن لەپێناو خستنەپێكەنينى خەڵك، هێنا.

[1937] بخَسَ الجلاد عينَ السجين البرىء.

پياوكوژەكه چاوى زيندانييه بێتاوانەكەى دەرهێنا.

807. (يَمين) دەستی ڕاست، دێش بە مانای سوێن[1938]

(صقَّرَ) ڕاوکرد، بەڵام بە شەهێن[1939]

808. (اللّٰهُمَّ)یە مانای "خودایە"[1940]

"دەوڵەمەندی"یە واتای (غِنى)یە[1941]

809. (مُدْمِن) چیە؟ ئاڵودەبوو[1942]

(بەتاڵدەبێ)یە، مانای (يَفْرَغُ)[1943]

[1938] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی سوێن بریتییە لە "سوێند" بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر، پیتی دالەکەم لابردووە.

{وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَامُوسَى}

ئەوە چیە بە دەستی ڕاستتەوە ئەی موسا؟

قراءة سورة الانشقاق في المنام تدل على أَن من قَرَأَهَا أُوتِيَ كِتَابه بِيَمِينِهِ أَو يهون عَلَيْهِ النَّحْو وَالْأَدب أَو قرا مِنْهَا شَيْئا فَإِنَّهُ يكون حَرِيصًا على الدُّنْيَا وأشغالها وَيطْلب الشُّهْرَة وَالثنَاء فِي الْخلق.

خوێندنەوەی سورەتی ئەلئینشیقاق لەخەودا ئاماژەیە بۆ ئەوەی خوێنەر نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی ڕاستی یان نەحو و ئەدەبی بۆ ئاسان دەبێت. ئەگەر لەخەودا کەمێکی لێخوێندەوە ئەوە خوێنەر دەبێتە کەسێکی چاوچنۆك بۆ دونیاو پێوەی سەقاڵ دەبێت و بەدوای ناوبانگ و ستایشی خەڵك دەگەڕێت.

الَبَيِّنَةُ عَلَى مَنِ ادَّعَى وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ.

بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەو کەسەیە کە بانگەشەی شتێك دەکات و سوێندیش لەسەر ئەو کەسەیە کە ڕەتیدەکاتەوە.

[1939] بەمانای "بە شەهێن ڕاوکرد" دێت.

صقَّر الصياد الأرنب.

ڕاوکەرەکە کەروێشکەکەی بە شەهێن ڕاوکرد.

[1940] بۆ بانگکردن و پاڕانەوە بەکاردەهێنرێت.

اللّهم انصر المستضعفين في غزة.

خودایە بێدەسەڵاتەکانی غەززە سەربخەیت.

[1941] غنى النفس أفضل من غنى المال.

دەوڵەمەندیی دەرون لە هی سامان باشترە.

[1942] المدمن لا يستطيع أن يرضى بالقليل، فهو دائماً يبحث عن المزيد.

ئاڵودەبوو ناتوانێت بە کەم ڕازی بێت، بەڵکو هەمیشە بەدوای زیاتردا دەگەڕێت.

[1943] فرَغَ يَفْرَغ ويَفرُغ، فَراغًا وفُروغًا، فهو فارغ وفَرِغ.

بەتاڵدەبێ= بەتاڵدەبێت= هیچی تیانەما

810. (فرَّغَ) چیە؟ مانای بەتاڵکرد[1944]

(ترخَّصَ) داوای ئیزنی کرد[1945]

811. (نَدَامة)و (نَدَم) هەر پەشیمانی[1946]

(بإمكانكَ) واتە دەتوانی[1947]

فرَغ الإناءُ بسرعة لأن الضيف كان أكولاً.

دەفرەکە خێرا بەتاڵبوو لەبەرئەوەی میوانەکە چڵێس بوو.

[1944] بەتاڵكرد= تیانەهێشت.

فرّغَ الفلاح مستودعه من القمح استعدادًا للموسم الجديد.

جوتیارەکە کۆگاکەی لەگەنم بەتاڵکرد، وەك خۆئامادەکردنێك بۆ وەرزی نوێ.

[1945] داوای ئیزنی كرد= داوای مۆڵەتی کرد

ترخَّص الموظف من مديره.

کارمەندەکە داوای مۆڵەتی لەبەڕێوەبەرەکەی کرد.

[1946] هەردوکیان چاوگی (ندِمَ)ن.

الندامة على السكوت خير من الندامة على القول.

پەشیمانی لەبێدەنگی باشترە لەپەشیمانی لەقسەکردن.

العجلة في المنام ندامة، كما أن الندامة عجلة. فمن رأى أنه يعجل في أمر فإنه يندم فيه وأن رأى أنه ندم فإنه يتعجل في أمر.

پەلەکردنی لەخەودا پەشیمانییەو پەشیمانیش لەخەودا پەلەکردنە. هەر کەسێك لەخەودا بینی لەشتێکدا پەلەدەکات ئەوە لێی پەشیماندەبێتەوە، ئەگەر بینیشی پەشیمانبووەوە، ئەوە لەشتێکدا پەلەدەکات.

إذا كنت تشعر بالندم على ماضيك، فهذا يعني أنك قد تعلمت شيئًا جديدًا اليوم.

ئەگەر سەبارەت بە رابردوت هەستت بە پەشیمانی کرد، ئەوە مانای وایە ئەمڕۆ شتێکی نوێ فێربویت.

قراءة سورة الشَّمْس في المنام تدل لِقَارِئِهَا على التَّوْبَة والندم على فعله أَو يكون ميله إِلَى الْعلمَاء أَو يكون ذَا فهم وعالما عَاملا أَو يسكن فِي الأَرْض ملك عَادل.

خوێندنەوەی سورەتی ئەلشەمس لەخەودا ئاماژەیە بۆ تۆبەو پەشیمانیی خوێنەر لەکارەکەی، یان حەز لەنزیکبونەوە لەزانایان دەکات یان دەبێتە کەسێکی تێگەیشتوو و زانایەك کە کار بە زانستەکەی دەکات یان پادشایەکی دادوەر لەسەر زەوی جێگیردەبێت.

[1947] دەتوانی= دەتوانیت.

بإمكانك أن تدور العالم كله دون أن تخرج من بيتك، بإمكانك أن تتعرف على الكثير من الشخصيات الفريدة دون أن تراهم، بإمكانك أن تسافر إلى كل الأزمنة، بإمكانك أن تفعل كل هذه الأشياء وأكثر عبر شيء واحد وهو القراءة.

812. (ندَّمَ) واتە پەشیمانکردۆ[1948]

(عُلُوج)و (أَعلاج) کەرن بەڵام کۆ[1949]

813. (لهِمَ) قوتدا، چاوگەکەی (لَهَمْ)[1950]

پەشیمانکردۆ ماناکەی (أندَمْ)[1951]

814. (حَدَأَة) هەم (حِدَأَة) هەردوو کۆلارە[1952]

دەتوانیت بەبێ ئەوەی لەماڵ دەرچیت، هەموو دنیا بگەڕێیت، دەتوانیت زۆرێك لەکەسایەتییە دەگمەنەکان بناسیت بەبێ ئەوەی بیانبینیت، دەتوانیت گەشتبکەیت بۆ هەموو سەردەمەکان، دەتوانیت هەموو ئەم شتانەو زیاتریش بکەیت لەڕێگەی یەك شتەوە کە ئەویش خوێندنەوەیە.

[1948] پەشیمانکرۆد= پەشیمانکردەوە.

ندَّمَه على أقواله السابقة.

لەقسەکانی پێشوی پەشیمانکردەوە.

[1949] تاکەکەیان "عِلج"ە.

حين أقول أنك علح لا أحتقرك لا سمح الله، لأنك فعلاً علج!

کات پێت ئەڵێم تۆ کەریت، خوا نەخواستە سوکایەتیت پێناکەم، چونکە بەڕاستی کەریت!

[1950] بەمانای "قوتدا" دێت، بەڵام قوتدان بە یەکجار نەك کەم کەم.

لهِم قطعةَ الحلوى الكبيرة فضحك الحاضرون.

پارچە شیرینییە گەورەکەی بە یەکجار قوتدا، بۆیە ئامادەبوان پێکەنین.

[1951] پەشیمانکردۆ= پەشیمانکردەوە.

أندمه صوتُ ضميره.

دەنگی ویژدانی، پەشیمانیکردەوە.

[1952] کۆلارە: جۆرە باڵندەیەکە، لەخێزانی هەڵۆکانە.

الحَدَأَة طائر سريع.

کۆلارە باڵندەیەکی خێرایە.

هل رأيت تلك الحِدَأَة؟

ئەو کۆلارەیەت بینی؟

تُعدّ أجنحة الحِدَأَة من أقوى أجنحة الطيور، حيث تُمكّنه من الطيران لمسافاتٍ طويلةٍ تصل إلى 100 كيلومترٍ في اليوم دون الحاجة إلى التوقف.

ئاسانی و دەستی چەپیش (یَسار)ە[1953]

.815 (بَیْتُ المال) واتە گەنجینەی دەوڵەت[1954]

(أَلْو) هەم (أَلی) بەمانای نیعمەت[1955]

.816 سەرمایە چیە؟ واتە (رأسُ المال)[1956]

(مالْ) سامانە، جەمعەکەی (أموال)[1957]

.817 (باطِل) ناڕەوا، کۆکەی (أباطیل)[1958]

باڵی کۆلارە بە یەکێك لەبەهێزترین جۆرەکانی باڵی باڵندە دادەنرێت کە بەهۆیەوە ئەم باڵندەیە دەتوانێت بۆ ماوەی نزیکەی 100 کیلۆمەتر بفڕێت لەڕۆژێکدا بەبێ ئەوەی پێویستی بە وەستان بێت.

تُمارس الحِدَأَة بعض السلوكيات الغريبة، مثل حمل أغصانٍ محترقةٍ في مخالبها وإلقائها في أماكن أخرى لإشعال النيران.

کۆلارە هەندێك رەفتاری سەیر ئەنجامدەدات، لەوانە هەڵگرتنی لقەدرەختی ئاگراوی بە چنگەکانی و فڕێدانی لەشوێنی تر بە مەبەستی گڕتێبەردان.

[1953] واتە وشەی (یَسار) بەمانای ئاسانی و دەستی چەپیش دێت.

يسار وسائل التنقل جعلني شخصاً أحب السياحة.

ئاسانیی هۆکارەکانی گواستنەوە کردمی بە کەسێك کە حەزم لەگەشتکردن بێت.

حاول الكتابة بيساره.

هەوڵیدا بەدەستی چەپی بنوسێت.

[1954] "إن أعظم ما يكون في الدنيا ذنبًا أن يتولى بَيْتُ المال غير صاحبه." ـ الجاحظ.

گەورەترین گوناهـ لەدونیادا ئەوەیە کە کەسێك کاروباری گەنجینەی دەوڵەت بگرێتەدەست کە خاوەنی گەنجینەکە نەبێت.

[1955] کۆی هەردوکیان (آلاء)ە.

أشكر الله على آلاءه.

سوپاسی خودا دەکەم لەسەر نیعمەتەکانی.

[1956] "رأس المال الحقيقي في العصر الحديث هو العلم والتكنولوجيا والابتكار." ستيف جوبز.

سەرمایەی راستەقینە لەسەردەمی نوێدا بریتییە لەزانست و تەکنەلۆژیاو داهێنان.

[1957] من قَرَأَ سورة الهمزة في المنام يكون كثير الْكَلَام وَيكون عِنْد الْخلق مَعْرُوفا أَو يكون حَرِيصًا على المَال وأشغال الدُّنْيَا وَلم يتفكر فِي عواقب الْأُمُور أَو يصرف مَاله فِي سَبِيل الله أَو يغتاب قرَابَته فليتب.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی سورەتی ئەلهومەزە دەخوێنێتەوە، ئەوە قسە زۆر دەکات و لەلای خەڵك ناسراو دەبێت یان دەبێتە کەسێك کە زۆر هەڵپەدەکات بۆ سامان و کاروباری دونیاو بیر لەئەنجامی کارەکان ناکاتەوە یان سامانەکەی لەپێناو خودادا خەرجدەکات یان غەیبەتی خزمی دەکات، بۆیە با تۆبە بکات.

(مالَ) "لاربوو"ە، هینەکەی (یمیلْ)[1959]

.818 (ندِمَ) چیە؟ پەشیمانبوو[1960]

(انجرحَ)یە ئەی برینداربوو[1961]

.819 (دخَلَ) چووەناو، چاوگەکەی (دُخول)[1962]

(حِمْل) واتە بار، کۆی (أحمال)، (حُمُول)[1963]

.820 (مُتْعة) واتە چێژ، جەمعەکەی (مُتَع)[1964]

(قطَعَ) بڕی، هینەکەی (يَقطَعْ)[1965]

.821 سەرکەشی چیە؟ (مُغامَرة)[1966]

[1958] اتّهامك باطل.

تۆمەتبارکردنەکەت ناڕەوایە.

[1959] هینەکەی واتە رانەبردووەکەی.

مال الحائِطُ بسبب الهزة الأرضية.

بەهۆی زەمینلەرزەکەوە دیوارەکە لاربوو.

[1960] ندِمَ الرجل على ما فعل.

پیاوەکە پەشیمانبوو لەوەی کردی.

[1961] بەمانای "برینداربوو" دێت.

انجرح السائقُ في الحادث.

شۆفێرەکە لەڕوداوەکەدا برینداربوو.

[1962] دخَلَ البيت خلسة.

بەدزییەوە چووەناو ماڵەکەوە.

[1963] الشهرة حمل ثقيل.

ناوبانگ بارێکی قورسە.

[1964] هەروەها بە " مُتُعات"و "مُتْعات"یش کۆدەکرێتەوە.

المتعة الدائمة ليست متعة.

چێژی بەردەوام چێژ نیە.

[1965] مەخسەوی شەریفم لە "هینەکەی" لێرەدا بریتییە لە "رانەبردووەکەی".

[1966] حياته مليئة بالمغامرات.

ژیانی پڕە لەسەرکەشی.

(عِبْرَة) واتە پەند، کۆکەی (عِبَرْ)ە[1967]

822. (بذَّرَ) چیە؟ بەفیڕۆدا[1968]

(أطالَ) مانای درێژەی پێدا[1969]

823. (جرَحَ) چیە؟ بریندارکرد[1970]

(اِستَطالَ)یە دەستدرێژیکرد[1971]

824. (کِیان) قەوارە، کۆی (کِیانات)ە[1972]

(طالَ) "گەیشت"ە، (یطولْ) "دەگات"ە[1973]

825. (طائِفة) بەشە، هەروەها کۆمەڵ[1974]

[1967] هەروەها بە "عِبْرات"یش کۆدەکرێتەوە.

جعله عِبْرةً لغيره.

کردی بە پەند بۆ کەسانی تر.

[1968] بذَّرَ مالَه خلال أقل من سنة.

لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا سامانەکەی بەفیڕۆدا.

[1969] أطالَ حديثَه حول الديمقراطية.

درێژەیدا بە قسەکانی سەبارەت بە دیموکراسی.

[1970] جرح إصبعَه.

پەنجەی بریندارکرد.

[1971] استطال عليه بالقول والعمل.

بە قسەو کردەوە دەستدرێژیکردە سەری.

[1972] جمع كِيانات

الكِيان الصهيونيّ دولة محتلة.

قەوارەی زایۆنی دەوڵەتێکی داگیرکەرە.

[1973] رابردوو و رانەبردون.

طالَ القصفُ المنطقةَ.

بۆردومانەکە گەیشتە ناوچەکە.

[1974] أعطيت الفقير طائفة من مالي.

بەشێك لەپارەکەم دا بە هەژارەکە.

سلّمت على طائفة من الحجّاج.

(مِرجَل) شانەیە، ماناشی مەنجەڵ[1975]

.826 (مالَ علی) ستەمیکرد لە[1976]

(سألَ) مانای پرسیاریکرد لە[1977]

.827 (شكَّلَ) چیە؟ واتە پێکهێنا[1978]

(شغَلَ) گرتەدەست، ئەی بەدەستهێنا[1979]

.828 (شغَّلَ) خستەکار، هەم خستەسەرکار[1980]

هەڵبژاردنە مانای (اِختیار)[1981]

.829 (سَأَمْ) بێزاری، (سئِمَ) بێزاربوو[1982]

سڵاوم لەکۆمەڵێك حاجی کرد.

1975 نظّف مرجلك قبل الإستخدام.

شانەکەت پێش بەکارهێنان پاکبکەرەوە.

یغلي من الغضب کاللحم في المِرْجَل.

لەتورەییدا وەك گۆشت لەناو مەنجەڵدا، دەکوڵێت.

1976 مال الرجل على أخيه.

پیاوەکە ستەمی لەبراکەی کرد.

1977 سأله عن صحَة أبیه.

سەبارەت بە تەندروستیی باوکی پرسیاریلێکرد.

1978 شكّل الحكومة لجنةً.

حکومەت لیژنەیەکی پێکهێنا.

1979 شغَلَ وظیفَةَ بعد تخرجه من الجامعة.

پاش دەرچونی لەزانکۆ کارێکی گرتەدەست (بەدەستهێنا) .

1980 شغَّلَ المولدة بعد انقطاع الكهرباء الحكومي.

پاش برانی کارەبای حکومی، مۆلیدەکەی خستەکار واتە ئیشپێکرد.

شغَّلتِ الشَّرکةُ عمّالاً.

کۆمپانیاکە چەند کرێکارێکی خستەسەرکار.

1981 حُرِّیَّة اختیار الزوج حق لكل إنسان.

ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەر مافی هەموو مرۆڤێکە.

1982 چاوگ و کاری هەمان وشەن.

(انشغلَ) واته سەرقاڵبوو[1983]

830. (مُتوسِّط) چيه؟ واته ناوەڕاست[1984]

(توبةُ نَصوح) ماناى تۆبەى راست[1985]

831. (تَرَحْ) خەفەتە، جەمعەکەى (أتراح)[1986]

(نجَحَ) سەرکەوت، مەسدەرى (نَجاح)1987

832. (رُخْصة) مۆڵەتە، جەمعەکەى (رُخْصات)[1988]

(تعوَّدَ)يە بەماناى راهات1989

833. (بَکى) "گريا"يە، "گريان"ە (بُکاء)1990

سئِمَ يَسأَم، سآمَةً وسَأَمًا، فهو سَئِم

سئِمَ الوالد من قول ولده.

پياوەکە لەقسەى کوڕەکەى بێزاربوو.

1983 انشغل الکاتب بتأليف کتاب جديد.

نوسەرەکە بە دانانى کتێبێکى نوێ سەرقاڵبوو.

1984 کم هو عرض البحر الأبيض المتوسِّط؟

پانيى دەرياى سپيى ناوەڕاست چەندە؟

1985 کلنا بحاجة الى توبة نصوح.

هەمومان پێويستمان بە تۆبەيەکى راست هەيە.

1986 نعوذ بالله من الترح بعد الفرح.

پەنادەگرين بە خودا لەخەفەتى پاش خۆشى.

1987 نجح في الامتحان.

لەتاقيکردنەوەکەدا سەرکەوت.

1988 بێگومان بە " رُخُصات "يش کۆدەکرێتەوە.

هل عندك رخصة قيادة السيارة؟

ئايا مۆڵەتى لێخوڕينى ئۆتومبێلت هەيە؟

1989 التعوّد على اليأس أسوأ من اليأس نفسه.

راهاتن لەسەر نائومێدى لەخودى نائومێدى خراپترە.

1990 کارو چاوگن.

(سَفیر) باڵیۆزه، كۆكەی (سُفراء)1991

.834 "بەپیتكرد" چیه؟ واته (خصَّبَ)[1992]

(صبَّ) واته رشت، چاوگەكەی (صَبّ)ه[1993]

.835 (جرَّحَ) چیه؟ برینداركرد[1994]

(استكملَ)یه مانای تەواوكرد[1995]

.836 (بعَثَ) واته نارد، هەم زیندوكردۆ1996

(قوارِع) بەڵا، بەڵام تاك نا كۆ[1997]

من رأى في المنام أَنه قد مَاتَ وَالنَّاس يَبْكُونَ عَلَيْهِ أَو غسلوه وكفنوه أَو حملوه على النعش أَو دفنوه فِي الْقَبْر فجملة ذَلِك يدل على فَسَاد دينه ويرجى لهَذَا الْمَيِّت صَلَاح دينه مَا لم يدْفن فَإِن دفن لَقِي الله على غير التَّوْبَة إِلَّا أَن يرى أَنه عَاشَ وَخرج من الْقَبْر بعد الدّفن فَإِنَّهُ يَتُوب.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بینی مردو خەڵك لەسەری دەگرین یان شۆردیان و كفنیانكرد یان لەسەر دارمەیت هەڵیانگرت یان لەگۆڕدا ناشتیان، هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆ خراپیی ئەو كەسە لەڕوی ئاینەوەو ئەو كەسە ئومێدی باشبونی ئاینەكەی لێدەكرێت ئەگەر بە خاك نەسپێردرێت، بەڵام ئەگەر بەخاكسپێردرا ئەوە بەبێ تۆبە دەمرێت لەو حاڵەتەدا نەبێت كە پاش بەخاكسپاردنەكە بژی و پاش ناشتنی، لەگۆڕەكە بێتە دەرەوە، لەم حاڵەتەدا مانای وایە تۆبەدەكات.

[1991] تبادلت الدول السفراء.

وڵاتەكان باڵیۆزیان ئاڵوگۆڕكرد.

[1992] خصَّب الأرضَ بطرق شتى.

زەوییەكەی بە چەندین رێگای جیاواز بەپیتكرد.

[1993] صبَّ الطفل الماءَ.

منداڵەكە ئاوەكەی رشت.

[1994] جرَّح وجه صديقه.

دەموچاوی هاوڕێكەی برینداركرد.

[1995] استكمل عملَه خلال ساعة واحدة.

لەماوەی سەعاتێكدا كارەكەی تەواوكرد.

[1996] زیندوكردۆ= زیندوكردەوە.

"إنما بُعِثتُ لأُتممَ مكارمَ الأَخلاقِ"

بێگومان من تەنها بۆ تەواوكردنی رەوشتی جوان نێردراوم.

بعَث اللهُ الأموات.

837. (عتَقَ) ئازادبوو، مەسدەر (عَتاقة)[1998]

(عُنْق) گەردنە، كۆكەی (أعناق)ە[1999]

838. (فرَّ) "رایكرد"ە، هینەكەی (یَفِرّ)[2000]

(باخِرة) پاپۆڕ، كۆكەی (بَواخِر)[2001]

839. (انشقَّ) چیە؟ "درزیبرد"ە[2002]

(أمرَدْ) كۆسەیە، جەمعەكەی (مُرْد)ە[2003]

خودا مردووەكانی زیندوكردەوە.

[1997] تاكەكەی "قارِعَة"یە. بێگومان بە (قارعات)یش كۆدەكرێتەوە.

اللَّهُمَّ لا تختبرنا بقوارع شديدة.

خودایە بە بەڵای توندی تاقیمان نەكەیتەوە.

[1998] دەبوو ئەم نیوە بەیتەم بەمشێوەیە بنوسیایە:

(عتَقَ) ئازادبوو، مەسدەرەكەی (عَتاقة)یە، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر سەروگوێلاكم كردووە!

بێگومان "عتَقَ" بە (عِتْق)و (عَتْق)یش دەبێتە چاوگ.

عتَقَ الرجل بعد سنوات من الرق.

پیاوەكە پاش چەندین ساڵ كۆیلایەتی، ئازادبوو.

[1999] بە سپێڵی "عُنُق"یش دەنوسرێت.

أمر الخليفة أن يضرب عنق المرتد.

خەلیفە فەرمانیكرد لەگەردنی هەڵگەڕاوەكە بدرێت.

[2000] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی "هینەكەی" لێرەدا بریتییە لە "رانەبردووەكەی".

من رأى في المنام أنه يفرّ وَلَا يخَاف فَإِنَّهُ يَمُوت.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بینی رادەكات و ناترسێت، ئەوە دەمرێت.

[2001] بێگومان بە (باخِرات)یش كۆدەكرێتەوە.

تَحْمِلُ الباخرة أعدادًا كبيرةً من المسافرين.

پاپۆڕەكە ژمارەیەكی زۆر گەشتیار هەڵدەگرێت.

[2002] انشقّ الحائطُ بسبب الهزة الأرضية الأخيرة.

پێم بڵێ وشەی (نار) مێیە یان نێرە؟

كلمة (كتاب) في اللغة العربية مذكرة.

وشەی (کتاب) لەزمانی عەرەبیدا نێرە.

949. (قَرار) بڕیاره[2243]، (مَحْکَمة) دادگا[2244]

(أَخ) لەگەڵ (شَقیق) هەردوکیان برا[2245]

[2243] جمع قرارات.

لا یمكنك تغییرَ المستقبل دون اتخاذ قرار في الحاضر.

بەبێ بڕیاردان لەئێستادا، ناتوانیت داهاتوو بگۆڕیت.

من لا یتخذ قراراً، اتخذ الزمن قراراً عنه.

هەر کەسێك بڕیارێك نەدات، زەمانە بڕیارێکی بۆ دەدات.

کل قرار خاطئ هو درس جدید.

هەموو بڕیارێکی هەڵە، وانەیەکی نوێیە.

أنا لا أعترف بقرار الأخیر للمحکمة وأطالب بالتمییز.

دان بە بڕیاری کۆتایی دادگادا نانێم و داوای تێهەڵچونەوە دەکەم.

[2244]جمع مَحْکمات ومحاکِم.

لو کانت محکمة الأحلام موجودة، لرفعت دعوی علی من یوقظني کل صباح.

ئەگەر دادگای خەو هەبوایە، سکاڵام لەسەر ئەو کەسە بەرزدەکردەوە کە هەموو بەیانییە خەبەرم دەکاتەوە.

في محکمة الزوجة، الرجل دائماً مذنب حتی یثبت عکس ذلك... وبعدها یظل مذنباً!

لەدادگای ژندا، پیاو هەمیشە تاوانبارە تا ئەو کاتەی پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت، دوای ئەوەش هەر بە تاوانباری دەمێنێتەوە!

في محکمة الضمیر، لا حاجة إلی شهود.

دادگای ویژدان پێویستی بە شایەتحاڵ نیە.

لو کانت محکمة الضمیر تعمل دائماً، لما بقي أحدٌ خارج السجن!

ئەگەر دادگای ویژدان هەمیشە لەکاردا بوایە، هیچ کەسێك لەدەرەوەی زیندان نەدەمایەوە!

دخلت محکمة الحیاة لأطلب العدالة، فاکتشفت أن القاضي مشغول بمتابعة شبکات التواصل الإجتماعی!

چومە ناو دادگای ژیان بۆ داواکردنی دادوەری، کەچی بۆمدەرکەوت دادوەر بە فۆڵەوکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرقاڵە!

الأعمال هي المحامي في محکمة التاریخ.

لەدادگای مێژودا، کردەوە پارێزەرە.

حکمت علیه المحکمة حکماً بالإعدام.

دادگای بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دا.

[2245]هەردوکیان بەمانای برا دێن، بەڵام دووەمیان پێویستە لەدایك و باوکیشەوە برا بن نەك تەنها لەیەکێکیانەوە.

أخي هو من یحبني بلا شروط، لکن بشرط أن أقرضه المال عند الحاجة!

براکەم ئەو کەسەیە کە بەبێ مەرج خۆشیدەوێم، بەڵام بەو مەرجەی قەرزی پێبدەم لەکاتی پێویستیدا!

لي أخ أکبر مني و أذکی.

950. (قَذِرْ)و (نَجِسْ) پێچەوانەی پاك[2246]

(قلانِیس) کڵاو، بەڵام کۆ نەك تاك[2247]

951. (عِرْبِد)و (أَفْعَى)، (ثُعْبان)، (حَیَّة)، مار[2248]

برایەکم هەیە کە لە من گەورەترو زیرەکترە.

شقيق مَلك السعودية، أُبعدَ عن السلطة.

برای پادشای سعودیە، لەدەسەڵات دورخرایەوە.

[2246] واتە بەمانای پیس دێت.

لا أستطيع العيش في هذا البيت القذر.

ناتوانم لەمماڵە پیسەدا بژیم.

مكتبك نجس جدّاً.

نوسینگەکەت زۆر پیسە.

[2247] تاکەکەی (قَلَنْسُوَة)یە. هەروەها بە (قلاسٍ)و (قلاسيّ)و (قلانِس)یش کۆدەکرێتەوە.

الْمَرْأَة الأيّم إِذا رَأَتْ في المنام على رَأسهَا قَلَنْسُوَة فَإِنَّهَا تتَزَوَّج وَكَذَلِكَ الْبكر.

ئەگەر بێوەژنێك یان کچێك لەخەودا بینی کڵاوێك لەسەریدایە، ئەوە شودەکات.

ارتدى الرجل القَلَنْسُوَة لحماية رأسه من الشمس.

پیاوەکە کڵاوەکەی کردەسەری بۆ ئەوەی سەری لەخۆر بپارێزێت.

[2248] هەرچواریان بەمانای مار دێن. (أَفْعَى) بەمانای مارێك دێت کە ژەهراوی بێت، (ثُعْبان)یش بەمانای ماری گەورەو زەبەلاح دێت، بەڵام دوانەکەی تر بەمانای مار دێن بەگشتی. بێگومان وشەی (حيّة) وەك موئەنەسی (حيّ)یش بەکاردەهێنرێت، واتە سەرباری مانای مار، مانای (زیندوی مێ)ش دەدات.

رأيت عربداً داخل الغرفة.

مارێکم لەناو ژورەکەدا بینی.

لدغته أفعى، لذا مات في الحال.

مارێك پێوەیدا، بۆیە یەکسە مرد.

من لاعب الثعبان في وكره، لا يأمن من لسعه.

ئەوەی یاری لەگەڵ ماردا بکات لەهێلانەکەی، لەپێوەدانی مارەکە پارێزراو نابێت.

الحيّة خطيرة، فلا تقترب منها.

مارەکە مەترسیدارە، بۆیە لێی نزیك مەبەرەوە.

من رأى حَيَّة خرجت من فِيهِ وَكَانَ مَرِيضا فَإِنَّهُ يَمُوت لِأَنَّهَا حَيَاته خرجت من فِيهِ وَإِن دخلت حَيَّة من فَم إِنْسَان قهره عدوه.

(سامّ) ژەهراوییە[2249]، (سُمّ) بەمانای ژار[2250]

.952 (خَطَرْ) مەترسی[2251]، (خَطِيرْ) ترسناك[2252]

(طاهِرْ)و (نَظيفْ) هەردوو مانای پاك[2253]

.953 (مَثَانة) چيه؟ مانای میزەڵدان[2254]

ئەگەر نەخۆشێك لەخەودا بینی مارێك لەدەمییەوە دەرچوو، ئەوە دەمرێت، چونكە ئەو ژیانیەتی لەدەمییەوە دەردەچێت، خۆ ئەگەر كەسێك لەخەودا بینی مارێك چووە ناو دەمییەوە، ئەوە دوژمنەكەی بەسەریدا زاڵدەبێت.

[2249] جمع سَوامّ

لا تلمس تلك الأفعى السامّة.

دەست لەو مارە ژەهراوییە مەدە.

[2250] جمع سُموم. ژار= ژەهر.

وضع له السُّمَّ في العصير.

ژەهری بۆ كردە ناو خۆشاوەكەوە.

[2251] جمع أخطار.

خطر العدو على الإقتصاد كبير.

مەترسیی دوژمن لەسەر ئابوری، گەورەیە.

[2252] جمع خُطُر.

الدبّ حيوان خَطير.

ورچ گیاندارێكی ترسناكە.

[2253] وجود الماءِ الطاهر في المنطقة نادر.

بونی ئاوی پاك لەناوچەكەدا دەگمەنە.

غرفتك غير نظيفة.

ژورەكەت پاك نیە.

[2254] جمع مَثَانات ومَثائِن

يعاني من التهاب بالمثانة.

بەدەست هەوكردنی میزەڵدانەوە دەناڵێنێت.

المثانة عند الإنسان البالغ تستطيع تخزين ما بين 400 إلى 600 مل من البول قبل أن تشعر بالحاجة للتبول، ولكن يمكنها التمدد لاستيعاب كمية أكبر إذا لزم الأمر.

میزەڵدانی مرۆڤی پێگەیشتوو لەتوانایدایە بڕی 400 بۆ 600 میللیلیتر میز بگرێت، دوای ئەوە هەستدەكەیت كە پێویستە میزبكەیت. سەرباری ئەوەش دەكرێت میزەڵدان لەكاتی پێویستدا بكشێت و بڕێكی زیاتر میز بگرێت.

(لِسان)و (لُغَة) هەردوكیان زمان[2255]

954. (مُحامي) چیە؟ واتە پارێزەر[2256]

(قَین) لەگەڵ (حَدَّاد) هەردوو ئاسنگەر[2257]

[2255] یەكەمیان بەمانای زمانی ناودەم و زمانی قسەكردنیش دێت، بەڵام دووەمیان تەنها بەمانای زمانی قسەكردن دێت.

جمع لسان: ألسُن وألْسِنة ولُسْن ولُسُن

إعقل لسانك و لا تتكلم كثيراً.

زمانت بگرەو زۆر قسە مەكە.

شكل لسانه غريب جداً.

شێوەی زمانی زۆر سەیرە.

جمع لغة: لُغات ولُغًى

يجب عليك تعلّم اللغة العربية لأنها لغة القرآن الكريم.

پێویستە فێری زمانی عەرەبی ببیت، لەبەرئەوەی زمانی قورئانی پیرۆزە.

اللغة الليكينية هي واحدة من أصغر اللغات في العالم، حيث تتكون من ما يقارب 100 كلمة.

زمانی لیكینی یەكێكە لەبچوكترین زمانەكان لەجیهاندا. ئەم زمانە لەنزیكەی 100 وشە پێكهاتووە.

تُعد اللغة العربية من أكثر اللغات انتشارًا في العالم، حيث يتحدثها أكثر من 467 مليون شخص.

زمانی عەرەبی یەكێكە لەبەربڵاوترین زمانەكان لەجیهاندا. زیاتر لە 467 ملیۆن كەس قسەی پێدەكەن.

[2256] إستطاع المحامي أن يكسب القضية.

پارێزەرەكە توانی كەیسەكە بباتەوە.

العدالة هي غاية المحامي، ولكنها ليست دائمًا غاية موكله.

دادوەری ئامانجی پارێزەرە بەڵام هەموو كات ئامانجی بریگرتەكەی نیە.

المحامي الجيد يعرف القانون، أما المحامي العظيم فيعرف القاضي.

پارێزەری باش یاسا دەزانێت، بەڵام پارێزەری مەزن دادوەر دەناسێت.

[2257] القَيْن رجل مسنّ.

ئاسنگەرەكە پیاوێكی بەساڵاچوو بوو.

كان أبي حَدَّاداً ماهراً.

باوكم ئاسنگەرێكی كارامە بوو.

الحداد لا يخاف النار.

ئاسنگەر لەئاگر ناترسێت.

الحداد يصنع السيوف، لكن لا يخوض المعارك.

955. (مَثّال) پەیکەرتاش[2258]، (نَجّار) دارتاشە[2259]

(وَبَشْ) خوێڕییە، کۆکەی (أَوباش)ە[2260]

956. (لَوْز) چوالەیە، هەروەها بادەم[2261]

(أُمَّة) نەتەوە، جەمعەکەی (أُمَم)[2262]

ئاسنگەر شمشێر دروستدەکات بەڵام ناچێتە شەڕەوە.

الحداد الجيد لا يلوم مطرقته.

ئاسنگەری باش سەرزەنشتی چەکوشەکەی ناکات.

لا يُصبح الحديد سيفًا إلا بيد حداد ماهر.

ئاسن بە دەستی ئاسنگەرێکی کارامەوە نەبێت، نابێتە شمشێر.

[2258] صنع المثَّالُ تمثالاً لشاعرٍ كبير.

پەیکەرتاشەکە پەیکەرێکی بۆ شاعیرێکی گەورە دروستکرد.

كل حجر يحمل داخله تمثالًا، والمثَّال فقط هو من يستطيع كشفه.

هەموو بەردێك پەیکەرێکی لەناخدا هەڵگرتووە، بەڵام تەنها پەیکەرتاش دەتوانێت بیدۆزێتەوە.

كل مثَّال يترك في عمله قطعة من قلبه.

هەموو پەیکەرتاشێك پارچەیەك لەدڵی لەکارەکەیدا جێدەهێڵێت.

[2259] النَجّار يصنع من الخشب أشياء جميلة.

دارتاش شتی جوان لەتەختە دروستدەکات.

النجار الماهر لا يترك مسمارًا بارزًا.

دارتاشی لێهاتوو نایەڵێت هیچ بزمارێك دیاربێت.

لا تذهب إلى النجار لصنع سيف.

بۆ دروستکردنی شمشێر مەڕۆ بۆ لای دارتاش.

[2260] هو وبش كاذب، لا تثق به.

ئەو خوێڕییەکی درۆزنە، باوەڕی پێمەکە.

[2261] مفرد لَوْزَة

من رأى في المنام أنه يتسلق شجرة اللوز، فقد يدل ذلك أن الرائي يعتمد على والديه.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی بە درەختێکی چوالەدا هەڵدەگەڕێت، ئەوە رەنگە ئاماژەبێت بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە پشت بە دایکوباکی دەبەستێت.

اللوز يساعد في الحفاظ على مستويات مناسبة من الكوليسترول في الدم.

بادەم یارمەتیدەرە لەپاراستنی ئاستی گونجاو لەکۆلیسترۆڵ لەناو خوێندا.

957. (بَلّوعة) گونجە، کۆکەی (بلاليع)[2263]

(وَزَّعَ) دابەشکرد، چاوگەکەی (توزيع)[2264]

958. (جَصّ)و (جِبْس) گەچ[2265]، (أَسمَنْت) چیمەنتۆ[2266]

(قَرَابَی) خزم، بەڵام تاك نا کۆ[2267]

[2262] لم تستطع الأمَّة الكرديّة تحرير كافّة مناطقها.

نەتەوەی کورد نەیتوانی سەرجەم ناوچەکانی ئازادبکات.

الأمم العظيمة لا تُبنى إلا بالتضحية والعمل.

نەتەوەی مەزن بە قوربانیدان و کارکردن نەبێت، بنیات نانرێت.

إذا أردت أن تدمر أمة، فابدأ بتدمير تعليمها.

ئەگەر ویستت نەتەوەیەك وێرانبکەیت، بە وێرانکردنی کەرتی فێرکردن دەستپێبکە.

الأمم تُقاس برقي أخلاقها لا بقوتها العسكرية.

نەتەوە بە بەرزیی رەوشت پێوانەدەکرێت نەك بە هێزی سەربازی.

ضعف الأمة يبدأ عندما تفقد ثقتها بنفسها.

لاوازی نەتەوە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە متمانەبەخۆکردن لەدەستدەدات.

أمة بلا تاريخ، كإنسان بلا ذاكرة.

نەتەوەی بێمێژوو وەك مرۆڤی بێیادگا وایە.

[2263] هەروەها بە (بَلّوعات)یش کۆدەکرێتەوە.

گونج: گونجی ئاوەڕۆو زێراب.

لا تجلس على البَلّوعة.

لەسەر گونجەکە دامەنیشە.

[2264] وَزَّعَ يوزِّع، تَوْزيعًا، فهو مُوزِّع، والمفعول مُوزَّع.

وزَّعَ الصَّحيفةَ على القراء مجاناً.

رۆژنامەکە بەبێ بەرامبەر بەسەر خوێنەرەکاندا دابەشکرد.

[2265] يستخدم الجصّ في طلاء البيوت.

گەچ لەڕوپۆشکردنی ماڵدا بەکاردەهێنرێت.

صنع الفنان تمثالاً من الجبس.

هونەرمەندە پەیکەرێکی لەگەچ دروستکرد.

[2266] يستعمل الأسمنت في البناء.

چیمەنتۆ لەبیناسازیدا بەکاردەهێنرێت.

[2267] تاکەکەی (قريب)ە. هەروەها بە (قريبون)و (أقْرباء)یش کۆدەکرێتەوە.

959. (شَراب) خواردنەوە[2268]، (طَعام)ە خۆراك[2269]
(أُدُم) پێخۆرە، بەڵام كۆ نەك تاك[2270]

960. (أشيَم) خاڵاوی[2271]، (شامَة) واتە خاڵ[2272]
(دارْ) لەگەڵ (مَنزِل) هەردوو مانای ماڵ[2273]

لیس لديّ قریب في المنطقة.
هیچ خزمێكم نیە لەناوچەكەدا .
[2268] جمع أَشرِبة
بەمانای خواردنەوە دێت، بەمانای هەر شلەیەك كە بخورێتەوە بە ئاوو ساردی و بیرەو عارەقیشەوە!
الجوّ حارّ هل عندك أيّ شراب بارد؟
كەشوهەوا گەرمە، هیچ خواردنەوەیەكی ساردت لایە؟
[2269]جمع أطْعِمة
خۆراك= خواردن.
طعام يدها لذيذ.
خۆراكی دەستی بەچێژە.
[2270] تاكەكەی (إدام)ە.
هل عندك أيّ إدام، أم لابدّ أن نأكل الخبز مع الماء فقط؟
هیچ پێخۆرێكت لایە، یان دەبێت نانەكە تەنها بە ئاوەوە بخۆین؟
[2271] جمع شِيَم، مؤ شَيْماءُ، جمع مؤ شيماوات وشِيَم.
خاڵاوی= خاڵدار.
هو شابّ أشيم.
ئەو گەنجێكی خاڵاوییە. واتە خاڵی زۆر بەجەستەیەوە هەیە.
2272 جمع شامات وشام.
في وجهها شامة كبيرة.
دەموچاوی خاڵێكی گەورەی پێوەیە.
[2273] لەم مانایەدا موراديفن.
داري قريب من مكتبي.
ماڵەكەم لەنوسینگەكەمەوە نزیكە.
هل المسجد قريب من بيتك؟
ئایا مزگەوتەكە لەماڵەكەتەوە نزیكە.
خصصت غرفة كاملة من منزلي للكتب.

961. (بَيت) ماڵ و بەیتە، مانەوەو مزگەوت[2274]

(اِضطَجَعَ)یە بەمانای پاڵکەوت[2275]

962. (أَقْلَفْ) چیە؟ (خەتەنەنەکراو)ە[2276]

(رَدَحْ)و (فَتْرە) هەردوکیان (ماوە)[2277]

963. (سِكّین) چەقۆیە[2278]، (سَیف) مانای شیرە[2279]

ژورێکی تەواوی ماڵەکەم تەرخانکردووە بۆ کتێب.

[2274] بەمانای ماڵ و بەیت (ی شیعر)و مانەوە (بۆ شەو لەماڵ یان شوێن)و مزگەوت دێت. لەمانای سێیەمیاندا چاوگی (بات)یە.

عندما تصبح المكتبة في البيت ضرورة كالطاولة و السرير و الكرسي و المطبخ ، عندئذ يمكن القول بأننا أصبحنا أمة متقدمة.

کاتێك کتێبخانە لەماڵدا دەبێتە شتێکی پێویستی وەك مێزو جێگەی خەوتن و کورسی و چێشتخانە، ئەوکاتە دەتوانرێت بوترێت بوینەتە نەتەوەیەکی پێشکەوتوو.

بيتي قريب من المسجد.

ماڵەکەم لەمزگەوتەوە نزیکە.

تتألف القصيدة من عشرين بيتاً.

قەسیدەکە لە بیست بەیت پێکدێت.

لام الوالد إبنه على بيته في بيت صديقه.

باوکەکە سەرزەنشتی کوڕەکەی کرد لەسەر مانەوەی لەماڵی هاوڕێکەی.

صليت في بيت قريب من السوق.

لەمزگەوتێکی نزیك بازاڕەکە نوێژمکرد.

[2275] اضطجع الوالد في فِراشِه.

باوکەکە لەجێگەی خەوتنەکەیدا پاڵکەوت.

[2276] هل صلاة الأقلف جائزة؟

ئایا نوێژی خەتەنەنەکراو دروستە؟

[2277] (فَتْرة) بەمانای ماوە دێن بەگشتی، بەڵام (رَدَحْ) بەمانای ماوەی زۆر دێت. هەروەها (مدّة)ش بەمانای ماوە دێت.

أَقامَ رَدَحًا من الدهر في المدينة.

ماوەیەکی زۆر لەشارەکە نیشتەجێبوو.

استمرّ الاجتماعُ فترة قصيرة.

کۆبونەوەکە ماوەیەکی کەم بەردەوامبوو.

سافر لمدّة شهر.

بۆ ماوەی مانگێك گەشتیکرد.

[2278] جمع سَكاكينُ

(سَهمْ) واته پشك، هەروەها (تیر)ە[2280]

[964.] (ضِلْع) پەراسوو[2281]، (إِبْط) بنباڵە[2282]

(مالِح) واتە سوێر[2283]، (مُرّ) مانای تاڵە[2284]

[965.] (دَولـيّ) چيە؟ نێودەوڵەتييە[2285]

دەتوانرێت وەك نێرو مێش بەكاربهێنرێت.

ضربه بسِكِّين في بطنه.

بە چەقۆیەك دای لە سكی.

[2279] جمع أسياف وسُيوف.

شیر= شمشێر.

لا يجتمع سيفان في غِمد.

دوو شمشێر لەیەك كێلاندا كۆنابنەوە.

[2280] جمع أسْهُم وسُهوم.

ئەگەر بەمانای تیر بەكاربهێنرێت، ئەوا بە (سِهام)یش كۆدەكرێتەوە.

عندي سهم في الشركة.

لەكۆمپانیاكەدا پشكێكم هەیە.

هل تستطيع إستخدام السَّهْم في الحرب.

ئایا دەتوانیت تیر لەجەنگدا بەكاربهێنیت؟

[2281]هەروەها بە سپێڵی (ضِلَع)یش دەنوسرێت. ئەم وشەیە دەتوانرێت وەك نێرو مێش بەكاربهێنرێت.

جمع أضلاع وأضلُع وضُلُوع.

كسر ضِلْعَه.

پەراسووی شكاند.

[2282]هەروەها بە (إِبِط)یش دەنوسرێت.

جمع آباط

ريحة إبطك تقتل الكلب.

بۆنی بنباڵت سەگ دەتۆپێنێت.

[2283]الماء المالح لايصلح للشرب.

ئاوی سوێر بۆ خواردنەوە ناشێت.

[2284]القهوة مرّة ولكن رغم ذلك الكثير من الناس يشربونها.

قاوە تاڵە، بەڵام سەرباری ئەوەش زۆرێك لەخەڵك دەیخۆنەوە.

[2285]المجتمع الدوليّ ساكت عن مجازر فلسطين.

(عِشرون) واته بیست[2286]، (ثَلاثون) سییه[2287]

966. (إِثنان) واته دوو[2288]، (واحِد) مانای یەك[2289]

(أربَعة) چواره[2290]، (رُبْع)یش چواریەك[2291]

967. (عامْ) لەگەڵ (سَنة) هەردوكیان ساڵە[2292]

كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەكۆمەڵكوژییەكانی فەلەستین بێدەنگە.

2286 عِنْدِي عِشْرُونَ الف دينار فقط.

تەنها بیست هەزار دینارم پێیە.

2287 هاجمني ثلاثون رجلاً.

سی پیاو پەلاماریاندام.

2288 المؤنث اثْنَتانِ و ثِنْتان

ضرب الطفل رجلان إثنان.

دوو پیاو لەمنداڵەكەیان دا.

2289 رجل واحد كافٍ لإمرأة عفيفة.

یەك پیاو بەسە بۆ ژنێكی داوێنپاك.

2290 في السنة أربعةُ فصولٍ.

ساڵ چوار وەرزی تێدایە.

نجم البحر له أربعة أنوف.

ئەستێرەی دەریا چوار لوتی هەیە.

2291 هەروەها بە سپێڵی (رُبُع)یش دەنوسرێت. چواریەك= چارەك.

جمع أَرباع

انتظرتك رُبْع ساعة خارج القاعة.

چارەكە سەعاتێك چاوەڕێم كردی لەدەرەوەی هۆڵەكە.

2292 أمضيت عاماً كاملاً في المدن الأوروبية.

ساڵێكی تەواوم لەشارە ئەوروپییەكان بەسەربرد.

في العام 1816، حدث ثوران بركاني هائل في إندونسيا أدى إلى حجب أشعة الشمس، مما أدى إلى انخفاض درجات الحرارة بشكل كبير في جميع أنحاء العالم. سمي هذا العام بـ "عام بدون صيف".

لەساڵی 1816 هەڵچونێكی گڕكانی گەورە لە ئیندۆنوسیا رویداو بووەهۆی داپۆشینی تیشكی خۆرو ئەمەش بووەهۆی ئەوەی پلەی گەرما بەشێوەیەكی زۆر لەسەرتاسەری جیهاندا دابەزێت. ئەو ساڵە ناونرا ساڵی بێهاوین.

في العام 2008، تم اكتشاف نوع جديد من الفئران في إندونيسيا يبلغ طوله 48 سم.

لەساڵی 2008، لەو ئیندۆنوسیایەی لای خۆمان، جۆرە مشكێك دۆزرایەوە كە درێژییەكەی 48 سانتیمەترە، واتە نزیكەی نیو مەتری ناسك.

لا تنتظر عامًا جديدًا، ابدأ عامًا جديدًا. جين كيربي

چاوەڕێی ساڵێكی نوێ مەكە. ساڵێكی نوێ دەستپێبكە.

لا يمكننا تغيير الماضي، لكن يمكننا تغيير العام القادم. توني موريسون

ناتوانین رابردوو بگۆڕین، بەڵام دەتوانین ساڵی داهاتوو بگۆڕین.

لا تنتظر أن يتغير شيء بحلول العام 2025، لأن المشكلة ليست في رأس السنة بل في رأس فخامة حضرتك!

چاوەڕێ مەكە بە هاتنی ساڵی 2025 هیچ شتێك بگۆڕێت، چونكە كێشەكە لەسەری ساڵدا نیە، بەڵكو لەسەری فەخامەتی جەنابتایە!

ولدت في سنة 1992.

لەساڵی 1992 لەدایكبوم.

[2293] جمع أُمَّات وأمّهات

أمي إمرأة مسنّة.

دایكم ژنێكی بەساڵاچووە.

ميخائيل نعيمة: الأم هي المدرسة الأولى، والكتاب الأول، والدرس الأول، والأستاذ الأول.

دایك یەكەم خوێندنگەیە، یەكەم كتێبە، یەكەم وانەیەو یەكەم مامۆستاشە.

نزار قباني: الأم هي أجمل قصيدة، وأعذب لحن، وأروع لوحة فنية.

دایك جوانترین چامەیە، شیرینترین ئاوازە، نایابترین تابلۆی هونەرییە.

الإمام علي بن أبي طالب: الجنة تحت أقدام الأمهات.

بەهەشت لەژێر پێی دایكاندایە.

ما هي السورة التي تُسمى "أمّ القرآن"؟

كام سورەت پێیدەووترێت "دایكی قورئان"؟ فاتیحە

[2294] جمع أطفال

بكاء الطفل يزعجني كثيراً.

گریانی منداڵ زۆر بێزارم دەكات.

الإمام علي بن أبي طالب: الطفل أمانة في عنقك، فاحرص على تربيته تربية صالحة.

منداڵ راسپاردەیەكە لەگەردنتدا، بۆیە سوربە لەسەر ئەوەی بە باشی پەروەردەی بكەیت.

أرسطو: الطفل هو صفحة بيضاء، فاكتب عليها ما شئت.

منداڵ لاپەڕەیەكی سپییە، چیت دەوێت لەسەری بنوسە.

يولد الطفل بدون ركبتين.

968. (عامِل) هۆكاره، لەگەڵ كرێكار[2295]

(مِسْكِين) داماوه، هەروەها هەژار[2296]

969. (فطَسَ)، (ماتَ) هەردوو ماناى مرد[2297]

منداڵ بەبێ ئەژنۆ لەدايكدەبێت.

يولد الطفل بـ 300 عظمة، بينما يمتلك الشخص البالغ 206 عظمة فقط.

منداڵ يە 300 ئێسكەوه لەدايكدەبێت، لەكاتێكدا مرۆڤى پێگەيشتوو تەنها 206ى هەيە.

أظهرت الدراسات أن الطفل يبدأ بالضحك في الرحم، ابتداءً من الأسبوع الـ19 من الحمل.

لێكۆڵينەوەكان دەريانخستووه كە منداڵ لەناو منداڵدانەوه پێكەنينى دەستپێدەكات، بەدياريكراوى لەهەفتەى 19هەمى دوگيانبونەوه.

سأل رجل حكيماً: علمني كيف اربي طفلي.

قال الحيكم: كم عمره؟

قال الرجل: سبعة أشهر

قال الحكيم: لقد تأخرت كثيراً، فتربية الأطفال تبدأ باختيار أمّه.

پياوێك لەدانەيەك دەپرسێت، فێرمكە چۆن منداڵەكەم پەروەردەبكەم.

دانا: تەمەنى چەندە؟

پياو: حەوت مانگ

دانا: زۆر درەنگە بۆ پەروەردە، پەروەردەكردنى منداڵ لەكاتى هەڵبژاردنى دايكييەوه دەستپێدەكات!

[2295] العامل الإجتماعي له تأثير على تخلّف النساء.

هۆكارى كۆمەڵايەتى كاريگەرى هەيە لەسەر دواكەوتنى ژنان.

أحتاج عاملاً نشطاً لمدة أسبوع.

پێويستم بە كرێكارێكى چالاكە بۆ ماوەى هەفتەيەك.

[2296] ج: مَسَاكين

المؤسسة الخيرية وزّعت المواد الغذائية على مساكين المدينة.

دامەزراوه خێرخوازييەكە كەرەستەى خۆراكى بەسەر هەژارانى شارەكە، دابەشكرد.

الرجل مسكين جداً، لا يفرّق بين رئيس الحكومة و رئيس الجمهورية.

پياوەكە زۆر داماوه، سەرۆكى حكومەت لەسەرۆك كۆمار جياناكاتەوه.

[2297] فطَسَ يَفطِس، فَطْسًا وفُطوسًا، فهو فاطِس.

مات يَموت، مُتْ، مَوْتًا، فهو مائِت ومَيْت ومَيِّت.

فطَس الرجلُ فجأة.

پياوەكە كتوپڕ مرد.

الرجل الجبان يموت كلّ يوم مرة واحدة.

(اصطناعيّ)یە بەمانای دەستکرد[2298]

970. (تَفصيل) چیە؟ وردەکاری[2299]

(وَرْدَة) مانای گوڵ[2300]، (هَدِيَّة) دیاری[2301]

971. (زَهْرة) واتە گوڵ، کۆدوجای (أزهار)[2302]

پیاوی ترسنۆك هەموو رۆژێك جارێك دەمرێت.

مُعظم الناس يَموتون عند الخامسة والعشرين, ويدفنون عند الخامسة والسبعين.

زۆربەی خەڵك لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەمرن و لە ٧٥ ساڵیدا دەنێژرێن.

2298 هو يعيش بقلب اصطناعيّ.

ئەو بە دڵێکی دەستکرد دەژی.

2299 ج: تفاصيل

تفصيل الحادثة في المحكمة.

وردەکاریی روداوەکە لەدادگادایە.

2300 الفتي قدّم وردة حمراء لخطيبته.

گەنجەکگە گوڵێکی سوری پێشکەش بە دەزگیرانەکەی کرد.

2301 جمع هَدِيّات وهَدايا

هَدِيَّتك أجمل من وجهك!

دیارییەکەت لەدەموچاوت جوانترە!

الهديّة على مقدار مُهديها.

دیاری بەگوێرەی بەهای ئەو کەسەی دیارییەکە پێشکەشدەکات، نرخی بۆ دادەنرێت (نەك بەهای خودی دیارییەکە).

لا تنظر إلى الهديّة بل إلى من أهداها.

سەیری دیاری مەکە. سەیری ئەو کەسە بکە کە پێشکەشیکردووە.

هدية العدو سمٌ في عسل.

دیاریی دوژمن ژەهر ناو هەنگوینە.

2302 مەخسەوی شەریفم لە"کۆدوجا" بریتییە لە حەمعی جەمع. بێگومان بە (أزاهير)و (زهور)یش دەبێت بە جەمعی جەمع.

جمع زَهْر، جمع الجمع أزاهير وأزهار وزُهُور.

الجمال بلا أخلاق كزَهْرة بلا أريج.

جوانی بێ رەوشت، وەك گوڵی بێبۆن وایە.

خانوبەرەیە، ماناکەی (عَقار)[2303]

972. (أحمَر) واتە سور[2304]، (أزرَق)یش شینە[2305]

[2303] جمع عقارات

خانوبەرە: هەموو سامانێکی نەگوازراوە.

صادرت الدّولةُ عَقاراتِه.

حکومەت دەستی بەسەر خانوبەرەکانیدا گرت.

[2304] جمع حُمْر، مؤ حمراءُ، جمع مؤ حَمْراوات وحُمْر.

لا أحبذ اللون الأحمر للجدار.

حەزم لەڕەنگی سور نیە بۆ دیوار.

کوکب المریخ یُسمى الکوکب الأحمر. یُطلق هذا الاسم بسبب وجود کمیة کبیرة من أکسید الحدید (الصدأ) على سطحه، مما یمنحه اللون الأحمر.

هەسارەی مەریخ پێیدەووترێت هەسارەی سور. هۆکاری ئەم ناونانە بونی بڕێکی زۆرە لەئۆکسیدی ئاسن (ژەنگ) لەسەر رووەکەی کە بەهۆیەوە رەنگی سوری پێبەخشیوە.

یمتلك الأطفال حدیثو الولادة قدرة محدودة على رؤیة الألوان، لکن اللون الأحمر غالبًا ما یکون أول لون یمکنهم تمییزه بوضوح.

توانای منداڵانی تازەلەدایکبوو لەڕوی بینینی رەنگەکانەوە، سنوردارە، بەڵام زۆربەی کات یەکەم رەنگ کە ئەو جۆرە منداڵانە دەتوانن بەڕونی جیای بکەنەوە، سورە.

یُعتقد أن اسم البحر الأحمر مستوحى من نوع من الطحالب الحمراء التي تزدهر أحیانًا على سطحه، مما یجعل میاهه تظهر حمراء.

لەو بڕوایەدان هۆکاری ناوی دەریای سور، لەجۆرە قەوزەیەکی سورەوە وەرگیرابێت کە هەندێك جار لەسەر روی ئەم دەریایە گەشەدەکات.

فی الثقافة الصینیة یُعتبر اللون الأحمر رمزًا للحظ والسعادة والاحتفالات، وهو اللون الرئیسي في حفلات الزفاف والسنة الصینیة الجدیدة.

لەکلتوری چیندا رەنگی سور بە سیمبولی بەخت و بەختەوەری و ئاهەنگگێڕان دادەنرێت، لەئاهەنگی هاوسەرگیری و ساڵی نوێی چینیشدا، رەنگی سەرەکییە.

اللون الأحمر یُحفز الشهیة، لذا غالبًا ما یُستخدم في تصمیم شعارات مطاعم الوجبات السریعة مثل ماکدونالدز وبرغر کینغ.

رەنگی سور ئارەزوی خواردن دەکاتەوە، بۆیە زۆرجار لەدیزاینی دروشمی رێستۆرانتی خواردنە خێراکانی وەك ماکدۆناڵدو بێرگەر کینگدا بەکاردەهێنرێت.

[2305] جمع زُرْق، مؤ زَرْقاء، جمع مؤ زَرْقاوات وزُرْق.

أرتدیت قمیصاً أزرقاً للمقابلة.

کراسێکی شینم لەبەرکرد بۆ چاوپێکەوتنەکە.

یوم رأیت سیارة زرقاء جدیدة أمام منزل جاري، قلت یا حظهم، ولکنني تذکرت بعد ذلك إنه اشتراها بالقسط!

(بغَضِّ النَّظر) "به چاوپۆشین)ه[2306]

.973 (تغضُّن) چیه؟ واته چرچبون[2307]

(أهْل) کەسوکار، کۆدوجای (أهلون)[2308]

.974 شورەیی چیه؟ واته (غَضاضة)[2309]

ئەو رۆژەی ئۆتۆمبێلێکی شینی نوێم لەبەردەم ماڵی دراوسێکەمدا بینی، وتم ئای چەندە بەبەختە، بەڵام دواتر بیرمکەوتەوە کە بە قیست کڕیویەتی!

[2306] بغض النظر عن حجم أحلامك، لا تسمح لأحد أن يقلل من قيمتها.

به چاوپۆشین لەقەبارەی خەونەکانت، رێمەدە هیچ کەسێك لەبەهایان کەمبکاتەوە.

بغض النظر عن عدد المرات التي تفشل فيها، النجاح الحقيقي هو الاستمرار.

به چاوپۆسین لەژمارەی ئەو جارانەی تێیدا شکستدەهێنیت، سەرکەوتنی راستەقینە لەبەردەوامبوندایە.

بغض النظر عن مدى صعوبة الحياة، تذكر أن لكل مشكلة حلاً.

به چاوپۆشین لەئاستی قورسیی ژیان، لەبیرت بێت کە هەموو کێشەیەك چارەسەرێکی هەیە.

بغض النظر عن اختلافاتنا، الإنسانية توحدنا.

به چاوپۆشین لەجیاوازییەکانمان، مرۆڤایەتی یەکماندەخات.

بغض النظر عن المكان الذي تبدأ منه، يمكنك دائمًا خلق بداية جديدة.

به چاوپۆشین لەو شوێنەی لێوەی دەستپێدەکەیت، هەمیشە دەتوانیت سەرەتایەکی نوێ دروستبکەیت.

بغض النظر عن الظلام الذي يحيط بك، سيأتي يوم يظهر فيه النور.

به چاوپۆشین لەو تاریکییەی چواردەوری گرتویت، رۆژێك دێت روناکی تێدا دەردەکەوێت.

بغض النظر عن الماضي، المستقبل دائمًا فرصة جديدة.

به چاوپۆشین لەڕابردوو، داهاتوو هەمیشە هەلێکی نوێیە.

[2307] چاوگی (تغضَّنَ)یە.

هل تخشى من تغضُّن وجهك؟

ئایا لەچرچبونی دەموچاوت دەترسیت؟

[2308] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەکۆدوجا بریتییە لەجەمعی جەمع.

وصَلَ أهلَه الى مسرح الجريمة.

کەسوکارەکەی گەیشتنە شوێنی تاوانەکە.

[2309] جمع غضائضُ

ليس في هذا الفعل أي غَضَاضة.

ئەم کارە هیچ شورەییەکی تێدا نیە.

(عَسْكَرِيّ) سەربازی، هەمیش سەربازە[2310]

975. (دِیك) کەڵەشێرە، کۆکەی (دُیُوك)ە[2311]

کەسێك (غَضیض) بێ کەواتە سوکە[2312]

976. (ضَحِیَّة) چیە؟ واتە قوربانی[2313]

(استعظمَ)یە خۆی بەزلزانی[2314]

977. (حُلْو) لەگەڵ (عَذْب) هەردوکیان شیرین[2315]

[2310] الحیاة العسكریّة صعبة.

ژیانی سەربازی قورسە.

یعمل العسكريّ لحمایة الوطن.

سەرباز لەپێناو پاراستنی نیشتماندا کاردەکات.

[2311] هەروەها بە (أدیاك)و (دِیَکَة)ش کۆدەکرێتەوە.

من طبع الدّیك الخیلاءُ وإن كان على مزبلة.

یەکێك لەسروشتەکانی کەڵەشێر لوتبەرزییە ئەگەرچی لەناو زبڵدانیشدا بێت.

[2312] سوك بەمانای رسوا.

لا تجادله، إنه رجل غَضیض.

مشتومڕی لەگەڵدا مەکە. پیاوێکی سوکە.

[2313] جمع ضحایا

{إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الآخَرِ}

کاتێك ئەو دوانە قوربانییان پێشکەشکرد، لەیەکێکیان وەرگیراو لەوی تریان وەرنەگیرا.

وزّع لحومَ ذبیحته على الفقراء.

گۆشتی قوربانییەکەی بەسەر هەژاراندا دابەشکرد.

قدّم ماعزاً ضحیّة بعد أن شُفِيَ من مرضه.

پاش چاکبونەوەی لەنەخۆشییەکەی بزنێکی وەك قوربانی پێشکەشکرد.

[2314] استعظمَ یستعظم، استعظامًا، فهو مُستعظِم.

لن ینال باستعظامه محبَّة الناس.

بە خۆبەزلزانین، خۆشەویستیی خەڵك بەدەستناهێنێت.

[2315] العصیر حلو جداً، لا أحبّه.

خۆشاو(شەربەت)ەکە زۆر شیرینە، حەزم لێی نیە.

یعاني العالم من شحة الماء العَذْب.

(مسجون) زیندانی، کۆکەی (مساجین)[2316]

978. (مَكْلوم)و (كَليم)، (جَريح) بریندار[2317]

(مَجْروح)یش هەروا[2318]، (لَهْجَة) شێوەزار[2319]

جیهان بەدەست کەمیی ئاوی شیرینەوە دەناڵێنێت.

[2316] هەروەها بە (مسجونون)یش کۆدەکرێتەوە.

من رأى في المنام كَأَنَّهُ يتخطى الْحَيَّات وَلَا تضره فَإِنَّهُ يَأْمَن اعدائَه وَإِن كَانَ مسجونا خرج من السجْن.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی بازدەدات بەسەر ماردا و مارەکان زیانی پێناگەیەنن، ئەوە سەلامەت دەبێت لەدەست دوژمنەکانی، خۆ ئەگەر خەوبین زیندانی بوو، ئەوە ئازاددەبێت.

المسجون بريء حتى تثبتَ إدانته.

زیندانی بێتاوانە تا ئەو کاتەی تاوانباریی دەسەلمێنرێت.

المسجون يعيش داخل الجدران، لكن أحلامه تطير في السماء.

زیندانی لەناو چوارچێوەی دیواردا دەژی، بەڵام خەونەکانی بە ئاسماندا دەفڕن.

ليس كل مسجون مذنباً، وليس كل حر طليقاً بريئاً.

هەموو زیندانییەك تاوانبار نیەو هەموو ئازادێکیش بێتاوان نیە.

[2317]هەرسێکیان بەمانای بریندار دێن.

بكى الشابّ المكلوم.

جمع كليم: كَلْمى

جمع جريح جريحون وجَرْحى، مؤ جَريحة وجَريح، جمع مؤ جريحات وجرائحُ وجَرْحى

أخذوا الكليم إلى المستشفى.

برینداره‌کەیان برد بۆ نەخۆشخانە.

بلغ عدد جرحى الانتفاضة أكثر من ثلاثة آلاف جريح.

ژمارەی بریندارانی ڕاپەڕینەکە گەیشتە سێ هەزار.

جَرْحى الإنتفاضة يعانون من الإهمال.

بریندارانی ڕاپەڕین بەدەست پێشتگوێخستنەوە دەناڵێنن.

[2318]واتە ئەم وشەیەش هەر بەمانای بریندار دێت.

مات المجروح بسبب جرحه.

برینداره‌کە بەهۆی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.

[2319] جمع لَهَجات ولَهْجَات

هل تجيد اللَهْجَة المصريَّة؟

ئایا شێوەزاری میسری بە باشی دەزانیت؟

979. (خَلِيج) کەنداوە[2320]، (نَهْر) روبارە[2321]

(شِرِّير) خراپەکار، کۆکەی (أشرار)ە[2322]

980. (جَنوبًا) چیە؟ (بەرەو باشور)ە[2323]

(نَمِر) پڵنگە، کۆکەی (نُمور)ە[2324]

[2320] جمع خُلُج وخُلْجان

دول الخليج العربيّ غنيّة في النفط.

وڵاتانی کەنداوی عەرەبی لەنەوتدا دەوڵەمەندن.

[2321] جمع أنهار وأنهُر ونُهُر.

نهر النيل يقع في مصر.

روباری نیل دەکەوێتە میسرەوە.

ما هو ثاني أطول نهر في العالم؟

دووەم درێژترین روبار لەجیهاندا ناوی چیە؟ (ئەمازۆن، 6400 كم)

[2322] هەروەها بە (أشِرّاء)یش کۆدەکرێتەوە.

حب الشرير أخطر من بغضه.

خۆشەویستیی خراپەکار لەرقەکەی خراپترە.

الشرير هو بطل في قصته الخاصة فقط.

خراپەکار تەنها لەچیرۆکی تایبەتی خۆیدا پاڵەوانە.

الشرير يظهر عندما يغيب العدل.

خراپەکار ئەوکاتە دەردەکەوێت کە دادوەری وندەبێت.

ليس كل شرير يبدو شريراً.

هەموو خراپەکارێك خراپەکار دیار نیە.

الشرير لا يولد شريراً، بل تُصنعه الظروف.

خراپەکار بە خراپەکاری لەدایك نابێت، بەڵکو بارودۆخ دەیکاتە خراپەکار.

[2323] لا تذهب جَنوبًا.

بەرەو باشور مەڕۆ.

2324 هەروەها بە (أنْمُر)و (نمَار)و (نِمَارة)و (نُمْر)و (نُمورة)ش کۆدەکرێتەوە.

مؤ: نَمِرة. جمع مؤ: نَمِر

هل تستطيع مواجهة النمر؟

دەتوانیت روبەڕوی پڵنگ ببیتەوە؟

981. (أَنامَ) خەواند[2325]، (نامَ) واتە خەوت[2326]

(كَهْف) لەگەڵ (غار) هەردوكیان ئەشكەوت[2327]

982. (جَبَل) واتە شاخ، جەمعەكەی (أَجْبُل)[2328]

[2325] أنامَ يُنيم، أَنِمْ، إنامةً، فهو مُنيم، والمفعول مُنَام.

الأم أنامت طفلها.

دایكەكە مناڵەكەی خەواند.

[2326] نامَ ينام، نَمْ، نَوْمًا ومَنامًا، فهو نَائِم.

نام الطفل بسهولة.

منداڵەكە بە ئاسانی خەوت.

نامَ مبكرًا ليحلم بالنجاح، لكنه استيقظ ليجد أن النجاح يحتاج إلى عمل لا إلى نوم.

زوو خەوت بۆ ئەوەی خەون بە سەركەوتنەوە ببینێت، بەڵام كاتێك خەبەریبووەوە، بۆیدەركەوت سەركەوتن پێویستی بە كارە نەك خەوتن.

من كثر ما نامَ عن مشاكله، أصبحت هي التي توقظه.

بەهۆی كێشەكانییەوە هێندە خەوت، وایلهێات كە كێشەكان خەبەری بكەنەوە.

من نامَ على الحرير، لا يشعر بجراح الفقراء.

كەسێك لەسەر ئاوریشم بخەوێت، هەست بە برینی هەژاران ناكات.

[2327] هل تستطيع العيش في الكهف؟

دەتوانیت لەئەشكەوتدا بژیت؟

لا تظن أن كل كَهْفٍ مظلم يخفي داخله الوحوش، فقد يكون ملاذًا آمنًا.

وامەزانە هەموو ئەشكەوتێكی تاریك زیندەوەری دڕندەی لەناو خۆیدا حەشاردابێت، بەڵكو رەنگە پەناگایەكی ئارام بێت.

الغار يذّكرنا النبي.

ئەشكەوت پێغەمبەرمان بیردەخاتەوە.

[2328] هەروەها بە (أجبال)و (جِبال)یش كۆدەكرێتەوە.

لا أستطيع الصعود الى الجبل.

ناتوانم هەڵگەڕێم بۆ سەر شاخ.

من بَعد الجَبَل ينكشف الوادي.

شیو دوای شاخ دەردەكەوێت.

إذا كنت لا تستطيع أن تصبح جَبَلًا، فكن صخرة تُسند الجبال.

ئەگەر ناتوانیت ببیت بە شاخ، ببە بە بەردێك و پاڵپشتی شاخ بكە.

(قَتَلَ) واته کوشت، هینەکەی (يَقتُل)[2329]

983. (عطسَ) پژمی، (عَطْس) پژمینە[2330]

(غلّ) لەگەڵ (حِقدْ) هەردوکیان قینە[2331]

984. (أودعَ) چیە؟ واتە خستەناو[2332]

(سَبِيل) رێگایە، هەروەها پێناو[2333]

الجَبَل يصبر طويلاً، لكن عندما ينهار، فإنه يصعب إعادة بنائه.

شاخ زۆر ئارامدەگرێت، بەڵام کاتێك دادەڕمێت، دووبارە بنیاتنانەوەی کارێکی سەختە.

2329 بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی "هینەکەی" لێرەدا بریتییە لە "رانەبردووەکەی".

قتَلَ يَقتُل، قَتْلاً، فهو قاتِل، والمفعول مَقْتول وقَتيل.

المجرم قتل الرجل بلا ذنب.

تاوانبارەکە پیاوەکەی بەبێ تاوان کوشت.

من رأى في المنام أنه قتل حَيَّة على فرَاشه مَاتَت امْرَأته.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی مارێکی لەسەر جێگەی نوستنەکەی کوشت، ئەوە ژنەکەی دەمرێت.

2330 رابردوو و چاوگی هەمان کارن.

عطَسَ يَعطِس، عَطْسًا وعُطاسً، فهو عاطِس.

هل تعلم أنه من الصعب أن يعطس الإنسان وهو فاتح عينيه!

ئایا دەزانیت کە زەحمەتە مرۆڤ لەکاتێکدا چاوەکانی کراوە بن، بپژمێت!

العطاس في المنام يدل على موت المريض.

پژمین لەخەودا ئاماژەیە بۆ مردنی نەخۆش.

العطس أثناء النوم يوقظك.

پژمین لەکاتی خەوتندا خەبەرتدەکاتەوە.

2331 قین: رقی شاراوە.

الغِلّ والحَسد يأكلان الحسنات.

قین و حەسودی چاکە لەناودەبەن.

الحِقْد يبيد طاقة الإنسان الداخلية.

قین وزەی ناواخنی مرۆڤ لەناودەبات.

2332 أودع صديقه السِّجْنَ.

هاوڕێکەی خستەناو زیندان.

2333 جمع أسبل وأسْبلة وسُبْل وسُبُل.

985. (عَقْرَب) دوپشکه، هەروەها میله[2334]

ڕێبوار ماناکەی (ابنُ السَّبيل)ە[2335]

986. (فارِق) جیاوازی، کۆی (فارقون)ە[2336]

(على سبيلِ المثال) واته هەر بۆ نمونه[2337]

وشەی (سبيل) لەڕوی ڕێزمانییەوه بەدولا مەست و حەیرانه، بەو مانایەی دەتوانرێت وەك نێرو مێش بەکاربهێنرێت.

سبيل الحرب خطرة أو خطر.

ڕێگای جەنگ مەترسیداره.

السَبِيل إلى النجاح يبدأ من العمل الجادّ.

ڕێگای بەرەو سەرکەوتن لەکاری شێلگیرانەوه دەستپێدەکات.

السَبِيل إلى الحكمة يبدأ بالسؤال. سقراط.

ڕێگای بەرەو دانایی بە پرسیار دەستپێدەکات.

جاهد عمر المختار في سبيل وطنه.

عومەر موختار لەپێناو نیشتمانەکەیدا خەباتیکرد.

[2334] بە مانای دوپشك و میل(ی کاتژمێر)یش دێت.

جمع عقارِبُ، مؤ عَقْربة وعَقْرَباءُ وعَقْرَب، جمع مؤ عقارِبُ.

رؤية احتراق العقارب في المنزل في المنام، يدل على موت أعداء صاحب المنزل.

بینینی سوتانی دوپشك لەماڵدا، ئاماژەیە بۆ مردنی دوژمنەکانی خاوەنماڵەکە.

من رأى في المنام أنه قتل عقربا فَإِنَّهُ يظفر بعدوه.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی دوپشکێکی کوشت، ئەوه بەسەر دوژمنەکەیدا زاڵدەبێت.

عقارب السَّاعة ثلاثة.

میلەکانی کاتژمێر سیانن.

[2335] قدمت العائلة المساعدة لابن السَبِيل الذي ضل طريقه.

خێزانەکە یارمەتی پێشکەش بەو ڕێبواره کرد کە ڕێگاکەی ونکردبوو.

[2336] هەروەها بە (فوارق)یش کۆدەکرێتەوه.

جمع فارقون وفوارقُ، مؤ فارِقة، جمع مؤ فارقات وفوارقُ

هناك فارق كبير بين اللونين.

جیاوازییەکی گەوره لەنێوان دوو ڕەنگەکەدا هەیە.

[2337] هەر بۆ نمونه: بۆ نمونه.

أحب الفواكه كثيرًا، على سبيل المثال: التفاح والرمان.

987. (شَوكة) واتە خار، هەروەها چنگاڵ[2338]

(عاطِل) بێکارە[2339]، (مَشْغول)یش سەرقاڵ[2340]

988. شێر (هَرثَمة)، هەمیش (حَیدر)ە[2341]

(هیكلٌ عَظْميّ) ئێسکەپەیکەرە[2342]

زۆر حەزم لەمیوەیە، هەر بۆنمونە: سێوو هەنار.

أنا رياضي موهوب، على سبيل المثال: يمكنني الجري... نحو الثلاجة أسرع من أي شخص آخر!

من وەرزشکارێکی بەهرەدارم، هەر بۆ نمونە دەتوانم لەهەموو کەسێکی تر، خێراتر رابکەم بەرەو بەفرگرە!

[2338] جمع شَوْكات وشَوَكات

خار (وشەیەکی فارسییە)= دڕك.

شوكة حادة قطعت قدمي اليسرى.

دڕکێکی تیژ قاچی چەپمی بڕی.

استخدام الشوكة لأكل البِطِّيخ شيء شائع.

بەکارهێنانی چنگاڵ بۆ خواردنی شوتی، شتێکی باوە.

[2339] ولدي الكبير عاطِل، حاول أن تجد له شغلاً محترماً.

کوڕە گەورەکەم بێکارە، هەوڵبدە ئیشێکی بەڕێزی بۆ بدۆزیتەوە.

[2340] أنا الان مشغولٌ بإعداد تقرير عن مساويء القنوات التلفزيونية الترفيهية الكردية.

من ئێستا سەرقاڵم بە ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر خراپەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییە سەرگەرمییە کوردییەکان.

[2341] لەزمانی عەرەبیدا زۆر وشە هەیە کە مانای شێر دەدات، بەڵام من لەم نیوەبەیتەدا تەنها دوانیانم باسکردووە. (لیث)یش بە مانای شێر دێت.

هل تخاف من الهَرْثَمَة؟

ئایا لەشێر دەترسیت؟

هاجمه كالحيدر.

وەك شێر پەلاماریدا.

إذا رأيت نُيوب اللَّيث بارزةً

فلا تظنّن أنّ اللَّيث يبتسمُ.

ئەگەر بینیت ددانەکانی شێر دیاربون، پێتوانەبێت کە زەردەخەنە دەکات.

[2342] في المتحف، رأينا هيكلًا عظميًا لديناصور ضخم.

لەمۆزەخانەکە ئێسکەپەیکەرێکی گەورەی دەیناسورێکی زەبەلاحمان بینی.

989. (حَيْد)و (حَيَدان) چاوگی (حادَ)[2343]

(وَغْد) خوێڕییە، کۆکەی (أوغاد)ە[2344]

990. (لِفت) شێلمە[2345]، (فُجْل) مانای تور[2346]

(أمعاء غليظة) ریخۆڵە ئەستور[2347]

أكبر هيكل عظمي لديناصور تم العثور عليه في الأرجنتين، هو هيكل ديناصور "أرجنتينوسوروس"، ويصل طوله إلى 40 مترًا، مما يجعله أكبر هيكل عظمي تم اكتشافه.

گەورەترین ئێسکەپەیکەری دەیناسور لە ئەرجەنتینە، دۆزراوەتەوە، ئەویش ئێسکەپەیکەری دەیناسوری ئەرجەنتینۆسۆرۆسە کە درێژییەکەی دەگاتە 40 مەتر، بەمەش بووەتە گەورەترین ئێسکەپەیکەر کە تائێستا دۆزراوەتەوە.

الهيكل عظمي للحوت الأزرق أطول من ملعب كرة سلة وقد يصل طوله إلى 30 مترًا.

ئێسکەپەیکەری نەهەنگی شین لەیاریگای تۆپی باسکە درێژترەو دەکرێ درێژییەکەی بگاتە 30 مەتر.

[2343] هەردوکیان چاوگی (حادَ)ن.

(حادَ): لایدا

حادَ عن/ حادَ من يَحِيد، حِدْ، حَيْدًا وحَيدانًا، فهو حائِد، والمفعول محيد عنه

له سياسة واضحة لا يحيد عنها.

سیاسەتێکی رونی هەیە کە لێی لانادات.

[2344] إنه وَغْد يستغلّ هژاريي الآخرين.

بەڕاستی خوێڕییە. هەژاریی خەڵك دەقۆزێتەوە.

[2345] يساعد اللفت على إنتاج كرات الدم البيضاء، ما يساهم في تقوية الجهاز المناعي، والوقاية من الإصابة بنزلات البرد والإنفلونزا.

شێلم یارمەتی بەرهەمهێنانی خڕۆکە سپییەکانی خوێن دەدات، بەهۆی ئەمەشەوە بەشداریدەکات لەبەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگری و خۆپاراستن لەهەڵامەت و ئینفلۆنزا.

[2346] هەروەها بە (فُجُل)یش دەنوسرێت. تاکەکەی (فُجْلَة)یە.

تُساعد أوراق الفجل في خفض نسبة الكولسترول الضار ورفع نسبة الجيد في الجسم.

گەڵای تور یارمەتیی دابەزاندنی ڕێژەی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش و بەرزکردنەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆڵی سودبەخش دەدات لەجەستەدا.

[2347] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە (ریخۆڵە ئەستور)، (ریخۆڵە ئەستورە)یە، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە بزوێنەکە بەر جادە کەوتووە!

الأمعاء الغليظة أقصر من الأمعاء الدقيقة.

ریخۆڵە ئەستورە لەڕیخۆڵە باریکە کورتترە.

الأمعاء الغليظة تحتوي على أكثر من 100 تريليون بكتيريا، هذه البكتيريا تلعب دورًا حيويًا في هضم الطعام وتعزيز المناعة.

991. (ضَغطُ الدّم) چيه؟ فشاری خوێنه[2348]

(قَسَم)و (حَلْف) هەردوكيان سوێنە[2349]

992. (دَلِيل) بەڵگەيە، هەروەها رێبەر[2350]

ريخۆڵە ئەستورە زياتر لە 100 ترليۆن بەكترياى تێدايە، ئەم بەكتريايانە رۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لەهەرسكردنی خۆراك و بەهێزكردنی بەرگريی لەشدا. ئەگەر بڕواش بە ژمارەكە ناكەيت، ئەو ئەرزو ئەوە گەز، بيژمێرە!!!

طول الأمعاء الغليظة قصير مقارنة بالأمعاء الدقيقة. على الرغم من دورها المهم، إلا أن طول الأمعاء الغليظة يبلغ حوالي 1.5 متر فقط، مقارنة بالأمعاء الدقيقة التي يبلغ طولها حوالي 6 أمتار.

درێژيی ريخۆڵە ئەستورە بەراورد بە ريخۆڵە باريكە، كەمە. هەرچەندە رۆڵێكی گرنگی هەيە، بەڵام درێژيی ريخۆڵە ئەستورە تەنها دەگاتە نزيكەی مەترو نيوێك، لەبەرامبەردا درێژيی ريخۆڵە باريكە دەگاتە نزيكەی شەش مەتر.

أمراض الأمعاء الغليظة قد تؤدي إلى تغييرات في المزاج. هناك ارتباط بين صحة الأمعاء الغليظة والدماغ عبر ما يُعرف بمحور الأمعاء والدماغ، مما يعني أن مشكلات الأمعاء قد تؤثر على الصحة النفسية.

نەخۆشييەكانی ريخۆڵە ئەستورە دەكرێ گۆڕانكاری لەمەزاجدا دروستبكەن. پەيوەندی لەنێوان تەندروستيی ريخۆڵە ئەستورەو دەماخدا هەيە، ئەويش لەڕێگەی ئەوەی بە "تەوەری ريخۆڵەو دەماخ" ناسراوە، ئەمەش مانای ئەوەيە كە كێشەكانی ريخۆڵە رەنگە كاريگەری لەسەر تەندروستيی دەرون دروستبكەن.

الأمعاء الغليظة تعمل ببطء مقارنة بالدقيقة، الطعام قد يبقى في الأمعاء الغليظة لمدة تصل إلى 24 ساعة، بينما ينتقل عبر الأمعاء الدقيقة في أقل من 6 ساعات.

ريخۆڵە ئەستورە بەراورد بە ريخۆڵە باريكە بە خاوی ئيشدەكات. خۆراك دەكرێ بۆ ماوەی نزيكەی 24 سەعات لەڕيخۆڵە ئەستورەدا بمێنێتەوە، بەڵام لەماوەی كەمتر لە شەش سەعاتدا خۆراك لەڕيخۆڵە باريكەوە دەگوازرێتەوە.

[2348] إرتفاع ضغط الدم قد يؤدي الى الجلطة القلبية.

بەرزيی فشاری خوێن دەكرێ ببێتەهۆی جەڵتەی دڵ.

[2349] هەروەها (يمين)يش بەمانای سوێن دێت. بێگومان مەخسەوی شەريفم لەوشەی سوێن، سوێندە، بەڵام لەبەر قافيەی بەيتەكە، دالەكە بەر جادە كەوتووە!

هو أتهم بأداء اليمين الكاذبة.

ئەو بە خواردنی سوێندی درۆ، تۆمەتباركرا.

في الحقيقة لا أصدق قسمك.

لەڕاستيدا بڕوام بە سوێندەكەت نيە.

حلفك مريب.

سوێندەكەت گوماناوييە.

[2350] جمع أدِلاَّءُ (للعاقل) وأدِلّة ودلائلُ

وشەی (ظِلّ)و (فَيْء) هەردوکیان سێبەر[2351]

993. (شاهِد) شایەتحاڵ، هەمیش بەڵگەیە[2352]

(شبهُ جزيرة) نیمچەدورگەیە[2353]

994. (وجَدَ) دۆزییەوە، هینی (وجِدَة)[2354]

(زاد) توێشووە، کۆکەی (أزودة)[2355]

995. (كنَّ) شاردەوە، (مَكْنون) شاراوە[2356]

دليلك غير واضح.

بەڵگەکەت روون نیە.

هل لديك دليل الفنادق؟

ئایا رێبەری میوانخانەکانت لایە؟

[2351] ظلُّ الشجرة كثير.

سێبەری درەختەکە زۆرە.

جلس في فَيْء الشجرة.

لەسێبەری درەختەکەدا دانیشت.

[2352] روى الشاهد تفاصيل الجريمة للحاكم.

شایەتحاڵەکە وردەکاریی تاوانەکەی بۆ دادوەر گێڕایەوە.

ما شاهدك على ما تقول؟

بەڵگەت چیە لەسەر ئەوەی دەیڵێیت؟

[2353] قطر شبه جزيرة صغيرة.

قەتەر نیمچەدورگەیەکی بچوکە.

[2354] مەبەستم لەوشەی (هینی) بریتییە لە (چاوگەکەی بریتییە لە). هەروەها بە (وَجْد)و (وِجدان)یش دەبێتە چاوگ.

وجَدَ يجِد، جِدْ، وَجْدًا ووِجدانًا وجِدَةً، فهو واجِد، والمفعول مَوْجود.

وجد حلًّاً لمشكلته.

چارەسەرێکی بۆ کێشەکەی دۆزییەوە.

[2355] هەروەها بە (أزواد)یش کۆدەکرێتەوە.

زادُه دقيق وتمر.

توێشووەکەی ئاردو خورمایە.

[2356] داڕشتەی رابردوو و کراو (مفعول)ی هەمان کارن.

كنَّ كَنَنْتُ، يَكُنّ، اكْنُنْ/ كُنّ، كَنًّا، فهو كانّ، والمفعول مَكْنون.

(طَلْقُ اللِّسان)ە زمانپاراوە[2357]

996. بنچینە (أُسّ)ە، هەمیش (أساس)ە[2358]

(قَوْس) "کەوانە"، کۆکەی (أقواس)ە[2359]

997. (حِبْر) مەرەکەب، کۆکەی (أحبار)ە[2360]

(عابرُ السَّبيل) مانای ڕێبوارە[2361]

998. (حَشِيش) حەشیشە[2362]، (حَشَّاش) مودمینی[2363]

كنَّ نقوده في مكان منيع.

پارەکانی لەشوێنێکی پتەودا شاردەوە.

[2357] كان الخطيب طلق اللسان.

وتارخوێنەکە زمانپاراو بوو.

[2358] أُسّ المشكلة والدة الفتاة.

بنچینەی کێشەکە دایکی کچەکەیە.

الخبر لا أساس له من الصِّحَّة.

هەواڵەکە هیچ بنچینەیەکی ڕاستی نیە.

[2359] وضع الكلمة بين قوسين.

وشەکەی لەنێوان دوو کەوانە دانا.

[2360] هەروەها بە (حُبُور)یش کۆدەکرێتەوە.

نفد الحِبْر من القلم، فلم أستطع إكمال الكتابة.

مەرەکەبی قەڵەمەکە تەواوبوو، بۆیە نەمتوانی نوسینەکە تەواوبکەم.

[2361] قدّم الرجل الماء والطعام إلى عابر السبيل بكل كرم.

پیاوەکە بەوپەڕی بەخشندەییەوە ئاوو خواردنی پێشکەش بە ڕێبوارەکە کرد.

[2362] جمع الجمع حَشَائِش، مفرد حَشيشة.

حەشیش: جۆرە ماددەیەکی هۆشبەرە.

الحشيش يؤثر على الدماغ وقد يؤدي إلى الإدمان عليه.

حەشیش کاردەکاتە سەر دەماخ و ڕەنگە ببێتەهۆی ئاڵودەبون لەسەری.

[2363] واتە بە مانای مودمینی حەشیش دێت. مودمینی حەشیش= ئاڵودەبوی حەشیش.

رأيته يترنَّح كالحشَّاش.

بینیم وەك ئاڵودەبوی حەشیش بەملاولادا دەکەوت.

(بُعْدُ النَّظَر)ە مانای دوربینی[2364]

999. (خَشَب) واتە دار، کۆدوجای (خُشْبَان)[2365]

(غمَدَ) واتە ختسەناو کێلان[2366]

1000. (ابتلَّ)، (ندِيَ) هەردوکیان تەڕبوو[2367]

(عِرْبِد)واتە مار[2368]، (عِربيد) بێئابڕوو[2369]

1001. (خشِبَ عيشُه) ژینی سەختبوو[2370]

(تخشَّبَ)یە "وەکو دار رەقبوو"[2371]

1002. (زلزلَ) چیە؟ لەراندەوە[2372]

[2364] دوربینی: تێکچونێکی بینینە.

يُعاني أحمد من بُعْد النظر.

ئەحمەد بە دەست دوربینییەوە دەناڵێنێت.

[2365] مەخسەوی شەریفم لەوشەی کۆدوجا بریتییە لەجەمعی جەمع. بێگومان بە (أخشاب)و (خُشُب)و (خُشْب)یش دەکرێتە جەمعی جەمع.

[2366] غمَد السَّيفَ بعد انتهاء المعركة.

پاش کۆتاییهاتنی جەنگەکە، شمشێرەکەی ختسەناو کێلان.

[2367] ابتلّت الأرضُ بماءِ المطر.

زەوی بە ئاوی باران تەڕبوو.

ندِي الثّوبُ بالمطر.

جلوبەرگەکە بە باران تەڕبوو.

[2368] لا تخف من العِرْبِد.

لە مار مەترسە.

وَجَدْتُ عِرْبِيداً فِي الشَّارِعِ.

بێئابڕویەکم لەشەقامەکەدا بینی.

[2369] جمع عَرابِدة.

[2370] ژینی سەختبوو= ژیانی سەختبوو. خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

[2371] وەکو دار رەقبوو= رەقبوو وەك دار.

تخشَّبَ الرجل من البرد.

پیاوەکە لەسەرمادا وەك دار رەقبوو.

(حبَرَ) دڵخۆشکرد، هەم رازاندەوە[2373]

1003. (عقَرَ) چیە؟ گازیلێگرت[2374]

(انْكَفَّ) مانای دەستی لێهەڵگرت[2375]

1004. (حبَّر) پڕکرد، بەس لەمەرەکەب[2376]

بە دار داپۆشی، ماناکەی (خشَّبْ)[2377]

1005. (عاشَرَ) چیە؟ هاوڕێیەتیکرد[2378]

[2372] زلزلَ الزلزال البيت.

زەمینلەرزەکە ماڵەکەی لەراندەوە.

[2373] حبَرَ الوالد طفله.

باوکەکە منداڵەکەی دڵخۆشکرد.

حبَرَ المؤلف كتابه بغلاف ذهبي.

نوسەرەکە کتێبەکەی بە بەرگێکی ئاڵتونی رازاندەوە.

[2374] عقَرَ يَعقِر ، عَقْرًا ، فهو عاقِر ، والمفعول معقور.

عقَره الكلبُ.

سەگەکە گازیلێگرت.

[2375] انكفَّ عن التدخين.

دەستی لەجگەرەکێشان هەڵگرت.

[2376] بە مانای (پڕکرد لەمەرەکەب) دێت. پڕکرد لەمەرەکەب= لەمەرەکەب پڕکرد.

حبَّر القلم.

پێنوسەکەی پڕکرد لەمەرەکەب.

[2377] بە دار داپۆشی= داپۆشی بە دار= دارپۆشیکرد= روپۆشیکرد بە دار= روپۆشیکرد بە تەختە.

خَشَّب النَّجَّارُ القاعةَ.

دارتاشەکە هۆڵەکەی روپۆشکرد بە تەختە.

[2378] قلْ لي مَن تعاشر أَقُلْ لك مَن أنتَ.

پێم بڵێ هاوڕێیەتی کێ دەکەیت، پێت دەڵێم تۆ کێیت.

سأل عمر بن الخطاب رضي الله عنه: من منكم يعرف فلان؟ فاجابه أحدهم وقال: انا، قال له عمر بن الخطاب: هل عاشرته في سفر؟ قال له:لا. قال له: هل عاشرته في تجارة؟ قال له: لا. قال له: اذن انت جار له. قال له: لا. قال له: اذن رايته في المسجد يقوم ويرفع رأسه. قال له: نعم قال له: اذن انت لاتعرفه.

عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ رازیبێت) پرسیاریکرد: کێ لەئێوە فلانەکەس دەناسێت؟ یەکێك وەڵامیدایەوەو وتی: من.

(جعجعَ) ماناى ژاوەژاويكرد[2379]

1006. (تَلقيح) كوتانە، (لقَّحَ) كوتا[2380]

(احترقَ)يە بەماناى سوتا[2381]

1007. (قطَّبَ) چيە؟ رويگرژكرد[2382]

(أوزعَ) حەتمەن، ماناى دابەشكرد[2383]

عومەر پێیوت: ئایا هاوڕێیەتیت كردووە لەگەڵیدا؟ پیاوەكە وتی: نەخێر.

عومەر: لەبازرگانیدا هاوڕێیەتیت كردووە؟

پیاوەكە: نەخێر.

عومەر: كەواتە تۆ دراوسێی ئەویت.

پیاو: نەخێر.

عومەر: كەواتە لەمزگەوتدا بينيوتە هەڵدەستێت و سەری بەرزدەكاتەوە.

پیاوەكە: بەڵێ

عومەر: كەواتە نايناسيت!

[2379] جعجعَ يجعجع، جعجعةً، فهو مجعجِع.

يجعجع ولايفعل شيئًا.

ژاوەژاودەكات، بەڵام هیچ كارێك ناكات. واتە تەنها قسەيە.

[2380] چاوگ و داڕشتەی رابردوی هەمان كارن.

لقَّحَ يلقِّح، تلقيحًا، فهو مُلقِّح، والمفعول مُلقَّح.

هل لقَّحت نفسك ضد وباء كورونا؟

ئایا خۆت كوتا لەدژی پەتای كۆرۆنا؟

التلقيح ضد الأمراض الخطيرة واجب وطني.

كوتان لەدژی نەخۆشییە مەترسیدارەدان ئەركێكی نیشتمانییە.

[2381] احترق مخزن للأخشاب.

كۆگايەكی تەختە سوتا.

[2382] رويگرژكرد: دەموچاوی دا بەيەكدا.

لا تقطّب تجاه أبيك.

بەرامبەر باوكت رووگرژ مەكە.

[2383] أوزع الثَّريُّ مالَه قبل وفاته.

دەوڵەمەندەكە پێش مردنی، سامانەكەی دابەشكرد.

1008. (جِنْث) واتە گوناهـ، جەمعەکەی (أحناث)[2384]

مس بەمانای (نَحَاس)و (نُحَاس)[2385]

1009. (عُرْس) ئاهەنگە، جەمعەکەی (أعراس)[2386]

(نَحّاس) سانیعە، هی دەفری (نَحَاس)[2387]

1010. (قُطْب) جەمسەرە، هەروەها تەوەر[2388]

(کُورة) ناوچەیە، جەمعەکەی (کُوَر)[2389]

[2384] {وكَانُوا يُصِرُّونَ عَلَى الْحِنْثِ الْعَظِيمِ}.

هەروەها سوربون لەسەر گوناهە گەورەکە.

[2385] هەروەها بە سپێڵی (نِحَاس)یش دەنوسرێت.

جمع نُحُس.

يُستعمل النحاس في العديد من الصناعات الكهربيّة.

مس لەچەندین پیشەسازیی کارەباییدا بەکاردەهێنرێت.

[2386] بە دیاریکراوی بەمانای ئاهەنگی هاوسەرگیری دێت.

قتل ليلة عُرسِه.

شەوی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی، کوژرا.

[2387] بە مانای سانیع (دروستکەر)ی دەفری دروستکراو لە نەحاس (مس) دێت: دروستکەری دەفری مسین.

كان النّحّاس ماهراً جداً.

دروستکەری دەفری مسینەکە زۆر کارامە بوو.

2388 جمع أقْطاب وقُطُوب.

القطب الشمالي مغطى بالجليد طوال العام.

جەمسەری باکور بە درێژایی ساڵ بە سەهۆڵ داپۆشراوە.

تشرق الشمس في القطب الشمالي لمدة 6 أشهر متتالية، من 20 مارس/آذار إلى 23 سيبتمبر/أيلول.

لەجەمسەری باکوری گۆی زەوی شەش مانگ لەسەر یەك خۆر هەڵدێت، لە 20ی ئازار بۆ 23ی ئەیلول.

تدور الأرض حول قُطْبها.

زەوی بە دەوری تەوەری خۆیدا دەسورێتەوە.

[2389] بە (کُورات)یش کۆدەکرێتەوە. بەدیاریکراوی بەمانای ناوچەی دێهاتی و گوندنشین دێت.

ولد الشاعر في كورة نائية.

شاعیر لەناوچەیەکی گوندنشینی دوردەست لەدایکبووە.

1011. (طَائِرة) چيه؟ واته فڕۆكه[2390]

(ربَضَ) ماناى "هاتەسەرچۆك"ە[2391]

1012. (مُدَّة) ماوەيه، كۆكەى (مِدَد)ە[2392]

"دۆستايەتى"يه ماناى (مَوَدَّة)[2393]

1013. (حبَلَ) ماناى به گوريس بەستۆ[2394]

(أكواز) گۆزەيه، بەڵام تاك نا كۆ[2395]

1014. (ثَغْر)و (ثَغْرة) هەردوكيان كەلێن[2396]

[2390] جمع طائرات

سافر بالطائرة.

به فڕۆكه گەشتيكرد.

[2391] ربَضَ يَربِض، رَبْضًا ورُبوضًا، فهو رابض.

ربض الكلبُ أمام صاحبه.

سەگەكه لەبەردەم خاوەنەكەيدا هاتەسەرچۆك.

[2392] هەروەها (فَتْرة)ش بەماناى ماوه دێت.

استمرّ الاجتماعُ فترة قصيرة.

كۆبونەوەكه ماوەيەكى كەم بەردەوامبوو.

سافر لمدّة شهر.

بۆ ماوەى مانگێك گەشتيكرد.

[2393] يجب أن تسود المَوَدَّة بين الأصدقاء.

پێويسته لەناو هاوڕێياندا دۆستايەتى سەروەر بێت.

[2394] حبَلَ يَحبُل، حَبْلاً، فهو حابِل، والمفعول مَحْبول.

به گوريس بەستۆ= به گوريس بەستەوه.

حبَل الدّابَّةَ ثمّ صلّى.

وڵاخەكەى بەستەوه، پاشان نوێژيكرد.

[2395] تاكەكەى (كُوز)ە. هەروەها به (كيزان)يش كۆدەكرێتەوه.

انكسر الكُوزُ الزجاجيّ.

گۆزه شوشەييەكه شكا.

[2396] يحرس الجنود كل ثَغْرٍ من حدود الوطن.

(مَحَلّ)و (مَحِلّ) دێن بەمانای شوێن[2397]

1015. (ظفَّرَ) سەرخست، چاوگەکەی (تظفير)[2398]

(مِزْمار) شمشاڵە، کۆکەی (مزامير)[2399]

1016. (اِبتَلَّ) تەڕبوو[2400]، (مُبتَلّ) مانای تەڕ[2401]

(عاقِر) نەزۆکە، جەمعەکەی (عُقَّر)[2402]

1017. (کسَبَ) پەیداکرد، هینی (یکسبُ)[2403]

سەربازەکان هەموو کەلێنێکی سنوری نیشتمان دەپارێزن.

سدّ الثَّغرة بحجرٍ صغير.

کەلێنەکەی بە بەردێکی بچوك گرت.

2397 قتل في مَحَلّ عَمله.

لەشوێنی کارەکەیدا کوژرا.

أين مَحِلّ إقامتك؟

شوێنی نیشتەجێبونت لەکوێیە؟

2398 ظفَّره الله على عدوه.

خودا بەسەر دوژمنەکەیدا سەریخست.

2399 سمعت صوت المِزْمار في الحفل.

لەئاهەنگەکەدا گوێم لەدەنگی شمشاڵ بوو.

2400 ابتلَّ يبتلّ، ابتَلِلْ/ ابتَلَّ، ابْتِلالاً، فهو مُبتَلّ

ابتلَّ الثَّوبُ.

جلوبەرگەکە تەڕبوو.

2401 لا تلبس الثوب المُبتَلّ.

جلوبەرگی تەڕ لەبەرمەکە.

2402 هەروەها بە (عواقِر)یش کۆدەکرێتەوە.

لم تُنجب المرأة لأنها كانت عاقِرًا.

ژنەکە منداڵی نەبوو، لەبەرئەوەی نەزۆك بوو.

2403 بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی "هینی" لێرەدا بریتییە لە (رانەبردووەکەی).

کسَبَ يَکسِب، کَسْبًا، فهو کاسِب، والمفعول مَکْسوب.

کسَب رزقَه من خلال شركة عالمية.

(تقطَّبَ)یە مانای گرژبوو[2404]

1018. (كسَبَ) ئەنجامدا، هەم بەدەستهێنا[2405]

(استخرجَ)یە مانای دەرهێنا[2406]

1019. (كَسْب) داهات و چاوگی (كسَبْ)[2407]

داواكارییە ماناكەی (طَلَبْ)[2408]

1020. (عَین) مانای چاوە، هەروەها كانی[2409]

رۆزییەكەی لەڕێگای كۆمپانیایەكی جیهانییەوە پەیداكرد.

[2404] تقطَّبَ وجهه بعد رؤية عدوه القديم.

پاش بینینی دوژمنە كۆنەكەی، دەموچاوی گرژبوو.

[2405] كسَبَ يَكسِب، كَسْبًا، فهو كاسِب، والمفعول مَكْسوب.

كسَب إثمًا عظيماً.

گوناهێكی گەورەی ئەنجامدا.

كسب حبّ الفتاة بعد معاناة طويلة.

پاش كۆژانێكی درێژخایەن، خۆشەویستیی كچەكەی بەدەستهێنا،

[2406] استخرجوا الماءَ من البئر.

ئاوی لەبیرەكە دەرهێنا.

[2407] واتە ئەم وشەیە بەمانای داهات دێت، هەروەها چاوگی كاری (كسَبَ)شە واتە بەمانای (بەدەستهێنان)یش دێت.

كان كسبُه وفيرًا هذا العام.

داهاتی ئەمساڵی زۆر بوو.

كسب عطف الفقراء سهل.

بەدەستهێنانی سۆزی هەژاران ئاسانە.

[2408] جمع طلبات

قدَّم طلبًا للحصول على وظيفة.

داواكارییەكی پێشكەشكرد بۆ بەدەستهێنانی كارێك.

[2409] جمع أعيُن وعُيون

عين بكت من خشية الله لا تحرقها نار جهنم.

چاوێك لەترسی خوا گریابێت، ئاگری دۆزەخ نایسوتێنێت.

العين بصيرة واليد قصيرة.

چاو دەبینێت، بەڵام دەست كورتە.

(مَساء) ئێواره[2410]، (صَباح) بەیانی[2411]

1021. (ضامِر) و (ضَمْر) هەردوکیان سیسە[2412]

(مُومِس) سۆزانی، کۆی (موامیس)ە[2413]

1022. (أَبْيَض) سپییە، جەمعەکەی (بِيض)ە[2414]

(على الإطلاق)ە مانای هەرگیزە[2415]

1023. (نطَحَ) چیە؟ قۆچیلێدا[2416]

(مِن أجلكَ)یە لەپێناو تۆدا[2417]

قريتنا فيها عين رائعة.

گوندەکەمان کانییەکی نایابی لێیە.

[2410] جمع أَمْسِيَة

قُتل رئيس الوزراء مساء السبت المنصرم.

ئێوارەی شەممەی رابردوو سەرۆك وەزیران کوژرا.

[2411] جمع أَصْباح

صباح اليوم أيقظني والدي.

بەیانی ئەمڕۆ باوکم خەبەریکردمەوە.

[2412] عندي فرس ضَمْر.

ماینێکی سیسم هەیە. واتە لەڕو لاوازو بێگۆشتە.

رئيس الوزراء الجديد رجل ضامر.

سەرۆك وەزیرانە نوێیەکە پیاوێکی سیسە.

[2413] هەروەها بە (مُومِسَات)و (مَوامِس)و (مَيَامس)یش کۆدەکرێتەوە.

هي اِمْرَأَةٌ مُومِسٌ، فلا تقترب منها.

ئەو ژنێکی سۆزانییە، بۆیە لێی نزیك مەبەرەوە.

[2414] اللباس الأبيض منسجم لي.

جلوبەرگی سپی گونجاوە بۆم.

[2415] لم أزر هذه المدينة على الإطلاق.

هەرگیز سەردانی ئەم شارەم نەکردووە.

[2416] نَطَحَهُ الثَّوْرُ فوقع على الأرض فوراً.

گایەکە قۆچی لێدا، بۆیە یەکسەر کەوتە سەر زەوی.

1024. (ناكفَ) چیە؟ مانای بێزارکرد[2418]

(استفزَّ)یە واتە توڕەکرد[2419]

1025. (ظُفُر) نینۆکە، جەمعەکەی (أظفار)[2420]

(ذكَرَ) لەبەرکرد، مەسدەری (تَذكار)[2421]

1026. (مَكانَة) شوێنە، هەم پلەوپایەیە[2422]

(ذكَرَ) بیریبوو، هینی (ذِكْرى)یە[2423]

[2417] هناك فرق كبير جداً بين شخص يأتيك وقت فراغه، وشخص يتفرغ من أجلك.

جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان کەسێك کە لەکاتی دەستبەتاڵیدا دێت بۆ لات و کەسێك کە لەپێناو تۆدا دەستبەتاڵ دەبێت.

[2418] ناكف صديقَه دون سبب.

بەبێ هیچ هۆیەك، هاوڕێکەی بێزارکرد.

[2419] "لقد شتموني في سبعين سطراً، ولم تستفزّني سوى أخطائهم الإملائيه". دوستويفسكي.

حەفتا دێڕ جوێنیان پێدام، بەڵام ئەوەی توڕەیکردم تەنها هەڵە ئیملاییەکانیان بوو.

[2420] بە سپێڵی (ظُفْر)یش دەنوسرێت.

ج: أَظْفار وأظفُر، جمع الجمع أظافير.

ما حكَّ جلدَك مثلُ ظفرك.

هیچ شتێك وەك نینۆکی خۆت پێستت ناخورێنێت.

[2421] هەروەها بە (ذِكْر)و (ذُكْر)و (ذِكْرى)و (تِذكار)یش دەبێتە چاوگ.

ذكَرَ يَذكُر، ذِكْرًا وذُكْرًا وذِكْرى وتَذكارًا وتِذكارًا، فهو ذاكِر، والمفعول مَذْكور.

ذكَر الطَّالبُ الشعر.

فێرخوازەکە هۆنراوەکەی لەبەرکرد.

[2422] أودّ أن أزور تلك المكانة التاريخية.

پێمخۆشە سەردانی ئەو شوێنە مێژوییە بکەم.

للعلماء مكانة كبيرة في المجتمع.

زانایان پلەو پایەیەکی گەورەیان هەیە لەکۆمەڵگادا.

[2423] مەخسەوی شەریفم لەوشەی (هینی) لێرەدا بریتییە لە (چاوگەکەی بریتییە لە).

هەروەها بە (ذِكْر)و (وذُكْر)و (تَذكار)و (تِذكار)یش دەبێتەچاوگ.

ذكَرَ يَذكُر، ذِكْرًا وذُكْرًا وذِكْرى وتَذكارًا وتِذكارًا، فهو ذاكِر، والمفعول مَذْكور.

أذكر أنَّني كتبت إليه رسالة.

بیرمە نامەیەکم بۆ نوسی.

1027. (ذكَرَ) باسكرد، هینی (یَذكُرُ)[2424]

(عرَا) "توشبووه"ه، چاوگەکەی (عَرْو)[2425]

1028. (ذكَرَ) داواكرد، هینی (ذِكْری)یه[2426]

(تحبَّسَ) مانای "وەستا"یه[2427]

1029. (أهبلَ) شێتبوو، (یُهبل) شێتدەبێ[2428]

(جدَعَ) بڕی، (یَجدَعُ) دەبڕێ[2429]

1030. (مُتخَلِّف) چیه؟ واته دواكەوتوو[2430]

[2424] مەخسەوی شەریفم لەوشەی (هینی) لێرەدا بریتییه له (رابردووەكەی بریتییه له).

ذكر الأيّامَ الغابرة.

باسی ڕۆژانی رابردووی كرد.

[2425] عرَاه مرضٌ عضال.

توشی نەخۆشییەكی كوشندە بوو.

[2426] مەخسەوی شەریفم لەوشەی (هینی) لێرەدا بریتییه له (چاوگەكەی بریتییه له).

لێرەدا مەبەستم له وشەی (داواكرد) بریتییه له (خوازبێنیكرد).

(ذكَرَ) هەروەها به (ذِكْر)و (وذُكْر)و (تَذكار)و (تِذكار)یش دەبێته چاوگ.

ذكَرَ یَذكُر، ذِكْرًا وذُكْرًا وذِكْرى وتَذكارًا وتِذكارًا، فهو ذاكِر، والمفعول مَذْكور.

إنَّ علِيًّا يَذْكُرُ فَاطِمَةَ.

عەلی داوای فاتیمە دەكات.

[2427] تحبَّس في الكلام بعد سماع الخبر.

پاش بیستنی هەواڵەكه لەقسەكردن وەستا. واته بێدەنگبوو.

[2428] رابردوو و رانەبردووی هەمان كارن.

شێتدەبێ= شێتدەبێت.

أهبلَ یُهبل، إهبالاً، فهو مُهْبِل.

أهبلَ الرَّجلُ بعد فقدان أمّه.

پیاوەكه پاش لەدەستدانی دایكی، شێتبوو.

[2429] رابردوو و رانەبردوی هەمان كارن.

دەبڕێ= دەبڕێت.

جدَع أنفَه بشكل وحشي.

(دَیْدَن)و (عادَة) دێن بەمانای خوو[2431]

1031. (أتحفَ)، (أهْدَى) هەردوو پێشکەشکرد[2432]

(خلَّقَ) هەڵبەست، لەگەڵ دروستکرد[2433]

1032. (قَدَّمَ) پێشخست، لەگەڵ پێشکەشکرد[2434]

بەشێوەیەکی دڕندانە لوتی بڕی.

[2430] إنه شخص مُتخَلِّف جداً، لا أحبّ مناقشته.

بەڕاستی کەسێکی زۆر دواکەوتووە، حەزناکەم مشتومڕی لەگەڵدا بکەم.

[2431] هەروەها (دأب)یش بە هەمان مانا دێت.

الكذب من ديدن المنافقين.

درۆکردن یەکێکە لەخووەکانی کەسانی دووڕوو.

الإستيقاظ من النوم مبكراً أحد أهمّ عاداتي.

زوو هەستان لەخەو یەکێکە لەگرنگترین خووەکانم.

التدخين دأب سيء.

جگەرەکێشان خوویەکی خراپە.

[2432] لەم مانایەدا موورادیفن. هەروەها (قدَّم)ش بە هەمان مانا دێت.

أتحف خطيبته هديَّةً ثمينة.

دیارییەکی بەنرخی پێشکەش بە دەزگیرانەکەی کرد.

الهديَّة لا تُهدى الى العدو.

دیاری پێشکەش بە دوژمن ناکرێت.

قدَّم الطعامَ إلى ضيوفه.

خواردنەکەی پێشکەش بە میوانەکانی کرد.

[2433] خلَّق الله الكون.

خودا گەردونی دروستکرد.

خلَّق المجرم تهمة ضد البريء.

تاوانبارەکە تۆمەتێکی لەدژی بێتاوانەکە هەڵبەست.

[2434] قدَّم السّاعةَ ثلاثين دقيقة.

کاتژمێرەکەی 30 خولەك پێشخست.

قدّم استقالتَه الى المدير.

دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە بەڕێوەبەر کرد.

(أدَّبَ) تەمێکرد، باش پەروەردەکرد[2435]

1033. (مُجالِد) چیە؟ ماناى شمشێرباز[2436]

(كُوز) واتە گۆزە، جەمعەکەی (أكواز)[2437]

1034. (يَشفِطُ) چیە؟ واتە هەڵدەمژێت[2438]

(خرِسَ) لاڵبوو، (يَخرَس) لاڵدەبێت[2439]

1035. (مَحَلِّيّ) چیە؟ واتە خۆماڵی[2440]

دیارییەکی پێشکەش کرد بە دەزگیرانەکەی.

الهديَّة لا تُهدى الى العدو.

دیاری پێشکەش بە دوژمن ناکرێت.

قدَّم الطعامَ إلى ضيوفه.

خواردنەکەی پێشکەش بە میوانەکانی کرد.

2435 أدَّبَ المدرّس الطالب المسيء.

مامۆستاکە فێرخوازە خراپەکارەکەی تەمێکرد.

من أدَّب ولده صغيرًا سُرَّ به كبيرًا.

هەرکەسێك منداڵەکەی بە بچوکی باش پەروەردەبکات، بە گەورەیی پێی دڵخۆشدەبێت.

2436 رأيت مُجالِدًا يدافع عن قريته بشجاعة.

شمشێربازێکم بینی ئازایانە بەرگری لەگوندەکەی دەکرد.

2437 بە (كيزان)یش کۆدەکرێتەوە.

أهداني جدي كُوزًا قديمًا من النحاس.

باپیرم گۆزەیەکی دێرینی لە مس دروستکراوی بە دیاری پێدام.

2438 شفَطَ يَشفِط، شَفْطًا، فهو شافط ، والمفعول مشفوط

شفط البنزينَ من السيّارة.

بەنزینی لەئۆتۆمبێلەکەوە هەڵمژی.

2439 خرِسَ يَخرَس، خَرَسًا، فهو أَخْرَسُ.

قارعت خَصْمي بالحجّة فخرِس.

بە بەڵگە روبەڕوی نەیارەکەم بوومەوە، بۆیە لاڵبوو.

2440 أحب شراء العسل المَحَلِّيّ من السوق.

حەزدەکەم هەنگوینی خۆماڵی لەبازاڕ بکڕم.

(بیَّتَ) دروستکرد، هێشتۆ لەماڵی[2441]

.1036 (فُشار) چیە؟ گەنمەشامی[2442]

(فرَغ صبرُه) نەما ئارامی[2443]

.1037 (هذَرَ) چیە؟ هەڵەوەڕیکرد[2444]

(کسَا) داپۆشی، لەگەڵ لەبەرکرد[2445]

.1038 (هذَّرَ) چیە؟ هەڵەوەڕیکرد[2446]

(ضامَه) واتە ستەمیلێکرد[2447]

2441 هێشتۆ لەماڵی= لەماڵەکەی هێشتەوە.

بَیَّتَ بَیْتاً جدیداً.

ماڵێکی نوێی دروستکرد.

بیَّت الضَّیفَ.

میوانەکەی لەماڵی هێشتەوە. واتە نەیهێشت بڕواتەوەو میوانداریکرد.

2442 یُحبّ الأطفال تناول الفُشار.

منداڵ حەزی لەخواردنی گەنمەشامییە.

2443 نەما ئارامی= ئارامی نەما.

انتظر طویلاً لکنە في النهایة فرَغ صبرُه ورحل.

زۆر چاوەڕێیکرد، بەڵام دواجار ئارامی نەماو ڕۆشت.

2444 هەڵەوەڕیکرد: قسەی زۆرو بێسەروبەری کرد.

هذَرَ الصبي طوال الطریق حتی تعب.

منداڵەکە، بەدرێژایی ڕێگاکە، هەڵەوەڕیکرد تا ماندوبوو.

2445 کسَا یَکسُو، اکْسُ، کَسْوًا، فهو کاسٍ، والمفعول مکسُوّ.

کَسا الشَّوكُ الحقولَ.

دڕك کێڵگەکانی داپۆشی.

کسَاه ثوبًا جدیداً.

جلوبەرگێکی تازەی لەبەرکرد.

2446 لا تستمع لمن یهذّر.

گوێ لەکەسێك مەگرە کە هەڵەوەڕیدەکات.

2447 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

1039. (صُحْبة) چیه؟ هاوڕێیەتییە[2448]

(شخصيَّة) مانای کەسایەتییە[2449]

1040. (مَوْضِع) مانای شوێن[2450]، (موضَعَ) دانا[2451]

(استعظَمَ)یە بە گەورە دانا[2452]

1041. (غَيْث) لەگەڵ (مَطَر) هەردوکیان باران[2453]

(تجوُّل)، (تَجْوَال) بەمانای گەڕان[2454]

ضامَ يَضِيم، ضِمْ، ضَيْمًا، فهو ضائم، والمفعول مَضِيم.

[2448] هاوڕێیەتی: هاوڕێیەتیکردن.

الصُحْبة الطيبة تجعل الحياة أجمل.

هاوڕێیەتی باش ژیان جوانتر دەکات.

من كان في صُحْبة الأخيار، صار منهم.

هەرکەسێك هاوڕێیەتی چاکەکارانی کردبێت، بووە بە یەکێك لەوان.

[2449] رئيس وزراء كندا ذو شخصيّة قويّة.

سەرۆك وەزیرانی کەنەدا خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە.

روبن هود شخصيَّة تاريخيّة هامة.

رۆبن هود کەسایەتییەکی مێژوویی گرنگە.

[2450] لم يضع السيارة في موضعها.

ئۆتۆمبێلەکەی لەشوێنەکەی خۆی دانەنا.

[2451] موضَعَ يموضِع، مَوْضَعةً، فهو مُموضِع، والمفعول مُموضَع.

موضع الدَّواءَ فوق الجرح.

دەرمانەکەی لەسەر برینەکە دانا.

[2452] استعظَمَ القاضي الجريمَة فحكم على المجرم بالإعدام.

دادوەر تاوانەکەی بە گەورە دانا، بۆیە سزای لەسێدارەدانی بەسەر تاوانبارەکەدا سەپاند.

[2453] (مَطَر) بەمانای باران بەگشتی دێت، بەڵام (غَيْث) زیاتر بەمانای بارانێك دێت کە خێرو بەرەکەت بێت.

نزل الغيثُ ففرحت المدينة.

باران باری و شارەکە دڵخۆش بوو.

الشعراء يحبّون المطر أكثر منّا.

شاعیران لەئێمە زیاتر حەزیان لەبارانە.

[2454] حظر التجوال عملية ضرورية ضد الوباء.

.1042 (قِمَّة) لوتكەیە، جەمعەكەی (قِمَم)[2455]

(عظُمَ) گەورەبوو، چاوگەكەی (عِظَم)[2456]

.1043 (مَهْبَل)و (مِهْبَل)، (مَهْبِل) مانای زێ[2457]

(أَخْمَصُ القَدَم) واته بنی پێ[2458]

.1044 (فَرْج) زێ و عەورەت، هەروەها كەلێن[2459]

(تصقَّرَ)یە راوكرد بە شەهێن[2460]

قەدەغەكردنی گەڕان كارێكی پێویستە لەدژی پەتاكە.

التجوُّل فی الجبال له طعم خاص.

گەڕان بەناو شاخدا تامێكی تایبەتی هەیە.

[2455] بێگومان بە (قِمَّات)یش كۆدەكرێتەوە.

التقينا عند قِمَّة التل.

لەلوتكەی گردەكە بە یەك گەیشتین.

[2456] اعترف بخطئه فعظُم في نظري.

دانی بە هەڵەكەیدا نا، بۆیە لەبەرچاوم گەورەبوو.

2457 زێ= ئەندامی مێینەی ژن.

المهبل عضو حساس.

زێ ئەندامێكی هەستیارە.

2458 بەدیاریكراوی بەمانای ئەو بەشەی بنی پێ دێت كە لەكاتی رۆشتندا بەر زەوی ناكەوێت.

يرتعش الخائف من رأسِه حتى أَخْمَص قدمه أثناء الحرب.

ترسنۆك لەكاتی جەنگدا هەر لەسەرییەوە تا بنی پێی دەلەرزێت.

2459 زێ= ئەندامی مێینەی ژن.

حفظ فرج المرأة من الجنس المحرّم واجب على الكلّ.

پاراستی زێی ژن لەسێكسكردنی حەرام ئەركی هەموانە.

يعدّ من البهائم من لم يكن له همّة إلا بطنه أو فرجه.

هەر كەسێك هەوڵ و كۆششی تەنها بۆ سك یان عەورەتی بێت، ئەوە بە ئاژەڵ دادەنرێت.

بين النافذتين فرْج.

كەلێنێك لەنێوان دوو پەنجەرەكەدا هەیە.

[2460] تصقَّرَ يتصقَّر، تصقُّرًا، فهو مُتصقِّر.

1045. (شَفَة) واتە لێو، کۆکەی (شَفَهات)[2461]

(تخمَّرَ)یە بەمانای هەڵهات[2462]

1046. مۆر بە واتای (خاتِم)و (خاتَم)[2463]

منگەمنگیکرد ماناکەی (تَمتَم)[2464]

1047. (شَنْف) لەگەڵ (قُرْط) هەردوکیان گوارە[2465]

(إحصائيَّة)یە، مانای ئامارە[2466]

يُعدُّ التصقّرُ رياضةً تقليديةً تُمارسُ في العديدِ من الدولِ العربيةِ.

راوکردن بە شەهێن بە وەرزشێکی کلاسیکی دادەنرێت کە لەچەندین وڵاتی عەرەبیدا ئەنجامدەدرێت.

[2461] هەروەها بە (شِفاه)و (شَفايِف)یش کۆدەکرێتەوە.

ئەم وشەیە بە تەنها واتە وەك تاك بەمانای لێوو لچیش دێت و زۆربەی جاریش بەشێوەی موسەننا واتە جوت بەکاردەهێنرێت بۆ گوزاراشتکردن لە لچ و لێو پێکەوە.

تقبيل شفتيك ألذّ من العسل.

ماچکردنی لچ و لێوت لەهەنگوین بەچێژترە.

[2462] تخمَّرَ العجينُ.

هەویرەکە هەڵهات.

[2463] کۆی هەردوکیان لەو مانایەدا (خَواتِم)ە.

ختم الوثيقةَ بخاتم الدائرة.

بەڵگەنامەکەی بە مۆری فەرمانگەکە مۆرکرد.

[2464] تمتمَ يتمتم، تمتمةً، فهو مُتَمِتم.

تمتمَ الرجل في نفسه غاضبًا.

پیاوەکە لەبەر خۆیەوە بە توڕەییەوە منگەمنگی کرد.

[2465] هل تحبّ الشنف؟

حەزت لەگوارە هەیە؟

من رأى في أذنه قرطاً فهو يشتهي سماع الغناء والمعازف، إلا أن يرى بالأقراط لؤلؤاً فهو يحفظ القرآن ويجمعه.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی گوارە لەگوێیدایە، ئەو حەز لەگوێگرتن لەگۆرانی و موزیك دەکات، بەڵام ئەگەر گوارەکان مرواریيان پێوەبوو، ئەو قورئان لەبەردەکات و کۆیدەکاتەوە.

[2466] يعتمد البحث العلميّ على الإحصائيّات الحديثة.

لێکۆڵینەوە زانستییەکە پشت بە ئامارە نوێیەکان دەبەستێت.

1048. (اِنتَهَى) چیه؟ کۆتاییهات[2467]

(دَمْغَة) پەنجەمۆر، کۆکەی (دَمَغات)[2468]

1049. (لَثِمَ) ماچکرد، هینەکەی (یَلثَم)[2469]

"روی داپۆشی" مانای (تَلَثَّم)[2470]

1050. (غرِقَ) نقومبوو، هینەکەی (یَغرَق)[2471]

چاوی تێبڕی ماناکەی (بَحْلَق)[2472]

1051. (حَلَق) ئەڵقەیە، جەمعەکەی (حُلْقان)[2473]

لەزمان دەرچون (زَلّةُ لسان)[2474]

2467 هەروەها بە (دَمْغات)یش کۆدەکرێتەوە.

انتهى زمنُ العبوديَّة.

سەردەمی کۆیلایەتی کۆتاییهات.

2468 دمغتك مختلفة عن دمغتي طبعاً.

بێگومان پەنجەمۆری تۆ لە هی من جیاوازە.

2469 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە وشەی (هینەکەی) لێرەدا، بریتییە لە (رانەبردووەکەی).

لثِمَ يَلثَم، لَثْمًا، فهو لاثم، والمفعول مَلثوم.

لثِم رأسَ أبيه.

سەری باوکی ماچکرد.

2470 تلثَّمتِ المرأةُ قبل خروجها من البيت.

ژنەکە، پێش دەرچونی لەماڵ، رووی داپۆشی.

2471 مەبەستم لەوشەی (هینەکەی) لێرەدا بریتییە لە (رانەبردووەکەی).

غرِقَ يَغرَق، غَرَقًا، فهو غارِق وغَرِيق وغَرِق وغَرْقانُ/ غَرْقانٌ، والمفعول مغروق فيه.

كاد يغرَق لأنّه لا يحسن السِّباحة.

خەریکبوو نقومبێت، لەبەرئەوەی مەلەوانی نازانێت.

2472 بَحْلَقَ الرجلُ في الصورة كأنه يراها لأول مرة.

پیاوەکەی چاوی بڕییە وێنەکەی وەك ئەوەی یەکەمجار بێت بیبینێت.

2473 وضعت في أذنها حَلَقًا ذهبيًّا.

ئەڵقەیەکی ئاڵتونی کردە گوێیەوە.

2474 ما قصدتُ إهانتك، كانت مجرد زَلّة لسان.

1052. (جار) دراوسێیە، جەمعەکەی (جِیران)[2475]

(جَمِیل)و (بَهِيّ) هەردوو ماناى جوان[2476]

1053. (قَبيح) ناشرین، کۆکەی (قَبْحَى)یە[2477]

(حَفيد) کوڕەزا، هەم کچەزایە[2478]

مەبەستم سوکایەتیکردن نەبوو پێت، ئەوەی رویدا تەنها لەزمان دەرچون بوو.

[2475] هەروەها بە (جِیرة)یش کۆدەکرێتەوە.

خَيْرُ الْجِيرَانِ عِنْدَ اللهِ خَيْرُهُمْ لِجَارِهِ.

باشترین دراوسێ لای خودا، باشترینیانە بۆ دراوسێکەی.

[2476] طفلك جميل جداً.

منداڵەکەت زۆر جوانە.

الكرامة شيء جميلة وان جعلك وحيدا.

روسوری شتێکی جوانە، تەنانەت ئەگەر بشتکات بە کەسێکی تەنیا.

وجهك البَهِيّ جنن كثيراً من الناس.

دەموچاوە جوانەکەت زۆر کەسی شێتکرد.

2477 هەروەها بە (قِباح)یش کۆدەکرێتەوە.

هل ترضى بالزواج مع فتاة ذكيّة قبيحة الشكل.

ئایا قایل دەبیت بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کچێکی زیرەکی روخسار ناشرین؟

[2478] هو حفيدي الأصغر.

ئەو بچوکترین کوڕەزامە.

هناك رجل أراد أن ينتحر، فرأه الحكيم فقال له: لماذا تريد أن تنتحر؟

فقال الرجل : عندي مشكلة عائلية معقدة!!

فقال الحكيم : ما من مشكلة الا ولها حل .. وما هي مشكلتك ؟؟

قال الرجل: تزوجت آمراة ارملة ولها بنت، فلما رآها أبي" أحب أن يتزوج ببنت زوجتي الأرملة ... صار أبي زوج إبنتي وصرت أنا حمو أبي. ولما ولدت زوجتي صار الولد حفيد أبي !!! وبما أن ولدي هو أخ زوجة أبي التي هي حماتي صار ولدي خالي !! ولما ولدت زوجة أبي صار ولدها أخي من أبي وفي نفس الوقت حفيدي لأنه حفيد زوجتي من بنتها !!! وبما أن زوجتي صارت جدة أخي فهي بالتالي جدتي وانا حفيدها! وبهذا أصير زوج جدتي وحفيدها لانها جدة أخي! فانا أصير جد أخي وبنفس الوقت أصير جد نفسي وحفيد نفسي!!!

فقال الحكيم: توكل على الله وأنتحر " الله ياخذك " ويأخذ أبيك" واب الذي يسألك مرة ثانية!!!!..

پیاوێك دەیەوێت خۆی بکوژێت. حەکیمێك دەیبینێت و پێیدەڵێت: بۆچی دەتەوێت خۆت بکوژیت؟

1054. (لَجَاج) چیە؟ وڕکگرتنە[2479]

(وَقْعة) مانای جەنگ، هەمیش کەوتنە[2480]

1055. (أبردَ) ساردکرد، هەم نارد بە بەرید[2481]

پیاو: لەبەرئەوەی کێشەیەکی خێزانیی ئاڵۆزم هەیە.

حەکیم: هیچ کێشەیەك نیە چارەسەری نەبێت، کێشەکەت چیە؟

پیاو: بێوەژنێکم هێناوە کە کچێکی هەیە. کاتێك باوکم کچەکەی بینی حەزیلێکردو هێنای. بۆیە باوکم بوو زاوام و منیش بوم بە خەزوری باوکم.

کاتێك ژنەکەم کوڕێکی بوو، کوڕەکە بوو بە کوڕەزای باوکم و لەبەرئەوەی کوڕەکەم برای ژنەکەی باوکمە کە ئەویش دەکاتە خەسوم، کوڕەکەم دەبێتە خاڵم. کاتێکیش باوەژنەکەم کوڕێکی بوو، کوڕەکەی بوو بە برام لەباوکەوە، لەهەمان کاتدا بووە کچەزام لەبەرئەوەی کچەزای ژنەکەمە لەکچەکەیەوە.

کورە جا هێشتا چیت دیوە، لەبەرئەوەی ژنەکەم بووە نەنکی براکەم، کەواتە نەنکی منیشەو منیش کچەزای ئەوم. بەو شێوەیە دەبمە مێردی نەنکی خۆم و کچەزاشی لەیەك کاتدا چونکە ئەو نەنکی براکەمەو من دەبمە باپیرەی براکەم و هاوکات دەبمە باپیرەی خۆشم و کچەزای خۆشم.

لەم کاتەدا حەکیمە مێشکی دەئاوسێ و دەڵێ: ناوی خوای لێبێنەو بڕۆ خۆت بکوژە. خوا خۆت و باوکت و باوکی ئەوەش بگرێت کە جارێکی تر پرسیارت لێدەکات!

[2479] چاوگی (لَجَّ)یە.

لجَّ الطفل في اللعبة.

منداڵەکە وڕکیگرت بۆ یارییەکە. واتە سوربوو لەسەری و وازی لێنەهێنا.

2480 جمع وَقَعات.

تسبَّبت وَقْعته في كسر في جسمه.

کەوتنەکەی شکانێکی لێکەوتەوە لەجەستەیدا.

من سمع صَوت البوق في المنام فَإِنَّهُ يدعو إِلَى وقْعَة.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی گوێی لەدەنگی زوڕنایە، ئەوە بانگەشەدەکات بۆ جەنگ.

وَقْعة بدر حدث هامّ في التأريخ الإسلامي.

جەنگی بەدر رووداوێکی گرنگە لەمێژووی ئیسلامدا.

[2481] أبردَ يُبرد، إبرادًا، فهو مُبرِد، والمفعول مُبرَد.

نارد بە بەرید= نارد بە پۆستە= بە پۆستە نارد.

أبرد الماءَ بالثلاجة.

ئاوەکەی بە بەفرگرەکە ساردکرد.

(أرادَ) "ویست"ە، هینەكەی (یُرید)[2482]

1056. (وَقَعَ) رویدا، دێش بەمانای كەوت[2483]

(اِستَدرَكَ)یە مانای فریاكەوت[2484]

1057. (ضُراط) واتە تڕ[2485]، (ضَرُوط)یش تڕكەن[2486]

وشەی (حُوت)و (نُون) هەردوكیان نەهەن[2487]

1058. (نادِر) دەگمەنە[2488]، (شائِع) مانای باو[2489]

أبرد الرِّسالةَ لإبنه الموجود في الخارج.

نامەكەی بە پۆستە نارد بۆ كوڕەكەی لەدەرەوە.

[2482] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە (هینەكەی) بریتییە لە (رانەبردووەكەی).

أرادَ یُرید، أَرِدْ، إرادةً، فهو مُرید، والمفعول مُراد.

رسالة إلى إبليس: الأمور هنا تسير على النحو الذي تريد، حيث الناس أصبحوا أكثر سوءًا منك.

پەیامێك بۆ شەیتان: كاروبارەكان لێرە بەو شێوەیە دەڕوات كە تۆ دەتەوێت، خەڵك لەتۆ خراپتر بون.

إذا أردت أن تعرف العبيد، أذكر أسيادهم بسوء.

ئەگەر ویستت كۆیلەكان بناسیتەوە، گەورەكانیان بە خراپە باس بكە.

[2483] وقع الحادثُ ليلةَ أمس.

روداوەكە شەوی رابردوو رویدا.

وقَع القلم من يدي.

پێنوسەكە لەدەستم كەوت.

[2484] فاته العلِمُ صغيرًا فاستدركه كبيرًا.

بە منداڵی زانستی لەدەستچوو، بەڵام بە گەورەیی فریایكەوت.

[2485]الضراط في المنام هو اشارة الى الكلام السيء.

تڕ لەخەودا ئاماژەیە بۆ قسەی خراپ و ناشرین.

[2486] ولدك الضَرُوط شتمني.

كوڕە تڕكەنەكەت جوێنی پێدام.

[2487]هەردوكیان بەمانای نەهەنگ دێن. لەنیوەبەیتەكەدا پیتی "گ"ەكە بەر جادەی زەروراتی شیعر كەوتووە، ئەمەش شتێكی ئاساییە.

يعتبر الحوت الأزرق أكبر حيوان على وجه الأرض، حيث يصل طوله إلى 30 مترًا ويزن 170 طنًا.

نەهەنگی شین بە گەورەترین زیندەوەر لەسەر زەوی، دادەنرێت، درێژییەكەی دەگاتە 30 مەترو بارستاییەكەی دەگاتە 170 تۆن.

ابتلع النون النبي يونس عليه السلام.

نەهەنگ پێغەمبەر یونسی قوتدا، سڵاوی خودای لێبێت.

(نَعْت)و (صِفَة) هەردوو ئاوەڵناو[2490]

1059. (تسوُّس) چیە؟ واتە کلۆربوون[2491]

(واضِح)و (بَیِّن) هەردوو مانای روون[2492]

1060. (ساعة) مانای کات، هەروەها سەعات[2493]

(دَقیقة) خولەك، کۆکەی (دقیقات)[2494]

[2488] جمع نوادِرُ، مؤ نادِرة، جمع مؤ نادِرات ونوادِرُ

هذا الحیوان نادر جداً.

ئەم گیاندارە زۆر دەگمەنە.

[2489] إستخدام التکنولوجیا لأغراض فاسدة في مجتمعنا شائع جداً.

بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا بۆ مەبەستی خراپ لەکۆمەڵگەکەمان، زۆر باوە.

[2490]جمع نعت: نعوت

في الجملة (رأیت رجلاً شجاعاً)، کلمة (شجاع) نعت (صفة).

لەڕستەی (پیاوێکی ئازام بینی)، وشەی ئازا، ئاوەڵناوە.

[2491] تسوُّس الأسنان مرض شائع.

کلۆربوونی ددان نەخۆشییەکی باوە.

[2492] کلامی بَیِّنٌ، لا أحبّك.

قسەکەم روونە، خۆشم ناوێیت.

الخطّة غیر واضِحة.

پلانەکە روون نیە.

کان المدیر صریحاً وواضحاً في آراءە.

بەڕێوەبەر لەبۆچونەکانیدا راشکاوو روون بوو.

[2493] جمع ساعات

بەمانای کات و سەعاتیش دێت. سەعات بەمانای ئامێری کاتژماردن و بەمانای ئەو ماوەیەش کە لە 60 خولەك پێکدێت.

سلَّمت علیە ساعة قدومە.

کاتی هاتنی سەلامم لێکرد.

أنتظرك ساعة فقط، بعدها أذهب.

تەنها سەعاتێك چاوەڕێت دەکەم، دواتر دەڕۆم.

اشتریت ساعة جذابة لخطیبتي.

سەعاتێکی سەرنجڕاکێشم بۆ دەزگیرانەکەم کڕی.

.1061 (سَلَطة) زەڵاتە[2495]، (سُلْطَة) دەسەڵات[2496]

(جُنَيْنَة) باخچە، کۆکەی (جُنَيْنات)[2497]

.1062 (ساحِل) کەنارە، کۆکەی (سَواحِلْ)[2498]

(قلَّ) کەمبوو، هینەکەی (يَقِلّ)[2499]

.1063 (يَوْم) مانای رۆژە[2500]، (شَهْر) واتە مانگ[2501]

[2494] بە (دقائق)یش کۆدەکرێتەوە.

ساعة واحدة تتكون من 60 دقيقة.

یەك سەعات لە 60 خولەك پێکهاتووە.

دَقَّاتُ قلب المرء قائلة له

إنّ الحياة دَقائِقٌ وثواني

لێدانی دڵی مرۆڤ دەڵێت

ژیان پێکهاتووە لەکۆمەڵێك خولەك و چرکە

دقيقة واحدة من التفكير العميق قد تكون أكثر إستفادة من ساعات من العمل العشوائي.

یەك خولەك لەبیرکردنەوەی قوڵ، رەنگە لەچەند سەعاتێك کارکردنی هەڕەمەکی بەسودتر بێت.

[2495] أحضرت السلطة؟

زەڵاتەکەت ئامادەکرد؟

[2496] في بعض الدول سلطة الحزب أكبر من سلطة الحكومة.

لەهەندێك وڵاتدا، دەسەڵاتی حیزب لە هی حکومەت گەورەترە.

[2497] بە (جَنَائن)یش کۆدەکرێتەوە.

اهتم بزراعة الأزهار في جُنَيْنَته.

گرنگیدا بە چاندنی گوڵ لەباخچەکەیدا.

[2498] توقّفتِ السفينةُ قرب الساحل.

کەشتییەکە لەنزیك کەنارەکەدا وەستا.

[2499] قَلَّ ماءُ النّهْر.

ئاوی روبارەکە کەمبوو.

[2500] جمع أيّام

بەمانای رۆژ وەك 24 سەعاتەکەو هەروەها بەمای رۆژ (لەخۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوابون)یش دێت، واتە لەمانای دووەمیاندا موراديفی (نهار)ە.

الرجل الذي يرى زوجته تخبز وتطبخ وتغسل وتتعب كل يوم، ولا يأتي لها بزوجة ثانية لمساعدتها فهو عديم الرحمة!

(شُهْرة) ناوبانگە[2502]، (مَشْهور) بەناوبانگ[2503]

1064. (ربّ) پەروەردگار، وەك (مالِك) خاوەن[2504]

(حافِر) مانای سم، هەروەها هەڵکەن[2505]

ئەو پیاوەی دەبینێت ژنەکەی هەموو ڕۆژێك ناندەکات و چێشت لێدەنێت و شت دەشوات و ماندودەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ژنی دووەم ناهێنێت بۆ یارمەتیدانی، پیاوێکی بێڕەحمە!

ولد طفلنا الجديد قبل 24 يوماً من الان.

منداڵەکە نوێکەمان 24 ڕۆژ پێش ئێستا لەدایکبوو.

أكملت قراءة الكتاب خلال يوم فقط.

لەماوەی تەنها ڕۆژێکدا خوێندنەوەی کتێبەکەم تەواوکرد.

[2501] ج: أشهر، شهور.

اللهم بلغنا شهر رمضان المبارك.

خودایە بمانگەیەنیتە مانگی ڕەمەزان.

[2502] ج مع شُهُرات وشُهْرات

جاكي شان له شُهْرة واسعة بين النَّاس.

جاکی چان ناوبانگێکی فراوانی هەیە لەناو خەڵکدا.

[2503] ج: مَشَاهِير

الإمام الغزالي عالم مشهور.

پێشەوا غەزالی زانایەکی بەناوبانگە.

[2504] واتە وشەی (ربّ) بەمانای پەروەردگار دێت، سەرباری ئەوەش، هەروەك (مالِك)، بەمانای خاوەنیش دێت.

{ربّي أرني كيف تحي الموتى}

پەروەردگارم پیشانمبدە چۆن مردوو زیندوودەکەیتەوە.

إذا كان ربُّ البيت بالدُّفِّ ضاربًا ... فشيمة أهل البيت كُلِّهم الرَّقصُ.

ئەگەر خاوەنی ماڵ دەفلێدەر بێت، ئەوا تایبەتمەندیی سەرجەم ئەندامانی ماڵەکە سەماکردن دەبێت.

كان مالِكُ الدّار رجلاً غضباناً.

خاوەنی ماڵەکە پیاوێکی توڕە بوو.

[2505] بەمانای سم (ی وڵاخ)و هەڵکەنیش دێت. لەمانای دووەمیاندا بکەری (حفَرَ)یە.

آثار حافر الفرس على الطَّريق.

شوێنەواری سمی ماینەکە لەسەر ڕێگاکەدا هەیە.

حافر البئر شخص مغامر.

1065. (سيجارة) چيه؟ واته جگەره[2506]

(حثَّ) هاندا، (حاثّ)يش هاندەره[2507]

1066. (حفَرَ) هەڵکەند، هینی (يَحفِر)ه[2508]

(مَغارة) ئەشکەوت، کۆی (مغاوِر)ه[2509]

1067. (ثَلْج) ساردو بەفر، هەروەها سەهۆڵ[2510]

هەڵكەني بير (بيرهەڵكەن) كەسێكی سەركەشە.

[2506] جمع سيجارات وسجائِرُ وسجايِر.

يكتبون على علبة السجائر التدخين مضر للصحة. نصيحة رائعة، ولكن لماذا لا يكتبون على علبة مواد التجميل، الكذب حرام؟!

لەسەر پاكەتی جگەره دەنوسن، جگەرەكێشان زيانبەخشە بۆ تەندروستی. ئامۆژگارییەكی نايابە، بەڵام بۆچی لەسەر پاكەتی ماددەی جوانكاری نانوسن، درۆكردن حەرامە؟!

[2507] كارو بكەرن.

كان يَحُثُّه دائمًا للعمل الصالح.

هەميشە هانيدەدا بۆ كاری چاكە.

[2508] بێگومان مەخسەوی شەريفم لەوشەی "هينی" لێرەدا بريتييە لە "رانەبردووەكەی".

حفَرَ يَحفِر، حَفْرًا، فهو حافر، والمفعول مَحْفور.

من حفر بئراً لأخيه، وقع فيه.

ئەوەی چاڵ بۆ براكەی هەڵبكەنێت، خۆی تێدەكەوێت.

[2509] هەروەها بە (مغارات)يش كۆدەكرێتەوە.

داخل كل مَغارة كنز ينتظر من يكتشفه.

ناو هەموو ئەشكەوتێك گەنجينەيەكی تێدايەو چاوەڕێی كەسێك دەكات بيدۆزێتەوە.

لا تدخل مَغارة إلا وأنت تعرف طريق الخروج.

مەچۆرەناو ئەشكەوتێكەوە كە ڕێگای دەرچونی نازانيت.

كان الإنسان القديم يسكن في المغارات.

مرۆڤی كۆن لەئەشكەوتەكاندا نيشتەجێدەبوو.

[2510] جمع الجمع ثُلُوج، مفرد ثَلْجَة.

حتى لو كنت أطهر من الثلج فلن تنجو من النميمة، إنها وظيفة الحاقدين.

تەنانەت ئەگەر لەبەفريش پاكتر بيت، لەقسەوقسەڵۆك ڕزگارت نابێت، ئەوە ئيشی كەسانی قينلەدڵە.

تساقط الثلج يبيّض الجبال.

بارينی بەفر شاخەكان سپيدەكات.

(لَيِّن) واته نەرم[2511]، (أَغْيَد) نەرمونۆڵ[2512]

1068. (انتظار) ماناى چاوەڕێكردن[2513]

ضرر الماء الثَّلْج أكثر من نفعه.

ئاوى سارد زیانەكەى لەسودەكەى زیاترە.

تساقط ثلج في المناطق الحارة، يفرح الناس.

بارینى بەفر لەناوچە گەرمەكان خەڵك دڵخۆشدەكات.

الحرّ وشحّ الكهرباء ينعشان أسواق الثلج في سوريا.

گەرماو كەمیى كارەبا بازاڕەكانى سەهۆڵ دەبوژێننەوە.

[2511] جمع ليِّنون وأليناءُ (للعاقل)

وسادتك ليِّنة جداً.

سەرینەكەت زۆر نەرمە.

[2512] جمع غِيد، مؤ غَيْداءُ، جمع مؤ غَيْداوات وغِيد.

اشتريت خروفاً أغيداً لعيد الأضحى.

بەرخێكى نەرمونۆڵم كڕى بۆ جەژنى قوربان.

[2513] چاوگى (انتظر)يە.

أصعب انتظار هو انتظار شيء لا تدري إن كان سيأتي أم لا.

سەختترین چاوەڕێكردن، چاوەڕێكردنى شتێكە كە نازانیت دێت یان نا.

الانتظار يعلّمنا أن لكل شيء وقته، مهما استعجلنا.

چاوەڕێكردن فێرى ئەوەمان دەكات كە هەموو شتێك كاتى خۆى هەیە، هەرچەند پەلەبكەین.

الانتظار مرّ، لكن ثماره قد تكون حلوة.

چاوەڕێكردن تاڵە، بەڵام بەرهەمەكەى رەنگە شیرین بێت.

الانتظار لا يعني العجز، بل هو فنّ الصبر والثقة.

چاوەڕێكردن ماناى بێتوانایى نیە، بەڵكو هونەرى ئارامگرتن و متمانەیە.

لا أحب الانتظار تحت الشمس.

حەزم لەچاوەڕێكردن نیە لەژێر خۆردا.

الانتظار يعلمنا الصبر.

چاوەڕێكردن فێرى ئارامگرتنمان دەكات.

من طال انتظاره، عظم أجره.

هەركەسێك چاوەڕوانیكردنى درێژەى كێشا، پاداشتى گەورەدەبێت.

(مُشاركة)یە بەشداریکرد[2514]

1069. (هَدَف) ئامانجە، دێش بەمانای گۆڵ[2515]

(غَرَضْ)یش ئامانج[2516]، (عُنقود) واتە بۆڵ[2517]

1070. (جَهلْ) نەزانی[2518]، (عرَفَ) زانی[2519]

2514 چاوگی (شارك)یە.

یوما ما ستقول لنا الحیاة انتهت اللعبة شكرا لمشاركتك.

رۆژێك دێت ژیان پێماندەڵێت، یارییەكە كۆتاییهات، سوپاس بۆ بەشداریكردنت.

2515 جمع أهداف

رضاكم هدفنا، شعار تجدونه في شركات الاتصال ولیس عندنا.

رەزامەندیتان ئامانجمانە، دروشمێكە لەكۆمپانیاكانی پەیوەندیكردندا دەیبینن نەك لای ئێمە!

الهدف هو أن تكون أفضل من الأمس ولیس أفضل من الآخرین.

ئامانج ئەوەیە باشتربیت لەدوێنێ نەك لەكەسانی تر.

هَدَفُه مساعدة المحتاجین.

ئامانجی، یارمەتیدانی هەژارانە.

سجَّل میسي الهدف الأوّل فی المباراة.

میسی یەكەم گۆڵی یارییەكەی تۆماركرد.

كم العدد الكلّي للأهداف التي سجلّت طوال بطولات كأس العالم لكرة القدم لحد الآن؟

كۆژمارەی ئەو گۆڵانە چەندە كە لەسەرجەم مۆندیالەكاندا تۆماركراوە؟ 2786

2516 جمع أغراض

أصاب غرضَه الخفي.

ئامانجە شاراوەكەی پێكا.

2517 جمع عناقیدُ.

بۆڵ= هێشوو

أكلت عُنْقود عِنَب خلال أقلّ من دقیقة.

لەماوەی كەمتر لەخولەكێكدا هێشویەك ترێم خوارد.

2518 معرفتنا لا یمكن إلا أن تكون محدودة، أما جهلنا فغیر محدود.

زانیارییمان ناكرێ سنوردار نەبێت، بەڵام نەزانیمان بێسنورە.

العلم یرفع بیتاً لا عماد له

والجهل یهدم بیتاً له عماد

(بلطفٍ) واتە بە نەرمونیانی[2520]

1071. (مَرَّ) تێپەڕی، هەروەها تاڵبوو[2521]

(لطُفَ) بەمانای نەرمونیانبوو[2522]

1072. (لطَّفَ) مانای نەرمونیانکرد[2523]

(أوجدَ إلى) واتە ناچارکرد[2524]

1073. (حُرّ) پەتییە، هەمیش ئازادە[2525]

زانست ماڵ بەرزدەکاتەوە ئەگەرچی خۆی کۆڵەکەی نەبێت

بەڵام نەزانی ماڵ دەڕوخێنێت ئەگەر کۆڵەکەشی هەبێت

[2519] عرَفَ يَعرِف، عِرفانًا، فهو عارِف، والمفعول مَعْروف.

كلّ ما أعرفه هو أني لا أعرف شيئاً.

هەموو ئەوەی کە دەیزانم ئەوەیە کە من هیچ نازانم.

[2520] الدبلوماسية هي أن تلاعب الكلب بلطف حتى تجد حجراً تضربه به.

دیبلۆماسی بریتییە لەوەی کە بە نەرمونیانی یاری لەگەڵ سەگدا بکەیت تا ئەو کاتەی بەردێك دەدۆزیتەوە لێی بدەیت.

[2521] مرّ الموكبُ من هذا الطريق.

کاروانەکە لەم ڕێگەیەوە تێپەڕی.

بعد إصابتي بالمرض مرَّ الطّعامُ لديّ.

پاش توشبونم بە نەخۆشییەکە، خواردن لەلام تاڵبوو.

[2522] لطُفَ يَلطُف ، لُطْفًا ولَطَافةً ، فهو لطيف.

لطُف حديثُه مع زوجته.

قسەکردنی لەگەڵ ژنەکەیدا نەرمونیانبوو.

[2523] لَطِّفْ سلوكك مع الناس.

ڕەفتارت لەگەڵ خەڵکدا نەرمونیان بکە.

[2524] أوجده إلى الانتظار لمدة ساعتين.

ناچاریکرد ماوەی دوو کاژێر چاوەڕێبکات.

[2525] الذهَب الحُرّ غالٍ جداً.

زێڕی پەتی زۆر گرانە.

الرجل حرّ لا تستطيع أن تجبره على أي شيء.

پیاوەکە ئازادە، ناتوانیت هیچ شتێکی بەسەردا بسەپێنیت.

(أوجدَ) دروستکرد، هێنی (إيجاد)ە[2526]

1074. (صـهَرَ) چیە؟ تواندەوە[2527]

(حبَّرَ) نوسی، هەم رازاندەوە[2528]

1075. (قارورة) شوشە، کۆی (قوارير)ە[2529]

(غِمْد) بەمانای کێلان (ی شیر)ە[2530]

[2526] هێنی (إيجاد)ە واتە چاوگەکەی (إيجاد)ە.

مەخسەوی شەریفم لەوشەی "دروستکرد" لێرەدا دروستکردنێکە کە بێوێنە بێت: هێنایەبون.

أوجدَ يُوجد، إيجادًا، فهو مُوجِد، والمفعول مُوجَد.

أوجد اللهُ الكونَ.

خودا گەردونی دروستکرد (هێنایەبون).

[2527] صـهَر المعدنَ بالنَّار.

کانزاکەی بە ئاگر تواندەوە.

[2528] أخذ الكُتَّابُ يحبِّرون المقالات دفاعًا عن قضيّة فلسطين.

نوسەران دەستیانکرد بە نوسینی وتار بۆ بەرگریکردن لەدۆزی فەلەستین.

لَوْ عَلِمْتُ أَنَّكَ تَسْمَعُ لِقِرَاءَتِي لَحَبَّرْتُها لَك.

بمزانیایە تۆ گوێ لەخوێندنەوەکەم دەگریت، بۆم دەڕازاندیتەوە.

[2529] بێگومان بە (قارورات)یش کۆدەکرێتەوە.

مەخسەوی شەریفم لەوشەی (شوشە) لێرەدا بریتییە لە دەفری شوشەیە.

أعطى حبيبته قارورة عطر هدية بمناسبه عيد ميلادها.

شوشەیەك عەتری وەك دیاری دا بە خۆشەویستەکەی بەبۆنەی جەژنی لەدایکبونییەوە.

[2530] کێلانی شیر= کێلانی شمشێر.

لا يسعُ السيفين غِمدٌ.

دوو شیر لەیەك کێلاندا جێی نابێتەوە.

السيف يظلّ حادًا حتى وإن كان في غمده.

شمشێر هەر تیژە، تەنانەت لەناو کێلانەکەشیدا.

ليس كل من حمل غمدًا يملك سيفًا.

هەرکەسێك کێلانی هەڵگرت، مانای ئەوە نیە شمشێری هەیە.

السيف في غِمْده لا يهاب أحدًا، ولكن إذا سُلَّ اهتزّت له الرقاب.

شمشێر لەکێلاندا کەس ناترسێنێت، بەڵام ئەگەر هەڵکێشرا، گەردن لەبەردەمیدا دەلەرزێت.

1076. (أصهرَ إلى) "بوو بە زاوای"یە[2531]

(دفعَ الثَّمنَ) "نرخەکەی دا"یە[2532]

1077. (تلظَّى) چیە؟ واتە کڵپەی سەن[2533]

(بأْس) نەخۆشی، دێش بەمانای جەن[2534]

1078. (انحنی) چیە؟ چەمایەوە[2535]

(انصهرَ)یە، ئەی توایەوە[2536]

1079. (مَعرِفة) زانین، لەگەڵ زانیاری[2537]

اجعل نفسك كسيفٍ في غِمده، جاهزًا وقت الحاجة.

وەك شمێری ناو كێلان بە، لەكاتی پێویستدا ئامادەبە.

من يظن أن غِمْد السيف يقتل، فهو واهم.

ئەگەر كەسێك پێیوابێت كێلانی شمشێر دەكوژێت، ئەوە لەخەیاڵدا دەژی.

[2531] أصهر إلى القرية المجاورة.

بوو بە زاوای گوندەكە. واتە ژنێكی لەوان هێنا.

[2532] الزبون دفع ثمن السلعة ثم غادر المكان.

هەمیشەكڕیارەكە نرخی كاڵاكەی دا، پاشان شوێنەكەی جێهێشت. واتە پارەكەی دا.

[2533] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە (كڵپەی سەن) بریتییە لە (كڵپەی سەند)، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر، دالەكەم لابردووە.

تلظَّتِ النَّارُ بسبب الحرارة.

بەهۆی گەرمییەكەوە، ئاگرەكە كڵپەی سەند.

[2534] بێگومان مەبەستم لەوشەی (جەن) لێرەدا، جەنگە، بەڵام لەبەر پاراستی سەروای شیعرەكە، پیتی گافەكەم لابردووە.

الرجل الحقيقي لا يخاف من البأس.

پیاوی راستەقینە لە جەنگ ناترسێت.

اللهمَّ ارفع البأسَ عن أمي.

خودایە، نەخۆشییەكە لەسەر دایكم لابەرە.

[2535] انحنى ينحني، انْحَنِ، انحناءً فهو مُنحَنٍ.

لا تنحني لغير خالقك فلم يجعل رأسك في الأعلى عبثاً

جگە لەپەروەردگارت، بۆ هیچ كەسێك مەچەمێرەوە، بێهودە سەرت لەبەشی سەرەوە دروستنەكراوە.

[2536] انصهر الحديد.

ئاسنەكە توایەوە.

[2537] لەمانای یەكەمیاندا چاوگی میمی (عرف)یە.

(واعٍ) هۆشیاره، (وَعْي) هۆشیاری[2538]

1080. (جهراً) چیه؟ "به ئاشكرا"یه[2539]

(عاهِل) مەلیكه، واته پاشایه[2540]

1081. (متكبّر) چیه؟ خۆبەزلزانه[2541]

(قَمیص) كراسه، كۆكەی (قُمْصان)ه[2542]

1082. (أساسيّ) چیه؟ بنچینەییه[2543]

(عَبَثِيَّة)یه "بێهودەیی"یه[2544]

تذكر دائما انت لا تعرف عن الاخرين غير الذي سمحوا لك بمعرفته.

هەمیشه ئەوەت لەبیربێت كه فەخامەتی جەنابت تەنها ئەو شتانەی خەڵك دەزانیت كه خۆیان رێیانداوه به زانینی.

هو طالب مليء بالمعرفة.

ئەو خوێندكارێكی پڕ لەزانیارییه.

[2538] إنه رجل واعٍ.

ئەو پیاوێكی هۆشیاره.

ليس لدي وعي حول ذلك المرض.

هۆشیاریم سەبارەت بەو نەخۆشییه نیه.

[2539] اذا رأيت صديقك مع عدوك فاعلم أن الإثنين أعدائك أحدهما جهرًا والاخر سراً.

ئەگەر هاوڕێكەت بینی لەگەڵ دوژمنەكەتدا، ئەوه بزانه كه هەردوكیان دوژمنتن، یەكەمیان به نهێنی و دووەمیان به ئاشكرا.

[2540] جمع عُهَّال وعُهَّل وعَواهل.

پاشا= پادشا. واته ئەم وشەیه هاومانای (ملك) ه.

عاهل المملكة العربية السعودية مريض.

پادشای شانشینی عەرەبیی سعودیه نەخۆشه.

[2541] عذراً لمن وصفني بالمتكبّر، فليس ذنبي ان ترى نفسك صغيراً امامي.

داوای لێبوردن دەكەم لەو برادەرانەی من به خۆبەزلزان ناودەبەن، تاوانی من نیه كه خۆتان لەبەردەممدا به بچوك دەبینن.

[2542] هەروەها به (أقْمِصَة)ش كۆدەكرێتەوه.

اشتريتُ قميصًا جديدًا أمس.

دوێنێ كراسێكی نوێم كڕی.

[2543] يُقسّم الأصمعي مراحل طلب العلم إلى خمس مراحل أساسية: الصمت، ثم الاستماع، ثم الحفظ، ثم العمل، ثم النشر.

ئەسمەعی قۆناغەكانی بەدەستهێنانی زانست دابەشدەكات بۆ پێنج قۆناغی بنچینەیی: بێدەنگبون، پاشان گوێگرتن، پاشان لەبەركردن، پاشان كارپێكردن، پاشان بڵاوكردنەوه.

.1083 (وَلَد) منداڵه، جەمعەكەی (وُلْد)ه[2545]

(كشَفَ) ماناى (ئاشكراكرد)ه[2546]

.1084 (مُفكِّر) بيريار، (فِكْرة) بيرۆكه[2547]

(إنْس) مرۆڤه[2548]، (جِنّ)يش جنۆكه[2549]

.1085 (قِفْ) واته بۆسته[2550]، (قُلْ) ماناى بێژه[2551]

2544 الحرب من أقسى مظاهر العَبَثِيَّة الإنسانية.

جەنگ يەكێكه لەتوندترين ديارده‌كانى بێهوده‌يى مرۆڤايەتى.

2545 هەروەها به (وِلْدَان)و (وِلْدة)ش كۆدەكرێتەوه.

عندي ثلاثة أولاد.

سێ منداڵم هەيه.

2546 كشَفَ يَكشِف، كَشْفًا، فهو كاشِف ، والمفعول مَكْشوف.

أفضل جهاز لكشف الكذب هو الأيّام.

باشترين ئامێر بۆ ئاشكراكردنى درۆ، رۆژگاره.

2547الغزالى مفكر اسلامي عظيم.

غەزالى بيريارێكى ئيسلاميى مەزنه.

فِكْرتك غير منطقية.

بيرۆكەكەت لۆژيكى نيه.

2548 خلق الله الجنّ و الإنس.

خودا جنۆكەو مرۆڤى دروستكردووه.

لا يستطيع المرءُ النّجاح بدون تعب.

مرۆڤ بەبێ ماندوبون سەرناكەوێت.

2549 عالم الجِنّ مخيف.

جيهانى جنۆكه ترسناكه.

2550بۆسته= بووەسته.

قف في مكانك ولا تتحرك.

لەشوێنى خۆت بووەستەو مەجوڵێ.

2551 بێژه= بڵێ.

قل لي ما فى داخلك بصراحة، فأنا لا أحب اللف والدوران.

ئەوەى لەناختدايه بەڕاشكاوى پێم بڵێ، چونكه من حەزم لەپێچ و پەنا نيه.

(قاتِل) بکوژه[2552]، (سَفّاح) خوێنڕێژه[2553]

1086. (فَقْرُ الدَّم) چیه؟ واته کەمخوێنی[2554]

(نظافة) مانای پاکوخاوێنی[2555]

1087. (اِتِّجاه) چیه؟ مانای ئاڕاسته[2556]

(جُملة) واته کۆ، هەروەها رسته[2557]

1088. (نِفَاس) بەمانای زەیستانییه[2558]

(بُخت) حوشتری خۆراسانییه[2559]

[2552] جمع قاتِلون وقَتَلة (للعاقل)، مؤ قاتلة، جمع مؤ قاتلات وقواتل.

كان قاتل الرئيس حارسه الشخصي.

بکوژی سەرۆك پاسەوانه تایبەتەکەی خۆی بوو.

من هو القاتل الذي لا يعاقبه القانون؟

ئەو بکوژه کێیه که یاسا سزای نادات؟

[2553] قتل سَفّاح لئيم زوجتي البريئة.

خوێنڕێژێکی نامەرد هاوسەره بێتاوانەکەمی کوشت.

[2554] فَقْر الدَّم مرض شائع.

کەمخوێنی نەخۆشییەکی باوه.

[2555] لا قيمة لنظافة الأبدان إذا اتسخت الألسنة والقلوب.

پاکوخاوێنیی جەسته هیچ بەهایەکی نیه ئەگەر زمان و دڵ پیس بوو.

[2556] إذهب بإتجاه الجنوب.

بەئاڕاستەی باشور بڕۆ.

[2557] جمع جُمْلات وجُمَل.

بەمانای کۆ (پێچەوانەی تاك) و رستەش دێت.

هل تبيعني القميص بسعر الجملة؟

ئایا کراسەکەم به نرخی کۆ پێدەفرۆشیت؟

تكوين الجملة الإسمية أسهل من نظيرتها الخبرية.

دروستکردنی رستەی ناوی لەهاوتا کارییەکەی ئاسانتره.

[2558] من قصّ جنَاح حمامته فِي الْمَنَام فقد حلف على زَوجته أَن لَا تخرج من بَيته أَو تَلد أَو تحمل لِأَن النّفاس وَالْحمل يمْنَع الْخُرُوج.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی باڵی کۆترەکەی بڕی، ئەوه سوێندیخواردووه که نابێت ژنەکەی لەماڵ بچێتەدەر یان منداڵی ببێت یان دوگیان ببێت، چونکه زەیستانی و دوگیانبون رێگرن لەچونەدەرەوه.

1089. (سُلْطان) پادشاو بەڵگەو دەسەڵات[2560]

(بَصْمَة) پەنجەمۆر، جەمعەکەی (بَصْمات)[2561]

1090. (عَظَمَة) گەورەیی و خۆبەزلزانین[2562]

(نُقطةُ تفتیش) خاڵی پشکنین[2563]

1091. (حُبْلَى) دوگیانە، کۆی (حَبَالَى)یە[2564]

[2559] رأيت بختاً في الحفلة.

لەئاهەنگەکەدا حوشترێکی خۆراسانیم بینی.

[2560] واتە لەم مانایەدا موڕادیفی (ملك)ە.

من رأى في المنام حَيَّة ابتلعته نَالَ سُلْطَاناً.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی مارێك قوتیدا، دەسەڵاتی دەستدەکەوێت.

حضر المؤتمر بعض الحكّام والسّلاطين.

لەکۆنگرەکەدا هەندێك فەرمانڕەواو پادشا ئامادەبون.

من رأى في المنام نار جهنم فِي مَوضِع دلّ على أَن هُنَاكَ سُلْطَانا غشوما أَو رجلا مسلطا لَا يحل حَلَالا وَلَا يحرم حَرَامًا وَيكون فِي ذَلِك الْموضع حَرْب أَو جوع وارتفاع أسعار السلع.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی ئاگری دۆزەخ لەشوێنێکدایە، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پادشایەکی ستەمکار لەو شوێنەدایە، حەڵاڵ حەڵاڵناکات و حەرام حەرامناکات و جەنگ یان برسێتی و بەرزبونەوەی نرخی شتومەکی تێدا روودەدات.

{يُجَادِلُونَ فِي ءَايَاتِ اللهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ}.

چەلەحانێ لەسەر ئایەتەکانی خودا دەکەن بەبێ بەڵگە.

ليس له سلطان على إبنه.

دەسەڵاتی بەسەر کوڕەکەیدا نیە.

[2561] هەروەها بە (بَصَمات)یش کۆدەکرێتەوە.

تُطلب من الأمّيين بَصماتهم على العقود.

نەخوێندەواران داوای پەنجەمۆریان لێدەکرێت لەسەر گرێبەستەکان.

[2562] العظمة لله فقط.

گەورەیی تەنها بۆ خودایە.

يبدو أنّه مصابٌ بجنون العظمة.

وا دیارە توشی شێتیی خۆبەزلزانین بووە.

[2563] لقد اعتقل السارق فى أقرب نقطة تفتيش المدينة.

دزەکە لەنزیکترین خاڵی پشکنینی شارەکە دەستگیرکرا.

یەکەم (أوّل)ە، هەمیش (أُولَی)یە[2565]

1092. (دُودَة) مانای کرم، کۆدوجای (دِیدان)[2566]

(جَبَّ) بڕی، هەروەها بەزان[2567]

1093. (سَرْج) واتە زین، جەمعەکەی (سُرُوج)[2568]

(خرَجَ) چووەدەر، چاوگی (خروج)[2569]

1094. بایکۆت و هەرێم هەر (مُقاطَعة)[2570]

2564 بێگومان بە (حُبْلَیات)یش کۆدەکرێتەوە.

جارتنا حُبْلَی.

ژنەدراوسێکەمان دوگیانە.

2565 هەردوکیان بەمانای (یەکەم) دێن، بەڵام وشەی یەکەمیان بۆ نێر دەبێت و دووەمیان بۆ مێ.

کارزان هو أَوَّل طالب في الصف.

کارزان یەکەم خوێندکاری پۆلەکەیە.

هذه هي أولی محاولاتي في الرسم.

ئەمە یەکەم هەوڵمە لەوێنەکێشاندا.

2566 مەبەستم لەکۆدوجا بریتییە لەجەمعی جەمع.

هەروەها بە (دُودات) و (دُود)یش کۆدەکرێتەوە، بەڵام جەمعی ئاسایی نەك جەمعی جەمع.

تأکل الدُودة الأوراق الخضراء.

کرم گەڵای سەوز دەخوات.

2567 مەبەستم لەوشەی (بەزان) بریتییە لە (بەزاند) بەڵام لەبەر سەروای شیعرەکە دالەکەم لابردووە.

جبَّ النَّخْلَ.

درەختەکەی بڕی.

جَبّ زمیلَه في الذکاء.

هاوکارەکەی بەزاند لەزیرەکیدا.

2568 اشتری الفارس سَرْجًا جدیدًا لحصانه.

سوارەکە زینێکی نوێی کڕی بۆ ئەسپەکەی.

2569 چووەدەر= چووەدەرەوە.

خَرَجَ الوَلَدُ مِنَ البَیْتِ.

کوڕەکە لەماڵ چووەدەر.

2570 ننادي بمُقاطَعة کل شرکة لا تحترم عمالها.

(قِطْعة) پارچەیە، کۆکەی (قِطَع)ە[2571]

1095. (دَوْلَة) وڵاتە، جەمعەکەی (دُوَل)[2572]

(تُرْسُ السلحفاة) قاپلیکی کیسەڵ[2573]

1096. (تِكَّة) بەنەخوێن، کۆکەی (تِكَك)ە[2574]

لەناوبرد (أردى) لەگەڵ (أهلكَ)[2575]

1097. (نقَدَ) چیە؟ لێوردبووەوە[2576]

(قرِبَ) مانای نزیکبووەوە[2577]

داوای بایکۆتی هەموو ئەو کۆمپانیایانە دەکەین کە رێز لەکرێکارەکانیان ناگرن.

زار السياح مُقاطَعة جبلية جميلة.

گەشتیارەکان سەردانی هەرێمێکی شاخاویی جوانیان کرد.

[2571] بێگومان بە (قِطْعات)یش کۆدەکرێتەوە.

اشتريت قِطْعَة أرض صغيرة.

پارچە زەوییەکی بچوکم کڕی.

[2572] بێگومان بە (دولات)یش کۆدەکرێتەوە.

العراق دَوْلَة مستقلَّة.

عیراق وڵاتێکی سەربەخۆیە.

[2573] تُرْس السلحفاة مادة صلبة.

قاپیلکی کیسەڵ ماددەیەکی رەقە.

[2574] هەروەها بە (تِكّات)یش کۆدەکرێتەوە.

اشتريت سروالاً جديداً وتِكَّتُهُ فضية.

شەڕواڵێکی تازەم کڕی کە رەنگی بەنەخوێنەکەی زیوییە.

[2575] أردى زوجته.

ژنەکەی لەناوبرد.

أهلَكَ اللهُ الظَّالمين.

خودا ستەمکارانی لەناوبرد.

[2576] نقَدَ العُملةَ.

لەدراوەکە وردبووەوە. (بۆ ئەوەی چاکی و خراپیی بۆ دەربکەوێت).

[2577] قرِب من المنزل.

لەماڵەکە نزیکبووەوە.

1098. (حَقْو) هەم (خَصْر) مانای ناوقەدە[2578]

بەدەستی پێیدا واتە (نقَدَ)[2579]

1099. (نقَدَ) پێوەیدا، هینەکەی (نَقْد)ە[2580]

(صحَّفَ) مانای "دەسکاریکرد"ە[2581]

1100. (نشَزَ) یاخیبوو، چاوگەکەی (نُشوز)[2582]

(رَمْز) هێمایە، جەمعەکەی (رُموز)[2583]

1101. (نصّاب) قۆڵبڕە[2584]، (مُحتال)یش فێڵباز[2585]

(نَشْز) بەرزایی، جەمعەکەی (نِشاز)[2586]

[2578] ناوقەد= کەمەر.

لا تنظر الى حقوها.

سەیری کەمەری مەکە.

تزوجت فتاة دقيقة الخَصْر.

کچێکی ناوقەد باریکم هێنا.

[2579] نقَد التّاجرَ الثَّمنَ.

نرخەکەی بەدەستی دا بە بازرگانەکە. واتە بە کاش و پێشوەختە نەك بە چەك و دواتر.

[2580] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "هینەکەی" بریتییە لە "چاوگەکەی".

نقَدته الحيَّةُ.

مارەکە پێوەیدا.

[2581] صحَّف الصِّحافيّ الخبرَ.

ڕۆژنامەنوسەکە دەسکاری هەواڵەکەی کرد.

[2582] نشَزت من زوجها.

لەمێردەکەی یاخیبوو (بەتایبەتی لەڕوی کاری سەرجێییەوە).

[2583] الحمامة رمز السّلام.

کۆتر هێمای ئاشتییە.

[2584] كثر النصَّابون في هذه الأيام.

لەم ڕۆژانەدا قۆڵبڕ زۆربون.

[2585] أقسم المُحتال أنّه صادق.

فێڵبازەکە سوێندیخوارد کە ڕاستگۆیە.

[2586] هەروەها بە (نُشوز)یش کۆدەکرێتەوە.

1102. (دَلْو) سەتڵە، هەم نێرە، هەم مێ[2587]

(أَخْطَبوط) هەشتپەل، یا بڵێین هەشتپێ[2588]

1103. (حَيّ) زیندووە، هەروەها چالاك[2589]

(حُكَّام) دادوەرە، بەڵام كۆ نەك تاك[2590]

1104. چەمك (مفهوم)ە، كۆی (مفاهيم)ە[2591]

(ضَمان) دەستەبەر، كەواتە بیمە[2592]

1105. (عظَّمَ) گەورەكرد، چاوگەكەی (تعظیم)[2593]

اختبأ الجندي خلف نشز طبيعي في الأرض.

سەربازەكە لەپشت بەرزاییەكی سروشتیی زەوییەوە خۆی حەشاردا.

[2587] ملأ الفلاح الدَلْو بالماء من البئر.

جوتیارەكە سەتڵەكەی پڕكرد لەئاو لەبیرەكە.

[2588] هەشتپەل و هەشتپێشی پێدەووترێت.

هەروەها بە (أُخْطُبوط)یش دەنوسرێت.

هەشتپێ: زیندەوەرێكی دەریاییە، سەرێكی بچوك و هەشت پەلی هەیە.

جمع أَخْطَبوطات/ أُخْطُبوطات.

الأخطبوط أذكى الحيوانات اللافقارية.

هەشتپەل زیرەكترین زیندەوەری نابڕبڕەدارە.

[2589] جمع أحياء

{وَلاَ تَقُولُوا لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَكِنْ لاَ تَشْعُرُونَ}.

بەو كەسانە مەڵێن مردوو كە لەپێناو خودادا دەكوژرێن، بەپێچەوانەوە، ئەوانە زیندون، بەڵام ئێوە هەست بەوە ناكەن.

رغم كبر سنه، إلا أن عقله لا يزال حَيًّا.

سەرباری بەساڵاچونی، بەڵام تائێستا عەقڵی چالاكە.

[2590] تاكەكەی (حاكم)ە. هەروەها بە (حاكمون)یش كۆدەكرێتەوە.

شرُّ الحكام من خافه البريء.

خراپترین دادوەر ئەو دادوەرەیە كە بێتاوان لێی دەترسێت.

[2591] هناك اختلاف حول مفهوم الحريّة.

سەبارەت بە چەمكی ئازادی، جیاوازی هەیە.

[2592] تهتمّ الحكومة بتوسيع مظلّة الضَّمان الاجتماعيّ لتشمل كافَّة فئات الشّعب.

میری گرنگیدەدات بە فراوانكردنی چەتری بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی سەرجەم توێژەكانی گەل بگرێتەوە.

(خَيْشوم) واته لوت، كۆكەی (خياشيم)[2594]

1106. (ضَريبة) باجه، كۆی (ضرائِب)ه[2595]

"نزيكبووەوە لە"، مانای (قرِبَ)[2596]

1107. (لَجْنَة) ليژنەيە، جەمعەكەی (لِجان)[2597]

[2593] لا تعظِّمْ صغائِرَ الأمور.

شتی بچوك گەورەمەكە.

[2594] يدخل الهواء من الخَيْشوم إلى الرئتين.

هەوا لەلوتەوە دەچێت بۆ سييەكان.

[2595] هەروەها بە (ضرِيبات)يش كۆدەكرێتەوە.

يجب دفع ضريبة عند شراء هذه السلعة.

لەكاتی كڕينی ئەم كاڵايەدا پێويستە باج بدەيت.

الاستقلال ضريبة الدم، ولا يُمنح مجانًا.

سەربەخۆيی باجی خوێنە، بەخۆڕايی نادرێت.

إذا رأيت في المنام أنك دفعت ضريبة فسوف تتمكن من تدمير المؤثرات الشريرة المتجمعة حولك.

ئەگەر لەخەودا بينيت باجت دا، ئەوە دەتوانيت كارتێكەرە خراپەكانی دەوروبەرت لەناوبەريت.

[2596] بێگومان بەمانای "نزيكبووەوە"ش دێت.

قرِبَ يَقرَب قُرْبًا وقُرْبانًا، فهو قريب.

قَرِبَ وقتُ الصلاة.

كاتی نوێژ نزيكبووەوە.

قرِب المنزِلَ.

لەماڵەكە نزيكبووەوە.

{وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ}

و لەم درەختە نزيك مەبنەوە.

[2597] هەروەها بە (لَجَنات)و (لَجَنات)يش كۆدەكرێتەوە. ليژنە= كۆميتە.

شُكِّلت لَجْنَة تحقيق بهدف معرفة سبب موت المريض.

بەمەبەستی زانينی هۆكاری مردنی نەخۆشەكە، ليژنەيەكی لێكۆڵينەوە پێكهێنرا.

إذا أردت أن تدفن فكرةً عظيمةً، ضَعْها في لَجْنَة!

ئەگەر ويستت بيرۆكەيەكی گەورە بنێژيت، بيخەرە ناو ليژنەيەكەوە!

الوقتُ لا يمرّ ببطءٍ إلا في انتظار طابور، أو في اجتماع لَجْنَة!

كات تەنها لەدوو حاڵەتدا خاو تێپەڕدەبێت: لەچاوەڕوانی ريزو كۆبونەوەی ليژنەدا!

(عُمْلَة) دراوه[2598]، (جَيْب) واته گیرفان[2599]

1108. (نَقْد) دراوه، كۆكەی (نُقُود)ه[2600]

الحلُّ سهل، لكنَّه يحتاج إلى لَجْنَة لتعقيده!

چارەسەرەكە ئاسانە، بەڵام پێویستی بە لیژنەیەكە بۆ ئاڵۆزكردنی!

[2598] جمع عملة: عُمُلات وعُمْلات.

(نقد)یش بەمانای دراو دێت.

دراو= پارە.

لا تثق في من يقول أن العُمْلَة لا تشتري السعادة، فهو يحاول غالبًا أن يبيعك شيئًا بديلاً!

بڕوا بەوە مەكە كە دەڵێت پارە بەختەوەری پێ ناكڕدرێت، زۆربەی جار ئەو جۆرە كەسانە هەوڵدەدەن شتێكی ترت پێ بفرۆشن!

الجنونُ هو أن تفعل الشيءَ نفسه مرتين وتتوقع نتيجةً مختلفةً، لكنَّ العُمْلَة تُصحح هذا المفهوم!

شێتی ئەوەیە دوو جار هەمان شت بكەیت و چاوەڕێی ئەنجامی جیاواز بكەیت، بەڵام پارە ئەم چەمكە ڕاستدەكاتەوە!

ليس كل من يملك عُمْلَة هو تاجر، لكن كل من يفقد عُمْلَة يصبح فجأة فيلسوفًا!

هەموو ئەوانەی پارەیان هەیە بازرگان نین، بەڵام هەموو ئەوانەی پارە لەدەستدەدەن، كتوپڕ دەبن بە فەیلەسوف!

أسرعُ طريقة لفقدان عُمْلَة هي مطاردة العروض والتخفيضات!

خێراترین ڕێگا بۆ لەدەستدانی پارە ڕاكردنە بەدوای ئۆفەرو داشكاندنەكان!

الصداقة الحقيقية هي التي تبقى حتى بعد انتهاء العُمْلَة.

هاوڕێیەتی ڕاستەقینە ئەوەیە كە تەنانەت پاش نەمانی پارەش، دەمێنێتەوە.

العُمْلَة هي اللغة الوحيدة التي يفهمها الجميع دون معجم!

دراو (پارە) تەنها زمانە كە هەموان لێی تێدەگەن بەبێ فەرهەنگ!

العُمْلة المَعدِنيَّة غير شائعة في هذا العصر.

لەم سەردەمەدا دراوی كانزایی باو نیە.

صندوق النقد الدوليّ منظمة عالمية.

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ڕێكخراوێكی جیهانییە.

[2599] جمع أجياب وجُيوب وجِيُوب.

سُرقت نقودُه من جيب بنطلونه.

پارەكانی لەگیرفانی پانتۆڵەكەیەوە دزران.

[2600] بێگومان (عُمْلة)ش بەمانای دراو دێت.

صندوق النقد الدوليّ منظمة عالمية.

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ڕێكخراوێكی جیهانییە.

(نَشيد)، (أُنشودة) هەردوو سرودە[2601]

1109. (ساقَ) لێخوڕی، هینی (سِیاقة)[2602]

(عاشِق) دڵدارە، کۆکەی (عُشَّاق)ە[2603]

[2601] کۆی هەردوکیان (أناشِيد)ە

النَّشِيدُ يُعَبِّرُ عَنْ حُبِّ الوَطَنِ.

سرودەکە گوزارشت لەخۆشەویستیی نیشتمان دەکات.

حفظ التلاميذ أُنْشُودَة وَطَنِيَّة.

قوتابییەکان سرودێکی نیشتمانییان لەبەرکرد.

[2602] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی "هینی" لێرەدا بریتییە لە "چاوگەکەی بریتییە لە".

چاوگی (ساقَ)یە.

ساقَ يَسوق، سُقْ، سَوْقًا وسِياقًا وسِوَاقةً وسِياقةً، فهو سائِق، والمفعول مَسُوق.

ساق السَّيَّارةَ بسرعة خطيرة.

ئۆتۆمبێلەکەی بە خێراییەکی مەترسیدار لێخوڕی.

لا أجيد سياقة السيارات الكبيرة.

لیخوڕینی ئۆتۆمبێلی گەورە بەباشی نازانم.

السِّيَاقَةُ ليست مجرد تحريك مقود، بل هي مسؤولية.

لێخوڕین (شۆفێریکردن) تەنها جوڵاندنی سوکان نیە، بەڵکو بەرپرسیارێتییە.

[2603] بێگومان بە (عاشقون)یش کۆدەکرێتەوە.

العاشق مريض.

دڵدار نەخۆشە.

إذا قال لك عَاشِق: "أنا مُستعد أموت من أجلك"، صدّقه! لأنه غالباً سيموت من تلبية طلباتك!

ئەگەر دڵدارێك پێیوتیت: "ئامادەم لەپێناوتدا بمرم"، بڕوای پێبکە، چونکە زۆربەی جار بەهۆی داواکارییەکانتەوە دەمرێت!

العَاشِقُ الحقيقي يَنْظُرُ بِقَلْبِهِ.

دڵداری ڕاستەقینە بە دڵ سەیردەکات.

كُلُّ العَاشِقِينَ عِنْدَ الحَبِيبِ أَعْمَى.

هەموو دڵدارەکان لای خۆشەویستەکانیان کوێرن.

العَاشِقُ الفِيلَسُوفُ يَرَى الجَمَالَ حَيْثُمَا وُجِد.

دڵداری فەیلەسوف جوانی لەهەر شتێکدا بێت دەیبینێت.

كُلُّ عَاشِقٍ جُنْدِيٌّ، وَالحُبُّ حَرْبٌ بلا سِلاح.

هەموو دڵدارێك سەربازەو خۆشەویستی جەنگێکی بێچەکە.

1110. (جَليّ) واته روون[2604]، (غامِض) ناڕونه[2605]

(ساعٍ) پۆستەچی کۆکەی (ساعون)ە[2606]

1111. (خَيْط) دەزووەو چاوگی (خاطَ)[2607]

"العَاشِقُ لا يَرَى فِي الدُنْيَا سوى مَحبُوبَه". من أقوال مسيلمة الكذّاب!

"دڵدار لەدونیادا جگە لەخۆشەویستەکەی، کەسی تر نابینێت". یەکێکە لەوتەکانی موسەیلەمەی کەزاب.

لا تَثِقْ بِوعد العَاشِق.

بڕوا بە بەڵێنی دڵدار مەکە.

العَاشِقُ لَا يَخْشَى المَوْتَ، بَلْ يَخْشَى أَنْ لَا يَمُوتَ فِي سَبِيلِ مَحْبُوبِهِ.

دڵدار لەمردن ناترسێت، بەڵکو لەوە دەترسێت کە لەپێناو خۆشەویستەکەیدا نەمرێت.

[2604] جوابه جَليّ كالشمس.

وەڵامەکەی وەك خۆر روونە.

[2605] مشروعه غامِض.

پرۆژەکەی ناڕوونە.

[2606] ساعٍ= ساعي.

هەروەها بە (سُعاة)یش کۆدەکرێتەوە.

حمل السّاعي إلينا رسالة مهمّة.

پۆستەچییەکە نامەیەکی گرنگی بۆ هێناین.

الحظ يشبه الساعي، لا يأتيك إلا عندما لا تكون في البيت!

بەخت وەك پۆستەچی وایە، تا لەدەرەوە نەبیت، نایەت بۆ لات!

أحياناً ينتظر الناس رسالة أمل، فيأتي الساعي بفاتورة كهرباء!

هەندێجار خەڵك چاوەڕێی نامەیەکی ئومێدبەخش دەکات، بەڵام پۆستەچییەکی بۆ دێت بە پسولەی کارەباوە!

[2607] بەمانای دەزوو دێت، هەروەها چاوگی (خاطَ)شە کە بەمانای "دوری" دێت. واتە (خَيْط) بەمانای دوورینیش دێت.

خاطَ يَخيط، خِطْ، خَيْطًا وخِياطةً، فهو خائط، والمفعول مَخيط.

خَيْط الثوب عمل متعب.

دورینی جلوبەرگ کارێکی ماندوکەرە.

في القميص خيط حريري جميل.

کراسەکە دەزویەکی ئاوریشمیی جوانی تێدایە.

خاط القميص خلال ساعة واحدة فقط.

کراسەکەی لەماوەی تەنها سەعاتێکدا دوری.

(أُخْت) واته خوشك، كۆی (أخوات)ە[2608]

1112. (لَقاح) پێكوتە[2609]، (إِبْرة) دەرزییە[2610]

(إمساك)و (قَبْض) هەردوو قەبزییە[2611]

1113. (حلَقَ) تاشی، لەگەڵ لەناوبرد[2612]

(صنَعَ) دروستكرد، دێش بەمانای كرد[2613]

[2608] أختي الصغيرة ثرثارة.

خوشكە بچوكەكەم زۆربلێیە.

[2609] اكتشف العلماء لقاحًا جديدًا للمرض.

زاناكان پێكوتەیەكی نوێیان بۆ نەخۆشییەكە دۆزییەوە.

[2610] جمع إبْرات

خاط الثوبَ بالإبْرة.

جلوبەرگەكەی بە دەرزی دوری.

من أكل إبرة في المنام فشيء سره إلَى من يضرّهُ.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بینی دەرزییەكی خوارد، ئەوە نهێنی لای كەسێك ئاشكرادەبێت كە زیانی پێدەگەیەنێت.

[2611] الإمساك حالة مزعجة.

قەبزی حاڵەتێكی بێزاركەرە.

بعد تناول الموزة، أصبت بقبضٍ حادّ.

پاش خواردنی مۆزەكە، توشی قەبزییەكی توند بوم.

[2612] حلَقَ يَحلِق، حَلْقًا وحِلاقةً، فهو حالق، والمفعول مَحْلوق وحليق.

حلَق شاربَه قبل الخروج.

پێش دەرچونەكە، سمێڵی تاشی.

حلق الجيش أعداءَ الوطن.

سوپا دوژمنانی نیشتمانی لەناوبرد.

[2613] صنَعَ يَصنَع، صُنْعًا وصَنيعًا وصَنْعًا وصِناعةً، فهو صانع، والمفعول مَصْنوع وصَنيع.

صنَع النَّجَّارُ منضدَةَ.

دارتاشەكە مێزێكی دروستكرد.

الذي يصنع المعروف التماس الجزاء مثله مثل الصياد الذي يلقي الحبّ للطير بغية صيدها، لا يريد به نفعها بل يريد بذلك نفع نفسه.

ئەو كەسەی چاكە لەپێناو پاداشتدا دەكات، وەك ئەو راوكەرە وایە كە دانەوێڵە بۆ باڵندە هەڵدەدات بە مەبەستی راوكردنیان، راوكەرەكە مەبەستی سودگەیاندنە بە خودی خۆی نەك باڵندەكان.

1114. (رِباط) قەیتان و بەستەر، عیلاقە[2614]

(حَلْق) گەرووە، کۆکەی (أحلاق)[2615]

1115. (کَتْکوت) جوجکە، کۆکەی (کتاکیت)[2616]

(حَرْف) ئاڕاستە، دێش بەمانای پیت[2617]

1116. (حَشَّاش) بائیع و مودمینی حەشیش[2618]

[2614] ج: أربطة، رباطات، رُبُط.

سیان لەماناکانی قەیتان و بەستەرو عیلاقەن.

عیلاقە= پەیوەندی.

الطبیب فحص الرِباط في ركبة المریض.

پزیشکەکە پشکنینی بۆ بەستەری ئەژنۆی نەخۆشەکە کرد.

الطفل لا یعرف كیف یربط رباط الحذاء.

منداڵ نازانێت چۆن قەیتانی پێڵاو ببەستێت.

رباط الزواج شيء مقدّس.

پەیوەندیی هاوسەرگیری شتێکی پیرۆزە.

[2615] بێگومان بە (حُلُق)و (حُلوق)یش کۆدەکرێتەوە.

وشەی (حَلْق)چاوگی (حلَقَ)شە، بۆیە بەمانای تاشین و لەناوبردنیش دێت.

بلَّ حلقَه بقلیلٍ من الماء.

گەرووی بە کەمێك ئاو تەڕکرد.

[2616] بەتایبەت بەمانای جوجکی مریش دێت.

یحبّ كثیر من السیّدات تربیة الكتاكیت.

زۆرێك لەخانمان حەز بە بەخێوکردنی جوجك دەکەن.

[2617] جمع أحرف وحروف.

هذا مخالف للحرف الذي سرنا علیه.

ئەمە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە کە لەسەری ڕۆشتین.

تتكوّن بعض الكلمات من خمسة أحرف.

هەندێك وشە لە پێنج پیت پێکدێن.

[2618] بەمانای بائیعی حەشیش و مودمینی حەشیش دێت.

بائیعی حەشیش= حەشیشفرۆش.

مودمینی حەشیش= ئاڵودەبوی حەشیش.

قَبَضَتِ الشُرْطَةُ عَلَى حَشَّاشٍ وَهُوَ یَبِیعُ المُخَدِّرَاتِ.

پۆلیس حەشیشفرۆشێکی لەکاتی فرۆشتنی ماددەی هۆشبەردا دەستگیرکرد.

(حَرير) ئاوریشمە، کەواتە (ئارمیش)[2619]

1117. (طابِع) چاپکەرە، هەروەها پولە[2620]

(دَخْل) داهاتە، کۆکەی (دُخول)ە[2621]

1118. (توازُن) چیە؟ هاوسەنگییە[2622]

(طَبَعْ) لەگەڵ (عَيْب) هەردوو نەنگییە[2623]

رأيته يترنَّح كالحشَّاش.

بينيم وەك ئاڵودەبوى حەشيش بەملاولادا دەكەوت.

[2619] جمع الجمع حَرائِرُ وحرايرُ.

فستان العروس ناعم مثل الحرير.

عەزيى بوكەكە وەك ئاوريشم نەرمە.

إذا كان الكلام من فضة فالسكوت من ذهب، وإذا كان من حرير فالصمت من الماس.

ئەگەر قسەكردن زيو بێت، بێدەنگی زێرە، خۆ ئەگەر قسەكردن ئاوريشم بێت، ئەوا بێدەنگی ئەڵماسە.

لسان زوجها من حرير وقلبه من حجر.

زمانی مێردەكەی لەئاوريشمەو دڵی لەبەردە.

[2620] لەمانای يەكەمياندا ناوی بكەر (اسم فاعل)ی (طَبَعَ)يە.

كان طابع الجريدة يعمل لمطبعة كبيرة.

چاپكەری كتێبەكە كاری بۆ چاپخانەيەكی گەورە دەكرد.

لصق الطابع بالرسالة.

پولەكەی بە نامەكەوە لكاند.

[2621] هذا المشروع لا يدرُّ دَخْلاً كثيراً.

ئەم پرۆژەيە داهاتێكی زۆر ناهێنێت.

[2622] أحاول إيجاد توازُن بين عملي وحياتي الشخصية.

هەوڵدەدەم هاوسەنگييەك لەنێوان كارەكەم و ژيانی تايبەتمدا بدۆزمەوە.

التوازُن ليس أن تقف في المنتصف، بل أن تتحرك في كل الاتجاهات دون أن تفقد مركزك.

هاوسەنگی بريتی نيە لەوەستان لەناوەڕاستدا، بەڵكو بريتييە لەوەی بە هەموو ئاڕاستەكاندا بجوڵێيت بەبێ ئەوەی چەقەكەت لەدەستبدەيت.

[2623] كۆی وشەی يەكەميان (أَطْبَاع)و هی دووەميان (عُيوب)ە.

فيك طبع كبير.

نەنگييەكی گەورەت تێدايە.

1119. (اِستماع) چیه؟ گوێگرتنه[2624]

(تَكبیر) ئەڵڵاهو ئەكبەر وتنه[2625]

1120. (وَصید) حەوشەیه، هەم بەردەرگایه[2626]

"هەركاتێك"و "كەی؟" هەردوو (متى)یه[2627]

1121. (طاقة) وزەیه[2628]، (طاق) مانای "تاق"ە[2629]

لیس الفقرُ عیبًا.

هەژاری نەنگی نیه.

مَنْ نظر في عَیْب نفسه اشتغل عن عَیْب غیره.

هەركەسێك سەیری نەنگیی خۆی بكات، سەری ناپەرژێتەسەر نەنگیی كەسی تر.

2624 چاوگی (استمعَ)یه.

الاستماع إلى القرآن الكریم یهدئ النفس.

گوێگرتن لەقورئانی پیرۆز دەرون ئارامدەكاتەوه.

من كثر استماعه، كثر علمه.

هەركەسێك گوێگرتنی زۆر بوو، زانستیشی زۆردەبێت.

الاستماع نصف العلم.

گوێگرتن نیوەی زانسته.

2625 چاوگی (كبَّرَ)یه.

كبَّر المُصلّي.

نوێژخوێنەكه ئەڵڵاهو ئەكبەری كرد (ئەڵڵاهو ئەكبەری وت).

2626 جمع وصائِدُ ووُصُد.

نام الطفل في الوصید.

منداڵەكه لەحەوشەكەدا خەوت.

لا تجلسي في الوصید.

لەبەردەرگاكه دامەنیشه.

2627 متى تجتهدْ تنجحْ.

هەركاتێك كۆششبكەیت، سەركەوتوو دەبیت.

متى تذهب إلى المدرسة؟

كەی دەچیت بۆ قوتابخانه؟

2628 جمع طاقات.

(طَلِقْ) ئازادە، کۆکەی (طِلاق)ە[2630]

1122. (خَرَزة) بڕبڕە، هەمیش "مورووو"ە[2631]

پەیوەندی و کونی قۆپچەیە، (عُرْوة)[2632]

1123. (جَدّ) بەخت و پلەوپایەو باپیرە[2633]

الشمس مصدر مهم للطاقة.

خۆر سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ وزە.

[2629] جمع طاقات وأطواق وطيقان.

بەمانای تاق دێت. تاق: ئەوەی لەبیناسازیدا دروستدەکرێت لەشێوەی کەوانەدا.

جلست تحت طاق البيت.

لەژێر تاقیماڵەکەدا دانیشتم.

[2630] جمع طِلاق.

بالأمس كان أسيراً ولكنّه اليوم طَلِق بين أهله.

دوێنێ دیل بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئازادە لەناو کەسوکاریدا.

[2631] جمع خَرَزات وخَرَز.

بەمانای بڕبڕە (بەدیاریکراوی بڕبڕەی پشت)و مورووش دێت.

شعر بألم في الخرزة العليا من ظهره.

هەستی بە ئازارێك کرد لەبڕبڕەی سەرەوەی پشتیدا.

انقطعت الخيط فتبعثرت الخَرَز.

دەزووەکە پچڕاو مورووەکان پەرشوبڵاوبونەوە.

[2632] جمع عُرُوات وعُرْوات وعُرًى.

قويت بيننا عُرى الصَّداقة.

پەیوەندیی هاوڕێیەتیی نێوانمان بەهێزبوو.

وضع زهرةً في عُرْوته.

گوڵێکی کردەناو کونی قۆپچەکەیەوە.

[2633] لەمانای یەکەم و دووەمیاندا جەمعەکەی (جُدود)ە، بەڵام لەمانای سێیەمیاندا جەمعەکەی (أجداد)و (جُدود)ە.

إنَّ العلمَ يرفعُ جَدَّ صاحبه في المجتمع.

بێگومان زانست پلەوپایەی خاوەنەکەی بەرزدەکاتەوە لەناو کۆمەڵگەدا.

الجَدُّ في الجِدّ والحرمان في الكسل.

بەخت لەهەوڵداندایەو بێبەشبون لەتەمبەڵیدایە.

(زأَرَ) نەڕاندی، هینی (زئیر)ە[2634]

1124. وشەی (يَمّ) بەحرە، واتە دەریایە[2635]

(صاهَرَ) مانای "بوو بە زاوای"ە[2636]

1125. (طبَعَ) چاپکرد، (يَطبَعْ) چاپدەکات[2637]

(حِرْفَة) پیشەیە، جەمعەکەی (حِرْفات)[2638]

1126. (هَلْ) ئامرازی پرس، مانای "ئایا؟"یە[2639]

باپیر= باوەگەورە: باوکی باوك یان دایك.

رؤية الجد والجدة في الحلم يكون مؤشراً بأن الشخص الحالم له حنين للماضي.

بینینی باپیر یان نەنك لەخەودا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەوبینەکە سۆزو شەوقی هەیە بۆ رابردوو.

[2634] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە وشەی (هینی) لێرەدا بریتییە لە (چاوگەکەی).

زأَرَ يَزأَر ويَزئِر، زَأْرًا وزَئِيرًا، فهو زائِر.

زَأَرَ الأسدُ في الغابة فخافَتِ الحيوانات.

شێرەکە لەدارستانەکەدا نەڕاندی و ئاژەڵەکان ترسان.

سُمع زئيرُ الأسد في حديقة الحيوان.

نەڕەی شێر لەباخچەی ئاژەڵانەکەوە، بیسترا.

[2635] ج: يُموم.

{فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ}

تۆڵەمان لێکردنەوەو لەدەریادا نقومانکردن.

[2636] صاهرَ القبيلة بعد الحرب.

پاش جەنگەکە بوو بە زاوای هۆزەکە.

[2637] رابردوو و رانەبردوی هەمان کارن.

طبَعَ يَطبَع طَبْعًا وطِباعةً، فهو طَابِع، والمفعول مَطْبوع.

طبَع كتابَه الجديد في مطبعة بيروت.

پەڕتوکە نوییەکەی لەچاپخانەی بەیروت چاپکرد.

[2638] هەروەها بە (حِرَف)یش کۆدەکرێتەوە.

حِرْفَة النَّجَّار خطيرة.

پیشەی دارتاش مەترسیدارە.

[2639] ئامرازی پرسەو بەمانای "ئایا" دێت.

هل نجح أخوك؟

(رأی) "بینی"یە، هینی "یری"یە[2640]

[1127.](#) (بَدْلَة)، هەم (بِذْلة) هەردوو مانای قات[2641]

(صُدْفة) رێکەوتە، کۆکەی (صُدُفات)[2642]

[1128.](#) (قوَّم) چیە؟ راستکردەوە[2643]

(عجَمَ) مانای تاقیکردەوە[2644]

[1129.](#) (جُزْء)و (قِسْم) هەردوو مانای بەش[2645]

ئایا براکەت دەرچوو؟

2640 مەبەستم لەوشەی "هینی" لێرەدا بریتییە لە "رانەبردووەکەی".

رأى يَرَى، رَه، رُؤيةً، فهو راءٍ، والمفعول مَرئِيّ.

لا يرى أَبْعَد مِن أَنْفه.

دوورتر لە لوتی نابینێت.

2641 اشترى بَدْلَة جاهزة من السوق.

قاتێکی ئامادەی لەبازاڕ کڕی.

إذا حلمت أنك ارتديت بذلة من المطاط فهذا ينبئ بأنك ستنال الاحترام والتكريم نظراً لسمو أخلاقك وصفاء طبعك.

ئەگەر لەخەودا بینیت قاتێکی لاستیکیت لەبەرکرد ئەوە پێشبینی ئەوەیە کە رێزت لێدەنرێت بەهۆی بەرزیی رەوشت و پاکیی سروشتتەوە.

2642 هەروەها بە (صُدْفات)و (صُدَف)یش کۆدەکرێتەوە.

أجمل ما في الصدفة أنها خالية من الإنتظار.

جوانترین شتی رێکەوت ئەوەیە کە چاوەڕوانی تێدا نیە.

2643 قوَّم الأخطاءَ اللغوية.

هەڵە زمانەوانییەکانی راستکردەوە.

2644 واتە موورادیفی (اختبر)یە.

عجَمَ يَعجُم عَجْمًا، فهو عاجِم، والمفعول مَعْجوم.

عجم الجهاز بنفسه.

خودی خۆی ئامێرەکەی تاقیکردەوە.

2645 جمع قسم: أقْسام. جمع جزء: أجزاء.

قِسْم اللُّغة العربيّة في الجامعة يحتاج ثلاثة أساتذة.

بەشی زمانی عەرەبیی زانکۆکە پێویستی بە سێ مامۆستا هەیە.

(أَكْحَل)و (أَسْود) دێن بە مانای ڕەش[2646]

1130. (وَتْر) واتە تاك[2647]، (وَتْرِيّ) خۆبەشە[2648]

(أَرْعَن) هەڵەشترو هەڵەشە[2649]

1131. (جميع) واتە گشت[2650]، (كُلّ) مانای هەموو[2651]

قرأت الجزء الرئيسي من الكتاب.

بەشی سەرەکیی کتێبەکەم خوێندەوە.

[2646] هەردوکیان بەمانای ڕەش دێن.

جمع أكحل: كُحْل، مؤ كَحْلاءُ، جمع مؤ كَحْلاوات وكُحْل.

جمع أسود: سُود وسُودان، مؤ سوداءُ، جمع مؤ سَوْداوات وسُود.

لون جوّالي أكحل.

ڕەنگی مۆبایلەکەم ڕەشە.

إرتداء اللباس الأسود يدلّ على الحزن.

لەبەرکردنی پۆشاکی ڕەش بەڵگەی خەفەتە.

[2647] جمع أوتار

{وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ}

سوێند بە جوت و تاك.

[2648] الرقم 5 عدد وَتْرِيّ.

ژمارە 5، ژمارەیەکی خۆبەشە.

[2649] بەمانای (هەڵەشتر)و (هەڵەش)ش دێت. واتە لەمانای یەکەمیاندا پلەی بەراورد (إسم تفضيل)ی خۆیەتی.

هو أرعنُ من أخيه.

ئەو لەبراکەی هەڵەشەترە.

زوجها رجل أرعن، لا أحبّ صداقته.

مێردەکەی پیاوێکی هەڵەشەیە، حەزم لەهاوڕێیەتیکردنی نیە.

[2650] حضر جميع الطُّلاب المناسبة.

گشت خوێندکارەکان ئامادەی بۆنەکە بون.

[2651](كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ)

هەموو کەسێك مردن دەچێژێت.

لا تنتظرْ من غيركَ ما تُريدُهُ

فكلّ ما قدْ تحتاجُهُ فيكَ موجودُ

جگە لەخۆت چاوەڕێی هیچ پێویستییەك مەکە لەکەسی تر

(أَمَّ) رویكرده، هینی (يَؤُمُّ)[2652]

1132. (جَدَّة) مانای نەنك، واته داپیره[2653]

(غيَّرَ) گۆڕی، هینی (تغيير)ه[2654]

1133. (عمَد إلى) واته رویكرده[2655]

(قصَدَ)ش رویكرده، هینی (يَقصِد)ه[2656]

1134. (جِلواز)و (جِلَّوز)، هەردوو پۆلیسه[2657]

هەموو ئەو شتانەی كه رەنگه پێویستت بێت، لەخۆتدا هەیه

[2652] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی (هینی) لێرەدا بریتییه له (رانەبردووەكەی بریتییه له).

أَمَّ أَمَمْتُ، يَؤُمّ، اؤْمُمْ/ أمَّ، أمًّا، فهو آمّ، والمفعول مَأْموم.

يؤُمُّ السَّائحون فلسطين لزيارة الأراضي المقدّسة.

گەشتیاران بەمەبەستی سەردانی خاكه پیرۆزەكان رودەكەنه فەلەستین.

[2653] جمع جَدَّات

نەنك= داپیره= دایەگەوره: دایكی دایك یان دایكی باوك.

كانت جدَّته أحنّ عليه من أبيه.

نەنكی لەباوكی بەسۆزتر بوو بۆی.

[2654] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی (هینی) لێرەدا بریتییه له (چاوگەكەی بریتییه له).

غيَّرَ يغيِّر، تغييرًا، فهو مُغيِّر، والمفعول مُغيَّر.

{إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ}

بێگومان خودا دۆخی هیچ نەتەوەیەك ناگۆڕێت تا خودی خۆیان نەیگۆڕن.

[2655] عمَد المسلم إلى المسجد.

موسڵمانەكه رویكرده مزگەوتەكه. واته چوو بۆ مزگەوتەكه.

[2656] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی "هینی" لێرەدا بریتییه له "رانەبردووەكەی بریتییه له".

قصَدَ يَقصِد، قَصْدًا، فهو قاصِد، والمفعول مَقْصود.

يقصد الحجَّاجُ البيتَ الحرام كلَّ عام.

هەموو ساڵێك حاجییان رودەكەنه كەعبه.

[2657] اعتقل الجلواز السارق.

پۆلیسەكه دزەكەی دەستگیركرد.

لماذا الطفل يخاف من الجِلَّوز؟

بۆچی منداڵ لەپۆلیس دەترسێت.

(قَلَنْسُوَة) کڵاو، کۆی (قلانِیس)ه[2658]

1135. "تکایه" چیه؟ واته (رَجاءً)[2659]

وشەی "چرچبوو" مانای (تغضَّنْ)[2660]

1136. (سَفارة) چیه؟ باڵیۆزخانه[2661]

(لَحْن) ئاوازه، کۆکەی (ألحان)ه[2662]

1137. (حُجَّة) بەڵگەیه، هەروەها بیانوو[2663]

(تعلَّمَ)یه، بەمانای فێربوو[2664]

[2658] هەروەها به (قلاسٍ)و (قلاسيّ)و (قلانِس)یش کۆدەکرێتەوە.

ارتدى الرجل قَلَنْسُوَة غريبة.

پیاوەکه کڵاوێکی سەیری لەسەرکرد.

[2659] رَجَاءً أَغْلِقِ النَّافِذَةَ.

تکایه پەنجەرەکه دابخه.

[2660] تَغَضَّنَ جَبِينُ الجَدِّ مِنَ الكِبَرِ.

تەوێڵی باپیره بەهۆی بەساڵاچونەوه، چرچبوو.

[2661] سفارة العراق في زمن نظام صدام إشتركت في تصفية معارضيه.

باڵیۆزخانەی عیراق لەسەردەمی رژێمی سەدامدا، بەشداربووه له لەناوبردنی نەیارەکانیدا.

[2662] به (لُحون)یش کۆدەکرێتەوە.

أحبّ لَحْنَ هذه الأغنية القديمة.

حەزم لەئاوازی ئەم گۆرانییه کۆنەیه.

[2663] هەروەها (عذر)و (معذرة)ش بەمانای بیانوو دێت.

عُذْرك أقبح من ذنبك.

بیانووەکەت لەگوناهەکەت ناشرینتره.

لا أقبل معذرتك.

بیانووەکەت قبوڵ ناکەم.

تعدَّدت الانقلابات العسكريَّة بحجّة إنقاذ الوطن.

به بیانووی رزگارکردنی نیشتمان، کودەتای سەربازی زۆر بووه.

قدّم للقاضي حُجَّةً قويّة.

بەڵگەیەکی بەهێزی پێشکەش به دادوەر کرد.

[2664] خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ.

1138. (مُناوَشة) چیه؟ واته پێكدادان[2665]

(هاوية) دۆزەخ لەگەڵ كەندەڵان[2666]

1139. (بالصُّدْفة) چیه؟ واته بەڕێكەوت[2667]

(أَوجَحَ) لەگەڵ (ظهَرَ) دەركەوت[2668]

1140. (وَضّاح)و (برّاق) هەردوو بریقەدار[2669]

(بِزَّة) جلوبەرگ، هەروەها روخسار[2670]

باشترینتان ئەو كەسەیە فێری قورئان بووەو خەڵكیش فێردەكات.

[2665] جمع مُناوشات. بەمانای پێكدادانی بچوك دێت نەك گەورە.
بدأت اليوم المناوشات الحربيّة بين البلدين المتخاصمين.
ئەمڕۆ پێكدادانی جەنگی لەنێوان دوو وڵاتە ناكۆكەكە دەستیپێكرد.
[2666] لا تقترب من حافة الجبل، فهناك هاوية خطيرة.

لەلێواری شاخەكە نزیك مەبەرەوە، كەندەڵانێكی ترسناكی لێیە.

من يكثر الأخطاء قد يقع في هاوية الفشل.

ئەوەی هەڵە زۆر بكات، رەنگە بكەوێتە كەندەڵانی شكستەوە.

الْهَاوِيَةُ مَأْوَى الظَّالِمِينَ فِي الآخِرَةِ.

لەڕۆژی دواییدا دۆزەخ پەناگای ستەمكارانە.

[2667] رأيتها بالصُّدْفة.

بەڕێكەوت بینیم.

[2668] هەروەها (تراءى)ش بەهەمان مانا دێت.

تراءى لي أنّ مصلحتك في إكمال تعليمك.

بۆم دەركەوت كە بەرژەوەندیی تۆ لەتەواوكردنی خوێندنەكەتدایە.

ظهَر الغَضبُ على وجهه.

تورەیی لەسەر دەموچاوی دەركەوت.

أَوْجَحَ الحصان من بعيد.

ئەسپەكە لەدورەوە دەركەوت.

[2669] قتله بسيف وضّاح.

بە شمشێرێكی بریقەدار كوشتی.

ما كلّ برّاق ذهب.

هەموو بریقەدارێك زێر نیە.

[2670] يرتدي الشابّ البزّة العسكريّة.

1141. (نَحيف) و (نَحِيل)، (هَزيل) لاواز ە[2671]

(حَديث) فەرمودە، هەروەها تازە[2672]

1142. (أجهضَ) لەباربرد، هینی (إجهاض)ە[2673]

(جَديد) مانای نوێ، کەواتە تازە[2674]

گەنجەکە جلوبەرگی سەربازی لەبەردەکات.

یحبّ أن یهتمّ ببِزّتِه أمام الناس.

حەزدەکات گرنگی بە روخساری بدات لەبەردەم خەڵکدا.

[2671] هەرسێکیان بەمانای لاواز دێن. یەکەم و سێیەمیان بەمانای لاواز دێن بەگشتی، بەڵام دووەمیان واتە (نحیل) بەمانای لاوازێك دێت کە هۆکارەکەی نەخۆشی بێت.

زوجها نحیف الجسم.

مێردەکەی جەستەی لاوازە.

المرض جعله شخصاً نحیفاً.

نەخۆشییەکە کردی بە کەسێکی لاواز.

ذلك الولد الهزیل قریبي.

ئەو کوڕە لاوازە خزممە.

[2672] لەمانای دووەمیاندا موڕادیفی (جدید)ە.

هل هذا الحدیث صحیح؟

ئایا ئەم فەرمودەیە سەحیحە؟ واتە ڕاستەو بێگومان پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی؟

الجهاز حدیث، لا أعلم کیفیة إستخدامه.

ئامێرەکە تازەیە، چۆنیەتی بەکارهێنانی نازانم.

المستشفی جدید ولکنه غیر متقدم.

نەخۆشخانەکە تازەیە بەڵام پێشکەوتوو نیە.

[2673] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی هینی لێرەدا بریتییە لە "چاوگەکەی بریتییە لە".

أجهضَ یُجهض، إجهاضًا، فهو مُجْهِض، والمفعول جَهِیض ومُجْهَض.

أجهض خُطَط العدوّ.

پلانەکانی دوژمنی لەباربرد.

[2674] جمع أَجِدّة وجُدَد وجُدُد.

هذا القمیص جدید.

ئەم کراسە تازەیە.

1143. (زَعزَعة) چيه؟ لەقكردنە[2675]

(إجهاض) لەبارچون، لەباربردنە[2676]

1144. (كافِر) بێباوەڕ[2677]، (مُؤمِن) باوەڕدار[2678]

(دِين) واتە ئاين[2679]، (دَيِّن) ئايندار[2680]

1145. (ضَبْع) كەمتيار، هەميش بنقۆڵە[2681]

[2675] چاوگی (زعزع)يە.

زعزعَ يزعزع، زعزعةً، فهو مُزعزِع، والمفعول مُزعزَع.

زعزع الجدلُ إيمانَه.

مشتومڕەكە باوەڕی لەقكرد.

زعزعت الرِّيحُ الشَّجرَة.

بايەكە درەختەكەی لەقكرد.

[2676] بەمانای لەبارچون و لەباربردنيش دێت. چاوگی (أجهضَ)ە.

أجهضَ يُجهض، إجهاضًا، فهو مُجهِض، والمفعول جَهِيض (للمتعدِّي) ومُجْهَض (للمتعدِّي).

أجهضَتِ الحاملُ.

دوگيانەكە لەباريچوو. واتە منداڵەكەی لەبارچوو.

أجهض الطَّبيبُ الحاملَ.

پزيشكەكە دوگيانەكەی لەباربرد. واتە كۆرپەكەی لەباربرد.

[2677] جمع كافرون وكَفَرَة وكُفّار، مؤ كافرة، جمع مؤ كافرات وكوافِرُ.

الكافِرُ يعيش لذاته، والمؤمن يعيش لدينه ولغيره.

بێباوەڕ بۆ خۆی دەژی، بەڵام باوەڕدار بۆ ئاين و كەسانی تر دەژی.

[2678] المؤمن أخ المؤمن، لا يظلمه.

باوەڕدار برای باوەڕدارە، ستەمی لێناكات.

[2679] {إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللهِ الإِسْلاَمُ}

بێگومان ئايين لەلای خودا ئيسلامە.

هدف الدين أن تُسيطر على نفسك، ليس على الآخرين.

ئامانجی ئاين كۆنترۆڵكردنی خۆتە نەك خەڵك.

[2680] ئايندار= ديندار.

زوجها رجل دَيِّن لا يكذب أبدًا.

مێردەكەی پياوێكی ديندارە، بە هيچ شێوەيەك درۆناكات.

(قَوَد)و (قِصاص) هەردوكيان "تۆڵە"[2682]

1146. (عَقِبُ السِّيجارة) ئاغزەجگەرە[2683]

شوتی بەمانای (بِطِّيخ أحمر)ە[2684]

1147. نينۆكدرێژە واتای (أَظْفَر)ە[2685]

(مِرْوحيَّة)يە مانای كۆپتەرە[2686]

1148. (فَرَسْ) مانای ئەسپ، هەروەها مايين[2687]

[2681] جمع أَضبُع وضِباع وضُبُع وضُبُع.

حمل الكتاب في ضبعه.

پەڕتوكەكەی لەبنقۆڵیدا هەڵگرت.

الضبع أكبر من الكلب وأقوى منه.

كەمتيار لەسەگ گەورەترو بەهێزترە.

[2682] تۆڵە= تۆڵەسەندنەوە= تۆڵەكردنەوە.

وشەيەی دووەميان بەمانای تۆڵە بەگشتی دێت، بەڵام يەكەميان بەدياريكراوی كوشتنەوەی بكوژ لەبری كوژراو دێت.

لم يعد القَوَد من مهمَّات أقارب القتيل بل هو أمرٌ يحكم به القضاء.

چيتر تۆڵە (كوشتنەوەی بكوژ) يەكێك لەئەركەكانی كەسوكاری كوژراو، بەڵكو كارێكە دادگا بڕياری لەسەر دەدات.

لا تطلب القِصَاص بنفسك، بل اتركه للقانون.

خودی خۆت بەدوای تۆڵەدا مەگەڕێ، بەڵكو جێی بهێڵە بۆ ياسا.

[2683] رمى الرجل عَقِبُ السِّيجارة على الأرض دون أن يطفئه.

پياوەكە ئاغزە جگەرەكەی فڕێدايە سەرزەوی بەبێ ئەوەی بيكوژێنێتەوە.

[2684] اشتريتُ بِطِّيخًا أَحْمَر للضيوف.

شوتييەكم كڕی بۆ ميوانەكان.

[2685] جمع ظُفْر، مؤ ظَفْرَاءُ، جمع مؤ ظفراوات وظُفْر.

الطائر الأظفر خطير.

باڵندەی نينۆكدرێژ مەترسيدارە.

[2686] كۆپتەر= هێليكۆپتەر: فڕۆكەی پەروانەدار.

طارت المِرْوحيَّة فوق المباني.

كۆپتەرەكە بەسەر باڵەخانەكاندا فڕی.

[2687] جمع أفراس، مؤ فَرَس وفَرَسة.

بەمانای ئەسپ و مايينيش دێت.

(دَقيق) ئاردو ورد[2688]، (مُدَقِّق) وردبين[2689]

[1149.](#) (تَيَّار) تەوژمە، هەروەها رەوتە[2690]

قامچی ماناکەی (کُرْباج)و (سَوْط)ە[2691]

[1150.](#) (بَرِّيَّة)، (صَحْرَاء) هەردوو بیابان[2692]

(دقَّ) لاوازبوو، هەروەها شکان[2693]

سرعة ركض الفرس البالغ تصل إلى 88 كيلومتراً في الساعة.

خێرایی راکردنی ئەسپی پێگەیشتوو دەگاتە 88 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا.

الفرس يستطيع أن يظل شهراً كاملاً واقفاً على أقدامها.

مایین دەتوانێت یەك مانگی تەواو لەسەر پێیەکانی بووەستێت.

[2688] جمع دقيقون وأدِقَّاء وأدقَّة ودقائقُ (لغير العاقل) ودقاق، مۆ دقيقة، جمع مۆ دقيقات ودقائقُ (لغير العاقل).

دقيق القمح أرخص من نظيره الشعيري.

ئاردی گەنم لەهاوتا جۆییەکەی هەرزانترە. واتە لەئاردی جۆ هەرزانترە.

المدرّس دقيق جداً في ملاحظاته.

مامۆستاکە زۆر وردە لەسەرنجەکانیدا.

[2689] يعمل كمُدَقِّق في قسم حسابات المستشفى.

وەك وردبین لەبەشی ژمێریاریی نەخۆشخانەکە کاردەکات.

[2690] لا تلعب مع تَيَّار البحر.

یاری لەگەڵ تەوژمی دەریادا مەکە.

ينتمي الكاتب إلى تيَّار الحداثة.

نوسەرەکە سەربە رەوتی تازەگەرییە.

[2691] علّق الفارس الكُرْبَاج على سرج حصانه.

سوارەکە قامچییەکەی بە زینی ئەسپەکەدا هەڵواسی.

صوت السوط يخيف الحيوانات.

دەنگی قامچی ئاژەڵ دەترسێنێت.

[2692] أكبر صحراء في العالم هي الصحراء الكبرى في شمال أفريقيا.

گەورەترین بیابان لەجیهاندا بیابانی گەورەیە لەباکوری ئەفریقیا.

إيجاد الماء في البرِّيَّة شيء صعب.

دۆزینەوەی ئاو لەبیاباندا شتێکی قورسە.

[2693] دقَّ، دَقَقْتُ، يَدُقّ، ادْقُقْ/ دُقَّ، دَقًّا، دِقّ، دِقَّةً، فهو دقيق و دَاقّ، والمفعول مَدْقوق.

1151. (عادَ) گەڕاوە، هینەکەی یعودْ[2694]

(قَصْد) مەبەستە، جەمعەکەی (قُصود)[2695]

1152. (عائِد) بکەری (عادَ)ە، هەم داهات[2696]

بێگومان مەبەستم لەوشەی (شکان) لێرەدا (شکاند)ە، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە پیتی دالەکەم نەنوسیوە.

دَقَّ جِسْمُهُ بعد المرض.

پاش نەخۆشییەکە جەستەی لاوازبوو.

دَقَّ الطفل التلفاز.

منداڵەکە تەلەفزیۆنەکەی شکاند.

[2694] بێگومان مەبەستم لەوشەی "هینەکەی" لێرەدا بریتییە لە "رانەبردووەکەی بریتییە لە".

عادَ يَعود، عُدْ، عَوْدةً وعَوْدًا، فهو عائد.

گەڕاوە= گەڕایەوە.

عادَ المهاجر الى مسقط رأسه.

کۆچبەرەکە گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی.

عاد أديسون الصغير إلى بيته، قال لأمه: هذه رسالة من إدارة المدرسة. غمرت عينيها الدموع وهى تقرأ لابنها الصغير محتوى الرسالة، حيث قرأت له:

"ابنك عبقري والمدرسة صغيرة عليه وعلى قدراته، عليك أن تعلّميه بالبيت".

مرت السنوات وتوفّيت أم أديسون والذي تحوّل إلى أكبر مخترع بالتاريخ البشري.

وفي أحد الأيام وهو يبحث بخزانة والدته وجد رسالة كان نصها:

" ابنك غبيّ جدا. فمن صباح الغد لن ندخله إلى المدرسة"

بكى أديسون لساعات طويلة وبعدها كتب في دفتر مذكراته: أديسون كان طفلا غبياً ولكن بفضل والدته الرائعة تحول لعبقري.

جارێك ئەدیسۆن بە منداڵی لەخوێندنگە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بە دایکی گوت: ئیدارەی خوێندنگەکە ئەم نامەیان پێداوم. دایکی نامەکەی لێ وەردەگرێت و بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە "نامەکە دەخوێنێتەوە"و پێیدەڵێت: "کوڕەکەت بلیمەتەو خوێندنگەکە بچوکە بە بەراورد بە تواناکانی، بۆیە پێویستە لەسەرت لەماڵەوە فێری بکەیت." چەندین ساڵ هاتن و تێپەڕین و دایکی ئەدیسۆن کۆچیدوایی کردو ئەدیسۆن بوو بە گەورەترین داهێنەر لەمێژوی مرۆڤایەتیدا. رۆژێك لەکاتێکدا بەناو شتە کۆنەکانی دایکیدا دەگەڕا، نامەکەی دۆزییەوە کە تێیدا نوسرابوو: "کوڕەکەت زۆر گێلە، لەسبەینێوە نایەڵین بێتە ناو خوێندنگەکە". کاتێك ئەدیسۆن ئەمەی بۆ دەرکەوت، کاتێکی زۆر گریاو دواتر لەیاداشتەکانیدا نوسیویەتی: "ئەدیسۆن منداڵێکی گێل بوو، بەڵام بە هۆی دایکە نایابەکەیەوە بوو بە بلیمەتێك."

[2695] ليس لي قَصْد إزعاجك.

مەبەستم بێزارکردنت نەبوو.

[2696] (عادَ) واتە گەڕایەوە، واتە بکەرەکەی دەبێتە (گەڕاوە).

(مِصْهَر) توێنەر، کۆکەی (مِصْهرات)[2697]

1153. (ظَلیم) حوشترمل، ستەملێکراو[2698]

(غاسِق) واتە شەو، بەس ئەنگوستەچاو[2699]

1154. (بُرْج) تاوەرە، جەمعەکەی (أبراج)[2700]

(لَجَّ) پێیداگرت، چاوگەکەی (لَجَاج)[2701]

الطالب العائدُ إلى المدرسة كان فرحًا.

فێرخوازە گەڕاوەکەی قوتابخانە خۆشحاڵ بوو.

عائدُ تجارتي الحالية قليل.

داهاتی بازرگانییەکەی ئێستام کەمە.

[2697] توێنەر: ئامێرێك کە شت بتوێنێتەوە.

دَرَجَةُ الحَرَارَةِ فِي المِصْهَرِ عَالِيَةٌ جِدًّا.

پلەی گەرمای توێنەرەکە زۆر گەرمە.

[2698] جمع ظُلْمان وظِلْمان.

بەدیاریکراوی بەمانای حوشترمل (نەعامە)ی نێر (نەك هی مێ)و ستەملێکراو دێت.

وَلَدٌ ظَلِيم سبب أنتفاضة كبيرة.

کوڕێکی ستەملێکراو بووەهۆی راپەڕینێکی گەورە.

اتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللهِ حِجَابٌ.

لەنزای ستەملێکراو بترسە، بێگومان هیچ پەردەیەك لەنێوان ئەوو خودادا نیە.

كان يعدو عَدْوَ الظليم.

وەك حوشترملی نێر رایدەکرد.

[2699] بەمانای شەوی ئەنگوستەچاو دێت. ئەنگوستەچاو= زۆر تاریك.

هل تتجرأ على زيارة المقابر في الغاسق؟

ئایا بوێریی ئەوەت هەیە لەشەوی ئەنگوستەچاودا سەردانی گۆڕستان بکەیت؟

[2700] هەروەها بە (بُروج)یش کۆدەکرێتەوە.

ما اسم البرج الأطول الذي بناه الإنسان طِوال حياة البشرية حتّى الآن؟

درێژترین تاوەر کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتی دروستیکردووە، ناوی چیە؟ تاوەری خەلیفە لە ئیمارات

[2701] هەروەها بە (لجَج)و (لَجَاجة)ش دەبێتە چاوگ.

لجَّ عليه في تعيينه موظَّفًا بالشَّركة.

پێیداگرت لەسەری بۆ دامەزراندنی وەك کارمەند لەکۆمپانیاکە. واتە سوربوو لەسەری بۆ ئەو مەبەستە.

1155. (مُعلِّم) چيه؟ واته مامۆستا[2702]

(راهِن)و (حالي)، هەردوكيان ئێستا[2703]

1156. مامۆستا چيه؟ (مُدَرِّس)ه[2704]

(مَداس) پێڵاوه، كۆكەی (أمْدِسة)[2705]

1157. (هُدْب) برژانگه[2706]، (حاجِب)يش برۆ[2707]

(فَخِذ) واته ران[2708]، (رُكْبَة)يه ئەژنۆ[2709]

[2702] بەمانای مامۆستای ئاستی خوار خوێندنی باڵا دێت، بەڵام (مُدَرِّس) بەرزتره.

المعلّم شخص يعلّم التلاميذ كيف يتجنبون المصاعب التي لولاها ما صار معلماً!

مامۆستا كەسێكه قوتابييان فێردەكات چۆن خۆيان لەو كۆسپانه لابدەن كه ئەگەر نەبونايه، ئەم نەدەبوو به مامۆستا!

[2703] هەروەها (الآنَ)يش بەمانای ئێستا دێت.

الوضع الراهن صعب للموظفين.

دۆخی ئێستا سەختە بۆ فەرمانبەران.

لا أستطيع شراء بيت جديد في الوضع الحالي.

لەم دۆخەی ئێستادا ناتوانم ماڵێكی تازه بكڕم.

الآنَ قَدِ اكْتَمَلَ عدد الضيوف.

ئێستا ژمارەی میوانەكان تەواو بوو.

[2704] (مُعلِّم) بەمانای مامۆستای ئاستی خوار خوێندنی باڵا دێت، بەڵام (مُدَرِّس) بەرزتره.

مُدَرِّس اللغة العربيّة يتكلّم بفصاحة.

مامۆستای زمانی عەرەبی به زمانپاراوی قسەدەكات.

[2705] المداس يحمي القدم من المؤثرات الخارجية.

پێڵاو پێ لەكارتێكەره دەرەكييەكان دەپارێزێت.

[2706] هەروەها به (هُدُب)يش دەنوسرێت.

الجمع: أَهْداب، مفرد هُدْبة وهُدُبة.

أَهْدابها جذّابة جدّاً.

برژانگەكانی زۆر سەرنجڕاكێشن.

[2707] جمع حواجب

ظهر الشَّيب في حاجبه الأيمن.

پيری لەبرۆی راستيدا دەركەوت.

[2708] جمع أفخاذ.

1158. (عِضادَة) چیە؟ واتە کۆڵەکە[2710]

(قَیْنة) موغەننی، هەم کەنیزەکە[2711]

1159. (لَبُوس) قەڵغان و پۆشاك و شافە[2712]

(طَرَفْ) واتە پەل، کۆکەی (أطراف)ە[2713]

یعاني من ألمٍ في فَخِذِه اليُمنى.

بەدەست ئازارێکەوە دەناڵێنێت لەڕانی ڕاستیدا.

[2709] جمع رُكُبات ورُكْبات ورُكَب.

أجريت له عملية جراحية في ركبته اليسرى.

نەشتەرگەرییەکی لەئەژنۆی چەپیدا بۆ ئەنجامدرا.

[2710] جمع عضادات وعضائد.

کۆڵەکە= پایە.

استخدم المعماريّ عضائد أكثر سمكًا.

ئەندازیارە بیناسازەکە کۆڵەکەگەلی ئەستورتری بەکارهێنا.

[2711] جمع قَیْنات وقَیَنات وقِیان.

موغەننی= (مغنّي)= گۆرانیبێژ.

بەدیاریکراوی بەمانای گۆرانیبێژی ژن و کەنیزەك دێت. سەرباری ئەوەش بەمانای ژنی ئارایشتکاریش دێت.

كانت القَيْنة جميلة جداً.

خانمەگۆرانیبێژەکە زۆر جوان بوو.

ارحم القَيْنة يرحمك الله.

بەزەییت بە کەنیزەکەکەدا بێتەوە، خودا بەزەیی پێتدا دێتەوە.

[2712] الْبِس لكلّ حالةٍ لَبُوسَها.

بۆ هەموو دۆخێك پۆشاکی تایبەت بە دۆخەکە لەبەربکە.

هل تجيد استخدام اللبوس؟

دەتوانیت بە باشی قەڵغانەکە بەکاربهێنیت؟

كان اللَبُوس مؤثراً لتخفيض درجة حرارة الطفل.

شافەکە کاریگەر بوو لەدابەزاندنی پلەی گەرمای منداڵەکە.

[2713] بێگومان مانای تریشی زۆرە.

الإنسان له أربعة أطراف.

مرۆڤ چوار پەلی هەیە.

1160. (نسَا) بەمانای وازیلێهێنا[2714]

(أَحْرَزَ) پاراست، هەم بەدەستهێنا[2715]

1161. (خامِل) نەناسراو، هەروەها تەمبەڵ[2716]

(قاعدَ) واتە دانیشت لەگەڵ[2717]

1162. (حبِلَ) دوگیانبوو، چاوگەکەی (حَبَلْ)[2718]

نیشتەجێبوو لە، ماناکەی (شغَلْ)[2719]

1163. (خِرْقةُ النَّسا) مانای دەردەشا[2720]

(استقطبَ)یە واتای ڕاکێشا[2721]

2714 نسَا يَنسُو، انْسُ، نَسْوَةً، فهو ناسٍ، والمفعول مَنْسُوّ.

نسَا الشابُّ اللّهوَ.

گەنجەکە وازی لەگەمەو ڕابواردن هێنا.

2715 أحرز الجهاز من يد طفله المزعج.

ئامێرەکەی لەدەست منداڵە بێزارکەرەکەی پاراست.

أحرز المنتخب العراقي لقب البطولة.

هەڵبژاردەی عیراق نازناوی پاڵەوانێتییەکەی بەدەستهێنا.

2716 جمع خامِلون وخُمُل وخَمَلة، مؤ خامِلة، جمع مؤ خاملات وخواملُ.

لا أحبّ التلميذ الخامل.

قوتابیی تەمبەڵم خۆشناوێت.

إنه شخص خامل، لا يعرفه إلا أقرباءه.

بێگومان کەسێکی نەناسراوە، تەنها خزمەکانی دەیناسن.

2717 يُحِبُّ هذا الشّابُّ أن يقاعد العلماءَ الكبارَ.

ئەم گەنجە حەزدەکات لەگەڵ گەورەزانایاندا دانیشێت.

2718 حبِلتِ المرأةُ في سنّ الأربعين.

ژنەکە لەتەمەنی چلساڵیدا دوگیانبوو.

2719 شغَلَ المستأجرُ الدّارَ.

کرێچییەکە لەماڵەکە نیشتەجێبوو.

2720 هەروەها (نقرس، داء المفاصل، داء الملوك)یشی پێدەووترێت.

خِرْقةُ النَّسا مرض مزعج.

1164. (خِرْقة) بەمانای پەڕۆی سڕینە[2722]

(واسِع)و (ضَخْم) هەردوو بەرینە[2723]

1165. هەڵات (أبَقَ) لەگەڵ (أبِقَ)[2724]

(مِلْعَقَة) کەوچك، کۆی (مَلاعِق)ە[2725]

1166. (رکِبَ) سواربوو، لەگەڵ ئەنجامدا[2726]

دەردەشا نەخۆشییەکی بێزارکەرە.

2721 استقطبت قضيّةُ الحريّة جهود الدوْلة كُلَّها.

پرسی ئازادی هەموو هەوڵەکانی دەوڵەتی راکێشا. واتە هەوڵدانی دەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا.

2722 نظّف المنضدة بالخِرْقة.

مێزەکەی بە پەڕۆی سڕینەکە پاککردەوە.

2723 بەرین= فراوان.

الطريق الضَخْم يقلل حوادث المرور.

رێگای بەرین روداوی هاتوچۆ کەمدەکات.

بنيتُ غرفة واسعة للضيوف.

ژورێکی بەرینم بۆ میوان دروستکرد.

2724 أبَق الخادمُ.

خزمەتکارەکە هەڵات.

أبِق المجرم بعد ارتكاب الجريمة.

تاوانبارەکە پاش ئەنجامدانی تاوانەکە هەڵات.

2725 ج: مَلاعِق

إذا رأى الرجل في المنام أنه يقدم لزوجته ملعقة من الذهب أو الفضة فهذا يدل على أنه سوف تتيسر أحواله المالية وانه سوف يرتقي بحياته معها إلى الأحسن والأفضل.

ئەگەر پیاو لەخەودا بینی کەوچکێکی زێڕ یان زیو پێشکەش بە ژنەکەی دەکات، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دۆخی دارایی و ژیانی پێکەوەییان باشتردەبێت.

2726 ركِبَ يَركَب، رُكوبًا، فهو راكب، والمفعول مَرْكوب.

ركِب الذَّنْبَ ثم ندم.

گوناهەکەی ئەنجامدا، دواتر پەشیمانبووەوە.

ركوب الذنوب يقلل من هيبة الإنسان.

ئەنجامدانی گوناهـ شکۆی مرۆڤ کەمدەکاتەوە.

(راقَ)و (اِنصبَّ) هەردوكيان رژا[2727]

1167. (هُنَيْهَة) چيە؟ ماوەيەكی كەم[2728]

(إِحليل) مانای چوك، هەروەها گۆی مەم[2729]

1168. (ضَرْع) واتە گوان، جەمعەكەی (ضُروع)[2730]

(طلَعَ) هەڵهات، چاوگەكەی (طُلُوع)[2731]

ركوب القطار عمل غير متعب.

سواربونی شەمەندۆفێر كارێكی ماندوكەر نيە.

ركِب الدابةَ بسرعة.

بەخێرايی سوار وڵاخەكە بوو.

[2727] (انسكب)ش بەهەمان مانا دێت.

راق الماءُ.

ئاوەكە رژا.

انصبَّ النهرُ في البحر.

روبارەكە رژايە ناو دەرياكەوە.

انسكب اللبنُ.

شيرەكە رژا.

[2728] ماوەيەكی كەم بەمانای كاتێكی كەم و كەمێك.

جلس هُنَيْهة ثم انصرف.

كەمێك دانيشت، پاشان رۆيشت.

[2729] جمع أحاليل

گۆی مەم= گۆی مەمك.

أُصيب بالتهاب في الإحليل.

توشی هەوكردنی چوك بوو.

إحليل المرأة مكان خصب لنقل الجراثيم.

گۆی مەمكی ژن ناوچەيەكی بەپيتە بۆ گواستنەوەی ميكرۆب.

[2730] ضَرْع البقرة كبير جداً.

گوانی مانگاكە زۆر گەورەيە.

[2731] طلَعَ يَطلُع، طُلُوعًا، فهو طالِع.

طلَع القمرُ في المساء.

1169. (اِعتصام) چیە؟ مانگرتنە[2732]

(مَخْدَع)و (مِخْدَع) ژوری نوستنە[2733]

1170. (صحَّحَ) چیە؟ راستکردەوە[2734]

(أيقظَ) مانای خەبەرکردەوە[2735]

1171. (قطَبَ) چیە؟ کۆکردەوە[2736]

(جرَدَ) پاککرد، هەم روتکردەوە[2737]

ئێوارە مانگ هەڵهات.

[2732] استمرّ اعتصامُ الطلاَّب ثلاثة أيّام.

مانگرتنی فێرخوازەکان سێ ڕۆژی خایاند.

[2733] جمع مَخادِع.

اقتحم اللِّصُّ على الثَّريّ مِخْدَعه.

دزەکە هەڵیکوتایە سەر ژوری نوستنی دەوڵەمەندەکە.

[2734] صحَّحَ يصحِّح، تصحيحًا، فهو مُصَحِّح، والمفعول مُصحَّح.

أعلى مراتب التوازن النفسي عدم السعي لتصحيح سوء الظن بك.

بەرزترین پلەی هاوسەنگیی دەرونی بریتییە لەهەوڵنەدان بۆ راستکردنەوەی ئەو گومانە خراپانەی بەرامبەر تۆ دەبرێن.

صَحِّحْ معلوماتك.

زانیارییەکانت راستبکەرەوە.

[2735] الجهل كالنوم ردة فعلك الأولى على من يوقظك هي الغضب.

نەزانی وەك نوستن وایە، یەکەم کاردانەوەت بەرامبەر ئەو کەی خەبەرتدەکاتەوە، توڕەبونە.

[2736] قطَبَ يَقطِب، قَطْبًا، فهو قاطِب، والمفعول مَقْطوب وقَطِيب.

قَطَبَ الأطفالُ ألعابهم بعد انتهاء اللعب.

پاش تەواوبونی یارییەکە، منداڵەکان یارییەکانیان کۆکردەوە.

قطب الحبل.

گوریسەکەی کۆکردەوە.

[2737] جرَدَ يَجرُد، جَرْدًا، فهو جارِد، والمفعول مَجْرود.

جرَد البطاطسَ.

پەتاتەکەی پاککرد. واتە توێکڵەکەی لێکردەوە.

جرَده من ثوبه.

لەجلوبەرگەکەی روتکردەوە. واتە جلوبەرگەکەی لەبەرداکەند.

1172. (كَنيف) ئاودەستە، کۆکەی (كُنُف)ە[2738]

دەف ماناکەی (دَفّ) لەگەڵ (دُفّ)ە[2739]

1173. (أصابَ) چیە؟ بەدەستهێنا[2740]

خوێندەوەو ئاواتیخواست (تمنَّی)[2741]

1174. (مُهِمّ)، لەگەڵ (هامّ) هەردوو "گرن"ە[2742]

(سُوار)و (سِوار) مانای بازنە[2743]

2738 یوجَدُ كَنِیفٌ في كُلِّ شَقَّةٍ.

هەموو شوقەیەك ئاودەستێکی تێدایە.

2739 جەمعەکەی (دُفُوف)ە.

یُعْجِبُنِي صَوْتُ الدُفّ (الدَفّ).

حەزم لەدەنگی دەفە.

2740 من رأى في المنام أنه یُجَامع ملكاً فَإن وجد لَذَّة أصَاب مَالا والّا دلّ على مَوته.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی سەرجێیی لەگەڵ فریشتەیەکدا دەکات، ئەگەر چێژی لێبینی، ئەوە سامان بەدەستدەهێنێت، ئەگەرنا ئاماژەیە بۆ مردنی.

2741 تمنَّى الطالب الكتابَ.

خوێندکارەکە کتێبەکەی خوێندەوە.

تمنَّى أن یسافر الى إحدى الدول الأوروبیة.

ئاواتیخواست گەشتبکات بۆ یەکێك لەوڵاتە ئەوروپییەکان.

2742 بێگومان مەبەستم لەوشەی (گرن) لێرەدا (گرنگ)ە، بەڵام لەبەر پاراستنی سەروای شیعرەکە پیتی (گ)ەکەم نەنوسیوە.

أرید أن أتكلم معك حول أَمْر مُهِمّ.

دەمەوێت سەبارەت بە کارێکی گرنگ قسەت لەگەڵدا بکەم.

إكمال الدراسة الجامعیة هامّ جدًّا.

تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ زۆر گرنگە.

2743 جمع أَسْوِرَة، جمع الجمع أساوِر.

هەروەها (دُملُج)یش بەمانای بازن دێت.

بازن= بازنە.

فَقَدَت الفتاةُ سُوارَهَا (سِوارَهَا)الجدیدَ في الحدیقة.

کچەکە بازنە تازەکەی لەباخچەکەدا ونکرد.

اشتریت دُملُجاً جیملاً لخطیبتي.

1175. (كذَّبَ) واته بەدرۆخستۆ[2744]

(خَشَبَةُ المَسْرح) تەختە هی شانۆ[2745]

1176. (صَدْر) پێشەوە، هەروەها سنگە[2746]

(ماسّ)و (مَفْصِلِيّ) هەردوو گرنگە[2747]

1177. (عارِض) کاتییە، کۆی (عارِضون)ە[2748]

بازنەیەکی جوانم کڕی بۆ دەزگیرانەکەم.

[2744] كذَّبَ يكذِّب، تكذيبًا وكِذّابًا، فهو مُكذِّب، والمفعول مُكذَّب.

كذَّب المتّهم الشاهِدَ.

تۆمەتبارەکە شایەتەحاڵەکەی بەدرۆخستەوە.

[2745] بەمانای تەختی شانۆ دێت.

ظَهَرَ الطِفْلُ عَلَى خَشَبَةِ المَسْرَحِ للمَرّةِ الأُولَى.

منداڵەکە بۆ یەکەمینجار لەسەر تەختی شانۆ دەرکەوت.

[2746] جمع صدور

بەمانای پێشەوەو سنگ دێت.

پێشەوە: پێشەوە: بەشی پێشەوە.

صَدْرُ الكِتاب خالٍ من المعلومات المفيدة ولكن البقيّة مؤثّرة.

پێشەوەی کتێبەکە هیچ زانیارییەکی بەسودی تێدا نیە، بەڵام ئەوانی تر کاریگەرن.

عندي ألم حاد في الصدر.

سنگم ئازارێکی توندی تێدایە.

[2747] هەروەها (مُهِمّ)و (هامّ)یش بەمانای گرنگ دێن.

أريد أن أتكلّم معك حول أَمْر مُهِمّ.

دەمەوێت سەبارەت بە کارێکی گرنگ قسەت لەگەڵدا بکەم.

إكمال الدراسة الجامعية هامّ جدًّا.

تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ زۆر گرنگە.

أجمعتنا حاجة ماسَّة.

پێویستییەکی گرنگ کۆیکردینەوە.

المفاوضات السّورية- الإسرائيلية محور مفصليّ في عملية السّلام.

دانوستانەکانی نێوان سوریاو ئیسرائیل تەوەرێکی گرنگن لەپرۆسەی ئاشتیدا.

[2748] الحُبّ العارض لا يؤدي الى الزواج.

"پێشەکی"ی کڕین مانای (عَرْبُون)ە[2749]

1178. (فصَدَ) چیه؟ خوێنی لێگرت[2750]

(توضَّأَ)یە ئەی دەستنوێژیگرت[2751]

1179. (صُرَّة) تورەکە، جەمعەکەی (صُرَر)[2752]

گەرم و گەرمی هەردوو مانای (حَرّ)[2753]

1180. (لبِسَ)، (ارتدى) هەردوو لەبەرکرد[2754]

خۆشەویستیی کاتی ناگات بە هاوسەرگیری.

[2749] هەروەها بە (عُرْبُون)یش دەنوسرێت.

جمع عرابينُ.

لا أفضِّل أخذ العرابين.

وەرگرتنی پێشەکیی کڕین، بە شتێکی باش نازانم.

[2750] فصَدَ يَفصِد فَصْدًا وفِصادًا، فهو فاصِد، والمفعول مَفْصود.

فصَد الممرض المريضَ.

پەرستارەکە خوێنی لەنەخۆشەکە گرت.

[2751] توضَّأَ، توضَّأ لـ، يتوضَّأ، توضُّؤًا، فهو مُتوضِّئ، والمفعول مُتَوَضَّأ له.

توضَّأ لصلاة الفجر.

دەستنوێژیگرت بۆ نوێژی بەیانی.

[2752] هەروەها بە (صُرَّات)یش کۆدەکرێتەوە.

سرق اللصّ صُرَّة نقود التاجر.

دزەکە تورەکە پارەکەی بازرگانەکەی دزی.

[2753] اليوم حَرّ جداً.

ئەمڕۆ زۆر گەرمە.

{قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا}

پێیان بڵێ ئاگری دۆزەخ گەرمییەکەی سەختترە.

[2754] لبِسَ يَلبَس، لُبْسًا، فهو لابس، والمفعول مَلْبوس.

ارتدى، يَرتَدي، ارْتَدِ، ارتداءً، فهو مُرتَدٍ، والمفعول مُرتَدًى.

لبِس الثَّوبَ بسرعة.

خێرا جلوبەرگەکەی لەبەرکرد.

ارتدى قميصه الجديد للحفلة.

(ذبَّ)، (طرَدَ)، (أَخْرَجَ) دەركرد[2755]

1181. (نزَل) باری، هەم سازشیكرد[2756]

وشەی (غصّنَ) مانای لقیكرد[2757]

1182. (دِرَّة) قامچییە[2758]، (دُرَّة) مرواری[2759]

(لَطَفْ) مەسدەری (لطَفَ)و دیاری[2760]

كراسە نوێیەكەی لەبەركرد بۆ ئاهەنگەكە.

2755 ذبَّ، ذبَبْتُ، يَذُبّ، اذْبُبْ/ ذُبّ، ذَبًّا، فهو ذابّ، والمفعول مَذْبوب.

ذبَّ البائعُ الذبابَ عن الحلوى.

فرۆشیارەكە مێشەكانی لەسەر شیرینییەكە دەركرد.

طرَدَ، يَطرُد، طَرْدًا، فهو طارِد، والمفعول مَطْرود وطريد.

طرَد العدُوَّ من البلاد.

دوژمنی لەوڵات دەركرد.

أخرجَ يُخرج ، إخراجًا ، فهو مخرِج ، والمفعول مخرَج.

أخرج المدرّس الطالب المزعج من الصفّ.

مامۆستاكە فێرخوازە بێزاركەرەكەی لەپۆلەكە دەركرد. واتە كردییە دەرەوە.

2756 نزَلَ يَنزِل، نُزُولاً فهو نازِل.

نزَل المطرُ أولّ يوم الشتاء.

یەكەم رۆژی زستان باران باری.

نزَل عن حقّه لوجه الله.

لەبەر خاتری خودا سازشی لەمافی خۆی كرد. واتە وازی لێهێنا.

2757 غصّنَت الشجيرة في فصل الربيع.

نەمامەكە لەوەرزی بەهاردا لقیكرد.

2758 جمع دِرّات ودِرَر.

ضرب العبد المسكين بالدِّرَّة.

بە قامچییەكە لەكۆیلە داماوەكەی دا.

2759 جمع دُرَّات ودُرّ ودُرَر.

لم أر دُرَّة في حياتي.

لەژیانمدا مرواریم نەبینیوە.

2760 مەسدەری (لَطَفْ)= چاوگی كاری (لطَفَ)= نەرمبون.

1183. جوێندان (مُسابَّة)، لەگەڵ (سِباب)ە[2761]

(عازِب) سینگڵە، جەمعی (عُزَّاب)ە[2762]

1184. (مَظلوم) بەمانای ستەملێکراو[2763]

(مطرود)و (طَرید) هەردوو دەرکراو[2764]

لطَفَ بـ/ لطَفَ لـ يَلطُف، لَطَفًا ولُطْفًا، فهو لطيف، والمفعول ملطوف به.

نرجو اللهَ أن يَلطُف بنا جميعًا.

تکاکارین خودا نەرمبێت لەگەڵ هەمواندا.

لەمانای دووەمیاندا موورادیفی وشەی (هديَّة)یەو جەمعەکەی (ألطاف)ە.

أعطاني جاري لَطَفًا عند عودته من السفر.

دراوسێکەم لەکاتی گەڕانەوەیدا لەگەشتەکە، دیارییەکی پێدام.

[2761] هەروەها (سبّ)و (شتم)یش بەمانای جوێندان دێت. هەرچواریان چاوگن.

المُسابَّة عمل غير أخلاقي.

جوێندان کارێکی نائەخلاقییە.

سبابُ الْمُسْلِمِ ذنب كبير.

جوێندان بە موسڵمان گوناهێکی گەورەیە.

سَبّ الشيعة لرموز السنة عمل غير مبرّر.

جوێندانی شیعە بە سیمبولەکانی سوننە کارێکی بێبەهانەیە.

شتم الطالب الكسول غير مقبول.

جوێندان بە فێرخوازی تەممەڵ کارێکی قبوڵکراو نیە.

[2762] سینگڵ: بێهاوسەر.

شقيقي شابّ عازب.

براکەم گەنجێکی سینگڵە.

[2763] هەروەها (ظَلیم)یش بەهەمان مانا دێت.

اتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللهِ حِجَابٌ.

لەنزای ستەملێکراو بترسە، بێگومان هیچ پەردەیەك لەنێوان ئەوو خودادا نیە.

[2764] جمع طريد طُرَدَاءُ وطَرْدَى، مؤ طريد وطريدة، جمع مؤ طريدات وطرائد.

العامل المطرود حزين جداً.

کرێکارە دەرکراوەکە زۆر خەفەتبارە.

الطالب الطريد يكره المدرس.

1185. (اِشتمَّ)، (شَمَّ) هەردوكيان بۆنكرد[2765]

وشەی (أغصنَ) مانای لقيكرد[2766]

1186. (راحَ) "بۆنكرد"ە، (يَريحْ) بۆندەكات[2767]

(مَحَطَّة) وێستگە، كۆكەی (محطَّات)[2768]

1187. (بَيدَر) لەگەڵ (جُرْن) هەردوكيان خەرمان[2769]

فێرخوازی دەركراو رقی لەمامۆستایە.

[2765] هەروەها وشەی (راح)ش بەهەمان مانا دێت.

من أعان على مؤمن أو قتل مؤمنًا لم يرِح رائحة الجنَّة.

هەركەسێك يارمەتی كەسێك بدات لەدژی بڕوادارێك يان بڕوادارێك بكوژێت، ئەوە بۆنی بەهەشت ناكات.

اشتمَّ العِطر.

بۆنی عەترەكەی كرد.

شمَّ الوَرد.

بۆنی گوڵەكەی كرد.

[2766] هەروەها (غصّنَ)ش بە هەمان مانا دێت.

أغصنتِ الشَّجرةُ.

درەختەكە لقيكرد.

غصّنَت الشجيرة في فصل الربيع.

نەمامەكە لەوەرزی بەهاردا لقيكرد.

[2767] راحَ يَريح ، رِحْ ، رَيْحًا ، فهو رائح ، والمفعول مَريح.

راح الطفل جميع الورود.

منداڵەكە بۆنی سەرجەم گوڵەكانی كرد.

[2768] هەروەها بە (محاطُّ)يش كۆدەكرێتەوە.

وقفت السيارة في مَحَطَّة الوقود.

ئۆتۆمبێلەكە لەوێستگەی سوتەمەنييەكە وەستا.

[2769]خەرمان: شوێنی پاككردن و كۆكردنەوەی كاتيی دانەوێڵە لەنزيك كێڵگە.

باع الفلاح حبوبه في البَيْدَر.

جوتيارەكە دانەوێڵەكەی لەخەرمانەكەدا فرۆشت.

نقلوا حصادهم إلى الجُرْن.

بەروبومە كشتوكاڵييەكەيان گواستەوە بۆ خەرمانەكە.

(حادّ) توندو تیژە[2770]، (مِسَنّ)یش هەسان[2771]

1188. (قَدَمْ) واتە پێ، جەمعەکەی (أقدام) [2772]

(بَیْدَ أنَّ)ەیە، بەمانای بەڵام[2773]

1189. (خَطّ) نوسینە، هەروەها هێڵە[2774]

(کدُرَ) لێڵبوو[2775]، (کَدِرْ)یش لێڵە[2776]

[2770] جمع حادُّون وحِداد. بەمانای توندو تیژیش دێت.

هناك ألم حادّ في يدي اليمنى.

ئازارێکی توند لەدەستی راستمدایە.

قطع السكين الحادّ يدها.

چەقۆ تیژەکە دەستی بڕی.

[2771] هەسان= تیژکەر: بەردی تیژکردنی چەقۆو مقەست یان هەر ئامێرێکی تری تیژکەر.

اشتريت مِسَنّاً آليّاً لزوجتي.

هەسانێکی ئۆتۆماتیکیم بۆ ژنەکەم کڕی.

[2772] قَدَمك اليسرى عريضة.

پێی چەپت پانە.

[2773] واتە مورادیفی (لکنْ)ە.

هو كثير المال بَيْدَ أنَّه بخيل.

سامانی زۆرە، بەڵام چروکە.

زرت مكّة، لكنْ أخي زار المدينة.

من سەردانی مەککەم کرد، بەڵام براکەم سەردانی مەدینەی کرد.

[2774] بەمانای نوسین (بەدەست نەك بە کۆمپیوتەر) و هێڵیش دێت.

خطّك جميل.

نوسینت جوانە. واتە دەسخەتت جوانە.

هل تستطيع رسم خطّ مستقيم بدون إستخدام المسطرة؟

ئایا دەتوانیت هێڵێکی راست بکێشیت بەبێ بەکارهێنانی راستە؟

[2775] كدُرَ يَكدُر، كدارةً وكُدُورةً، فهو كدير.

كدُر الماءُ بسبب المعمل.

ئاوەکە بەهۆی کارگەکەوە لێڵبوو.

[2776] إن رأى مريض في المنام مَطَرا شَدِيدا كدرا متواترا هلك فِي ذَلِك الْمَرَض.

1190. (ضرورة) چیە؟ واتە پێویستی[2777]

(حَبّ) دانەوێڵە[2778]، (حُبّ) خۆشەویستی[2779]

ئەگەر نەخۆشێك لەخەودا بارانبارینێکی توندی لێڵی بەردەوامی بینی، ئەوە ئەو کەسە بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێدەهێڵێت!

[2777] جمع ضَرُورات وضَرَائِرُ.

الضرورة أم الاختراع.

پێویستی دایکی داهێنانە.

[2778] جمع الجمع حُبوب،مفرد حَبَّة.

يأكل الطير حبوب الحقل.

باڵندە دانەوێڵەی کێڵگەکە دەخوات.

[2779] الحبّ أعمى.

خۆشەویستی کوێرە.

لو كان حُبُّكَ صادقًا لأطعته

إنّ المحبّ لمن يحبُّ مطيع

ئەگەر خۆشەویستییەکەت راستبوایە، بەگوێم دەکرد

بێگومان خۆشەویست گوێڕایەڵی ئەو کەسەیە کە خۆشیدەوێت

الحب هو القوة الوحيدة القادرة على تحويل العدو إلى صديق.

خۆشەویستی تەنها هێزە کە دەتوانێت دوژمن بگۆڕێت بۆ هاوڕێ.

أينما وجد الحب، وجدت الحياة.

لەهەر شوێنێك خۆشەویستی هەبێت، ژیان هەیە.

الحُبّ نورٌ، يبدّد عتمة القلوب.

خۆشەویستی روناکییەکە تاریکیی دڵ دەڕەوێنێتەوە.

الحُبّ قوةٌ، تهزم المستحيل.

خۆشەویستی هێزێکە مەحاڵ دەبەزێنێت.

الحُبّ وعدٌ، إذا صَدَق دام للأبد.

خۆشەویستی بەڵێنێکە ئەگەر راستبوو، بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.

طريق الحبّ مليء بالأشواك.

رێگای خۆشەویستی پڕە لەدڕك.

لا تُقاس متعة الحب إلا بعذابه.

چێژی خۆشەویستی تەنها بە ئازارەکەی دەپێورێت.

1191. (تفاؤل) چیه؟ واتە گەشبینی[2780]

(تشاؤُم) حەتمەن مانای رەشبینی[2781]

الحب مثل الشبح، الجميع يتحدث عنه، ولكن قلّما يراه أحد.

خۆشەویستی وەك تارمایی وایە، هەموان قسەی لەسەردەكەن، بەڵام كەم كەس دەیبینێت.

[2780] التفاؤل من الله، أما التشاؤم فيولد في دماغ الإنسان.

گەشبینی لەلایەن خوداوەیە، بەڵام رەشبینی لەدەماخی مرۆڤدا لەدایكدەبێت.

التفاؤل هو الإيمان الذي يؤدي إلى الإنجاز.

گەشبینی ئەو باوەڕەیە كە دەسكەوتی لێدەكەوێتەوە.

التفاؤل سرّ من أسرار النجاح.

گەشبینی یەكێكە لەنهێنییەكانی سەركەوتن.

التفاؤل يمنحك هدوءًا في زمن العواصف.

گەشبینی لەسەردەمی گەردەلولدا ئارامیت پێدەبەخشێت.

بالتفاؤل نصنع الأمل، وبالأمل نصنع الحياة.

گەشبینی هیوای پێ دروستدەكەین، هیواش ژیانی پێ دروستدەكەین.

[2781] التشاؤُم سمٌّ بطيء، يقتل الفرح قبل أن يولد.

رەشبینی ژەهرێكی خاوە، دڵخۆشی دەكوژێت پێش ئەوەی لەدایك ببێت.

التشاؤُم رؤية ضيّقة، لا ترى إلا الظلام.

رەشبینی تێڕوانینێكی تەسكە، تەنها تاریكی دەبینێت.

گرنگترین سەرچاوەکان

1. لسان العرب
2. مختار الصحاح
3. القاموس المحيط
4. المعجم الوسيط
5. www.almaany.com

بۆ سودمەندبونی زیاتر لەبابەتە زمانەوانی و مەعریفەوانییەکانم:

ئینستاگرام

@WALI203203

یوتیوب

Wali Ali

@wali999

تیكتۆك



تیكتۆك2



تێلیگرام



سناپچات



فەیسبوک



فەیسبوک2



والی عەلی



- کتێبنوس و وەرگێری ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و رۆژنامەنوس و رەخنەگری زمانەوانی و ریکلامسازو بلۆگەر.
- ساڵی چاپ (لەدایکبون): 1978
- شوێنی لەدایکبون و دانیشتن و خەوتنیش: سلێمانی
- نوسەری کتێبی "هیلاری کلینتۆن.. چیرۆکی گەیشتن بە لوتکەی شاژنیکی سەرکردە".
- وەرگێری کتێبی "کۆندی.. چیرۆکی سەرکەوتنی کۆندۆلیزا رایس".
- وەرگێری کتێبی "رەوشت"ی د.عەلی وەردی.
- نوسەری کتێبی ئینگلیزینامەی والی کە تایبەتە بە فێربونی ئینگلیزی بە شێوەیەکی جیاوازو ناباوو لەڕێگەی شیعرو رستەی دوزمانەوە.
- نوسەری کتێبی عەرەبینامەی والی کە تایبەتە بە فێربونی عەرەبی بە شێوەیەکی جیاوازو ناباوو لەڕێگەی شیعرو رستەی دوزمانەوە.
- وەرگێڕانی هەزاران ماددەی رۆژنامەوانی لەئینگلیزی و عەرەبییەوە بۆ کوردی.
- ئیمەیڵ: walikurdistan@gmail.com

ڤایبەرو وەتسئەپ:

07701393984